# شۆڕشی دووەمی بارزان
# ١٩٤٣ - ١٩٤٥
# هۆکار و دەرئەنجامەکان

**د. مستەفا محەمەد کەریم**

**لە بەرهەمەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠٢٢**

**ناوی کتێب:** شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥  هۆکار و دەرئەنجامەکان
**نووسینی:** مستەفا محەمەد کەریم
**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)
**ساڵ و شوێنی چاپ:** ٢٠٢٢ هەولێر
**چاپخانە:** دانیشفەڕ
**تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.**

# پێرست


| بابەت | ل |
|---|---|
| پێشەکی | ١ - ٧ |
| بەشی یەکەم<br>ڕەوشی سیاسی دەڤەری بارزان لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٩ | |
| تەوەری یەکەم :سەرنجێك بە ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق (١٩٣٣- ١٩٣٩) | ١١ - ٣٥ |
| تەوەری دووەم: ڕاپەڕینی خەلیل خۆشەوی ١٩٣٤ – ١٩٣٦ | ٣٦ - ٥٥ |
| تەوەری سێیەم: قۆناغی ئاوارەیی شێخانی بارزان | ٥٦ - ٧٠ |
| بەشی دووەم<br>فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی دووەمی بارزان | |
| تەوەری یەکەم :کاریگەریی ڕۆڵ و خەباتی ڕێبەرانی تەکیەی بارزان | ٧٣ - ٩٢ |
| تەوەری دووەم :جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر باشووری کوردستان | ٩٣ - ١١٠ |
| تەوەری سێیەم :دەرکەوتنی پارت و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد | ١١١ - ١٤٠ |
| بەشی سێیەم<br>شۆڕشی دووەمی بارزان لەسەرەتای قۆناغی چەکدارییەوە بۆ قۆناغی دانوستاندن ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣- ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤ | |
| تەوەری یەکەم: مستەفا بارزانی لە قۆناغی دوورخراوەیی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش | ١٤٣ - ١٥٥ |

| | |
|---|---|
| **تەوەری دووەم**<br>**قۆناغە بەراییەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان** | ١٥٦ - ١٧٢ |
| **تەوەری سێیەم :دانوستاندنەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراقی** | ١٧٣ - ١٩٥ |
| **بەشی چوارەم**<br>**تێکچوونەوەی پەیوەندییەکان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دەرئەنجامەکانی** | |
| **تەوەری یەکەم :گرژبوونی پەیوەندییەکانی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش** | ١٩٩ - ٢١٩ |
| **تەوەری دووەم :خامۆشکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان و دەرئەنجامەکانی** | ٢٢٠ - ٢٤٠ |
| **پاشکۆی بەڵگەنامەکان** | ٢٤٥ - ٢٥٧ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٦١ - ٢٨٥ |

# پێشەکی

مرۆڤ یەکێکە لەو بوونەوەرە دیار و کارایانەی سەر ڕووی زەوی کە خاوەنی مێژوویەکی گەورەی پڕ لە داهێنان و ئەزموون بووە، لەهەمان کاتدا زۆرترین ڕووداو و بەسەر هاتی بینیووە، لەو ڕووداوانەش دا ڕووبەڕووی بۆتەوە یان ڕووبەرڕووی کراوەتەوە، لە هەردوو کاتیش دا بەسەریاندا سەرکەوتووە یان لە بەرامبەریاندا شکستی خواردووە، بۆ هەردوو بارەکەش مێژووییەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لەنێو ئەو ڕووداو و تۆمارە مێژوویانەی کە بە بەردەوامی و بەناچاری ڕووبەڕوو کراوەتەوە یان ڕووبەڕووی بۆتەوە (شۆڕش) بووە کە یەکێکە لەو دیاردە بەربڵاو و بەردەوامانەی مێژووی مرۆڤایەتی، کە چەندین ئەزموونی مێژوویی هەیە کە بە شۆڕش دەستیان پێ کردووە یاخود بە شۆڕش کۆتایی هاتووە.

گەر بەوردی سەرنجی مێژووی گەلی کورد بدەین، ئەوا دەبینین ڕەگ و ڕیشەی پرسی گەلی کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، مێژوویەك پڕ لە کارەسات و جەنگی خوێناوی و کۆمەڵکوژی، کە لەلایەن وڵاتانی جۆراوجۆر بەرامبەریان ئەنجامدراوە، بەشێکی سەرەکی ئەم بارودۆخە ناهەموارەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆی کورد، بۆیە بە درێژای مێژوو گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکەی هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافەی داوە لە ڕێگای هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەڕین.

دیارە خانەوادەی شێخانی بارزان بەشێکی دیار و سەرەکی ئەم مێژووییە بە درێژایی زیاتر لەیەك سەدە، ڕۆڵی جوامێرانەی نیشتمانی بارزانییەکان کە شوێن و پێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەبووە لە دەست پێشخەری گشت جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان، هەروەها سەرقافلەی هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە یەك لە دوایەکەکان بوون کە مێژووی پڕ سەروەری کوردیان نەخشاندووە، لە قۆناغە جیاوازەکانی فەرمانڕەوایەتی وەك "فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەکان و سەردەمی مەلیکی لە عێراق (١٩٢١ – ١٩٥٨) و سەردەمی کۆماری "ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان گێڕاوە لە ژیانی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان بە تایبەتی و پارچەکانی دیکە بە گشتی.

ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) و کاریگەری دروست کرد لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە ژێردەستەکان، بێگومان گەلی

کـورد لـە باشـووری کوردسـتان لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم گۆڕانکاریانـە بـەدەر نەبـوو، ئەمـەش کاردانەوەیـان لەسـەر خەبـات و کاری سیاسـی دروسـت کـرد، لـەم ڕووەوە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان ۱۹٤۳- ۱۹٤٥ وەك بزاڤێکـی شۆڕشـگێڕی لـەم هەلومەرجـەدا وەك پێویسـتیەکی حەتمـی بـۆ زامنکردنـی ئازادییەکانـی تاکـی کـورد و لـە پێنـاو سـەربەخۆی نیشـتیمان گرنگـی و تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـوو، چونکـە لـەم قۆناغـەدا چەندیـن گۆڕانـکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە ناوچەکـەدا ڕوویانـدا، چـی لـە پشـتگوێ خسـتنی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد و سـوتاندن و کاولکردنـی ناوچەکـە و ڕاگواسـتنی ژمارەیەکـی زۆر لـە ماڵباتـی بارزانییـەکان و دوورخسـتنەوەیان لـە ناوچەکەیـان بـۆ باشـوور و خـوارووی عێـراق.

سنووری ئـەم لێکۆڵینەوەیـە گرنگـی خـۆی هەیـە، چونکـە هـەر لـە دەسـتپێکەوە تـا کۆتاییەکـەی دەکەوێتـە نێـو گەورەتریـن ڕووداوی جیهانـی ئەویـش هەڵگیرسـاندنی جەنگـی دووەمـی جیهانیـە کـە کاریگـەری گـەورەی هەبـوو لـە دووبـارە کێشـانەوەی نەخشـەی سـیاسی جیهـان، لەهەمـان کاتـدا بـێ بەشـکردنی گەلـی کـورد لـە مافـە نەتەوییـەکانی کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی هەبـووە بەسـەر ژیـانی سـیاسی، کۆمەڵایەتـی و ئابـووری کوردسـتان بـە گشـتی و دەڤـەری بـارزان بـە تایبـەتی.

ئـەم کتێبـە جگـە لـە پێشـەکی لـە چـوار بـەش پێکهاتـووە، سـەبارەت بـە بـەشی یەکەمـی کتێبـە کـە تیشـك خراوەتـە سـەر ڕەوشـی سیاسـی دەڤـەری بـارزان لـە نێـوان سـاڵانی ۱۹۳۳- ۱۹۳۹، کـە لـە سـێ تـەوەر پێـك دێـت، تـەوەری یەکـەم «سـەرنجێك بـە ڕووداوە سیاسـییەکانی عێـراق لەنێـوان سـاڵانی (۱۹۳۳- ۱۹۳۹)» بـە تیشـك خسـتنە سـەر بزاڤـی ئاشـوورییەکان لـە سـاڵی ۱۹۳۳ و هەوڵەکانـی حکومـەت بـۆ سـەرکوتکردنی و دیاریکردنـی پەیوەندییەکانـی کـورد بـەم بزاڤـەوە، هەروەهـا لـەم تـەوەرەدا جەخـت کراوەتـەوە لـە کۆدێتاکـەی بەکـر سـدقی لەگـەڵ ڕوونکردنـەوەی هـۆکار و دەرئەنجامەکانـی و دیاریکردنـی هەڵوێسـتی کـورد لـەم کۆدێتایـە، لەکۆتایـی تەوەرەکەشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر پەیماننامـەی سـەعدئاباد و کاریگەرییەکانـی لەسـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد.

تـەوەری دووەم خسـتنە ڕووێکـە لەبـارەی «ڕاپەڕینـی خەلیـل خۆشـەوی ۱۹۳٤- ۱۹۳٦» سـەرەتا تیشـك خراوەتـە سـەر دیاریکردنـی هۆکارەکانـی ڕاپەڕینەکـە کـە دەگەڕایـەوە بـۆ ڕەفتـاری نابەجێـی حکومـەت بەرامبـەر بـە ڕێبـەرە دوورخـراوەکانی تەکیـەی بـارزان، هەروەهـا بەهـۆی ئـەو بەڵێنانـەوە کـە لەلایـەن بەرپرسـانی حکومەتـەوە پێیـان درابـوو کـە هەرگیـز ڕووی کردەوەیـان بەخـۆوە نەبینـی، لەگـەڵ هەڵسـوکەوتی ناڵەبـاری حکومـەت بەرامبـەر بـە بارزانییـەکان، وایکـرد خەلیـل

خۆشـەوی لـە دووری شـێخانی تەکیـەی بـارزان ببێتـە درێـژە پێـدەری ڕێگـەی شـێخانی بـارزان و خەبـات لـە دژی حکومـەت دەسـت پێبـکات، لەگـەڵ جەخـت کردنـەوە لـە رەوت و پەرەسـەندنەکانی ڕاپەڕیـن و هەوڵەکانـی حکومـەت لـە ڕێـگای یارمەتییەکانـی دەوڵەتـی تورکیـا بـۆ کۆتایـی هێنـان بەڕاپەڕینەکـە، لەکۆتایشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر پلانـی حکومـەت کـە لـە ڕێـگای بەکـرێ گیراوەکانـی توانیـان لـە ئـازاری ١٩٣٦ خەلیـل خۆشـەوی و هەڤاڵەکانـی شـەهید بکـەن.

لـە تـەوەری سـێیەم و لـە کۆتایـی بەشەکەشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر «قۆناغـی ئاوارەیـی شـێخانی بـارزان» کـە تێیـدا بـاس لـە دوا قۆناغـی شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان و پەڕینـەوەی بارزانییـەکان بـۆ نـاو خاکـی تورکیـا دەکات، بەجەخـت کردنـەوە لـە هەڵوێسـتی تورکیـا بەرامبـەر بـە بارزانییـەکان و ڕادەسـتکردنەوەیان بـە حکومەتـی عێراقـی، پاشـان دیاریکردنـی ڕۆڵـی مسـتەفا بارزانـی لـە ئازادکردنـی شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی لـە نیشـتەجێی زۆرە ملـێ لـە شـاری مووسـڵ، هەروەهـا جەخـت کردنـەوە لـە سیاسـەتی فریـودەری حکومەتـی عێراقـی بەریتانـی لـە دەسـت بەسـەرکردنی شـێخانی بـارزان و هەوڵەکانـی حکومـەت بـۆ لەنێـو بردنـی مسـتەفا بارزانـی لـە ڕێـگای ژەهـراوی کردنـی، لەکوتایـی تەوەرەکەشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر ڕاگواسـتنی شـێخانی بـارزان بۆشـارەکانی خـوارووی عێـراق، دواتـر بەهـۆی نزیـك بوونـەوەی جەنگـی جیهانـی دووەم و گوشـارە نێوخۆییـەکان جارێکـی دیکـە گواسـترانەوە بـۆ شـاری سـلێمانی کـە ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی گـەورەی ژیـان بوونـەوە بەتایبـەت لەلایـەن موتەسـەریفی ئەوسـای سـلێمانی کـە سیاسـەتێکی توندی لـە بەرامبەریـان پەیـڕەو دەکـرد.

بـەشی دووەم «فاکتـەرە یارمەتیدەرەکانـی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان»، دابـەش دەبێتـە سـەر سـێ تـەوەر، سـەبارەت بـە تـەوەری یەکـەم تیشـك دەخاتـە سـەر کاریگەریـی ڕۆڵ و خەباتـی ڕێبەرانـی تەکیـەی بـارزان، تێیـدا بـاس لـە ڕۆڵ و پێگـەی شـێخانی بـارزان لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـدا لـە سـەرەتای ڕێبەرایەتـی شـێخ عەبدولسـەلامی دووەم تـا خامۆشـکردنی شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان کـراوە، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لـە کاریگەریـی سـەرکردایەتی ئـەم ڕابەرانـە لـە ڕەوت و پەرەسـەندنە سیاسـی و سـەربازییەکان دژ بـە دەسـەڵاتە زۆردارەکانـی ناوچەکـە.

تـەوەری دووەم دەرخسـتنێکە لەبـارەی کاریگەرییـە سیاسـی و ئابورییەکانـی جەنگـی دووەمـی جیهـان لەسـەر باشـووری کوردسـتان، تێیـدا بەکورتـی بـاس لـە هـۆکارەکانی جەنگـی دووەمـی جیهانـی و ڕەوت و پەرەسـەندنەکانی کـراوە، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لـە کاریگەرییەکانـی ئـەو جەنگـە لەسـەر ڕەوشـی سیاسـی و ئابـووری

عێـراق و باشـووری کوردسـتان لەسـەرەتای جەنگەکـەوە.

لـە تـەوەری سـێیەم و کۆتایـی بەشـەکەش تیشـك خراوەتـە سـەر «دەرکەوتنـی پـارت و کۆمەڵـە سیاسـییەکانی کـورد» کـە تێیـدا جەختکراوەتـەوە لەسـەر دەرکەوتـن و هەڵوەشـاندنەوەی پـارت و کۆمەڵـە سیاسـییەکانی کـورد لـە مـاوەی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، هـاوکات دیاریکردنـی گرنگتریـن ئامانـج و پرۆگرامەکانیـان لـەو قۆناغـەدا.

لـە بـەشی سـێیەم تـۆژەر هـەوڵ دەدات «شۆڕشـی دووەمـی بـارزان لـە سـەرەتای قۆناغـی چەکدارییـەوە بـۆ قۆناغـی دانوسـتاندن» بخاتـەڕوو، کـە پێکدێـت لـە سـێ تـەوەر، تـەوەری یەکـەم تیشـك دەخاتـە سـەر کەسـایەتی «مسـتەفا بارزانـی لـە قۆناغـی دوورخراوەیـی بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش» تێیـدا بـاس لـە بـارودۆخ و گوزەرانـی شـێخانی بـارزان بـە گشـتی و مسـتەفا بارزانـی لـە شـاری سـلێمانی دەکات، پاشـان تیشـك خراوەتـە سـەر هەنگاوەکانـی خـۆ دەربازکردنـی مسـتەفا بارزانـی لـەو شـارە لەگـەڵ دیاریکردنـی ڕۆڵ و یارمەتییەکانـی کۆمەڵـەی برایەتـی و ئەندامانـی پارتـی هیـوا.

تـەوەری دووەم خسـتنە ڕوویەکـە لـە قۆناغـە بەراییەکانـی هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان، جەخـت کراوەتـەوە لـە سـەر گەڕانـەوەی مسـتەفا بارزانـی بـۆ دەڤـەری بـارزان و دەسـتکردنی بـە گەڕانـە فرەوانەکـەی لـە ناوچەکـەدا، پاشـان مستەفا بـارزانی دوای ڕێکخسـتنی هێزەکانـی هێـرشی کـردە سـەر بنکەکانـی پۆلیـس لـە دەڤەرەکـەدا و پێداگـری لەسـەر پێویسـتی دەسـت گرتـن بەسـەر بنکەکانـی پۆلیـس لـە ناوچەکـەدا کـردەوە، چونکـە پێـی وابـوو کۆنتـڕۆڵ کردنـی ئـەو بنکانـە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ بەدەسـتهێنانی چەکـی پێویسـت بـۆ شۆڕشـگێڕان، لەهەمـان کاتیشـدا چاودێـری حکومـەت و تـۆڕە هەوڵگرییەکـەی لـە ناوچەکـەدا لەنێـو دەبردرێـت.

تـەوری سـێیەم و کۆتایـی بەشـەکە جەخـت کراوەتـەوە لـە سـەر دانوسـتاندنەکانی نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومەتـی عێراقـی، کـە تێیـدا بـاس لـە ڕۆڵ و هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕان بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی کـراوە لەبەرامبـەر شکسـت پێهێنانـی سـوپای عێراقـی و ناچـار کردنـی حکومـەت بـەوەی پێشـنیازی گفتوگۆ بـکات لەگـەڵ سـەرکردایەتی کـورد، دواتـر جەخـت کراوەتـەوە لـە هەوڵەکانـی حکومـەت لەڕێـگای وەزیرێکـی کـورد بـۆ بەدەمـەوە هاتنـی داخوازییەکانـی کـورد و ڕێـگا خۆشـکردن بـۆ سـەردانی کردنـی شـاندی کـوردی بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی بـۆ بەغـدا بـە مەبەسـتی بەدواداچوونـی ڕێکەوتننامەکـەی نێوانیـان.

بـەشی دووەم «تێکچوونـەوەی پەیوەندییـەکان و هەڵگیرسـاندنەوەی شـۆڕش و دەرئەنجامەکانـی»، دابـەش دەبێتـە سـەر دوو تـەوەر، سـەبارەت بـە تـەوەری یەکـەم تیشـك دەخاتـە سـەر گرژبوونـی پەیوەندییـەکان لەنێـوان حکومـەت و سـەرکردایەتی شـۆڕش بـە جەختکردنـەوە لـەو دەنگـە نارازییانـەی کاربەدەسـتانی عێراقـی و هەوڵەکانیـان بـۆ پشـتگوێ خسـتنی داواکارییەکانـی گەلـی کـورد کـە بـووە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتەکـەی نـوری سـەعید و هاتنـی حەمـدی پاچەچـی بـۆ دەسـەڵات، هەروەهـا خسـتنەڕووی سیاسـەتی کابینـەی حکومەتـی حەمـدی پاچەچـی و دیاریکردنـی هەوڵـە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـی بـۆ لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، لەگـەڵ تیشـك خسـتنە سـەر هەوڵەکانـی سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ پێکهێنانـی لێژنـەی ئـازادی و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پارتـی هیـوا و ناردنـی نوێنـەر بـۆ کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات، لەگـەڵ جەختکردنـەوە لـە گۆڕانـی سیاسـەتی بەریتانیـا لەهەمبـەر داواکارییەکانـی کـورد و ڕاگەیاندنـی پاڵپشـتی بـۆ حکومەتـی عێراقـی.

تـەوەری دووەم و کۆتایـی بەشـەکە خسـتنە ڕوویێکـە لـە خامۆشـکردنی شـۆڕشی دووەمـی بـارزان و دەرئەنجامەکانـی، کـە تێیـدا تیشـك خراوەتـە سـەر بیانـووەکانی حکومـەتی عێراقـی بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتیان بەسـەر ناوچەکـە و پاشـان ئامادەکارییـەکانی بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی لەشـکرکێشی، دواتـر جەخـت کراوەتـەوە لـە ڕەوت و پەرەسـەندنەکانی شـەڕ لـە ناوچەکـە و دیاریکـردنی ڕۆڵـی بەریتانییـەکان لـە پاڵپشـتیکردنی هێـزەکانی عێراقـی لـە ڕێـگای هێـزی ئاسـمانی، لەگـەڵ تیشـك خسـتنە سـەر بەرگرییـەکانی هێـزی شۆڕشـگێڕان و دوا هەوڵەکانیـان بـۆ پارێزگاریکـردن لـە شۆڕشـەکەیان، پاشـان پەنـا بردنیـان بـۆ نـاو خـاکی ئێـران.

لێتـوێژ پشـتی بەسـتووە بـە ژمارەیـەکی زۆری سـەرچاوەی جۆراوجـۆر بەچەندیـن زمـانی جیـاواز لەسـەرووی هەمووشـیانەوە بەڵگەنامـەکان کـە بێگومـان سـوود وەرگرتـن لـە بەڵگەنامـەکان بـۆ نووسـینی هـەر توێژینەوەیـەکی مێـژووی پێویسـتیەکی زانسـتیە، ئـەو بەڵگەنامانـەی کـە بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە بەکارهاتـوون بەڵگەنامـە بڵاوکـراوەکان، بەتایبـەت لەوبارەیـەوە سـوود لـە کتێبـە بەڵگەنامەیـەکان وەرگیـراوە، بـۆ نموونـە «ڕاپەڕینـەکانی بـارزان لـە بەڵگەنامـە نهێنییـەکانی هـەردوو حکوومـەتی فەڕەنسـا و بەریتانیـادا ١٩٣١– ١٩٤٩» لەگـەڵ «عوسـمان عەلـی، کـورد لـە بەڵگەنامـەکانی بەریتانیـدا»، هەریەکـە لەسـەرچاوە بەڵگەنامەییەکانـی «عبدالفتـاح عـلي يحيـى البوتـاني، وثائـق عـن الحركـه القوميـه الكورديـه التحرريـه» و «نجـده فتحـي صفـوه، العـراق في الوثائـق البريطانيـة سـنه ١٩٣٦» زانیـاری پـڕ بایـەخ و گرنـگ لەخـۆ دەگـرن. سـەبارەت بـە نامـە زانکۆییـەکان بـە ڕادەیـەکی کەمـتر توانـراوە سـوودیان

لـێ وەربگیرێـت، بـەڵام بەشـێکی سـەرەکی لـە سـەرچاوە بەکارهاتـووەکان لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بریتیـن لـە کتێبـەکان کـە بـە زمانـەکانی کـوردی، عـەرەبی، ئینگلیـزی و فـارسی سـوودیان لـێ وەرگیـراوە.

سـەرچاوە کوردییـەکان پانتاییـەکی فـرەوانی لێکۆڵینەوەکـەی گرتووتـەوە، کـە بەشـێکیان بـە ڕەچاوکـردنی ڕێبـازی زانسـتی لـە نووسـینەوەی مێـژوو نـووسراون، بـەڵام هەندێکیـان دوور لـە ڕێبـازی زانسـتی زانیارییەکانیـان تۆمـار کـردووە، ئەوانـەی زۆر سـوودیان لـێ وەرگیـراوە سـەرچاوە گرنگەکـەی "کارەسـاتی بـارزانی زوڵملێکـراو"ی مەعـرووف چیـاووك، زانیـاری پـڕ بایـەخ لـە بـارەی شـۆڕشی یەکەمـی بـارزان و دووەمـی بـارزان دەخاتـەڕوو، هەروەهـا سـەرچاوەکەی "بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٣١-١٩٥٨)"ی مەسعود بـارزانی کـە زانیـاری گرنـگ و بـە سـوود لـە بـارەی شـۆڕش و بزاڤەکانـی بـارزان دەخاتـەڕوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی ڕووداوە نادیـارەکان لـە خـودی مسـتەفا بارزانـی وەرگرتـووە، هـەر بۆیـە وەك سـەرچاوەیەکی ڕەسـەن بـە شـێوەیەك لـە پانتاییـەکی فـرەوانی کتێبەکـە سـوودی لـێ وەرگیـراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرچاوەکەی عوسـمان عەلـی "چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی بزاڤـی هاوچەرخـی کـورد" کـە نووسـەر بەشـێوەیەکی ئەکادیمـی شرۆڤـەی بابەتیانـەی بـۆ ڕووداوە مێژووییـەکان کـردووە و پشـتی بەسـتووە بـە چەندیـن بەڵگەنامـە و سـەرچاوەی جۆراوجـۆر.

لەلایـەکی دیکـەوە سـەرچاوە عەرەبییـەکان گرنگـی تایبەتیـان هەیـە لـە ئامادەکـردنی ئـەم کتێبـەدا، بـۆ نموونـە (ثـورات بـارزان ١٩٠٧– ١٩٣٥)ی زبیـر بـلال اسـماعیل، کـە زانیـاری گرنـگ و بـە سـوودیان لـە بـارەی شـۆڕش و بزاڤـەکانی دەڤـەری بـارزان هـەر لـە سـەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی دووەم تاکـو جووڵانەوەکـەی خەلیـل خۆشـەوی لەخـۆ دەگرێـت کـە پشـتی بەسـتووە بـە چەندیـن سـەرچاوەی جۆراوجـۆر بەشـێوەیەك لـە پانتاییـەکی فـرەوانی کتێبەکـە سـوودی لـێ وەرگیـراوە، هەروەهـا سـوود وەرگیـراوە لـە سـەرچاوەکەی «کاوس قفطـان» بـە ناونیشـانی (الانتفاضـات البارزانیـە «صفحـات مـن تاریـخ الحرکـة التحرریـة الکردیـة فـی النصـف الاول مـن القـرن العشریـن») کـە نووسـەر بەشێوەیەکی ئەکادیمـی شرۆڤـەی بابەتیانـەی بـۆ ڕووداوە مێژووییـەکان کـردووە، جگـە لەمانـەش سـەرچاوەکەی عەزیـز حەسـەن عەزیـز بەناونیشـانی «الحرکـة القومیـة الکوردیـة التحرریـة فـی کوردسـتان العـراق ١٩٣٩– ١٩٤٥» پانتاییەکـی فرەوانـی لێکۆڵینەوەکـەی گرتـووە، چونکـە نووسـەر زۆر بـە ووردی ڕۆچووەتـە نێـو بابەتـەکان و بەشـێوەیەکی ئەکادیمـی شرۆڤـەی هەمـوو لایەنەکانـی کـردووە.

بەشێوەیەکی گشتی سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی کە باس کران لێکۆڵینەوەکە پشتی بەستووە بە چەندین سەرچاوەی دیکە کە بە زمانە جیاوازەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی نووسراون، بەڵام بە پێویست نەزانراوە لێرەدا بخرێنە ڕوو، بۆیە دەکرێت بگەڕێنەوە سەری لە لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا.

لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرەش هەرچەندە هەوڵێکی زانستییە و هەوڵی زۆری بۆ دراوە، بەڵام بێ کەموکورتی نابێت، هیوادارم بە چاوێکی زانستییانە وەربگیرێت و تێبینییەکان ببنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زانستییانەی لێکۆڵینەوەکە.

**نووسەر**

**هەولێر - تەمموزی ٢٠١٧**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم
## ڕەوشی سیاسی دەڤەری بارزان لە ماوەی سالآنی ١٩٣٣-١٩٣٩

هەولێری کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم :

## سەرنجێك بە ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق (١٩٣٣- ١٩٣٩)

### أ - بزاڤی ئاشوورییەکان [١] لە ساڵی ١٩٣٣:

ئاشووریەکان کە نیشتەجێی ناوچەکانی هەکاری لە باکووری کوردستان و دەشتەکانی سەلماس و ورمێ لە ئازەربێجانی ئێران بوون، بەڵام بە هۆی خۆدانە پاڵ هاوپەیمانان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨) ڕووبەڕووی فشارێکی توند بوونەوە کە بووە هۆی کۆچکردنیان لە ناوچەکانیان، لەم ڕووەوە بە یارمەتی بەریتانیا نزیکەی ٥٠ هەزار کەسی لە ئاشووری و ئەرمەنەکان لە نزیك شاری بەعقوبە لە ڕۆژهەڵاتی عێراق نیشتەجێ بوون[٢].

بە درێژایی سەردەمی "ئینتدابی"[٣] بەریتانی (١٩٢٠- ١٩٣٢) لە عێراقدا

هەواڵنامەی کتێب

(١) ئاشووریەکان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا دەژیان لە ویلایەتی مووسڵ و ئەرزەڕوم و وان و هەکاری، زۆربەی ئاشووریەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی لە شوێنکەوتوانی کەڵیسەی نەستووری بوون کە بەشێوە زاری سریانی ئارامی دەئاخەفتن و لەناو دەوڵەتی عوسمانی نیمچە سەربەخۆیەکی خودیان هەبووە بۆ فەراهەمکردنی کاروبارەکانیان، لەبەرامبەردا باجیان دەدا بە دەوڵەت، سەبارەت بە ژمارەیان لە عێراق، هەندێك سەرچاوە ئاماژە بە ٢٥٠ هەزار کەس دەکەن، بەڵام فاضل حسین بە پشت بەستن بە لێژنەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ سنووری عێراق و تورکیا ژمارەیان بە ٨٠ تا ٩٠ هەزار کەس دیاری دەکات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: متی عقراوی، العراق الحدیث، تعریب: مجید خدوري، (بغداد- ١٩٣٦م)، ص١٣؛ فاضل حسین، مشکله الموصل دراسه في الدبلوماسیه العراقیه- الانکلیزیه- الترکیه وفي الرأی العام، (بغداد-١٩٧٧م)، ص١٠١ ؛ A.H. Hourani, minorities in the arab world,(Londone, 1947),p.440

(٢) ألبرت .م. منتشاشفیلي، العراق فی سنوات الانتداب البریطاني، ترجمه: هاشم صالح التکریتي، (بغداد- مطبعة جامعه بغداد- ١٩٧٨م)، ص ص ٣٥٨- ٣٥٩.

(٣) لە بەندی «٢٢»ی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان باس لە سیستەمی ماندێت کراوە، کە بریتییە لە شێوازێکی شاراوەی داگیرکاری، بە واتای گەلێك بخرێتە ژێر سەرپەرشتی گەلێکی دیکەوە، سەرچاوەی ئەم جۆرە سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کە بڕیاریدا جێبەجێ بکرێت لەسەر ئەو گەلانەی کە پێشتر لەژێر ڕکێفی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئەڵمانی بوون، بە بیانووی ئەوەی کە ئەم گەلانە نەگەیشتوونەتە ئاستی وریایی سیاسی، بۆیە پێویستیان بە یارمەتی و ڕاوێژی دەوڵەتە گەورە پێشکەوتووەکانە تاکو بگەنە

ئاشووریەکان کاریگەریان بەسەر ڕەوشی سیاسیدا هەبووە[١]، بۆ ئەم مەبەستەش ئینگلیزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە عێراقدا هێزێکی سەربازیان لە ئاشوورییەکان پێکهێنا کە ناسرابوون بە هێزی لیڤی[٢].

دیارە مەبەستی بەریتانیا لە دروستکردنی "هێزی لیڤی"[٣] بریتی بوو لە بەدەستهێنانی دوو ئامانجی سەرەکی، یەکێ لەوانە بۆ پارێزگاریکردن بوو لە دامەزراوە سەربازییەکانی، ئەوەی دیکەش بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی عێراقییەکان بوو بە کورد و عەرەبیەوە[٤]، سەرەڕای ئەوانەش چەندین جار زیادەڕۆیی و بەرنگاری خەڵك بوونەتەوە، وەك ئەوەی لە شاری مووسڵ لە ئابی ١٩٢٣ و شاری کەرکووك لە ئایاری ١٩٢٤ ڕوویدا[٥].

لە میانەی کێشەی مووسڵ، ئاشووریەکان وەك فشارێك لەلایەن بەریتانییەکان بەکارهێندران، بە مەبەستی تەواو ملکەچ کردنی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بەریتانییەکان، لەلایەکی تریش بۆ بڕوا پێهێنانی ئاشووریەکان کە مافەکانیان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەك کە لەژێر چاودێری بەریتانیا دابین دەکرێت[٦].

---

سەربەستی و ئازادی تەواو. خلیل علی مراد واخرون، دراسات في تاريخ الاوروبي الحديث والمعاصر، (موصل- دارالكتب- ١٩٨٩م)، ص٢٧٢.

(١) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٣٩، (هەولێر- لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی- ٢٠١٣ز)، ل ١٨٤.

(٢) المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمه: جعفرالخياط، (بيروت– دار الرافدين للطباعة والنشر- ٢٠٠٤م)، ص ص ٥٨- ٥٩.

(٣) سەبارەت بە هێزی لیڤی، کاتێك بەریتانیا عێراقی داگیر کرد، هێزێکی نێوخۆیی دامەزراند بە مەبەستی شوێن گرتنەوەی هێزەکانی خۆیان و کەم کردنەوەی خەرجیە سەربازییەکان و لێدانی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی نێو عێراق، ئەم هێزە لە تورکیاوە هێنرابوون و بە لیڤی ناسران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووك ١٩١٧- ١٩٢٦، (سلێمانی- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- ٢٠٠٧ز)، ل ٢٩٣.

(٤) محسن المتولي، كرد العراق منذ الحرب العالميه الاولى حتى سقوط الملكيه في العراق ١٩٥٨، (بيروت– ٢٠٠١م)، ص٢٧٦.

(٥) بۆ زانیاری دەربارەی رفتاری ئاشووریەکان لە شارەکانی مووسڵ و کەرکووك بگەڕێوە بۆ: رياض رشيد ناجي الحيدري، الاثورين في العراق ١٩١٨– ١٩٣٦، (القاهره– مطبعة الجبلاوي– ١٩٧٧م)، ص ص ١٧٨– ٢١١.

(٦) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

هەواڵنامەی کتێب

دوای ئـەوەی عێـراق لە سـاڵی (١٩٣٢) بە شـێوەیەکی ڕەسـمی لە (کۆمەڵـەی گەلان[١] کـرا بـە ئەنـدام، خەڵکـی عێـراق بـە گشـتی درکـی بـەوە کـرد کـە ئـەم ڕێکخـراوە هیـچ گرینگیەکـی بـە کەمـە نەتەوەیەکانـی تـری عێـراق نـەداوە و بـە هیـچ شـێوەیەك مافـی کـورد و ئاشووریيەکانیشـی ڕەچـاو نەکـردوە، چونکـە ئەمـە پێوەڕێـك بـوو بـۆ ئـەوەی یەکسـانی کۆمەڵایەتـی و نەتەوەیـی بەرقـەرار بێـت لـە وڵاتەکـەدا[٢].

لـەم بارودۆخـەدا ئاشـوورییەکان هەوڵەکانیـان چـڕ کـردەوە بـۆ بـە دەسـتهێنانی ئیمتیازاتەکانیـان و لـە سـەرووی هەموانیشـەوە کەوتنـە هەوڵـی پێکهێنانـی قەوارەیەکـی سیاسـی، دیارتریـن ئـەم کەسـانەش کە لـەم هەوڵانەدا ڕۆڵیان بینی ئەفسـەری خانەنشـین کاپـتن "ئـەی. هورمـز ڕەسـام" کـە لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٠ گەیشـتە عێـراق و ئەفسـەری دەریایـی بەریتانـی "ماثیـو کاب" کـە لـە ئـاداری ١٩٣٠ گەیشـتە مووسـڵ و پەیوەنـدی بە سـەرۆکی تایفەی ئاشـووریەکان و کوردیش کرد، دیارتریـن ئامانجیش بریتی بـوو لەسـەر جیابوونـەوە لـە عێـراق، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لێژنەیەکـی تایبەتیـان لـە ١١ی تەممـوزی ١٩٣٠ لـە لەنـدەن بـە ناوی "لێژنـەی دەربازکردنـی کەمینە نامووسـڵمانەکان لە عێـراق" پێکهێنـا و کاپـتن ڕەسـام بـوو بـە سـەرۆکی لێژنەکە[٣].

لـە سـاڵی ١٩٣١ "تۆفیـق وەهبـی"[٤] موتەسـەریفی سـلێمانی نامەیـەك دەنێرێـت بـۆ

هەولێرنامەی کتێب

---

(١) کۆمەڵـەی گـەلان: لـە ئەنجامـی داواکاری ژمارەیـەك لـە وڵاتـان و بیرمەنـدان و ڕێکخـراوەکان وەکـو دەزگایـەکی نێودەوڵـەتی دامـەزرا تاکـو ڕۆڵـی خـۆی هەبێـت لـە ڕێکخسـتنی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بەدیهێنـانی ئاشـتی بـۆ جیهـان، لـە (١٠ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٠) بـە شـێوەیەکی فەرمـی کرایـەوە. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی گەلـی کـورد، بەرگـی دووەم، (هەولێـر- دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی- ٢٠٠١ز)، ل ٢٦٤ ؛ کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی گەلـی کـورد، بەرگـی یەکـەم، (هەولێـر- دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی- ٢٠٠١ز)، ل ل ٩٤- ١٠٢.

(٢) کرێکار عەبدوڵڵا حسێن: کورد و ئاشوور، (سلێمانی- ئۆفیسی داناز– ١٩٩٨ز)، ل ١٧٤.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.

(٤) تۆفیـق وەهبـی : لـە سـاڵی ١٨٨٩ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایـك بـووە، خوێنـدنی کۆلێـژی سـەربازی لـە ئەسـتەمبول بـە پلـەی مـولازم تـەواو کـردووە لـە سـاڵی ١٩٠٨، دواتـر چووەتـە کۆلێـژی ئـەرکان، دواتـر بـە پلـەی بڕیـاردەر بـۆ کۆلێـژی سـەربازی لـە سـاڵی ١٩٢٩ دامـەزراوە، دواتـر چووەتـە سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٤٣ کۆچـی دوایـی کـردووە، جـمال بابـان، اعـلام کـرد العـراق، (السـليمانيه ـ ٢٠٠٦م)، ص ٢٠٣ ؛ محەمـەد ڕسـول هـاوار، سـەرجەمی بەرهـەم: وتـارە کوردیـەکان، ئامادەکـردنی: ڕەفیـق سـاڵح، بەرگـی چـوارەم، (سـلێمانی- چاپخانـەی شـڤان- ٢٠٠٨ز)، ل ١٦٦ .

سەرۆكی لیژنەی دەربازكردنی كەمینە ناموسڵمانەكان لە عێراق و تێیدا پاڵپشتی لەم هەنگاوە دەكات و ئامادەیی دەردەبڕێت بۆ هاوكاری كردنیان، لەكاتێكدا بتوانن ئیدارەیەك بۆ خۆیان دروست بكەن بەو پێیەی كە كۆمەڵەی نەتەوەكان بڕیاری لەسەر دەدات[١]، لەو بارەیەوە كۆبوونەوەیەك بەسترا لە ماڵی تۆفیق وەهبی كە هەریەكە لە ماتیو كاب و "مەعرووف چیاووك[٢]" و محەمەد عەلی ئەلمەدفەعی و ئەمین ڕەواندزی و تۆفیق قەزاز و شێخ قادر بەرزنجی و فەتحوڵڵا كوردی و نوێنەری ئاشوورییەكان "یوسف ملك" ئامادەبوون[٣]، لە كۆبوونەوەكەدا ماتیو كاب داوای لە كەسایەتییە كوردەكانی ئامادەی كۆبوونەوەكە كرد كە واژوو لەسەر داواكارییەك بكەن تایبەت بە مافی ئاشوورییەكان[٤].

هەرچەندە لە كۆبوونەوەكەدا داواكرابوو كە نیشتیمانێكی نەتەوەیی بۆ ئاشوورییەكان دابمەزرێت و كوردیش وەك بەشێك لەم نیشتیمانە بە ئازادی كاروباری ئاینی خۆیان فەراهەم بكەن[٥]، لەم ڕووەوە هەریەكە لە مەعروف چیاوك و ئەمین ڕەواندزی ڕازی نەبوونی خۆیان نیشاندا لەسەر داواكارییەكەی ماتیو كاب[٦]، پاشان حكومەتی عێراقی لە نیسانی ١٩٣١ دەستیكرد بە دوورخستنەوەی ماتیو كاب بۆ دەرەوەی وڵات، بەیانووی هاندانی ئاشوورییەكان دژبە حكومەتی عێراقی[٧]، جگە لەمەش تۆفیق وەهبی و ئەوانی تری دەستگیر كرد بە بیانووی هەوڵدانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی (ئاشووری- كوردی)[٨].

هەواڵنامەی كتێب

(١) ریاض رشید ناجي الحیدري، المصدر السابق، ص ص ٢٤٢- ٢٤٣.

(٢) مەعروف چیاوك : لە ساڵی ١٨٨٥ لە شاری بەغدا لە دایك بووە كوڕی حاجی مەولوود كە بەناوبانگە بە (بدیع الزمان) لە زانا و تێكۆشەرە بەناوبانگەكانە، ڕەچەڵەكی دەگەڕێتەوە بۆ عەشیرەتی (باڵەك)ی گوندی (سەرشێمە)، لە بەغدا پێڕا گەیشت، خوێندنی باڵای لە ئەستەمبول و بەغدا تەواو كردووە، كۆلێژی مافی تەواو كردووە بە پلەی نایاب، لە ساڵی ١٩٥٨ كۆچی دوایی كردووە. جمال بابان، المصدر السابق، ص ٢١٥.

(٣) هیوا حمید شریف، توفیق وهبي حیاته و دوره السیاسي و الثقافي ١٨٩١- ١٩٨٤، (السلیمانیه- مطبعة شڤان- ٢٠٠٦م)، ص٩٤.

(٤) سروه أسعد صابر، كوردستان الجنوبیه ١٩٢٦- ١٩٣٩، (السلیمانیه- مطبعة حمدي- ٢٠٠٦م)، ص ٢٧٤.

(٥) ریاض رشید ناجي الحیدري، المصدر السابق، ص ص ٢٤٣- ٢٤٤.

(٦) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٧) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص٢٧٤.

(٨) هیوا حمید شریف، المصدر السابق، ص٩٤.

سـەرەڕای ئەوانـەش ئاشـوورییەکان لـە هەوڵەکانیـان بـەردەوام بـوون، دوای نزیـك بوونـەوەی عێـراق لـە وەرگیـران وەك ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گـەلان، لـە ١ی تەممـوزی ١٩٣٢ ژمارەیـەك لـە ئەفسـەرانی سـوپای لیڤـی بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی خزمەتیانـدا لـە سـوپای لیڤیـدا، ئـەم هەڵوێسـتەش لـە دژی نەبوونـی هیـچ زەمانەتێکـی ئینگلیـزەکان بـوو بـۆ ئاشـووریەکان لـە دوای کۆتایـی هاتنـی مـاوەی ئینتدابـی بەریتانـی لـە عێـراق، هەرچەنـدە مەندوبـی سـامی بەریتانـی لـە عێـراق "فرنسـیس همفریـز"[١] لـە١٣ی حوزەیـران داوای پاشـگەزبوونەوەی ئـەو بڕیـارەی لێکـردن و پێـی ڕاگەیانـد مکوڕبوونیـان لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە دەبێتە هـۆکاری بـێ ئومێدبـوون و دوورکەوتنەوەیان لـە هەموو سـۆزێکی بەریتانیـا، بـەڵام بـە هـۆی پێداگـری "مـار شـەمعون ئیشـای" لـە بڕیارەکـە ئەم داوایـەی مەندوبـی سـامی جێبەجـێ نەکـرا[٢].

هێـزی لیڤـی لەلایـەن حکومەتی عێراقیەوە جێـگای قبوڵکردن نەبـوون، چونکە کاریان پێیـان نەمابـوو، ئەرکـی پاراسـتن کەوتبووە سەرشـانی هێـزە نیزامییەکان لە سـوپا و پۆلیس کـە لەژێـر فەرماندەیـی ئەفسـەرانی ئینگلیـز دابـوون، لـە بەرامبـەردا ئاشـوورییەکان دەستەوسـان نەوەسـتان لـە بەشـداریکردنی گۆڕانکارییـە سیاسـییەکانی وڵاتـدا، بەمکوڕی داوای دانپێدانانـی مافەکانـی خۆیـان دەکـرد بـەو پێیـەی "کەمایەتییەکـی نەتەوەییـن" مافـی خۆیانـە لەسـەر ئاسـتێکی دیاریکـراودا مافـی چارەنووسـی خۆیـان هەبێت[٣].

لـە مانگـی ئایـاری ١٩٣٣ مارشـەمعون پێشـەوای ئاشـوورییەکان بـە مەبەسـتی وتووێژ دەچێتـە بەغـدا، بـەڵام کاتێك وتووێـژەکان ئەنجامـی نەبوو حکومـەت دەسـتگیری کرد[٤]،

(١) فرنسـیس همفریـز : لـە ٢٤ی نیسـانی سـاڵی ١٨٧٩ لـە دایـك بـووە، کۆلێـژی سـەربازی تـەواو کـرد و وەك کۆلۆنێـل سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم لـە شـەڕی ئەفریقـادا بەشـداری کـردووە، ماوەیـەکی زۆر لـە هینـدسـتان و ئەفغانسـتان کاری کـردووە، کۆتایـی جەنگـی جیهـانی یەکـەم لـە شـەڕگەکانی ئەوروپـادا بەشـداربووە، لـە سـاڵی ١٩٢٩ بووەتـە مەنـدوبی سـامی بەریتـانی لـە عێـراق، لەنێـوان سـاڵانی ١٩٣٢- ١٩٣٥ هـەر لـە عێـراق بـوو بـە باڵیـۆزی بەریتـانی، دوای لـە چەنـد کۆمپانیایـەکی گـەورەی وڵاتەکەیـدا کاری کـردووە بـە کۆمپانیـای نـەوتی عێراقیـەوە، هەریەکـە لـە وڵاتـانی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٣ و ئەفغانسـتان لـە سـاڵی ١٩٢٨ خـەڵاتی فەرمـی بەرزیـان داوەتـێ، ڕۆژی ٢٨ی ئـابی ١٩٧١ کۆچـی دوایـی کـردووە. کەمـال مەزهـەر، کـورد و کوردسـتان لـە بەلگـە نامـە نهێنیەکانـی حوکمەتـی بەریتانیـادا، بەرگـی یەکـەم، (بەیـروت- چاپخانـەی گریـن گلـۆری- ٢٠٠٩ز)، ل ١٨٩ .

(٢) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧- ١٨٨.

(٣) م.س لازاریـف، کێشـەی کـورد ١٩٢٣- ١٩٤٥ خەبـات و سـەرنەکەوتن، وەرگێـڕان: ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٣)، ل٢٨١.

(٤) تشـارلز تریـب، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی عێـراق، وەرگێـڕان: مەحەمـەد حوسـێن و

لە ١٩ی حوزەیرانی هەمان ساڵ لە کۆشکی پاشایەتی، بە ئامادەبوونی هەریەکە لە مەلیکزادە غازی (١٩٣٣- ١٩٣٩) و سەرۆك وەزیران "ڕەشید عالی گەیلانی"[١] و بریکاری باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، تێیدا غازی داوای بۆچوونی بەریتانییەکانی کرد لەهەمبەر پەرەسەندنەکانی کێشەی ئاشوورییەکان لە عێراق، لە وەڵامدا بریکاری باڵیۆزی بەریتانیا ڕایگەیاند کە دەستگیرکردنی مار شەمعون دەبێتە هۆکارێك بۆ یەکگرتنی ئاشوورییەکان و هەڵگیرساندنی شۆڕش لە دژی حکومەت، هەروەها مار شەمعون گرنگییەکی گەورەی هەیە لە تێروانینی جیهانی ئەمەش وادەکات بارودۆخی عێراق خراپ بێت لە کۆمەڵەی گەلان[٢].

جگە لەمەش بەریتانییەکان بە بەردەوامی هەوڵیاندەدا کە دڵنیایی لەلای عێراقییەکان کەمبکەنەوە و لە دڵەڕاوکێ بیانهێڵنەوە کە توانای بەرنگاربوونەوەی ئاڵۆزییەکانیان نییە، بۆ ئەم مەبەستە "کۆلۆنێل ستافۆرد" پشکێنەری کارگێڕی بەریتانی لە مووسڵ پێی وابوو کە سوپای عێراقی ناتوانێ شەڕ لەگەڵ ئاشوورییەکان بکات، چونکە ئەوان یارمەتی و پاڵپشتی لە کورد وەردەگرن، لەلایەکی دیکەوە باڵیۆزی بەریتانی لە عێراق ئامۆژگاری بەرپرسانی عێراقی دەکرد کە هێز لە بەرامبەر ئاشوورییەکان بەکارنەهێنن[٣].

دەکرێت بڵێین ئەم هەڵسوکەوتەی کاربەدەستانی بەریتانیا هانی ئاشوورییەکانی دا کەوا باوەر بکەن بە تەواوەتی پشت ئەستورن بە پاڵپشتی و یارمەتییەکانی بەریتانیا و دەتوانن حکومەتی عێراقی ناچار بکەن کە گوێڕایەلی داواکارییەکانیان بێت، سەرەڕای ئەوەش مار شەمعونی سەرکردەیان دۆستایەتییەکی بەرچاوی هەبووە لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانی لە لەندەن.

دەستگیرکردنی مار شەمعون ترسێکی گەورەی لەنێوان ئاشوورییەکان نایەوە

---

عەبدولقادر کەلهور، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١٠)، ل٩٨.

(١) لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٨٩٢ لە دایك بووە، لە قوتابخانەی ڕوشدیە خوێندوویەتی لە ساڵی ١٩٠٧ دەرچووە و پاشان پەیوەندی کردووە بە ئامادەیی و لە ساڵی ١٩١١ تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩١٥ بڕوانامەی یاسای وەرگرتووە، لە ئایاری ١٩٢١ دەبێتە ئەندامی دادگای ئیستئناف و پاشان وەك مامۆستا لە کۆلێژی یاسا وانەی یاسا سزاییەکان دەڵێتەوە و لە ساڵی ١٩٢٥ دەبێتە وەزیری داد و لە ساڵی ١٩٦٥ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الملكي، (لندن- ٢٠٠٤)، ص ص ١٠٥- ١١٢.

(٢) اديث و اي ايف، بينروز، العراق دراسه في علاقاته الخارجيه والتطواراته الداخليه ١٩١٥- ١٩٧٥، ترجمه: عبدالمجيد حسيب القيسي، (بيروت ـ دار العربيه للموسوعات ـ ١٩٨٩)، ص ١٦٣.

(٣) رياض رشيد ناجي الحيدري، المصدر السابق، ص ٣٢٠.

و ژمارەیەكی زۆری چەكدارانیش لە مانگی تەمموزدا هەوڵی پەڕینەوەیاندا بۆ سوریا بەو هیوایەی كە كۆمەڵگەكەیان لەوێ پەناگەیەك بدۆزێتەوە[١]، هەرچەندە فەرەنسییەكان ئەوكاتە كە لە سوریا بوون ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند بۆ وەرگرتنی ئاشوورییەكان، بەڵام پاش ئەوەی چوونە خاكی سوریا، فەرەنسییەكان لە بڕیارەكەی خۆیان پەشێمان بوونەوە و داوای گەڕانەوەی لێكردن[٢]، حكومەتی عێراقیش لەكاتی گەڕانەوەی ئاشوورییەكان مەرجی دانانی چەكی بەسەردا سەپاندن، بەڵام ئاشوورییەكان نەهاتنە ژێر باری قبوڵكردنی ئەو مەرجە[٣].

پێدەچێت سەرەتای ڕازی بوونی فەڕەنسا بە وەرگرتنی ئاشوورییەكان بگەڕێتەوە بۆ دروستكردنی هاوسەنگییەك لەبەرامبەر بزووتنەوە نەتەوەییەكانی كورد و عەرەب لە سوریادا، واتا هەمان ئەو ڕۆڵەیان پێبدرێت كە لە ماوەی ماندێتدا لە عێراق هەیانبووە، بەڵام هۆكاری پاشگەزبوونەوەكەی فەڕەنسا لەوانەیە كەوتبێتە ژێر فشارێكی گەورەی بەریتانیا، دووریش نییە فەڕەنسا خۆی وایكردبێ، نەوەك ئاشوورییەكان ببنە مایەی ئاژاوە و پشێوی لە خاكی سوریادا[٤].

ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە تەمووزی ١٩٣٣ ئاشوورییەكان لە شاڕۆچكەی (سێمێل) بزاقی خۆیان بەرپا بكەن، هەرچەندە (بەكر سدقی)[٥] فەرمانەدەی سەربازی

---

(١) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.

(٢) جورج لنشوفسكي، الشرق الاوسط في الشؤون العالمیە، الجزء الثاني، (بغداد- دون تاریخ)، ص ٩٤.

(٣) ئەحمەد حمەدئەمین، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عیراق، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی- ٢٠١٠ز)، ل ١٢٠.

(٤) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨٢- ٢٨٣.

(٥) بكر صدقی: بەكر سدقی شەوقی عەسكەری كە دەگەڕێتەوە بۆ دێی (عەسكەر)ی ناحیەی ئاغجەلەر، لە بنەماڵەیەكی كوردی لە دایك بووە، پاش تەواوكردنی قوتابخانەی ئامادەیی روشدیە، ساڵی ١٩٠٨ لە قوتابخانەی عەسكەری ئەستەمبول دەرچووە و پاشان كۆلێژی ئەركانی عوسمانی خوێندووە و لە بەرەكانی جەنگی جیهانی یەكەمدا بەشداری كردووە، دوای تەواوبوونی جەنگ چووەتە ناو سوپای سوریاوە پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و لە سوپای عێراقدا بە پلەی (ڕەئیس) وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٢٨دا بووە بە (عقید) و لە ساڵی ١٩٣١دا پلەی زەعیمی وەرگرتووە و كراوەتە سەركردەی سوپای باكوور، لە ساڵی ١٩٣٢ دا بووە بە (ئامر لیوا) و كراوەتە فەرمانەدەی باشوور، لە ساڵی ١٩٣٦ یەكەمین كۆدێتای ئەنجام دا و حكومەتەكەی یاسین هاشمی ڕووخاند، تا ماوەی نۆ مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەڵام لە ئابی ١٩٣٧دا بە پیلانێك كوژرا. گەلێك كتێبی سەربازی داناوە. یاسین صابر ساڵح: ئینسكلۆپیدیای گشتی،

هەورامەی كتێب

ئەوکاتـی ناوچـەی باکـوور لە پاڵەوانی کوشـتن و بڕینی ئاشـوورییەکان لە (سـێمێل) ناسرا، بـەڵام ئـەو فەرمانـی لێدانـی بزاڤەکـەی دەرنەکردبـوو، بەڵکـو ئەنجوومەنـی وەزیـران بـە سـەرۆکایەتی (ڕەشـید عالـی گەیلانـی) بـە زۆرینـەی دەنـگ لەسـەر لێدانـی ئـەو بزاڤـە و بەکارهێنانـی هێـز لـە دژیـان ڕێککەوتبـوون[١].

دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی حکومەتـی عێـراق خۆیـان بۆ دژایەتـی کردنی ئاشـوورییەکان سـازدا، هەروەهـا ئـەو بڕیـارە کە لە پەرلەمـان درابوو، پشـتیوانیان لێ دەکـرد، بڕیارەکەش بەکارهێنانـی زەبـرو زەنـگ بوو بـۆ ئەمەش حکومەتی عێـراق هێزێکی سـەربازی گەورەی کـۆ کـردەوە ئاراسـتەی ئاشـوورییەکانی کردو و لە ئەنجام دا کوشـتارێکی زۆریـان لێکرا[٢].

بێگومان ڕووداوەکە لە ٤ی ئابی ١٩٣٣ ڕوویدا، کاتێك بەشێك لە گەڕاوە ئاشوورییەکان لـە خاکـی سـووریاوە بـۆ عێـراق بەرەنـگاری مەفرەزەیەکـی سـوپای عێراقـی دەبنـەوە کە مەبەسـتی داماڵینـی چـەك لـە گـەڕاوەکان دانرابـوون، ئـەم ڕووداوە بـووە هۆکارێـك کـە بـۆ ڕۆژی دواتـر هێزێکـی گـەورەی ئاشـوورییەکان پەلامـاری سـەربازگەی عێراقـی بـدەن، بەمـەش پێکـدادان لەنێـوان هـەردوو هێـز هەڵگیرسـا و بەردەوامـی هەبـوو تـا ١٦ی ئابی ١٩٣٣ تێیـدا سـوپای عێـراق بـە سـەرکردایەتی بەکـر سـدقی لـە سـێمێل توانـی کۆتایی بە بزاڤـی ئاشـوورییەکان بهێنێت[٣].

سـەبارەت بـە زیانـی گیانـی لـەم بەرەنگاربوونـەوەدا، تایبـەت بـە ئاشـوورییەکان لەنێـوان مێژوونووسـان ڕاڤـەی جیـاوازی بۆ کـراوە، لەوانـە "منتشاشـفیلی" پێیوایـە زیانی گیانـی ئاشـوورییەکان لـە سـێمێل ٣٠٠ کـوژراوە و لەنێویانـدا ٦ کەسـیان منـداڵ بـوو، هەروەهـا ٢٠ ئافرەتیـش برینـدار بـوون، جگـە لەمـەش هەندێـك لـە هۆزەکانـی عـەرب و کـورد بەشـداری تاڵانکـردن و وێرانکردنـی مـاڵ و موڵکـی ئاشـوورییەکانیان کـردووە، کەچـی لەبەرامبـەردا "بۆتانی" بەپێچەوانەی منتشـا شـیعنلی ئاماژە بـە کوژرانی ٤٨٠ پیاو و شـەش ئافـرەت و چـوار منـداڵ دەکات[٤].

---

(سلێمانی- بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٥ز)، ل ٢٠١٤.

(١) محەمـەد عەبـدوڵا کاکەسـوور، ڕۆڵـی سیاسـی و کەلتوریـی ئەفسـەرانی کـورد لـە بزاڤـی کوردایەتـی کوردسـتانی باشـوردا ١٩٢١- ١٩٤٥، (هەولێـر- چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە- ٢٠٠٠ز)، ل ٨٣.

(٢) کرێکار عەبدوڵلا حسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

(٣) عبـاس عطيـه جبـار، الحيـاه البرلمانيـه في العـراق ١٩٣٢- ١٩٣٣، رسـالة ماجسـتير، كليـه الاداب، (جامعـه بغـداد- ١٩٧٢م)، ص ص ١١٤- ١١٥.

(٤) ألـبرت .م. منتشاشـفيلي، المصـدر السـابق، ص ص ٣٧٤- ٣٧٥ ؛ عبدالفتـاح عـلي البوتـاني، حـزب النـسر الاسـود الاثـوري فـی عـدد مـن الوثائـق الحكوميـه العراقيـه، مجلـه گـولان العـربي، العـدد ٥٥،

لـەم بارودۆخـەدا ئاشـوورییەکان هەوڵیـان دا کـە دەنگـی ناڕەزایـی خۆیـان دژی ئـەو تاوانکاریانـەی عێـراق بگەیەننـە دەرەوەی وڵات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مـار شـەمعون بروسـکەیەکی ناڕەزایەتـی ئاراسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان، شانشـینی بەریتانیـا، سـەرۆکی فەڕەنسـا، بەلژیـکا، شانشـینی هۆڵەنـدا و حکومەتـی ئیتالیا کـرد و داوایکرد فشـار بخرێتە سـەر حکومەتـی عێـراق بـۆ وەسـتاندنی ئـەم جـۆرە هێرشـانە لـە پەلاماردان و کوشـتنی منـداڵ، ئافرەت،گەنـج و پیـری ئاشـوورییەکان لـە عێـراق[١].

بـۆ پاسـاو دانانـی ئەم جـۆرە هێرشـانە حکومەتی عێـراق ڕاسـتەوخۆ لـە ڕاگەیاندنێکی خـۆی دا بـڵاوی کـردەوە ئـەو کەسـانەی کـە کوشـتاریان لـە ئاشـووریەکان کـردوە بەتەنها کـوردن، بەهیـچ شـێوەیەك دەسـتی حکومەتـی عێراقـی تێیـدا نەبـووە،[٢] ئەمـەش دوورە لـە ڕاسـتی سـەرەڕای بەشـداریکردنی هەنـدێ لـە هـۆزە کـوردەکان لە هێرشـکردنە سـەر ئاشـوورییەکان، بـەڵام ئـەم بەشـداریکردنە پێچەوانـەی هەڵوێسـتی گشـتی کـورد بـوو لـە باشـووری کوردسـتان، چونکـە کـورد بەرامبـەر بـەم ڕووداوە هەڵوێسـتێکی پارێزگارانـەی هەبـووە[٣].

لەلایەکـی دیکـەوە پشـکێنەری گشـتی سـوپای عێراقـی لیـوا "روان روبنسـون" بـاس لـەوە دەکات کـە "بەکـر سـدقی" سـەرکردەی ناوچـەی باکـوور بەرپرسـە لـەم ڕووداوە و پێویسـتە بدرێتـە دادگای سـەربازی[٤]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەفسـەری فرۆکەوانـی بەریتانـی "ایج.بی.هربـرت" بەشـداریکردنی بەکـر سـدقی لـەم ڕووداوە لـە جیاتـی کورد نـاو دەبـات، بێگومـان لـەم بۆچوونـەوەی دەکەوێتـە هەڵـەوە، چونکـە بەکـر سـدقی لـە جیاتـی کـورد سـەرکردایەتی ئـەم شـەڕەی نەکـردووە، بەڵکـو وەك یەکێـك لـە گـەورە ئەفسـەرانی عێراقـی ئەرکـە سـەربازییەکەی جێبەجـێ کـردووە[٥].

سـەرەڕای ئەوانـەش دەکرێـت بڵێیـن لـە پاڵ سـوپای عێراقـی هێزێکی سـەربازی کورد بەشـداریان کـردووە لەوانەیـە هۆیەکـەی بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە کـە شکسـت پێهێنانـی هەوڵـی نیشـتەجێکردنی ئاشـوورییەکان لـە ناوچـە کوردنشـینەکان دا لـە عێـراق سـودی

---

اربیل، كانون الاول ٢٠٠٠م، ص ص ٤٠- ٤١.

(١) عەلـی کەنـدی، ئینسـکلۆپیدیای مێژوونامـە لـە ١٩٠١/١/١- ١٩٥٠/١٢/٣١، بەرگـی دووەم، (هەولێـر- چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان- ٢٠٠٩ز)، ل ٤٠١.

(٢) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص٢٧٥.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

(٤) فريتـز غروبـا، رجـال و مراكـز القـوى في بـلاد الـشرق، ترجمـە: فـاروق الحريـری، (بغـداد - ١٩٧٩م)، ص ص١٣٠- ١٣١.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

بۆ کورد هەبووە، گەر ئەو پلانە سەرکەوتایە ئەوکاتە سیمای دانیشتوانی باشووری کوردستان دەگۆڕدرا، هەروەها هۆکاری ئاینیش لەو ڕووداوەدا ڕۆڵی هەبووە دەربارەی ئەوەی کە ئاشوورییەکان کریستیان بوون، بۆیە بەشێکی زۆری توێژەکانی گەلی عێراق وا تەماشای مەسەلەکەیان دەکرد کە شەڕی نێوان مووسڵمانان و کریستیانە[١].

سەرەڕای تۆمەتبار کردنی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ ڕووداوەکەی سێمێل، بەڵام ڕۆژنامە بەریتانییەکان بۆچوونی جیاواز دەخەنەڕوو، تێیدا حکومەتی عێراقی بە بەرپرسی یەکەمی ڕووداوەکە لە قەڵەم دەدەن و بە پێچەوانەی ئەو پەیماننامەیەی کە بۆ پارێزگاری کردن لە کەمە نەتەوەییەکان هەبووە ڕەفتاری کردووە[٢]، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراقی وەك وەڵامدانەوەیەك پێی وابووە کە سیاسەتی بەریتانیا بەرپرسە لەو ڕووداوە بەهۆی پڕچەك کردنی ئاشوورییەکان و ئامادەکردنیان وەك هێزێکی پارسەنگ بەرامبەر سوپای عێراقی[٣].

لێرەدا دەردەکەوێت حکومەتی عێراقی سیاسەتی دووفاقی پیادە دەکات، چونکە تۆمەتبارکردنی هەردوو لایەنی عێراقی- بەریتانی لەبەرامبەر یەکتردا، دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە هەردوو لایەن بەشداربوون بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەکە بە هاوبەشی، بۆ خۆ دزینەوەیان لە بابەتەکە ناوی کورد و تێوەگلانی بە ڕووداوەکە خراوەتەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

## ب - کۆدێتای بەکر سدقی ١٩٣٦

بارودۆخی عێراق لەسەردەمی مەلیک غازی قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی، بەهۆی ململانێی توندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێراق[٤]، بەهۆی کەم ئەزموونی و ناشارەزایی مەلیک غازی دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند بۆ سیاسییەکان کە بە ئارەزووی خۆیان کار بکەن و گشت ڕێگایەك بگرنە بەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی، هەر ئەمە وایکرد لە ماوەی ساڵانی(١٩٣٥- ١٩٣٦) چەند ڕاپەڕینێك لەسەردەمی مەلیکی نوێ بەرپا بێت[٥].

---

(١) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

(٢) فاضل حسين، تاريخ العراق المعاصر، (بغداد- ١٩٨٠)، ص٨٦.

(٣) رجاء حسين الخطاب، تأسيس الجيش العراقي و تطور دوره السياسي من ١٩٢١- ١٩٤١، (بغداد- ١٩٧٩)، ص١١٥.

(٤) سروە أسعد صابر، المصدر السابق، ص٢٧٠.

(٥) محمد اسماعيل محمد، ئینقلابی بکر صدقی لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ هۆیەکان و ئەنجامەکانی،

حکومـەتی (یاسـین هاشـمی[1]) لـە ئەنجامـی پەیڕەکـردنی تاکڕەویـی لـە دەسـەڵات و دژایـەتی کـردنی بزووتنـەوە عەشـائیرییەکان لـە عێـراق بوو بـە کاریگەرێك بـۆ بەهێز بوونی بـەرەی بەرهەڵسـتی بـە تایبـەتی دوای ڕووداوەکانی کازمیـە و شـۆڕشی رمسـیەی یەکـەم و دووەم و شـۆڕشی ئەگـرع لـە دیوانیـە و شـۆڕشی سـوق الشـیوخ و المدینـە، هەروەهـا لـە کوردسـتانیش بزووتنـەوەی خەلیـل خۆشـەوی و جووڵانـەوەی کـوردە ئێزیدییـەکان سـەرکوتکران[2].

مەیلە دیکتاتۆرییەکانی (یاسـین هاشـمی) کە لە ساڵی ١٩٣٦ دا پتر دەرکەوت و چەندین مەرسـومی دەرکـرد و دەزگاکانی هەواڵگـری و پۆلیـسی پـەرە پێـدا و، بـە هێـز وەڵامـی هـەر ڕەخنەیـەك چ لـە بەغـدا یـان لـە هەرێمـەکان دایـەوە کـە ئاراسـتەی حکومەتەکەی کرابـوو، هەروەهـا بـە هـۆی کاریگـەری نەتـەوە پەرسـتەکانی عەرەبەکانیـش بـە تایبـەتی لـە وەزارەتی پـەروەردە، هەروەهـا مەشـقی سـەربازی بـە زۆر بەسـەر قوتابخانـەکان دا سـەپاند، هـاوکات زۆر بـە تونـدی هەر هێمایەکی شـۆڕشی لـە هەرێمـەکان دا هەبووایە لە نـاوی دەبـرد، جگـە لەمـەش هەوڵـی دوورخسـتنەوەی زۆر کەسـیدا، هەروەهـا مەلیـک غازیـش لـە هەوڵـەکانی هاشـمی زۆر نیگـەران بوو لەوەش مەترسـیدارتر دوورخسـتنەوەی بەکـر سـدقی بـوو لەلایـەن هاشـمیەوە ئەمـەش وایکـرد بەکـر سـدقی بـە سـۆزەوە گـوێ لـە پلانـەکانی حیکمـەت سلێمان (١٨٨٩-١٩٦٤) بگرێـت کـە مەبەسـتەکەی ڕووخـانی حکومەتەکـەی یاسـین بـوو[3].

بێگومان ناجێگری وڵات و خراپی بارودۆخی سیاسی ڕێگای خۆش کرد بۆ سـەرهەڵدانی یەکـەم کۆدێتـای سـەربازی لـە مێـژووی عێراقـی هاوچـەرخ لـە سـەردەمی مەلیـکاتی[4]، جگـە لـەوەی کـە بەکـر سـدقی ڕۆڵـی سـەرەکی و کاریگـەر و ڕاسـتەوخۆی هەبـوو لـە

---

(هەولێر - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٧ز)، ل ل١٥- ١٦.

(١) یاسـین هاشـمی : نـاوی تـەواوی یاسـین کـوڕی حلمـی کـوڕی سـەلمانە و نـاسراوە بـە هاشـمی لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٨٨٤ لـە گەڕەکـی بـارودی لـە بەغـدا لەدایـك بـووە، خوێنـدنـی ئامادەیـی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی ١٨٩٩ چووەتـە ئیسـتانبۆل پەیوەنـدی کـردووە بـە قوتابخانـەی سـەربازی و لـە سـاڵی ١٩٠٢ پلـەی مولازمـی دووەمـی وەرگرتـووە لـە سـاڵی ١٩٣٧ کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ زانیـاری زیاتـر بگەڕێـوە بـۆ: سـامي عبدالحافـظ القيـسي، ياسـين هاشـمي و دوره في السياسـة العراقيـة بـين عامـي ١٩٢٢- ١٩٣٦ دراسـة وثائقيـة، الجـزء الاول، (البـصرة- مطبعـة حـداد- ١٩٧٥م)، ص ٢١ ومـا بعدهـا.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٩- ٢٠٠.

(٣) تشارلز تريب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٤) رجاء حسين الخطاب، المصدر السابق، ص١٦١.

ڕوودانی کۆدێتا، هەروەها کەسێك بووە زۆر باوەڕی بەهێز و کەسایەتی خۆی و توانا سەربازییەکەی هەبووە[١].

ژمارەیەك لە مێژوونووسان و سیاسەتمەداران لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق باسیان کردووە پێیان وایە، ئەم کۆدێتایە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات و لەهەمان کاتدا دەربڕی نیگەرانی چینی جوتیاران و چەندین چینی کۆمەڵایەتی تر لە دژی دەسەڵات بووە، ژمارەیەك لە چینی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێیان وابووە ئەم کۆدێتایە دەتوانێت خواستەکانی کرێکاران لە خۆشگوزەرانی بهێنێتە دی[٢].

جگە لەوانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەشداری پێ نەکردنی حیکمەت سلێمان لە وەزارەتی هاشمی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە بۆ دژایەتی کردنی ناوبراو بۆ کابینەی حکومەت، چونکە یاسین هاشمی پۆستی وەزارەتی ناوخۆی بە ڕەشید عالی گەیلانی سپاردبوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دروست بوونی ململانێی سیاسی لە نێوان (حیکمەت سلێمان) و (ڕەشید عالی گەیلانی) لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ[٣].

حیکمەت سلێمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٥ پەیوەندی بە (کۆمەڵەی ئەهالی)[٤]، کرد و هەموو تواناکانی کۆمەڵەی تەرخان کرد بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانی، ئەویش ڕووخانی حکوومەتی هاشمی بوو، جگە لەمە لە ڕووی سیاسییەوە هەوڵی دا نزیك بوونەوەیەك لە نێوان بەکر سدقی و کۆمەڵەی ئەهالی دروست بکات، بڕیاری دا کە

---

(١) میر بصري، اعلام السیاسی العراقي الحدیث، (بریطانیا- ١٩٨٧م)، ص ١٧٧.

(٢) كمال مظهر أحمد: صفحات من تأریخ العراق المعاصر (دراسات تحلیلیه)، (بغداد- دار الشؤون الثقافیه العامه، ١٩٨٧م)، ص ١١٩.

(٣) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

(٤) ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتای سییەکان دەرکەوت، ناوەکەی دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژنامەی ئەهالی کە لە ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ یەکەمین ژمارەی دەرچووە، ئەم کۆمەڵەیە پێکدەهات لە ژمارەیەکی گەنج و لاوی ڕۆشەنبیر کە خوێندنیان لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبوو، و کاریگەر بوون بە هزری چاکسازی دیموکراتی، لە ئامانجە هەرە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە کار کردن بوو لە پێناو چاکسازی کردن لە بارودۆخی عێراق لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری عێراق و دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی، لە دیارترین ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە کامل چادرچی و جەعفەر ئەبو تمەن و محەمەد حەدید و چەندانی تر. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە بگەڕێوە بۆ: فؤاد حسین الوكیل، جماعە الاهالي في العراق ١٩٣٢- ١٩٣٧، (بغداد- دار الشؤون الثقافه العامه- ١٩٨٦م)، ص ص ٥١- ١٠٠ ؛ عبدالغني الملاح، تاریخ الحزب الدیمقراطي في العراق، (بغداد- ١٩٨٠م)، ص ٩٣ ومابعدها.

هـەوڵ بـدات بـۆ هێنانـەدی ئامانجـەکانی کۆمەڵە و سـوێندی بۆ خـواردن[١].

پێـش کۆدێتاکـە لـە ٢٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٦ حیکمـەت سـلێمان ئـاگاداری ئەندامـانی دەسـتەی دامەزرێنـەری کۆمەڵـەی چاکسـازی گەلـی کـردەوە کـە ئەفسـەرانی سـوپا بـە سـەرۆکایەتی بەکـر سـدقی بڕیاریـان داوە هەڵسـن بـە ئەنجامـدانی کۆدێتایـەکی سـەربازی بـۆ لەناوبـردنی حکومەتەکـەی (یاسـین هاشـمی)، بەکـر سـدقی داوای لێکـردن کـە پشـتگیری و هـاوکاری بـن، ئەندامـانی کۆمەڵـە بڕیاریـان دا پشـتگیری کۆدێتـا بکەن بە هەنـدێ مەرجـی دیاریکـراو. گرینگترینیـان نابێـت کەسـایەتییە سـەربازییەکان بەشـداری حکومـەت بکـەن، هەروەهـا بەرنامـەی حکومـەتی نـوێ لەسـەر ئـەو بـیر و باوەڕانـە بێت کـە کۆمەڵـە کاری لەسـەر دەکـرد، بەکـر سـدقی ڕازی بـوو بـە مەرجـەکان[٢].

بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٦ (تەهـا هاشـمی ١٨٨٨-١٩٦١) کـە سـەرۆکی سـوپای عێـراق بـوو بـە سـەردانێك چـووە تورکیـا، بەکـر سـدقی وەك جێگـری سـەرۆکی ئـەرکانی گشـتی لـە شـوێنی خـۆی دانـا، (سـدقی) یـش بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ (حیکمـەت سـلێمان) و سـەرکردەکانی کۆمەڵـەی ئەهـالی فەرمـانی بـە یـەکانی سـوپادا کـە لەژێـر دەسـتی دابـوون بـۆ جووڵەکـردن بـەرەو بەغـدا، لەهەمـان کاتـدا چەنـد نووسراوێکیـان لـە پایتەخـت بلاوکـردەوە کـە تێیایـدا ڕاگەیەنرابـوو سـوپا داوا لـە مەلیکی عێـراق دەکات حکومەتەکـەی (یاسـین هاشـمی) هەڵبوەشـێنێتەوە[٣].

کۆدێتایەکـە بـە سـەرکردایەتی (بەکـر سـدقی) کـە سـەرکردەی فرقـەی دوو بـوو بـە هەماهەنگـی و هـاوکاری فەریـق (عبدالطیـف نـوری) سـەرکردەی فرقـەی یـەك، ئەمانـە پێشـتر لەگـەڵ هەریەکـە لـە (جەعفـەر ئەبـو تمـەن) و (کامـل چادرچـی)[٤] لـە باڵـی مەدەنـی میانـڕەو لـە کۆمەڵـەی ئەهالـی ڕێکەوتبـوون[٥]، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕیاریانـدا

---

(١) میر بصري، المصدر السابق، ص١٧٧.

(٢) ئەحمەد حمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٣) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

(٤) کامـل رەفعـت رەئـوف : نـاسراو بـە کامـل چادرچـی لـە ٤ی نیسـانی ١٨٩٧ لـە شـاری بەغـدا لـە دایـك بـووە، لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە قوتابخانـەی (مدرسـە الاعـداد الملـكي) دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩١٣ خوێنـدنی ناوەنـدی تـەواو کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٢٦ خوێندنـی یاسـای تـەواو کـردووە، یەکـێ بـووە لـە دامەزرێنەرانـی پارتـی دیموکراتـی نیشـتمانی لـە ٢ی نیسـانی ١٩٤٦، ناوبـراو لـە شـوباتی ١٩٦٨ کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ پـتر زانیـاری بگەڕێـوە بـۆ: محمـد عویـد الدلیمـي، کامـل الجادرجـی و دوره في السیاسـة العراقیـة ١٨٩٧- ١٩٦٨، (بغـداد- ١٩٩٧م).

(٥) عزیـز حسـن عزیـز البـارزاني، الحرکـە القومیـە الکوردیـە التحرریـە فی کوردسـتان العـراق ١٩٣٩-١٩٤٥، (دهـوك- دار سـپیریز للطباعـة والنـشر- ٢٠٠٢م)، ص ٤٤.

لە پاییزدا ئەم کۆدێتایە بکەن، چونکە سوپای عێراق هەموو ساڵێك لە پاییزدا مانۆڕی سەربازی خۆی ئەنجام دەدا[١].

لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم ١٩٣٦ ژمارەیەك لە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی دەستیان کرد بە بەردانەوەی چەندین بڵاوکراوە بەسەر بەغدا، و ئاگاداری گەلی عێراقیان کردەوە کە سوپا هەڵساوە بە کۆدێتای سەربازی بۆ گۆڕینی حکومەتی (یاسین هاشمی) بە حکومەتێکی تر کە خزمەتی نیشتمانی بکات و کاربکات بۆ خۆشگوزەرانی گەل، و داوایان لە جەماوەر کردبوو کە پشتگیری کۆدێتاکە بکەن و هاوکاری بن، لە بەیاننامەکەدا فەریق بەکر سدقی بەناوی (سەرکردەی هێزەکانی چاکسازی نیشتمانی) ئیمزای لەسەر کردبوو.

(حیکمەت سلێمان) چووە کۆشکی پاشایەتی و نووسراوەکەی دایە دەست مەلیک کە ئیمزای فەریق بەکر سدقی و عبدالطیف نوری لەسەر بوو، داوایان کردبوو کە یاسین هاشمی لابرێت لە دەسەڵات، و وەزارەتێکی نیشتمانی پێك بهێنرێت بە سەرۆکایەتی حیکمەت سلێمان[٢].

دواتر مەلیک غازی کۆبوونەوەیەکی لە ناکاوی ئەنجام دا کە هەریەك لە یاسین هاشمی، نوری سەعید و جەعفەر عەسکەری ئامادەبوون، هەروەها باڵیۆزی بەریتانیاش لە بەغدا بەشداربوون، دوای وتوێژێکی درێژ بە ناچاری ڕازی بوون بە داخوازی کۆدێتاچییەکان[٣]، بەمەش یاسین هاشمی ڕازی بوو دەست لەکار بکێشێتەوە[٤].

پاشان بڕیاردرا حیکمەت سلێمان حکومەتێکی تازە پێك بهێنێت، (جەعفەر عەسکەری)[٥] یش کە وەزیری بەرگری بوو لە حکومەتەکەی هاشمی هەوڵی دا

(١) محمد اسماعیل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٤– ٥٥.

(٢) بۆ زانیاری دەربارەی نووسراوەکە بگەڕێوە بۆ : عبدالرحمن منیف، العراق «هوامش من تاریخ والمقاومه» (بیروت– المؤسسه العربیه للدراسات والنشر- ٢٠٠٣م)، ص ١٢٥.

(٣) ابراهیم خلیل احمد، جعفر عباس حمیدی، تاریخ العراق المعاصر، (الموصل- دار الکتب للطباعة والنشر– ١٩٨٩م)، ص ص ١٠٥– ١٠٦ .

(٤) فؤاد حسین الوکیل، المصدر السابق، ص ٣٧٦.

(٥) جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥- ١٩٣٦) : سەرۆك وەزیرانی پێشوو و یەکەم وەزیری بەرگری عێراق بوو محمد جەعفەر کوڕی مستەفا کوڕی مەلا عبدالرحمن عەسکەرییە، لە ١٥ی ئەیلوولی ١٨٨٥ لە شاری بەغدا لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، دواتر دەچێتە ئەستانە لەوێ قوتابخانەی سەربازی تەواو دەکات بە پلەی ملازمی دووەم، دواتریش لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە، هەروەها بەشداری کردووە لە شۆڕشی عەرەبی بە سەرکردایەتی شەریف حسێن، پاشان دەبێتە حاکمی حەلەب

نامەیەك لە مەلیک غازیەوە بگەینێتە سدقی کە تێیدا، داوای لێدەکات سوپا بەرەو بەغدا ڕابگرێت، بکشێنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان، بەڵام سدقی وای زانی ئەو نامەیە تەنها فێڵێکە و ئامانجەکەی لە ناوبردنی کۆدێتایەکەیە، بۆیە بەکر سدقی فەرمانی بە ئەفسەرەکانی دا ڕێگە لە (جەعفەر عەسکەری) بگرن و بیکوژن[١].

پاش دەست لەکار کێشانەوەی یاسین هاشمی، مەلیک غازی حیکمەت سلێمان ئاگادار کردەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت[٢]، بەڵام حیکمەت سلێمان ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە ڕاگەیاندنی وەزارەتەکەی لەلایەن پاشاوە بە نووسراو بێت[٣].

یەکەم کاری ئەم وەزارەتەش دوای پێکهێنانی خانەنشین کردنی (طه الهاشمی) سەرۆکی ئەرکان و بەکر سدقی لە شوێنی دانرا[٤]، هەروەها کارکردن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵك و چاککردنی باری تەندروستی خەڵك و فراوان کردنی خزمەتگوزاریەکانیشی، هەروەها چاوخشاندنەوە بەو یاسا و مەراسیمانەی وەزارەتی پێشوو دەری کردبوو[٥].

دوای ئەوەی حکومەتی نوێ دەست بەکاربوو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دا، بۆ ئەمەش لە بەرواری ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٦ بڕیاری هەڵبژاردنی تازەی دەرکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چاکسازیخوازەکان هەوڵی قۆستنەوەی بارودۆخەکە بدەن و زۆرینەی کورسیەکان بۆ خۆیان بە دەست بهێنن، و ڕەخنەیان لە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ دەگرت، بەڵام هەوڵەکان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوو، بۆیە بەکر سدقی فەرمانی بەستنی کۆبوونەوەی دا لە ماڵی خۆی بۆ دانانی لیستی کۆتایی ناوی نوێنەران، ریفۆرم خوازەکان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوون بۆیە بەکر سدقی بڕیاری دا ڕێگە نەدات ڕیفۆرم خوازەکان بگەنە ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام دواتر حیکمەت سلێمان و جەعفەر ئەبو تەمن وایان کرد ڕیفۆرم خوازەکان

---

لەنێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٠)، دواتر دەگەڕێتەوە عێراق و دەبێتە وەزیری بەرگری. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن لطیف الزوبیدي، موسوعة الاحزاب العراقیة، (بیروت- مؤسسة المعارف للمطبوعات-٢٠٠٧م)، ص ٤٦٥

(١) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧؛ محمد اسماعیل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٢) عبدالرحمن منیف، المصدر السابق، ص ص٢٨١- ٢٨٢.

(٣) عبدالرزاق الحسني، تأریخ الوزارات العراقیە، المجلد الرابع، (بغداد- دار الشؤون الثقافیە العامە- ١٩٨٨م)، ص ٢٥١.

(٤) ابراهیم خلیل احمد، جعفر عباس حمیدي، المصدر السابق، ص١٠٨.

(٥) حازم المفتي، العراق بین عهدین یاسین هاشمي و بکر صدقی، (بغداد- مطبعة سومر – ١٩٩٠م)، ص ١٣٠.

بەشداریان پێ بکرێت لە ئەنجوومەن، چونکە ڕۆڵی زۆریان لە کۆدێتاکە هەبوو لە کۆتایدا گەیشتنە ئەو ئەنجامە بەکر سدقی (٣٠) کورسی بەدەست هێنا، و ڕیفۆرم خوازەکان (١٣) کورسیان بە دەست هێنا، کە ژمارەی کورسیەکان (١٠٨) کورسی بوو[١].

ناکۆکی لە نێوان چاکسازیخوازان و بەکر سدقی دەستی پێکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کامل چادرچی و جەعفەر ئەبو تەمن و یوسف عیزەدین دەستیان لەکار کێشایەوە[٢]، بۆ ئەمەش بەکر سدقی سێ وەزیری تری لە شوێنیان دانا، دوای ئەوەی سدقی ڕزگاری بوو لە چاکسازیخوازان ئەمەش بووە هۆی ڕێگا خۆشکەر بۆ پێکهێنانی دیکتاتۆری سەربازی بەداخستنی (کۆمەڵەی چاکسازی نیشتمانی) و داخستنی ڕۆژنامەکەیان، هەندێکیان کوژران و هەندێکیان وڵاتیان بەجێ هێشت[٣].

لە شارەکانی عێراق خۆپێشاندان کرا بۆ پشگیری کردن لە کۆدێتاکە، وەك شارەکانی (بەغدا، حلە، نەجەف، کەربەلا، دیوانیە، کەرکووك، هەولێر...) نوێنەریان نارد بۆ بەغدا بۆ نیشاندانی پشتیوانی لە کۆدێتاکە[٤]، لە بەرامبەر عەرەبە ڕەگەز پەرستەکان دژایەتی خۆیان بۆ کۆدێتاکە خستە ڕوو، چونکە ئەوان دژی کورد بوون بۆیە لە ڕۆژنامە عەرەبییەکان هەڵوێستیان خراپ بوو، بە تایبەتی بە هۆی ئەوەی گوایە وەزارەتی نوێ سیمای عەرەبی پێوە دیار نیە، بەپێی بۆچوونەکانی دوژمنانی بەکر سدقی، ئەم هەڵوێستانە زیاتر لایەنگری هاشمی پشتگیریان لێ دەکرد لە دەرەوە بوون یاخود ئەوانەی بەکر سدقی کە لە پۆستەکانیان دەریکردبوون یان پۆستەکانیان بچوك کرابووەوە[٥].

ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەو کۆدێتایەدا ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرانی کورد بەشداریان کردوە، هەندێکیان ڕۆڵی زۆر گرینگیان تێیدا گێڕاوە، لە سەرووی هەموویانەوە (بەهائەدین نوری) بەڕێوەبەری جووڵانەوەی سەربازی و ئەمین سری بەکر سدقی بووە، هەروەها هەندێك ئەفسەری دیکەی کورد بە خرۆشەوە پێشوازیان لە کۆدێتاکە کردووە تەنانەت یەکێکیان کە ناوی (ڕەشید جەودەت) بووە لە ئۆردوگای (الوشاش) ئاماژەی بەوە کردووە و گوتویەتی (ئیدی حوکمرانی عەرەب لە عێراق دا کۆتایی پێهات

---

(١) ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص١٠٩.

(٢) ليورا لوكتيز، العراق و البحث عن الهويه الوطنيه، ترجمه : دلشاد ميران، (أربيل- دار ئاراس- ٢٠٠٤م)، ص ١٢٧.

(٣) ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدى، المصدر السابق، ص ١١١.

(٤) عبدالرزاق الحسني، المجلد الرابع، المصدر السابق، ص ٢٦١.

(٥) فؤاد حسين الوكيل، المصدر السابق، ص ٣٣٩.

هەواڵنامەی کتێب

و پێویستە کوردەکان خۆیان بۆ وەدەست خستنی مافەکانیان ساز بدەن) [١].

بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەڵوێستی هەموو ئەفسەرانی کورد لە کۆدێتاکەی بەکر سدقی وەکو یەك بووبێت، لەم ڕووەوە (ماجید مستەفا)[٢] کە ئەوکات موتەسەریفی کوت بووە هەر لە سەرەتاوە لە دژی کۆدێتاکە بووە و بە گوێرەی قسەی خۆی ئامادەبوو لەهەر بزاڤێکی ئۆپۆزسیۆن لە دژی کۆدێتاکە هاوبەشی بکات[٣].

لەلایەکی دیکەوە "گروبا" باڵیۆزی ئەڵمانی لە بەغدا ئاماژە بەوە دەکات کە پلانی بەکر سدقی بۆ بنیادنانی دەوڵەتی کوردی تەنها لە کوردستانی باشوور قەتیس نەبووە، بەڵکو ئامانجێکی لەبەر چاوی خۆی دانابوو کە پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی بوو کە هەموو کوردەکانی ئێران و تورکیاش لەو دەوڵەتەدا کۆبکاتەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە هۆیەکانی پارێزگاریکردنی لەو دەوڵەتە لەبەرامبەر هەڕەشەکانی وڵاتانی دراوسێ[٤]، بێگومان ئەو بابەتە هەروەك "عەزیز حەسەن بارزانی" لەسەرچاوەکەی ئاماژەی پێدەکات و بە گێڕانەوەیەکی تاك لایەنە هەژماری دەکات، چونکە پێیوایە لە هیچ سەرچاوەیەك ئەو دەنگۆیە بوونی نیە [٥].

پێ دەچێت (بەکر سدقی) ماوە ماوە ڕاوتێڕوانینی خۆی گۆڕیبێ، دەسەڵاتیشی خۆش ویستووە، ئامادەش بووە هەموو کارێك بکات تا لە دەستی نەدات، ئەمەش بە

---

(١) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(٢) ماجد مستەفا مەحمود : لە ساڵی ١٨٩٦ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، لە قوتابخانەی ئەعدادییەی عەسکەری خوێندوویەتی و پاشان چووەتە ئیستانبۆل و پەیوەندی بە مەدرەسەی عەسکەری دەکات و پاش ئاگربەست گەڕاوەتەوە عێراق، ناوبراو یەکێك لە بەشدارەکانی هێزەکانی شێخ مەحمود بووە لە تەمموزی ١٩٢٣، پاشان داویەتە پاڵ حکومەت و چەندین پۆستی ئیداریی گرنگی حکومیی لە شارەکانی خوارووی عێراق بە ئەستۆ گرتووە، لە ٢٥ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ لە وەزارەتی هەشتەمی نوری سەعید کراوە بە وەزیری بێ وەزارەت، لە ١٦ ی ئەیلولی ١٩٥٠ تاوەکو ١٠ی تەمموزی ١٩٥٢ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بووە، پاشان خۆی بۆ کاروباری بازرگانی تەرخان کرد و لە ٢ی ئابی ١٩٧٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی فەرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١- ١٩٤٩، وەرگێڕان: نەجاتی عەبدوڵا، بەرگی یەکەم، (هەولێر- دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠١٠ز)، ل ٢١٤.

(٣) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

(٤) فريتز غروبا، المصدر السابق، ص ٢٧٣.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ٤٨.

هەڵوێستەکانیەوە دیارە، کە دەبینین زۆر جاران لە زۆر بۆنەدا ئەسڵی کوردانەی خۆی ڕەتکردۆتەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە لە بنەڕەت دا عەرەبە[١].

لە ڕاستیدا مەسەلەی بەکر سدقی و پەیوەندی بە بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی ئەمە تەنها پڕوپاگەندەی عەرەبە شۆڤێنیەکان بووە و بە مەبەستی ئەوەبوو کە پەراوێزی بخەن و دوژمنی بۆ زیاد بکەن، ئەگینا هیچ ڕوویەکی ڕاستی پێوە دیار نەبوو[٢].

دەکرێت ئەوە بەڕاست وەربگرین کە بەکر سدقی لەو ماوە مێژووییەدا زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەری هزری نەتەوەیی کە ئەوکات لە عێراقدا لە پەرەسەندن دابوو لەلایەن نەتەوە پەرەستانی عەرەبەوە، هەروەها لە ئەوروپاش بەهەمان شێوە بیرۆکەی "فاشی"[٣] لە ئیتالیا و "نازی"[٤] لە ئەڵمانیا لە قۆناغی گەشەکردندا بوون، ئەمەش ناچێتە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

جگە لەمەش بەکر سدقی ئەو وەزارەتەی کە پێکی هێنا، یەك وەزیری کوردی تێیدا نەبوو، سەرباری ئەوەش نوێنەرە ڕاستەقینەکانی گەلی کوردی لە پەرلەمانی نوێ دانەنا، بەڵکو هەندێ خەڵکی کوردی دانا کە نوێنەری زۆرینەی خەڵك نەبوون[٥]، هەروەها هەندی مێژوونووس پێیانوایە کە ئەم لێدوانانەی دەربارەی بەکر سدقی وتراوە تەنها شتی هەڵبەستراون، چونکە وای دەبینن کە بەکر سدقی تەنها کەسایەتیەکی بە هەڵپە بوو لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی نوخبەی سیاسی فەرمانڕەوا و

---

(١) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٨.

(٢) كمال مظهر أحمد،المصدر السابق، ص ص ١٢٣ - ١٢٤.

(٣) فاشیزم کە لە زمانی ئیتالی بە واتای دیکتاتۆری دەدات، سەرەتای دروستبوونی حزبی فاشیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٤ کە لە شێوەی بچووك بچووك لەلایان بنیتۆ مۆسۆلینی (Beenito Mussolini) ڕابەرایەتی دەکرا، دوای ساڵی ١٩١٩ پێشکەوتنێکی خێرایان بەخوە بینی و لە ساڵی ١٩٢٢ دەسەڵاتی وەرگرت و دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم پارتە کارکردنی لە ئیتالیا قەدەغە کرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد وەلەدبەگی، فەرهەنگی نیگا، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١١ز،) ل ٣٣٠.

(٤) وشەی نازی کورتکراوەی (پارتی کرێکارانی سۆسیالستی نیشتمانی ئەڵمانی)یە کە لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری میونخ دامەزراوە، ئەدۆلف هیتلەر لە ساڵی ١٩٢٤ بوو بە سەرۆکی ئەم پارتەیە و لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتی ئەڵمانیای وەرگرت، لە ساڵی ١٩٤٥ دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و خۆکوشتنی هیتلەر ڕێگای کاری ئاشکرای ئەم پارتە لە ئەڵمانیا قەدەغە کرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٩.

(٥) كمال مظهر أحمد، المصدر السابق، ص ١٢٤.

هیـچ پەیوەندیـەکی بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد نەبـووە [١].

سـەبارەت بـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کورد، سـەرهەنگ (برقی سـدقی) برای بەکر سـدقی بەشـداری ڕاسـتەوخۆی هەبـووە لەناوبـردنی جوولانـەوەکانی کـورد لـە سـەردەمی ماندێتـی بەریتانـی لـە عێـراق، بەتایبـەت لـە شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕاوە[٢]، هەروەهـا لـە سـەردەمی کۆدێتـای بەکـر سـدقی پەیماننامـەی سـەعدئاباد مـۆر کـرا، کـە لـە ڕاسـتیدا زەبرێکـی کوشـندە بـوو دژی کێشـەی کـورد لـە پارچەکانـی باشـوور و باکـوور و ڕۆژهـەڵات[٣]، جگـە لەمـەش شـێخانی تەکیـەی بـارزان کـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقیـەوە لـە زێـدی خۆیـان دوورخرابوونـەوە، بـەڵام بەکـر سـدقی هیچ هەڵوێسـتێکی لـەو بارەیـەوە نەبـووە[٤]. دەکرێـت بڵێیـن ئـەو هەڵوێسـتانە لاوازی ئـەو بۆچوونانـە دەردەخـات کـە بـاس لـەوە دەکـەن بەکـر سـدقی هەوڵیـداوە بـۆ بنیاتنانـی دەوڵەتـی کـوردی.

سـەبارەت بـە کوژرانـی بەکـر سـدقی، دوای ئـەوەی بـە مەبەسـتی بەشـدار بـوون لـە مانۆڕێـکی سـەربازی لـە تورکیـا، ناوبـراو بـە یـاوەری (محەمـەد عەلـی جـەواد) سـەرۆکی هێڵـی ئاسـمانی عێراقی، پاش گەیشـتنیان بە شـاری مووسـڵ لە١١ی ئابی ١٩٣٧ لە بارەگای هێـزی ئاسـمانی سـوپا بـە پیلانێکـی نەخشـە بـۆ کێـشراو لەلایـەن عەریـف (محەمـەد عەبدولـلا تەلەعفـەری) هەردووکیـان دەکوژرێـن[٥].

دوای تیرۆرکـردنی بەکـر سـدقی بەرهەڵسـتکاران لـە ڕیـزەکانی سـوپادا تـا ئاسـتێکی مەترسـیدار پابەنـد بـوونی سـوپایان بـۆ حکومـەت لاواز کـرد، کاتێك کە حیکمەت سلێمان فەرمـانی دەسـتگیر کـردنی ژمارەیـەك لـە کۆدێتاچییـەکانی دەرکـرد بـۆ دادگایـی کردنیـان لە بەغـدا (ئەمـین ئەلعومـەری) فەرمانـدەی ئـۆردوگای مووسـڵ فەرمانەکـەی جێبەجـێ نەکـرد، پاشـان فەرمانـدەی یەکێـك لـە بنکـە سـەربازییەکانی نزیـك بەغدا پشـتگیری خۆی

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ٤٨.

(٢) سـەبارەت بـە شـالاوی سـەربازی عێراقـی بـە سـەرکردایەتی برقـی سـدقی بـۆ بـارزان بگەڕێـوە بـۆ: مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٣١-١٩٥٨)، (هەولێـر- ٢٠١٢)، ل ل ٢٩ – ٣٠ .

(٣) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠.

(٤) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

(٥) محمـد علـى الصويركـى، معجـم اعـلام الكـرد «فـى التاريـخ الاسـلامي والعـصر الحديـث في كردسـتان وخارجهـا»، (السـليمانيه- مـن منشـورات بنكـەی ژيـن- ٢٠٠٦م)، ص ١٤٧. بـۆ زانیـاری پـتر دەربـارەی نەخشـە پلانـی کوشـتنی بەکـر سـدقی بگەڕێـوە بـۆ : عبدالـرزاق الحسـني، المجلـد الرابـع، المصـدر السـابق، ص ص ٣٦٦- ٣٦٨.

بۆ عومەری ڕاگەیاند حیکمەت سلێمان خۆی لە بەرامبەر بەشێکی بەرهەڵستکار لە سوپادا دۆزیەوە، ئەمەش حیکمەت سلێمانی ناچار کرد لە١٧ی ئابی ١٩٣٧دا دەست لەکار بکێشێتەوە[١].

## ج - پەیمانی سەعدئاباد(١٩٣٧):

پەیمانی سەعدئاباد لەنێوان مەلیکی عێراق و شای ئێران و حکومەتی تورکیا و شانشینی ئەفغانستان لە ٨ی تەمموزی ١٩٣٧ لە کۆشکی سەعدئاباد لە تارانی پایتەختی ئێران مۆر کرا، سەرەتا بە ناوی پەیمانی "بەگژیەکدا نەچوون" بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پەیمانی سەعدئاباد[٢].

سەبارەت بە پەیمانی سەعدئاباد هەوڵدانێك بووە لەنێوان وڵاتانی بەشداربوو بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و زامنکردنی سنووره هاوبەشەکانیان[٣]، کە تێیادا وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بەشداربوو ڕۆڵی سەرەکیان تێیدا گێڕاوە، هەریەکە لە تۆفیق ڕەشید ئاراس وەزیری دەرەوەی تورکیا و عینایەتوڵڵای سەمیعی وەزیری دەرەوەی ئێران و ناجی ئەسیل و فهێز محەمەد خان وەزیرانی دەرەوەی هەریەکە لە عێراق و ئەفغانستان، کە ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریان لەنێوان خۆیان پێکهێنا بە مەبەستی گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان هەیە[٤].

بێگومان پەیمانی سەعدئاباد لە دەرئەنجامی چەندین چاوپێکەوتن و دانیشتنی دوور و درێژ لەنێوان ئەو وڵاتانە هاتۆتە ئاراوە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی سییەکان، بە تایبەت پاش ئەوەی تورکیا ئاراستە سیاسییەکانی بەرە و عێراق، ئێران و ئەفغانستان هێنا، بەمەبەستی بنیادنانی پەیماننامەیەك لەگەڵ ئەو وڵاتانە هاوشێوەی پەیمانی بەلقانی کە خۆی تێیادا ئەندام بوو، بۆ بەهێز کردنی پێگەی لە ئاسیا[٥].

تورکیا پێشوازی گەورەی لەو پەیماننامەیە کرد، لەوبارەیەوە "مستەفا کەمال ئەتاتورك"ی سەرۆکی وڵات لەبارەی پەیمانی سەعدئاباد دەڵێت "هەنگاوێکی گرنگ

(١) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢.

(٢) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٥.

(٣) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ٥٠.

(٤) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٢٥- ٤٢٦.

(٥) عوني عبدالرحمن السبعاوي، العلاقات العراقيه التركيه ١٩٣٢– ١٩٥٨، (موصل– مطبعة جامعه موصل – ١٩٦٨م)، ص ٥١.

و نوێیە لە سیاسەتی دۆستایەتی و نزیك بوونەوە کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەبەرامبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات گرتیە بەر، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە بڕیاری ئاشتی و دەرئەنجامەکانی لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتانەی کە پەیمانەکەیان مۆر کردووە"[١].

لەلایەکی دیکەوە هەندێ لە سیاسییەکانی ئێران لایانوابوو ئێران لە بەستنی ئەم پەیمانە زەرەرمەندە، بەڵکو تەنها عێراق و تورکیا سودمەند بوونە، چونکە تورکیا بنارەکانی ئاراڕات و عێراقیش شەتولعەرەبی دەست کەوتووە، بەڵام شای ئێران بەستنی ئەم پەیمانەی بەلاوە گرنگ بوو، چونکە پەژارەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ دراوسێکانی لە کۆڵ دەکردەوە[٢].

بۆ ئەم مەبەستە شای ئێران لە بەرامبەر ئەنجوومەنی نیشتیمانی وڵاتەکەی جەختی لەوە کردەوە کە پەیمانی سەعدئاباد لە ڕۆژهەڵاتدا شتێکی بێ پێشینەیە، بەڵکو ئەم پەیمانە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا[٣].

سەبارەت بە عێراقیش لەو پەیماننامەیە " ناجی ئەسیل" وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو پەیماننامەیە وا لە حکومەت دەکات دەست والا بێت لە پەیڕەو کردنی سیاسەتە عەرەبیەکانی و پابەند بێت بە دەستەبەر کردنی ئامانج و بەرنامەکانی[٤]، پاش ئەوەی کپکردنی جووڵانەوەی کورد دەبێتە کاری هاوبەشی ئەو وڵاتانە[٥].

وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشوازیان لەم پەیمانە کرد، وایان دانا کە هەنگاوێکی دیارە بۆ بەهێزکردنی ئاشتی و بەرقەرارکردنی لە ناوچەکەدا[٦]، لەنێویشیاندا بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێکەوتنی وڵاتانی بەشداربوو لە پەیمانی

---

(١) صبحي ناظم توفيق، تركيا و التحالفات السياسيه ميثاق سعد اباد، معاهدات الصداقه السوفيتيه في وثائق الممثليات العراقيه في استنبول و انقره ١٩٣٠- ١٩٧٣، (بغداد- بيت الحكمه- ٢٠٠٢م)، ص ص ٨٨- ٩٠.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان «ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥» کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا، چاپی سێیەم، (سلێمانی- چاپخانەی تیشك- ٢٠٠٧ز)، ل ٢٥.

(٣) عمر محمد محمد كريم، القضيه الكرديه فى سياسه الحكومات العراقيه ١٩٣٢- ١٩٤٥، (السليمانيه- مطبعة شڤان- ٢٠٠٩م)، ص ١٤٢.

(٤) عمر ابو نصر، العراق الجديد، (بيروت- مطبعة الاحد- ١٩٣٧م)، ص ١٦٠.

(٥) تلار علي امين، موقف تركيا من القضيه الكرديه في العراق ١٩٣٧- ١٩٧٥، (السليمانيه- مطبعة بينايي- ٢٠١١م)، ص ص ١٣١- ١٣٢.

(٦) جنگيز پهلوان، مناسبات ايران و تركيه، (تهران- ١٣٧٥ هـ.ش)، ص ٤٢.

سەعدئاباد[١].

شیاوی باسكردنە ئەم پەیمانە دەنگۆیەكی فراوانی لە نێو نێوەندی نەتەوە پەرستانی عەرەبی هێنا ئاراوە، بەوەی كە پەیمانی سەعدئاباد هەوڵدانێكە بۆ دابڕاندنی عێراق لە وڵاتانی عەرەبی[٢]، ئەم بابەتەش پاڵ بە توێژەرێكی ڕۆژئاوایی دەنێت كە بڵێت "كورد و شیعە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە حكومەتی كۆدێتا" مەبەست كۆدێتای بەكر سدقی لە تشرینی یەكەمی ١٩٣٦" كە هەر لایەكیان پاڵپشتی ئاراستەیەكی سیاسی دەكەن كە مەیلیان بۆ هاوسێكانی باكوور هەیە "مەبەست توركیا و ئێران" نەوەك بە ئاراستەی وڵاتانی عەرەبی[٣].

پەیمانی سەعدئاباد ١٠ مادە لەخۆ دەگرێت و ماوەكەشی پێنج ساڵ بووە، لە ساڵی ١٩٤٢ كۆتایی پێدێت و توانای نوێ كردنەوە و هەمواركردنەوەی هەیە بەپێی ڕێكەوتنی لایەنەكان[٤]، لە مادەكانی (١، ٢، ٣، ٨)دا وڵاتانی پەیمانكار بەڵێنیان بە یەكتردابوو بە هیچ جۆرێ دەست وەرنەدەنە كاروباری ناوخۆی یەكتر و ڕێزی سنوورەكانی یەكتر بگرن و لەو ناكۆكیانەدا كە لەناو وڵاتانەدا ڕوو دەدەن ڕاوێژ بە یەكتری بكەن و ناكۆكییەكانیان بە ڕێگای گفتوگۆی هێمنانە بەلادا بخەن[٥].

بێگومان كێشەی كورد یەكێك بووە لە هۆكارەكانی مۆركردنی پەیمانەكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ ئەو دەوڵەتانەی سەربەخۆیان هەبوو، گرنگی خۆی هەبووە بۆ هەموو ئەندامەكانی جگە لە ئەفغانستان، چونكە ڕاپەڕینەكانی كورد ئەوەی دەرخست سەرەڕای سروشتی ناوخۆیی وەكو قاعیدەیەك لە هەموو كوردستاندا دەنگی دەدایەوە و پاڵی بە دانیشتوانەكەی دەدا نارەزایی دەربرن لەبارەی ئەو بارودۆخەی تێیایدا دەژیان، بۆیە لایەنە دەسەڵاتدارەكانی عێراق، توركیا و ئێران ئامادەبوون بنكەیەكی یەكگرتوو لە دژی كورد دابمەزرێنن[٦].

---

(١) كەیوان ئازاد ئەنوەر، چەردەیەك لە مێژووی كورد، چاپی پێنجەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٨ز)، ل ١٧٠.

(٢) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص٥٠.

(٣) صدیق عثمان محو، العامل الخارجی و دوره فی اخماد الانتفاضات الكوردیه (دور بریطانیا فی اخماد انتفاضتی بارزان الاولی و الثانیه ١٩٣١– ١٩٤٥ نموذجا، (اربیل- مطبعة الثقافة- ٢٠١٠م)، ص ١٤٨.

(٤) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص٥٠.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٦) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣.

هەروەها ئـەو ڕاپەڕیـن و بزووتنەوانـەی کـە لە سـیەکانی سـەدەی بیسـت دا ڕوویدا، بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی مەبەسـتی ئـەم بزووتنەوانـە دژایـەتی کـردنی حکومـەتی عێـراق بـوو، بـەڵام خۆیـان لـە سـنوورەکانی دەرەوەش دەدا و جەنـگاوەرەکانی ئـەم ڕاپەڕینانـە دەپەڕینـەوە بـۆ نـاو سـنووری هاوسـێکانیان لەوانـەش تورکیـا و ئێـران، کـە مەبەسـتیان لـە چوونـە نـاو سـنووری تورکیـا و ئێرانیـش دۆزینـەوەی شـوێنی حەوانـەوە بـوو لەگـەڵ بەکارهێنـانی ناوچـەکانی ئـەو دەوڵەتانـە وەکـو زەمینـە بـۆ چـالاکی لێوەرگرتـن دژی عێراق، ئەمـەش هۆکارێـك بـوو بـۆ بەسـتنی پەیمانەکـە[١].

هەرچەنـدە وڵاتانـی بەشـداربوو لـە پەیمانـی سـەعدئاباد مەبەسـتی سـەرەکییان بەئاشـکرا هاریـکاری کردنـی یەکـتری بـوو لـە سیاسـەتێکدا بـۆ بەرگریکـردن و پاراسـتنی سـنوورەکان، ئەگەرچـی ئـەم پەیمانـە بەتایبەتـی لـە ڕاپەڕینەکانـی کـوردی نەکۆڵییـەوە و باسـی سـنوور بەزاندنـی ئەوانـی نەکـرد، بـەڵام بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان مەسـەلەی ڕاپەڕینـەکانی کـورد لـەو ڕێککەوتنـەدا لەنێـوان دەسـەڵاتدارانی عێـراق، تورکیـا و ئێـرانی دا گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، وەکـو بەشـێك لـە ئامادەکارییەکانیـان بـۆ بەرگـری کـردن[٢].

ڕۆشـنبیران و سیاسـییەکانی کـورد لایـان وابـوو ئـەم پەیمانـە بەتایبەتـی مـادەی حەوتەمـی دژی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بەسـتراوە و لـە دوای جەنگـی جیهانـی یەکەمـەوە بـۆ یەکـەم جـار بنچینـەی سیاسـەتێکی هەرێمـی هاوبـەش لەنێـوان سـێ دەوڵەتـی داگیرکـەری کوردسـتاندا دارِشـتووە[٣].

سـەبارەت بـە مـادەی حەوتەمـی پەیمانەکـە جەخـت لـەوە دەکرایـەوە کـە وڵاتانـی پەیمانـکار بەڵێـن دەدەن لـە مەڵبەنـدە سنووریەکانی خۆیـان ڕێـگا نـەدەن بـە دامەزراندنـی ڕێکخـراو یـان بـە جموجۆڵـی دەسـتەی چەکـداری، یـان ئـەو کۆمەڵـە و ڕێکخراوانـە کـە کار بـکا بـۆ تێکدانـی دامـەزراوەکان یاخـود بـۆ شـێواندنی ئاسـایش و ڕێکوپێکـی بەشـێ لـە خاکـی پەیمانکارەکـەی تـر چ لـە ناوچەی سـنووریی یاخود شـوێنی تـر، یـان بـۆ هەلگێڕانـەوەی جـۆری حکومەتـی لایەنەکـەی تـر[٤].

---

(١) نـادر ئینتیسـار، ئیتنـۆ نەتەوایەتـی کـوردی، وەرگێـڕان : عەتـا قەرەداخی،(سـلێمانی- چاپخانـەی تیشـك- ٢٠٠٤ز)، ل ل ١٢٠- ١٢١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٤) عەبدولرەحـمان قاسـملوو، کوردسـتان و کـورد، وەرگێـڕان: عبداللـە حسـن زادە، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٢ز)، ل ٣٥ ؛ جلیلـی جلیـل و اخـرون، الحرکـە الکوردیـە فـی العـصر الحدیـث، ترجمـە : عبـدی حاجـی، (دهـۆك- مطبعـة خانـی- ٢٠١٢ز)، ص ٢٢٠.

بێگومـان پەیمانـی سـەعدئاباد خالێکـی گرنگـی لەخـۆ گرتبـوو کە سـوودی بـۆ هەموو ئەندامەکانـی تێیـدا بـوو جگـە لـە ئەفغانسـتان کـە تا ئێسـتاش ئـەو مانایەی مـاوە ئەگەر لـە ڕووی یاسـاییەوە نەبێـت ئـەوە لـە ڕووی کـردارەوە، ئـەو خالـەش لەناو مـادەی ٧ دایە کـە دەڵێـت" هەریەکـێ لەلایەنـەکان دەبـێ ڕێـگا نـەدات کێشـەی کـورد ببێتـە مایـەی ناکۆکـی لەنێـوان تورکیـا، عێـراق و ئێرانـدا[١]، هەمـوو چاودێـران لەسـەر ئـەوە کۆکـن ئەم مادەیـە مەبەسـتی کـوردە و کەسـی تـر ناگرێتـەوە[٢].

بـۆ ئـەم مەبەسـتە توێـژەری فەڕەنسـی "لیاکوسـت" لەبـارەی پەیمانـی سـەعدئاباد تیشـك دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە ئـەم پەیمانـە وەڵامدانەوەیـەك بـوو بـۆ "هەڕەشـەکانی کـورد" هەروەهـا نووسـەری بەریتانـی "گیڤیـن" بۆچوونەکانـی هاوشـێوەن لەگـەڵ لیاکوسـت، پێیوایـە پەیمانەکـەی سـەعدئاباد ڕاسـتەوخۆ دژی بزووتنـەوەی کـوردە[٣].

دیـارە بەریتانیـا لـە بەئەنجـام گەیشـتنی ئـەم پەیمانـە سـێ ئامانجـی سـەرەکی خـۆی دەسـتەبەر کـرد ئەوانیـش بریتـی بوون لە هێشـتنەوەی نەخشـەی جوگرافیای ئـەو وڵاتانە وەك خـۆی و لـە دابـەش کـردن ڕزگاری کـردن، هەروەهـا یەکگرتنـی ئـەو دەوڵەوتانـە لـە پەیـڕەو کـردنی سیاسـەتێکی یەکگرتـوو، سـنووری بـۆ پەلهاوێشـتنی کۆمەنیسـتەکان بـۆ ناوچەکـە دانـا، تـا دەسـت نەخەنـە کاروبـاری ناوخـۆی ئـەو دەوڵەتانـەوە، جگـە لەمـەش فەرمانڕەوایـانی ئـەو دەوڵەوتانـە وەك خۆیـان مانـەوە، کـە دۆسـتانی نزیـکی حکومـەتی بەریتانیـا بـوون[٤].

لـە چوارچێـوەی ڕەتکردنەوە و ناسـاندنی ئـەم پەیمانە لە دژی بزووتنـەوەی نەتەوەیی کـورد، کۆمەڵـەی ئـازادی کـورد بەیاننامەیەکـی دەرکرد و نـاردی بۆ لقەکانی لـە کەرکووك، بەغـدا، خانەقیـن، هەولێـر و هەڵەبجـە بـە مەبەسـتی بڵاوکردنـەوەی، هەروەهـا لـە سـلێمانی کۆبوونـەوەی ئەنجامـدا بەمەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی هۆکارەکانـی بەسـتنی ئـەو پەیمانـە و کاریگەرییـە خراپەکانـی لەسـەر کـورد[٥].

بێگومـان پەیمانـی سـەعدئاباد یەکـەم پەیـمان بـوو کـە مـۆر کـرا لەنێـوان وڵاتانـی ئیسـلامی لـە مێـژووی هاوچـەرخ لەسـەر بنچینـەی ڕابیتـەی ئیسـلامی، بـەڵام لەهەمـان

(١) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٩.

(٢) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١٤٤.

(٣) تلار علي امين، المصدر السابق، ص ص ١٣٣- ١٣٤.

(٤) كەیوان ئازاد ئەنوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص ٥١- ٥٢.

كاتـدا نەتەوەيەكـی مووسـڵمانی (مەبەسـت كـوردە) كـردە ئامانـج[١]، بەم جـۆرە پەيمانی سـەعدئاباد نەيتوانـی ناوچەيەكـی بەرقـەرار لـە ڕۆژئـاوای ئاسـيا دامەزرێنێـت، بـەڵام لـە كارێكـی ديكـە سـەركەوتن، ئەويـش دروسـتكردنی پەيمانی سـێ قۆڵـی بوو دژی كـورد[٢].

دەكرێـت بڵێين پەيمانی سـەعدئاباد بە فاكتەری سـەرەكی دادەنرێـت بۆ بەهێزكردنی پەيوەندييەكانـی نێـوان ئـەو وڵاتانـەی كـە بـە زۆر كورديـان پێـوە لكێـنراوە، بە شـێوەيەك بـووە هـۆكاری نزيـك بوونـەوەی تێڕوانينـی حكومەتـی ئەو وڵاتانە سـەبارەت بە كێشـەی كـورد، بەتايبـەت لەنێـوان عێـراق و توركيا، ئـەم نزيك بوونەوەش بە ڕوونـی دەردەكەوێت بەتايبـەت لەكاتـی سـەرهەڵدانی شـۆڕشـی دووەمـی بـارزان بـە سـەركردايەتی (مسـتەفا بارزانی)[٣] لە سـاڵانی ١٩٤٣– ١٩٤٥.

---

(١) محسن المتولي، المصدر السابق، ص ١٣٣.

(٢) م.س لازاريف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٠.

(٣) مسـتەفا بـارزانی : لـە ١٩٠٣/٣/١٤ لـە گونـدی بـارزان لـەدوای دوو مانـگ لـە وەفـاتی بـاوكی «شـێخ محەمـەد» لەدايـك بـووە، لـە تەمـەنی سـێ سـاڵيدا لەگـەڵ دايـكی لـە شـاری مووسـڵ زينـدانی كـراوە لەسـەردەمی عوسـمانييەكان، بەشـداری و هـاوكاری زۆربـەی بزووتنـەوە و جووڵانـەوە شۆڕشـگێڕييەكانی كوردسـتانی كـردووە، لـە شـۆڕشی يەكەمـی بـارزان وەك سـەركردەيەكی ديـار ڕۆڵـی گێـڕاوە، لـە حوزەيـرانی ١٩٣٢ لەگـەڵ خێزانـە بارزانييـەكان پەنـا دەباتـە بـەر توركيـا، هەرچەنـدە حكومـەتی توركيـا ئـاوارەكان ڕادەسـتی حكومـەتی عێراقـی دەكات، بـەڵام مسـتەفا بـارزانی خـۆی دەربـاز دەكات و دەگەڕێتـەوە ناوچـەی بـارزان، سـاڵی ١٩٣٩ لەلايـەن حكومـەتی عێراقـی دوور دەخرێتـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی، لەوێـش لـە ڕێكەوتـی ١٩٤٣/٧/١٢دا بـە يارمـەتی كەسـانی نيشـتمانپەروەر دەتوانێـت لـە سـلێمانی بـەرەو كوردسـتانی ڕۆژهـەڵات بـڕوات و پاشـان دەگەڕێتـەوە بـارزان و شـۆڕشی دووەمـی بـارزان دەسـت پێدەكات، لـە سـاڵی ١٩٤٥ لێژنـەی ئـازادی بـە سـەرۆكايەتی مستەفا بـارزانی پێكهێـنرا، لـە كۆمـاری كوردسـتان كرايـە بەرپـرسی سـەربازی ئـەو كۆمـارە و پلـەی جەنەڕاڵـی پێـدرا، دوای لەباربـردنی كۆمـاری كوردسـتان لەلايـەن حكومـەتی ئێـرانی، مسـتەفا بـارزانی لـە ڕێـگای ڕووبـاری ئـاراس لـە سـاڵی ١٩٤٧ ڕوودەكاتـە يەكێتـی سـۆڤيەت و لـە ڕێكەوتـی ١٩٥٨/١٠/٦ دەگەڕێتـەوە عێـراق، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٦١ شـۆڕشی ئەيلـوولی هەڵگيرسـاند دژ بـە حكومـەتی عێراقـی، هەروەهـا ڕێككەوتننامـەی ١١ی ئـازاری لەگـەڵ حكومـەتی عێراقـی واژوو كـرا، چەنديـن جـار هەوڵـی تیرۆركـردنی دراوە لەلايـەن حكومەتـەوە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٢ لـە ١٩٧٩/٣/١دا لـە نەخۆشـخانەی جـۆرج تـاون لـە ئەمريـكا كۆچـی دوايـی دەكات. بـۆ زياتـر زانيـاری بگەڕێنـەوە بـۆ: شـەعبان عـەلی شـەعبان، هەندێـك زانيـاری سياسی و مێژوويـی، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٣ز)، ل ل ١٤– ١٨.

## تەوەری دووەم:

## ڕاپەڕینی خەلیل خۆشەوی ١٩٣٤ - ١٩٣٦

دوابەدوای دەست بەسەر کردنی شێخانی بارزان لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، ئاسایش لە ناوچەی بارزان بەرپا نابێت، چونکە خەلیل خۆشەوی کە لە شوێنکەوتە و یاوەرانی شێخانی بارزان دەبێت تا مانگی ئازاری ١٩٣٦ بەردەوام پایەداری دەکات و دەستەبەردار نابێت لە خەبات و تێکۆشان دژ بە زەبر و زەنگی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقی[١].

بێگومان ئەو هەنگاوەی خەلیل خۆشەوی دەگەڕایەوە بۆ ڕەفتاری نابەجێی حکومەت بەرامبەر بە ڕێبەرە دوورخراوەکانی تەکیەی بارزان، هەروەها بەهۆی ئەو بەڵێنانەوە کە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە پێیان درابوو کە هەرگیز ڕووی کردەوەیان بەخۆوە نەبینی، لەگەڵ هەڵسوکەوتنی نالەباری حکومەت بەرامبەر بە بارزانییەکان، وایکرد خەلیل خۆشەوی لە دووری شێخانی تەکیەی بارزان ببێتە درێژە پێدەری ڕێگەی شێخانی بارزان و خەبات لە دژی حکومەت دەست پێبکات[٢].

ڕاپەڕینی خەلیل خۆشەوی دژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەرپای کرد، شۆڕشێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، نزیکەی سێ یەکی سوپای عێراق بە هەموو توانایەکیەوە بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی و هێزی کرێ گرتەی لیڤی ئاشووری و هێزی جاشی هۆزەکان و بە یارمەتی جەندرمەی تورکان لە دژی بزاڤەکە خرایە گەڕ[٣].

بەر لە ڕۆیشتنی (شێخ ئەحمەد بارزانی)[٤] بۆ ناو خاکی تورکیا لە حوزەیرانی

---

(١) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕان: حەمە کەریم عارف، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١١ز)، ل ١٥٨.

(٢) فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، (هەولێر- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٧ز)، ل ١٢٨.

(٣) مستەفا جندیانی، (هەلدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە راپەرینەکەی خەلیل خۆشەوی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣ز)، ل ١١٢٨.

(٤) شێخ ئەحمەد بارزانی (١٨٩٢- ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩) : شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ لەدوای لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی برای دەسەڵاتی تەواوی ناوچەی زێبار دەگرێتە ئەستۆ، مێژووی

ساڵی ١٩٣٢ دا هێزێكی (٢٠٠- ٣٠٠) چەكدار بە فەرماندەیی "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەڤی، ئەحمەد نادر، عەبدوللا كركەموی و حەسەن محەمەد ئەمین" لەسەر سنوور لەنێوان گوندەكانی "گەردی" هێشتەوە، بەجۆرێك چەكی زیادە لای ئەوان بوو تا لەكاتی پێویستدا كەڵكی لێ وەربگرن[1].

دەكرێت بڵێین مەبەستی شێخ ئەحمەد لەوە دابوو كە دەڤەری بارزان لە هێزی چەكداری چۆڵ نەبێت، تاكو حكومەتی عێراق و كاربەدەستانی بەریتانیا ئەوەی دەیانەوێت لە دەڤەری بارزان وەك نیشتەجێكردنی ئاشووریەكان و دانانی بنكەی پۆلیسی بۆیان نەچێتە سەر.

دیارە ئەم هێزە بووە مایەی نیگەرانی حكومەتی عێراقی، كە هەریەكە لە مستەفا بارزانی، شێخ محەمەد سدیق و وەلی بەگ لەگەڵ خەلیل خۆشەوی چالاكیان دەنواند لە نزیك سنوور[2]، بۆ ئەم مەبەستە حكومەتی عێراقی داوای لە توركیا كرد، كە ڕێگری بكات لەو چەكدارانە و لەسەر سنوور دووریان بخاتەوە یاخود ڕادەستی حكومەتی عێراقیان بكاتەوە، هەرچەندە حكومەتی توركیا بەدەم داواكارییەكەی عێراق هات لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند دژبە بارزانییەكان، بەڵام چالاكییەكان هەر بەردەوام بوون[3].

---

شێخ ئەحمەد بارزانی پڕە لە ململانێ و شۆڕش دژبە دەسەڵاتی عێراق، دوای لەباربردنی شۆڕشی یەكەمی بارزان لە حوزەیرانی ١٩٣٢ پەنای بردۆتە بەر توركیا، پاشان لە ساڵی ١٩٣٤ گەڕایەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٤٣ جارێكی تر لەسەروبەندی شۆڕشی دووەمی بارزان دژی حكومەت ڕاپەڕی و لە تەشرینی ساڵی ١٩٤٥ پەنای بردۆتە بەر ئێران، دوای شۆڕشی ١٩٥٨ هاتۆتەوە عێراق و پاش گەڕانەوەی وازی لە كاری سیاسی هێناوە، لە ساڵی ١٩٦٩ كۆچی دوایی دەكات. ڕاپەڕینەكانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی....، ل٢١٢.

(١) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، چەند راستییەكی مێژوویی لەبارەی شۆرشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شۆرشەكانی دیكەی بارزان تا ١٩٤٥، (دهۆك- چاپخانەی خەبات- ٢٠٠١ز)، ل ١٢٠.

(٢) حسن مصطفى، البارزانيون و حركات بارزان ١٩٣٢- ١٩٤٧، (بغداد- دار آفاق عربيه للصحافه والنشر- ١٩٨٣م)، ص ص ٤٧-٤٨.

(٣) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص ص ٢٦٠-٢٦١. لەو بارەیەوە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە نووسراوی ژمارە س/١٣٨ لە ڕێكەوتی ١٩٣٣/١/٢٣ داواكارییەك پێشكەش بە وەزارەتی دەرەوە دەكات بۆ ئەوەی ئاگاداری حكومەتی توركیا بكاتەوە بە داخستنی سنوورەكانی بە مەبەستی ڕێگا گرتن لە چالاكی و هاموشۆی چەكدارانی كورد. سەبارەت بە دەقی نووسراوەكەی وەزارەتی ناوخۆ بگەڕێوە بۆ پاشكۆی ژمارە (١).

حکومـەتی تورکیـا لـە بەهـاری ١٩٣٣ شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق کـردەوە لەگـەڵ ٨٦ کەس لە یاوەرانی و لە شـاری مووسـڵ دەسـت بەسـەری کردن، [١]، بـەڵام لـە مانگـی ئـابی ١٩٣٣ وەك نیازپـاکی و خـۆ دوورگرتـن لـە ڕوودانی هـەر شـەڕێك حکومـەتی عێراقـی ڕەزامەنـدی نیشـاندا لەسـەر گەڕانـەوەی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی بـۆ بارزان[٢].

لـەدوای ڕادسـتکردنەوەی شـێخی بـارزان لەلایـەن تورکیـا، مسـتەفا بـارزانی بـە نهێنـی لەگـەڵ کۆمەڵێـك چەکـدار دەگەڕێتـەوە ناوچـەی بـارزان[٣]، پاشـان حکومـەتی عێراقـی فەرمـانی لێبـوردن بـۆ سـەرجەم بارزانییـەکان دەردەکات کـە بەشـداری چالاکییـە چەکدارییەکانیـان کردبـوو[٤]، تەنهـا خەلیـل خۆشـەوی نەبێـت کـە فەرمـانی لێبوردنەکـە نەیگرتـەوە[٥] .

لـە بەهاری سـاڵی ١٩٣٣ بارزانییەکان دەسـتە دەسـتە ڕوویان لـە ناوچەکەیان کردەوە، پـاش ئـەوەی زیاتـر لە سـاڵێك دەبوو بەهۆی شـەڕی بە زۆر داسـەپاو بەسـەریاندا ئاوارەی خـاکی کوردسـتانی تورکیـا بـوون، خەلیـل خۆشـەوی یەکێـك بـوو لـەو سـەرکردانەی کـە بـە فەرمـانی شـێخی تەکیـەی بـارزان لەگـەڵ چەنـد جەنگاوەرێـك لـە ناوچـەی گەردییـەکان

(١) کاوس قفطـان، الانتفاضـات البارزانیـە (صفحـات مـن تاریـخ الحرکـە التحرریـە الکردیـە في النصـف الاول مـن القـرن العشریـن)، (اربیـل- دار ئـاراس للطباعـة والنـشر- ٢٠٠٣م)، ص ٦٣.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢ ؛

Sir F. Humphrys to Sir John Simon، Baghdad، March 11، 1933، Doc.298 in: British Documents on foreign affairs، part (II)، volume (8)، Eastern Affairs، December 1931 – June 1933، P.381.

(٣) Sir F. Humphrys to Sir John Simon، Baghdad، May 18، 1933، Doc.310 in: British Documents on foreign affairs، part (II)، volume (8)، Eastern Affairs، December 1931 – June 1933، P.393 .

نیسـان حسـن ڕۆسـتم، کـورد و دەسـەلاتە یـەك لـەدوای یەکـەکانی عێـراق ١٩١٦– ١٩٦٨، (سـلێمانی- خانـەی چـاپ و پەخـشی ڕێنـما– ٢٠١٧ز)، ل ٥٩.

(٤) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨١.

(٥) عمـر محمـد محمـد کریـم، المصـدر السـابق، ص ١١٥ ؛ سـەبارەت بـە دەقـی نووسراوەکـەی وەزارەتـی ناوخـۆ ژمـارە ٤٧٣٣ لـە ١٩٣٣/٣/١٩ کـە ئەنجومەنـی وەزیـران لـە کۆبوونـەوەی ١ی نیسـانی ١٩٣٣ پەسـەندی کـرد دەربـارەی فەرمـانی لێبـوردن بـۆ سـەرجەم بارزانییـەکان کـە بەشـداری چالاکییـە چەکدارییەکانیـان کردبـوو، جگـە لـە خەلیـل خۆشـەوی بگەڕێـوە بـۆ پاشـکۆی ژمـارە(٢).

مابوونـەوە، جارجاریـش جووله و هامووشـۆی ئەو دیو ئەم دیوی سـنوورەکانیان دەکرد[١].

شـیاوی باسـکردنە حکومـەتی عێراقـی لەمیـانی فەرمـانی لێبـوردن بـۆ بارزانییـەکان، شـێخ ئەحمـەد بـارزانی لـە مووسـڵەوە دەگوازێتـەوە بـارزان، بەمـەش تـا ڕادەیـەك ڕەوشی ناوچەکـە ئارامـی بەخۆیـەوە دەبینێـت[٢]، لـەم ڕووەوە لە شـوباتی سـاڵی ١٩٣٤ بە فەرمانی شـێخی بـارزان، خەلیـل خۆشـەوی لـە گونـدی "ببانا" بـۆ ماوەیـەك نیشـتەجێ دەبێت، بۆ ئـەوەی لـە چـاوی حکومـەت بـە دوور بێت[٣].

بێگومـان هـۆکاری نەگرتنـەوەی فەرمـانی لێبـوردن بـۆ خەلیـل خۆشـەوی دەگەڕایـەوە بـۆ داخـوازی و ئـارەزووەکانی بەریتانیـا، چونکـە ناوبـراو لەلایـەن بەریتانییـەکان کەسـێکی خوازیـار نەبـووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای شـاڵاوی برادۆسـتیەکان، کـە حکومـەت ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕا بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێوان بارزانییەکان و برادۆسـتییەکان، بۆیـە لـە سـەرەتای تشرینـی دووەمـی ١٩٣١ لێژنـەی نێوەندگیـری کـە پێـك هاتبـوون لـە موتەسـەریفی مووسـڵ و هەولێـر و قایمقامـی ڕوانـدز و زێبـار لەگـەڵ هەریەکـە لـە نوێنـەری شـێخی بـارزان کە بریتی بوو لە "مسـتەفا بـارزانی" و نوێنەری برادۆسـتیەکان لە ئاکرێ کۆبونـەوە، بـەڵام کۆبوونەوەکـە هیـچ دەرئەنجامێـکی لێنەکەوتـەوە[٤].

بـە گوێـرەی ڕاپـۆرتی ئەفسـەری هەواڵگری تایبـەت لـە شـاری هەولێر، شـێخ ئەحمەد بـارزانی چـاوەڕوانی ئەنجامـەکانی لێکۆڵینـەوەی لێژنەکـە دەکات و لەهەمـان کاتیشـدا ئـەوەش ڕادەگەیەنێـت کـە هیـچ هێرشـێك بـۆ سـەر ناوچـەکانی برادۆسـت ئەنجـام نەدرێـت تـا ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە ڕادەگەیەنرێـت، هەروەهـا ئـەوەشی ڕاگەیانـد ئەگـەر دەرکـەوت لێژنەکـە بەرگـری لـە ڕاسـتی و مافـەکان ناکات، ئـەوە بەرگـری لە پێگە و هەژموونیـان لـە ناوچەکـە دەکـەن[٥].

سـەبارەت بـەدوا دانیشـتن لەلایـەن هەردوولایـەنی ناکـۆك، خـاوەن کتێبـی "بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد" ئاماژە بە هەوڵـەکانی قایمقامی زێبـار "بلە" دەکات کە

---

(١) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٢) ڕۆژ عەبدوڵـلا عـادل ئەرگـوشی، ناوچـەی بـارزان لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٣١- ١٩٤٦)، نامـەی ماسـتەر پێشکەشـکراو بـە کۆلێـژی ئەدەبیـات، (زانکـۆی سـەلاحەدین- ٢٠١٠ز)، ل ٥٥.

(٣) پـی رەش، العـراق دولـه بالعنـف (المقاومـه الكرديـه ضـد عمليـه الحـاق كوردسـتان الجنوبيـه بالعـراق علـى ضـوء أرشـيفات الحكومـه البريطانيـة بيـن أعـوام ١٩١٨– ١٩٣٧، (جنيـف- ١٩٨٦م)، ص ٩٠.

(٤) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ٢٦.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.

بەناوی حکومەتی عێراقەوە پەیوەندی بە شێخی بارزان دەکات، کە گوایە حکومەت حەز دەکات ناکۆکی لەنێوان بارزانییەکان و برادۆستیەکان نەمێنێ، شێخ ئەحمەد ئەم داخوازییەی حکومەتی پەسند کرد، بە مەرجێ لایەنگرانە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش "محەمەد سدیق"ی برای وەك باوەر پێکراوی خۆی ڕەوانەی ئەو کۆبوونەوەیە کرد، هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهاتە "مستەفا بارزانی" لە دەرەوەی بارزان بوو[1].

بێگومان دواتر دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی بە هیچ شێوەیەك مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان نەبوو، بەڵکو ئەم کارەیان زیاتر فێڵێکی سیاسی و سەربازی بوو، بۆ ئەوەی فەرماندە بە هێزەکانی بارزان لە ناوچەکە دووربخەنەوە، تا بەئاسانی بتوانن لە ڕێگای هێزی سەربازییەوە شێخ نشینی بارزان لەناوبەرن[2].

کاتێك شێخ محەمەد سدیق بەم هێرشکردنەی بارزانی زانی بە پەلە هەڵسا بە دانانی هێزێك لەبەردەم سنووری برادۆستیەکان، بە سەرکردایەتی (حسو محەمەد ئەمین) بێرسیاقی، پاشان توانی قایمقامی زێبار و لەگەڵ هەشت پۆلیس دەست بەسەر بکات، لەگەڵ خۆی هێنایە بارزان، یەکێك لەپۆلیسەکانی قایمقام هەوڵی راکردنی دا، لەلایەن بارزانیەکان تەقەی لێکرا، لە ئەنجامدا گیانی لەدەست دا، ئەم پۆلیسە لەسەر ئایینی کریستیان بوو، بەریتانیا لەبەرامبەر ئەمەدا داوای کرد خەلیل خۆشەوی بدرێتە دەستیان و تاوانبار کرا بەوەی کە بە ئەنقەست پۆلیسە کریستیانەکەی کوشتووە[3].

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی زیاتر بووە هۆی ڕق لێبوونەوەی بەریتانیا لە خەلیل خۆشەوی، لێدانی گورزێکی تری حکومەت بوو، لە ٣٠ ئایاری ١٩٣٢ لەلایەن خەلیل خۆشەوی لە ڕێگای نێوان (بازێ- بارزان)، کە لە لێژنەیەکی حوکمی پێك دەهات لە قایمقامی زێبار و ئەندازیارێك و پێنج پۆلیس، بەمەبەستی دروست کردنی بنکەی پۆلیس لە گوندی (بازێ) لە نزیك بارزان، کەوتنە ناو بۆسەی خەلیل خۆشەوی، لە ئەنجامدا قایمقام و دوو پۆلیس کوژران، ئەندازیار و سێ پۆلیسەکەی تر برینداربوون[4].

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) أيوب بارزاني، المقاومه الكرديه للاحتلال ١٩١٤– ١٩٥٨، (فرنسا- دار نشر حقائق المشرق- ٢٠٠٢م)، ص ١٠٥.

(٣) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.

(٤) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص٤٥ ؛ پی رەش، المصدر السابق، ص ٥٤ ؛ هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان (جوگرافیا، دیرۆك، کلتور)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ٢٠٠٨ز)، ل ل ٢٦٧- ٢٦٨.

بێگومان ئەم چالاکییانەی خەلیل خۆشەوی کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەرجەم دانوستاندنەکانی نێوان تەکیەی بارزان و لایەنی عێراقی بەریتانی، کە تێیدا جەخت دەکرایەوە لەڕادەستکردنی خەلیل خۆشەوی بە حکومەتی عێراقی، ئەگەرچی ڕەتکردنەوەی ئەم داخوازییەی حکومەت و ئینگلیز سەبارەت بە کێشەی خۆشەوی لەلایەن شێخی بارزانەوە کارێکی هەروا ئاسان و ئاسایی نەبوو، بەڵکو زۆر بەگران لەسەری ڕادەوەستا و هەر خۆشی باجەکەی دەدا، بەڵام ئەم هەڵوێستە کوردانەی شێخ ئەحمەد بارزانی هەڵقوڵا و دەربری زادەی ڕەوشت بەرزی و پەیامی شێخەکانی بارزان بوو سەبارەت بە دۆست و هاوسۆزانی خۆیان، ئەمەش وایکرد ئەوەندەی تر شوێن و پایەیان لەنێو دڵ و دەروونی هەوادارانیان پایەدارتر ڕابگیرێت[١].

ڕەوشی دەڤەری بارزان بۆ ماوەیەك هێوری بەخۆیەوە بینی، بەڵام دوا جار حکومەتی عێراقی لەهەموو ئەو بەڵێنانەی کە دابووی بە شێخی بارزان پاشگەز دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگای فێڵ و تەلەکەوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٤ شێخانی بارزان بانگهێشتی مووسڵ دەکات و لەوێش دەست بەسەریان دەکات و دەیانخاتە ژێر چاودێری و هێشتنەوەی زۆرەملێ[٢]، لەو بارودۆخەدا خەلیل خۆشەوی کە لە گوندی بیانا بە فەرمانی شێخی بارزان نیشتەجێ بوو، خۆی دوور گرتبوو لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ هێزەکانی حکومەت کە لەناوچەکەدا بڵاوەیان پێکرابوو، بەمەبەستی سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا[٣]، بەڵام لە شوباتی ١٩٣٤ هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە حکومەت لە ڕێگای تۆڕە هەواڵگرییەکانەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە خۆشەوی لە گوندی بیانا لە باکووری بارزان نیشتەجێیە، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراقی هێزێکی پۆلیس ڕەوانەی گوندەکە دەکات، بەمەبەستی گەمارۆدانی و پاشان کوشتنی یاخود دیلکردنی ناوبراو، دیارە خەلیل خۆشەوی لەو هەلومەرجە لە ناکاوەدا قبوڵی خۆ ڕادەستکردن ناکات و بەرگری لەخۆی دەکات، لە دەرئەنجامی پێکدادانەکەش دوو پۆلیس دەکوژرێن و "خەلیل خۆشەوی" دەتوانێت خۆی دەرباز بکات[٤].

لەو بارەیەوە "مستەفا جندیانی" تەواوی ڕووداوەکە لە زاری هەریەکە لە "ساکۆ کانی لینجی و عەلی کوری خەلیل" دەگێڕێتەوە و دەڵێت" دوو پۆلیس بە نیازی بەزۆر

(١) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٢٩- ١١٣٠.

(٢) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، (اربيل- مؤسسه موكرياني للطباعة والنشر- ٢٠٠١م)، ص ٥٢٧.

(٣) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١١٦.

(٤) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٤.

دار هێنان بۆ خۆیان بە خەڵك دەچنە نێو گوندەكە لەسەر بانێكەوە بە چەكەوە چاویان بە خەلیل خۆشەوی دەكەوێت و داوای خۆ بەدەستەوەدانی لێ دەكەن دەنا دەیكوژن ئەویش "واتە خەلیل خۆشەوی" لە دڵی خۆی وا بیر دەكاتەوە دیارە گوندەكە بەهێزێكی زۆرەوە گەمارۆ دراوە، گەر نا چۆن تەنها دوو پۆلیس ئاوا لێی ڕاست دەبنەوە و هەڕەشەی كوشتنی لێ دەكەن، ناوبراو دەست بەجێ كوڕەكەی دەنێرێتە لای ئاوایی گوند بەتایبەتی "ساڵح عەزیز" و كەسانی تر تا بزانێت چی بكات باشە و ڕای ئەوانیش لەو بارەیەوە چیە، كە كوڕەكەی كەسی گوندی وەگیر ناكەوێت هاواری بۆ بەرێت، دەگەڕێتەوە لای باوكی، بۆیە خۆشەوی ناچار دەبێت خۆی بە تەنیا بەرنگاریان ببێتەوە، سەرەتا ئەو پۆلیسە دەكوژێت كە لە سەربانەكەوە هەڕەشەی لێ دەكات، پاشان خەڵكی گوند پۆلیسەكەی تر دەكوژن، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵكی گوندەكە لەلایەن حكومەتەوە ئازار نەدرێن وا بەباش زانرا كە بڵێن خەلیل خۆشەوی هەردوو پۆلیسەكەی كوشتووە"[(١)].

جێگای ئاماژە پێكردنە كە هەردوو پۆلیسەكە بە هیچ شێوەیەك دەركیان بەوە نەكردووە، كە ناوبراو خەلیل خۆشەوییە، بەڵكو بە "ئەشقی" ناوزەدیان كردووە، بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیەش داوایان لە موختاری گوندەكە كردووە ئاگاداری بنكەی پۆلیسی بارزان بكاتەوە بەناردنی هێزی پێویست بۆیان بەمەبەستی دەستگیر كردنی "ئەشقی"یەكان لە گوندەكە، بەڵام بنكەی پۆلیسی بارزان لە وەڵامدا ڕایگەیاند بە زووترین كات بگەڕێنەوە، چونكە كار و ئەركی ئەوان لەكاتی ئێستادا كۆكردنەوە و هێنانی دارە نەوەك دەستگیركردنی ئەشقییەكان، بەر لە گەیشتنی وەڵامەكەش هەردوو پۆلیسەكە كوژران[(٢)].

پاش ڕووداوەكەی گوندی ببانا، خەلیل خۆشەوی لەگەڵ چەند كەسێكی تر لە خزم و دۆستانی لە حكومەت یاخی دەبن و ڕوو لە چیاكان دەكەن[(٣)]، ئەلبەتە دوورخستنەوەی شێخانی بارزان و هێشتنەوەیان لەژێر چاودێری و نیشتەجێ كردنیان بەشێوەیەكی زۆرە ملێ لە مووسڵ، وایكرد هەریەكە لە ئەحمەد نادر، وەلی بەگ و عەبدوڵلا كركەموی، خۆیان بگەیەننە ڕیزەكانی خەلیل خۆشەوی و پەنا ببنە بەر شاخەكان و خۆیان ڕادەستی حكومەت نەكەن[(٤)].

بێگومان ئەم گردبوونەوەش بە ڕاسپاردەی شێخ ئەحمەد بارزانی بووە، بەشێوەیەك

---

(١) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٢.

(٢) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(٤) زبیر بلال اسماعیل، ثورات بارزان ١٩٠٧– ١٩٣٥، (اربیل- وزارة الثقافة- ١٩٩٨م)، ص١٥٧.

بەردەوامی بدەن بەکاری چەکداری لە ناوچەکەدا تا ئەوکاتەی مستەفا بارزانی یاخود شێخ محەمەد سدیق بارزانی پەیوەندیان پێوە دەکات[١]، دیارە پشتیوانی شێخانی بارزان لە بزاڤەکەی خەلیل خۆشەوی تەکان و بنەمایەکی بەتین بوو بۆ ئەوەی خەڵك بەگوورِ و دەستە دەستە ڕووی تێبکەن و لە دەوری کۆببنەوە[٢].

خەلیل خۆشەوی بە یادی شێخانی بارزان دەستی دایە تفەنگ و لە شوێنی ئەوان کەوتە بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی، بەرە بەرە خەڵکی ناوچەکە ڕوویان تێکرد و لێی کۆبوونەوە، بە یادی تۆڵەسەندنی شێخانی بارزان کە لەئاو و خاکی خۆیان بە زۆر دوور خرابوونەوە، دەستیانکرد بە پەلاماردانی هێزەکانی حکومەت لە ناوچەکە بەشێوەیەك سەریان لە هێزی حکومەت تێکدابوو و تووشی شلەژانیان کردبوون[٣].

لەوبارەیەوە موتەسەریفی مووسڵ لە ڕاپۆرتێکی حکومیدا دەڵێت "لەوکاتەی حکومەت سەرقاڵی ڕێکخستن و دارشتنی هێزبوو بۆ بەهێزکردنی حکومەت لە دەڤەری بارزان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بگرێتە دەست لە ناوچەکەدا، شێخ ئەحمەد و براکانی لە مووسڵەوە کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە پەیوەندی بە "وەلی بەگ" بکەن بە شێوەیەکی نهێنی، لە ڕێگەی ناوبراویشەوە پەیوەندی بە خەلیل خۆشەوی بکەن، لە ئەنجامی ئەمەدا چالاکییەکانی خەلیل خۆشەوی و پیاوەکانی ڕوو لە زیاد بوون و بە هێزی دابوون، توانیوانە هێرش بکەنە سەر گوندەکان و ئارامی ناوچەکە تێك بدەن "[٤].

حکومەتی عێراق هێزێکی زۆری بۆ بەدوا گەڕانی خەلیل خۆشەوی و چەکدارەکانی تەرخان کرد، بەڵام زۆر ئەستەم بوو هێزی حکومەت بەرامبەر بە هێزە چەکدارییەکەی بارزان هیچ جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنن[٥]، چونکە سیستەمی جەنگی بزاڤەکە زیاتر شێوازی پەلاماری لە ناکاو شەڕی پارتیزانی پەیڕەو دەکرد[٦]، لەگەڵ هەبوونی شارەزاییەکی باشی چەکداران لە سروشتی ناوچەکە، وایکرد بوو هەوڵ و هەنگاوە

(١) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٥.

(٢) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٤.

(٣) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و وە کورد و کۆماری عێراق، (تاران- ئەتلەس چاپ- ٢٠٠٥ز)، ل ١٦٥.

(٤) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركه القوميه....، ص ص ٥٣٠- ٥٣١.

(٥) محمد بریفکانی، چەند ڕاستی یەکی مێژوویی لە بارەی بارزانی یەکان، وەرگێڕان: چەپەر، (بەغدا- ١٩٥٣ز)، ل ١٩.

(٦) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص ٢٦٢.

سەربازییەكانی حكومەت سەركەوتوو نەبێت[١].

سەرنەكەوتنی هەوڵە سەربازییەكانی حكومەتی عێراقی بۆ لەنێوبردنی بزاڤەكەی خەلیل خۆشەوی، ڕێگای واڵا كرد بۆ حكومەتی عێراقی بیر لە دروستكردنی تۆڕێكی سیخوڕی بكاتەوە لە نێوان دانیشتوانی ناوچەكە، بۆیە خەلیل خۆشەوی بۆ لەنێوبردنی سیخوڕەكان هێزێكی (٣٠) كەسی دیاریكرد، بە سەركردایەتی هەریەك لە (ئەحمەد نادر، سەلیم خۆشەوی و مەڵكو ژاژوكی)، لەو كردەیەشدا چەكداران توانیان چەند سیخوڕێك بكوژن[٢].

لەلایەكی دیكەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتێكی بەریتانی كە تێیدا جەخت لەوە دەكاتەوە، شۆڕشگێڕان بەهیچ شێوەیەك دەستیان نەپاراستووە لە نێوبردنی هەموو ئەو كەسانەی كە هاوكاری حكومەتیان كردووە، بەتایبەت موختارەكانی ناوچەی بارزان و دەڵێت "لە ١١ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٣٤ مەلكو ژاژوكی و پیاوەكانی موختاری گوندی "بنی بیا"یان كوشتووە، هەر لەو ڕۆژەدا سێ سەرباز بە ڕەگەز عەرەب لەنێوان مێرگەسۆر و كانی لینجیان كوشتووە، پاشان هێرشیان كردۆتە سەر گوندی "ماویلیا" لەنزیك گوندی "بنی بیا" كەسێكیان كوشتووە و یەكێكی تریشیان بریندار كردووە، كۆی گشتی موختارە كوژراوەكان لەو ڕۆژەدا گەیشتۆتە پێنج كەس، پێدەچێت پلانەكە بەردەوامی هەبێت بۆ لەناوبردنی موختارەكان لە دەڤەری بارزان و ئەو كەسانەی هاریكاری حكومەت دەكەن لە دۆزینەوەی شوێن و مۆڵگەی شوێنكەوتووانی خەلیل خۆشەوی"[٣].

دەڤەری بارزان لە هەڵچوونێكی بەردەوام دابوو، لەلایەك بە هۆكاری داگیركردنی ناوچەكە لە ڕێگای سەربازییەوە، لەلایەكی دیكەوە بەهۆی دوورخستنەوەی شێخانی بارزان لە شاری مووسڵەوە بۆ باشووری عێراق، كە چی شۆڕشگیران سەرەڕای هەموو تەنگژە سیاسی و ئابوورییەكان خەریكی دووبارە خۆ ڕێكخستنی خۆیان بوون لە ئەنجامدانی شەڕی پارتیزانی دژ بە دەسەڵات، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێكخستنێكی سیاسی كوردی كە پاڵپشتی لەو بزاڤە بكات و دەنگیان بگەیەنێتە هەموو بەشەكانی دیكەی كوردستان، وایكردووە كە بزاڤەكە لە پانتایی جوگرافییەكی دیاریكراودا بمێنێتەوە[٤]، سەرەڕای بەربەستەكان چەكدارەكان توانیان بۆ پارێزگاریكردن لە ناوچەكەدا هێزەكانی خۆیان بۆ دوو بەشی سەرەكی دابەش بكەن، بەشێكیان بە سەركردایەتی خەلیل خۆشەوی كە سەنگەری خەباتی لە چیای ڕەش دامەزراند، بەشەكەی دیكە بە

---

(١) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٧.

(٢) پی ڕەش، المصدر السابق، ص٩١.

(٣) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٦.

(٤) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١١٧.

سەرکردایەتی ئەحمەد نادر لە چیای گۆڤەند "ژویل" جێگیر بوو[١].

بێگومان لەنێوان ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٣٥ ژمارەی چەکداران ڕووی لەزیادبوون کرد، بەشێوەیەك گەیشتە نزیکەی (٧٠٠ تا ٨٠٠) چەکدار، ئەم ژمارەیەش سەبارەت بە ناوچەیەکی شاخاوی و دووری وەك بارزان تاڕادەیەك زۆرە، کە دەرئەنجامەکەی کاریگەری قووڵی لەسەر بزاڤەکەی خەلیل خۆشەوی دروست کرد، بەوەی کە بزاڤەکە لەیاخی بوونێکی چەند کەسییەوە بوو بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری، هەروەها لە دەربەدەری و خۆشاردنەوە جووڵانەوەکە بوو بە جووڵانەوەیەکی بەرگری و بەرنگاربوونەوە، جگە لەمانەش حکومەتی عێراقی ناچارکرد داهاتێکی زۆر و سوپایەکی گەورە دابین بکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بزاڤەکە[٢].

لەو بارەیەوە "کاوس فەفتان" سەبارەت بەدابین کردنی بودجەی تایبەت لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ لەنێوبردنی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی دەڵێت "توندی ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوەی لەسەر حکومەت، وایکردووە دەسەڵاتدارانی عێراقی ٢٢٪ بودجە بۆ سوپا و ١٥٪ بۆ پۆلیس دابین بکەن، لەبەرامبەردا ڕێژەی بودجەی دیاریکراو بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کەم بکەنەوە، بەشێوەیەك تەنها ٨,٨٪ لە بودجەدا بۆ کەرتی تەندروستی و خوێندن فەراهەم کرابوو[٣].

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ناوچەی بارزان بۆ حکومەتی عێراقی و هێزەکەی ببووە پارچە ئاگرێك و تەنگژە هەموو ناوچەکەی تەنی بوو، لەو ماوەیەدا کە شێخانی بارزان دوورخرابوونەوە نۆ جار کابینەی حکومەتی عێراقی گۆڕدرا، بێگومان یەکێك لەو مەسەلانەی بوونە هۆی ئەو گۆڕانکارییە فراوان و یەك لەدوای یەکانەی دەوڵەت لە عێراقدا ئەوە بوو بەرپرسانی حکومەت نەیانتوانی هێمنایەتی وڵات بپارێزن و خەباتی چەکداری لە ناوچە کوردییەکان سەرکوت بکەن[٤].

حکومەتی عێراقی لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٥ لە شاری هەولێر بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی موتەسەریفی هەولێر و مووسڵ و "هاشم خضر" بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراقی و "جەمیل ڕەشید" بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و "عەبدوللا عەونی عەبدوللەتیف" بەڕێوەبەری پۆلیسی مووسڵ، کە تێیدا نەخشە

---

(١) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

(٢) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٤٠.

(٣) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٥٧.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

و پلانی ڕووبەڕووبوونـەوەی خەلیـل خۆشـەوی هەلسـەنگێندرا و بڕیـاردرا لەسـەر لەناوبـردنی ئـەم جووڵانەوەیـە لـە ناوچەکـەدا[١].

چالاکییـەکانی خەلیـل خۆشـەوی تەنهـا حکومـەتی عێراقـی نەخسـتبووە دلەڕاوکـێ، بەڵکـو بەریتانییـەکان بەهەمـان شـێوەی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی بەگومانـەوە دەیانڕوانییـە بزاڤەکـەی خۆشـەوی، لەوبارەیـەوە "همفریـز" باڵیـۆزی بەریتـانی لـە بەغـدا لـە بروسـکەیەکیدا بـۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکـەی لـە ٩ی کانـوونی دووەمـی ١٩٣٥ مەترسـییەکانی خـۆی لەهەمبـەر خەلیـل خۆشـەوی ناشـارێتەوە کە شـوێنی سـەرکردەیەکی نەتەوەیـی بگرێتـەوە[٢].

چەکدارانی بـارزان بـە تونـدی بەرەنـگاری هێـزەکانی عێراقـی دەبوونـەوە و زەبـری کوشـندەیان دەسرەوانـدێ، بـە شـێوەیەك لـەو ماوەیـەدا ئۆقرەیـان لەحکومـەت بـڕی بوو، بۆیـە حکومـەت ناچـار بـوو هێزێـکی ئاسایشی گـەڕۆك پێـك بهێنێـت بـۆ ڕاوەدوونـان و لەنێوبـردنی چەکداران، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی شـوێنی چەکـداران سـەخت و هەڵـەت بـوو لـە چیـای شـیرین، پـاش سـاڵێك لـە هەنـگاوەکانی حکومـەت بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕیوان نەیتـوانی هیـچ ئەنجامێـك دەسـتەبەر بـکات و بەسـەریاندا زاڵ بێـت[٣]، لەئەنجامـی تەشـەنەکردنی چالاکیەکانـی خەلیـل خۆشـەوی، بەشـێوەیەك تـوانی بوویـان ئارامـی ناوچەکـە بشـڵەژێنن، بۆیـە حکومـەت لەبەرانبـەر ئەمـەدا هەڵدەسـتێت بە گواسـتنەوەی شـێخانی بـارزان لـە مووسـڵەوە بۆ باشـووری عێـراق[٤].

حکومەتـی عێـراق چەنـد ڕێ و شـوێنێکی گرتەبـەر بـۆ لاوازکردنـی ڕاپەڕینـی خەلیـل خۆشـەوی، لەوانـە چـۆل کردنی گوندەکان و نیشـتەجێ کردنیان لـە گوندێك کە حکومەت دیـاری دەکات، هەروەهـا قەدەغەکردنـی دەرچـوون لـە گونـد بـێ ڕەزامەنـدی هێزەکانی حکومـەت، بەشـێوەیەك تەنانـەت لەکاتـی دەرچوونـی شـوانەکان بـۆ لەوەڕاندنـی مەڕوماڵاتیـان، لەلایـەن پۆلیسـی حکومەتـی عێـراق هەمـوو بەیانییـەك مەڕوماڵاتەکەیـان دەژمـارد، بـە هەمـان شـێوەش لەکاتـی گەڕانەوەشـیان[٥].

---

(١) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨٢- ١٨٣.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ٤٠.

(٣) محمد بريفكاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٤) سـەعدی عوسـمان هـەروتی، بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـوردی (سـەرهەڵدان و قۆناغـەکان و نمونەیـەك)، (هەولێـر- چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە- ٢٠٠٦ز)، ل ١١٠ ؛ إسـماعيل شـكر رسـول، أربيـل دراسـه تأريخيـه في دورهـا الفكـري والسـياسي ١٩٣٩ــ ١٩٥٨ ،(مطبعـة بينايـي- سـليماني- ٢٠٠٥)، ص ٥٤.

(٥) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

لەلایەکی دیکەوە پۆلیسی عێراقی چاودێری خستبووە سەر کێڵگە و بەروبوومەکانیان، بەجۆرێك نابێت کەس خواردنی زیاد لەگەڵ خۆی ببات بۆ ناو کێلگەکان لە دەرەوەی گوندەکەدا، هەروەها لەکاتی وەرزی هاوین و پێگەیشتنی بەروبوومەکان، دەسەڵاتدارانی عێراقی چەند کەسێکیان دەست نیشان دەکرد بەمەبەستی لێکردنەوەی بەرهەمەکان، بێگومان پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەش زیاتر بۆ فشار خستنە سەر چەکداران و برسی کردنیان بووە[1].

ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی تا ئەو ڕادەیە گڕوتینی پەیدا کرد، کە حکومەتی عێراقی لەسەردەمی سەرۆك وەزیرانی یاسین هاشمیدا ناچار بوو بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە لە ناوچەی بارزان دەستە و دامێنی حکومەتی تورکیا بێت و داوای لێ بکات بۆ ئەوەی سەرهەڵداوەکان لەکاتی ئەنجامدانی هەر کردەیەکی چەکداری نەچنە ناو ئەو وڵاتە و سنوورەکانی خۆی لەبەردەمیان دابخات و هێزی سەربازی لەو سنوورانەدا جێگیر بکات[2].

بێگومان ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراقی لەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بەتەنها ناتوانێت بەرگری و ڕاپەڕینی کورد سەرکوت بکات[3]، دیارە ئەم بارەش زیاتر هانی حکومەتی عێراقیدا پەنا وەبەر هێزی ئاسمانی بەریتانیا و بەستنی پەیمانی هاوسنووری ساڵی ١٩٣١ خۆی لەگەڵ تورکیا نوێ بکاتەوە کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان بەناوی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانەوە بەستبووی، لەو بارەیەوە لە ئاکامی هەوڵێکی زۆری دیبلۆماسی بەریتانی توانرا هەماهەنگی و ڕێکەوتننامەی سەربازی هاوبەشی عێراقی- تورکی بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی پێك بهێنرێت[4]، بۆیە لەدوای دانوستاندنی نێوان نوێنەرانی هەردوو حکومەت، یەکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا هاتە نێو ململانێیەکان و بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی عێراق ئامادەکارییە سەربازییەکانیان ڕێکخست بەمەبەستی هێرشکردنی سەر چەکدارە بارزانییەکان[5].

حکومەتی عێراقی بەڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی ڕاوێژکارانی بەریتانی، دەستیکرد بە ڕاکێشانی هۆزەکانی دەورووبەری ناوچەکە و جێگیرکردنیان لەناو هێزەکانی پۆلیس بە شێوەی "هێزێکی نافەرمی"، پاش ئەوەی توانی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە لەڕێگای

(١) پی رەش، المصدر السابق، ص ٩٦.

(٢) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٨- ١٢٩.

(٣) شاکرو خدو محوی، المسالە الکردیە في العراق المعاصر، (دهوك- مطبعة خانی- ٢٠٠٨م)، ص ٩٤.

(٤) محسن المتولي، المصدر السابق، ص٢٢٢.

(٥) شاکرو خدو محوي، المصدر السابق، ص ٩٤.

پێدانی جیاوگەی جۆراوجۆر بۆ خۆی پەلکێش بکات، وەك پێدانی دەستەوارە و نەدانی باج، لەبەرامبەر تەواوکردنی ئەو ئەرکەی کە هێزەکانی حکومەت نەیاندەتوانی لەبەرنگاربوونەوەی چەکدارانی بارزان ئەنجامی بدەن، ئەوان ئەرکەکە بگرنە دەست و بەدواداچوون بکەن بۆ ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی[1].

لە کۆتایی مانگی ئازاری (١٩٣٥) حکومەتی تورکیا (٣٠٠) پیادەی تورکی ناردە سەر سنوور نزیك گوندی بێروخ، هەروەها حکومەتی عێراقیش هێزێکی پێك هێنا بە سەرکردایەتی لیوا "محەمەد ئەمین زەکی پاشا" کە لە سێ فەوج پێك دەهات، بریتی بوون لە فەوجی (بلێ، ڕەواندز، هەولێر) بەناوی هێزی "شێرباز"، لەگەڵ ٢٤ مەفرەزەی پۆلیس و ئەو هۆزانەی کە لایەنگری حکومەتیان دەکرد بۆ دژایەتی کردنی خەلیل و لایەنگرانی[2].

لەلایەکی دیکەوە بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نهێنی بەریتانی کە لەلایەن باڵیۆزی بەریتانیا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، سەبارەت بە عێراق لە ساڵی ١٩٣٥ و جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی دەڵێت "وێڕای بوونی هەندێ هێزی پێشینەی سەربازی تورکی لە ناوچەکە، هێزێکی دیکەی تورکی کە بریتین لە دوو کەتیبەی پیادە و ٢٠٠ سوارە بە قولایی دەیان کیلۆمەتر هاتوونەتە ناو خاکی عێراق بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراقی بەمەبەستی لێدان و بەدوادا گەڕانی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لە ناوچەی بارزان و دەوروبەری[3].

ئابلۆقەی سەربازی و ئابووری حکومەتی عێراق و تورکیا بۆ سەر خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی ناخۆشی زۆری بۆ هێنابوون، بەتایبەت کێشەی نەبوونی خۆراك و برسیەتی[4]، لەو بارەیەوە "حوسێن خال مەلا" دەڵێت "لە حالەتی بەردەوام دابووین بۆ پەیداکردنی خۆراك، چونکە برسیەتی زۆری بۆ هێنابووین، یەکێ لە مەفرەزەکانمان هەوڵیدا بچێتە ناوچەکانی سورچی بۆ پەیداکردنی خۆراك، بەڵام هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی خەڵکی ناوچەکە قەناعەت پێبکەن بەپێدانی خۆراك ئەگەر بەشێوەی تاکە کەسیش بێت، نەوەك بۆ خێزانەکانیان، لەکاتی گەڕانەوەشیان ڕووبەڕووی چەکدارانی ئاغا و دەرەبەگە هەوادارەکانی حکومەت بوونەوە و زۆر بە نارەحەتی ڕزگاریان بوو تاکو گەیشتنەوە چیای بارزان[5].

---

(١) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص ٢٦٣.

(٢) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

(٣) نجده فتحي صفوه، المصدر السابق، ص ١٢١.

(٤) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٥٨.

(٥) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٩.

خەلیل خۆشەوی و پیاوەکانی ماوەیەك لە ناوچەی شێروان و مزووری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خێزان و منداڵەکانیان مانەوە، پاشان بە هۆی پالەپەستۆی زۆر و هێرشی بەردەوامی حکومەت ناچاربوون بەرەو باکوور بۆ چیاکانی سەر سنووری نێوان عێراق و تورکیا بچن[۱].

دوابەدوای گەیشتنیان بە چیاکانی سەر سنوور، ئەحمەد نادر کە هاوڕێیەکی نزیکی خەلیل خۆشەوی بوو فەرمانیدا بە چەند کەسێك بچن بۆ پەیداکردنی خۆراك بۆ خێزانەکانیان، لەوکاتەدا هێزەکانی تورکیا بەمەبەستی گەڕان بەدوای چەکداران لەو ناوچانەدا بڵاوکرابوونەوە، بۆیە چەکداران بەهەر شێوەیەك بوو توانیان خۆیان لە ئاشکرابوون لەو هێزانە بەدوور بگرن، لەو بارودۆخەدا خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر لەگەڵ خێزانەکانیان بە هەڵە بەرەو هێزەکانی تورکیا هەنگاویان دەنا، بەڵام لەکاتی گونجاودا لەلایەن ئەو کەسانە ئاگادرکرانەوە کە پێشتر بە فەرمانی ئەحمەد نادر چووبوون بۆ پەیداکردنی خۆراك، بۆیە ئاراستەی ڕێرەوەکەیان گۆڕی و لە هێزەکانی تورکیا دوورکەوتنەوە، پاشان بڕیاریاندا بچن بۆ چیای (ژویل/ گۆڤەند) کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و تورکیا[۲]، دیارە لەکاتی چوونی چەکداران بۆ چیای ژویل، هێزەکانی تورکیا هەموو گوندەکانی گەردیان دەست بەسەر کرد، هەروەها هەستان بە دانانی چەند سەربازگەیەك لە "بیسکا" و "کەلیت" بە ئامانجی ڕاوەدوونان و لە ناوبردنی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوەی و لایەنگرانی[۳].

سەرەڕای نەبوونی خۆراك و چەك لە نێو چەکداران، حکومەتی عێراق و تورکیا خەڵکیان هان دەدا بە بەرتیل و پارە بۆ ئەوەی سیخوڕیان بۆ بکەن بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێن و مۆڵگەی چەکداران، لەم ڕووەوە هێزەکانی تورکیا لەکاتی شەودا لەگەڵ چەند سیخوڕێك لە خەڵکی "کەلیت" بەرەو مۆڵگەی چەکداران لە شاخی "گۆڤەند" هەنگاویان هەڵێنا[٤]، لەئەنجامدا لە ئازاری ساڵی ۱۹۳٥ شەڕێکی گەورە ڕوویدا، کە بەشەڕی "چیای ژویلی" بەناوبانگە، لەم شەڕەدا هێزەکانی تورکیا بە ڕێژەیەکی بێ شومار لە پشتەوە بەهانای سوپای عێراقەوە هاتن، هەرچەندە لە سەرەتادا چەکداران لە شەڕی پارتیزانی و خۆڕاگریدا تەنگیان بە سوپای عێراق هەڵچنیبوو، بەڵام بەردەوامی شەڕەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك و پاشان بەتەنگەوە هاتنی سوپای تورکیا بەو ژمارە زۆرەوە تەرازووی هێزی شەڕەکەی گۆڕی، واتە بووە

(۱) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ۱۱۳٥- ۱۱۳٦.

(۲) پی رەش، المصدر السابق، ص ص ۹۸- ۹۹.

(۳) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ۱۷٥.

(٤) پی رەش، المصدر السابق، ص ۱۰۰.

هـۆی سـەپاندنی گەمارۆیـەکی سـەربازی زۆر تونـد بەسـەر چەکـداران لەلایـەك و گۆڕینـی شـێوازی جەنگـی شۆڕشـگێڕان لـە شـەڕی پارتیزانیـەوە بـۆ شـەڕی ڕووبـەڕوو "مواجهـە" لەلایـەکی دیکـەوە[١].

سـەرەڕای سـەختی شـەڕەکە چەکـداران لەسـەرەتادا توانیـان سـێ هێـرشی گـەورەی هـەردوو سـوپا تێـك بشـکێنن و ٥٠ سـەربازیش بکـوژن[٢]، بـەڵام لەدەسـتدانی ئەحمـەد نـادر لـەو شـەڕەدا، کاریگـەری قـووڵی دروسـتکرد لەسـەر ورەی چەکـداران، چونکـە پڕکردنـەوەی شـوێنی ئـەو زۆر ئەسـتەم بـوو[٣]، سـەبارەت بـە "عەبدوڵڵا کرکەمـوی" بـە برینـداری ناچاربـوو خـۆی بدات بەدەسـت هێـزە عێراقیەکانـەوە، بەڵام خەلیل خۆشـەوی تـوانی بەخۆیـی و ٣٠ کـەس لـە خزمـانی لـەو تۆقـە ڕزگاری بێـت کـە هێـزەکانی تورکیـا و عێـراق بۆیـان دانابـوو[٤].

لەدەسـتدانی ئەحمـەد نـادر کاردانـەوەی هەبـوو لەسـەر دەروونـی شۆڕشـگێڕان، هـەر بۆیـە ڕووداوی شـەڕەکە تـەرازووی هاوسـەنگی هێـزی سـەربازی و بـاری دەروونـی جەنگاوەرانـی بـۆ ئاسـتێکی پێچەوانـەی خێـرا گـۆڕی، مانەوەیان لەم شـوێنە مەحـاڵ بوو، بۆیـە هەندێـك لـە چەکـداران خۆیـان دا بەدەسـتەوە، دیـارە مانـەوەی جەنـگاوەران لەم ناوچەیـە کارێکـی ئەسـتەم بـوو، چونکـە کەوتبوونـە سـەر سـنووری (عێـراق ـ تورکیـا) کە سـوپای هـەردوولا هەمیشـە هێرشـیان بـۆ دەهێنـان، هەروەهـا بـە لەدەسـتدانی ئەحمەد نـادر بارێکـی دەروونـی نالەبـاری لـەلای جەنـگاوەران هاتبـووە ئـاراوە، سـەرەڕای ئەوانـەش حەواندنـەوە و گوزەرانـی خێزانەکانیـان لـەم ناوچەیـە سـەخت بـوو، وێڕای هێـزی تورکی بوونـی جاشـی خۆیـی ئەوەنـدە گەمارۆدانەکـەی توندتـر کردبـوو[٥].

سـەرەڕای ئەوەش حکومەتی عێراقی لە مانگی ئابی سـاڵی (١٩٣٥) بارودۆخی ئاوارتەی (تەنگەتـاوی) سـەربازی ڕاگەیانـد[٦]، لـە ناوچـەکانی (مـزوری بـاڵا - بـارزان - مێرگەسـۆر) سـەربە لیوای مووسـڵ و ناوچەی کانی ڕەش و ناوچەی برادۆسـت سـەربە لیوای هەولێر، لـەم ناوچانـەدا هێـزی سـەربازی شـێرباز بەرپرس دەبێـت تاکـو ناوچەکـە دەگەڕێتەوە بۆ

(١) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٦.

(٢) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٤٣.

(٣) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣١- ١٣٢.

(٤) ڕێبـوار ڕەمـەزان عەبدولـلا، لەشـەهیدانی ڕێـگای نیشـتمانەوە چـوار ئەفسـەری قارەمـان (بەسـەرهات و ژیننامـە)، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆشـنبیری- ٢٠١١ز)، ل ل ٣٧- ٣٨.

(٥) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٦.

(٦) پـاول شیسـمەن، خۆشـەوی مـەلا ئیبراهیـم، لەژێـر ئـالای کوردسـتاندا ژیـان و ڕێبـازی مـەلا مسـتەفا بـارزانی، (هەولێـر- خانـەی موکریـانی بـۆ چـاپ و بلاوکردنـەوە- ٢٠١٤ز)، ل ٨٧.

بارودۆخـی جـاران، كارگێـڕی ناوچەكە كارگێڕیەكی سـەربازی تـەواو دەبێت[١].

دادگای عـورفی بـە سـەركردایەتی موقـەدەم "ئیسـماعیل ئاغـا" و ئەندامێتـی ڕەئیـسی یەكـەم "فەخـری ئەمیـن" و ڕەئیـس "عەبدولقـادر یاسـین" و دوو دادوەری كـورد بەنـاوەكانی "محەمـەد سـدیق عەبدوڵڵا و سـدیق تاهیر" بەڕێـوە دەبـردرا[٢]، لەوماوەیەدا بەپێـی فەرمانەكانـی ئەنجوومەنـی عورفـی دەسـتكرا بـە دەسـتگیركردنی چەنـد كەسێك لـە ناوچەكـەدا هەندێـك لەمانـە هیچیـان لەسـەر نەبـوو بـێ تـاوان بـوون، بەبـێ ئـەوەی ڕەچـاوی تاوانبـار و بـێ تـاوان بكـەن، خەڵكیان دەگـرت و فەرمانـی خنكاندنیان بەسـەردا دەسـەپاند وەك (عومـەر گۆرانـی، محەمـەد مەحموود، فارس عەلی، مەلا زادە ئیسـماعیل، عەزیـز هۆسـتانی)[٣].

هەروەهـا حوكمـی بەندكـردن و دوورخسـتنەوەیان بـۆ هەندێكـی تـر دەركـرد، لەوبارەیـەوە سـەماحەتی "هبەاللـە الموفتـي" ئەندامـی ئەنجوومەنـی ئەعیـان بـەداخ و حەسرەتێكـی زۆرەوە دەڵێـت "حوكمدانـی هەندێـك لەوانـە زوڵـم بـوو" هـەر لەبـەر ئـەوەی حوكمەكانـی ئەنجوومەنـی عورفـی تۆقانـدن ئامێزبـوون بۆیـە پـاش ماوەیەكـی كـەم ئیـرادەی مەلەكـی هەڵیوەشـاندەوە[٤]، لەكـۆی ئەو كەسـانەی درانـە دادگا لە ماوەی حوكمـی عورفـی دا (٦٣) كـەس بـوون لـە لایەنگرانـی خەلیل خۆشـەوی، كـە هەریەكەیان بـە ماوەیەكـی جیـاواز حوكمـدران، تەنهـا هەشـت كەسیان نەبێـت لەسێدارە دران[٥].

ڕاگەیاندنـی حوكمـی عورفـی بـووە هۆكارێـك هەندێـك لـە ئەندامانـی نوێنەرانـی عێـراق ڕەخنـە لـە یاسـین هاشـمی سـەرۆك وەزیـران و ڕەشـید عالـی گەیلانـی وەزیـری ناوخـۆ بگـرن، لـەو بارەیـەوە مەعـروف روسـافی نوێنـەر و شـاعیر ڕایگەیانـد حوكمـی عورفـی لـە دەڤـەری بـارزان پێچەوانـەی بەڵێنەكانـی حكومەتـە، چونكە دەسـەڵات نیازی بـوو لێبووردنـی گشـتی دەربـكات، هەروەهـا هەریەكـە لـە عەلـی كەمـال نوێنـەری سـلێمانی و عەبدولعەزیـز قەسـاب نوێنـەری بەغـدا هاوشـێوەی روسـافی ڕەخنەیـان گـرت لەدەركردنـی ئـەو بڕیـارە لەلایـەن حكومەت، بەڵام یاسـین هاشـمی لـە وەڵامدا ئەو

---

(١) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ص ١٥٨- ١٥٩.

(٢) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

(٤) مەعـروف چیـاووك، كارەسـاتی بـارزانی زوڵملێكـراو، وەرگێـڕان: ئەبوبكـر سـاڵح ئیسـماعیل، (هەولێـر- دەزگای توێژینـەوە و بلاوكردنـەوەی موكریـانی- ٢٠٠٨ز)، ل ١٩٦.

(٥) نجـده فتحـي صفـوه، العـراق في الوثائـق البريطانيـة سـنة ١٩٣٦، مـن منشـورات مركـز دراسـات الخليـج العـربي بجامعـة البـصرة، (جامعـة البـصرة- ١٩٨٣م)، ص ١٢١.

حوکمەی بەکارێکی پێویست زانی[١].

ئەو کارانەی حکومەت کە لەدژی ڕاپەڕیووەکان ئەنجامیدا، تا ڕادەیەك کاریگەریان لەسەر خەلیل خۆشەوی کرد، ئەوە بوو بە ناچاری خۆی و هێزەکەی کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠ کەس دەبوون لەسەرەتای ئەیلوولی ١٩٣٥ بکشێنەوە بۆ ئێران[٢]، دیارە بەپاشەکشەی هێزەکەی خەلیل خۆشەوی لە ناوچەکەدا حکومەت هەناسە و ئۆخەیەکی باشی وەبەرهاتەوە، بۆیە لە (٢٠ی تشرینی یەکەم ١٩٣٥) بڕیاری ژمارە (٦٥٦) مەلەکی دەرچوو، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی عورفی عەسکەری لە دەڤەری بارزان و دەورووبەری، وەك بڵێی ڕەوشەکە ئاسایی بۆتەوە، گەڕاوەتەوە سەر دۆخی جاران[٣].

حکومەتەکەی یاسین هاشمی هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفیان بەستەوە بە گەڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە[٤]، بەڵام لەبۆچوونێکی تردا جەخت لەوە کراوەتەوە کە مامەڵە و خراپی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی عورفی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خەڵکی بێ تاوانی سزاداوە، وایکردووە مەلیکی عێراق بڕیار بدات لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی عورفی[٥].

بەڵام هاتنی وەرزی زستان و کشانەوەی هێزەکانی عێراقی و تورکی، خەلیل خۆشەوەی گەڕایەوە چیای گۆڤەند، لەنیوەی تشرینی دووەمدا بۆ جارێکی دیکە کارە سەربازییەکانی لە ناوچەکانی باروش و برادۆست ئەنجامدایەوە[٦]، بۆیە مێژوونووسی عێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفی دەڵێت "ئایا ڕاپەڕینەکە کۆتایی هات؟ نازانم وەزارەتەکەی هاشمی پشتی بە چ بنەمایەك بەستووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتدارییەتی عورفی لە دەڤەری بارزان، کەچی خەلیل خۆشەوەی بۆ ماوەی پێنچ مانگ مایەوە لەدوای هەڵوەشاندنەوەکە[٧].

---

(١) احمد محمد امين قادر، موقف مجلس النواب العراقي في القضية الكردية في العراق ١٩٢٥- ١٩٤٥، (السليمانية- ٢٠٠٧م)، ص ص ١٥٣- ١٥٥.

(٢) عەبدولخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان ١٩١٩- ١٩٤٥ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، (سلێمانی- چاپخانەی کەمال- ٢٠١٣ز)، ل ٥٠١.

(٣) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٨.

(٤) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٦١- ١٦٢.

(٥) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٥- ٦٦.

(٦) سروە أسعد صابر، المصدر السابق، ص ٢٦٦.

(٧) عبدالرزاق الحسني، المجلد الرابع، المصدر السابق، ص ١٦١.

سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی، کەچی سەرکەوتوو نەبوو لە کۆتایی هێنانی یەکجاری بە بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی، [١] بەڵام تاڕادەیەك لە ڕێگای ئەو گەمارۆ توندانەی سوپای عێراق و تورکیا لە ناوچەکە بارودۆخی جەنگاوەرانی شپرزە کردبوو، بۆیە خەلیل خۆشەوی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ دەستەکەی ئەنجام دەدات و تیایدا ئەگەری چوونە سوریا دێنێتە ئاراوە[٢].

خەلیل خۆشەوی توانی بەخۆی و (٣٠) کەس لە هەڤاڵەکانی لەو دەوردانەی کە هێزەکانی عێراقی و تورکی بۆی دانابوو خۆی ڕزگار بکات، لەوێشەوە بۆ سنوورەکانی سوریا ڕۆیشت، لەوکاتەدا سوریا لە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا دابوو[٣]، لەبەر بوونی ڕێگایەکی دوور و زستانێکی سارد و دڵنیا نەبوون لە دەسەڵاتدارانی سوریا ناچاربوون بگەڕێنەوە ناوچەی (دۆسکی ژووری) کە لە دەڤەری بادینانە، بڕیاریدا تا بەهاری داهاتوو خۆی لەوێ بشارێتەوە[٤].

پاش ئەوەی خەلیل خۆشەوی لە ناوچەی دۆسکیەکان مایەوە، بڕیاریدا خۆی وون بکات تاکو هاتنی وەرزی بەهار، بیری کردەوە بچێتە ناوچەی رێکانیەکان، چونکە خاوەن چاکە بوو لەگەڵ سەرۆك هۆزی رێکانی (کەلحێ) لە ساڵی (١٩٢٣) ڕزگاری کردبوو، لە دەست (سیتو ئاغای هۆرەماری) کە دەیویست پەلاماری ناوچەکانی رێکانی بدات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام خەلیل خۆشەوی نامەیەکی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ (سیتو ئاغای هۆرەماری) برد و ئەو پەلامارەی لێ ڕەتکردەوە و ڕزگاری کرد[٥].

لە ناوچەی رێکانییەکان خەلیل خۆشەی لەگەڵ یاوەرانی چووە ئەشکەوتێکی دوور لە ناوچە ئاوەدانەکانەوە، کەلحی رێکانی ئازووقەی نزیکەی دوو هەفتەی بۆ ناردن[٦]، لەلایەکی تر هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی حکومەت لە ئامێدی، هێزی حکومەتی هێنایە سەر شۆڕشگێڕان[٧]، ئەم کارەی کەلحی رێکانی بۆ ئەوە بوو خەڵاتە

---

(١) فاخر عالی عابکر، مێژووی بارزان و راپەرینەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٢٧)، ساڵی حەوتەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هاوینی ٢٠١٣ز، ل ١١٥.

(٢) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٧.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٤) پی رەش، المصدر السابق، ص ١١٠.

(٥) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٦) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

(٧) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٦.

(٥٠٠٠) دیناربیەكەی كە حكومەت دیاری كردبوو بۆ ئەو كەسەی خلیل خۆشەوی بە مردوویی یان بە زیندووی وەربگرێت[١].

هەر ئەو شەوە حكومەتی عێراق بە هاوكاری كلحی ڕێكانی و پیاوەكانی گەمارۆی ئەشكەوتەكەیاندا[٢]، پاشان داوایان لە خلیل خۆشەوی و هەڤاڵەكانی كرد خۆیان بدەن بە دەستەوە، بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە، شەڕكردنیان بە باش زانی و بەرگریان لە خۆكرد، بەرانبەر هێزەكانی حكومەتی عێراق[٣]، كاتێك حكومەتی عێراق و بەكرێ گیراوەكان گەمارۆی ئەشكەوتیاندا خەلیل خۆشەوی و هەڤاڵەكانی شەڕیان كرد لەگەڵ دوژمنان تا كوژرانیان لە نزیك گوندی (هرباشك) لە ناو ڕێكانیەكان، لە ١٣ی ئازاری ١٩٣٦ خەلیل خۆشەوی و هەڤاڵەكانی بە كوژراوی دەكەونە بەردەستی هێزەكانی حكومەت پاشان سەری (خەلیل خۆشەوی) یان بڕی، ئەم كارەشیان بۆ سەلماندی ڕاستی بەڵگەكەیان بوو[٤].

سەری خەلیل خۆشەوی و سێ لە هەڤاڵانی كە لە لاشەیان جیا كرابوویەوە هێنرانە شێروان مەزن كە سەنتەری ناحییەكان بوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەبەر چاوی خەڵك هەڵدەواسرێن، وەك دیارە مەبەستی حكومەت لەو كارە دوو شت بوو یەكێكیان نیشاندانی سەركەوتن و هێز و بازووی خۆی بووە، ئەویتریان بۆ چاوترساندن و عیبرەتدانی خەڵكی ناوچەكە بوو[٥]، لەو بارودۆخەدا كاربەدەستانی حكومەت دایك و خێزانی خەلیل خۆشەویان هێنایە بنكەی پۆلیس، بەمەبەستی پیشاندانی سەری خەلیل خۆشەوی، خێزانەكەی خەریك بوو لەگریاندا ببورێتەوە، كەچی دایكی خەلیل ئامۆژگاری بوكەكەی كرد لە بەردەم چاوی دوژمنان فرمێسك نەرێژێت،[٦].

پاشان حكومەتی عێراقی بڕیارێكی دەركرد بەكۆتایی هێنان بە ئەركی سەربازی بۆ هەموو ئەو سەربازانەی كە بەشداریان كردبوو لە دامركاندنەوەی ڕاپەڕینەكەی خەلیل خۆشەوی[٧]، جگە لەمەش حكومەت هەڵسا بە دابەشكردنی خەڵات بەسەر بەكرێگیراوەكان، بۆ ئەم مەبەستەش هەریەك لە موتەسەریفی مووسڵ و بەڕێوەبەری

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٢) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٨٩.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٦– ١٦٧.

(٤) پی رەش، المصدر السابق، ص ١١٠.

(٥) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤٤.

(٦) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(٧) إسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص ٥٤ .

پۆلیسی مووسڵ سەردانی قەزای ئامێدیان کرد، پاداشتی دابەشکرد بەسەر ئەوانەی یارمەتیدەری هێزەکانی عێراق بوون لەدەست نیشان کردنی شوێنی جەنگاوەران و شەهید کردنی خەلیل خۆشەوی و هەڤاڵانی[١].

دەکرێت بڵێین خامۆشکردنی شۆڕشی یەکەمی بارزان و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی و دوورخستنەوەی شێخانی تەکیەی بارزان، سەرەڕای جێگیرکردن و مۆڵدانی نزیکەی نیوەی سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا، نەیتوانی ببێتە بەربەست لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی خەباتی نەتەوایەتی کورد، چونکە زۆری نەبرد جارێکی دیکە چەخماخەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣- ١٩٤٥ بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی هەڵگیرسایەوە و پەیامێکی گەورەی دایە دوژمنانی گەلی کورد، کە بە شەهید کردن یاخود کونجی زیندانە تارییکەکان نابنە ڕێگر و کۆسپ لەبەردەم داواکردنی ماف و داخوازیەکانی گەلی کورد، ئاشکراشە لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، ئەسعەد خۆشەوی ڕۆڵە بە جەرگەکەی خەلیل خۆشەوی، یەکەم چالاکی و یەکەم پێشمەرگەش کە لەگەڵ سەرکردەکەی خۆی (مستەفا بارزانی) لەدژی زوڵم و زۆرداری دەسەڵات ڕاپەڕی، هەر ئەو ڕۆڵە بە جەرگەی خەلیل خۆشەوی بە شەڕەفەوە لەگەڵ بارزانی بەشداری بەرگری لە یەکەمین کۆماری کوردستان کرد و یاوەری بارزانی کرد لە ڕێرەوە مەزنەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش فەرماندەیەکی دڵسۆزی مستەفا بارزانی بوو.

(١) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

## تەوەری سێیەم

## قۆناغی ئاوارەیی شێخانی بارزان

هەر لەوكاتەی كە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دامركایەوە، ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازی لە بارزان بەرزكرایەوە بە ڕابەرایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان، حكومەتی عێراقی لە كانوونی یەكەمی ١٩٣١ هێزێكی بۆ ناوچەكە نارد و لە نزیك بارزان بە سەختی تێكشكا، پاش ئەوەی بەرقی بەگ بەپێی فەرمانی باڵاوە لە بەرەبەیانی ٩ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٣١ لە ئۆردوی "بلە"ی مەركەزی قەزای زێبار كە ١٠كم لە بارزانەوە دوور بوو بەرەو ئەو ئامانجەی كە بۆی دانرابوو سوپاكەی جوولاند، بەنیازی ئابلوقەدانی بارزان و دەستگیركردنی شێخ و بڵاوەپێكردنی دارودەستەكەی[١].

سەبارەت بە شەڕ و پێكدادانەكەی نێوان بارزان و سوپای عێراق لە بەرەبەیان دەستی پێكرد تاكو ئێوارە بەردەوام بوو، كە هێزی بارزانییەكان لە ٨٠ جەنگاوەر تێنەدەپەڕی توانیان فەوجێكی سەربازی سوپای عێراق تێكبشكێنن، كە فرۆكەیەكی جەنگی بەریتانی پاڵپشتی دەكردن[٢]، دوای تێكشكانی سوپای عێراق، فەرماندەی ناوچەی مووسڵ و ژمارەیەكی كەمی ئەو هێزەی بەشداری كردبوو لە شاڵاوەكە توانیان خۆیان لە چنگی جەنگاوەرانی بارزان دەرباز بكەن و خۆیان بگەیەننە بارەگای فەوج لە بلێ[٣]، پاش ئەوەی نزیكەی ١٢٦ لاشەی سەربازی كوژراو و بەشێكی زۆر لە چەك و جبەخانەیان لە گۆڕەپانی جەنگ جێهێشت، لەبەرامبەریشدا تەنها پێنج جەنگاوەری بارزانی گیانیان لەدەستدا[٤].

حكومەتی عێراقی لە ١٠ی ئازاری ١٩٣٢ ئاگادارییەك ئاراستەی شێخ ئەحمەدی بارزانی دەكات بۆ ئەوەی لەبەردەم قایمقامی زێبار "بلێ" ئامادەبێت و لەهەمان كاتدا پێیان ڕاگەیاند كە حكومەت بەنیازە بە دامەزراندنی بنكە حكومەتی لە ناوچەی بارزان[٥]، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی دوو ڕۆژیان بۆ شێخی بارزان دیاریكرد تا ڕازی بوونی خۆی سەبارەت

---

(١) محمد بریفكانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٢) وریا ڕەحمانی، كوردستان و كورد لە روانگەی نەخشەوانییەوە، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠٠٩ ز)، ل ١٩٠.

(٣) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٤) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٥) فاضل البراك، مصطفى البارزاني الاسطورة والحقيقة، (بغداد- دار الشؤون الثقافيه العامه-١٩٨٩م)، ص ص ٧٦- ٨٢.

بەو بابەتە ڕابگەیەنێت، واتای ئەمەش کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی تەواوە بەسەر ناوچەکە و بەرگریکردنە لە جووڵانەوەی هێزەکانی بارزان[١].

شێخی بارزان ئەم وریاکردنەوەی فەرامۆشکرد، چونکە بە تەواوەتی نیازی حکومەتی دەزانی، هەر بگاتە ئەوێ دەستگیری دەکەن[٢]، دیارە هەر لەدوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی حکومەت لەلایەن شێخی بارزان، بڕیاری لەنێوبردنی شۆڕشەکەی بارزان درا لە ڕێگای هێزی سەربازی عێراقی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی[٣]، چونکە حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی مەترسی ئەوەیان هەبوو لە بەرفرەوانبوونی بلێسەی شۆڕش و ناکۆکییەکان بۆ ناوچەکانی دیکە[٤].

سوپای عێراقی لە ١٥ی ئازاری ١٩٣٢ بەپێی پلانێکی پێشتر نەخشە بۆ داڕێژراو لەهەرسێ قۆڵی قەزاکانی (ڕەواندز، ئاکرێ و ئامێدی)یەوە بە یارمەتی هێزی کرێگرتەی هەندێ لە هۆزەکانی برادۆست، زێباری و ڕێکانی دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ هێرشێکی بەربڵاوی گەورە بۆ سەر ناوچەکانی بارزان[٥].

یەکەم شەڕیش لە ١٨ی ئازاری هەمان ساڵ ڕوویدا لە دەوروبەری گوندی "کورکێ" لە ڕۆژهەڵاتی مێرگەسۆر، یەکەکانی هێزی "دای"پێشڕەویان کرد بە ئاراستەی ئەو شەڕگەیەی بەرامبەریان، هێزێکی بارزانییەکان بە فەرمانداریەتی "ئەحمەد نادر" لەدوای شەڕێکی سەخت، توانیان هێزەکەی "دای" بشکێنن و پاشەکشەیان پێبکەن بەرەو مێرگەسۆر، پاش ئەوەی ژمارەیەك لاشە و تەقەمەنی لەدوای خۆیان جێهێشت[٦]، لە تۆڵەی ئەم شکستە و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گیانی ئەوانەی مابوون، هێزی ئاسمانی بەریتانی (R.A.F) لە ڕۆژی ١٩ی ئازای ١٩٣٢ هاتە مەیدان و شاڵاوی توندی هێنایە سەر دەڤەری بارزان، بەتایبەت گوندی بارزان، کە شاڵاوە ئاسمانییەکانی هێزی هەوایی بەریتانی بە شەو و ڕۆژ نەدەپسایەوە، بەشێوەیەك شەڕی سەر زەوی تەنیا بووبوو بە

(١) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٣) محمود الدره، القضية الكردية، (بيروت- منشورات دار الطليعة - ١٩٦٦م)، ، ص ١٩٩.

(٤) فاضل البراك، المصدر السابق، w 76.

(٥) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٨ ؛

*Edmund A. Ghareeb، Historical Dictionary of Iraq ، (lanham- the scarecrow press، Inc – 2004)، p.41.*

(٦) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕان: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕێ نوێ- ٢٠١٠ز)، ل ٢٤٩.

ورده تەقـەی کـەم بایـەخ، ئـەم بارودۆخـەش تـا دوای مانگـی ئـازار درێژەی کێشـا[١].

لەسـەرەتای مانگـی نیسـانی ١٩٣٢ هێـزی "دای" بـە سـەرکردایەتی عەقیـد "حـاج سری ئەحمـەد" شـاڵاوێکی فـرەوان و تونـدی کـردە سـەر ئـەو بەرەیـەی کـە گونـدەکانی نێـوان مێرگەسـۆر و شـێروانی دەگرتەخـۆ، بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی بەریتـانی، لـە ٣ی نیسـانی هەمـان ساڵ بارزانییـەکان لەڕێـگای پیادەکـردنی تەکتیکێـکی سـەربازی بـە تـەواوەتی ئـەو دۆڵەیـان واڵا کـرد بـۆ حکومـەتی عێراقـی کـە درێـژ دەبوویـەوە بـەرەو بێرسـیاڤ و خۆیان لـە بەرزاییـەکان قایـم کـرد، هێـزەکانی حکومـەت وا گومانیـان بـرد کـەوا بەبـێ بەرگـری توانیویانـە مەبەسـتەکانیان بپێکـن لـە داگیرکـردنی ناوچەکـە، بـەڵام خۆشـیەکانی حکومەت بـوو بـە کارەسـات و دۆڕانـدن، چونکـە "مسـتەفا بـارزانی" دوای کۆکردنـەوەی هێـزەکانی لـەو قۆڵـەدا هێرشـێکی تونـد و پێچەوانـەی ئەنجامـدا، کەتێیـدا تـوانی ئـەو هێـزەی کـە گەیشـتبووە بێرسـیاڤ لـە هێـزەکانی تـری بەرەکـە دایبڕێـت[٢].

مسـتەفا بـارزانی بـە یـاوەری جەنـگاوەرەکانی لـە شـەڕێکی دەسـتەویەخەدا توانیـان شکسـت بـەو هێـزەی "دای" بهێنـن و جگـە لـە ژمارەیـەکی کـەم کەسـیان لـێ دەرنەچوو، ژمـارەی کـوژراوان گەیشـتە "٢٥٣" و برینـدارێـکی زۆر و ژمارەیەکیـش بەدیـل گیـران، لەگـەڵ دەسـت بەسـەرداگرتنی هەمـوو ئـەو کەلوپەلـە سـەربازیانەی کـە هەبـوو، ئـەم مەیدانداریـە بـە شـەڕی "دۆڵا ڤـاژی[٣]" نـاو دەبرێـت[٤].

حکومـەتی عێراقـی لـە کۆتاییـەکانی مانگـی ئایـاری ١٩٣٢ "شـێخ نورەدیـن بریفـکانی" ڕادەسـپێرێت بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ شـێخی بـارزان بەمەبەسـتی گەیانـدنی داواکارییـەکانی حکومـەت لەدەسـت پێکردنـەوەی وتووێـژەکان، هەرچەنـدە شـێخی بـارزان ڕازی بـوونی خـۆی نیشـاندا بـۆ "شـێخ نورەدیـن بریفکانی" بـە ئەنجامـدانی گفتوگۆ لەگـەڵ لایـەنی عێراقـی- بەریتـانی[٥].

کەچـی لایـەنی عێراقـی- بەریتـانی جەختیـان دەکـردەوە لـە ئەنجامـدانی گفتوگـۆ لەگونـدی هۆسـتان کـە ئـەوکات فەوجێـکی تـەواوی سـوپای عێراقـی تێیدابـوو، شـێخی بـارزان بـاوەڕی بـە ئینگلیـزەکان نەبـوو، بۆیـە ئـەم مەرجـەی قبـوڵ نەکـرد، داوای کـرد کۆبوونەوەکـە لـە شـوێنێك دوور لـە بـارەگای هێـزە عێراقییـەکان ئەنجـام بدرێـت و

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(٢) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٢٠.

(٣) شەڕی دۆڵاڤاژی لەسەرچاوەکان بە شەڕی «مامیسك» هاتووە.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٥) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ١٢٥.

چەندیش دەیانەوێت با چەکدار لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، لە حالەتێکیشدا ئەم دوو پێشنیارەیان ڕەتکردەوە جارێکی تر گوێ لە مەرجەکانیان ڕاناگیرێت[١]، دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی "شێخ نورەدین بریفکانی" ژمارەیەکی زۆر فرۆکەی ئینگلیزی و بە شەپۆلی یەك لەدوای یەکدا ڕوویانکردە سەر ناوچەی بارزان، هەر شتێکیان لە خوارەوە بەرچاو کەوتبایە بۆردومانیان دەکرد، تەنانەت بۆمبی دانراو (القنابل الموقوتە) لەو ناوچەیە بەکارهێنرا کە منداڵێکی زۆری کوشت، چونکە لە بۆمبە فڕێدراوەکان کۆدەبوونەوە و لە پڕێکدا دەتەقیەوە و لەناوی دەبردن[٢].

لەئەنجامی بۆمبارانکردنی سەختی ناوچەی بارزان بە گشتی و گوندی بارزان بەتایبەت، لەلایەن فرۆکە بەریتانییەکان لەکاتی ڕۆژدا، وایکرد دانیشتوانی دێهاتەکان پەنا ببنە بەر چیاکان و ئەشکەوتەکان[٣]، لەهەمان کاتدا دانیشتوانی گوندەکان لەشەودا ڕوویان لە دێهاتەکانیان دەکردەوە بەمەبەستی دابینکردنی خواردەمەنی و پێداویستیە تایبەتیەکانی ژیانیان، بەڵام بەهۆی بۆمبە فڕێدراوە کاتییەکان لەکتوپڕیدا بەهۆی تەقینەوەکان ماڵەکان وێران دەبوون و زیانی گیانی و مادی زۆری بەدوای خۆیدا دەهێنا[٤].

ئەم بارودۆخە ناهەمواره بارزانییەکانی ناچار کرد شەو و ڕۆژ لە ئەشکەوتەکان بمێننەوە و دێهاتەکانیان چۆڵ بکەن[٥]، چونکە زیانی گیانی خێزانەکان زۆر زیاتر بوو لە زیانی چەکدارە شەڕکەرەکان[٦]، بەجۆرێك لەوماوەیەدا فرۆکە بەریتانییەکان نزیکەی ٧٩ گوندیان وێران کرد، لەکۆی ٢٣٨٢ خانوو لەو دەڤەرە ١٣٦٥ خانوو بەهۆی بۆمبارانکردنی فرۆکەوە ڕوخێنران و سوتێنران، زیانێکی گەورەی گیانی لەنێو خەڵکی سڤیل دروست کرد[٧].

شێخی بارزان لە یەکی حوزەیرانی ١٩٣٢ هەموو لێپرسراوانی هۆزی بارزانی وەکو

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٣- ٤٤.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣-٤٥.

(٣) ئەحمەد خواجە، چیم دی (شۆرشەکانی شێخ مەحموودی مەزن)، (هەولێر- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠١٣)، ل ٣٠٢.

(٤) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٥٥.

(٥) وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەی کورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێران: یاسین سەردەشتیی، (سلێمانی- چاپخانەی سیما- ٢٠٠٨ز)، ل ٤٨٦.

(٦) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(٧) دیڤید مکدول، تاريخ الاكراد الحديث، ترجمە: راج ال محمد، (بيروت- دار الفارابي- ٢٠٠٤ز)، ص ٢٨٦.

"وەلی بەگ، خەلیل خۆشەڤی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵلا کرکەموی و حەسەن محەمەد ئەمین"ی بانگ کرد، پاش وتوویژ کردن لە بارودۆخی ناوچەکە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بڕیاریاندا پەنا ببنە بەر تورکیا و بەشێوەیەکی ڕێك وپێك و بەردەوام بن لە داکۆکی کردن و داپۆشینی کشانەوە، هەرکە شوێنێکیان بەجێ دەهێشت، هێزەکانی سوپا پێشدەکەوتن بۆ داگیرکردنی[1].

لە١٠ی حوزەیران خێزانە بارزانییەکان لە دۆڵی "زێت" و گوندەکانی دەوروپشتی کۆبوونەوە بۆ چوونە ناو تورکیا، بەڵام شێخی بارزان پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ لێپرسراوە بارزانییەکان بڕیار لەسەر چەند خاڵێك درا لەوانە: کەمترین ژمارەی خێزان بچێتە ناو تورکیا، هەروەها ئەو خێزانانەی کە مەترسیان لەسەر نیە بگەڕێنەوە گوندەکانیان و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیان بن، لەگەڵ بردنەوەی چەکی کۆن لەگەڵ خۆیان بۆ ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت، تەنیا ئەو خێزانانە بچن بۆ تورکیا کە مەترسیان لەسەرە، لەگەڵ مانەوەی (٢٠٠- ٣٠٠) چەکدار بە فەرماندەیی "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەڤی، ئەحمەد نادر، عەبدوللا کرکەموی و حەسەن محەمەد ئەمین" لەسەر سنوور لەنێوان گوندەکانی "گەردی"، بەجۆرێك چەکی زیادە لای ئەوان بێت تا لەکاتی پێویستدا کەلکی لێوەربگرن[2].

شێخ ئەحمەدی بارزانی لە٢٠ی حوزەیرانی١٩٣٢ هەریەکە لە محەمەد سدیق و حاجی تەها ئامێدی ڕەوانەی گوندی گرانە کرد، کە گوندێکی گەردییەکانە دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، بەمەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا بۆ ڕێکخستنی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان بۆ چوونە ناوەوەی خێزانە بارزانییەکان بۆ ناو تورکیا[3].

حکومەتی تورکیا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بەوەی کە خێزانە بارزانییەکان وەك پەناهەندە وەربگرێت، بەو مەرجەی لە گوندی گرانە چەکەکانیان بەدەستەوە بدەن و لە ڕاستیدا بارزانییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەسازکردنی هەر گیروگرفتێك لەگەڵ تورکەکان هەندێك لە چەکەکانیان ڕادەستی حکومەتی تورکیا کرد، بەمەش خێزانە بارزانییەکان دەستیانکرد بە پەڕینەوە لەسنوور و چوونە ناو گوندی گرانە[4].

شێخی بارزان لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢ خاکی عێراقی بەجێهێشت و ڕوویکردە ناو

(١) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٣) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٢٦.

(٤) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

خاكی كۆماری توركیا، پاشان توركەكان شێخ ئەحمەد بارزانی بە یاوەری هەریەكە لە حاجی تەها ئامێدی و عەلی مح بارزانی گواستەوە بۆ ئەنقەرە و ئەوانی تریشی لەگەڵ مستەفا بارزانی و محەمەد سدیق گواستەوە بۆ ئەرزرووم، زیاتر لە ١٠٠ بارزانی بەبیانووی بەشداری كردنیان لە شۆڕش لەدژی حكومەتی توركیا لەسێدارە دران و ماڵباتێكی زۆریشی ڕادەستی حكومەتی عێراقی كردەوە[١].

دوای پێداگری بارزانییەكان، حكومەتی توركیا ڕازی بوو بە گەڕاندنەوەی خێزانە بارزانییەكان لە ئەرزنجانەوە بۆ شەمدینان، بەڵام بێ ئەوەی هیچ هاوكارییەكیان پێشكەش بكات بۆ گواستنەوەی خێزانەكان، بۆیە بارزانییەكان لەكۆتایی ساڵی ١٩٣٢ بە یاوەری مستەفا بارزانی لە ئەرزنجانەوە گەڕانەوە شەمدینان، پاش ئەوەی گەیشتنە گەڤەر لەوێشەوە بەناچاری لەڕێگای پیادەرەوی ڕێگای شەمدینانیان بڕی، بەهۆی سەختی باردۆخەكە و خراپی كەش و هەوا ژمارەیەكی زۆر منداڵ گیانیان لەدەستدا، تاكو گەیشتنە شەمدینان، پاشان خانەوادە بارزانییەكان لەلایەن خەڵكی ناوچەكە ڕێزی زۆریان لێگیرا و هاوكاری كران، بەشێوەیەك خانەوادەكان بەسەر ژمارەیەك گوندەكانی گەردی دابەشكران، بەمەش تاڕادەیەك بارودۆخی بارزانییەكان باشتر بوو[٢].

شیاوی باسكردنە فاكتەرە دەرەكییەكان ڕۆڵی سەرەكیان گێڕاوە لە دامركاندنەوەی شۆڕشی یەكەمی بارزان، بەتایبەت هەریەكە لە وڵاتانی ئێران و توركیا، بۆ ئەم مەبەستە حكومەتی عێراقی لە ڕێگەی كۆمیسیۆنی خۆی لە تارانەوە لە١٨ی حوزەیرانی ١٩٣٢ داوا لە حكومەتی ئێران دەكات كە هاوكاری عێراق بكات لەگرتن و دەست بەسەركردنی شێخی بارزان و لایەنگرەكانی ئەگەر هانای هێنایە بەر خاكی ئێران، وەزیری دەرەوەی ئێران هەڵوێستی وڵاتەكەی بۆ نوێنەری عێراق لە تاران ڕوونكردەوە و پێی ڕاگەیاند كە داخوازییەكەی لاپەسندە و هیوای سەركەوتنی بۆ حكومەتی عێراقی خواست دژی كورد و ئاواتەخوازی خۆی دەربری بەرامبەر گەڕانەوەی ئارامی و هێمنی ناوچە سنوورییەكان بە قازانجی وڵاتانی هاوسێوە[٣].

لەلایەكی دیكەوە حكومەتی عێراق بەهۆی لێپرسراوی سیاسی خۆی لە ئەنقەرە داوای هاریكاری لە حكومەتی توركیا كرد كە سنووری وڵاتەكەی لە ڕووی بارزانییەكان دابخات، نەوەك لەوێوە (كوردستانی باكوور) پشتیوانی و چەك و تەقەمەنیان بۆ بێت، لەم ڕووەوە حكومەتی توركیا داخوازییەكەی حكومەتی عێراقی جێ بەجێ كرد، لەترسی

---

(١) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٢) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٤٢.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

ئـەوەی نـەوەك پروشـكی شـۆڕش بپەڕێتـەوە نـاو وڵاتەكەیـان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە توركیـا هێزێـكی جەندرمـەی نـاردە سـەر سـنوور لە كەنـاری رووبـاری "حاجی بەگ" كە سـنووری سروشـتی عێـراق و توركیـا پێكدەهێنێـت لە باكووری دەڤەری بـارزان[١].

پـاش ڕۆیشـتنی شـێخ ئەحمەدی بـارزان بۆ ناو خـاكی توركیا، حكومەتی عێراقی دەسـتی كـرد بـە دامەزراندنـی بنكەكانـی پۆلیـس و جێگیركـردنی هێزەكانـی حكومـەت لـە گونـدە جیاجیاكانـی ناوچـەی بـارزان[٢]، مسـتەفا بـارزانی بە یارمەتی و هـاوكاری كـوردانی باكووری كوردسـتان هەمـوو خێزانـە بارزانییـەكان دەربـاز دەكات و دەگەڕێتـەوە بـۆ بـارزان[٣]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیـاردرا خێزانـەكان بەنهێنـی دابـەشی سـەر گونـدەكان بكرێـن و پیاوەكانیـش لـە چیـای شـیرین و ناوچـە سـەختەكان خۆیـان حەشـار بـدەن كـە هێزەكانی حكومـەت بـە ئاسـانی پێیـان نەدەگەیشـتن[٤].

حكومـەتی عێـراق ئـەوەی ویسـتی لـە ناوچـەكانی مـزووری بـاڵا و بـەڕۆژی بـارزان جێبەجێـی كـرد بـە ئـارەزوی خـۆی لەشـكركێشی و قایمـكاری تێیـدا كـرد و كەوتـە زوڵم و ئـازاردانی خەڵـك لـە ناوچەكـەدا، بێگومـان حكومـەت لـە هەمـوو ڕاپەڕیـن و شۆڕشـیكدا لـەدوای لەناوبـردنی ئـەوا ئەم كردەوانـەی دەگرتە بەر بۆ سـەركوتكردنی خەڵـكی ناوچەكان بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی خۆی لـە ناوچەكەدا بسـەپێنێت و خەڵـكی ملكەچی دەسـەڵاتەكەی بـكات، بـەڵام ئەمـەی تاسـەر بـۆ نەچووە سـەر[٥].

دیـارە ئـەم هێـزە بـووە مایـەی نیگـەرانی حكومـەتی عێراقـی، كـە هەریەكە لە مسـتەفا بـارزانی و شـێخ محەمـەد سـدیق و وەلی بـەگ لەگەڵ خەلیل خۆشـەوی چالاكیـان دەنواند لەنزیـك سـنوور، بۆیـە حكومـەتی عێراقـی نارەزایی خۆی ئاراسـتەی توركیا كـرد، لەهەمبەر ئـەو چالاكییـە سـەربازیانەی كـە بارزانییـەكان ئەنجامـی دەدەن، چونكـە پێیانوابـوو

(١) محمد بریفكانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧- ١٨.

(٢) عبدالـرزاق الحسـني، المجلـد الثالـث، المصـدر السـابق، ص ١٩٢. دیـارە حكومـەتی عێراقـی دوای خامۆشـكردنی شـۆڕشی یەكەمـی بـارزان ئـەو دەرفەتـەی قۆزتـەوە، دەسـتی كـرد بەبنیادنـانی ژمارەیـەكی زۆری بنكـەی پۆلیـس، لەگـەڵ جێگیركـردن و هێشـتنەوەی چـوار فەوجـی سـەربازی كـە دوو دانەیـان لـە بلـە و بـارزان ئـەوانی دیكـەش لـە مێرگەسـوور و شـێروان، بەمەبەسـتی یارمەتیـدانی هێـزەكانی پۆلیـس لـەكاتی پێویسـتدا. مسـعود بـارزانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٥٠.

(٣) نجـم سـەنگاوی، كوردسـتان و سـەركردە و دەسـەلات و شۆڕشـەكانی لـە ١١٦٩– ١٩٩٤، (بێ شـوێنی چـاپ -٢٠١٤ز)، ل ٤٣٤.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٥) ڕەفیـق رەحـمان مـام خـول، مسـتەفا بـارزانی و رۆڵ و هەڵوێسـتی لـە پێشـهاتە سیاسـەكاندا (١٩٥٨-١٩٧٠)، (هەولێـر- چاپخانـەی شـەهاب- ٢٠١٢ز)، ل ٣٨.

بوونەتـە هـۆکاری سـەرچاوەی نائارامـی لـە ناوچەکـە[١].

بـۆ ئـەم مەبەسـتە حکومـەتی عێراقـی داوای لـە تورکیـا کـرد، کـە ڕێگـری بـکات لـەو چەکدارانـە و لەسـەر سـنوور دووریـان بخاتـەوە یاخـود ڕادەسـتی حکومـەتی عێراقیـان بکاتـەوە، هەرچەنـدە حکومـەتی تورکیا بـەدەم داواکارییەکەی عێراق هات لـە گرتنەبەری ڕێوشـوێنی تونـد دژبـە بارزانییـەکان، بـەڵام چالاکییـەکان هەر بـەردەوام بـوون[٢].

حکومـەتی تورکیـا ئـەو کاتـەی هەسـتی کـرد کـە ئینگلیـزەکان دووبـارە جەخـت لـە نیشـتەجێ کـردنی ئاشـووریەکان دەکاتـەوە لـە ناوچە سـنووریەکانی نێوان عێـراق و تورکیا، بۆیـە بڕیاریـدا بـە گواسـتنەوەی شـێخ ئەحمەد بـارزانی و یـاوەرانی لە ئەدەرنە بـۆ ناوچەی گۆیـان لەنزیـك سـنووری بـارزان[٣]، ئینگلیـزەکان بـەم کارەی تورکیـا زۆر نیگـەران بـوون، لەئاکامـدا هیـچ چارەیـەکی نەدۆزیـەوە تەنهـا ئـەوە نەبێـت کـە هەریەکـە لـە بەریتانیـا، عێـراق و تورکیـا گفتوگۆ بکەن دەربارەی ڕادەسـتکردنەوەی شـێخی بـارزان لەلایەن تورکیا بـە دەسـەڵاتدارانی عێراقـی بەمەرجی لێخـۆش بـوون و گێڕانەوەیان بۆ ناوچـەی خۆیان[٤].

حکومـەتی تورکیـا لـە بەهـاری ١٩٣٣ شـێخ ئەحمەدی بارزانی ڕادەسـتی عێـراق کردەوە لەگـەڵ ٨٦ کـەس لە یاوەرانی و لە شـاری مووسـڵ دەسـت بەسـەری کردن، دەسـەڵاتدارانی عێراقـی لەسـەرەتادا مامەلەیـەکی تونـد و نامرۆڤانـەی لەگەڵیـان ئەنجامـدا[٥]، بـەڵام لـە مانگـی ئـابی ١٩٣٣ وەك نیازپـاکی و خـۆ دوورگرتـن لـە ڕوودانی هـەر شـەڕێك حکومـەتی عێراقـی ڕەزامەنـدی نیشـاندا لەسـەر گەڕانـەوەی شـێخ بـۆ بـارزان لـە ڕێـگای هەولێـر-مێرگەسـۆر[٦].

دیـارە ئـەم نیـاز پاکییـەی حکومـەتی عێراقـی لە خـۆڕا نەبـووە، بەڵکـو پەیوەسـت بوو بـە خەبـات و چالاکییـەکانی مسـتەفا بارزانی، چونکە هەر لەدوای ڕادسـتکردنەوەی شـێخی بـارزان لەلایـەن تورکیـا، مسـتەفا بـارزانی بەنهێنـی لەگەڵ کۆمەڵێـك چەکـدار دەگەڕێتەوە ناوچـەی بـارزان، پاشـان حکومـەتی عێراقـی بەنـاوی شـێخی بـارزان نامەیـەك ئاراسـتەی مسـتەفا بـارزانی دەکات کـە تێیـدا داوا دەکات بـۆ خۆ بەدەسـتەوەدان[٧].

---

(١) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص ٤٧-٤٨.

(٢) سروە أسعد صابر، المصدر السابق، ص ص ٢٦٠ -٢٦١.

(٣) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(٥) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٦٣.

(٦) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

(٧) نیسان حسن رۆستم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

مستەفا بارزانی داواکەی حکومەتی ڕەتکردەوە، تا ئەو کاتەی شێخی بارزان ئازاد نەکرێت، کە لەژێر چاودێری حکومەت دابوو لەشاری مووسڵ، لەو بارەیەوە حکومەتی عێراقی بەڵێنی دا بە ئازادکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی، پاش ئەوەی هەردوو لایەن ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە شێخی بارزان لە پردی "چامە" نزیک ناحیەی شێروان وەربگیرێتەوە، هەرچەندە حکومەت لەسەرەتادا پێشنیاری ڕادەستکردنەوەکەی لەمێرگەسۆر کردبوو، بەڵام مستەفا بارزانی پێداگری کرد لەسەر ناوچەی "چامە" چونکە بەهیچ شێوەیەك مستەفا بارزانی باوەڕی بە بەڵێنەکانی حکومەت نەبوو، بۆیە ناوچەکەی بەشێوەیەکی تۆکمە کۆنترۆڵ کردبوو[١].

لەوبارەیەوە شێخی بارزان لە مووسڵەوە لە ڕێگای گوێر دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر، لەگوێر "عیزەدین مەلافەندی"[٢] پێشوازی لێ دەکات، پاش گەیشتنی بە شاری هەولێر ماوەی چەند ڕۆژێك لەلای "مەلا فەندی" لە باداوە دەمێنێتەوە پاشان دەگەڕێتەوە بارزان[٣]، پاشان لەسەر داوای شێخی بارزان، مستەفا بارزانی دەچێتە شاری مووسڵ کە هەریەکە لە پشکێنەری گشتی بەریتانی لە مووسڵ و موتەسەریفی مووسڵ بەر لە ئازادکردنی شێخ ئەحمەد ئەم داوایان کردبوو، بۆیە شێخی بارزان سوور بوو لەسەر بەڵێنەکەی خۆی و مستەفا بارزانی ڕەوانەی مووسڵ کرد[٤].

سەبارەت بە ڕۆیشتنەکەی مستەفا بارزانی بۆ شاری مووسڵ، خاوەن کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" لەسەر زاری مستەفا بارزانی دەڵێت" کاتێ گەیشتمە شێروان و چوومە بارەگای فەوج، تاقە یەك کەسم لەگەڵدا بوو، هەردووکمان بێ چەك بووین، فەرمانەدەی فەوج هاتە پێشوازیمان و سەری سورمابوو، بڕوای نەدەکرد کە من

(١) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٦٣- ٢٦٧.

(٢) عیزەدین کوڕی مەلا ئەبوبکر ئەفەندی : لە بنەماڵەی موفتی ناسراوی هەولێرە، لە ساڵی ١٩١٧ لەدایك بووە و لەسەردەستی باوکی کە زانای ئایینی بووە خوێندوویەتی و دواتر چۆتە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، هەروەها بڕوانامەی ماستەری لە کۆلێژی ئابووری لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە، شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسیدا هەبووە، ناوبراو لە خولی یازدەهەم تا شازدەهەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بە نوێنەرایەتی لیوای هەولێر بۆتە ئەندامی ئەنجومەن، لە ساڵی ١٩٥٧– ١٩٥٨ بووەتە وەزیری بێ وەزارەت لە حکومەتی عێراقی، ناوبراو لە ١٢ی مایسی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە. ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥– ١٩٥٨، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠٠٧ز)، ل ٦١

(٣) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

(٤) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١١٥.

مستەفا بارزانی بم، بۆیە ناردی موختاری شێروان هات تا دلنیا بوو کە من مستەفا بارزانیم، بۆ ڕۆژی دوایی منیان زۆر بەرێزەوە بردە مێرگەسوور ئینجا بۆ هەولێر و مووسڵ، لەگەڵ گەیشتنمدا حاکمی سیاسی و موتەسەریفی مووسڵ زۆر ڕێزیان گرتم، دووپاتیان کردەوە کە حکومەت سوورە لەسەر بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی داونی بە شێخ ئەحمەد، من دە ڕۆژ لەمووسڵ مامەوە پاشان گەرامەوە بارزان"[١].

دوابەدوای ئەم سەردانە حکومەتی عێراقی فەرمانی لێبوردن بۆ سەرجەم بارزانییەکان دەردەکات کە بەشداری چالاکییە چەکدارییەکانیان کردبوو[٢]، تەنها خەلیل خۆشەوی نەبێت کە فەرمانی لێبودرنەکە نەیگرتەوە[٣]، هەروەها سوپاش لە ناوچەکە پاشەکشەی کرد، تەنها دەسەڵاتی کارگێڕی تێیدا مایەوە بەمەش تاڕادەیەك ئارامی گەڕایەوە بۆ ناوچەکە[٤]، دیارە ئەم ئارامیە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، چونکە حکومەتی عێراقی پاش ماوەیەکی کەم شێخ ئەحمەد بارزانی بانگهێشت دەکات بۆ شاری مووسڵ، ئەویش بانگهێشتنامەکە پەسند دەکات و دەچێتە مووسڵ، پاش مانەوەی دوو هەفتە، لەسەر داوای حکومەت بانگهێشتی مستەفا بارزانی دەکات بۆ شاری مووسڵ[٥].

هەرچەندە "ئەیوب بارزانی" بۆچوونێکی جیاواز دەخاتە ڕوو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەتا مستەفا بارزانی و شێخ محەمەد سدیق بانگهێشتی مووسڵ کراون[٦]، بەڵام "کەریم ئەحمەد" لە زاری مستەفا بارزانیەوە لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەو کاتەی شێخ ئەحمەد بارزانی لە مووسڵ دەست بەسەرکرا، داوایان لێکرد کە فەرمان بەمن بدات بچم بۆ مووسڵ، بەم جۆرە شێخ ئەحمەدی بارزانی بەدوایدا ناردم تا لەگەڵ خۆیدا بکەومە ژێر دەست بەسەری، دەمزانی کە ئەو بانگ کردنەم هەڵەیە و ئێمە هەردووکمان دەکەوینە ژێر دەستی ئەو حکومەتەی کە دوژمنمانە منیش چووم، چونکە سەرکردەکەم فەرمانی پێم کردووە و هیچ دوودلیەکەم لەجێ بەجێکردنی نەنواند، تەنانەت ئەوە بوو بەهۆی خۆبەختکردن و قوربانی بەخۆدان، ئێمە ئا ئاوا لە سەرکردایەتی دەگەین و ئاوایش پەروەردە بووین و ڕاهاتین"[٧].

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٢- ٥٣.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

(٣) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١١٥.

(٤) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٥) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

(٦) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٦٣.

(٧) ئازاد نەقشبەندی، (سەرکردەیەك لە وتارێکدا)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی

بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە کە سەرەتا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقیەوە شێخ ئەحمەد بارزانی بانگهێشت کراوە.

حکومەتی عێراق لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٤ بە شێوازی فرت و فێڵ و دوور لە ڕاستی سەرکردە بارزانیەکانی پەلکێشی مووسڵ کرد، بەتایبەت دوای ئەوەی لە هەموو ئەو بەڵێنانەی کە بە شێخی بارزانی دابوو، لێی پاش پاشگەز بۆوە و جێبەجێ ی نەکرد، بەڵکو دەستی کرد بەنیشتەجێ کردنیان لەو شارە بەشێوەی زۆرە ملێ[1].

یەکەمین ساڵی دوورخرانەوەیان بۆ شاری مووسڵ جۆرە سەربەستیەکیان پێ درابوو، بەڵام کاتێك بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی (١٩٠٦-١٩٣٦) پەرەی سەند و فراوانتر بوو، ئەوانیش بارودۆخیان خراپتر بوو سەربەستیەکەیان وەك خۆی نەما[2]، موتەسەریفی مووسڵ (حسام الدین جمعە) چاودێری توندی خستە سەر خانەوادەی بارزان، ڕایدەگەیەنێت: ((ئەو شێخانەی کە فەرمانی نیشتەجێ بوونیان لە مووسڵ بەسەر دا سەپێنراوە لە ژێر چاودێریەکی توند دان هەناسەیان لێ دەرناچێت))، لەوکاتەدا شاری مووسڵ بنکەی ئەو هێزانە بوو کە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکان ڕەوانە دەکرا، دواتر موتەسەریفی ناوبراو خانەوادەی بارزان تۆمەتبار دەکات کە لە مووسڵەوە ڕێنمایی بۆ خەلیل خۆشەوی دەنێرن[3].

لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی عێراقی هەوڵەکانیان چڕ کردەوە بۆ فشار خستنە سەر شێخانی بارزان لە ڕێگای توندکردنی چاودێرییەکانیان لەسەر جووڵانەوەکانیان، هەر بەمەش نەوەستان، بەڵکو هەوڵی لەنێوبردنیشیان درا، بۆ ئەم مەبەستە موتەسەریفی مووسڵ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٥ بانگهێشتی مستەفا بارزانی کرد بۆ فەرمانگەکەی، لەوێش لە ڕێگای پێشکەش کردنی فنجانێك قاوەی ژەهراوی ، هەوڵی کوشتنی مستەفا بارزانی دا، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و بارزانی بە چەشنێکی سەیر ڕزگاری دەبێت[4].

دوابەدوای ئەم ڕووداوە مستەفا بارزانی لەژێر چاودێری گەورەی شێخەکانی شەمەڕ ژیانی لە مردن ڕزگار دەبێت، چونکە لەو بارودۆخەدا توانیان چەند پزیشکێکی فەڕەنسی لە سوریاوە بهێنن بۆ چارەسەرکردنی، هەرچەندە ئەوکات چارەسەر کرا، بەڵام دواتر

---

پەروەردە- ٢٠٠٣ز)، ل ٩١٤.

(١) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص ١١٦.

(٢) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٣٩.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(٤) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٣٩.

کاریگەرییەکانی دەرکەوتن لەسەر توانا جەستییەکانی و تا ڕادەیەکی زۆریش لەسەر هێزی بینینی چاوی کە بێ هێزی کردبوون[١].

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقی شێخ ئەحمەد بارزانی و ئەندامانی تری بنەماڵەکەی کە لە شاری مووسڵ بوون، تۆمەتباری کردن بە هەبوونی پەیوەندییان بە جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی، بۆیە بڕیاری دا بە گواستنەوەیان بۆ باشووری عێراق[٢]، پێدەچێت ئەم کارەی حکومەت زیاتر بۆ پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە بێت، چونکە بارزانییەکان پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە بزاڤەکەی خەلیل خۆشەوی بە فەرمانی خودی شێخ ئەحمەد و ڕێنوێنی مستەفا بارزانی بە نهێنی بەڕێوە دەچێت چوونە پاڵ جووڵانەوەکە و ژمارەیان ڕوو لە زیادبوون کرد[٣].

بنەماڵەی شێخانی بارزان لەساڵی ١٩٣٦ لە شاری مووسڵەوە دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق، سەرەتا بۆ ناسریە پاشان بۆ شارەکانی حیللە و دیوانییە[٤]، هەرچەندە ئەو خەڵکە لە کوێستانەکان ژیابوون، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کەش و هەوای گەرمی باشووری عێراق ڕانەهاتبوون، حکومەتی عێراقی لە ڕێگای پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە خوازیاربوو بە شێوەیەکی هێواش لەناویان بەرێت[٥]، دیارە لەوماوەیەدا بارزانییەکان ژمارەیەکی زۆریان تووشی نەخۆشی و زەردوویی و لەرزوتا بووبوون[٦]، سەرەڕای ئەوەش لەژێر چاودێری توندی پۆلیس دابوون، لەلایەن حکومەتیشەوە مانگانە بڕێك مووچەیان بۆ دابین کرابوو بەمەبەستی فەراهەمکردنی گوزەرانی ژیانیان[٧].

لەسەرەتای جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩ دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە عێراق هەڵوێستی نەرمیان نواند بەرامبەر بە شێخانی بارزان، بۆ ئەم مەبەستە "مێجەر ئەدمۆنز" ڕاوێژکاری بەریتانی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە ناسریە سەردانی شێخ

---

(١) سوار قامشلی، (سەرنجێك لە پالەوانێتی و پالەوانانی مێژوو و ڕابەری مەزن بارزانی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣ز)، ل ١٠٢٤.

(٢) سەعدی عوسمان هەروتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

(٣) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٤.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(٥) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٦٣.

(٦) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(٧) حسن مصطفی، المصدر السابق، ص ٥٥.

ئەحمەدی بارزانی دەکات، بەڵێنی پێدەدات بۆ شاری سلێمانی بیانگوازێتەوە[١]، نواندنی ئەو هەڵوێستە لەلایەن بەریتانیا زیاتر دەگەڕایەوە بۆ زیادبوونی مەترسییەکانیان لەسەر گەشەکردنی ئەو بیر و هەستە نەتەوەییەی کە لە کوردستانی باشوور چەکەرەی کردبوو، کە خۆی دەبینیەوە لەو کۆمەڵە و پارت و ڕێکخستنانەی کە کاریان دەکرد دژبە سیاسەتەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە و گەڕانیان بەدوای هێزێکی دیکە بۆ ئەوەی پاڵپشتیان بکات[٢]، هەر ئەمەش وایکرد حکومەتی عێراقی بۆ هێور کردنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور لەلایەك و فشارەکانی بەریتانیا لەلایەکی دیکەوە شێخانی بارزان لە ناسریە بگوازێتەوە شاری سلێمانی[٣].

مێجەر ئەدمۆنز دوای دیدارەکەی لەگەڵ شێخی بارزان بەڵێنی پێدان لەماوەیەکی کورتدا دەیانگوازێتەوە بۆ شاری سلێمانی[٤]، ئەم بەڵێنەش لە ساڵی ١٩٣٩ جێبەجێکرا[٥]، لەبەرامبەردا شێخی بارزان لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٩ نامەیەك ئاراستەی ئەدمۆنز دەکات و سوپاسی خۆی و عەشیرەتەکەی پێ ڕادەگەیەنێت و ئاماژە بەو سەردانەی دەکات کە بووەتە مایەی دڵخۆشی و کەمکردنەوەی خەمەکانیان[٦]، هەرچەندە حکومەتی عێراقی پاش گواستنەوەی شێخانی بارزان لە باشووری عێراق بۆ شاری سلێمانی، هەوڵیدا مەبەستە دوژمنکارییەکانی بەرامبەر بە بارزانییەکان بەتایبەتی و گەلی کورد بەگشتی جێبەجێ بکات، لەم ڕووەوە بارزانییەکانی خستە ناو بارودۆخێکی ناهەموار لەڕووی ژیان و گوزەرانیان[٧].

"هەمزە عەبدوللا"[٨] سەبارەت بە ڕەوشی بارزانییەکان لەوکاتدا دەڵێت

(١) فەیسەل دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣ – ١٩٤٥)ی بارزان، ،(هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ١٩٩٧ز)، ل ١٨.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٧.

(٣) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٥٧.

(٤) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٥) شەعبان عەلی شەعبان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(٦) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٧) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٦٣.

(٨) هەمزە عەبدوڵا : یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسیەکانی ساڵانی چل و پەنجاکانی کوردستانی عێراق، ڕۆڵێکی گرنگی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بینیوە، ئەلقەی پێگەیاندنی ئاوارە بووانی کوردی عێراق بوو لەناو کۆماری کوردستان و کوردەکانی ناوەوەی عێراق، لە ساڵی ١٩٥١-١٩٥٢ (باڵی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کورد)ی دامەزراندوە لە ساڵی ١٩٥٦ دەگەڕێتەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٩ دوای دوورخستنەوەی لە (پارتی) پەیوەندیەکانی

"لەسەرەتای ١٩٣٩ لە پردێ سەردانی بارزانییەکانم کرد و چاوم بە شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی و شێخ محەمەد سدیق بارزانی و شێخ بابۆ بارزانی کەوت، ئەوان باری گوزەران و شوێنەکەیان باش نەبوو و چاوەروانی گواستنەوە بوون بۆ شاری سلێمانی"[١]، لەوبارەیەوە حکومەتی عێراقی خوازیار بوو لەو ڕێگایەوە شێخانی بارزان دووچاری چۆك پێدادان بكات و بیانهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە خەبات کردن لەپێناو گەلەکەیان هیچ واتەیەك ناگەیەنێت، کە لەکاتێکی وا دژواردا دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکەن، بەمەش لەکاتێکی کورتدا حکومەت دەتوانێت بیانخزێنێتە ژێر باڵی خۆی یان بیانكرێت[٢].

دەکرێت بڵێین سەرەڕای ئەو سیاسەتانەی کە حکومەتی عێراقی بەرامبەر شێخانی بارزان گرتیەبەر، بەڵام تۆزقاڵێك لە هەستە نەتەوایەتییەکانی شێخانی بارزانی کەم نەکردووە، بەڵکو زیاتر مکور بوون لەسەر خەباتیان و بەرگەی هەموو ئەو نەهامەتیانەیان گرت و چۆکیان بۆ حکومەت دانەدا، سەرەڕای ئەو چاودێریە توندەی دەسەڵاتدارانی عێراقی کە ڕێگر بوون لەبەردەم پێشکەشکردنی یارمەتییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ شێخانی بارزان.

گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ شاری سلێمانی، هیچ گۆڕانکارییەك لەژیان و گوزەرانیان ڕووی نەدا، بەڵکو ژیانیان هەر لەناخۆشیدا بووە، چونکە حکومەت یارمەتیەکی ئەوتۆیان نەدەدا کە بەئاسوودەیی ژیانی خۆیان بگوزەرێنن[٣]، بەتایبەت "شێخ مستەفا قەرەداغی" کە ئەوکات موتەسەریفی شاری سلێمانی بوو، کۆسپێکی هەرە سەرەکی بوو لەبەردەم ژیانی ئاسوودەیی بارزانییەکان، کە نەیدەهێشت خەڵك یارمەتیان بدات و سەردانیان بکات[٤]، لەوبارەیەوە "مەعروف چیاووك" لەوکاتەی لە سلێمانی دەبێت، سەردانی شێخ ئەحمەد بارزانی دەکات و شێخی بارزان بەو سەردانەی ناوبراو سەرسام دەبێت و پێی دەڵێت "دەرگا لەسەر ئێمە بە بڕیاری موتەسەریف

---

بە حزبی شیوعی عێراق گرێدەداتەوە و دواتر لە کاری سیاسی دووردەکەوێتەوە و لە ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: جمشید الحیدري، ذکری وفاة الشخصیة الوطنیة الکوردیة حمزة عبدالله، مجلة رسالة العراق، العدد ٥١، لندن، اذار ١٩٩٩م، ص ١٩ ؛ مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، (سلێمانی- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- ٢٠٠٥ز)، ل ١٠١.

(١) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

(٢) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٥٧.

(٣) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

(٤) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

داخـراوە، تاکـو خەڵـك سـەردانمان نـەکات، هەروەهـا دەربـارەی خـواردن زۆربـەی ڕۆژان تامـی خـواردن ناکەیـن، لـەڕووی تەندروستیشـەوە زۆربەمان تـووشی کەم خوێنـی بووین، ئـەو دەرماڵەیـەی کـە حکومـەت بـۆی تەرخـان کردوویـن بریتیە لـە دەرماڵەی پۆلیسـێك، سـەرەڕای مامەڵـە سـەختەکانی موتەسـەریفی سلێمانی دەرهـەق بـە ئێمـە"[١].

لـەم هەلومەرجـەدا دەڤـەری بـارزان لـە کلپەدابـوو بەهـۆی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی دوورخسـتنەوە و زیندانـی کردنـی بنەماڵـەی شۆڕشـگێڕانی شـێخانی بـارزان لەلایـەن حکومەتـەوە، هەروەهـا بـەردەوام بوونـی سیاسـەتی گرتـن و کوشتن لە هەمبـەر خەڵکی هـەژاری ناوچەکـە و تـەواوی گەلـی کـورد، لـە ناوبردنـی هێـزی سـەربازی شۆڕشـگێڕی بـارزان، بەتایبەتـی شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان، و بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدەی بنەمـای جۆراوجـۆری ئایینـی لـە دژی شـێخانی بـارزان، لەگەڵ پەیڕەوکردنی نەخشـەی نیشـتەجێ کردنـی (ئاشـووریەکان) لـە دەڤـەری بـارزان، بۆ چەنـد نیازێکی ئیسـتعماری و سـەپاندنی حوکمـی عورفـی و دادگای عەسـکەری بەسـەر ناوچەکـەدا[٢].

لەلایـەکی دیکـەوە بـێ ئومێـدی بارزانییـەکان لـە بەڵێنەکانـی حکومـەت و سـەبارەت بـە ئاوەدانکردنـەوە و بوژاندنـەوەی ناوچەکانیـان، هەروەهـا خـراپ بوونـی بارودۆخـی ژیانـی دانیشـتوانی ناوچەکـە بـە تایبەتـی لـە ڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتیەوە، سـەرەڕای ئەوانـەش گەمـارۆی سـەربازی لـە ناوچەکەیـان[٣].

دەکرێـت بڵێیـن هەمـووی ئەمانـەی سـەرەوە بوونـە پاڵنەر و بـۆ خەڵکی بـارزان دژی ئـەم سـتەم و نارەحەتیـە شـۆڕش بەرپـا بکەن، پـاش ئەوەی مسـتەفا بارزانـی وەك ڕێبەری شۆڕشـەکە دەتوانێـت خـۆی لـە دوورخرانـەوەی زۆرە ملـێ ڕزگار بکات و ئـاڵای خەبات و شۆڕشـگێڕی بەمەبەسـتی ڕزگارکردنـی گەلـی کـورد بگرێتە دەسـت.

(١) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(٢) مستەفا جندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٢٤- ١١٢٥.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ ؛

journal of، "the Kurdish issue in Iraq and the British policy"،Karwan Salih Waisy P.13.، march 2015. (Online)، issue 1، volume (5)،Islamic and human advanced research

# بەشی دووەم

## فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی دووەمی بارزان

## تەوەری یەكەم

## كاریگەریی ڕۆڵ و خەباتی ڕێبەرانی تەكیەی بارزان

مێـژووی هەمـوو ناوچەیـەك بەپێی بـارودۆخ و هەڵكەوتەی جوگرافیـا و هەڵومەرجی سیاسی و ئابـووری و كۆمەڵایەتـی چارەنووسـەكەی دیـاری دەكرێـت، بێگومـان شـوێن و پایـەی شـێخەكانی بـارزان، ڕۆڵـی كاریگەریـان لـە بزووتنەوەی سیاسی، چەكـداری، ئایینی و تەریقەتـدا وایكـردووە نـەك تەنهـا سـنوورەكەی تەنهـا دەڤـەری بـارزان بێـت، بەڵكـو كاریگـەری گشـتگیری هەبـووە لەسـەر تەواوی كوردسـتان.

شـیاوی باسـكردنە كـە كـورد بـە درێژایـی مێـژوو لـە شـوێن و پلـە و پایـەكانی خۆیـدا توانیویـەتی ببـێ بـە بزوێنـەری ڕووداوەكان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر لەگـەڵ قۆناغـەكانی مێـژوو گـوزەر بـكات، بـە زەبـری هێـز و ئـەو دەسـەڵاتەی كـە لەژێـر دەسـتی دابـووە، لـە ڕێـگای هەمـوو ئـەو شـۆڕش و بزاڤـە نەتەوییانـەی كـە خـۆی لـە داواكاری ئـازادی و سـەربەخۆیی و دادپـەروەری نێـوان چینـەكان دەبینیـەوە، بوونـە سـەرەتای هەوێنـی دروسـت بـوونی چەندیـن ڕێكخـراو كۆمەڵـەی نەتەوەیـی، بێگومـان هاتنـە ئارای شـۆڕشی نەتەویـی لـە دەڤـەری بـارزان لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم نموونـەی بەرچـاوە لـە قۆناغـی خەبـاتی گـەلی كـورد، كـە دەسـەلمێنێت هەرچۆنێ بـێ نەتـەوەی كـورد توانیویەتی بـە قوربانیـدان و شـێوەكانی تـری خەبـات و تێكۆشـان، بەپێـی تواناكانی خـۆی نەپچراوە و لەسـەری بـەردەوام بێـت، بەمەبەسـتی بەدیهێنـانی مافـە ڕەواكانی[١].

بـە درێـژای مێـژووی هاوچەرخـی كـورد، دەڤـەری بـارزان، بووەتـە مەڵبەنـدی سـەرهەڵدانی چەندیـن شـۆڕش و ڕاپەڕیـن، لـە دژی دەسـەڵاتە خۆسـەپێنەكان لەپێنـاو بەدیهێنـانی مافـە ڕەواكانی خۆیـان [٢]، دیـارە لـەو بارودۆخـە ناهەمـوارەی كـە بـەرۆكی كـوردی گرتبـوو لـەدوای نەمانی میرنشـینە كوردییەكان، دەسـەڵاتی ڕێبازە ئایینیـەكان بوون بـە فریـادرەس لـەم قۆناغە هەسـتیارە و شـوێنی میـرانی كوردیـان گرتەوە، كـە زۆرجار ئەم دەسـەڵاتە روحیانـە قەتیـس نەدەبـوو لـە سـنووری هۆزێـك یاخـود ناوچەیـەك، بەڵكـو سـنووری دەسـەڵاتەكەی ڕووبەرێـكی زۆر فـرەوانی دەگرتـەوە[٣]، لـەم ڕووەوە شـێخانی

(١) فاخر عالی عابكر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

(٢) حسـین مـەدەنی، كوردسـتان و سـتراتیژی دەوڵەتـان، بەرگـی یەكـەم، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠٠٩ز)، ل ٣٨٠.

(٣) مارتـن ڤـان برۆنسـن، ئاغـا و شـێخ و دەوڵـەت، وەرگێـڕان: كـوردۆ عەلـی، بەرگـی دووەم، (سـلێماني- ٢٠٠٣ز)، ل٧٠ .

ڕێبـازی نەقشـبەندی و قـادری ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـووە لـە فرەوانکـردنی دەسـەڵات و گەشـەکردنی هـزری نەتەوەیـی لەنێـو کـوردا، کـە بنەماڵـەی نەهـری و بـارزانی لـە ڕێبـازی نەقشبەندی و ڕێبـازی  قـادری لـە سلێمانی سەرمەشـقی ئـەم گۆڕانکاریانـەن[١].

لـە بەهـاری ١٩٠٧ "شـێخ عەبدولسـەلامی دووەم"[٢] ئامادەبـوو بـۆ مەبەسـتی کۆبوونەوەیەکـی گرنـگ لـە ماڵـی شـێخ (نـور محمـد قـادر بریڤکانـی) ڕابـەری تەکیـەی قـادری گەیـلانی لـە گونـدی بریفکانیـدا بەسـترا ژمارەیکـی زۆر لە گـەورە و سـەرۆك هۆزە کوردیەکانیـش ئامادەبـوون لـەم کۆبونەوەیـەدا سـەرەتا شـێخ نـور محمـد وەك سـەرۆکی کۆنگـرە هەڵبژێـردرا[٣]، بەمـەش شـێخ داوای لێبوردنـی کرد کـە باری تەندروسـتی باش نیە بۆیـە داوای لـە شـێخ عەبدولسـەلام کـرد کـە ببێتـە سـەرۆکی کۆنگرەکـە[٤].

شـێخ عەبدولسـەلامیش سـەرۆکی کۆنگـرە هەڵبژێـردرا یاداشـتەکەیان بـەرز کـردەوە بـۆ (بـاب عالـی) لـە ئەسـتانە یاداشـت نامەکـە ئـەم داواکاریانـەی لـە خـۆ گرتبـوو: زمانی کـوردی زمانـی فەرمـی بێت لـە ناوچە کوردیەکانـدا، قایمقـام و بەڕێوبـەر و فەرمانبەرانی دامـودەزگاکان لـەم جـۆرە کەسانە بـن کـە پسـپۆڕن لـە زمانـی کـوردی و شـارەزاییان هەیـە، ئەحـکام بەپێـی شـەریعەتی ئیسـلام بێـت و زمانـی کـوردی زمانـی ڕەسـمی بێـت

---

(١) عـەلی تەتـەر نێروەیـی، (سـەرهەلدان و گەشـەکرنا ژیانـا حزبایـەتی و کومەلـە و رێکخراوێـن سـیاسی ل کوردسـتانی و دەوری شـێخ عەبدولسـەلامێ بـارزانی تێـدا)، لـە (مومتـاز حەیـدەری و ئـەوانی تـر، کۆنگـرەی یادەوەریـی سەدسـاڵەی بـارزانی نەمـر، بـەشی یەکـەم، (هەولێـر- چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە- ٢٠٠٣ز)، ل ٢١.

(٢) شـێخ عەبدولسـەلامی کـوڕی شـێخ محمـد کـوڕی شـێخ عەبدولسـەلامی کـوڕی شـێخ عەبـدوڵای کـوڕی مەلابەکـر نـاسراوە بـە تاجەدیـن : لـە ساڵی «١٨٧٩ز یاخـود ١٨٨٢ز» لـە گونـدی بـارزان لەدایکبـووە، لـە تەمەنـی (٢٨) سـاڵیدا ڕێبەرایەتـی بنەماڵـەی بـارزاني گرتـە دەسـت، ئەویـش لـە دوای کۆچـی دوایـی شـێخ محەمـەدی باوکـی لـە سـاڵی ١٩٠٣دا بووەتـە شـێخی ڕابـەری ڕێبـازی نەقشـبەندی لـە تەکیـەی بـارزان و دەڤەرەکـەی. مـیر بـەسری، نـاودارانی کـورد، وەرگێـڕان: عەبـدول خالـق عەلائەدیـن، (سـلێمانی- دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم- ٢٠٠٢ز)، ل ٤٧ ؛ کەریـم شـارەزا، شۆڕشـگێڕی کـورد شـێخ عەبدولسـەلامی بـارزانی (١٨٨٧– ١٩١٤)، گۆڤـاری ٢١K، ژمـارە 4، هەولێـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، ٢٠٠٩ز، ل ٢٥٤.

(٣) صالـح محمـود البـارزاني، روايـه محمدأمـين أبـو زيـد البـارزاني خـادم الشـيخ الخـاص، ، نسـخه خطيـة بحـوزه (ئـ . د . ئـ)،رقـم الملـف (p.3)، ص ٣.

(٤) محەمـەد رسـول هـاوار : کـورد و باکـوری کوردسـتان لەسـەرەتای مێـژووە هەتـا شـەری دووەمـی جیهـان، بەرگـی یەکـەم، (سـلێمانی- چاپخانـەی خـاك- ٢٠٠٠)، ل٤٨٧.

لە قوتابخانەکاندا[١]، هەروەها دامەزراندنی موفتی لە ناوچەکە دەبێت لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی بێت وە مافی فتوادانی هەبێت و باج بەپێی شەریعەتی ئیسلام لە دانیشتوان وەربگیرێت و باجی بەدەل (نەبوونە سەرباز) وەکو خۆی بمێنێتەوە بە مەرجێك پارەکە بۆ چاك کردنەوەی ڕێگاوبان و کردنەوەی قوتابخانە تەرخان بکرێت[٢].

ئەم ڕیفۆرمە پێشنیارکراوانە کە لە ڕێگای یاداشتێك ئاراستەی دەسەڵاتدانی عوسمانی کرا، بەتایبەت کە جەخت لەلایەنی زمان دەکاتەوە، لێدانی زەنگێکی مەترسیدار لە بنگوێی تورکانی لاو[٣]، چونکە زمان بنەمای بنەڕەتی شوناسی نەتەوەیە، بە تێڕوانینی ئەوان بەخشینی ئەم جۆرە مافانە بە گەلانی ژێر دەستە، یەکێتی عوسمانی لاواز دەکات، بۆیە دەسەڵاتدارانی عوسمانی یاداشتەکەیان بە سەرەتای جیابوونەوە لە دەوڵەت لە قەڵەمدا[٤]، بۆ ئەم مەبەستە توێژەرێك پێی وایە ناوەرۆکی داخوازییەکان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەی سیاسیە، کە شێخ عەبدولسەلامی دووەم توانی داخوازییەکانی کورد بەشێوەیەکی شارستانیانە بە دەسەڵاتی ناوەند بگەیەنێت[٥].

دەسەڵاتی ئەستانە کە چاوی بە یاداشتنامەیە کەوت ئەوەندەی تر ڕقی هەڵسا و وتی : ئەم جۆرە داواکاریانە هی شێخێکی تەریقەت نییە بەڵکو ئەمە تێوەژەندنێکە لە کۆمەڵە کوردییەکانەوە کە دەیانەوێت حکومەتێکی لامەرکەزی بۆ کورد دروست بکەن جگە لەوەش وایان لە بابی عالی گەیاندووە کە شێخ عەبدولسەلام ژێربەژێر لە گەڵ ڕووسیا ڕێك کەوتووە بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی، بۆیە هەموو ئەوشتانە بوونە هۆی ئەوەی کە حکومەتی ئەستانە بە هەموو جۆرێك خەشم و قین لە بارزان و بارزانییەکان هەڵبگرێت و خەریکی ئەوە بێت لەناویان بەرێت[٦].

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان د بزاڤێن بارزاندا، کۆنفرانسی یەکەمی بارزان: سەدەیەکە بارزان پێشەنگی مرۆڤایەتی و ژینگە پارێزیە، (هەولێر- ٢٠١٠ز)، ل ل ٦٢-٦٣.

(٢) پیّ رەش، المصدر السابق، ص ٩٩.

(٣) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد (تاريخ سياسي ١٩٠٠- ١٩٢٥)، (اربيل- دار ئاراس للطباعة والنشر- ٢٠٠٢م)، ص ٦٧ ؛ تلار على امين، المصدر السابق، ص ٦٥.

(٤) خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور (١٨٦٩-١٩١٤)، (سلێمانی- بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- ٢٠١٢ز)، ل ٢٩٧.

(٥) فاخر عالی خان ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئاینیی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥– ١٩٧٥، (هەولێر– چاپخانەی هێڤی– ٢٠١٤ز)، ل ل ٦٦– ٦٧ .

(٦) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

پاش ئەوەی ئیتیحادییەکان لەئاکامی کۆدێتای ۱۹۰۸ دەسەڵاتیان گرتە دەست، داغستانی وەك والی مووسڵ دانرا[١]، لە تەمووزی ۱۹۰۹ والی مووسڵ بانگهێشتی شێخ عەبدولسەلامی کرد بۆ مووسڵ، بەڵام لەلایەن دۆستانی لە ئاکرێ و مووسڵ ئاگادارکرایەوە کە ئەم بانگهێشت کردنە ڕەت بکاتەوە و ڕوونەکاتە مووسڵ و ئاگاداری خۆی بێت[٢].

دیارە دوای ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکە لەلایەن شێخ عەبدولسەلام بارزانی و نەچوونی بۆ مووسڵ داغستانی لە ئاکرێ وە ئاگاداری شێخی کردەوە ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبێت و نەچێتە مووسڵ، ئەوا سوپایەك بەرەو بارزان دەنێرێ و تەکیەکەی وێران دەکات[٣].

دوابەدوای وەڵامی شێخ عەبدولسەلام بارزانی هێرشی ئیتیحادییەکان بۆ سەر بارزان دەستی پێکرد، ناردنی هێز و لەشکرکێشی بلێسەی ئاگری شۆڕشی خۆشکرد، بێگومان ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینەی تەکیەی بارزان وا پێناسە دەکرێت و دەناسرێت کە یەکەمین ڕووداوە توانی پەردە ڕامالێت لەسەر شۆڤینیەتی فەرمانڕەوایەتی ئیتحاد و تەرەقی، بەوەی کە هەموو بەڵێنەکانیان مایەپووچ بوون بەرامبەر بە میلەتانی عوسمانی[٤].

دیارە سوپای ئیتحادییەکان، توانیان دەست بگرن بەسەر دەڤەری بارزان، دوای ئەوەی شێخ و هاوەڵەکانی لە ناوچەکە دوورکەوتنەوە و ڕوویان کردە چیاکانی هەکاری بەمەبەستی خۆ ونکردن[٥]، بارودۆخی شێخ و شوێنکەوتووانی تا دەهات ئاڵۆز و سەخت دەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی داغستانی نەفی عامی بۆ بارزانییەکان ڕاگەیاند و دەستی کرد بە سوتاندن و وێرانکردنی دێهاتی دەڤەرەکە[٦]. بەشێوەیەك دەسەڵاتداران بەدوای شێخ عەبدولسلامی دووەم دەگەڕان، هیچ شێوازێك نەما گوندییەکانی پێ ئازار و ئەشکەنجە نەدەن، بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن زانیاری لەبارەی هەلسوکەوت و گەڕان و سووڕانیان بدەن، لەهەر گوندێکدا پیاوێکی شێخ لەلایەن حکومەتەوە

(١) فائق ئەبوزێد، (دەرخستنی واتاکانی ژیان لە ژیانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ۲۰۰۳ز)، ل ١٤٢.

(٢) عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی: بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزاني لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ٩، ساڵی دووەم، هەولێر، ١٩٩٨، ل ١٢.

(٣) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

(٤) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٢٠-٢١.

(٥) جرجیس فتح الله، المصدر السابق، ص ٧٠.

(٦) هاشم شێروانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.

دەستگیر بکرایە ئەوە ئەو گوندە خاپوور دەکرا و زۆریش لە ڕۆڵەکانیان دەخرایە زیندان[١]، لەم نێوەندەشدا ژن و منداڵیش لەو ڕەشبگیریە بەدەر نەبوون، تەنانەت مستەفا بارزانی برا بچووکی شێخ کە تەمەنی لە دەورووبەری سێ ساڵاندا بوو لەگەڵ دایکی کەوتنە بەر ئەو هەڵمەتە و لە مووسڵ زیندانی کران بۆ ماوەی سێ ساڵ[٢].

پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە لە ڕێگای خیانەتەوە دەستگیر دەکرێت و ڕادەستی ئیتیحادییەکان دەکرێت، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد چووە ناو قۆناغێکی نوێوە، ماوەیەکی زۆری نەخایاند جەنگی یەکەمی لە ڕێکەوتی ٢٨/ تەمموزی/١٩١٤ ڕوویدا، ساڵانی جەنگ و دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگە کاریگەری هەبوو بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیش لەو کاریگەریانە بەدوور نەبوو، چونکە کوردستان چەقی ململانێکان بوو[٣].

سەبارەت بە ناوچەی بارزان پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ (شێخ ئەحمەد بارزانی) (١٨٩٦-١٩٦٩)ی برای جڵەوی دەسەڵات لە بارزان دەگرێتە دەست، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا[٤]، کە درێژە پێدەری هەمان ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بووە، بەلێهاتوویی و بەشێوەیەکی گورج و شیاو بەڕێوەی برد، هەروەها پەیوەندی نەتەوایەتی درێژە پێداو بە چاککاریی کۆمەڵایەتی[٥]، ئەرکی ئایینی و نەتەوایەتی خۆی بە باشی بەجێ هێناوە، هەر بەهۆی ئەو ڕێبازەشەوە یەکەم کەس بووە بە هاواری (شێخ مەحموودی بەرزنجی[٦]) چوو، کاتێ ساڵی ١٩١٩

---

(١) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٢) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزاني و بارزانییەکان باشتر بناسین، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠١٤)، ل ١٧ ؛ احمد عثمان ابوبكر، الاثار الكاملە، الجزء الثاني، اعداد: ازاد عبيد صالح، (السليمانية- مؤسسة ژين- ٢٠١٠م)، ص ١٣٣ ؛

*Karen dabrowska، Geoff hann، Iraq a then and now: A Guide of the country and its people،( london – 2008)،p.153.*

(٣) سامی شۆرش: بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ئیدریس بارزانی نمونەیەك، وەرگێڕان: ڕزگار، (دهۆك- چاپخانەی زانا- ٢٠٠٥ز)، ل ٦٠.

(٤) رشيد كريم خان عقراوي، التجربة البارزانية تقويمها وسبل تطويرها، (دهوك- مطبعة زانا- ٢٠٠٢م)، ص ٤٣.

(٥) هوشيار مظفر علي امين، الزعيم مصطفى البارزاني، (اربيل- مطبعة الثقافه- ٢٠١٣م)، ص ٣٠.

(٦) لە ساڵی ١٨٨١ لە سلێمانی لە ناو بنەماڵەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لەدایك بووە، کوڕی شێخ سەعید بەرزنجییە، خوێندنی ئایینی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی بەتەك عوسمانییەکان جەنگاوە، ساڵی ١٩١٨ بەناوی ئینگلیزەوە

دژی بەریتانییەکان ڕاپەڕی[١].

پێگەی شێخ ئەحمەد بارزانی لەدوای شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ مەحموود بەرزنجی لە باشووری کوردستان لە هەموویان دیارتر بووە، هەروەها دەڤەری بارزانیش هەتا ساڵی ١٩٣٢ وەك تاکە ناوچەیەکی عێراق و کوردستان ماوەتەوە کە دەوڵەتی نوێی عێراق- بەریتانیا نەیتوانیووە دەسەڵاتی بەسەردا بکات، هۆکارەکەشی بەندە بە بوون و ئامادەبوونی کەسیەتی شێخ ئەحمەد و خودی خێڵی بارزان[٢].

بارزانییەکان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە ڕاپەڕینەکانی ناوچەی بادینان و زاخۆ و ئامێدی، تەنها بە بەشداریکردن نەوەستاون، بەڵکو سەرکردایەتیان کردووە و پشکی سەرەکییان هەبووە لە هێنانەکایەی بەرەیەکی یەکگرتوو لەناو هۆزە کوردییەکان، لەبەرامبەر داگیرکاری بەریتانی[٣].

شیاوی باسکردنە شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی بۆ یارمەتیدانی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە سلێمانی نارد، بەڵام بەهۆی ڕێگریی ئینگلیزەکانەوە، کە بەربەستیان لەبەردەم ئەم هێزە دروست کرد، تا ئەو کاتەی گەیشتنە ناوچەکە شۆڕشەکەی شێخ مەحموود کپ کرابوو[٤].

لەلایەکی دیکەوە لە ساڵانی سەرەتای بیستەکاندا شۆڕشێکی نێوخۆیی بە سەرکردایەتی، نوری باویل ئاغا[٥]، لە ناوچەی ڕواندز بەرپابوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ

حوکمڕانی ناوچەی سلێمانی کردووە، بەڵام هەر زوو ساڵی ١٩١٩ دژی ئینگلیز وەستایەوە، پاش بەدیلگرتنی لە ساڵی ١٩١٩ تا کۆتاییەکانی ١٩٢٢ جارێکی تر گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی بوو بە سەرۆکی حکومەتی کوردستانی جنوبی تا ساڵی ١٩٢٤، دوای بەستنەوەی یەکجارەکی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقی تازە دەستکرد، پەنا دەباتە بەر ئێران و تا ساڵی ١٩٣١ هەر لە شەڕی حکومەتی عێراق و بەریتانیا بووە، دواتر دوورخراوەتەوە بۆ بەغدا و ناسریە و بەسرا تا دواجار لە دوورە وڵاتیدا و لە شاری بەغدا دوا هەناسەی ژیانی دا. ڕاپەرینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی...، ل ل ٢١٢- ٢١٣.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٢) عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕەنج- ٢٠٠٧ز)، ل ٣١٠.

(٣) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ٣٦.

(٤) وریا ڕەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩ ؛

*Karen dabrowska، Geoff hann، op.cit، p.153.*

(٥) نوری کوری باویل ئاغا کوری مەلا عەزیز : لە ساڵی ١٨٩٢ لە ڕواندز لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٢٠ شۆڕشی ڕاگەیاند لە دژی ئینگلیزەکان، پاش دەستگرتنی بەسەر شاری ڕواندز

هـۆزە هاوسـێکانی لـە ماوەیەکی کەم توانـرا ناوچەکانی برادۆسـت، بارزان، بالـەك، هەریر و شـەقڵاوە لـە ئینگلیـزەکان پـاك بکرێتـەوە، هـەروەك هاملتـۆن، ئەدمۆندز، مسـتەر های و نۆیـل لە نووسـینەوەی یاداشـتەکانیان ناتوانن ڕاسـتی ئـەم ڕووداوانە بشـارنەوە کە دەڵێن «خەریـك بـوو هێـزی ئـەو شۆڕشـگێڕانە پەلامـاری هەولێـر بـدەن و ئینگلیـز بە تـەواوەتی لـە کوردسـتان دەرپەڕێنـن»[١].

دیـارە جووڵانەوەکـەی «نـوری باویل ئاغا» پشـتیوانییەکی بێ وێنـەی لەلایەن هۆزەکانی دەوروبـەری لێکـراوە، لـەم ڕووەوە هـۆزی بـارزان یەکێـك بـووە لـەو هـۆزە نزیکانـەی ڕوانـدز، بـۆ ئەم مەبەسـتەش شـێخ ئەحمەد بـارزانی بۆ پاڵپشـتیکردن لەو شـۆڕشـە دووجار جەنـگاوەرەکانی خـۆی ڕەوانـە کـردووە، یەکەمیـان لـە سـاڵی ١٩١٩ نزیکـەی دوو سـەد چەکـداری ڕەوانـە کـردووە، پاشـان بـۆ جـاری دووەم هێزێـکی دیکـە بـە سـەرکردایەتی، مسـتەفا بـارزانی[٢]، ئەمـەش لەوکاتـەدا بـوو بـەر لـەوەی هێـزی، ئۆزدەمیـر پاشـای تـورك بگاتـە ڕوانـدز لـە ٦ی حوزەیـرانی سـاڵی ١٩٢١[٣].

شـێخ ئەحمـەد بـارزانی هـەروەك هەمـوو شـێخانی تەکیـەی بـارزان هەوڵیـداوە دادپـەروەری و یەکسـانی لەنێـوان چینـەکانی کۆمەڵگا بهێنێتـە کایـەوە، لەهەمـان کاتـدا هەسـتێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی قـووڵی هەبـووە، هیـچ کاتێـك جیـاوازی نەکـردووە لەنێـوان خەڵـك لەسـەر جیـاکاری ئایینـی و ئایینزایـی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـێخ ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٩٢٠ لەلایـەن «ئەندرانیـك ئەرمـەنی» نامەیـەکی پـێ دەگات تێیـدا داوای لێـدەکات بـە ڕزگارکـردنی خانەوادەکـەی لـەو ڕەشـەکوژییەی کـە تورکـەکان دەرهـەق بە ئەرمەنـەکان ئەنجامـی دەدەن، شـێخی بـارزان بـەدەم داواکارییەکـەی دەچێـت و پۆلێـك لـە جەنـگاوەرانی بـارزان پێـك دەهێنێـت بـە سـەرکردایەتی، وەلیـد بـەگ، کـە، مسـتەفا بـارزانی، یەکێـك دەبێـت لـە ئەندامـانی ئـەو دەسـتەیە، دەتوانرێـت خانەوادەکـەی ناوبراو ڕزگار بکرێـت و بیگوازنـەوە سـوریا، لـەم کردەیەشـدا چـواردە جەنـگاوەری بـارزانی گیـان لەدەسـت دەدەن[٤].

---

ئەنجومەنێـکی پێکهێنـا بـۆ بەڕێوەبـردنی شـارەکە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ بەهـۆی نەخـۆشی کۆچـی دوایـی کـردووە. حسـن لطیـف الزبیـدي، موسـوعة السیاسـة العراقیـة، الطبعـة الثانیـة، (النجـف- ٢٠١٣م)، ص ٦٣٩.

(١) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١١١٣.

(٣) *Wallace Lyon، op.cit، p.42.*

(٤) عرفـات کـرم سـتوني، الحیاة الدینیـة مـن نهـري الـی بـارزان، (اربیـل- مطبعـة اراس- ٢٠١٠م)، ص ٦٠ ؛ عـەلی زێبـاری، کەسـایەتیا بـارزانی و سروشـتێ وی یـێ خەباتـێ، (دهـۆك- چاپخانـە پارێزگەهـا

لەو هەلومەرجەشدا کە تەکیەی بارزان لەناو بازنەی تەلەکە و فێڵەکانی حکومەتی بەریتانی- عێراقی دەخولایەوە، کەچی هەستی نەتەوایەتی لە دەروونی شێخ ئەحمەد بارزانی زیاتر چەکەرەی دەکرد، چونکە هەر لەوماوەیەدا لە ساڵی ١٩٢٥ لە باکووری کوردستان شۆڕشێك بە سەرکردایەتی (شێخ سەعیدی پیران)[١] دژبە دەسەڵاتدارانی تورك سەرهەڵدەدات، شێخی بارزان بەمەبەستی هاوکاریکردنی شۆڕشەکە هێزێك بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی ڕەوانەی باکووری کوردستان دەکات[٢].

دوابەدوای کپکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورك، زۆرێك لەسەرکردەکانی باکووری کوردستان ڕوویانکردە بەشەکانی تری کوردستان، سەبارەت بە باشووری کوردستان شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵی ١٩٢٦ محەمەد سدیقی برای ڕەوانەی ڕواندز دەکات بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی باکوور بۆ دارشتنەوە و بنیادنانەوەی شێوازێکی تۆکمەتر بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لە داهاتوودا[٣]، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەریتانییەکان لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانی داهاتوویان جەخت لەوە بکەنەوە کە دەرگای بارزان بۆ هەموو کەسێکی یاخی والایە، تەنها دەرگای شێخ بەڕووی بەریتانیا و حکومەت داخراوە[٤].

---

دهۆکێ- ٢٠١٣ز)، ل ١٧.

(١) شێخ سەعید: لە بنەماڵەیەکی ئاینی باوکی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەلی یە، لە ساڵی ١٨٦٥ لە پالۆ لە دایك بووە، دوای مردنی باپیری باوکی گەڕایەوە خنس، بۆیە شێخ سەعید سەرەتای خوێندنی لە خنسەوە دەست پێ کردووە بە خوێندنی زانستە ئایینیەکان، دوای مردنی باوکی سەرپەرشتی بنەماڵە و تەکیەکانی کەوتە ئەستۆ، لە ساڵی ١٩٠٧ دەستی کردووە بە گەڕان بەناو دێهاتەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات دا و سەرۆکە حەمیدیەکانی ناسی بوو، هەر لەو کاتەدا نازناوی (بدیع الزمان)ی وەرگرت ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر لە شیعر و قامەتی حریرە و بەدیع لەبەربووە، شێخ سەعید لە پاڵ کارەکانیشی وانەی دینی دەوتەوە ١٢ قوتابی بوون بەزانای گەورە، ئەوەی کە دەسەڵاتی شێخی زیاتر کرد شووکردنی کچەکانی بوو بە شێخ و سەرۆك عەشیرەتە کوردیەکان، پیاوێکی تێکۆشەر و بەهێز و بەتوانا بووە، هەموو کات دژی زوڵم و زۆرداری دەوەستا، لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دادگای ئیستقلالی دیاربەکر فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : تەلار علی امین، سیاسەتی کەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان (١٩١٨ـ١٩٣٨)، نامەی ماستەر پێشکەش کراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر- ٢٠٠٠ز، ل ٩٧.

(٢) حامید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٣) ڕۆژ عەبدوللا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨- ٢٩.

(٤) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص ٢٣٧.

مەنـدوبی سـامی بـۆ هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـە لـە ٣١ی شـوباتی سـاڵی ١٩٢٨ پشـکنەری کارگێـڕی مووسـڵ، میجـور ویلسـۆن، ڕادەسـپێرێت بـۆ کۆبوونەوە لەگەڵ شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی، کـە کۆبوونەوەکـە لـە شـوێنێك لەنزیـك بـارزان ئەنجـام درا، لـەم چاوپێکەوتنـەدا، شـێخ ئەحمـەدی بـارزان، داوایکـرد مـافی سەرپەرەشـتیاری و چاودێـری پێبدرێـت لەسـەر گونـدەکانی سـەربە قەزای ڕواندز، ویلسـۆن پێـی ڕاگەیاند کـە حکومەتی عێراقـی وەڵامـی ئـەم داوایـەی ناداتـەوە و پەسـەندی نـاکات، ڕێکەوتـن لەسـەر ئـەوەی حکومـەت بەرپرسیارێتی چەنـد ناوچەیـەك بـە شـێخ بسـپێرێت، بەمـەش تاڕادەیـەك ئارامیـەکی کاتی لـە ناوچەکـە بەرقـەرار بـوو[١].

سـەبارەت بـەو هێـزەی کـە لـە بلـێ مۆڵگەیـان دامەزاندبـوو، مسـتەفا بـارزانی لـەکاتی چاوپێکەوتنەکـەی لەگـەڵ موتەسـەریفی مووسـڵ لەسـەر داوای شـێخ ئەحمـەد بـارزانی پێـی ڕادەگەیەنێـت کـە ئـەم هێـزە بەریتانیـە لە «بلێ»یـە بێتـە هەڵگرتن، ئەگـەر بوونیان پێویسـتە لەشـوێنی ئەوان فەوجێکی سـوپای عێـراق دابنرێت، لەکاتی گەڕانـەوەی بۆ بارزان لـە، بلـێ، فەرمانـدەی بەریتـانی دەبینێـت و بە مسـتەفا بـارزانی دەڵێـت «لە سـەرکردایەتی خۆمـەوە فەرمانـم دراوەتـێ کـە بەپێـی داخوازیتـان ئـەم ناوچەیـە بـدەم بـە فەوجێـکی عێراقـی، هیـوادارم لەگـەڵ بـرا مووسـڵمانەکانتان بـە خـۆشی بژیـن، وا ئێمـەی ئینگلیـزی کافـر دەڤەرەکەتـان بەجـێ دێڵیـن، پاشـتر خۆتـان دەبیننـەوە»[٢].

دیـارە ئـەم هەڵوێسـتە دواتـر بە کـردەوە دەچێتە بـواری جێبەجێ کـردن، چونکە هەر لـەدوای کشـانەوەی هێـزە بەریتانییەکـە لـە بلـێ لـە سـاڵی ١٩٣٠ و هاتنی سـوپای عێراق بـۆ شـوێنیان بـە سـەرکردایەتی، بەرقـی سـدقی، بـرای «بەکـر سـدقی» ڕەوشـەکە بـەرەو ئاڵـۆزی دەچێت[٣].

بەریتانییـەکان توانیـان لـە هانـدانی شـێخ ڕەشـیدی لۆلان لە دژی شـێخی بارزان سـوود لـە پڕوپاگەندەکانیـان بکـەن، لـە مـاوەی مانگـەکانی تەممـوز و تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٣١ چەندیـن بەرنگاربوونـەوە لەنێوانیـان ڕوویـدا، کـە بەریتانییـەکان ڕۆڵـی سـەرەکیان تێیدا گێـڕاوە[٤].

---

(١) *Iraq Administration Reports 1914 – 1932، Vol(9)1928، – 1930،P.18* .

حامـد محمـود عيـسى، المشـكله الكرديـه في الـشرق الاوسـط، (القاهـره- مكتبـه المدبـولي- ١٩٩٢م)، ص ١٥٤.

(٢) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر....، ل ١٦٧.

(٤) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص ٢٣٩.

دیارە ڕاپۆرتی ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەریتانی لە هەولێر دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە بەریتانییەکان لە پشت پەردەوە هەوڵی گەورەکردنی ئەو ناکۆکی و پەشێویانە دەدەن لەنیوان هەردوولا، وەك لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت، شێخ ئەحمەد لە ٢٩ی تەمموزی ساڵی ١٩٣١ نامەیەکی بۆ شێخ ڕەشیدی برادۆست دانیشتووی گوندی لۆلان ناردووە، داوای لێکردووە بۆ سەر ئایینی تازە، لەوکاتەی شێخ ڕەشید ڕازی نەبووە، شێخی بارزان هێزێکی سێ سەد کەسی بە فەرماندەیی مستەفا بارزانی ناردووە بۆ ئەوەی بە زەبری هێز ملکەچیان بکات[١].

لەم ڕاپۆرتە بەڕوونی دەردەکەوێت کە بەریتانییەکان دەیانەوێت دەستپێشخەری ناکۆییەکان بخەنە ئەستۆی تەکییەی بارزان و بۆ ڕای گشتی نیشان بدەن کە بارزانییەکان لەڕێگای هێزەوە دەیانەوێت هەژموونی خۆیان بەسەر هۆزەکانی دیکەی ناوچەکە بسەپێنن.

سەبارەت بە پێشهات و ڕووداوەکانی نێوان شێخی بارزان و شێخ ڕەشید، سەرەتا شێخ ڕەشیدی لۆلان بۆ وەستان لەدژی شێخ ئەحمەد بارزانی بانگەشەی جیهادکردن بۆ سەرۆك هۆزەکانی، سورچی، خەیلانی، باڵەك و شیوەزوری، دەکات، بەڵام بانگەوازەکەی لەلایەن سەرۆك هۆزەکان ڕەت دەکرێتەوە[٢].

دوابەدوای ڕەتکردنەوەی بانگەوازەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان، برادۆستیەکان دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی سنووری بارزان، لەڕاستیدا ئەو هەراو پێکدانانە ئەوەندە لەسەر بنەمای ڕکابەری دەسەڵات و ململانێی هۆزایەتی نەبوو، بەقەد ئەوەی ئەوەندەی پەیوەست بوو بە سیاسەتبازی و بوختانی حکومەتی عێراقی و بەریتانییەکان، کە هەوڵەکانیان چڕ کردبۆوە لەپێناو تێك بەردانی کوردان و لەکەدارکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری ڕۆڵی خیڵی بارزانی ڕاپەڕیوو لە کاروانی ڕەهەندە نەتەوییەکان[٣].

لە هاوینی ساڵی ١٩٣١ برادۆستییەکان پەلاماری هۆزی شێروانی ناوچەی بارزانیاندا و گوندەکانی، گرکال، کۆلەك و بابکێ، یان تاڵانکرد و ماڵەکەنیان سوتاند، لەبەرامبەر ئەو شاڵاوەی برادۆستییەکان، مستەفا بارزانی، لەگەڵ هێزێك شوێن تالانکەران کەوت و لە دەشتی، هێرت، پاش لێکدانێکی کتوپڕ ماڵ و ماڵاتی ئەو گوندانەی لێ سەندنەوە[٤].

---

(١) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر....، ل ١٦٩.

(٣) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٦.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨ ؛ عەلی زێباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨– ١٩.

دیارە مەبەستی شێخ ڕەشیدی لۆلان بۆ هێرشکردنە سەر هۆزی شێروان بەتایبەتیش گوندی، گرکال، دەگەڕایەوە سەر بیرکردنەوەکانی خودی شێخ ڕەشید کە دەیویست هەژموونی تەکیەی لۆلان بەسەر ئەو گوندە بسەپێنێت لە دەشتی هێرت کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچەی برادۆست، کە چووبوونە ژێر رکێفی تەکیەی بارزان[١].

جارێکی دیکە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، برادۆستیەکان پەلاماری ئەو ناوچەیان دایەوە، بەڵام بارزانییەکان بە سەرکردایەتی، وەلی بەگ توانیان بەرنگاریان ببنەوە و ناچار بە ڕا کردنیان بکەن، پاش ئەوەی ئەو سامانەی تاڵانیان کردبوو بەجێیان هێشت[٢].

دوابەدوای شاڵاوی برادۆستیەکان، حکومەت ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوو لایەن، بۆیە لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٣١ لێژنەی نێوەندگیری کە پێکهاتبوون لە موتەسەریفی مووسڵ و هەولێر و قایمقامی ڕواندز و زێبار لەگەڵ هەریەکە لە نوێنەری شێخی بارزان کە بریتی بوو لە، مستەفا بارزانی، و نوێنەری برادۆستیەکان لە ئاکرێ کۆبوونەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە[٣].

سەبارەت بەدوا دانیشتن لەلایەن هەردوولایەنی ناکۆك، خاوەن کتێبی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئاماژە بە هەوڵەکانی قایمقامی زێبار، بلە، دەکات کە بەناوی حکومەتی عێراقەوە پەیوەندی بە شێخی بارزان دەکات، کە گوایە حکومەت حەز دەکات ناکۆکی لەنێوان بارزانییەکان و برادۆستیەکان نەمێنێ، شێخ ئەحمەد ئەم داخوازیەی حکومەتی پەسند کرد، بەمەرجێ لایەنگرانە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش، محەمەد سدیقی برای وەك باوەرپێکراوی خۆی ڕەوانەی ئەو کۆبوونەوەیە کرد، هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهاتە، مستەفا بارزانی، لە دەرەوەی بارزان بوو[٤].

بێگومان دواتر دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی بەهیچ شێوەیەك مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان نەبوو، بەڵکو ئەم کارەیان زیاتر فێلێکی سیاسی و سەربازی بوو، بۆ ئەوەی فەرماندە بەهێزەکانی بارزان لە ناوچەکە دووربخەنەوە، تا بەئاسانی بتوانن لەڕێگای هێزی سەربازییەوە شێخنشینی

---

(١) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٠٩.

(٢) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤؛ دیڤید مکدول، المصدر السابق، ص ص ٢٨٤- ٢٨٥.

(٣) حسن مصطفی، المصدر السابق، ص ٢٦.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

بـارزان لەناوبـەرن[١].

لەلایەکـی دیکـەوە ڕاپۆرتێـکی بەریتـانی جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە، عیسـمەت ئینینـۆ، لـەکاتی سـەردانیکردنی مەنـدوبی سـامی «فرنسـیس همفریـز[٢]» بـۆ تورکیـا، پێـی ڕادەگەیەنێـت کـە ئومێـدەوار دەبێـت بەوەی کـە حکومەتی عێراقـی بە پەلـە کاربکات بۆ ئـەوەی شـێخی بـارزان بخاتـە ژێر دەسـەڵاتی خـۆی، چونکە بەئاشـکرا سـۆزدارییەکی تەواو لەلایـەن خەڵکـەوە بەرامبـەر بـە یاخـی بـوونی کـوردی هەیـە لـە کۆمـاری تورکیـا[٣].

دیارە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی شێخی بارزان تەنها قەتیس نەبوو لە باشووری کوردستان، بەڵکو هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە، لە نیسانی ساڵی ١٩٣١ لە بارزان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست بۆ سەرۆکە کوردەکان، کە تێیدا بەڵێنی دا بەناردنی چوارسەد جەنگاوەر لەگەڵ ناردنی نامە بۆ سەرکردە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێویاندا، سەید موحسین، برای سەید تەها کە داوای لێکردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی

---

(١) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٥.

(٢) فرنسـیس همفریـز : لـە٢٤ی نیسـانی سـاڵی ١٨٧٩ لەدایـك بـووە، کۆلێـژی سـەربازی تـەواو کـردووە وەك کۆلۆنێـل سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم لـە شـەری ئەفریقـادا بەشـداری کـردووە، ماوەیـەکی زۆر لـە هیندسـتان و ئەفغانسـتان کاری کـردووە، کۆتایـی جەنگـی جیهـانی یەکـەم لـە شـەڕگەکانی ئەوروپـادا بەشـدار بـووە، لـە سـاڵی ١٩٢٩ بووەتـە مەنـدوبی سـامی بەریتـانی لـە عێـراق، لەنێـوان ساڵانی ١٩٣٢– ١٩٣٥ هـەر لـە عێـراق بـوو بـە باڵیـۆزی بەریتـانی، دوای لـە چەنـد کۆمپانیایـەکی گـەورەی وڵاتەکەیـدا کاری کـردووە بـە کۆمپانیـای نـەوتی عێراقیـەوە، هەریەکـە لـە وڵاتـانی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٣٣ و ئەفغانسـتان لـە سـاڵی ١٩٢٨ خـەلاتی فەرمـی بەرزیـان داوەتـێ، ڕۆژی ٢٨ی ئـابی ١٩٧١ مـردووە. کەمـال مەزهـەر، کـورد و کوردسـتان ....، بەرگـی یەکـەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٨٩.

(٣) بیـلال ن. شمشـیر، بەلگەنامەکانـی ئینگلیـز لـە بـارەی کێشـەی کـوردی تورکیـاوە(١٩٢٤- ١٩٣٨) شۆڕشـەکانی شـێخ سـەعیدی پیـران، ئاگـری و دەرسـیم، وەرگێـڕان: سـەلمان عەلـی، (سـلێمانی- چاپخانـە و ئۆفسـێتی ئاسـا- ٢٠٠٢ز)، ل ٤١٥ ؛ عەتـا قەرەداغـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٠٩.

(سمكۆی شكاك)[١] پشتیوانی لە شۆڕش بكەن لە كوردستانی ئێران [٢]. لەوبارەیەوە ڕاپۆرتە بەریتانییەكان ئاماژە بە ڕۆڵی شێخی بارزان دەكەن لەناردنی سەد چەكدار بۆ پشتیوانی شۆڕشگێڕانی ئۆرەماری، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی شوێنكەوتووانی شێخی بارزان كە لە ئابی ساڵی ١٩٣٠ دژی توركەكان جەنگاون[٣].

دەسەڵاتدارانی توركیا زۆر نیگەران بوون لە فرەوانبوونی چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەتایبەت لە باشووری كوردستان، بۆیە جارێكی دیكە یاداشتێكیان ئاراستەی حكومەتی عێراقی كرد، سەبارەت بە پاسەوانیی كردنی ناپێویستی سەر سنوور، لە یاداشتەكەدا ئاماژە بەوە دەكات كە كوردانی عێراق كۆمەك و هاوكاری پێشكەش بە كوردانی توركیا دەكەن و هەوڵ دەدەن لەو ئان وساتەدا كاری تێكدەرانە بۆ بەرژەوەندی هێزەكانی

---

(١) سمكۆی شكاك : سەربە هۆزی شكاكە كە ناوچەی ڕەسەنیان لە ئەنادۆڵ بووە لە ئاسیای بچووك دوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ ناوچەی ئەم هۆزە بەشێكیان كەوتە بندەستی دەوڵەتی سەفەوی و ئەویتریشان كەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، سمكۆ كە كورتكراوەی ناوی (ئیسماعیل)ە، كوڕی محمدخانی علی خانە، لەدوای كوژرانی جەعفەر ئاغای برای سمكۆ، باوكی سمكۆ چەند سەرۆك هۆزێكی كوردی لە بناری چەهریق كۆكردەوە لەوانە هۆزی (هەركی و جەلالی و لقەكانی هۆزی شكاك) دوای سوێند خواردنیان بڕیاریان دا لە دژی دەوڵەتی قاجاری بوەستنەوە، بەڵام ئەم پلانە سەری نەگرت ئەوكاتەی محمد خان دەچێت بۆلای سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ باڵیۆزی ئێران بانگهێشتی محمد خان دەكات، بەوەش دەسەڵاتدارانی عوسمانی پێی دەزانن و بۆ دورگەی كریت دووری دەخەنەوە تا كۆچی دوای لە ساڵی ١٩٠٧دا دەمێنێتەوە، دواتر سمكۆ جێگای باوكی دەگرێتەوە. بڕوانرێتە سەید كەمال ئیبراهیمی، سمكۆ، (سلێمانی- وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەریتی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی- ٢٠١٢ز، ل ل ١٧، ٣٣- ٣٥.

(٢) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

(٣) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٩؛ بیلال ن. شمشیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٥٨، ٣٦١ ؛ نوری كەریم، پانۆرامای دیرۆكی كورد ٤٠٠ پ ز- ١٩٧٥ز، كورد (نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، كولتور)، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی چوارچرا- ٢٠١٧ز)، ل ١٧؛

*Jack David Eller، frome culture to ethnicity to conflict:an anthropological persective on international ethnic conflict،(united states of Amerca- 1999)،p.186.*

کورد لە ناوچەی «ئارارات»[١] ئەنجام بدەن[٢].

بێگومـان بارزانییـەکان خۆیـان بـە داکۆکیکـەر و بەرگریـکار ئـەزانی لـە مافـەکانی کورد لەهەمـوو ناوچـە و پارچـەکانی کوردسـتان، هەر بـەو تێڕوانیـن و دیدگایـەوە، بارزانییەکان نـەك لـە شۆڕشـدا تەنهـا هـاوکاری شۆڕشـەکانی خۆیـان بـوون، بەڵکـو هاوپشـتی شۆڕشـە یـەك لەدوایەکـەکانی تریـش بـوون، بەهانـای شـۆڕشی شـێخ سـەعیدی پیـران و سـمکۆی شـکاك و شـێخ مەحمـوود چوونـە[٣].

بارزانییـەکان لـە لێدان و سـەرکوتکردنی نەیـارەکانی دۆزی گەلی کورد و پیاوە دۆسـت و بەکرێگیـراوی وڵاتـانی دەوروبەری کوردسـتان قەد دەسـتیان نەپاراسـتووە، ئـەو هۆزانەی چوونـە پـاڵ دەوڵـەتی عێـراق دوای دامەزرانـدنی ئـەو دەوڵەتـە بـۆ لێـدانی دەسـەڵات و هەژمـوونی بارزانییـەکان، لـە توانـا و هێـزەکانی خۆیـان لە دەسـتدا، بەهۆی ئـەو گورزانەی لەسـەر دەسـتی بارزانییـەکان بەریانکـەوت لـە سـاڵی (١٩٣٢ز)، بۆیـە دەبینیـن کاتیـك شـێخ مەحمـوودی حەفیـد لـە سـاڵی١٩٣٠ز، ڕاپەڕینـی بەرپـا کـرد وەکـو پەرچەکردارێـك لەبەرامبـەر هەڵوێسـتی حکومـەتی عێراقـی و بەریتـانی و پشـت گـوێ خسـتنی مەسـەلە نەتەوەیـەکان، ئـەوە بـوو بارزانییـەکان هێزێکیـان بـە سـەرکردایەتی (مـەلا مستەفای بـارزانی) لەسـەر ڕاسـپاردە و پێشـنیازی (شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی)، بۆ هـاوکاری هێزەکانی شـێخ مەحمـوود ڕەوانـەی ناوچەکـە کـرد، بـەڵام بـەر لـە گەیشـتنی هێزەکـە ڕاپەڕینەکـە سـەرکوتکرا[٤].

بارزانییـەکان لـە بیـرە نەتەوەییەکانیـان پەشـیمان نەبوونـەوە، بەڵکـو هەمیشـە بـەدوای گـەراون بـۆ ئەنجامـدانی ڕاپەڕیـن و هەڵگەڕانـەوە لـە دژی دەسـەڵات، ئـەو هەوڵـە جارێـکی تـر بـۆ بارزانییـەکان ڕەخسـا و بـۆ ئـەوەی بڕیـاری هەڵگیرسـانی شـۆڕشی

---

(١) ئـارارات یاخـود ئاگـری داغ ناوچەیـەکی شـاخاوی سـەخت و ناهەمـوارە، لوتکـەی ئـارارات بەهـەردوو لوتکەیـەوە ئـاراراتی گـەورە و بچـووك قەڵایـەکی سروشـتیە بـە پانتایـی ٩٦٠ کـم چوارگۆشـە پێـك دەهێنێـت، کـە هـەردوو لوتکەکـە ١٢کـم لێـك دوورن، ئـارارتی بچـووك بـە ٣٣٩٦ مەتـر و ئـارارتی گـەورەش بـە ٥١٥٧ مەتـر لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە بـەرزن، کـە هەردووکیـان لـە ملـەی «سـەرداربولاکدا» کـە ٢٤٤٥ مەتـر بـەرزە یەکانگـیر دەبـن. کریـس کۆچێـرا، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٢٤.

(٢) جەلیلـی جەلیـل و ئەوانـی دیکـە، شۆڕشـەکانی کـورد لـە سـەردەمی نوێـدا، وەرگێـڕان: بەهادیـن مسـتەفا، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٣ز)، ل ٢٧٩.

(٣) کارزان شـاکری، شـۆڕشی ئەیلـول شۆڕشـێك لـە پێناومانـەوە و سـەربەخۆبون، گۆڤـاری سـەفین (سیاسـی و مێـژووی و کۆمەڵایـەتی گشـتیە)، ژمـارە ٦٢، هەولێـر، ئـابی ٢٠١٥، ل ١١.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

یەکەمی بارزان بدەن لە ساڵی (١٩٣١- ١٩٣٢ز) بە ڕابەرایەتی (شێخ ئەحمەدی بارزان ١٨٩٦-١٩٦٩ز)[(١)].

لەو هەلومەرجەدا دەڤەری بارزان لە داواکردنی مافی کوردان بەدەر نەبوو، بەتایبەت شێخی تەکیەی بارزان لە نیسانی ١٩٣١ داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆیی بدات بە کورد[(٢)]، لەبەرامبەردا حکومەتی عێراقی لە دەسپێکی وەرگرتنی سەربەخۆیی هەوڵیدا توانا و دڕندەیی خۆی نیشانی کورد و سەرکردەکانی بدات، بەڵام شێخ ئەحمەدی بارزانی یەکێ بوو لەو ڕێبەرە دیارانەی کورد کە ئامادەنەبوو سەر دانوێنێت بۆ دەسەڵاتی عێراقی، بۆیە حکومەت لەڕێگای داڕشتنی چەندین پیلان سەرەتا لەڕێگای هۆزەکانی دەورووبەر، پاشان ئەنجامدانی لەشکرکێشی لە٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ بۆ سەر بارزان لەژێر سەرکردایەتی سەرهەنگ بەرقی بەگ[(٣)].

بەرقی بەگ بەپێی فەرمانی باڵاوە لە بەرەبەیانی ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ لە ئۆردوی، بلێ ی مەرکەزی قەزای زێبار کە ١٠کم لە بارزانەوە دوور بوو بەرەو ئەو ئامانجەی کە بۆی دانرابوو سوپاکەی جووڵاند، بە نیازی ئابلوقەدانی بارزان و دەستگیرکردنی شێخ و بڵاوەپێکردنی دارودەستەکەی[(٤)]، دیارە حکومەتی عێراقی وا گومانی بردبوو، ئەگەر بە نهێنی لەشەودا گەمارۆی بارزان بدات، پاشان هێرشی لەناکاو ئەنجام بدات کاریگەری دەبێت لەسەر ڕووخانی ورەی بارزانییەکان، کە ئەنجامەکەی خۆ بەدەستەوەدانیان دەبێت بەهێزەکانی عێراق[(٥)]، بەڵام فەرماندەی ناوچەی مووسڵ لە گەڕانەوەی، مستەفا بارزانی، و جەنگاوەرەکانی بۆ ناو بارزان لە ئێوارەی ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی١٩٣١ بێ ئاگابوو[(٦)].

سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکەی نێوان بارزان و سوپای عێراق لە بەرەبەیان دەستی پێکرد تاکو ئێوارە بەردەوام بوو، کە هێزی بارزانییەکان لە ٨٠ جەنگاوەر

---

(1) *Jacqueline s. Ismael، Tariq y.  e and Glenn perry : Governments and politics of conternporary middle East:continuity and change،(London،Routledge-2 edition)،2016،p.233.*

(2) *Jamal jalal Abdulla، the kurds on the way to statehood، published by: author house، 2012، p.92.*

(٣) عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان ....، ل ٦٧.

(٤) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ١٧.

(٥) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٥.

(٦) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

تێنەدەپەڕی توانیان فەوجێکی سەربازی سوپای عێراق تێکبشکێنن، کە فرۆکەیەکی جەنگی بەریتانی پاڵپشتی دەکردن[١]، دوای تێکشکانی سوپای عێراق، فەرماندەی ناوچەی مووسڵ و ژمارەیەکی کەمی ئەو هێزەی بەشداری کردبوو لە شاڵاوەکە توانیان خۆیان لە چنگی جەنگاوەرانی بارزان دەرباز بکەن و خۆیان بگەیەننە بارەگای فەوج لە بلێ[٢]، پاش ئەوەی نزیکەی ١٢٦ لاشەی سەربازی کوژراو و بەشێکی زۆر لە چەك و جبەخانەیان لە مەیدانی جەنگ جێهێشت، لە بەرامبەریشدا تەنها پێنج جەنگاوەری بارزانی گیانیان لەدەستدا[٣]، هەرچەندە بارزانییەکان بەهۆی ڕووخانی ورەی سەربازانی عێراقی دەیانتوانی دەست بگرن بەسەر، بلێ، سەنتەری قەزای زێبار، بەڵام شێخی بارزان فەرمانیدا بەوەستاندنی پێشڕەوییەکانی جەنگاوەرانی بارزان[٤].

هەروەها بەهۆی ئەو بەرگریکردنە سەختەی بارزانییەکان نواندیان ئەو دەرسە واتابەخشەی بە فەرماندەی ناوچەی مووسڵیاندا لە ٩ی کانوونی یەکەمدا دڵنیابوونی دەسەڵاتداران لە نەتوانینی هەلسانی فەوجی، بلێ، بە شاڵاوێکی دیکە بێ ئەوەی چەند هێزێکی زیاتر خاوەن چەکی باشتر یارمەتی بدات، ئەم هۆیانە پاڵیان بە حوکمەتەوە نا کە بەشێوەیەکی کاتی لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز ببێتەوە و ئامادەیی و ئارەزووی خۆی پێشان بدات بۆ لەیەکگەیشتن لەگەڵ شێخی بارزان[٥].

دوای شکستخواردنی سوپای عێراق بە سەرکردایەتی بەرقی بەگ لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١، ڕەوشی دەڤەری بارزان تا بەهاری ساڵی ١٩٣٢ ئارام بوو، بەڵام ئەم هێمنیە تا سەر بەردەوام نەبوو، چونکە هەر لە بەهاری هەمان ساڵ ئاگاداری گەیشتە شێخی بارزان کە حکومەت نیازی خراپە و خەریکە لە ناوچەکانی ڕواندز، ئاکرێ و ئامێدی هێزی زۆر کۆدەکاتەوە بە هیوای پەلاماردانێکی گەورە بۆ سەر ناوچەکە، بێگومان لەسەر حکومەت پێویست بوو چاو بەپلانەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە، چونکە ئەو بەرگرییە سەخت و بوێرانەی کە لە شەڕی بەرقی بەگ تووشی سوپاکەی هاتبوو پێی سەلماند کە پەلاماردانی بارزان پێویستی بە نەخشەیەکی ورد و هێزێکی زۆرتر هەیە[٦]، لەوبارەیەوە حکومەتی عێراقی بەر لەدەسپێکردنی شاڵاوەکانی بۆ سەر بارزان، داواکارییەکی فەرمی لە ١٨ی شوباتی ١٩٣٢ ئاراستەی تورکیا دەکات، کە ڕێگا

(١) وریا رەحمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٢) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

(٣) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٤) ناجی شوکت، سیره و ذكریات ثمانین عاما، (بیروت- ١٩٧٥)، ص ١٩٩.

(٥) مەنسور شێخ ڕەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٦) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

بگرێت لەچوونی شێخی بارزان و لایەنگرەكانی بۆ ناو خاكەكەی[١].

حكومەتی عێراقی لە ١٠ی ئازاری ١٩٣٢ ئاگاداررییەك ئاراستەی شێخ ئەحمەد بارزانی دەكات بۆ ئەوەی لەبەردەم قایمقامی زێبار، لە بلێ ئامادەبێت و لەهەمان كاتدا پێیان ڕاگەیاند كە حكومەت بەنیازە بە دامەزراندنی بنكەی حكومی لە ناوچەی بارزان[٢]، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی دوو ڕۆژیان بۆ شێخی بارزان دیاریكرد تا ڕازی بوونی خۆی سەبارەت بەو بابەتە ڕابگەیەنێت، واتای ئەمەش كۆنترۆڵكردن و دەست بەسەرداگرتنی تەواوە بەسەر ناوچەكە و بەرگریكردنە لە جووڵانەوەی هێزەكانی بارزان[٣].

دوابەدوای ڕەتكردنەوەی داواكارییەكانی حكومەت لەلایەن شێخی بارزان، بڕیاری لەنێوبردنی شۆڕشەكەی بارزان درا لەڕێگای هێزی سەربازی عێراقی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی[٤]، چونكە حكومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانی مەترسی ئەوەیان هەبوو لە بەرفرەوانبوونی بلێسەی شۆڕش و ناكۆكییەكان بۆ ناوچەكانی دیكە[٥].

هاوكات لەگەڵ جمووجۆڵە سەربازییەكانی حكومەتی عێراقی، شێخی بارزان هەستی بەوە كرد كە پێویستە دەست بە ئامادەكارییەكان بكات بە مەبەستی بەرگریكردن، بۆیە لەیەكەم هەنگاویدا دەستیكرد بە دابەشكردنی ئەو هەزار جەنگاوەرەی خۆی بۆ سەر سێ بەرە[٦]، هێزی سەرەكی بە سەركردایەتی، مستەفا بارزانی، كە ئەركەكەی بریتی بوو لە بەرگریكردن لە قوڵی (مێرگەسۆر- شێروان) [٧]، بەرامبەر هێرشی لیوای عێراقی هێرشبەر بەناوی «دای»، هەروەها هێزێكی دیكە بە سەرۆكایەتی محەمەد سدیق بارزانی بە یاریدەدەری حاجی تەها ئاكرەیی بۆ بەرەی (بالندە- ئامێدی)، بەرامبەر بە ڕەتلی (بۆل)، شێخی بارزانیش هێزێكی لەژێر سەرپەرشتی خۆی هێشتەوە بەرامبەر ئەو فەوجەی كە لە بلێ نیمچە گەمارۆ دراو بۆ ڕێگەگرتنی پێرس لەو هێزە یەدەگەی كە لە ئاكرێوە دەهات[٨].

(١) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٩.

(٢) فاضل البراك، المصدر السابق، ص ص ٧٦– ٨٢ ؛ نیسان حسن ڕۆستم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٣) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

(٤) محمود الدره، المصدر السابق، ص١٩٩.

(٥) فاضل البراك، المصدر السابق، ص ٧٦.

(٦) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٧) هوشيار مظفر علي امين، المصدر السابق، ص ٣٢.

(٨) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

سوپای عێراقی لە ١٥ی ئازاری ١٩٣٢ بەپێی پلانێکی پێشتر نەخشە بۆ داڕێژراو لە هەرسێ قۆڵی قەزاکانی (ڕواندز، ئاکرێ و ئامێدی)یەوە بە یارمەتی هێزی کرێگرتەی هەندێ لە هۆزەکانی برادۆست، زێباری و ڕێکانی دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ هێرشێکی بەربڵاوی گەورە بۆ سەر ناوچەکانی بارزان[1].

لەسەرەتای مانگی نیسانی ١٩٣٢ هێزی ،دای، بە سەرکردایەتی عەقید، حاج سری ئەحمەد، شاڵاوێکی فرەوان و توندی کردە سەر ئەو بەرەیەی کە گوندەکانی نێوان مێرگەسۆر و شێروانی دەگرتەخۆ، بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی، لە٣ ی نیسانی هەمان ساڵ بارزانییەکان لەڕێگای پیادەکردنی تەکتیکێکی سەربازی بە تەواوەتی ئەو دۆڵەیان والا کرد بۆ حکومەتی عێراقی کە درێژ دەبوویەوە بەرەو بێرسیاڤ و خۆیان لە بەرزاییەکان قایم کرد، هێزەکانی حکومەت وا گومانیان برد کەوا بەبێ بەرگری توانیویانە مەبەستەکانیان بپێکن لە داگیرکردنی ناوچەکە، بەڵام خۆشیەکانی حکومەت بوو بە کارەسات و دۆڕاندن، چونکە مستەفا بارزانی، دوای کۆکردنەوەی هێزەکانی لەو قۆڵەدا هێرشێکی توند و پێچەوانەی ئەنجامدا، کەتێیدا توانی ئەو هێزەی کە گەیشتبووە بێرسیاڤ لە هێزەکانی تری بەرەکە دایبڕێت[2].

مستەفا بارزانی بە یاوەری جەنگاوەرەکانی لە شەڕێکی دەستەویەخەدا توانیان شکست بەو هێزەی «دای» بهێنن و جگە لە ژمارەیەکی کەم کەسیان لێ دەرنەچوو، ژمارەی کوژراوان گەیشتە ٢٥٣ کەس و برینداریێکی زۆر و ژمارەیەکیش بەدیل گیران، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئەو کەلوپەلە سەربازیانەی کە هەبوو، ئەم مەیداندارییە بە شەڕی «دۆڵاڤاژی»[3] ناو دەبرێت[4].

هەواڵی ئەم نەبەردییە وەك کوتکێك بوو کە بەسەر ئینگلیز و پیاوەکانی کەوت، هەرچەندە هێزی نوێیان لە کەرکووك و بەغدا هێنا، بەڵام نەیانتوانی پەلامارێکی دیکە لەو ناوچەیە ساز بکەن، بۆیە هەموو توانستی خۆیان خستە سەر هێزی ئاسمانی کە بە شەو و ڕۆژ بە چەشنێکی دڕندانە بۆردومانیان دەکرد[5].

بەشێوەیەکی گشتی دوای سەرنەکەوتنی سوپای عێراق لە هەموو قۆڵەکان

---

(١) مستەفا جوندیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١٨؛

*Edmund A. Ghareeb، op.cit، p.41.*

(٢) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٢٠.

(٣) شەڕی دۆڵاڤاژی لەسەرچاوەکان بە شەڕی «مامیسك» هاتووە.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٥) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

لەبەرامبەر هێزەکانی بارزان، وایکرد هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا بخزێتە ناو شەڕەکان بەشێوەیەکی چڕ و بەرفرەوان، بۆ ئەم مەبەستە فرۆکە بەریتانییەکان ڕۆژانە دە جار بۆردومانی گوندەکانی دەڤەری بارزانیان دەکرد، لەم ڕووەوە لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٢، باڵەفڕێکی بەریتانی[١]، لە باشووری ناوچەی شێروان لەلایەن بارزانییەکانەوە دەخرێتە خوارەوە، پاش دەستگیرکردنی «فرۆکەوانەکە و یاریدەدەرەکەی»[٢] شێخی بارزان داوای ناردنی پزیشکی کرد، بەمەبەستی تیمارکردنیان[٣].

پاشان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە فرۆکەوانەکان ئازاد بکرێن لە بەرامبەردا کاپتن هۆلت بەناوی حکومەتی بەریتانیا بەڵێنیدا بە ئازادکردنی ئەو ٢٥ بارزانییەی کە «سدیق ئاغای ئۆرەماری» ڕادەستی حکومەتی کردبوون لە ئامێدی، هەروەها بڕیاردرا شەڕ ڕابگیرێت و دەست بکرێت بە وتووێژ بۆ ئەوەی تەناهی و ئاشتی بگەڕێتەوە، و سوپا بگەڕێتەوە بنکەکانی پێشووی خۆیان و ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە و تەنها فەرمانگە و بنکەی پۆلیس بهێلدرێتەوە، لەگەڵ دەرکردنی لێبووردنی گشتی[٤]، بەڵام ئاشتی زۆر درێژ خایەن نەبوو، چونکە ئەو ڕێککەوتنەی پێشوو کە ڕەزامەندی لەسەر درابوو لەلایەن حکومەتی عێراقی ڕەتکرایەوە، بەڵکو بەغدا دەیویست بەگشتی دەڤەری بارزان و شێخنشینەکەی لەناو ببات، بۆیە داوای دانانی چەکی بەبێ مەرج لە بارزانییەکان کرد[٥].

لە ئەنجامی بۆمبارانکردنی سەختی ناوچەی بارزان بەگشتی و گوندی بارزان بەتایبەت، لەلایەن فرۆکە بەریتانییەکان لەکاتی ڕۆژدا، وایکرد دانیشتوانی دێهاتەکان پەنا ببنە بەر چیاکان و ئەشکەوتەکان[٦]، هەر بۆیە شێخ ئەحمەدی بارزانی لە٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣٢ هەریەکە لە محەمەد سدیق و حاجی تەها ئامێدی ڕەوانەی گوندی گرانە کرد، کە گوندێکی گەردییەکانە دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، بەمەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا بۆ ڕێکخستنی ڕێوشوێنە تایبەتییەکان بۆ چوونە ناوەوەی خێزانە بارزانییەکان بۆ ناو تورکیا[٧].

شێخی بارزان لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢ خاکی عێراقی بەجێهێشت و ڕوویکردە ناو

---

(١) فرۆکەکە لە جۆری (*Wapiti*) بوو.

(٢) ناوی فرۆکەوانەکە (*J.Wells*) و یاریدەدەرەکەی (*G.Vans*) بوو.

(٣) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ١١٢ ؛ نیسان حسن رۆستم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٥) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٦) ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢.

(٧) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص ١٢٦.

خـاکی تورکیـا، پاشـان تورکـەکان شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی بـە یـاوەری هەریەکە لـە حاجی تەهـا ئامێـدی و عـەلی مـح بارزانی گواسـتەوە بـۆ ئەنقەرە و ئـەوانی تریشی لەگەڵ مسـتەفا بـارزانی و محەمـەد سـدیق گواسـتەوە بـۆ ئـەرزرووم، زیاتـر لـە ١٠٠ بـارزانی بـە بیانـووی بەشـداریکردنیان لـە شـۆڕش لـە دژی حکومەتی تورکیـا لەسـێدارەدران و ماڵباتێکی زۆریشی ڕادەسـتی حکومەتی عێراقی کـردەوە[١].

وێـڕای هەمـوو هەوراز و نشـێوەکان، مسـتەفا بـارزانی، بە دەرچـوون و خۆدەربازکردنی مێژوویـی خـۆی کـۆت و بەندی دیلی و دووره وڵاتی پسـاند و بزووتنەوە کپ کەوتووەکەی کـوردی گەشـاندەوە و درێـژەی پێـدا و خەبـاتی نەتەوەیـی و گشـتگیری لـە مـاوەی نزیـك بـە (٥٠) سـاڵدا ڕێبەرایـەتی کـرد[٢]، لـەو بارەیەوە «نادر ئینتیسـار» پسـپۆری بواری زانسـتە سیاسـییەکان و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان لەبـارەی کەسـایەتی مسـتەفا بارزانـی دەڵێـت «سـەرکەوتنی مسـتەفا بارزانـی لـە بەرئەنجامـی توانـا و لێوەشـاوەیی بـوو بـۆ یەکخسـتنی هێـزی ئایینـی و دونیایـی لـە سـەرکردایەتییەکی کاریزمـی بـاڵادا، کـە هیـچ سـەرکردەیەکی دیکـەی کـورد لەسـەدەی بیسـتدا بـەو شـێوەیەی کـە مسـتەفا بارزانـی کـردی نەیتوانیـووە کـورد کۆبکاتـەوە و یەکیانبخـات، ئـەوەش هیـوا و ئومێـدی ئـەو کوردانـەی ڕووخانـد کـە هیواخـوازی ئەوەبوون بـۆ هەتاهەتایـە لەگەڵ دەسـەڵاتداریەتی کۆنـی تـورك و عێراقـدا بـن»[٣].

---

(١) پـاول شیسـمەن، خۆشـەوی مـەلا ئیبراهیـم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٨٥ ؛ تـلار عـلي امـين، المصـدر السـابق، ص ٨٣.

(٢) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٧- ١٢٨.

(٣) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

## تەوەری دووەم

## جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر باشووری کوردستان

### أ - سەرنجێکی خێرا لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی

هاتنە سەر حوکمی دوو ڕژێمی نازی و فاشی دیکتاتۆری لە ئەڵمانیا و ئیتاليا و گرتنە بەری سیاسەتێك کە دەیانویست هێز و شوێنی خۆیان لەناو دەوڵەتەکانی جیهاندا بگێڕنەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە دوو ئیمپراتۆریەتی زلهێزبوون، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش ئەڵمانیا کە لە یەکەم جەنگی یەکەمی جیهانی دا دۆڕاندبووی، بەڵام لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لە ڕووی ئابووری پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە پێویستی بە بازار و کەرستەی خاو زۆر بووە، لەو کاتەی کە زۆربەی بازارەکانی جیهان و سەرچاوەی کەرستەی خاو لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکان بووە، بۆیە ئەڵمانیا لە سیەکانی ئەم سەدەیەدا داوای دووبارە دابەشکردنەوەی بازارەکانی جیهانی کردووە، بە تایبەتی داوای ئەو بازارانەی کردووە کە لە جەنگی یەکەمی لە دەستی دابوون، بە پەلاماردانی پۆڵەندا لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیا لە ئەیلوولی ١٩٣٩ جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکردووە و بەرە بەرە پرووشکی ئاگری شەڕەکە هەموولایەکی جیهانی داگرتووە [١].

ئەنجام و کارەساتەکانی ئەم جەنگە زۆر شوێنی جیهانی گرتەوە بەتایبەت وڵاتانی سوروپا و ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست بەڕادەیەکی کەمتریش باکووری ئەفریقیا، کوردستانیش بەگشتی وەك بەشێکی گرنگی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودا و ئەنجامەکانی ئەم جەنگە کارێکی گەورەیان کردە سەر ژیان و دوا ڕۆژی سیاسی کوردستانی عێراق[٢].

سەرەتا هێزی ئەڵمانیا بەبێ شەڕ چووە ناو خاکی نەمسا و کاروباری گرتە دەست، هاوکات دەستی کرد بە خۆ پڕ چەککردن و هەوڵدان بۆ تۆڵە سەندنەوەی جەنگی یەکەم و ئەم زیانانەی کە لێیان کەوتبوو بۆیە دوای داگیرکردنی نەمسا هەڵیکوتایە سەر پۆڵەندە هاوکات لە بەرامبەر ئەم کارەیدا هەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا نارەزایان بەرامبەر ئەم هێرشەی ئەڵمانیا دەربری، هەڕەشەیان لێکرد ئەگەر

(١) فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١١ز)، ل ٩١.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکان....، ل ٣٥.

سوپاکەی لەم وڵاتە نەکێشێتەوە بەزۆر ناچار بە کشانەوەی دەکەن [١].

فەڕەنسا و بەریتانیا یەکیانگرت هاوپەیمانیەکیان پێکهێنا بەو مەبەستەی کە یارمەتی پۆڵۆنیا بدەن، زۆربەی جیهان وایاندەزانی کە ئەو هاوپەیمانە سەرکەوتوو دەبێت کە دژی ئەڵمانەکان بوو، بەڵام ئەم مەبەستە بە پێچەوانەوە بوو [٢]، هاوپەیمانان هەموو هەوڵێکیان خستەگەر خۆیان ئامادەکرد بۆ گەیشتن بە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، بەڵام ڕۆژە سەرەتاییەکانی جەنگ پۆڵۆنیا هەموو گومانەکانی بە درۆخستەوە بەخێرایی لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەوە بەشێوەیەك سوپای پۆڵۆنیا تێك دەشکێت کە خەڵکی جیهانی پێ سەرسام کرد [٣].

دوای خۆبەدەستەوەدانی پۆڵەندا، هیتلەر و بنکە سەربازییەکەی بەرنامەڕێژیان بۆ سەرکەوتنێکی گەورەتر کێشا ئەویش داگیرکردنی کۆمەڵێك ناوچەی ئەوڕووپا بوو وەك فەڕەنسا و بەریتانیا و بەلجیکا و هۆڵەندا کۆمەڵێك ناوچەی تر [٤]، هێرشەکە لە ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن هێزە بە توانایەکەی ئەڵمانیاوە کرایە سەر وڵاتانی بێلایەن و بچووکی وەك (لوکسمبۆرگ)، (هۆڵەندا)، (بەلجیکا) [٥].

دوای داگیرکردنی هەریەکە لە لوکسمبۆرگ، هۆڵەندا و بەلجیکا، ئەوە بوو هیتلەر هەوڵی دا کەوا فەڕەنسا داگیر بکات [٦]، لە ١٠ی حوزەیرانیش کە لە ساڵی ١٩٤٠ ئیتاڵیاش بڕیاری شەڕی دا دژی فەڕەنسا، بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی لە شەڕی دژی فەڕەنسا بەشداربیت [٧] لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٠ دەست بەسەر (ئەمیاندا) بگرن و لە ٢٣ی حوزەیراندا دەست بەسەر مینانی (دانك)دا بگرن [٨]، لیرەدا بارودۆخی فەڕەنسا

(١) عبدالوهاب القيس وأخرون، تأريخ العالم الحديث ١٩٣٤-١٩٤٥، (بيروت- ١٩٨٣م)، ص ١٥١.

(٢) أياد علي ياسين سرحان الهاشمي، السياسة البريطانية تجاه ألمانيا النازية ١٩٣٣- ١٩٣٩، اطروحة دكتورا، كليه الأداب، (جامعه الموصل- ٢٠٠٤م).

(٣) خليل علي مراد و آخرون، المصدر السابق، ص ١٥٥.

(٤) شەریف مقدم: جەنگی جیهانی دووەم، وەرگێڕان: سەمیر حوسێن، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی گەنج، - ٢٠١٠ز)، ل ١٦٨.

(٥) هـ. ل. فیشەر: مێژووی نوێی ئەورووپا، ١٧٨٩- ١٩٥٠، وەرگێڕان: شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩ز)، ل ٦٣٠.

(٦) کۆنسەر بلو منترین: نهێنییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ژیاننامەی بەناوبانگترین سەرکردەی ئەلمانیدا، وەرگێڕان: یاسین هێژا، (هەولێر- چاپخانەی کوردستان- ٢٠٠٨ز)، ل ٩٩.

(٧) هـ. ل. فیشەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٠.

(٨) شوقی عطا الله الجميل (وآخرون)، تاريخ أوروبا و لمعاصر من مؤتمر فينا ١٨١٥ حتى الان، الجزء الثانی، (القاهره- مطبعة دار الثقافه- بدون سنه)، ص ص ١٤٠-١٤٢.

زیاتر شپرزە دەبێت بەهۆی ئەوەی دەبوایە شەڕی ئیتاڵیاش بكات، لە ئەنجامدا حكوومەتی (رینو) لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٠ ڕووخاو (مارشال) حكوومەتی نوێی پێكهێنا[١].

ساڵی ١٩٤٠ هیتلەر هێشتا خەریكی شەڕكردن بوو لەگەڵ فەڕەنسا، ستالین ئەم هەڵەیەی قۆستەوە و دەستی بەسەر هەرسی وڵاتی بەلتیك دا گرت[٢]، لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٤١ ئەڵمانیا جەنگی دژی سۆڤیەتی ڕاگەیاند، لە پرۆسەیەكی بەرنامە بۆ دارێژراو هێرشی كردە سەر خاكەكانی سۆڤیەت، ئەڵمانیا لە دوو بەرەوە كەوتە جەنگ، بەرەی ڕۆژهەڵات و بەرەی ڕۆژئاوا[٣]، سەرەتا ئەڵمانەكان چەند سەركەوتنێكیان بەدەست هینا[٤]، بەڵام لەبەر ئەوەی هێرشی ئەڵمانیا لە وادەی خۆی جێبەجی نەكرا، هەروەها ئەڵمانەكان گەمارۆی لینگرادیان دا ئەم گەمارۆیە ماوەی (١٤) مانگ بەردەوام بوو[٥]، سەرئەنجام شەڕەكە بە سەركەوتنی یەكیتی سۆڤیەت كۆتایی هات[٦].

لەلایەكی دیكەوە مەترسی ئەمەریكا لە دەست بەسەرداگرتنی ئەوڕووپا لەلایەن ئەڵمانیاوە زیان لە بەرژەوەندی ئەمەریكا بدات، هەروەها نارەحەتی ئەمەریكا لە سیاسەتی یابان لە ڕۆژهەڵاتدا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، كە دەیویست دەست بەسەر ئەو ناوچانە بگریت كە هەڕەشە لە بەرژەوەندی ئەمەریكا بدات[٧]، لەبەر ئەمانە كۆنگرێسی ئەمەریكا بڕیاری شەڕی دا دژی یابان[٨]، سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕاگەیاندنە، ئەڵمانیا، ئیتالیا و یابان بەرەیەكی بەهێزیان دژی ئەمەریكا دامەزراند[٩].

لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ گەیشتنی هێزی سەربازی ئەمەریكا بۆ جەنگ یەكسەر

---

(١) فلیپ گاوین : سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

(٢) پاول كاریل: پڕۆژەی باربارۆسا هێرش بۆ سەر رووسیا، وەرگێڕان: قوباد رەسول، چاپی یەكەم، (سلێمانی- چاپخانەی شڤان- ٢٠١٣ز)، ل ل ١٠٥- ١٠٦.

(٣) عەلی كەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٨.

(٤) شوقي عطا الله الجميل (وآخرون)، المصدر السابق، ص ١٦٦.

(٥) عبدالوهاب عباس القيسي و (آخرون)، المصدر السابق، ص ١٦٠.

(٦) پاوك كاریل : سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٥.

(٧) فریشتە نورائی، مێژووی گۆرانكاری كۆمەلایەتی و سیاسی ئەمەریكا، وەرگێڕان: هەورامانی فەریق كەریم، چاپی یەكەم، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠٠٧ز)، ل ٢١١.

(٨) فلیپ گاوین، سەرچاوەی پێشوو ل ١١٠.

(٩) لوقمان خەیالی، پوختەیەك لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهانی، (سلێمانی- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ٢٠٠٥ز)، ل ٥٦.

گۆڕانکاری بەسەر هەلومەرجی سەربازی ئەڵمانیادا هات[١]، هێزەکانی ئەڵمانیا لە شەڕی عەلەمێن لە ٢٣ی تشرینی یەکەم ساڵی١٩٤٢ تاکو ٤ی تشرینی دووەم هەمان ساڵ لە بەرامبەر بەریتانیایەکان تووشی شکستی گەورە بوو[٢]، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانان توانیان بە سەرکردایەتی (ئایزنهاوەر) جەنەڕاڵی ئەمەریکی ئیتالیا لە دەسەڵاتی موسولینی و هێزەکانی ئەڵمانیا پاك بکاتەوە، هەروەها هێزەکانی ڕووسی لە ساڵی ١٩٤٢ لە شەڕی ستالینگرد توانی سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی ئەڵمانیا بهێنێت زەرەر و زیانی مادی زۆری لێدا[٣]، لە ڕۆژهەڵاتی دووریش تەنها یابان مایەوە کە دەبوایە بە تەنها ڕووبەڕووی هەموو هاوپەیمانان ببێتەوە[٤]، بەڵام دواتر چەندین هێرشی یەك لە دوایەکی هاوپەیمانان، یابان ناچار بوو خۆبەدەستەوە بدات[٥]، بەمشیوەیە جەنگی جیهانی دووەم لە کاتژمیر (٩:٠٤) خولەکی سەر لە بەیانی ٢ی ئەیلولی ١٩٤٥ کۆتایی پیهات[٦].

## ب - ڕەوشی سیاسی عێراق و باشووری کوردستان لەماوەی جەنگدا

جەنگی دووەمی جیهانیش (١٩٣٩-١٩٤٥) کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە زۆربەی جیهان دەبینرا و عێراقیشی گرتەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیش بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا[٧]، ئاڵۆزبوون و خراپ بوونی بارودۆخی سیاسی یەکێك بوو لە سیما دیارەکانی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهان بێگومان دەوڵەتی عێراقیش لەژێر باری ئەو جەنگەدا چەندان دەرهاوێشتەی سیاسی تێیدا دەرکەوتن لەو ڕۆژگارە

(١) فریشتە نورائی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

(٢) سامان حسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگی سارد ١٩١٤– ١٩٩١، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- ٢٠١٢ز)، ل ١٥٨ ؛ لوقمان خەیالی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(٣) فضل الله قورەیشی، مێژووی ئەمەریکا سیاسی و ئابووری و جوگرافی، وەرگێڕانی: عەلی حاجی زلمی، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات– ٢٠١١ز)، ل ٣٠٣.

(٤) ئاراس فەریق زەینەل، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، (سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند -٢٠١٠ز)، ل ٣٣٣.

(٥) شەریف مقدم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١٤.

(٦) فریشتە نورائی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

(٧) شوان محمد امین خۆشناو، بارودۆخی سیاسی هەولێر و ڕۆلی هەولێر لە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و ڕوداوەکاندا ١٩٣٩-١٩٥٨، گۆڤاری مێژوو، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٨، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بەهاری ٢٠١١ز، ل ٣٣.

ناهەموارەشدا وێڕای هەموو هەوڵەكانی حكومەت بۆ چاوترساندنی خەڵكی كوردستان، بەتایبەتی لەلایەن ئەو باڵەی حكومەت كە ناسرابوون بە كۆمەڵەی هەڵۆكان كە تەنها بیریان لە ڕێگاچارەی سەربازی دەكردەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جموجۆڵی سیاسی كورد بە بەردەوامی بوونی هەبووە و یەكێك بوو لە كاراكتەرە دیارەكانی بارودۆخی وڵات[١].

بە شێوەیەكی فەرمی هەڵوێستی عێراق هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگدا ڕایگەیاند لە وتارێكدا پابەندبوونی عێراقی بە ڕێكەوتنی ساڵی ١٩٣٠ بەریتانی- عێراقی دووپاتكردەوە، ڕایگەیاند چارەنووس و بەرژەوەندی عێراق لەگەڵ ئەوەدایە پاڵپشتی هاوپەیمانان بكات بەتایبەتی بەریتانیا[٢].

پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و ئەڵمانیاش بە شێوەیەكی فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ یارمەتیدانی عێراق لە بوارەكانی زانستی و ڕۆشنبیری و سەربازی، لەم رووەوە ئەڵمانییەكان چەندان كەسی پسپۆڕیان هێنابوو بۆ سەربازی بۆ سەرپەرشتی هەندێ لە بنكە حكومیەكانی عێراق، هێنانی سێ مامۆستا وەك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ كاروباری خوێندن و پەروەردە، لە بواری سەربازی پەیوەندیان دروست كرد لەگەڵ هەندێ كۆمپانیای ئەڵمانی بە مەبەستی هێنانی چەكی ئەڵمانی بۆ سوپای عێراق[٣].

لەم كاتەدا "نوری سەعید"[٤] كابینەی حكومەتی دروستكرد لە (٦ی نیسانی ١٩٣٩)

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەكان ...، ل ٣٥، دارا تۆفیق كامە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتیدا، (سلێمانی ـ ٢٠١١ز)، ل ٢١٦ ؛

*Karwan Salih Waisy، op.cit، p.13.*

(٢) فتاح بهرام خضر، رەنگدانەوەی بارودۆخی كوردستانی باشوور لە ڕۆژنامەوانی كوردی عێراق دا (١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر پێشكەشكراو بە كۆلێژی ئەدەبیات، (هەولێر- زانكۆی سەلاحەدین- ٢٠١١ )، ل٧٢

(٣) عبدالسلام احمد داخل السامري، الدعایە البریطانیة في العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، رسالة ماجستیر، كلیە الاداب، (جامعە بغداد- ١٩٨٩م)، ص ٨٥.

(٤) نووری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨) : لە گەڕەكی مەیدان لە شاری بەغدا لەدایك بووە، ساڵی١٩٠٣ پەیوەندی بە ئامادەیی سەربازی كردووە بە پلەی ملازمی دووەم دەرچووە لەسەردەمی عوسمانییەكان لە خزمەتی سەربازیدا بووە، لەگەڵ هاتنی بەریتانیا وڵاتی جێهێشتووە چووە بۆ هیند، لە ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و ١٤ جار دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و لەگەڵ ٤٧ جاریش وەكو وەزیر دەست بەكار دەبێت، دواجار لە ١٥ تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق لەلایەن شۆڕشگێڕان كوژرا، بڕوانە : حسن لطیف الزبیدي، موسوعة السیاسة ....، ص ص ٦٣٧-٦٣٨ ؛ إبراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدي، المصدر السابق،

جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا حکومەتی بەریتانیا داوایکرد کە عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا بپچڕێنێت، نوری سەعید زۆر بەپەلە ئەم داوایەی بەریتانیای قبوڵکرد[١]،بازل نیوتن باڵیۆزی بەریتانیا داوا لە وەزیری دەرەوەی عێراق نوری سەعید دەکات چۆن ڕاستەوخۆ پەیوەندی پچڕاند لەگەڵ ئەڵمانیا، ئاواش پەیوەندی خۆت بپچڕێنە لەگەڵ ئیتالیا، لەم کاتەدا هەندێك لە وەزیرەکان وەك ڕەشید عالی گەیلانی ناڕازی بوونی خۆی ڕاگەیاند[٢]، دیارە هەڵوێستی ئیتالیا بووە هۆی دەستپێکردنی دژوارییەکان، چونکە ئیتالیا جەنگی دژی هاوپەیمانەکان ڕاگەیاند، ئینگلیزەکان داوایان لە عێراق کرد کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیتالیا ببڕێت، لە ترسی ئەوەی نەوەکو باڵیۆزخانەی ئیتالیا ببێتە بنکەی سیخوڕی و پڕوپاگەندەکردن بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان[٣].

پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا ڕەنگدانەوەی خێرای هەبوو لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی عێراق، بۆیە دوو ئاراستە سەریانهەڵدا، یەکەمیان لە وەسی (عەبدولئیلا ١٩١٣– ١٩٥٨)، نوری سعید، سەرۆك عەشیرەتەکان، چینی دەرەبەگەکان پێکدەهاتن، ئەمانە پێیان وابوو کات گونجاو نیە، پێویستە هاوکاری بەریتانیا بکەین[٤]، لەبەرامبەردا ئاراستەی دووەم بەرەی نیشتمانی بوون دژی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی بوون، ئەمانە زیاتر داوای یەکگرتووی عەرەبیان دەکرد، هەروەها زۆربەی ئەفسەرە بەناوبانگەکانی عێراق لەگەڵ چوار ئەفسەرەکە بوون کە پێکهاتبوون لە (صلاح الدين صباغ، محمد يونس سبعاوي، محمود سلمان، كامل شبيب) ئەمانە داوایان دەکرد کە عێراق بێ لایەن بێ، ئەم بەرەیە سەرکردایەتی دەکرا لەلایەن ناجی سویدی، ناجی شەوکەت، ڕەشید عالی گەیلانی لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی تری ڕۆشنبیر[٥].

یەك لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی جووڵانەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەریتانیا بە تەواوی هەژموونی خۆی سەپاندبوو بەسەر عێراقدا، نیشتمانپەروەران دژی داگیرکاری بەریتانیا وەستانەوە، لێرەدا بەریتانیا هەستی کرد بەرژەوەندیەکانی لە عێراق

ص ٧٠.

(١) ئەحمەد حمەدئەمین، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی....، ل ل ١٢٧- ١٢٨.

(٢) محمد حسين الزبيدي، مولود مخلص باشا و دوره في الثورة العربية الكبرى و تأريخ العراق المعاصر، (بغداد- جامعه بغداد- ١٩٨٩م)، ص ٢٥٥.

(٣) فيبى مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

(٤) محمد حسين الزبيدي، المصدر السابق، ص ٢٥٩.

(٥) خالده أبلال الجبوري، الأبعاد السياسيه للحكم الهاشمي (١٩٤١ـــ ١٩٥٨)، (دمشق- النايا للدراسات و النشر و محاكاه للدراسات والنشر- ٢٠١٢م)، ص ص ١٠١ ـــ١٠٢.

کەوتۆتە مەترسیەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش بەرژەوەندی بەریتانیا لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەشید عالی گەیلانی نەدەگونجا، بۆیە ئەم هۆکارە ناوخۆییانە کاریگەری هەبوو لەسەر جووڵانەوەی مایس[١]، ڕاستە عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا پچڕاند، بەڵام بانگەشەی جەنگی نەکرد دژی ئەڵمانیا، پاش ئەویش ئیتالیا هاتە ناو جەنگ حکومەتی عێراقیش پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێشتەوە، لەمەشدا موفتی ئەمین ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو[٢]، فەرەنسا کاتێك شکستی هێنا بەرامبەر بە ئەڵمانیا، بەریتانیا داوای لە حکومەتی عێراق کرد پەیوەندی لەگەڵ ئیتالیا ببڕێت، لێرەشدا هەریەکە لە وەسی عەبدولئیلا و نوری سەعید ڕازی بوون، بەڵام ڕەشید عالی گەیلانی و ناجی شەوکەت و هەر چوار ئەفسەرەکە ڕازی نەبوون، ئەمەش بووە سەرەتای ئەزمەیەکی سیاسی کە دواتر ڕاپەڕینی (مایسی ١٩٤١)ی لێکەوتەوە[٣].

لە (٣ نیسان ١٩٤١) حوکمەتی بەرگری نیشتمانی ڕاگەیاندرا بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی[٤]، لە ڕێکەوتی ١٢ی نیسان ١٩٤١دا کابینەی حوکمەتی ڕاگەیاند ئەم حوکمەتە لەسەر ئاستی دەرەوە بڕیاری دا شەڕی جیهانی دووەم بی لایەن بێ، هەروەها پارێزگاری لە ڕێکەوتننامە نیودەوڵەتیەکان دەکات بە تایبەتی پەیماننامەی بەریتانیا ــ عێراق ١٩٣٠، هەروەها سوور بوون لەسەر گیانی دۆستایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئەوەی شایەنی باسە ئەم حوکمەتە زیاتر ئاراستەیەکی نەتەوەیی هەبوو[٥].

پەیوەندی عێراق و بەریتانیا لەو پەڕی بارگرژی دابوو و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی هەبوو[٦]، وێڕای ئەو بەرگریەی عێراقییەکان نەیانتوانی خۆیان لە بەرامبەر هێزی بەریتانیا بگرن، چونکە بە بەردەوامی هێزی پاڵپشتیان بۆ دەهات، خراپی بارودۆخی ئابووری عێراق لێرەدا بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە فشار خستنە سەر بەریتانیا داوای هاوکاریان لە ئەڵمانیا کرد، لە ڕێکەوتی ٦ی مایسی ١٩٤١ لە ڕێگەی کەمال

---

(١) عبدالرزاق الحسنی، المجلد الخامس، المصدر السابق، ص ص ٢٥٧- ٢٦٠.

(٢) حوادث العراق فی سنه ١٩٤١ کما ترویها وزارة الحرب البریطانیه والمستر ونستن تشرشل في مذکراته، ترجمه: جعفر الخیاط، (بیروت- دار الکشاف- ١٩٥٤م)، ص ٨.

(٣) ئەحمەد حمەدئەمین، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی....، ل ١٢٩.

(٤) فاضل البراك، دور الجیش العراقي في الحکومة الدفاع الوطني والحرب مع بریطانیا سنه ١٩٤١، (بغداد-١٩٧٩م)، ص ١٩٤.

(٥) عبدالرزاق الحسني، المجلد الخامس، المصدر السابق، ص ص ٢١١ــ ٢٤٧.

(٦) ومیض جمال عمر نظمي و آخرون، التطور السیاسي المعاصر في العراق، (بغداد- دون تاریخ)، ص ٢٢٢.

حەداد سکرتێری حاجی ئەمین حوسەینی و ناجی شەوکەتی نارد بۆ تورکیا بۆ ئەوەی داوا لە ئەڵمانیا بکات عێراق پێویستی بە هاوکاری ئەڵمانیا هەیە[١]، ئەم داوایانەی عێراق وەڵامدانەوەی ئەوتۆی نەبوو ئەمەش وادیارە بەهۆی سەرقاڵی ئەڵمانیا بە شەڕی دووەمی جیهانی، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١١ی مایسی ١٩٤١دا شاندێکی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی فریز غروبا گەیشتە عێراق، بە مەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی سەربازی بۆ عێراق، و ئەم شاندە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حوکمەتی عێراقی کرد بۆ چەکدارکردنی سوپای عێراق لەبەرامبەر هەندێك هاوکاری سوتەمەنی و خۆراك بۆ ئەڵمانییەکان[٢].

بەهۆی ناهاوتایی هێزەکانی بەریتانیا و عێراق، وایکرد عێراقییەکان پاشەکشە بکەن بەرەو (فەلوجە)، لە بەرامبەردا هێزەکانی بەریتانیا لە (حەببانیە) خۆیان ڕێکخستەوە و بە ژمارەیەکی زۆری چەکی پێشکەوتوو قورسەوە بەرەو ئەو شارۆچکەیە پێشڕەویان کرد، عێراقییەکان بەرگری باشیان کرد لە نێوان (روتبە و فەلوجە)، بەڵام بە هۆی فرۆکەکانی بەریتانیا نەیانتوانی بەرگری ئەم شارۆچکەیە بکەن، لە ڕێکەوتی ١٩ی مایسی ١٩٤١دا لە ماوەی دوو ڕۆژدا بەریتانییەکان توانیان فەلوجە بگرن و هێزەکانی عێراق کشانەوە بەرەو بەغداد، [٣]، بە نزیکبوونەوەی بەریتانییەکان لە بەغداد هەر چوار ئەفسەرەکە، ڕایانکرد بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ٣٠ی مایس دا، بەریتانییەکان سیاسەتێکی توند و تیژیان بەرامبەر بە نەیارەکانیان پەیڕەو کرد کە شۆڕشیان دژیان بەرپاکردبوو نوری سەعید لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٢دا حکومەتی پێکهێنا بڕیاری لەسێدارەدانی غیابی بۆ سەرکردەکانی جووڵانەوەکە دەرکرد، بەریتانیا ئێرانی ڕازی کرد کە سەرکرەکانی ڕاپەڕینی مایس ڕادەستی عێراق بکاتەوە هەموویان لە سێدارەدران ئەمەش ناڕەزایی گەورەی لەلایەن خەڵك لێکەوتەوە[٤].

سەبارەت بە ڕۆڵی کورد و بەشداریکردنی لەم بزووتنەوەیەدا (کەمال مەزهەر) دەڵێت: «کوردستان وەکو گشت ناوچەکانی تری عێراق لە ڕۆژانی ئەم بزووتنەوەیە بەجارێك خرۆشابوو»، و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بروسکەی پشتگیری کوردیان بۆ ئەم بزووتنەوەیە بڵاوکردۆتەوە، کە ژمارەیەك لە کەسایەتی دیاری کورد پشتگیریان بۆ

---

(١) وليد محمد سعيد الأعظمي، انتفاضه رشيد عالي الكيلاني والحرب العراقيه البريطانية ١٩٤١، (بغداد- دار العربيه- دون تاريخ)، ص ١١٢.

(٢) تشارلز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

(٣) عبدالهادي الخماسي، الامير عبدالإله (١٩٣٩- ١٩٥٨) دراسه تاريخيه، (القاهرة- دار الفضيلة للنشر و التوزيع و التصدير- ٢٠٠١م)، ص ١٣٤.

(٤) عبدالرزاق الحسني، المجلد السادس، المصدر السابق، ص ص ٦٦- ٧٠ .

رەشـید عـالی گەیـلانی ناردبـوو [١].

چەندیـن شـاند لـە هەمـوو ناوچـەکانی کوردسـتانەوە چوونـە بەغـدا پشـتگیریان بـۆ سـەرانی بزووتنەوەکـە دەربڕیـوە و لـە ڕۆژگاری ئـەم بزووتنەوەیـە خۆپێشـاندان ئەنجـام دراوە، ئـەم پشـتگیریە فراوانـە لەسـەر ئاسـتی جەمـاوەری تەنها لە شـاری هەولێـر نەبوو، بەڵکـو لـە کەرکـووك، سـلێمانی، دهـۆك و شـار و شـارۆچکەکانی تری کوردسـتان هەبـوو[٢]، ئەفسـەران و سـەربازانی کـورد لـە ڕیزەکانی سـوپای عێراقیـدا ڕۆڵی دیاریان هەبـوو، ئەوەتا یـەك لـەو ئەفسـەرانە فایـەق کاکەمـین ناوی خـۆی نابـوو (هیتلەری کـورد)، گوایـە بەقەد هیتلـەر ڕقـی لـە ئینگلیزەکانـە[٣]، هەروەها ئەمین زەکی سـلێمان کە سـەرۆکی ئەرکانی سـوپا بـوو لـە حکومـەتی بەرگری نیشـتمانی ڕۆڵـی دیـار و بەرچـاوی لـە بزووتنەوەکە هەبـوو[٤].

هەروەهـا پیـاوانی ئایینـی لـە ڕێـگای فتواکانیـان بـۆ شـەڕکردن دژی ئینگلیـزەکان هـۆکاری کاریگەربوونـە بـۆ بەشـداریکردن و هانـدانی خەڵـك لـەم جووڵانەوەیـەدا[٥]، سـەرکردەکانی بزاڤەکـە هەوڵیـان دەدا بەهەمـوو ڕێگایەك کـورد بەلای خۆیاندا ڕاکێشـن، بەتایبـەت بەنـاوی جیهـادەوە هـەروەك کەمـال مەزهـەر دەڵێـت : «مەلایـەکی ئایینـی بەناوبانـگ لـە کوردسـتاندا نەمابوو لـەو کاتەدا بۆ دژایـەتی کردنی ئینگلیـز فتوایەکی ئایینی دەرنەکردبێـت» [٦]، بـەڵام مـەلا محەمـەد کۆیـی کـە بـە مـەلای گـەورەی کۆیـە نـاسراوە، ئامادەنەبـوو لـە بەرژەوەنـدی ڕەشـید عالـی گەیلانی و گروپەکـەی فتـوا دەربـکات، بـە بیانـووی ئـەوەی مەرجەکانـی جیهادکـردن تێیـدا بـەدی ناکرێـت[٧].

لـەم جووڵانەوەیـەدا کـە کـورد وەك نەتەوەیـەك کـە هاوبـەشی عێـراق بـووە ڕۆڵـی گرنگـی پێـدرا، چ لەلایـەن بەریتانیـا و حکومـەتی ئەوکاتەی عێـراق، چ لەلایەن سـەرکردەی جووڵانەوەکـە، ئینگلیـزەکان لـەو سـەردەمەدا هەوڵیـان داوە کورد بەلای خۆیان ڕابکێشـن لـەم بارەیـەوە مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: کاتێـك لـە مانگـی مایـسی ١٩٤١ جووڵانەوەکەی گەیـلانی بەریتانییـەکان هەوڵیانـدا مسـتەفا بـارزانی قەناعـەت پێبکـەن کـە بگەڕێتـەوە هەولێـر دژی ڕەشـید عالـی گەیلانی بوەسـتێتەوە، بەڵێنـی ئەوەیـان بـە بـارزانی دا چـەك و ماڵێکـی زۆری دەدەنـێ، لـە دوایشـدا سـەربەخۆیی تـەواو بـە کوردسـتان دەدرێ،

(١) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك ....، بەرگی دووەم، ل ١٣٠.

(٢) إسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٤٥.

(٣) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١١١.

(٤) محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

(٥) محمود الدره، الحرب العراقية البريطانية، (القاهره- منشورات دار المعرفة- ١٩٨٢)، ص ٤١٤.

(٦) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك ....، بەرگی دووەم ، ل ١٣٩.

(٧) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ص١٩٠- ١٩١.

بەڵام پاش ئەوەی بارزانی پرس و ڕای بە شێخ ئەحمەدی بارزانی كرد ئەم داوایەی ڕەتكردەوە[١]، دیارە ئەو هەڵوێستەی مستەفا بارزانی لەكاتێكدا بووە كە خۆی و بنەماڵەكەی دوورخرابوونەوە بۆ شاری سلێمانی و لەژێر چاودێری حكومەتدا بوون، بەشێوەیەك چەرمەسەری ژیان و خراپی مامەلەكردنی دەسەڵاتدارانی حكومەت لەو شارە تەنگی پێ هەڵچنیبوون، لەحالەتێكدا ئەگەر دەرخستەكەی بەریتانیای قبوڵ بكردبایە، ئەوە خۆی و بنەماڵەكەی ئازادیان پێ دەبەخشرا، بەڵام مستەفا بارزانی ئەم كارەی نەكرد، ئەمەش بەو مانایە نییە كە قبوڵ نەكردنی داواكەی بەریتانیا وەك پشتگیری كردنی ڕاپەڕین و سەركردەكانی بێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەرخستە و داواكاری ڕەشید عالی گەیلانیشی ڕەتكردەوە كە پێشنیاری بۆ كردبوو جووڵانەوە بكات لەدژی بەریتانیا[٢]، بۆ ئەم مەبەستە توێژەرێك وا شرۆڤەی ئەو بابەتە دەكات كە مستەفا بارزانی ئارەزووی پاڵپشتیكردنی نازیەكانی نەبووە لەدژی بەریتانیا[٣].

## ج - ڕەوشی ئابووری عێراق و باشووری كوردستان لەماوەی جەنگدا

هیچ ڕووداوێك لە مێژوودا كاری نەكردۆتە سەر هەموو لایەنێكی ژیانی ئابووری جیهان وەك جەنگی دووەمی جیهانی، بەشێوەیەك رەورەوەی بەرهەم هێنانی پیشەسازی تێكچوو كەوا پێشینەی نەبوو، بەهۆی ئەوەی كەوا زۆربەی دەزگا پیشەسازییەكان لەوڵاتە شەڕكەرەكان گۆڕا بۆ بەرهەمهێنانی جەنگی، هەروها زۆربەی ئەو دامودەزگا بەرهەمهێنانە تووشی لەناوچوون بوون، بە هۆی كردە سەربازییەكان بەتایبەت بۆردومانی ئاسمانی بەوەی كەوا جەنگی دووەمی جیهانی جیاكردەوە لە جەنگەكانی تر[٤] .

لە توانای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانەبوو كە خۆی دوور بگرێ لە كاریگەرییەكانی جەنگ، بەڵكو وڵاتانی ناوچەكە دەیان ناڵاند بە دەست خراپی باری ئابووری كە خۆی لە گەلێك دیاردە دەنواند وەك هەوڵاسانی پارە[٥]، و كەمی خۆراك و بەرزی نرخەكەی

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٢) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ١٩٩.

(٣) جەمال نەبەز، كوردستان و شۆڕشەكەی، وەرگێڕان: كوردۆ، (ئەڵمانیا- چاپخانەی نوكسەوە- ١٩٧٢ز)، ل١١١.

(٤) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٢٨.

(٥) محمد عويد محسن الدليمي، الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، رسالة ماجستير، كليه الاداب، (جامعه بغداد- ١٩٨٨م)، ص ص ٤٤- ٤٥.

تا ڕادەیەكی زۆر، ئەم بارودۆخە لە ئێران زۆر بە ڕوونی بەدیار دەكەوێت، بۆ نموونە خەرجی و پێداویستییەكان بەرزبوونەوەیەكی یەكجار گەورەی بەخۆیەوە بینی كە ڕێژەكەی بریتی بوو لە ٤٠٠٪[١].

سەبارەت بە عێراقیش هەمان شت دەگوترێ كە ئابووریەكەی كاریگەر بووە بە لێكەوتەكانی شەڕ بەتایبەت كاتێ عێراق پشتی بە وڵاتانی تر دەبەست بۆ پڕكردنەوەی پێویستیەكانی[٢]، دیارە پاش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی حكومەتی عێراقی لە ١٣ی ئەیلوول ١٩٤١ یاسای پێكهێنانی ئەنجوومەنی خۆراكی مەركەزی ڕاگەیاند كە ئامانجی جێ بەجێ كردنی یاسای ڕێكخستنی ژیانی ئابووری بوو لە وڵات، بۆ چارەسەركردنی تەنگەژەی ئابووری كە دواتر ڕوویدا، حكومەت ڕژێمی پسولەی خۆراكی گرتەبەر، لەگەڵ ئەمەشدا خەڵك ڕوویان كردە بازار بۆ كڕینی كەل و پەلی پێویست بە تایبەتیش شەكر و چاو و هەڵگرتنیان[٣]، لەم ڕووەوە نرخی پێداویستیە خۆراكییەكان بەڕێژەیەكی بەرچاو بەرز بوونەوە، پاش ئەوەی قۆرخكارییەكانی مادە خۆراكییەكان دەستی پێكرد[٤]، لە دەرئەنجامی نزمبوونەوەی بازرگانی و هاوردەكردن لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بەتایبەت هاوردەكردنی ماددە سەرەكییەكانی ژیان وەك «رستن، چنین، شەكر و چا...هتد» تووشی دابەزینێكی زۆر هاتن بەلایەنی كەم بۆ ڕێژەی (٥٠٪) [٥].

دەرهاوێشتەی شەڕەكە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەكرد، بەڵام كاریگەریەكەی ئەوكاتە كەوتە سەر عێراق، كاتێك ئەڵمانەكان لە حوزەیرانی ١٩٤١ هێرشیان كردە سەر یەكێتی سۆڤیەت، بەمەش قەیرانی ئابووری خنكێنەر سەریهەلدا كە هەموو بوارەكانی لە سەرتاسەری عێراق گرتەوە[٦]، بۆ كەم كردنەوەی ئەو نەهامەتیە لەسەر دانیشتوان، حكومەت لە ساڵانی جەنگ لەبواری دابەش كردنی ئازوقە سیستەمی

---

(١) عبدالهادی كريم سلمان، ايران في سنوات الحرب العالمية الثانية، (الموصل- دار الكتب للطباعة والنشر- ١٩٨٦م)، ص ص ١٠٧- ١٠٨.

(٢) محمد عويد محسن الدليمي، المصدر السابق، ص ٤٥.

(٣) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ٦١.

(٤) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسيه في العراق (١٩٤١-١٩٥٣م)، مطبعة النعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٦م، ص ١١.

(٥) محمد سلمان حسن، التطور الاقتصادي في العراق، التجاره الخارجيه والتطور الاقتصادي ١٨٦٤- ١٩٥٨، الجزء الاول، (بيروت- منشورات المكتبه العصريه للطباعة والنشر- ١٩٦٥م)، ص ٢٢٢.

(٦) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٢٩.

پسولەی بەکارهێنا، بەڵام ئەم سیستەمە بەشی پێویستی ناوچەکانی نەدەکرد بەتایبەت ناوچە چیایەکان، ئەمەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ پەیڕەونەکردنی دادوەری لە دابەش کردنی دا، کاربەدەستانی حکومەت و ئاغاکانی کوردستان و سەرۆك هۆزەکان، ژمارەیەکی زۆریان لەم پسولانە وەرگرت و ناوی مردووەکانیان تۆمار دەکرد[١] .

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان بە تایبەت شەکر و چا وایکرد کەوا حکومەت بە کارت دابەشی بکات، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەکە کەمی دەکرد، تا وایلێهات خەڵك دۆشاوی خورما بەکاربهێنێ لە جیاتی شەکر، هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری کاریگەرییەکی قوولی دروست کردبوو لەسەر هەموو بوارەکان، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خێزانە مام ناوەندەکان سەرچەفەکانیان بەکاردهێنا بۆ کفنی مردووەکانیان، بەڵام هەژارەکان هەر بە بەرگەکانی خۆیان دەیان شاردەوە لەبەر نەبوونی کفن[٢].

جگە لەمانەش لە ساڵی ١٩٤٣، بەرهەم هێنانی دانەوێلە لە عێراق تووشی دارمان و کورتهێنان هات، بەشێوەیەك ڕێژەی بەرهەم هێنانی بە پێوانەی سەد هەزار تەن کەمیکردبوو بە بەراوورد لەگەڵ پێش هەڵگیرسانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی بەرچاو لەبەرهەمی دانەوێلەی عێراقی تایبەت کرابوو بەهێزەکانی بەریتانیا و ئاوارە پۆلەندییەکان کە لە عێراق بوون[٣]، بێگومان ئەمەش بارێکی گرانی خستە سەر شانی خەڵکی عێراق، بەشێوەیەك نرخی نان لە کەرکووك چوار ئەوندەی نرخەکەی بوو لە بەغدا لەم ڕووەوە حکومەت گواستنەوەی کەل و پەلی بەتایبەت گەنم، جۆ و برنج لە شوێنك بۆ شوێنێکی تر قەدەغە کرد بە بێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەری بەرهەم هێنانی ناوخۆیی[٤].

سەبارەت بە کوردستانی عێراق پاش تەواوبوونی ئینتیدابی بەریتانی لە ساڵی ١٩٣٢، کلیلی کار و بەڕێوەبردنی وڵات ڕاستەوخۆ درایە دەست مەلیک کە ئەویش پشتی بە خاوەن زەویە گەورەکان و سەرکردە عەشایرەکان بەست کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر خاوەنداریەتی زەوی، چونکە زۆربەی زەویەکان لە دەست سەرۆك هۆزەکان و دەرەبەگەکان بوو، دیارە ڕژێمی دەرەبەگایەتی وەك ڕژێمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی ببووە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی هۆ و ئامڕازی بەرهەم هێناندا، هیچ نەبێت بە هۆی کەمتەرخەمی و بیر تەسکی نوێنەرانیەوە لەلایەك،

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان...، ل ل ٣٣- ٣٤.

(٢) عبدالرزاق الحسني، المجلد السادس، المصدر السابق، ص ٨٢.

(٣) اسماعیل شکر رسول، المصدر السابق، ص ١٣٢.

(٤) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان...، ل ٣٤.

لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی شێوازی پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئەم ڕژێمە کارێکی وای نەکردبوو ئەوەندە لە دەست جوتیار و خاوەن زەویە بچووکەکان بمێنێتەوە کە لە ژیانی کۆلەمەرگی خۆیان زیاد بێت و بتوانن ئەو زیادەیە بۆ پەرەپێدان و پێش خستنی ئامڕازی کاریان تەرخان بکەن[1].

هەڵبەتە کوردستانی عێراق لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥ز) تووشی گۆڕانێکی گەورەی ئابووری هات لە هەموو ئەو بوارانەی کە لە ڕووی ئابووریەوە کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوتی ژیانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کشتوکاڵ کردن[2]، چونکە ڕەوشی کوردستانی عێراق زۆر مەترسیدار بوو بەهۆی ئەوەی گوندەکان چۆڵ بوون و کەسیان تێیدا نەبوو هەندێ لەو گوندانە وێران بوون لە سەرتاسەری ناوچەکە شوێنەوارێکی کشتوکاڵی نەبوو کشتوکاڵی تێیدا بکرێ، برسیەتێکی لە ڕادەبەدەر سەری هەڵدا بوو[3] .

لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچە کوردییەکان بە کارەساتی سروشتی و ئافاتی کشتوکاڵ لە ساڵەکانی (١٩٣٩-١٩٤٠ز)، ئەم ناوچەیە تووشی سەرمایەکی زۆر توند بوو، هەروەها لە هاویندا دووچاری هێرشی کلۆ و حەشەراتی کشتوکاڵ بوونەوە، کە بووە هۆی لەناوچوونی بەرهەمی ٧٠٠ گوند کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەرهەمی ساڵانەی گەنم بۆ نیوەی ساڵانی پێش جەنگ، ئەمەش وای لە حکومەت کرد بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێویستەیە ڕوو لە هاوردەکردنی گەنم بکاتەوە لە وڵاتی هیندستان[4].

لەگەڵ درێژەکێشانی جەنگ و ڕاگەیاندنی جەنگیش لەلایەن عێراق دژی وڵاتانی میحوەر لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣ز، نرخەکانی شتومەك زیاتر بەرز بووە و لە بازاردا دەشرانەوە، لەوکاتەش کە ئینگلیزەکان دەستیان خستە ناو کاروباری ئابووری، بارێکی ترسناکتر هاتە کایەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کۆلۆنێل بلیس بە سەرۆکی لێژنەی دیاری کردنی نرخ و بەڕێوەبردنی گشتی کەلوپەلە هێنراوەکان دامەزرا، بەم شێوەیە بارودۆخی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان بە درێژایی ساڵانی جەنگ لە خراپی دابوو، ئارامی بەخۆیەوە نەبینی[5] .

(١) کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك....، بەرگی یەکەم، ل ٢٠١.

(٢) غانم محمد العفو، عبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٥٨، (اربيل- مطبعة وزراه التربية- ٢٠٠٥م)، ص ٧٥.

(٣) فاخر عالی عابکر، مێژووی بارزان ....، ل ١١٨.

(٤) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ٦٤.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان...، ل ٣٥.

لـە ئەنجامـی کـەم بوونـەوەی هێنانی کەلوپـەل و خۆراك لـە دەرەوە و هاتنی سـوپای ئینگلیـز بـۆ نـاو شانشـینی عێـراق پێویسـتی ئـەم سـوپایەش بـە ئازووقەیـەکی زۆرەوە، دەرکـردنی عێـراق لـە ناوچـەی ئیسـتەرلینی، گـوزەرانی خەڵـك زۆر خـراپ بەڕێـوە دەچوو، کوردسـتانی عێراقیـش لـەو مەینەتیانـە بەدەر نەبـووە بەهـۆی بەرزبوونـەوەی نرخی کەل و پـەل و خواردەمـەنی بـە شـێوەیەکی کتوپـڕ لـە هەمـوو ناوچـەکانی عێـراق[1].

سەبارەت بەبەرزبوونەوەی نرخی شتومەك ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەت « ڕۆژنامەی ژین» بە سەرسورمانەوە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە « ئەگەر بۆ گرانی شەکر بیانومان هەبێت کە لە ئەوڕووپاوە دێت، ئەی مێوە و سەوزە جوتیارەکانی خۆمان دەیهێننە بازار یان گەنم و جۆ کە هێشتا خەزێنەکان پڕن ئەمانە بۆ گران بوون...؟ «[2].

بێگومـان هـۆکاری گرانبوونـی کاڵاکان زیاتـر دەگەڕایـەوە بـۆ کـرداری دزی و قاچـاغ و دراوی سـاختەیی و سـەپاندنی بـاج و سـەرانە، هەروەهـا فەرمانبـەرانی دەوڵـەت کـە لـە بنکـەکانی دەوڵـەت سەرپەرشـتی دابـەش کـردنی کـەل و پەلەکانیـان دەکـرد، دەسـتیان کردبوو بە کرداری دزی و سـاختەکاری و شـاردنەوەی کەل و پەلەکان و فرۆشـتنەوەیان لە بـازاری ڕەشـدا، بـە نرخێـکی گران بەمەبەسـتی بـازرگانی کـردن و خـۆ دەولەمەندکردنیان[3] .

لـەو بارەیـەوە نووسـەران ئـەوە دەخەنـە ڕوو کە شـارە کوردییـەکان لەچاو شـارەکانی تـری عێـراق لـە گرانـی نـرخ و خراپـی ڕەوشـی خەڵـك بەگشـتی و هـەژاران بەتایبـەت پێشـەنگ بـوون، بـۆ نموونـە نرخـی نانێـك لـە کوردسـتان چـوار ئەوەنـدە گرانـتر بـووە لەگـەڵ شـارێکی وەك بەغـدا[4].

سـەرەڕای ئەوانـەش لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی نرخەکانیـش، لـەڕووی چەندایەتـی و چۆنایەتـی دەسـتکاری خۆراکەکانیـان کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە لیـوای سلێمانی و هەولێـر بەهـۆی کەمـی دانەوێلـە و گرانـی نرخەکـەی پەنایـان بردۆتـە بـەر بەکارهێنانـی ئـاردی بـەڕوو کـە ڕەنگـی نانەکـەی ڕەش دەبـوو، بەهـۆی تێکردنـی گەنـم بەشـێوەیەکی ئێکجار کـەم[5].

تەنانـەت سـەختی ژیـان بەهـۆی تەنگژەی ئابوورییـەوە پاڵی بـە ژمارەیـەك خانەوادە

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ل ٣١-٣٢.

(٢) فتاح بهرام خضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان...، ل ٣٤.

(٤) فتاح بهرام خضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢

(٥) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ٦٣.

ناوە کە منداڵەکانیان بفرۆشن، بەپێی گێڕانەوەی ڕۆژنامەی «شەڕارە« تایبەت بەحزبی شیوعی عێراقی لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢ کەوا هەندێك لە ماڵە دەست ڕۆیشتووەکان ئەم زارۆکانەیان دەکڕی بۆ خزمەت کردنی ماڵەویان بە پێی گرێبەستێك لە نێوان دەولەمەندەکان و هەژارەکان(١).

لەم بارەیەوە محەمەد تۆفیق وەردی دەڵێت: «بە چاوی خۆم ئەمدی چۆن خەڵکی لە تاو نەبوونی ناچار منداڵەکانیان ئەفرۆشت، بەپێی گێڕانەوەی شەڕارەش جاری وا هەبوو کریار و فرۆشیاری ئەو زارۆکانە لە ناو خۆیاندا رێککەوتنامەی تایبەتیان مۆر دەکرد»(٢).

لێکەوتەکانی تەنگەژەی ئابووری کاریگەری هەبوو لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان کە بووە هۆی زۆری بوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە خراپی بارودۆخی ژیان پاڵی بە هەندێك کەس نا بەرەو ئەنجامدانی کاری ڕێگە پێنەدراو بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانیان، وەك تاڵان و دزی، بۆ نمونە: لە ناوچەکانی دهۆك نزیکەی ٥٠ چەکدار هێرشیان کردە سەر ژمارەیەك گوندی کریستیانەکان بە مەبەستی تاڵان کردنیان لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٢ز(٣).

سەرەڕای ئەوانەش خراپی بارودۆخی ئابووری بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری لەنێو گەنجانی کورد، کە وایکرد گەنجان ڕوو بکەنە دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوەی کارێکیان دەست بکەوێ، داواکاران تەنها لە چینی هەژاران نەبون، بەڵکو چینی دەوڵەمەندیشیان تێدابوو، ئەمەش بەڵگەیە کە هەلی کار لە ناوچە کوردییەکان سنووردار بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پڕۆژەی پیشەسازی گەورە کە هەلی کار بۆ بێکاران دابین دەکرد، دیارە هەژاری ناوچە کوردییەکان لەم پڕۆژانە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حکومەتی عێراق کە نەیدەهەێشت پیشەسازی قورس لە کوردستان دابمەزرێت(٤).

لەلایەکی دیکەوە جیاوازیکردن و پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای حکومەتی ئەوکاتەی عێراق بوو، ناوچە کوردییەکان لە عێراقدا

---

(١) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٣١.

(٢) کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك....، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٩.

(٣) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ٦٧.

(٤) جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی- نەبیری قەومیەتی ڕۆژهەلات و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی یە، (سوید- ١٩٨٤ز)، ل ١٦١.

نموونەیەكی زۆر ئاشكرای داتەپیوی خزمەتگوزاری تەندروستی بوون، بەشێوەیەك دانیشتوانانی كوردستانی باشوور لە بارودۆخێكی خراپدا دەژیان، بەرزی ڕادەی مردنیش بەتایبەت لە نێو ساوایاندا بەهۆی نەخۆشییەكانی سورێژە و دەردە كۆپان، كە لەئەنجامی لەبەرچاونەگرتنی ڕێنماییەكانی لەدایك بوون و پێداویستیە تەندروستییەكان منداڵان تووشی دەهاتن و دەبووە هۆی مردنیان، ئەمەش بەربەستێكی سەرەكی بوو لەبەردەم زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان[١].

هەروەها كەمی ژمارەی نەخۆشخانە و بنكە تەندروستیەكان لە باشووری كوردستان لەچاو ناوچەكانی دیكەی عێراق گرفتێكی گەورەی بۆ ناوچە كوردییەكان دروست كردبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٤٣ تەنها یەك نەخۆشخانە لە هەولێر بوونی هەبووە لەگەڵ هەموو ئەو كەموكورتیانەی لەیەكە و پێداویستیەكانی، لە سلێمانیش دوو نەخۆشخانە، كەچی هەر لەهەمان ساڵدا ئەگەر تێبینی بكرێت سێ نەخۆشخانە لە لیوای دلێم و چوار نەخۆشخانەی دیكە لە حیللە و پێنج دانەی دیكە لە مەنتفك بوونیان هەبووە[٢].

سەبارەت بە گوندنشینەكانی باشووری كوردستان بە بەراورد لەگەڵ شارەكاندا، بارودۆخی تەندروستی تێیدا خراپتربووە و ڕێژەی مردنیشی تێیایدا بەرزتر بوو، چونكە دانیشتوانەكەی زۆربەیان لە چینی هەژاربوونە و توانای كڕینی دەرمانیان نەبووە و حكومەتیش گرینگی تەواوی بەو ناوچانە نەداوە، بۆی هەبووە مانگی جارێك برینپێچێك سەردانی ناوچەكانی كردبێت، بەڵام بەشی كەمترین پێداویستیەكانی ناوچەكەی نەكردووە[٣].

بەشێوەیەكی گشتی لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥ز) بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی باشووری كوردستان زۆر خراپ بوو، زۆربەی گوندەكان وێران كرابوون و سوتێندرابوون، هیچ جێگایەك نەمابوو كشتوكاڵی تێیدا بكرێت، برسێتییەكی لە ڕادەبەدەر تەنگی بە دانیشتوانەكەی هەڵچنیبوو[٤]، بۆیە لە هەندێك ناوچە كوردییەكان دەستكرا بە خۆپیشاندان دژی ناهەمواری بارودۆخی ئابووری ناوچەكەیان بە تایبەتی لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٢ز، ئەمەش بە پێشنیاری چەند

(١) شاكر خەسباك، كورد و مەسەلەی كورد، وەرگێڕان: ئەمین موتابچی، (سلێمانی- چاپخانەی كامەران- ١٩٦١ز)، ل ٦٠.

(٢) موسيس ديرهـا كوبيـان، حالـة العـراق الصحيـة في نصـف قـرن، (بغـداد- دار الحريـة للطباعـة- م١٩٨١)، ص ١٩٣.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەكان...، ل ٢١ .

(٤) فاخر عالی عبابكر، مێژووی بارزان....، ل ١١٨.

ڕۆشـنبیرەكی چـالاك کـەوا دەرکەوتـن لەسـەر شـانۆی ڕووداوەکانی بـە هێزێـکی زۆرتـر لـە جـاران بـە چەنـد درووشـمێکی نـوێ[1].

سـەبارەت بـە دەڤـەری بارزانیـش لـە ڕووی ئـەو لایەنانـەی کە لـە سـەرەوە ئاماژەمان پێکـرد، لـە بارودۆخێـکی خراپدابوو، بەشـێوەیەك برسـێتی گەشـتبووە ڕادەیەکی مەترسـیدار بەهـۆی ئـەو گەندەڵـیە کارگێڕیانـەوە کـە لەلایـەن کاربەدەسـتانی ناوچەکـەوە ئەنجام دەدرا، سـەرەڕای ئـەوەش بە بەردەوامی ژمارەی بنکە سـەربازییەکان لـە ناوچەکەدا ڕووی لـە زیادبـوون دەکـرد، بێگومـان دەرئەنجامـی ئـەو کارانەی حکومـەت نارەزایـەتی خەڵکی ناوچەکـەی لێکەوتـەوە و هەندێکیـان پەنایـان بـردە بەرشـاخ بـە مەبەسـتی شـەڕکردن لەگـەڵ بنکـە سـەربازییەکان، لەگـەڵ ئـەم دۆخەشـدا هیچ یەك لـە موتەسـەریفی هەولێر و موتەسـەریفی مووسـڵ ناوچەکەیـان بەسـەر نەکـردەوە[2].

لـەو بارەیـەوە یاداشـتێکی باڵیـۆزی بەریتانیا لـە عێـراق کـە بۆ لەنـدەن ڕەوانـە کراوە جەخـت لـەوە کراوەتـەوە کـە کـورد لـە عێـراق قوربانـی ئیدارەیەکـی نـا لێهاتـوو و پـاك نیـن، هەروەهـا سیاسـەتی ئابـووری حکومەتـی عێراقی کـە سیاسـەتێکی تـەواو داماڵراوە لـە سیاسـەتی ئابـووری، تێیـدا کـورد غەدرلێکراوی ڕاسـتەقینەن کـە هیـچ هەوڵێکی جدی لەلایـەن حکومـەت نابینرێـت بـۆ کەمکردنـەوە یاخود نەهێشـتنی[3]، هەر ئەمـەش وایکرد جـۆرە تێڕوانینێـك بێتـە ئاراوە کـە جۆرێك لە فەرامۆشـکردن و ئابلوقەی ئابـووری لەلایەن حکومەتـەوە سـەپێندراوە بەسـەر خەڵکـی کوردسـتان[4].

بێگومـان ئـەو بارودۆخـەی کـە بەرۆکـی گەلـی کـوردی گرتبـووەوە لـە عێـراق لـە سـاڵانی جەنگـی جیهانـی دووەم ڕەوشـێکی ئاڵـۆز و ڕاسـتەقینە بوو لـە دەرەئەنجامی ئەو بارودۆخـە ئابووریـە سـەختە و هەروەهـا کاریگەرییەکانـی جەنـگ و بوونـی هێزەکانـی سـۆڤیەت لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات و کاردانەوەکانـی لەسـەر هەسـتی نەتەوایەتـی کـورد هـەر هەمـووی بەیەکـەوە کەشـێکی لەباریـان هێنا ئـاراوە کـە یارمەتیدەربـوون بۆ چالاکییـە سیاسـییەکان لـە کوردسـتانی عێـراق و هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش[5].

بەتایبـەت پـاش ئـەوەی هەموو جیهـان زۆر بە بایەخەوە دەیانڕوانیـە گۆڕانکارییەکانی

(١) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٣٢.

(٢) ايوب بارزاني، المصدر السابق، ص ص ٢٠٣- ٢٠٤.

(٣) برهـان ابابكـر ياسـين، كوردسـتان في سياسـة القـوى العظمـى (١٩١٤– ١٩٤٧)، ترجمـة: هـوراس، (دهـوك– مطبعـة هـاوار– ٢٠٠٢م)، ص ١٠٦.

(٤) غانم محمد العفو، عبدالفتاح علي البوتاني، المصدر السابق، ص ٧٦.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص ٦٨- ٦٩.

جەنـگ و چـاوەڕوانی ئاکامـەکانی بـوون، کاتێ نیشـانەکانی تێکشـکانی نازیزم سـەری هەڵدا هیـوای گـەلانی چەوسـاوە بـوژاوە، گـەلانی جیهـان کەوتنـە چـالاکی و خەبـات لـە پێنـاو بەدیهێنـانی مافەکانیـان، گـەلی کوردیـش لـەم ڕێچکەیـە دانەبـڕاوە شۆڕشـی بـارزان بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا بـارزانی لـە ئەیلـوولی ١٩٤٣ هەڵگیرسـا[١]، کـە قۆناغێـکی نوێـی لـە مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا هێنا ئـاراوە.

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان... ، ل ل ٥١-٥٢.

## تەوەری سێیەم

## دەركەوتنی پارت و كۆمەڵە سیاسییەكانی كورد

لەدوای ئەوەی عێراق لە (١٩٣٢) دا هاتە نێو كۆمەڵەی گەلانەوە، ژیانی پارتایەتی و بزووتنەوەی كوردایەتی لە عێراق و كوردستاندا تاڕادەیەك بەرەو سەربەرزكردنەوە دەچوو[١]، چالاكیەكانی لقی كوردی وردە وردە بەرەو فراوان بوون و بەهێزبوون دەچوو دوای ئەو پەرەسەندنانەی كە گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق و كوردستاندا لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت پاش ئەوەی حكومەتی تۆفیق سویدی لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦ مۆڵەتی كاری ئاشكرای بە پێنج حزب دا[٢].

خەباتی ناسیۆنالیستانەوە و ڕزگاریخوازانەی كورد لە باشووری كوردستان و لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانەوە بە درێژایی سەدەی بیستەم بنەما و ئاراستەی جۆراوجۆری لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتی وەرگرتووە، ئەگەر شۆڕشەكانی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی بەردەركی سەرا و شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا نموونەی سیاسی خەباتی چەكداری بێت، ئەوا دەركردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر لە شارەكانی سلێمانی و هەولێر و ناوچەكانی باشووری كوردستان گوزارش لە خەباتی ڕۆشنبیری و هەولی گۆڕانكاری دەكەن لە بونیادی كۆمەڵایەتی و پێكهاتەی كەسێتی تاكی كورد لەم ناوچەیەدا، تەریب بەم دوولایەنە خەبات و هەولی پارتایەتی و پێكهێنان و دروست كردنی چەندین پارت و ڕێكخراوی نهێنی و ئاشكرا بە پێی قۆناغ و شوێنەكانی لایەنێكی پڕشنگداری تری ئاراستەی خەباتی ناسیۆنالیستی كوردیان بۆ ڕوون دەكاتەوە[٣].

ئاشكرایە كە هەر ڕێكخراو و گروپێكی كۆمەڵایەتی خاوەن سنووری جیاكەرەوە و بیرێكی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە لە پێناو تێكۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاریكراو لە ڕێی كاری هاوبەشی لایەنگرانەوە دادەمەزرێن كە هەریەكەیان بەپێی سروشتی باوەڕ و ئامانج و زەمینەی كاركردنەوە خاوەنی شێوازی ئەندامی پێكهاتەی هەرەمی جۆری ڕێكخستن و كاركردن و بڕیار وەرگرتن و ڕێبەرایەتی تایبەتمەندی خۆیانن كە لە

(١) علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق تا بەستنی كۆنگرەی سێ یەمی، (بێ شوێن، ١٩٦٨)، ل ١٥.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەكان...، ل ٨١.

(٣) هیوا عەزیز سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

ڕێکخراوێـکی دیکە پێـی جیادەکرێتـەوە[١].

چۆنیـەتی ڕێبـاز دیاریکـردن بـۆ سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی کوردایـەتی و گەیشـتنی میللـەتی کـورد بـە مافـە ڕەواکانی مێشـك و هـۆشی هەمـوو سـەرکردەکانی کۆمـەڵ و پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتان جگـەر سـۆزان و ڕۆشـنبیرانی کـوردی بزوانـد[٢]، ئـەوان هیوایـان دەخواسـت دوای ئـەوەی شـەڕ کۆتایـی دێـت سـەرجەم داخوازییـە نەتەوەییەکانیـان وەدی بێـت[٣].

لـەم سـەردەمە نوێیەشـدا کـە مەتـرسی دوژمنـکاری دەرەکی کۆتایی هاتبـوو، قەیراناوی بـوونی ناکۆکیـە کۆمەڵایەتییـەکان و تووندبـوونی ململانێـی چینایـەتی، هەسـتانەوەیەکی گەردەلـول ئاسـای بزووتنـەوە دیموکراتخـوازەکان لـە کوردسـتان تێبینـی دەکـرا کـە یەکێك لـە ئامانجەکانیـان[٤] دروشـمی دانی مـافی ئۆتۆنۆمـی بـە هەمـوو پارچەکانی کوردسـتان لەم سـەردەمەدا بـە پەسـەندیان دەزانی، تاوەکـو میللـەتی کـوردی بەشـخوراو لـە وڵاتەکانـدا هەسـت بـە قـەوارەی خـۆی بـکات و بەیەکجـاری لـە دەمکوتکـردن و چەوسـانەوەی نەتەوایـەتی ڕزگاری ببێـت و لەگـەڵ نەتـەوەکانی دەوروپشـتدا برایـەتی و ژیـانی هاوبـەشی بەهێـز بکـەن[٥].

بەشـیوەیەکی گشـتی لـەم باسـەدا تیشـك دەخەینـە سـەر دەرکەوتـن و هەڵوەشـاندنەوەی پـارت و کۆمەڵـە سیاسـییەکانی کـورد لەگـەڵ دیاریکردنـی گرنگتریـن ئامانـج و پرۆگرامەکانیـان، سـەبارەت بـە ڕۆڵ و هەڵوێسـتیان لـە شـۆڕشـی دووەمی بارزان لەبەشـی داهاتـوودا لەگـەڵ ڕەوت و پەرەسـەندنەکانی شـۆڕش بـە پێـی قۆناغـەکان دەخەینـە ڕوو.

## ١- حزبی هیوا

لـە حوزەیـرانی ١٩٣٨ دا لە باخچەی (أم الربيعين) کە لەسـەر ڕێگای کەرکووك ـ هەولێر یەکـەم کۆنگـرەی کۆمەڵـەی دارکـەر بەسـترا، لـەم کۆنگـرە (٦٠) ئەنـدام بەشـداریان کـرد،

(١) یاسـین سەردەشـتی، کوردسـتانی ئێـران لێکۆڵینەوەیەکـی مێـژووی جولانـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی گـەلی کـورد، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١١١.

(٢) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(٣) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

(٤) م.س لازاریـف و ئـەوانی تـر، مێـژووی کوردسـتان، وەرگێـڕان : هۆشـیار عەبـدوڵا سـەنگاوی، ،(هەولێـر- دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٢ز)، ل ٤٤٦.

(٥) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢-١٣.

تێیدا بیری گۆڕینی كۆمەڵەی داركەر بە پارتێكی سیاسی گەورەتر خرایە بەر لێكۆڵینەوە و بیر لە ڕاكێشانی هەندێك لە پیاوە ناسراوەكانی كوردی ئەو سەردەم كرایەوە[١]، بەم جۆرە سەركردایەتی بۆ كەسێكی كوردی دیاریكرا كە ئەویش ڕەفیق حیلمی[٢] بوو ئەمیش پێشنیاری گۆڕینی كۆمەڵەكەی كرد بۆ حزبی هیوای كورد[٣].

سەبارەت بە دامەزراندنی حزبی هیوا جەلال عەبدوڵڵا حاجی دەباغ دەڵێت: «بەرای من ساڵی ١٩٣٧ راسترە و لەو ساڵەش دامەزرا، چونكە ئەو حزبە تەواوكەری كۆمەڵەی داركەرە و داركەریش لەو ساڵە دامەزراوە و دوایی بۆتە حزبی هیوا»[٤].

لەلایەكی دیكەوە موكەرەم تاڵەبانی جەخت لەوە دەكاتەوە كە دامەزراندنی حزبی هیوا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٨ بەپشت بەستن بە كۆبوونەوەی كۆمەڵەی داركەر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لە شاری كەركووك كە تێیدا سەرەتای بەرنامەی دامەزراندنی حزبی هیوا داڕێژرا، هەروەها بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی كۆمەڵەی هێڤی كە ڕەفیق حیلمی خۆی ئەندامێكی ئەو كۆمەڵەیە بووە و پێشنیاری كردووە كە ناوی حزبە نوێیەكەی بنێت هیوا[٥].

---

(١) موكەرەم تالەبانی، كۆمەڵەی داركەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری رەنگین، ژمارە٥٢، بەغدا، ١٩٩٣ز، ل ٢٠.

(٢) ڕەفیق حیلمی كوڕی ساڵح عەبدولا ناسراو بە حیلمی : لە بنەماڵەی ئامانی كەركووكە، لە ساڵی ١٨٩٨ لەو شارە لەدایك بووە، خوێندنی دواناوەندی لە سلێمانی و بەغدا تەواو دەكات، پاشان ڕوو دەكاتە ئیستانبۆڵ و دەچێتە كۆلێژی سەربازی، پاش جەنگی یەكەمی جیهانی جارێكی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ ئیستانبۆڵ بەمەبەستی خوێندن لە ساڵی ١٩٢٠ بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانكۆی قوستەنتنیە بەدەست هێناوە، شارەزایی لە زمانەكانی عەرەبی، فارسی، توركی و فەڕەنسی هەبووە، چەند وەزیفەیەكی بە پلەی باڵا بینیووە لەوانە، لە ئەیلوولی ١٩٤٠ بووەتە بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای بەسرا، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دەكرێتە (ملحق الثقافي) لەیەكێك لە باڵیۆزخانەكانی عێراق، لە ٤ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ كۆچی دوایی كردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:. ناهیدە ڕەفیق حیلمی، بەسەرهاتی رەفیق حیلمی، (سلێمانی- چاپخانەی روون- ٢٠٠٥ز)، ل ل٢٣-٢٦ ؛ شاخوان عبداللە صابر، رفیق حلمي ١٨٩٨– ١٩٦٠ دراسة تاريخيه فی نشاطه السياسي والثقافي (السليمانية- منشورات بنكەی ژین- ٢٠٠٧ز)، ص ص٢٣- ٢٢٦.

(٣) سروه أسعد صابر، المصدر السابق، ص٣٧٠.

(٤) تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە كۆتایی سیەكان و ناوەڕاستی چلەكان، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ١، هەولێ، ١٩٩٨ز، ل ل ٥٧- ٥٨.

(٥) مكرم الطالبانی، حزب هیوا، (سلیمانیە- مركز خاك للنشر والاعلام- ٢٠٠٢م)، ص ٥٦.

بۆچونێـکی تریـش هەیە کە جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە لە شـاری هەولێر دروسـت بـووە، سـاڵح حەیـدەری[١] لە یاداشـتەکەیدا دەنوسـێ و دەڵێت «لەبەر نەبونی سـەرچاوەی تـەواو دەربـارەی دامەزرانـدنی ئـەم حزبـە مـن لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٧١ پەیوەندیـم بـە یەکێـك لـە دامەزرێنـەرانی ئەم حزبـەوە کـرد، ئەویش مسـتەفا عوزێری پارێزەر بـوو داوام لێکـرد کـە هەنـدێ زانیـاری شـاراوەم بداتـێ ئەویش لـە وەلامدا گـووتی بنچەی ئـەم حزبە لـە هەولێـرەوە دەسـتی پێکـرد، کـە کۆمەڵـە قوتابیـەك کـە چەنـد بیرۆکەیـەکی نەتەوەیـی جیاجیـان هەبـوو بڕیاریـان دا ڕێکخراوێـکی نەتەوەیـی دابمەزرێنـن ئـەم ڕێکخـراوەش پـەرەی سـەند بـوو بە هیـوا»[٢].

هەروەهـا مووسا سـەمەد کـە یەکێـك بـوو لـە دامەزرێنـەرانی حـزبی هیـوا دەڵێـت: (ئێمـە قوتابیـانی هەولێـر لـە سـاڵی ١٩٣٧ دا کۆمەڵەیەکمان دامەزراند بە نـاوی کۆمەڵەی دارکـەر واتـە بەنـاوی ڕێکخراوێـکی ئیتـالی کـە هەمـان نـاوی هەبـوو، دامەزرێنـەرانی ئـەم کۆمەڵەیـە، مسـتەفا عوزێـری، مووسـا سـەمەد، خەلیـل حەمـەد، جـەلال قـادر، فەتـاح جەبـار، نورەدیـن بەهائەدیـن و یونـس رەئـوف بـوون، ئەمـان گشـتیان قوتـابی بـوون لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی یـان دواناوەنـدی، پـاش ماوەیـەك مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی بـەم ڕێکخـراوەی زانی و پەیوەنـدی بـە هەنـدێ لـەو قوتابیانەوە کرد کە بۆ خوێنـدن چووبوونە بەغـدا و دەعـوەتی ماڵـی خـۆی کردبـوون و داوای لێکردبـوون کـە بێتـە نـاو ڕێکخراوەکە، سـەرەتا ڕای کۆتایـی لەسـەر نـەدا بـەڵام پـاش چەنـد ڕۆژێـك بڕیـار درا لـە هاویـن بێتـە هەولێـر و لـە یەکـێ لە باخچەکانی شـارۆچکەی شـەقڵاوە سـوێند بخوا و ببێ بـە ئەندامی ڕێکخراوەکـە)[٣].

---

(١) سـاڵح کـوری حەیـدەر کـوری عاسـم کـوری حەیدەریـە : لـە ٩ی ئایـاری سـاڵی ١٩٢٢ لـە گـەڕەکی عارەبـان لـە هەولێـر لـە دایـك بـووە، لـە تەمـەنی حـەوت سـاڵیدا خراوەتـە بـەر خوێنـدن، قۆناغـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی هەولێـری سـەرەتایی لـە سـاڵی ١٩٣٥ تـەواو کـردووە، بـۆ تەواوکـرنی خوێنـدنی ئامادەیـی ڕووی کردۆتـە شـاری بەغـدا لـە سـاڵی (١٩٣٩- ١٩٤٠) پـۆلی پێنجەمـی ئامادەیـی لقـی وێژەیـی لـە قوتابخانـەی ئامادەیـی مەرکـەزی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی (١٩٤٣- ١٩٤٤) قوتـابی قۆناغـی یەکەمـی کۆلێـژی مـاف بـووە، بـەڵام بەهـۆی دەسـتگیر کـردن و خسـتنە ژێـر چاودێـری پۆلیـس وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە، لـە سـاڵی ١٩٦٠- ١٩٦١ کۆلێـژی ناوبراوی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠١ کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بورهـان حاتـم گۆمەتاڵـی، سـاڵح حەیـدەری ١٩٢٢ – ٢٠٠١ رۆڵـی سـیاسی و ڕووناکبـیری، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات – ٢٠١٢ز)، ل ل ٢٩ - ٤٠.

(٢) صالـح الحیـدري، مختـارات مـن مذکـرات صالـح الحیـدري، الطبعـە الثانیە،(السـلیمانیە- ٢٠٠٤م)، ص ٢١.

(٣) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣- ١٤.

كەچـی نـوری شـاوەیس[١] دەربـارەی دامەزرانـدنی حـزبی هیـوا ئامـاژە بـەوە دەكات، لـە نیسـانی ١٩٣٩ كۆبوونەوەیـەكی فـراوان لـە ئۆتێلـی كەركـووك بەسـترا بـە ئامادەبوونـی ئەندامانـی هەولێـر، كەركـووك، بەغـدا، كۆیـە و سـلێمانی، كـە تێیـدا بڕیاریـان دا نـاوی كۆمەڵـەی داركـەر بگـۆڕن بـۆ هیـوا، سـەبارەت بـە ئەندامانـی بەشـداربوو بریتـی بـوون لـە یونـس ڕەئـووف[٢]، كاكـە حەمـە خانەقـا، فـازل تالەبانـی و نورەدیـن بەهائەدیـن، ئەندامانـی بەغـداش بریتـی بـوون لە ڕەشـید باجـەلان و مسـتەفا عوزێری، لـە هەولێریش فەتـاح جەبـار، رۆسـتەم جەبـار و مووسـا سـەمەد، بـەڵام هیـچ ئەندامێكـی بادینـان ئامـادەی ئـەو كۆبوونەوەیـە نەبـوون[٣].

هـەر لـەو كۆبوونەوەیـە دا بڕیاریـان دا كـە كەسـایەتیەكی دیـار و نیشـتمان پـەروەری كـورد دەستنیشـان بكـەن بـۆ سـەركردایەتی كردنـی ئـەو حزبـە، ئەندامـانی كۆبوونـەوە زۆر نـاوی لێهاتـوو و دیاریـان هەڵبـژارد بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە سـەرۆكی حـزبی هیـوا، وەك محەمـەد ئەمـین زەكی، تۆفیـق وەهبـی، جەمـال بابـان، مەعروف جیـاوك، ماجید مسـتەفا، ڕەفیـق حیلمـی بـوون، دواتـر هەمـوو بڕیـار دەدەن پەیوەنـدی بـە ڕەفیـق حیلمیـەوە بكـەن، چونكـە هـەم خـاوەنی ڕابردوویـەكی سیاسی دوور و هـەم ڕوناكبیرێـكی گـەورەی كـوردە و جێگەیـەكی دیـاری هەیـە[٤].

(١) نـوری شـاوێس : لـە سـاڵی١٩٢٢ لـە سـلێمانی لـە دایـك بـووە، كۆلێـژی ئەندازیـاری تـەواو كـردووە، بەشـداربووە لـە دامەزرانـدنی ڕێكخـراوەكانی داركـەر، هیـوا، شـۆرش و ڕزگاری، لـە سـاڵی ١٩٤٦ بۆتـە ئەندامـی كۆمیتـەی ناوەنـدی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان، لـەدوای بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ پۆسـتی وەزیـری ئیشـغال، لـە سـاڵی ١٩٨٠ بـە هـاوكاری كەسـانی دی پـارتی گـەلی دیموكـراتی كوردسـتانی دروسـتكردووە و لـە سـاڵی ١٩٨٣ كۆچـی دوایـی كـردووە. نـوری شـاویس، مـن مذكـراتي، (اربيـل- مـن منشـورات حـزب الشـعب الكردسـتاني- ٢٠٠١م)، ص ص ٣- ٧ ؛ توانـا ڕەشـید كەریـم، سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێكۆڵینەوەیـەك لەبارودۆخـی سیاسـیی و ڕۆشـنبیری، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠١٢ز)، ل ٧٢.

(٢) یونـس ڕەئـوف- دڵـدار (١٩١٨- ١٩٤٨) : كـوڕی مـەلا ڕەئـوف خـادم السجادیە، لـە شارۆچكەی كۆیـە لەدایـك بـووە، دوای تەواوكردنـی قۆناغەكانـی خوێندنـی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لـە كۆیـە و هەولێـر، پاشـان كۆلێـژی حقوقـی لـە بەغـدا تـەواو كـردووە و بـە دوایـدا بووەتـە پارێـزەر. كەسـێكی رۆناكبیـر بـووە بـە شـیعرەكانی داوای ئـازادی و پێشـكەوتنی لاوانـی كـوردی كـردووە، خاوەنـی دانـەری سروودی نەتەوایەتـی (ئـەی ڕەقیـب)ە، چەندیـن ووتـاری لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ بـڵاو كردۆتـەوە، بـۆ زیاتـر بڕوانـە : مـارف خەزنـەدار، مێـژووی ئەدەبـی كـوردی، بەرگـی پێنجـەم، (هەولێـر- دەزگای چـاپ و بڵاوكردنـەوەی ئـاراس- ٢٠٠٦ز)، ل ل ٥٣٧- ٥٣٨.

(٣) صالح الحيدري، المصدر السابق، ص ٢٦.

(٤) مكرم الطالباني، المصدر السابق، ص ٥٢.

سەبارەت بە بەرنامە و ئامانجی حزبەکە جەخت دەکرایەوە لە بانگەشە کردن لەوەی کە گەلی کورد مافی نەتەوەیی لە عێراق بە دەست بێنێت، ئەویش دەسەڵاتی خود موختاری[١]، هەروەها هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی بەشەکانی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد، لەگەڵ گرنگی دان بە ڕەوتی زانست و پەروەردە لە کوردستان و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ چاودێریکردن و سەرپەرشتی کردنی، جگە لەمەش گرنگیدان بە خزمەتگوزارییەکانی وەك نەخۆشخانە، قوتابخانە و ڕێگاوبان لە هەموو شارۆچکە کوردییەکان[٢].

هەروەها زمانی کوردیش زمانی فەرمی بێت لە قوتابخانەکان و دادگا و فەرمانگەکانی دەوڵەت لە کوردستان، لەگەڵ هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دوو بەرەکی لە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و لابردنی زوڵم و زۆری لەسەر جوتیاران و نەهێشتنی دەرەبەگایەتی لە کوردستان[٣] و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە فەرمانگا حکومیەکان بە بێ جیاوازیکردن، کوردیش دەنگی هەبێت لە پەرلەمانی عێراق بەبێ جیاوازی[٤].

دەربارەی ئەندامیەتی لە حزبی هیوای کورد مەرج بوو لەسەر هەر کەسێك که دەبووە ئەندام خاوەنی ناوبانگێکی باش بێت و بە هیچ تاوانێك تۆمەتبار نەبێت و پەیوەندی بە ڕێکخستنی هیچ حزبێکی ترەوە نەبێت و مانگانەش ئابوونە بدات، هەروەها بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێکیش مەراسیمێکی تایبەتیان بۆ ڕێکدەخست[٥].

ئەوانەی دەبوونە ئەندام لەکەسانی نەتەوەخواز پێکهاتبوون، هەروەها سوێندی بە ئەندام بوونیان هەر هەمان سوێندبوو کە لە کۆمەڵەی دارکەردا ئەندامە نوێیەکان سوێندیان دەخوارد، کە ئەویش سوێند بە قورئان و خەنجەری کوردی و ئاڵای کوردستان، کە بە وەفا بن بۆ نیشتمانەکەیان و لە پێناویدا گیان فیدابن[٦].

حزبی هیوای کورد لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەوڵی داوە بۆنە نیشتمانییەکان و

---

(١) هلبين محمد امين المزوري، حزب هيوا (الأمل) ١٩٣٩- ١٩٤٦ دراسة تاريخية- سياسية (اربيل- مطبعة حاجي هاشم- ٢٠٠٨م)، ص ٥٩.

(٢) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ٢١٨ ؛ خليل جندى، حركه التحرر الوطني الكوردستاني في كوردستان الجنوبي ١٩٣٩- ١٩٦٧، (ستوكهولم- ١٩٩٤م)، ص ٥٣.

(٣) نوری شاویس، المصدر السابق، ص ٢١.

(٤) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ٦٠.

(٥) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر....، ل ٢٨٧.

(٦) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥.

ڕۆژە ناهەموارەکان یادبکاتەوە و بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی و هوشیارکردنەوەی جەماوەر بیان قۆستەوە[١]، تەنانەت ئەوەندە بەسەر دامەزراندنی تێنەپەڕی بوو توانی بەناو زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی جێ پێی خۆی بکاتەوە و لە هەموویان ئەندام و لایەنگر پەیدا بکات لە نێوان قوتابیان، مامۆستایان، ڕووناکبیران، ئەفسەران، دەرەبەگ و بازرگانەکان[٢].

چەشنی ڕێکخستنەکانی حزبی هیوای کورد چەشنە ڕێکخستنێکی نوێ بوو، هەڵسوڕاوانی حزبەکە بۆ یەکەم جار توانیویانە ڕێکخستنەکانی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی نێو حزب تا ڕادەیەك سەرکەوتوانە و واقیعیانە ببەن بەڕێوە، بەوەی هەڵساون بە جیاکردنەوەی ڕێکخستنی هەر چین و توێژێك لە ڕێکخستنێکی تایبەت و سەربەخۆدا بەو مانایەی قوتابیان و مامۆستایان، فەرمانبەران، ئەفسەران، سەرۆك هۆزەکان و تا دوایی هەریەکە ڕێکخستنی تایبەتیان هەبووە[٣].

حزبی هیوای کورد لە بارودۆخێکی وا دامەزرا کە ناکۆکیەکی فکری توند هەبوو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، وەکو ناکۆکیە توندەکانی نێوان هزری سۆشیالیستی و دیموکراتی، هەروەها نێوان بیری فاشیەت و نازییەت، ئەم ناکۆکیانە کاریگەری خۆی بەجێهێشت لەسەر کۆی حزبەکان و کۆمەڵگای عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی[٤].

لەو بارەیەوە دوو ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ڕیزی ئەندامەکانی حزبی هیوای کورد بەدی دەکرا، ژمارەیەك بە ڕابەرایەتی ڕەفیق حیلمی وای بۆ دەچوون کە بە دۆستایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی بە حکومەتی بەریتانیەوە گەلی کوردستان دەتوانێت بگاتە

---

(١) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩٣٢- ١٩٤٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، (سلێمانی- چاپخانەی تیشك- ٢٠٠٨ز)، ل ١٧٨ ؛ هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ١١٢.

(٢) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.

(٣) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی میژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسیی ١٩٣٢- ١٩٥٨، نامەی ماستەر پێشکەشکراو بە کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی مێژوو، (زانکۆی سەلاحەدین- ٢٠٠٦ز)، ل ل ١٠٦- ١٠٧.

(٤) مكرم الطالباني، المصدر السابق، ص ٥٨ ؛

Betul sinantorunu، the three faces of Kurdish mobilization in Iraq:politicization، institutionalization and constitutionalization 1946-2012. M.A. thesis، Middle East technical university-Istanbul – 2013، p.22.

مافە ڕەواکانی و سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت[١]، لە بەرامبەردا ڕۆشنبیر و قوتابیان و لاوەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوون و ئیمپرالیزم و داگیرکەرانیان بە دوژمنی سەرەکی گەل دادەنا، لەو بڕوایە دابوون کە پێویست دەکات گەلی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا ڕیزەکانی نێو خۆی پتەو بکات و هەستی سیاسی و فیکری بەرزبکاتەوە و بکەوێتە تێکۆشانی سەختی جۆراوجۆر، دۆستایەتی و پەیوەندیش لەگەڵ وڵاتانی ئازادیخواز و هێز و پارتی و گرووپە پێشکەوتخواز و شۆڕشگێڕانی جیهان ببەستێت، داوای پشگیری و کۆمەکیان لێ بکات[٢].

دوای فراوانبونی بنکەی جەماوەری حزبەکەش، لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان لقی تایبەتی بە شارەکان کرایەوە و هەر لقێك بەرپرسی تایبەت بەخۆی هەبوو وەك لقی (هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، بادینان، مووسڵ، بەغدا)، کە پەیوەندی و هەماهەنگی هەبوو لە نێوان هەموو لقەکانی حزبەکە[٣].

سەبارەت بە لقی هەولێری حزبی هیوای کورد، بە چالاکترین لقی ئەو حزبە دادەنرێت[٤] کە لەساڵی ١٩٣٩ دامەزرا، دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بەسەر کار و چالاکییە سیاسییەکان لە شاری هەولێر، لەوبارەیەوە ساڵح حەیدەری باس لە هەژموونی ئەم حزبە دەکات لە شاری هەولێر و دەڵێت "حزبی هیوا باڵادەست بوو لە هەولێر، زۆرترین قوتابیە تێگەیشتووەکان کە هەستی نەتەوایەتییان هەبوو کاریان تێیدا دەکرد لەگەڵ چەند کەسێکی تر"[٥].

مەجید ئەمین ئەفەندی ناسراوە بە مەجید کۆفێت بەرپرسی یەکەمی لقی هەولێر بووە و مستەفا عوزێری بڕواپێکراو (معتمد)ی حزبەکە بووە و مووسا عەبدولسەمەد، (ئەمین سندوق) و ڕۆستەم جەباری سکرتێر بووە، ئەندامی ئەم لقەش پێکهاتبوون لە فەتاح جەبار، نازم ئەسعەدی، عومەر عوسمان، ئیبراهیم یوسف،

---

(١) فيصل الدباغ، أضواء على كتاب الجمعيات والمنظمات و الأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، (أربيل- ١٩٩٣م)، ٧٥ ؛ فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی چوار چرا- ٢٠٠٥ز)، ل ٣١٣.

(٢) فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٣.

(٣) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ص ٦٨- ٦٩.

(٤) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٤٠ ؛ محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشوردا، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین- ٢٠١٤ز)، ل ١٤٢.

(٥) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ٦٩.

حسێن حوزنی موكریانی، ئیبراهیم دزەیی، .... چەندانی تر[١]، دواتر لە هەمان ساڵدا لە كۆبوونەوەیەكی ئەندامانی لقی هەولێر لە باخچەی جەمیل میران لە شەقلاوە ئەنجام دەدرێت لێپرسراوێتی ئەم لقە بە عیزەدین فەیزی دەدرێت[٢].

ئەوەی لقی هەولێر جیا دەكاتەوە لە لقەكانی تر ئەوەیە كە زیاتر كار و چالاكی ئەنجام دەدا بە بەراورد لەگەڵ لقەكانی تر، كە دەورێكی باڵای هەبوو لە بڵاوكردنەوەی بیرۆكەی حزبەكە لەنێو جەماوەری كورد، كە ئەندامانی لقەكە هەلدەستان بە هەلواسینی بڵاوكراوەكان لەسەر دیواری مزگەوت و قوتابخانەكان و شوێنە جەنجاڵەكان، و لە دیارترین چالاكیەكانی ئەم لقە بەشداریكردنی لە خۆپێشاندانە جەماوەریەكەی ١٤ی ئایاری شاری هەولێر لەكاتی جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١[٣].

ئەندامانی حزبی هیوای كورد لە هەولێر گۆڤاری نهێنیان دەرچوواندوە و بە دەستنووس نووسیویانە، بە شێوەیەكی نهێنی ئەندامانیان لەناو شار بڵاویان كردۆتەوە، لەوانە بڵاوكراوەیەك بەناوی دەنگی كورد بە قەبارەی بچووك كە لە چوار لاپەڕە تێنەدەپەڕی و لە چەند دانەیەك زیاتری لێ دەرنەچووە[٤]، هەروەها هەفتەنامەیەكی نهێنیان بە ناوی گۆڤار [٥] دەركرد كە بە گرنگترین بڵاوكراوەكانی حزبی هیوای كورد

---

(١) سەبارەت بەناوی بەشێك لە ئەندامانی لقی هەولێر و ناوە نهێنییەكانیان بگەڕێوە بۆ : محەمەد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٢- ١٤٣.

(٢) گۆران سۆران فەیزی، باری ئەدەبی كوردی لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٥٨، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٦ز)، ل٢٠ ؛ مەهدی محەمەد قادر، هەولێر.....، ل ٢٨٨.

(٣) تارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، (هەولێر- ٢٠٠٥ز)، ل٤٦ ؛ اسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٤٠ ؛ هلبین محمد امین المزوري، المصدر السابق، ص ٧٢.

(٤) اسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٤٠.

(٥) گۆڤارێكی هەفتانە بوو لەلایان نافع یونس و قەرەنی دۆغرەمەچی سەرپەرشتی كراوە، تەنها ژمارەیەكی ئەم گۆڤارە دۆزراوەتەوە كە لە جیاتی ژمارە بە پیتی ئینگلیزی ژمارەكراوە و ئەو ژمارەیەی دۆزراوەتەوە پیتی (T) لەسەرە بەرامبەر بە ژمارە (٢٠)ە، هەفتەنامەكە لە دەفتەرێكی بچووكی ١٢ لاپەڕەیی بێ خەت بەجێهێشتن بە مورەكەبی شین و سوور نووسراوەتەوە، درێژی ١٢سم و پانی ١٨سم، لەم ژمارەیەدا لە میانەی بابەتەكاندا ئاماژە بە ژمارەی پێشتر هەیە، لەگەڵ ئەوەی لە لاپەڕەی یەكەم نووسراوە ساڵی یەكەم، لە ژێر ناوەكەیدا نووسراوە گۆڤارێكی هەفتانەی سیاسی و كۆمەلایەتی و نهێنی و كوردیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەلای ناوی گۆڤارەكەوە ئاڵای كوردستان وێنەكراوە. بڕوانە: هیوا عەزیز سەعید، كۆمەڵەی خۆیبون- پارتی هیوا- كۆمەڵەی ژێكاف، لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری

دادەنرێـت، بەهـۆی نەبوونی ئامێرەكانی چاپكردن بە شـێوەی دەسـتنووس دەنوسرا و زیاتر لـە كەسـێك بەشـداری نووسـینەوەی هەژمارەكەیـان دەكـرد بۆ ئـەوەی تـەواوی گۆڤارەكە بەیـەك چەشـنە خـەت نەبێـت، كە مەبەسـت ئاشـكرا نەبـوونی نووسـەرانی گۆڤارەكە بووە و بابەتـەكان بەنـاوی نهێنـی بڵاودەكرانـەوە، هەروەهـا لەبـارەی بابەتەكانـی گۆڤارەكـەش زیاتـر گوزارشـتی لـە مەسـەلە نیشـتیمانی و نەتەوەیـی هۆشـیاری كـردووە و نزیكـەی بیسـت ژمارەی لێدەرچـووە[1].

كار و چالاكیـەكانی حـزبی هیـوای كـورد تەنیـا لـە شـاری هەولێـر خـۆی نەگرتۆتـەوە بەڵكـو فراوانیـەكی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینـی بـوو بۆ نـاو قـەزا و ناحیەكانیـش، ئەمەش هەمـووی بەهـۆی پەیوەندیـە نەتەوەییـەی لـە نێـوان قوتابیـەكانی نێـو حـزب دا هەبـوو، كـە قوتابیـەكانی قـەزا و ناحیەكانیـش لەوكاتـە لـە شـاری هەولێـر دەیانخوێنـد[2]، لـەو بارەیـەوە حەیـدەر عوسـمان دەڵێـت "پەیوەندیمـان لەگـەڵ ڕەوانـدز، شـەقڵاوە و كۆیـە لـە ڕێگـەی ئـەم قوتابیانـەی كە لەگەڵـمان دەیانخوێنـد، ئاشـنایەتیمان زۆر باش بـوو بۆیە یەكسـەر داوای هاتنـە نێـو حـزبی هیوامـان لـێ كـردن و پاشـان كـە دەگەڕانـەوە لەوێـش دەسـتیان بـە ڕێكخسـتنی گەنجـانی ئـەوێ دەكـرد"[3].

سـەبارەت بـە لقـی كەركـووك، ئەندامـانی ڕۆڵ و چـالاكی كاریگەریـان نوانـدووە، لـە دیارتریـن ئـەو چالاكیانـەش دەكـرێ ئاماژە بـە بڵاوكردنەوەی فیكـر و ڕێبـاز و ئامانجەكانی حـزب بـدرێ لەلایـان ئەندامـانی لقـی كەركـووكی حزبـەوە لـە ڕێـی پەخشـكردنی بەیانـات و دەرچوانـدنی گۆڤـار و ڕۆژنامـەوە، یەكـەم پەخشـەكەی زمانحاڵـی حـزبی هیـوای كـورد لـە ناوچـەی كەركـووك بڵاوكرایـەوە، لانیكـەم ئـەوەی تـا ئێسـتا پـەی پـێ بـراوە، گۆڤارێك بـووە بەنـاوی (هیـوا) كـە لـە سـاڵی ١٩٤٠ بە شـێوەی نهێنی و بـە دەسـت نووسراوەتەوە، ئەمـەش لـە نێـوان دێری بیرەوەرییـەكانی بەرپرسی لقەكـە ڕوون دەبێـت و كاتێك وتوویەتی "سـەرەتای دەسـت بـە نووسـین كردنـم بە جەماهیـر ئەگەڕێتـەوە بۆ سـاڵانی ١٩٣٩-١٩٤٠ ئەوسـاكە لـە پـۆلی دووەم و سـێیەمی ناوەنـدی بـووم، یەكـەم هەڵبەسـتم لـە گۆڤارێـكی كۆمەڵـی هیـوا بڵاوكرایـەوە كـە بـە نهێنـی دەرئەچوو بـە دەسـتیش ئەنووسرایـەوە"[4].

---

لـە مێـژوو و سـتراتیژ و كاری نەتەوەییـان، (سـلێمانی- چاپخانـەی یـاد- ٢٠٠٦ز)، ل٦٣ ؛ تـارق جامبـاز، حـزبی....، ل ٤٦.

(١) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر.....، ل ل ٢٨٩- ٢٩٠.

(٢) ماجـد حسـن عـلي، الحركـه الطلابيـه الكورديـه في العـراق ١٩٢٦-١٩٧٠، رسـالة ماجسـتير، قدمـت لكليـه الاداب، (جامعـه صـلاح الديـن- ٢٠٠٨م)، ص ٥٠.

(٣) تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی....، ل ٥٩.

(٤) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

لەشاری سلێمانی حزبی هیوای کورد لقێکی دروست کرد، ئەو لقە لە ماڵی جەلال ئەمین بەگ[(١)] دامەزرا و نووری شاوێس بووە بەرپرسی لق و "جەلال ئەمین بەگ" بووە سکرتێری لقەکە[(٢)]، هەر یەك لە ئیسماعیل حەقی شاوەیس[(٣)]، مستەفا خۆشناو[(٤)]، شێخ لەتیف، حامد قادر، فائێق فەرەج، غەفوور سوبحی سەعید، مەحموود خەفاف، کەریم زەند ئەندامانی لقەکە بوون[(٥)] ، لە ئافرەتانیش بەشداریان هەبوو، لەوانە ناهیدە شێخ سەلام[(٦)]، لەتیفە مەلا صدیق، حەلاوەخان شێخ مەحموود، زەکیە بابان

---

(١) جەلال ئەمین بەگ : جەلال ئەمین مەحموود لە ساڵی ١٩١١ لە دایکبووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە و بۆتە ئەفسەر، ئەندامی حزبی هیوا بووە، لە شۆڕشی بارزان بەشداربووە و لە ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە و پلەی کۆلۆنێلی دراوەتێ، زمانەکانی عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و فارسی زانیوە و خاوەنی چەند کتێبێکە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە. توانا رەشید کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢) هلبين محمد امين المزوري ، المصدر السابق، ص ٧٥.

(٣) ئیسماعیل حەقی شاوەیس : کەسایەتیەکی سیاسی و رۆشنبیری بووە، لە ساڵی ١٨٩٤ لە مووسل لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و روشدیەی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە، دواتر پەیوەندی بە قوتابخانەی سەربازی لە ئەستەمبوڵەوە کردووە، بووەتە مولازمی دووەم، بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی لەگەڵ شێخ مەحمود کردووە لەدژی ئینگلیز، ماوەیەك لە ناسریە و کەرکووك مامۆستا بووە، ئەندامی لقی ژێکافی کوردستانی عێراق بووە، هەروەها بەشداری لە کۆماری کوردستان کردووە، جگە لەوەی سیاسەتمەدار بوو، چەندین نووسراوی بڵاوکردۆتەوە لە ١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل حەققی شاوەیس (١٨٩٤-١٩٧٦)، (هەولێر- بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری- ٢٠٠٤) ؛ عبدالخالد صابر، ئەو وێنانەی لە خۆیان دەدوێن، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی- ٢٠٠٦ز)، ل ١٢٣.

(٤) مستەفا خۆشناو : لە ساڵی ١٩١٢ لە بێتوانە لە دایکبووە، یەك لە ئەفسەرە بەناوبانگەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بووە، یەك لە ئەفسەرانی پەیوەندی بوو کە ماجد مستەفا لەکاتی شۆڕشی بارزان دایمەزراندبوون، بەشداری لە دامەزراندنی ژێکاف لە ساڵی ١٩٤٢ کردووە و دواتر چۆتە کۆماری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٧ لە سێدارە دراوە. هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ٧٥.

(٥) توانا رەشید کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

(٦) - ناهیدە شێخ سەلام، لە ساڵی ١٩٢٢ لە دایکبووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٢وە پەیوەندی بە کاری سیاسییەوە کردووە، ئەندام بووە لە هیوا، لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردوە. هلبين محمد أحمد عبو المزوري، المصدر السابق، ص ٦٦.

و چەنـدانی تر[١].

حـزبی هیـوا لـە سـلێمانی بڵاوکراوەیـەکی لـە شـێوەی گۆڤـاردا هەبـووە کـە بـە (گۆڤاری هیـوا) ناوبـراوە[٢] و دەسـنووس بـووە و لەلایـان ڕەفیـق حیلمـی یـەوە نووسراوەتـەوە و بڵاوکراوەتـەوە[٣]، بۆیـە دەکرێـت ئامـاژە بـەوە بکەیـن ئەگـەر چـی سـلێمانی ناوەنـدی و مەڵبەنـدی بڵاوکردنـەوەی سـەرەکی هیـوا نەبـوو، کەچـی سـلێمانی ناوەندێـکی گرنگـی بـزاوت و جموجۆڵـەکانی ئـەم پارتـە بـووە[٤].

چالاکیـەکانی حـزبی هیـوای کـورد بەرفراوانیـەکی بەرچـاوی بە خۆیـەوە بینـی تەنانەت پەلیهاوێشـت بـۆ بادینـان، زۆربـەی ئەندامـانی لقـی بادینـان گرۆتینێـکی زۆریـان هەبوو بۆ بڵاوکردنـەوەی کار و چالاکییـەکانی حزبەکـە لـە ناوچەکـەدا[٥]، کۆمەڵێـك قوتـابی بادینـان لـە ساڵی ١٩٤٠ کـە لـەو کاتـەدا لە زانکـۆ و پەیمانـگاکان دەیانخوێنـد لە شـاری بەغدا، لە دوای وتووێژێـکی دوور و درێـژ لەنێـوان قوتابییـەکان، هەموویـان ڕازی بـوون بـەوەی کـە دەبێـت لقێـك بەنـاوی لقـی بادینـانی سـەربە حزبی هیـوا دامەزرێنـن، بۆ ئەم مەبەسـتەش

---

(١) هیوا عەزیز سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

(٢) محەمەد فاتح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

(٣) هیوا عەزیز سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(٤) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

(٥) ماجد حسن علي، المصدر السابق، ص ٥١.

ساڵح یوسفی[١] سەرکردایەتی ئەم لقەی پێ سپێردرا[٢]، لقی بادینان بەرەو گەورەبوون و فراوان بوون بوو تا ئەوەی گەیشتە زۆربەی ناوچەکانی و چەندین لقی لێ بۆوە لەوانەش : دهۆك، بامەڕنێ، شێخان، ئاکرێ و زاخۆ و زۆربەی شوێنەکانی تر[٣].

ڕێکخستنەکانی حزبی هیوا لە ناوچەی مووسڵ پردی پەیوەندی بوون لەنێوان سەرکردایەتی حزبی هیوا و ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد لە سوریا، لەنێویاندا کامیران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان، کە گۆڤارەکانی روناهی و هاوار و ستیریا دەرکردووە لە دیمەشق و بەیروت، و گۆڤاری ڕۆناهی دەگەیشتە شاری مووسڵ و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی هیوای کورد وتاری سیاسی و هۆنراوەی نیشتمانیان تێیدا بڵاوکردۆتەوە[٤].

جگە لەمەش حزبی هیوای کورد لە ساڵی ١٩٤٢ لقێکی لەشاری بەغدا کردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو چونکە قوتابیەکی زۆری کورد لەو شارەدا دەیانخوێند، کە ژمارەی ئەو قوتابیانەی بوونە ئەندام لەو حزبە ٣٠-٤٠ قوتابی دەبوون[٥]، کوڕ و

(١) لە ساڵی ١٩١٨ لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لە بامەڕنێ لەدایك بووە، خوێندنی دواناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، پاشان وەك مامۆستا لە هەریر دامەزراوە، پاشان ڕوودەکاتە بەغدا و لە کۆلێژی شەریعە دەست دەکاتەوە بە خوێندن و لە ساڵی ١٩٤٢ خوێندنەکەی تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٤٩ وەك نووسەری یەکەم لە دادگای شەنگال دەست بەکار دەبێت، سەبارەت بەکاری بەشداری سیاسی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٩ ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی پارتی هیوای کورد لەگەڵ هەریەکە لە ڕەفیق حلمی و دڵداری شاعیر، هەروەها لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بەشداری کردووە، لەسەرەتادا وەك بەرپرسی لقی بادینان (دهۆك- مووسڵ) دانراوە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٢ کراوەتە بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چەندین پۆستی وەرگرتووە لەوانە وەزیری دەوڵەت، هەروەها ئەندامی لێژنەی باڵای ئاشتی بووە کە سەدام حوسێن سەرۆکایەتی دەکرد، لەهەمان کاتدا سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد بوو، لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨١ لە شاری بەغدا تیرۆر کرا. صلاح الخرسان، التیارات السیاسیه في کردستان العراق قراءه فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیه في العراق ١٩٤٦- ٢٠٠١، (بیروت- مؤسسه البلاغ للطباعة والنشر و التوزیع- ٢٠٠١م)، ص ص ٦٦- ٦٧.

(٢) نوری شاویس، المصدر السابق، ص ٢٢.

(٣) سەبارەت بە ڕۆڵ و چالاکیەکانی لقی بادینان و شار و شارۆچکەکانی بگەڕێوە بۆ: هلبین محمد امین المزوري، المصدر السابق، ص ص ٧٨- ٨٢.

(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، الحیاه الحزبیه في الموصل ١٩٢٦- ١٩٥٨ (أربیل- مطبعة وزاره التربیه- ٢٠٠٣م)، ص ص ٣١٨- ٣١٩.

(٥) عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات و الاحزاب الکردیه في نصف قرن (١٩٠٨-

کۆبوونـەوەکانی لقـی بەغـدا زۆر بـە نهێنیـەوە دەکرا، زۆر جـار لە ماڵی ئەندامـەکان دەکرا و لـە هەمـوو کۆبوونـەوەکان باسـیان لـەوە دەکـرد کـە دەبـێ کارە نێوخۆییـەکانی حـزب زۆر بـە نهێنـی بێـت و لـە نێـوان ئەندامـان نەچێتـە دەرەوە، هەروەهـا لقـی بەغـدا زیاتر گرنگیـان بـە بڵاوکراوەکانیـان دەدا لـە ڕۆژنامـەکان، هەروەهـا کار و چالاکییەکانیـان لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەکانـەوە بـە هەمـوو شـوێن و ناوچـەکانی بەغـدا دا بـڵاو دەکـردەوە[١].

سـەبارەت بـە هەڵوەشـاندنەوە و لێکترازانـی حزبـی هیـوای کـورد لـە مانگی شـوباتی ١٩٤٤ کۆبوونـەوەی کەرکـووك و پاشـان لـە هاوینـی هەمـان سـاڵدا کۆنفرانسـی کەلار کە بـە یەکجـاری هەڵوەشـاندنەوەی حزبـی هیـوای کـورد هێنـا ئـاراوە و ئیـدی لێرە بـەدواوە لێکترازانـی گـەورە هاتـە کایـەوە لەبەرئەنجامیشـدا چەنـد ڕێکخراوێکـی نوێـی سیاسـی سـەریان هەڵـدا[٢].

بەمجـۆرە نەخشـی مێـژووی حزبـی هیـوا کۆتـای هـات، بەشـێکی ئەندامانـی بـازوی چـەپ چوونـە ڕیـزی (القاعیـدە)ی حزبـی شـیوعی عێراقـەوە و بـە نهێنیـش ڕۆژنامـەی ئـازادی یـان دەرکـرد، بەشـێکی تریـان بوونـە ئەندامـی سـتافی کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا، ئەوانـی تـر حزبێکیـان بەنـاوی ڕێ ڕاسـت) پێکەوەنـا کـە زۆربـەی ڕێکخراوەکانـی لـە سلێمانی و لەنێـو ڕیـزی قوتابیـە کوردەکانـی بەغـدا بـوو، بەشـێکی کەمیشـیان چوونـە ڕیـزی گروپـی (وحـدە النضال)ی شـوعیەوە و لە کوردسـتاندا بەنـاوی یەکێتـی تێکۆشـین شـاخەیان دامەزرانـد، چەنـد گروپێکـی تریـش بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ بەنـاوی جیاجیـا مانـەوە[٣].

---

١٩٥٨)، (سليمانيه- من منشورات دار سردم للطباعة والنشر- ٢٠٠٧م)، ص ١٣٩.

(١) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ٨٧.

(٢) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی.....، ل ١١٠.

(٣) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

## ٢ - کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد[١]

دوای داگیرکردنی بەشی باشووری کوردستانی ئێران لەلایەن لەشکری ئەمریکا و بەریتانیا و بەشی باکووریش کە لەشکری سووری سۆڤیتی لەشاری ورمێ جێگیر بوو[٢]، ناوچەی مەهاباد لەم بارودۆخە دووربوو، نە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەشکریان تێیدا جێگیر کردبوو نە لەشکری سوور، بەم شێوەیە بارودۆخێکی لەبار لە ناوچەی مەهاباد خولقا[٣]، بۆ چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و هێزە نیشتمانی و نەتەوە ژێردەستەکان و هاتنە کایەوەی قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و دیموکراتیدا[٤].

بە شێوەیەك نیزامی ئیستبداد و سەرەڕۆیی "ڕەزا شا"[٥] هۆکار بوو بۆ ئەوەی

(١) سەبارەت بەناوی کۆمەڵەی «ژیانەوەی کورد» لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا، جارێك بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و جارێکی تر بەناوی ژیانەوەی کوردستان ناوی هاتووە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ناویان هێناوە، بەر لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان چالاکی سیاسی ئەنجام دەدا، بە ووردبوونەوە لە بەڵگەنامەکانی «ژ. ك» دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەمان کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان بووە کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ ناوی خۆی گۆڕیوە و بووەتە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان». بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤ز)، ل ل ٢٢- ٢٣.

(٢) سەعیدی هومایون، پێشەوای رابوون، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : هاشم سەلیمی، وەرگێڕان : رەسووڵ سوڵتانی، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠٧ز)، ل ٣٨.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ- ١٩٨٨ز)، ل ل ٢٧- ٢٨.

(٤) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان...، ل ٥٦.

(٥) ڕەزا شا ١٨٧٨- ١٩٤٣ : ئەفسەرێکی سەربازی بوو لە سوپای قۆزاق توانی یەکەمین کۆدێتای سەربازی لەساڵی ١٩٢١ لە ئێران ئەنجام بدات و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆی زیاتر بەهێز بکات، پاشان توانی لەڕێگای پەرلەمانەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆتایی بە زنجیرەی پادشایەتی بنەماڵەی قاجارەکان (١٧٩٦- ١٩٢٩) بهێنێت و زنجیرە پادشایەتییەکی نوێ لەژێر ناوی بنەماڵەی (پەهلەوی ١٩٢٥- ١٩٧٩) لە ئێران دابمەزرێنێت، بەهۆی ئەوەی ناوبراو لە ساڵانی سییەکان و سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە دەوڵەتی ئەڵمانیا نزیککەوتەوە، لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤١ هێرش کرایە سەر ئێران و ڕەزا شا ناچارکرا واز لە تەختی پادشایەتی بۆ کوڕەکەی بهێنێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:- ال. پی. الول ساتن، رضا شاه کبیر یا ایران نو، ترجمە: عبدالعظیم صبوری، (چاپخانە وزارت فرهنگ،

فەزایەكـی ئاوەڵـەی سیاسـی سەرانسـەری ئێـران دابگرێـت و كوردسـتانی ڕۆژهەڵاتیـش بەهـۆی لەبـار بوونـی سـوژەی بەهێـزی سیاسـی پێشـەنگی بنیاتنانـی ڕێكخراوی سیاسـی بـوو[١]، بەتایبـەت بارودۆخـی نێوخۆیـی ئێـران لەلایـەك و ناسـیۆنالیزمی پێگەیشـتووی كـورد لـە كوردسـتانی عێـراق "حزبـی هیـوا" لەلایەكـی دیكـەوە مێشـكی ڕوناكبیرانـی كوردسـتانیان بـراز كردبـوو[٢].

سـەبارەت بـە حزبی هیـوا ئـەوكات بەهێزترین ڕێكخراوی سیاسـی بوو لە كوردسـتانی عێـراق، دوو كـەس لـە ئەندامە شـارەزاكانی خـۆی كە بریتی بـوون لە (میرحـاج ئەحمەد)[٣] و مسـتەفا خۆشـناو كـە هەردووكیـان ئەفسـەربوون بـۆ دروسـتكردنی پەیوەنـدی و هـاوكاری و هاوخەباتـی لەگـەڵ كوردەكانـی ئێـران نـاردە ڕۆژهەڵاتی كوردسـتان[٤].

دوای پەیوەنـدی و بـە یارمەتـی و ڕێنوێنـی نوێنەرانی حزبی هیوا لـە (١٦ی ئابی١٩٤٢)[٥] دەسـتەیەك لـە ڕۆشـنبیرانی شـاری مەهابـاد لـە نزیـك چەمـی سـابلاغ لـە باغـی حاجـی

---

تهران، ١٣٤٢ هـ . ش)، ص ص ١٩١- ٢٠٥، ٤٧٩- ٤٩١.

(١) سەعیدی هومایون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٢) حسـین مەدەنـی، كوردسـتان و سـتراتیژی دەوڵەتـان، بەرگـی دووەم، (هەولێـر- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- ٢٠٠٩ز)، ل ١٩٨.

(٣) لـە سـاڵی ١٩٠٥ لەدایـك بـووە یەكێكـە لـە دامەزرێنەرانـی حزبـی هیـوا و یەكێـك بـووە لـەو ئەفسـەرە كوردانـەی كـە پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان كـردووە، پـاش خامۆشـكردنی شـۆرش ڕووی لـە ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتان كـردووە، لەوێـش دوای ڕووخاندنـی كۆمـاری كوردسـتان لەگـەڵ بارزانییـەكان پەنـای بردۆتـە بـەر یەكێتـی سـۆڤیەت، دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨ گەڕاوەتـەوە عێـراق و بـە پلـەی موقـەدەم گەڕاوەتـەوە نـاو ڕیزەكانـی سـوپای عێـراق دواتـر خانەنشـین كـراوە، لـە شـاری بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٨٧ كۆچـی دوایـی كـردووە و لـە شـارۆچكەی ئامێـدی نێـژراوە. مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەكان....، ل ٥٧.

(٤) نەوشێروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٥) دەربـارەی مێـژووی دامەزراندنـی كۆمەڵـەی (ژ . ك) سـەرچاوەكان لەگـەڵ یەكـتر هاورانیـن، لەوانەیـە هـۆكاری ئـەم ناڕوونیـە بگەڕێتـەوە بـۆ بەشـێك لـە نووسـەران كـە لـە نووسـینەكانیان پشـتیان بەسـتبێت بـە سـەرچاوەكەی ولیـەم ئیگلـتن كـە ناوبـراو لـە نووسـینەكەیدا مانگـی گەلاوێـژی كـوردی بـە هەڵـە كردۆتـە مانگی شـەهریوەری ئێرانـی كە چـی مانگی گەلاوێـژی كوردی بەرامبـەر دەبێـت بـە مانگـی (مـرداد)ی ئێرانـی، بـە شـێوەیەكی گشـتی زۆربـەی سـەرچاوەكان ٢٥ی گەلاوێژیـان بـە ١٦ی ئەیلـوول دانـاوە كـە لەڕاسـتیدا مانگـی گەلاوێـژ (تەمـووز- ئـاب) دەگرێتـەوە. بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی بۆچوونـە جیـاوازەكان لەسـەر مێـژووی دامەزراندنـی كۆمەڵـەی (ژ . ك) بگەڕێـوە بـۆ : حامیـد گەوهـەری، كۆمەڵـەی ژیانـەوەی....، ل ل ٩- ١١ ؛ سـوارە قەڵادزێیـی، ڕاپەریـن و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی كـورد و كاریگـەری لەسـەر هەسـتی

داود (کۆمەڵـەی ژیانـەوی کورد)یـان وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کـوردی دامەزراند[١].

زۆربـەی شـارەزایانیش پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرن کـە سـەردانی ئـەو دوو ئەندامـە باڵایـەی حـزبی هیـوا کۆمەڵـەی ژیانەوی کـوردی هێنابێتـە دوونیای بـوون[٢]، بەم شـێوەیە کۆمەڵـەی ژیانـەوی کـورد پشـتی بەشـێوازی حـزبی هیـوا بەسـت بـۆ هێنـانی ئەندامـەکان بـۆ نێـو ڕیـزی کۆمەڵەکـەی، کـە ئـەو کەسـەی دەبێـت بـە ئەنـدام دەبێـت سـوێند بـە قورئـان و ئـاڵای کوردسـتان بخـوات[٣]، هەروەهـا کۆمەڵـەی ژیانـەوی کـورد لەسـەر چـوار کۆلەگـەی ئیسـلامەتی، کوردایـەتی، مەدەنیـەت، سـولح و ئاشـتیخوازی دامـەزرا هەمـوو قانـون و نیزامـەکانی لەگـەڵ شـەڕیعەتی پیرۆزی ئیسـلام پەیـڕەو ئەکـرد[٤].

کۆنگـرەی یەکەمـی کۆمەڵـەی ژیانـەوی کـورد لـە سـاڵی ١٩٤٣ بەسـترا لەسـەر گـردی (خـودا پەرسـت) نزیـك شـاری مهابـاد، نزیکـەی (١٠٠) ئەندام ئامادەی کۆنگرەکـە بوون، و (میرحـاج ئەحمـەد) لەلایـان حـزبی هیـوا وەکـو چاودێرێـك ئامادەی کۆنگرەکـە بـوو، لـە کۆتایـی کۆنگرەکـە چەنـد بڕیارێکیـان دەرکـرد لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە، لـە هەمـووی گرنگـتر دەرکـردنی گۆڤارێـك بـە نـاوی (نیشـتیمان) بـۆ ئـەوەی ببێتـە زمانحـاڵی کۆمەڵـەی ژیانـەوی کـورد[٥]، کـە ئامانجـی یەکەمی مـافی خودموختاری بوو بـۆ گەلی کورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و مەسـەلەی خەباتیـش بـۆ ڕزگارکـردنی کوردسـتانی گـەورە و

---

نەتەوایەتـی و دەسـەڵاتی داگیرکەرانـی دەڤـەر لـە (١٩٩١ز تـا ٢٠٠٣)، (سـلێمانی- چاپخانـەی کارۆ- ٢٠٠٥ز)، پەراوێـزی ل ٢٩.

(١) نەوشـێروان مسـتەفا ئەمـین، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٧٧؛ حسـین مەدەنـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل 212.

(٢) کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر، کوردسـتان و کـورد لـە چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـدا، (سلێمانی- چاپخانـەی بابان، ٢٠١٠ز)، ل ١٠٩.

(٣) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ص ١٢٨- ١٢٩.

(٤) حەمیـد ڕەزا فەیـروزی، کۆمـاری کوردسـتان، وەرگێـڕان: سـالار عـادل حەسـەن، (سـلێمانی- ٢٠١٢ز)، ل ٦٥.

(٥) هلبيـن محمـد اميـن المـزوري، المصـدر السـابق، ص ١٣٠. ئـەم کۆنگرەیـە وەك کۆنگـرەی دامەزرانـدن ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت چونکـە لـەم کۆنگرەیـەدا بڕیـاردرا لەسـەر هەڵبژاردنـی ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی کۆمەڵـە و «حوسـێن فروهـەر» یـش وەك لێپـرسراوی کۆمیتـەی کۆمەڵـە هەڵبژێـردرا و پاشـان بەرپرسـی لێژنەکانـی ڕاوێـژکاران و چـاپ و بڵاوکردنـەوە و بەرپرسـی دارایـی دانـران. بـۆ پـتر زانیـاری بگەڕێـوە بـۆ : وليـام ايغلـتن الابـن، جمهوريـە مهابـاد- جمهوريـة ١٩٤٦ الكرديـة، ترجمـە: جرجيـس فتـح اللـە، (اربيـل- دار آراس للطباعـة والنـشر- ٢٠١٢ز)، ص ص ٧٠- ٧١.

دامەزرانـدنی دەوڵەتێـكی كـوردی سـەربەخۆ بـۆ قۆناغێـكی دواتـری دانابـوو[(١)].

لەچوارچێـوەی ئـەو پەیوەندیانـەی كـە لـە نێـوان هـەردوو لایـەن دروسـتبوون، دەركـردنی دوو ڕۆژمێـری سـاڵانەی كـوردی بـوو، كـە لەلایـەن كۆمەڵەی ژیانـەوی كوردەوە بڵاوكرایـەوە، دواتـر هەردووكیـان بە ناوی (هیـوا و ژیانەوی كورد)وە چاپكرد، لەسـەردێری ئـەم ڕۆژمێـرەش كـە بـۆ سـاڵی (١٣٢٢ هەتـاو) بەرامبـەر (١٩٤٣ میـلادی) ئامـادە كرابـوو نـووسراوە "بـژی سـەرۆك و كـورد و كوردسـتان و هیـوا"، هەروەهـا لـە ڕۆژئەژمێـری تایبەتـی كۆمەلـەی ژ . ك" بـۆ وەرزی ١٣٢٣ی هەتـاوی بەرامبـەر بـە (١٩٤٤- ١٩٤٥) نـووسراوە "ئـەم سـاڵی تازەیـە لـە هەمـوو ئەندامـەكانی (ژ.ك و هیـوا) و هەمـوو كوردێكی كـە لـە پێنـاو سەربەسـتی نەتـەوەی كـورد تێدەكۆشـێ پـیرۆز بێـت" [(٢)].

نوێنـەرانی هـەردوو ڕێكخـراو دیـدەنی یەكتریـان دەكـرد و ئاڵوگـۆڕی بیروڕایـان دەكـرد، نوێنـەری كۆمەڵـەی ژیانـەوی كـورد بـە سـەرۆكایەتی محەمـەد ئەمـین شـەڕەفی لـە مانگـی ئـازاری ١٩٤٤ دا سـەردانی شـاری كەركـووك و سـلێمانی كـرد[(٣)] و لەگـەڵ ئەندامـانی حزبـی هیـوای كـورد كـە لـە ئەمـین ڕوانـدزی، عیـزەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو، شـێخ قـادری حەفیـد، سـەید عەزیـز شـەمزینی و ڕەفیـق حیلمـی پێكهاتبـوون، كۆبوونـەوە و بـاس لـە هـاوكاری و تەبایـی نێـوان هـەردوولا كرا[(٤)]، لـە دوای ئەمـە بە چەنـد مانگێك كە سـەرەتای هاویـن بـوو ئیسـماعیل حەقی شـاوەیس و عوسـمان دانـش بە نوێنـەری حزبی هیـوای هیـوا بـۆ سـەردانی كۆمەڵـەی ژیانـەوی كـورد چوونـە مەهابـاد[(٥)]، دواتریـش چەند كەسـێكی تـر وەكـو هەمـزە عەبدوڵلا و محەمـەد تۆفیـق وەردی بە مەبەسـتی بەهێزكردنی پەیوەنـدی دۆسـتایەتی و هـاوكاری نێـوان هـەردوولا سـەردانی شـاری مەهابادیـان كـرد[(٦)].

ئـەوەی كـەوا پەیوەنـدی ئـەم دوو لایەنـەی حـزبی هیـوا و كۆمەڵـەی ژیانـەوی كـورد بـە هێزتـر كـرد ئەوەبـوو كـە كۆمەڵـەی ژیانەوی كـورد لقێكی لە شـاری سـلێمانی كـردەوە، ئەویـش دوای ئـەوەی لـە كۆتایـی مانگـی  ئەیلـوولی ١٩٤٤ نزیكـەی (١٥) كـەس لـە ماڵی ئیسـماعیل حەقـی شـاوەیس كۆدەبنـەوە و كـە لەنێویانـدا هەریەكە لە سـدیق شـاوەیس، عوسـمان دانـش، حەمـە عـەلی مەدهـۆش، شـاعیری نـاسراو فایـەق بێكـەس، بەهـێ

(١) دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل حەققی...، ل ٩٥.

(٢) نەوشێروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٣) سوارە قەڵادزێیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٧- ٣٨.

(٤) عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ١٤٨.

(٥) نەوشێروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٦) عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ١٤٨.

مەعـروف، عەزیـز مـیرزا گـورون ئامادەییـان هەبـوو [١]، هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا دوای وتووێژێـکی زۆر بڕیـاری دامەزرانـدنی لقـی باشـووری کوردسـتانی کۆمەڵەی ژیانـەوی کورد دەدەن و لێژنەیـەکی کارگێـڕی بـۆ دروسـت دەکـەن کـە کاروبـارەکان بەڕێوە ببـات[٢]، ئەم لێژنەیـە لـە پێنـج کـەس پێکدێـت و ئیبراهیـم ئەحمـەد[٣] کـە ئەوسـا خاوەنـی گۆڤـاری گەلاوێـژ بـوو بـە کـۆی دەنـگ کـرا بـە بەرپـرسی ئـەو لێژنەیـە[٤].

لـە ئەنجامـی بەرەوپێـش چـوونی پەیوەندیـەکانی کۆمەڵـە لەگـەڵ تێکۆشـەرانی پارچـەکانی تـری کوردسـتان لـە مانگی ئابی ١٩٤٤ لە چیـای دالانپەر کە دەکەوێتە سـنووری (ئێـران- عێـراق- تورکیـا) [٥] بە ئامادەبوونی قاسـمی قادری نوێنەری کوردسـتانی ڕۆژهەڵات، نوێنـەری کوردسـتانی باشـوور لەلایـەن پـارتی هیواوە شـێخ عوبێدوڵڵا بوو دانیشـتووی دێی زینـوێ و نوێنـەری کوردسـتانی باکـوور قـازی مـەلا وەهـاب بـوو پەیمانێـکی سـێ قۆڵیـان مۆرکـرد بەنـاوی هەرسـێ پارچەکـەی کوردسـتانەوە ئـەو پەیمانـە بـە پەیمـانی سـێ سـنوور ناسراوە[٦].

ئـەم پەیماننامەیـە گوزارشـت بـوو لـە کارکـردنی هاوبـەش و دەسـتە کـۆ لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و کوردسـتانی گـەورە یەکێتـی خـاکی کوردسـتان جەختـی لەسـەر کرایـەوە، هەروەهـا بارودۆخـی فەرمانڕەوایـی خۆیەخـۆی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان تاوتـوێ کرا هـەر لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسـەر ئاڵای کوردسـتان

---

(١) توانا رەشید کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٢) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ٦٦.

(٣) لـە سـاڵی ١٩١٤ لـە شـاری سلێمانی لەدایك بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ کۆلێـژی مافـی لـە زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە، ناوبـراو پارێـزەر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس بـووە، لـە سـەرەتای سـییەکان لەگـەڵ قوتابییـە کوردەکانـی بەغـدا کۆمەڵـەی لاوانـی کـوردی دامەزرانـدووە کـە دوو گۆڤـاری دەرکـردووە بـە ناوەکانـی یـادگاری لاوان و دیـاری لاوان، لـە سـاڵی ١٩٣٩ سەرپەرشـتی دەرچوونـی گۆڤـاری گەلاوێـژی کـردووە، لـە ئابـی سـاڵی ١٩٤٤ هەڵبژێـردرا وەك بەرپرسـی لقـی کۆمەڵـەی ژێـکاف لـە کوردسـتانی عێـراق، ساڵی ١٩٤٧ پەیوەنـدی کـرد بـە پارتـی دیموکراتـی کـوردی- عێـراق، لـە سـاڵی ١٩٥١ بووەتـە سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هەروەهـا سـەرۆکی دەسـتەی نووسـینی ڕۆژنامـەی خەبـات بـوو، لـە ٨ی نیسـانی ٢٠٠٠ لـە لەنـدەن کۆچـی دوایـی کـردووە. محمـد علـي الصويـركي، المصـدر السـابق، ص ص ٨- ٩.

(٤) دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل حەققی...، ل ٩٩.

(٥) سوارە قەڵادزێیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

(٦) نجـم سـەنگاوی، خەبـاتی چەکـداری و ڕامیـاری نەتەوایـەتی کـورد (١٨٨٠-١٩٩٤)، (سـلێمانی- چاپخانـەی پەیوەنـد- ٢٠٠٩ز)، ل ٧٨ .

درا كـە ڕەنگـی سـوور و سـپی و سـەوز پێكهاتبـوو لەگـەڵ خۆرێـك لـە ناوەڕاسـتیدا و دوو گوڵـە گەنـم لـەم لاو ئـەو لایـدا قەڵەم و شـاخێك لـە پشـتیەوە[١].

نوێنـەری كۆمەڵـەی (ژێـكاف) گەڕایـەوە و بەیاننامـەی لەسـەر كۆبوونەوەكـە بـڵاو كـردەوە، بـەڵام سـەركردایەتی هیـوا پەیوەسـت بـوون بـە ئینگلیـزەوە و نەیاندەویسـت بەیاننامەكـە بڵاوببێتـەوە تـا ئینگلیـز لـێ یـان نیگـەران نەبـێ و نەزانـێ كـوردی عێـراق هاریكاریـان لەگـەڵ كۆمەڵـەی (ژێـكاف)ی پاڵپشـتیدراوی ڕووسـیادا هەیـە، ڕەفیق حلمی دەستەوەسـتانی دەربـڕی لـە هەوڵـەكانی ژیانـەوی كورد بـۆ كۆكردنەوەی كورد لـە ژێر یەك سـەركردایەتی ئەمـە ئاماژەیـە لەسـەر ئـەوەی بەرژەوەنـدی دەرەكی باڵـەكانی بزووتنـەوەی كـوردی و پەیوەندییـە دەرەكیـەكانی ڕێگـر بـووە لەبـەردەم دانـانی یـەك سـەركردایەتی ئەو قەیرانـە لەنیـوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەم زیاتر بـەردەوام بوو بەڵام ئـەم كۆبوونەوەیە هەریـەك لـە ئێران و توركیـا و ئینگلیزی وروژاند، بەكورتی بانگەشـەی ژێكاڤ وەك پارتێكی هەمـوو كـورد یـان پان كوردیزم دروشـمەكانی هەروا مانـەوە لەوبارەیەوە شكسـتی هێنا[٢].

## ٣ - حیزبی شیوعی له كوردستانی عێراق (شۆڕش)

دوای سـەركەوتنی شـۆڕشی ئۆكتۆبـەری ١٩١٧ لـە روسـیا و دامەزرانـدنی ڕێكخـراوی ئینتەرناسـیۆنالی كۆمۆنیسـت، لـە سـاڵی ١٩١٩ لـە مۆسـكۆ، بیروبـاوەڕی ماركسـیزم لـە زۆربـەی ناوچەكانی جیهاندا تەشـەنەی كرد، لە سـەرەتای سـاڵەكانی بیسـتەوە ئـەو تەوژمە فكریـەش گەیشـتە شانشـینی عێـراق لە ڕێگەی ئـەو بڵاوكراوە و نووسـینانەی كـە لەلایەن ڕێكخـراوە ماركسی و پارتـە كۆمۆنیستەكانی دەردەكـران یەكـەم شـانەی كۆمۆنیسـتی لـە عێراقـدا لـە سـاڵی ١٩٢٧ لـە شـاری بـەسرا لەلایـەن یوسـف سـەلمان (فەهـد)[٣] پێكهـات، دواتـر لـە چەندیـن شـاری تـری بەغـدا پێكهـات و لـە ٣١ی ئـاداری ١٩٣٤ حـزبی شـیوعی

(١) هیوا عەزیز سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٢) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٥١ -٣٥٢.

(٣) یوسـف سـلمان یوسـف (فەهـد) : لـە سـاڵی ١٩٠١ لـە شـاری بەغـدا لەدایـك بـووە لـە بنەماڵەیـەكی مەسـیحی كاتۆلیـكی، لـە ١٩٠٨ چۆتـە خوێندنـگای (الرجـاء الصالـح) لـە ١٩١٦ واز لـە خوێنـدن دەهێنێـت و لـە سـاڵی ١٩٣٤ پەیوەنـدی دەكات بـە خالـد بەكـداش، دواتـر دەچێتـە فەڕەنسـا و پەیوەنـدی بـە حـزبی شـیوعی فەڕەنسـاوە دەكات، لـە ١٩٤١ دەبێتـە سـكرتێری حـزبی شـیوعی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٤٧، دەسـتگیر دەكرێـت و لـە ١٤ی شـوباتی ١٩٤٩ لەسـێدارە دەدرێـت، بڕوانـە عبدالـرزاق محمـد اسـود، موسـوعة العـراق السیاسـیة، المجلـد الا ول، (بـیروت، ـ ١٩٨٦م)، ص ص ٣٣٩ -٣٤٠.

عێراق دامەزرێنرا[١].

یەکەم گروپی ڕێکوپێکی مارکسی لە شاری بەغداوە دەستی پێ کرد لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەژێر ناوی خوێندکارانی بیروباوەرە ئازادەکان بە سەرپەرشتی (حسین الرحال) کەسایەتی ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق [٢]، بەمەش (حسین الرحال) بە یەکەم پێشڕەوی بیری سۆسیالیستی لە عێراق دادەنرێت[٣].

لە مانگی ئازاری ١٩٣٤ بڕیاری دامەزراندنی یەکەم کۆمیتەی یەکگرتووی شیوعی عێراقی درا بەناوی لێژنەی (بەربەرەکانی کۆلۆنیالیزم و وەبەرهێنان)، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٣٥ لێژنەی ناوەندی (بەربەرەکانی کۆلۆنیالیزم و وەبەرهێنان) کۆبووەوە و بڕیاری گۆڕینی ناوەکەیدا بۆ حزبی شیوعی عێراقی، ڕۆژنامەی (کفاح الشعب)ی دەرکرد و وێنەی چەکوش و داسێکی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە دانا، بەوەش حیزبی شیوعی عێراقی ڕاگەیەنرا[٤].

لە مانگی تشرینی هەمان ساڵ حزب تووشی هەڵمەتێکی فراوانی گرتن و پەلاماردان هات لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت بەهیوای ئاشکرابوونی بەشێك لە ڕێکخستنەکانی و دواتر تووشی هەڵمەتێکی گرتنی تر هات بەهۆی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی ناو سوپای عێراقەوە، بەو هۆیەوە سکرتێری یەکەم (عاصم فلیح) بەندکرا، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ یوسف سلیمان یوسف (فهد) گەڕایەوە عێراق بە گەڕانەوەی دەستی کرد بە چالاکییەکانی و لەگەڵ عەبدوڵڵا مەسعود[٥]

---

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل ل ٧١ -٧٢.

(٢) محەمەد فاتح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، (سلێمانی- ٢٠١٢ز)، ل ٧٤ ؛ ئەحمەد حمەدئەمین، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٦ز)، پەراوێزی لاپەرە ٢١.

(٣) سیف عدنان ارحیم القیسي، الحزب الشیوعي العراقي من اعدام فهد حتی ثوره ١٤ تموز ١٩٥٨، (دمشق- دار الحصاد- ٢٠١٢م)، ص ١٦.

(٤) عادل غفوری خلیل، احزاب المعارضة العلنیة في العراق ١٩٤٦- ١٩٥٤، (بغداد- مطبعة اومیست الانتصار- ١٩٨٤م)، ص ٤٢ ؛ عبدالجبار حسن الجبوري، الاحزاب والجمعیات السیاسیة في القطر العراقي ١٩٠٨- ١٩٥٨، (بغداد- دار الحریه للطباعة- ١٩٩٧م)، ص ص ١١٠- ١١١.

(٥) لە ساڵی ١٩١١ لە پارێزگای بەسرا لەدایك بووە، لە ١٩٣٨ لە بەسرە لەگەڵ فەهد بۆ یەکەمجار یەکتریان بینیووە و هارکاریان دەستی پێکردووە بۆ دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، لە ١٩٤١ بووەتە ئەندامی ناوەندی حزب، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مەغدید حاجی، حزبی شیوعی عێراق دامەزراندن و سەرەتای ڕەوتی مێژووی ١٩٣٤- ١٩٤٠، (هەولێر- ١٩٩٧ز)، ل ل ٥١- ٥٢.

ڕێککەوتن کە بەیەکەوە کاربکەن بۆ دروست کردنی حزبێکی شیوعی عێراقی، بۆیە بڕیاریاندا کە ڕۆژنامەیەك بەناوی (الشراره) دەربکەن وەك هەنگاوی یەکەمیان[١] .

مێژووی یەکەم شانەی مارکسیش لە کوردستانی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی ١٩٤٢-١٩٤٣ کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی وەك سالح حەیدەری، رەشید عەبدولقادر، شوعا مەخلوف و ئەواکیم ئەواکیمیان لە هەولێر دامەزرا[٢].

ژمارەیەك لە قوتابیان و لاوانی پێشکەوتووی شاری هەولێر لە سالی ١٩٤٣ لە ڕیزی حزبی هیوای کورد دەرچوون و چوونە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە، سالح حەیدەری لە بیرەوەریەکانیدا لەم بارەیەوە نووسیویەتی "کەرتکاری لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەیی هیوا لە هەولێر بلاوببۆوە و زۆربەی زۆری ئامادەی خۆیان دەربری بۆ ئیشکردن لەگەلماندا، بەتایبەتی لە هاوینی سالی ١٩٤٣ دا بڕیارماندا وەك ڕێکخراوێکی ناوخۆیی سەربەخۆ کاربکەین و گرنگیدانمان بوو بە مەسەلەی کورد و هەستی نەتەوایەتی لە دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگی و دژی ئەشکەنجەدانی نەتەوەیی بووین ... بڕیارماندا ڕێکخراوێك بەناوی کۆمەلەی میللەت دامەزرێنین و بلاوکراوەیەکی دەست نووسمان بەناوی (دەنگی کورد) دەرکرد پێش ئەوەی هەلبوەشێتەوە و ببێتە لقێك لە ڕێکخراوی (یەکێتی تێکۆشین) چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو[٣].

ئەو کەسانەی هاتنە ناو کۆمەلەکە چالاك بوون و قوتابی و ڕۆشنبیرانی هەولێر بوون کە لەنێوانیاندا نافیع یونس، حەمید عوسمان (١٩٢٦- ١٩٩٣)، مووسا سلێمان (١٩٢٦-١٩٥٣)، هاشم عەبدوللا (١٩٢٨-١٩٨٣)، شێخ محەمەد ناسراو بە شێخە شەل (١٩٢٣-٢٠٠٢)، عەزیز محەمەد (١٩٢٤- ٢٠١٧)، چەندانی دیکە بوون"[٤].

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا (کۆمەلەی میللەت) ژمارەی ئەندامەکانی زیادی کرد بەتایبەتیش کە چەندین ڕۆشنبیری دەستەبژێر هاتنە ناو ڕیزەکانیانەوە هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان بە هەندێ لە ناوەکانیان کرد. دەکرێ چەند فاکتەرێك ڕۆلیان لە گەشەکردنی کۆمەلەکەدا هەبووبێت لە پێش هەمووشیانەوە لاوازبوونی حزبی هیوایە، چونکە لەو ماوەیەدا حزبەکە دابەشی دوو بالی سەرەکی ببوو، بالی ڕاست بە سەرکردایەتی (رەفیق حلمی ١٨٩٨-١٩٦٠) کە پێی وابوو گەلی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا پشت بە بەریتانیا ببەستێت و دەبێ حزبی

---

(١) محەمەد فاتح، حزب و ڕێکخراوە...، ل ل ٧٤-٧٥.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل ٧٢.

(٣) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠٤- ٣٠٥.

(٤) شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

هیوا لە بەرامبەر شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان بێلایەنی خۆی بپارێزێت و بەشداری تێیادا نەكات[١]، لەبەرامبەردا باڵی چەپ كە زۆرینەی ئەندامانی حیزبەكەیان پێك دەهێنا داخوازبوون حزبەكەیان پەیوەندییەكانی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی بەهێز بكات و ڕۆڵی كاراشیان هەبێت لە شۆڕشی دووەمی بارزان لە ڕێگای پاڵپشتیكردنی بە هەموو توانایەكی[٢].

لە ئەنجامی ئەو ناكۆكی و ململانێیەی ناو حزبی هیوای هەبوو پێگەی حزبی هیوا بەرەو لاوازی ڕۆیشت ئەمەش لە قازانجی كۆمەڵی میللەت تەواوبوو، بۆیە خودی كۆمەڵی میللەتیش بووە هۆكارێك بۆ لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوەی هیوا[٣]، لەلایەكی دیكەوە سەركەوتنەكانی سوپای سۆڤیەت لە بەرەكانی جەنگدا، ئەوەش لەلای خۆیەوە ڕۆڵی هەبوو لە هاندانی لاوانی كورد كە چاو بگێڕنەوە بە هەڵوێستی سیاسیان و زیاتر درك بە بارودۆخی نێودەوڵەتی بكەن بەتایبەتیش ئەمە زیاتر كاریگەری لەسەر ئەندامانی حزبی هیوای كورد دروست كرد و هانیدان ڕوو لە بزاڤێكی كۆمۆنیستی وەك كۆمەڵی میللەت بكەن[٤].

فاكتەرێكی دیكە دەركەوتن و گەشەسەندنی كۆمەڵی میللەت دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانیان بە مەسەلەی كورد و مافی چارەی خۆنووسین و هەستی نەتەوایەتی هەروەها بەرزكردنەوەی دروشمی دژبە ئیمپریالیزم و فۆدال و دژبە چەوسانەوەی نەتەوایەتی[٥].

ئەم گروپە بۆ ماوەی چەند مانگێك كاریان كرد، دواتر لەلایەن گروپی (وحدە النضال)ی عەرەبی جوودا بوو لە حزبی شیوعی عێراقی (القاعدە) پەیوەندیان پێوە كرا، لەئەنجامی چەندین دانیشتن و وتوویژ لەنێوان هەردوو گروپ بڕیاردرا ببنە یەك حزب و كۆمەڵەی میللەتیش بووە بەشە كوردییەكەی (وحدە النضال) بەناوی یەكێتی تێكۆشین ناسرا و ڕۆژنامەیەكیان هەر بەو ناوە بڵاوكردەوە[٦].

---

(١) بورهان حاتم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پیشوو، ل ل٦٠– ٦١.

(٢) عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص ١٥١-١٥٢.

(٣) بورهان حاتم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٦١.

(٤) عزیز سباهي، عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي، المجلد الاول، (دمشق– منشورات الثقافە الجدیدە- ٢٠٠٢م)، ص ٢٣٢.

(٥) بورهان حاتم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پیشوو، ل ل ٦١– ٦٢.

(٦) ب. هەوراز، لێكۆڵینەوەیەك لەمەڕ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە كوردستانی باشوور، (بێ شوێنی چاپ– ئایاری ١٩٩٣ز)، ل ٨.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤ گفتوگۆیی نێوان باڵەکانی حزبی شیوعی عێراقی باڵی (قاعیدە) و باڵی (وحدە النضال) دەستی پێکرد[١]، گروپی (وحدە النضال) چووە ڕیزی گروپی قاعدەوە کە هەردووکیان لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق جیابوونەوە[٢]، بەڵام مارکسیە کوردییەکانی (یەکێتی تێکۆشین) یەکسەر نەچوونە ناو حزبی شیوعی عێراقی، بەڵکو لەگەڵ «فەهد» ڕابەری حزبی شیوعی عێراقی دانیشتنیان ئەنجامدا و هەندێ پێشنیاریان خستەڕوو وەك پێویست بوونی لقێکی کوردی حزبی شیوعی عێراقیان کرد کە لەلایەن لێژنەیەکی کارگێڕی ڕابەرایەتی بکرێت[٣].

هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە کوردی و بوونی هەندێ دەسەڵاتی تایبەت بۆ ئەو لێژنەیە وەك بەستنی کۆنفرانسی تایبەت لەلایەن لقە کوردییەکەوە و پەیڕەوکردنی هەموو دەسەڵات و مافێك بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام ئەم پێشنیارانە لەلایەن ڕابەری حزبی شیوعی عێراقی بەهەند وەرنەگیرا و پێی ڕاگەیاندن کە ئێوە لقێکن لە گشت مادام گشت بەبێ مەرج گەڕاوەتەوە، ئێوەش دەبێت بەبێ مەرج بێنەوە ناو حزبی شیوعی عێراقی، ئەم هەڵوێستەی «فەهد» وایکرد مارکسە کوردەکان لە ئەیلولی ١٩٤٤ بڕیاری دامەزراندنی حزبی شیوعی لە کوردستان بدەن[٤].

حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق (حزبی شۆڕش) لە پاییزی ١٩٤٥ دامەزرا کە پێکهاتبوون لە نافع یونس، جەمال حەیدەری، ڕەشید عبدالقادر، عەلی عەبدوڵلا، عەبدولسەمەد محەمەد، ساڵح حەیدەری بەرپرسی یەکەم بوو، بڵاوکراوەیەکیان هەبوو بەناوی شۆڕش بۆیە پارتەکە بە حزبی شۆڕش ناوزەند کرا[٥].

لەسەرچاوەکاندا باس لەوە دەکرێت، ئەم حیزبە وەك هەر حزبێکی تر پەیڕەوی ناوخۆیی هەبوو، تەنانەت لە پەیڕەوی ناوخۆیی هەر حزبێکی شیوعی دیکە جیاوازی نەبوو[٦]، چونکە گشت ئەو بنەمایانەی تێیدابوو کە پێویستە لە هەر ڕێکخستنێکی مارکسی دا هەبێت وەکو ڕێکخستنی شانەیی و پاڵاوتن بۆ ئەندامێتی و دیاری کردنی

---

(١) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٢) عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیی کوردستان، وەرگێڕان : فەرید ئەسەسەرد، (سلێمانی ـ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان ـ ٢٠٠٦ز)، ل ٢٦٨.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل ٨٩.

(٤) ب. هەوراز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٥) فتاح بهرام خضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٦) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١١.

ماف و ئەرك بۆ ئەندامەکان و دیموکراسیەتێکی مەرکەزی و دیسپلینی حزبی[١].

ڕۆژنامەیەکیان لە ژێر ناوی (شۆڕش) دەرچوواند وەکو زمانحاڵی فەرمی حیزبەکەیە[٢]، هەرچەندە سەرچاوەکان زانیاری وردیان لەبارەی ژمارەی ئەندامانی (شۆڕش)هوە بە دەستەوە نەداوە، بەڵام سەرچاوەیەك ژمارەی ئەندامەکانی لەنێوان ٣٠٠-٣٥٠ ئەندام مەزندە کردووە[٣]، دیارە بە هۆی باڵا دەستی هەولێرییەکان لەنێو حیزبی شۆڕش دا، بە بۆچوونی توێژەر دکتۆر جەمال نەبەز، حیزبەکە بە ڕێکخراوێکی تایبەت بە شاری هەولێر و هەولێرییەکان دادەنرێت[٤].

ئامانج و پرۆگرامی حزبی شۆڕش زۆر ڕوون و ئاشکرا و گونجاو بووە لەگەڵ قازانجی گەلی کورد و ڕەنجدەرانی کوردستان، بەتایبەتی حزبی شۆڕش دەیویست هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستان و عێراق دژی دوژمنی هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ڕژێمێکی دیموکراتی ئازاد یەکبگرن [٥].

ئامانجی سەرەکی حزبی شۆڕش لە ڕووی نەتەوەییەوە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی نامەرکەزی بوو بۆ کوردستانی عێراق[٦] و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری، بەتایبەت دوای جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمە دیموکراتیەکان دەبێت بایەخ بە ڕشتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پەروەردە بدرێت[٧]، دیارە چاکسازی کردنی بوارەکانی ئابووری نیشتیمانی ئامانجێکی تری شۆڕش بوو لە پێناو بنیاتنانەوە و بوژانەوەی ئابووری کوردستان [٨]، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی کە یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکانی کوردستان بوو کە بە چارەسەرنەکراوی مابوویەوە[٩]، لەگەڵ بنبڕکردنی هۆکارەکانی چەوسانەوە و دواکەوتوویی و بەشێکی ئامانجە سەرەکیەکانی بوو[١٠].

(١) عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص ١٥٩.

(٢) حسن بارام، مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٠٨- ٢٠٠٥، (سلێمانی-٢٠١٢ز)، ل ١٤٩.

(٣) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

(٤) شوان محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٥) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

(٦) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان.... ، ل ٩٤.

(٧) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٨) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل ٩٥.

(٩) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩ ؛ علی عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٦- ٢٧.

(١٠) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل ٩٥.

لەم چوارچێوەیەدا شۆڕش لە مانگی ئابی ١٩٤٦ بڕیاریدا كۆنگرەیەك ببەستێ بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیارەكانی هەمزە عەبدوڵلا دەربارەی دامەزراندنی حزبێكی نوێ بە ئامادەبوونی زۆر لە ئەندامانی لەوانە عەلی عەبدوللا، عەلی مەكتەبە، حەیدەر عوسمان، ساڵح حەیدەری، جەمال حەیدەری، حەمید عوسمان.... ئامادەی بەستنی كۆنگرەكە بوون، هەرچەندە بیروڕای جیاواز لە نێوان ئامادەبووانی كۆنگرەكە دەركەوت بەڵام زۆرینەی دەنگ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشیان دا، ئەوانەی دژی بڕیارەكە بوون دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش تێكەڵ بە حزبی شیوعی عێراقی بوون وەك ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان و جەمال حەیدەری و ڕێكخراوەكانی هەولێر، شەقلاوە و ڕواندز، بەم جۆرە ڕۆڵی سیاسی حزبی شیوعی لە كوردستانی عێراق (حزبی شۆڕش) كۆتایی پێهات[1].

## ٤- حزبی ڕزگاری كورد

لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتاكانی ١٩٤٥، هەموو لایەنەكان لەسەر مەسەلەی كۆكردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی و گروپە سیاسییە پێشكەوتنخوازەكانی كوردستانی عێراق لە یەك بەرەی نیشتمانیدا یەك دەنگ بوون[2]، حزبی شۆڕش و گروپە چەپەكانی تر و لایەنە پێشكەوتنخوازەكانی حزبی هەڵوەشاوەی حزبی هیوای كورد ئەركی دامەزراندنی بەرەیان گرتە ئەستۆ[3].

حزبی شۆڕش هەوڵێكی زۆریدا بۆ دامەزراندنی حزبێكی نەتەوەیی پێشكەوتوو لە باشووری كوردستان، بۆ ئەوەی هەموو لایەنە نەتەوەیی و دیموكراتییە دڵسۆزەكان كۆبكاتەوە[4]، لەدوای ئەوەی حزبی شۆڕش دركی بەو ڕاستیە كرد كە ئەگەری سەركەوتن بۆ زیندووكردنەوەی گیانی تێكۆشان و خەبات لەلای نەتەوەی كورد لە ڕێگەی ڕێبازێكی سۆسیالیزمی و بەپێی پرۆگرامێكی تەواو چەپ ئەگەرێكی لاوازە و بەو شێوەیە كاركردنە لە نێو كۆمەڵی كوردەواریدا ناتوانن پەرە بە ئایدیاكانیان بدەن، بۆیە كەوتنە بیركردنەوە لە دامەزراندنی بەرەیەكی نیشتمانی كوردی كە خاوەنی دروشمە گەلێكی ڕزگاریخوازانە بێت و شێوازی چەپخوازانەی ئاشكرای پێوە دیار نەبێت،

---

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەكان....، ل ل ١٠١- ١٠٢.

(٢) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ٩٩.

(٣) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

(٤) حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق (في محطات رئيسيه ١٩٤٦- ١٩٩٣)، (دهوك- مطبعة خبات- ١٩٩٨م)، ص ٢٨.

بەشێوەیەك كـە زۆرینـەی نیشـتمانپەروەر و نەتەوەخوازە هۆشـیارەکان لەخـۆ بگرێت[١].

بۆیـە سـەرکردایەتی حزبـی شـۆڕش کەوتنـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ کەسایەتی و ڕێکخـراوەکانی ئـەوکاتی کوردسـتان بەتایبەتیـش پەیوەنـدی کـرد بـە ژمارەیەك لـە ئەندامە چالاکـەکانی پێشـوی حـزبی هیـوای کـورد لـە بەغـدا و چەنـد ڕێکخراوێـکی تـر[٢].

دیـارە لـەو کاتانـە بـۆ بارودۆخـی کوردسـتان وای پێویسـت کـردووە کـە بەرەیەکـی نیشـتمانی لـەو جـۆرە پێـك بهێنرێـت بەمەبەسـتی بەرگریکـردن لـە مافەکانـی نەتـەوەی کـورد[٣]، هەروەهـا ئەندامانـی ئـەم بەرەیـەش دەیانویسـت ڕێکخراوەکـە هاوشـێوەی بەرەی بەرنگاری فەڕەنسایی و بەرەی ڕۆژگاری یۆنانی و بەرەی رزگای وڵاتی یۆگۆسلاڤی بێت[٤].

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش یەکـەم کۆبوونەوەیـان ئەنجامـدا لـە خانـووی عـەلی حەمـدی لـە بەغـداد دواتـر ڕۆژنامەیـەکی نهێنیـان بەنـاوی (ڕزگاری)یـەوە دەرکـرد[٥]، هەروەهـا سـەرکردایەتی ڕزگاری لـە حـەوت ئەنـدام پێـك دەهـات کـە بریتـی بـوون لـە سـاڵح حەیـدەری، نافـع یوونـس، نـووری شاوەیس، نـووری محەمـەد ئەمـین، ڕەشـید باجـەلان، تەهـا محێدیـن مەعـروف، جەعفـەر محەمـەد کەریـم چـوار ناوەکـەی سـەرەتا لەهەمـان کاتـدا ئەنـدام بـوو لـە حـزبی شـۆڕش[٦].

دیـارە هـەر لەسـەرەتای گفتوگـۆکان بـۆ پێکهێنانـی ئـەو بـەرە نیشـتمانییە، جیـاوازی بۆچـوون هاتـە ئـاراوە، بەتایبـەت ئەندامانـی شـۆڕش مەرجێکیـان هەبـوو کـە بریتـی بـوو لـەوەی کـە دەبێـت مارکسـیە کـوردەکان پارێـزگاری لـە ڕێکخراوەکـەی خۆیـان کـە «شـۆڕش»ـەو بشـکرێتە بنچینـە بـۆ ڕێکخـراوە تازەکـە[٧].

ئەندامانـی شـۆڕش بیانوویـان بـۆ ئـەم مەرجەیـان زیاتـر پێداگـری بـوو لـەوەی کـە چینـی کرێـکاری کـورد سـەرەڕای کەمـی ژمـارە و لاوازیـی هۆشـیاری چینایەتی پێویسـتی

---

(١) مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەکان...، ل ١٠٢ ؛ ئاکـۆ عەبدولکەریـم شـوانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٢٤.

(٢) اسـماعیل شـکر، المصـدر السـابق، ص ١٦٠ ؛ بورهـان حاتـم گۆمەتاڵـی، سـەرچاوەی پیشـوو، ل ٩٥.

(٣) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٣.

(٤) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

(٥) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٣.

(٦) عزیز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ص ٩٩- ١٠٠.

(٧) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥.

بە ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆ دەبێت تا بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاران بپارێزێت، جگە لەمەش پێیانوابوو ڕێکخراوە تازەکە «ڕزگاری» پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونەکانی شۆڕش دەبێت، بێگومان ئەم مەرجانەش لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی پێشووی حزبی هیوا ڕەتکرایەوە بە بیانووی ئەوەی ناکرێت لەیەك کاتدا کەسێك لە دوو ڕێکخراودا کار بکات و پارێزگاری لە بۆچوونەکانی هەردوو ڕێکخراوەکەدا (شۆڕش، ڕزگاری) بکات بۆیە ئەنجامی کۆبوونەوەکە بێ ئەنجام کۆتایی هات[١].

سەبارەت بەچینی کرێکارانی کورد کە ئەندامانی شۆڕش پێداگرییان لەو چەمکە دەکردەوە، نووسەری سەرچاوەی «سالح حەیدەری ١٩٢٢- ٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری» جەخت لەوە دەکاتەوە کە چینی کرێکار وەك چەمکێکی کۆمۆنیزمی لە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردیدا پتر وەك بۆچوونێکی زێدەڕەوانە دەردەکەوێت، چونکە هیچ یەکێك لە سەرکردەکانی «شۆڕش» بەخودی حەیدەریشەوە کەسانی کرێکار نەبوونە و گشتیان لە توێژی قوتابیان و ڕۆشنبیر پێکهاتبوون[٢].

لەلایەکی دیکەوە بە بڕوای نووسەرێکی دیکە بەهیچ شێوەیەك چینی پرۆلیتاریا لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە شارەکانی کوردستان بوونی نەبووە، چونکە لەڕاستیدا ئەو شارانە پیشەسازی بەرهەمهێنیان تێیدا نەبووە تا ناوکی ئەو چینەی لێ پەیدا ببێت، تەنانەت ئەو کرێکارانەش کە لە بەشی خزمەتگوزارییەکان یاخود پیشەسازییە سادەکان کاریان کردووە بەهیچ شێوەیەك نەکەوتبوونە ژێر هەژموون و کاریگەری چینایەتی و چینی کرێکار بەڵکو پەیوەست بوون بە ریشەی جووتیاری و هۆزگەرایەتی[٣]، هەر ئەمەش وایکردووە کە «ئیسماعیل شوکر» لە سەرچاوەکەی ئەم پێداگرییەی شۆڕش لە چینی کرێکاری کورد بە ناڕاست و دوور لە واقیع وەسف بکات[٤].

سەرکردایەتی «شۆڕش» هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ لەپێناو دامەزراندنی ئەو حزبە «ڕزگاری» سەرەڕای شکستخواردنی کۆبوونەوەی یەکەم، بەڵام بەردەوامی بە هەوڵەکانی دا بەمەبەستی دامەزراندنی ئەو بەرە نیشتمانییە، لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکانی نێو حزبی هیوای کورد و هێزەکانی دیکە بەدەم بانگەوازەکەی سەرکردایەتی «شۆڕش» هاتن و ڕەزامەندییان نیشاندا لەسەر

---

(١) صالح الحيدري، المصدر السابق، ص ٨٠.

(٢) بورهان حاتم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٩٦.

(٣) جلال الطالباني، كردستان و الحركه القوميه الكرديه، (بيروت- دار الطليعة- ١٩٧١م)، ص ١٣٥.

(٤) اسماعيل شكر، المصدر السابق، ص ١٦٠.

دامەزراندنـی حزبـی ڕزگاری کـورد لەوانـە عەلـی حەمـدی، جەعفـەر محەمـەد کەریـم، ڕەشـید باجـەلان و جەوهـەر عەزیـز پاشـا دزەیـی).

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە بەیاننامەیەکدا ئەوەیـان خسـتەڕوو کـە بـە هـەوڵ و کۆششـەکانی حزبـی شـیوعی لـە کوردسـتان و نیشـتمان پەروەرانـی تـر لەئەنجامـی یەکخسـتنی چەنـد کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی بچووکـی کـورد «حزبـی ڕزگاری» دادەمەزرێت، لەهەمـان کاتـدا داوای لەگەڵـی کـورد کـرد تـا بەهەمـوو شـێوەیەك پاڵپشـتی ئـەو حزبـە بکـەن و درێغـی لەسـەر خسـتنی نەکـەن[١].

لـەو بارەیـەوە محەمـەد فاتـح پێیوایـە بەڕادەیـەك حزبـی ڕزگاری کـورد وەك بەشـێك بـووە لـە حزبـی شـۆڕش هاوکارییەکـی فـرەوان لەنێوانیانـدا هەبـوو لـەڕووی ئالوگـۆڕی بیـروڕاکان و چاوپێکەوتنـەکان و بەجێهێنانـی کاری هاوبـەش لـەڕووی سیاسـی و ڕاگەیاندنـەوە، زۆر لـە ئەندامانـی حزبـی شـۆڕش لـە ڕێکخسـتنەکانی ڕزگاری کاریـان دەکـرد، بەشـێوەیەك ڕزگاری وەك قوتابخانەیەکـی پێگەیانـدن بـوو بـۆ ئەندامێتـی لەنـاو حزبـی شـۆڕش[٢].

دوای گەیشـتن بـە ڕێکەوتـن لەسـەر دامەزرانـدنی حـزبی ڕزگاری کـورد دەسـتەی دامەزرێنـەری حیـزب بەیانێـکی بڵاوکـردەوە تێیـدا ئامانجـە سـتراتیژیەکانی حیـزبی تێیدا ڕوونکـردەوە لەگـەڵ ئامانجـە قۆناغیـەکانی، ئامانجـە دوورەکانیـش تێیـدا دیاریکـرد کـە ڕزگارکـردنی کوردسـتانە[٣]، بـەڵام لـە ئامانجـە قۆناغیـەکانی تێکۆشـان لـە پێنـاو ڕزگارکـردنی عێـراق لەژێـر نفـوزی ئیسـتعمار و حکومەتـەکانی کۆنەپەرسـت کـە گەورەتریـن کۆسـپ بـوو لـە ڕێگـەی پێشـکەوتنی گـەلی کـورددا[٤]، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ دروسـت کـردنی و بەهێزکـردنی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ حـزب و کۆمەڵـە کوردییـەکان لـە دەرەوەی عێراق و یەکخسـتنی ڕیزەکانیـان و کارکـردن بـۆ ڕوونکردنـەوەی کێشـەی کـورد لـە بـەردەم گەلانی جیهـان[٥]. ڕێکخسـتنی حـزبی ڕزگاری کـورد لـە هەمـوو کوردسـتاندا بـەرەو پەرەسـەندن و گەشەسـەندن دەچـوو پرۆگـرام و ڕێبـازی گونجـاوی لەگـەڵ بزووتنـەوەی کوردایـەتی دا ڕۆژبـەڕۆژ چالاکتر بڵاودەبوویـەوە بۆیـە ناوبانـگ و ڕادەی تێکۆشـانی لەپێنـاو مافـە

(١) بورهان حاتم گۆمەتاڵی، سەرچاوەی پیشوو، ل ٩٥.

(٢) محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی....، ل ١٦٥.

(٣) شـێرکۆ فەتحـولا عومـەر، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـورد لەعێراقـدا ١٩٤٦– ١٩٧٥، وەرگێـڕان : سـوارە قەڵادزێـی، (کەرکـوك- چاپخانـەی شـەهید ئـازاد هەورامـی– ٢٠١٣ز)، ل ١٢٠.

(٤) فاتح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

(٥) محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی....، ل ١٧١.

ڕەواکانی گەلی عێراق و نەتەوەی کوردیدا پتر بڵاودەبۆوە[١].

چالاکییەکانی ڕزگاری ڕۆژبەڕۆژ چالاکتر و فرەوانتر دەبوو، بەشێوەیەك توانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەشێکی زۆر لە گەنجانی کورد بهێنێتە ڕیزەکانی، بە گوێرەی هەندێك لە سەرچاوەکان ژمارەی ئەندامانی بە پێنج تا شەش هەزار ئەندام مەزندە کراوە، ئەم فرەوان بوونە بەردەوامەش وایکردووە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەك هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، ڕواندز، ئامێدی و زاخۆ لقی هەبێت[٢].

بێگومان پەرەسەندنی کوردایەتی و چەسپاندنی ڕێکخستنی حزبی ڕزگاری لە هەموو کوردستاندا، مەترسیەکی زۆری بۆ ئینگلیزەکان و کاربەدەستانی ڕژێمی شانشینی عێراق پەیداکرد هەر بۆیە بەمەبەستی ڕێگا گرتن لە چالاکییەکانی کەوتنە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و هێرش و پەلاماردان و تاوانبارکردنیان بە دەرچوون لە ڕێبازی کوردایەتی و گەلێك فتوا و قسەیان لە پیاوانی ئایینی وەرگرت و بڵاویان کردنەوە بۆ دژایەتی کردنی ڕزگاری و دوورخستنەوەی جەماوەر لەو حزبە[٣].

حزبی ڕزگاری لە گۆڕەپانی سیاسی بەردەوامی هەبوو تا مانگی ئابی ١٩٤٦ کە هەریەکە لە شۆڕش و ڕزگاری بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەیاندا وەك سەرەتایەك بۆ پێکهێنانی پارتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردی کە بریتی بوو لە پارتی دیموکراتی کورد کە کۆنگرەی دامەزراندنی لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بەشێوەیەکی نهێنی لە شاری بەغدا ئەنجام درا[٤].

---

(١) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٢) جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ص ٢٢٣- ٢٢٤ ؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

(٣) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٥- ٣٦.

(٤) عزيز حسن البارزاني، المصدر السابق، ص ١٠٢.

# بەشی سێیەم

## شۆڕشی دووەمی بارزان

## لەسەرەتای قۆناغی چەکدارییەوە بۆ قۆناغی دانوستاندن

## ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣- ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٤

## تەوەری یەکەم :

## مستەفا بارزانی لە قۆناغی دوورخراوەیی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش

لەئەنجامـی ئەزموونـی گەلانـی ئازادیخـوازی جیهانـی بەگشـتی و بەتایبەتیش لەئەنجامی ئەزموونـی دەولەمەنـدی پڕ لـە هـەوراز و نشـێوی نەتـەوەی كـوردی دابەشـكراوی ماف پێشـێلكراو، بەڵام خۆڕاگری و سـووربوونی لەسـەر خەبات و تێكۆشـان و شـۆڕش و قوربانیدانی بەردەوام لەپێناو ڕزگاری و سەربەسـتیدا، وایكرد مسـتەفا بارزانی بگاتـە ئـەو بڕوایـەی كـە تەنهـا بـە كۆكردنـەوەی مرۆڤـی ئـازا و بەجـەرگ و هەڵگرتنـی چـەك و بەرپاكردنـی شـۆڕش و جووڵانـەوەی چەكـداری دژی دوژمنانـی داگیركـەر لـەم بارودۆخـە ناوچەیـی و نێودەوڵەتییـە ناهەمـوارە كەبەسـەر گەلـی كـوردا سـەپێنراوە زۆر ئەسـتەمە بەبـێ هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕێكخسـتنێكی ڕامیـاری و شۆڕشـگێڕی هاوچـەرخ بگاتـە ئامانجەكانی[١].

بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوابـەدوای نیشـتەجێ كردنی شـێخانی بـارزان بەشـێوەی زۆرەملێ لـە شـاری سـلێمانی لەسـاڵی ١٩٣٩ پەیوەنـدی نێوان شـێخانی بـارزان لەگەڵ كەسـایەتییە نیشـتمان پەروەرانی شـارەكە و ڕێكخسـتنەكانی پارتی هیوای كورد دروسـت بوو[٢]، دیارە مسـتەفا بارزانـی لـەو ماوەیـەدا بـواری گونجـاوی بـۆ ڕەخسـا بـۆ ئـەوەی لـە ڕێكخسـتنە ڕامیارییەكانـی ئـەو سـەردەمەی كوردسـتان و كەسـایەتییە نیشـتمانپەروەرەكان نزیـك ببێتـەوە و پەیوەندیـان لەگـەڵ ببەسـتێ و سـۆز و هـاوكاری ئـەوان بـۆ خـۆی و شۆڕشـی ئاینـدەی بـارزان پەیدا بـكات[٣].

سـەبارەت بـە شـاری سلێمانی بـۆ مسـتەفا بارزانـی و هاوەڵانـی وێسـتگەیەكی نـوێ و یەكجـار گرنـگ بـوو، بۆیـە نەیویسـت ئـەو دەرفەتـەی كە بـۆی هەڵكەوتووە لەدەسـت خـۆی بـدات و هـەر خـۆی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت «لـە مـاوەی سـاڵانی مەنفـادا تا سـاڵی ١٩٤٣ دەسـتم كـرد بـە خوێنـدن و خـۆ فێركردن، تـا توانیم بڕێكـی باش زانیاری بەدەسـت بهێنـم و ئاسـتی ڕۆشـنبیریم بەرز بكەمـەوە«[٤].

---

(١) ناسـیح غەفـور ڕەمـەزان، (كەلەپـوور و ڕێبـازی بـارزانی نەمـر لـە تیـۆری و پراكتیكـدا)، لـە (مومتـاز حەیـدەری و ئـەوانی تـر، كۆنگـرەی یادەوەریـی سەدسـاڵەی بـارزانی نەمـر، بـەشی دووەم،(هەولێـر- چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە- ٢٠٠٣ز)، ل ٧٦١.

(٢) مكرم الطالباني، المصدر السابق، ص ٦٨.

(٣) ناسیح غەفور ڕەمەزان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦١.

(٤) ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

لەو بارەیەوە مستەفا بارزانی لای «سەید عەبدوللا» خزمی شێخ مەحموود کە ئیمامی مزگەوتی گەورە بووە لە بواری ئایینی خوێندوویەتی، ماوەیەکی زۆریش لە مزگەوتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لای (مەلا عەبدوللا چرۆستانی) کە زانایەکی بەناوبانگ بووە درێژەی بە خوێندن داوە، هەندێك جاریش بۆ خوێندن یاخود پرسیار و خواسی ئایینی چووەتە لای (شێخ نوری شێخ بابە عەلی) لە مزگەوتی (بابە عەلی) لە گەڕەکی سەر چیمەن، بەردەوامیش دیدەنی شێخ لەتیفی دانساز و مەلا ئەسعەدی مەحوی لە خانەقای مەحوی کردووە[١].

دیارە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریەتی مەلیکی لە عێراقدا، دیاردەی دوورخستنەوەی سیاسی و دەست بەسەر کردن بابەتێکی باو و بەرچاو بوو، بەتایبەت لەساڵانی سیەکاندا زۆر لە هەڵسوڕاوانی سیاسی و نەیارانی حکومەتی مەلیکی دوور دەخرانەوە، لەو دەیەیەدا جگە لە شێخانی بارزان و هاوەڵە بارزانییەکان، هەریەکە لە (مەحموود خانی دزڵی)[٢] و (حەمە ڕەشیدی خانی بانە)[٣] بە دوورخراوەیی و دەست بەسەری لە شاری سلێمانی دەژیان[٤].

مستەفا بارزانی لە سلێمانی لە ماوەی دوورخراوەیدا پەیوەندی بەتینی لەگەڵ مەحموود خانی دزڵی پەیدا کردووە[٥]، زۆر جار دوای ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتدارانی

---

(١) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢) مەحموود خانی دزڵی: کوڕی عەزیز بەگی بارا بەگە، لە ساڵی ١٨٧٠ز لە گوندی دزڵی سەربە شاری مەریوان لە کوردستانی ئێران لەدایك بووە، سەرکردەی هەورامیەکان بووە و پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموود پتەو بووە و خۆی بە سەربازی ئەو داناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عومەر مارف بەرزنجەیی، مەحموود خانی دزڵی و لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٤، بغداد، ١٩٧٣ز، ل ل ٤١- ٤٢ ؛ کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان.... بەرگی یەکەم، ل ١٣٣.

(٣) حەمە ڕەشید خان (١٨٩٨- ١٩٧٤) کوڕی قادرخانی عەبدوڵا بەگی بارام بەگ، لە بەگزادەکانی شاری بانەیە لە گوندی شیوەگوێزانی ناوچەی شلێر لەدایك بووە، دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٣٥ بووەتە گەورەی بنەماڵەکەیان، کەسێکی زۆر لێهاتوو بوو، لەشەڕدا پلان زان بوو بێ ئەوەی لە هیچ قوتابخانەیەکی سەربازی هونەری پلان و نەخشەسازی وەربگرێت، لەزۆر پلانی سەربازیدا پێش پلانی ئەفسەرەکانی ئێرانی دەکەوتەوە. میرزا محمد امین مەنگوڕی، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ـەوە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، (سلێمانی- ٢٠٠٠ز)، ل ل ١٨٨، ١٩٤.

(٤) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٥) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان.... بەرگی یەکەم، ل ١٣٤.

حکومـەت لە شـاری سـلێمانی لەگەڵ ناوبراو بـۆ ڕاوکردن دەچوونە دەوروبەری سـلێمانی، بێگومـان لەڕاسـتیدا ئـەو دەرچوونەیـان زیاتـر بـۆ مەبەسـتی تاقیکردنـەوەی ڕێگاوبانـی دەربازبوونیـان لەو دەسـت بەسـەریە[1].

لەمـاوەی سـاڵانی (١٩٤٠-١٩٤١ز) دژوارتریـن کات بـوو بـۆ مسـتەفا بارزانـی و بارزانییـەکان، چونکـە سـەرەڕای خراپـی بارودۆخـی ئابـووری بەهـۆی جەنگـەوە، گەمـارۆی موتەسـەریفی سـلێمانیش (شـێخ مسـتەفا قەرەداغـی) بەسـەریاندا[2]، وایکـرد بـوو گواسـتنەوەی بارزانییـەکان بـۆ شـاری سـلێمانی، هیـچ گۆڕانکارییـەك لـە ژیان و گوزەرانیـان ڕووی نـەدا، بەڵکـو ژیانیـان هـەر لـە ناخۆشـیدا بـووە، چونکـە حکومـەت یارمەتیـەکی ئەوتۆیـان نـەدەدا کـە بـە ئاسـوودەیی ژیـانی خۆیـان بگوزەرێنـن[3]، بەتایبەت «شـێخ مسـتەفا قەرەداغـی» کۆسـپێکی هـەرە سـەرەکی بـوو لەبـەردەم ژیـانی ئاسـوودەیی بارزانییـەکان، کـە نەیدەهێشـت خەڵـك یارمەتیـان بـدات و سـەردانیان بـکات[4].

سـەرەڕای چاودێـری توندوتۆڵـی حکومەتـی عێراقـی نەیتوانـی مسـتەفا بارزانـی لـە جموجۆڵەکانـی پەکبخـات، یاخـود وا بـکات کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان خۆیـان دوور بگـرن لـە پەیوەنـدی بەسـتن لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی، بەڵکـو لەبڕی خـۆ دوورگرتن هەوڵـی دروسـتکردنی پەیوەنـدی ئاشـکرایان داوە لەگـەڵ بارزانـی[5].

لـەو ماوەیـەدا مسـتەفا بارزانـی تێکـەڵ بەچالاکـی کۆمەڵـەی برایەتـی[6] بـوو، عەودالـی شـوێن و مەڵبەنـدە ڕۆشـنبیری و سیاسـییەکان بـوو، یەکێـك لەوانـەش بـارەگای شـێخ لەتیفـی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد بـوو کـە لـە خانوویەکـی (ئەحمـەد بەگـی

(١) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

(٢) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

(٣) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

(٤) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

(٥) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص٦٣- ٦٤.

(٦) دەربـارەی دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە (ئەسـعەد مەحـوی) شـاعیر دەڵێـت «لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە ماڵـی شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی کۆبووینـەوە، مـن و شـێخ لەتیـف و ئیسـماعیل شـاوەیس و سـەدیق شـاوەیس و فوئـاد ڕەشـید و مەحمـود ئەحمـەد و محەمـەد خـدر و ئەحمـەد فەخـری و چەنـد ڕەفیقێکـی باسـی دامـاوی ئـەم گەلەمـان دەکـرد، بریارمانـدا کۆمەڵێـك پێکـەوە بێنیـن بـۆ ڕزگاربوونـی ئـەم گەلـە بەنـاوی کۆمەڵـەی برایەتیـەوە«. جەمـال بابـان، چمکێـك لـە یادداشـتەکانی مـەلا ئەسـعەد (مەحـوی)، گۆڤـاری ڕەنگیـن، ژمـارە ١٣، بەغـدا، تشرینـی دووەمـی ١٩٩٩، ل ٦. سـەبارەت بـە ئامانجەکانـی ئـەم کۆمەڵەیـە بگەڕێـوە بـۆ : نـوری شـاویس، المصـدر السـابق، ص١٦ ؛ عبدالسـتار طاهـر شریـف، المصـدر السـابق، ص ص٢٠- ٢٤.

تۆفیق بەگ) دابوو[١]، سەرەتای پەیوەندییەکان زیاتر پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوون کە دواتر بوونە ڕێگە خۆشکەر بۆ دروستکردنی ڕایەڵێکی پەیوەندی سیاسی، ئەمەش لەکاتی ناسین و نزیکی مستەفا بارزانی لە شێخ لەتیفی حەفید بووە هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوەی بارزانی لە کۆمەڵەی برایەتی، چونکە شێخ لەتیف یەکێك بووە لە دامەزرێنەرەکانی ئەو کۆمەڵەیە[٢].

هەرچەندە ئەو پەیوەندییە نەبۆتە هۆی ئەوەی مستەفا بارزانی وەك ئەندام بچێتە ریزەکانی کۆمەڵەی برایەتی بەڵکو زیاتر پەیوەندییەکی دۆستانە و کوردانە بووە، لەهەمان کاتدا بارزانی خۆی دوور گرتووە لە کارو چالاکییەکانی کۆمەڵەی برایەتی، چونکە نەیویستووە بکەوێتە بەر دیدی و چاودێری حکومەت، لەگەڵ ئەوشدا لەژێر کاریگەری چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە دابووە[٣].

لەلایەکی دیکەوە مستەفا بارزانی سەرەڕای پەیوەندی تاکە کەسی لەگەڵ ئەندامانی پارتی هیوا لە شاری سلێمانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەندامان و ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە کەمتر تێکەڵ بووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی زیاتر بگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی بیرکردنەوەکانی هەردوو لایەن[٤]، لەگەڵ جیاوازی بۆچوونیش، بەڵام شتێکی ئاسایی کە لەم بارودۆخ و هەلومەرجی ژینگە، لەو شێوازە خەباتکارییە سەرچاوەی دەگرت کە هەردوو لایەنەکە تا ئەوکاتە پێوەی خەریك بوون، بەڵام ئەم جیاوازیانە لە بۆچوونەکانیادا بە بەراوورد لەگەڵ خاڵە هاوبەشەکانیان لەسەر ڕزگاری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی ئەوتۆ نەبوو، بەڵکو هەلومەرجەکە جۆرێك بوو هەردوو لایەنەکە مانەوە و بەردەوام بوونی خۆیان لەو دۆخە دژوارە ڕامیارییەدا تەنیا لە یەکێتی و یەکدڵیدا دەبینیەوە[٥].

بەشێوەیەك ڕێکخستنەکانی حزبی هیوای کورد گەیشتنە ئەو بڕوایەی بۆ کۆکردنەوەی هێزی چەکداری و پڕکردنەوەی بۆشایی نەبوونی ئەو هێزە ئارەزوویان بەنزیك بوونەوە و کشان بەرەو مستەفا بارزانی دەکرد کە توانای ئەوەی هەبوو هێزی چەکدار بەرامبەر هێرشەکانی حکومەتی عێراقی کۆبکاتەوە، لەڕێگای ئەو

---

(١) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٢) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(٣) غەفوری میرزا کەریم، نە ئاگری بی و نە هاواری گوران، (سلێمانی- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- ٢٠٠٣ز)، ل ٥٨.

(٤) جوناثان راندل، امه في الشقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمه : فادي حمود، (بيروت- ١٩٩٧م)، ص ١٧٢.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.

هێـزەش خەونـی دامەزراندنـی کوردسـتانی سـەربەخۆ بهێنێتـە دی[١].

خراپـی بارودۆخـی ئابـووری و ڕامیـاری دەڤـەری بـارزان و خراپـی ژیـانی مسـتەفا بارزانـی، ئـەم هۆکارانـە وای کـرد کـە بارزانـی بـیر لـەوە بکاتـەوە خۆی لە شـاری سـلێمانی لەژێـر چاودێـری و دەسـت بەسـەری حکومـەت ڕزگار بـکات[٢]، لەبـەر ئـەوەی ژێـر دەسـتەی و دیـلی کـەسی بەسـەرخۆیدا قبـوڵ نەدەکـرد، بەڵکـو مـردنی بـەلاوە باشـتر بـوو لـەو بارودۆخـە[٣]، لـەم هەلومەرجـەدا دۆخـی ڕامیـاری عێـراق بـەرە و خراپـی هەنـگاوی هەڵدەهێنـا، لەلایـەك بەهـۆی کۆدێتاکـەی ڕەشـید عالـی گەیلانـی کـە لەپێشـوودا ئاماژەمـان پێکـردووە، کـە بووە هـۆی نەفرەتی جەمـاوەری عێراق بەرامبەر بـە حکومەتی بەریتانیـا، هەروەهـا سـەرقاڵی بەریتانیـا بـە شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە هۆکاربـوون بـۆ ئـەوەی حکومەتـی عێراقـی دەسـەڵاتی لـە کوردسـتان لاوازبێـت ئەمـەش تاڕادەیـەك چاودێریکردنـی ئینگلیـز و حکومەتـی عێراقـی لەسـەر شـێخانی بـارزان کەمبوونـەوە[٤].

مسـتەفا بارزانـی دوای ئـەوەی ئـەم بابەتـەی لەگـەڵ ژمارەیـەك لەکەسـانی نیشـتمانپەروەر و حزبـی هیـوای کـوردی گفتوگـۆ کـرد، تێکـڕا لەسـەر بەرنامـەی شـۆڕش پێـك هاتـن و بارزانـی بەڵێنـی تـەواوی پشـتگرتنی درایـە، لـە ڕێکەوتـی ١٢ی تەمـووزی ١٩٤٣ بڕیاریـدا بگەڕێتـەوە دەڤـەری بـارزان[٥]، پـاش ئـەوەی وەك ئامادەکارییـەك بـۆ شۆڕشـەکەی پەیوەنـدی هاوبەشـی لەگـەڵ هەمـوو ڕێکخـراوە سیاسـییە کوردییـەکان بەسـتووە، بەشـێوەیەك شۆڕشـەکەی دەربـڕی خواسـتی هەمـوو پێکهاتـە و لایەنەکانـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردەکانـی عێـراق بـوو[٦].

بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کورد لە باشـووری کوردسـتان لەوکاتەدا پێویسـتی بە کەسـێك هەبـوو بتوانێـت لـەڕووی ڕێکخسـتنەوە ڕێکـی بخـات و سـەرکردایەتییەکەی بگرێتـە ئەسـتۆ، بەلایەنـی کەمیـش دەبوایـە ئـەم کەسایەتییە خـاوەن پێگەیەکـی جەمـاوەری بەهێـز بێـت لەنـاو کۆمەڵگـەی کـوردەواری[٧]، بێگومـان هەبوونـی ئـەو تایبەتمەندییـە لەخـودی کەسـایەتی مسـتەفا بارزانـی بەتایبـەت ئامادەگـی ناوبـراو بـۆ هەڵگرتنـی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٨.

(٣) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

(٥) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.

(٦) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٨.

(٧) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٠.

ئـەو بەرپرسـیارەتیە گەورەیـە بـۆ سـەرکردایەتی کردنـی بزاڤـی نەتەوایەتـی[١]، وایکـرد جارێکـی دیکـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان بگوازرێتـەوە دەڤـەری بـارزان و ببێتە خاڵی دەسـتپێکی شـۆڕش سـەر لەنـوێ، پاش ئـەوەی هەوڵەکانی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد لـە ساڵی ١٩٤١ بـۆ هەڵگیرسـانی شـۆڕش سـەری نەگـرت[٢].

بێگومان شۆڕشـی دووەمی بارزان هەمان هۆکارە سـەرەکییەکانی پێشـووی هێنابوویە ئـاراوە، کـە ڕووبـەڕووی چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتی بوونەوە، لەوە بێزاربـوون کەوا مافە ڕەواکانیـان زەوت دەکرێـت، لەبەرامبـەردا پەرچـە کـرداری حکومەتی عێراقـی و بەریتانی لـە هەمبـەر ئـەم شۆڕشـە بریتـی بـوو لـە کارڕایـی تۆڵەسـەندنەوە و پلانـی سیاسـی[٣]، چونکـە کات و سـاتی هەڵایسـانی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان لـە سـاڵانی جەنگـی جیهانی دووەم ئەویـش هەڵومەرجێکـی هەسـتیاربوو بـەلای بەریتانییـەکان[٤] و هاوپەیمانەکانـی کـە جێـگای قبوڵکـردن نەبـوو، لەوانـە بـوو ببێتـە هـۆی ئاڵۆزبوونـی بارودۆخی شانشـینی ئێـران کـە هێشـتا دەزگا سـیخورییەکانی نـازی لەنـاو نەبرابـوون لـەوێ، هەروەهـا ئـەم ناکۆکـی و ئاڵۆزیـە دەیتوانـی ئاسـتەنگی نوێ بخاتە ناو کێشـە سیاسـییەکانەوە کە هێشـتا لەپێـش هاوپەیمانـەکان بـوو لـە هەرێمەکـەدا ئەویـش بەسـتنەوەی ئێـران و هێنانـی بـۆ نـاو هاوپەیمانەکەیـان و کۆتایـی هێنانیـش بـە بڕیاری نادیـار و ئاڵۆزی کۆمـاری تورکیا کە بـەردەوام بوو لەسـەر سیاسـەتی خۆویسـتی[٥].

لـەم ڕووەوە مسـتەفا بارزانـی لە ڕێکەوتـی ١٢ی تەمموزی ١٩٤٣ لەگـەڵ دوو هەڤاڵی خـۆی بەناوەکانـی مسـتەفا عەبدولـلا ئاکرەیـی و سـلێمانە سـوور لەشـاری سـلێمانی دەربازبـوون[٦]، بـە هـاوکاری کۆمەڵـەی برایەتـی و شـێخ لەتیفـی حەفیـد و سـەرۆکی حزبـی هیـوای کـورد[٧]، سـەرەتا بـۆ نـاو قەڵەمڕەوی شانشـینی ئێـران پاشـان بـۆ دەڤەری بارزان[٨].

---

(١) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ١٥٢.

(٢) کاوس قفطـان، المصـدر السـابق، ص ٩٤. سـەبارەت بـەرەوت و پەرەسـەندنەکانی بزووتنەوەکـەی شـێخ مەحمـود و هۆکارەکانـی سـەرنەکەوتنی بگەڕێـوە بـۆ : ئاکـۆ عەبدولکەریـم شـوانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ١٢٤- ١٣٧.

(٣) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨.

(٤) سەعدی عوسمان هەروتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٥) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٨٨– ٣٨٩ .

(٦) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٧) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٨) ايوب بارزاني، المصدر السابق، ص ٢٠٤.

سەبارەت بە خۆ دەربازکردنی مستەفا بارزانی لەو دەست بەسەرییەی شاری سلێمانی کریس کۆچێرا دەڵێت «هەموو ئەوانەی بارزانیان دەبینی لایان عەیان بوو کە ناوبراو چاوەڕێی دەلیڤەیەکە تا لەشار خۆی دەرباز بکات، بەڵام ئەوەی نەوەك بگیرێت، هەروەها خەمی شێخ ئەحمەدی برای بۆ ماوەیەك دەست و پێیان بەستەوە»[١].

دەکرێت بڵێین بۆچوونەکەی کریس کۆچێرا تاڕادەیەکی زۆر دووره لە ڕاستی، چونکە شێخ ئەحمەدی بارزانی بەووردی ئاگاداری پلانی خۆ دەرباز کردنەکەی بارزانی بووە، لەو بارەیەوە بارزانی بۆ خۆی دەڵێت «کاتی ماڵئاوایی کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندێ ئامۆژگاری پێویستم بکا، فەرمووی کاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵك ئاگاداری حەق و ڕاستی بە، هەرگیز لەخۆبایی بوون نەچێتە دڵتەوە، هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت دەکرێ خۆت لەلێکدان لەگەڵ حکومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە[٢].

لەلایەکی دیکەوە هەر دوای ڕووداوەکە و گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ دەڤەری بارزان دڵەراوکێ و مەترسی دروستکرد لەسەر دەسەڵاتدارانی عێراقی و بەریتانی، بۆیە دەسەڵاتداران هەر زوو کەوتنە کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانی بارزان کە دەست بەسەرکراوەکانی شاری سلێمانی[٣].

دواجار مستەفا بارزانی بەجلوبەرگی ئایینیەوە شاری سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگای گرتەبەر تا گەیشتنە ناوچەی شنۆ و لە گوندی «کویچ» میوانی مامەند ئاغا سەرۆکی دەستەی قادری لە هۆزی مامەش بوو[٤]، سەرچاوە مێژووییەکان لە زمانی مستەفا بارزانی ڕووداوی دیوەخانەکەی مامەند ئاغا دەگێرنەوە کە ئەوکاتەی مستەفا بارزانی لە دیوەخانی مامەند ئاغا دانیشتبوو، قەرەنی ئاغای مامەش هات بۆ ئەوەی مامەند ئاغا ئاگادار بکاتەوە کە بارزانی لە سلێمانیەوە هەڵهاتووە و حکومەتی عێراقیش خەڵاتێکی پەنجا هەزار دیناریان تەرخان کردووە بۆ ئەو کەسەی بارزانی بە زیندوویی یان مردوویی بگرێت[٥]، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە مامەند ئاغا کرد کە چاودێری ناوچەکە بکات و ئەو هەڵە بەنرخە لەدەست نەدات، ئەگەر بارزانی بە ناوچەکەیدا تێپەڕی، بێگومان قەرەنی

(١) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

(٢) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی....، ل ل٢٨- ٢٩.

(٣) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٦٢.

(٤) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی....، ل٢٩.

(٥) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

ئاغا، بارزانی نەدەناسی لە وەڵامدا مامەند ئاغا پێی ڕاگەیاند کە نەنگە بۆ ئەو کەسەی بەم «مەنتیق»ـە ڕیسوابیە بیر بکاتەوە، ئەوەی کە بارزانی دەگرێت هێشتا لەدایك نەبووە[١].

پاشان مستەفا بارزانی لەخاکی ئێرانەوە لە ڕێکەوتی ٢٨ی تەممووزی ١٩٤٣، لەڕێگای سنووری پێنجوێن، سەردەشت، پسوە، لاجان، ناودەشت و سرێشمەوە خۆی گەیاندە دەڤەری بارزان کە شوێنی خۆی و زێدی باوباپیرانی بوو[٢]، لەوێش بارزانی ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر دڵتەزێن بوویەوە، چونکە تا ئەوکاتیش کاولکارییەکانی ساڵانی ١٩٣١- ١٩٣٢ بە بارزانەوە دیار بوو، هاوکات حکومەتیش باری گوزەران و مەرجەکانی بۆ خەڵکی دەڤەرەکە گرانتر و قورستر کردبوو[٣].

سەرەڕای ئەوەش بارگرانی شەڕی جیهانیش کەوتبووە سەر بارزان و بارزانییەکان، بەشێوەیەك لەکاتی جەنگەکەدا گرانی بۆ شەش قات بەرز بوویەوە و برسیەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو شوێنیکدا سەپاندبوو، حکومەتی عێراقی سیستەمی کارتی خۆراکی پەیڕەو دەکرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەك گەنم نەدەهاتە بارزان و حکومەت ئابلوقە و ئەمبارگۆیشی لەسەر پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا دانابوو، جگە لەمەش حکومەت لەڕێگای تایبەت کردنی بەرهەمهێنانی تووتن گورزێکی کوشندەی لەو ناوچەیە وەشاند، چونکە تووتن یەکێك بوو لە بەرهەمە هەرە سەرەکییەکانی بارزان، بۆیە بارزان بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوە و ڕاپەڕین چاوەڕوانی ئاماژەیەکی دەکرد[٤].

«محەمەد میرخان مێرگەسۆری» کە یەکێك بووە لەوانەی پێشوازی لە بارزانی کردووە لە چیای برادوست، جەخت لەوە دەکاتەوە لەگەڵ گەیشتنەوەی مستەفا بارزانی بۆ دەڤەری بارزان، «ژمارەیەك چەکدار پەیوەندیان پێوە کرد کە لەسەرەتادا نزیکەی ٢٠ کەس دەبوون»[٥]، بێگومان دەرکەوتنەوەی بارزانی کاریگەری زۆری دروست کرد لەسەر بەرزکردنەوەی وورەی جەماوەر، ڕاستەوخۆ دەیان کەس لەو کەسانەی کە لەژێر سایەی حکومەتی مەلیکی ناوچەکەیان جێهیشتبوو لە شاخەکانی بارزان خۆیان حەشاردابوو یاخود ڕوویان کردبووە ناوچەی شنۆ و نەغەدە کە ئەوکات

(١) مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(٢) سەعدی عوسمان هەروتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢؛ فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

(٣) ایوب بارزاني، المصدر السابق، ص ٢٠٤.

(٤) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣١.

لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیا دابوو پەیوەندیان پێوە کرد[١].

بارزانییەکان ئاگاداری پلانی مستەفا بارزانی بوون، بۆیە هەر بە گەیشتنەوەی بۆ بارزان ئەو چەکانەی کە لە شۆڕشی یەکەمی بارزان (١٩٣١- ١٩٣٢) شاردرابوونەوە کە بریتی بوون لە نزیکەی ٣٠٠ تفەنگی هەمەچەشنی عوسمانی و عێراقی و هەندێك چەکی «برنەو»ی ئێرانی لە ئەشکەوتەکان دەرهێنران[٢]، پاشان بارزانی کەوتە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی جەنگاوەرانی پەرتەوازەی بارزانییەکان[٣].

حکومەتی عێراقی لەبەرامبەر گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ دەڤەری بارزان و خۆ دەربازکردنی لە شاری سلێمانی، چەند هەنگاوێکی گرتەبەر لەوانە ڕایگەیاند هەرکەسێك مستەفا بارزانی بە زیندوویی یاخود بە مردوویی بگرێت لەلایەن حکومەتەوە خەڵات دەکرێت[٤]، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بەخێرایی فەرمانێکی توندی دەرکرد بۆ بەرنگاربوونەوەی بارزانی، کە تێیدا فشار خرابووە سەر موتەسەریفی هەولێر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕێگای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ ناوچەکەی دەکەوێتە سنووری ئەو لیوایە[٥].

دوا هەنگاوی حکومەتیش جگە لەمانەی سەرەوە بریتی بوو لە ڕاگواستنی بنەماڵەی شێخانی بارزان لەشاری سلێمانی بۆ شاری حیللە لە باشووری عێراق، لەبەر مەترسی خۆ ڕزگارکردنی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە و گەڕانەوەیان بۆ دەڤەری بارزان و پەیوەندی کردنیان بە مستەفا بارزانی[٦].

سەبارەت بە ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەکە مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی بۆ دەڤەری بارزان، بەر لەوەی دەست بەهەر جووڵانەوەیەکی چەکداری بکات،

(١) ايوب بارزانی، المصدر السابق، ص ٢٠٤.

(٢) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢ ؛ کاوە ئەمین، کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا (لە شێخ عوبەیدوڵای نەهریەوە تا کۆماری کوردستان)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆشنبیری- ٢٠١١ز)، ل ١٢٣.

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٥) إسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ١٩٤ ؛ صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٦٢.

(٦) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٦٨- ١٦٩ ؛ حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ٥٦

دەستیکرد بە گەڕانێكی فرەوان لە ناوچەكەدا كە نزیكەی دوو مانگی خایاند بە درێژای مانگەكانی ئاب و ئەیلولی ١٩٤٣، لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە كۆبووەوە و بەرنامەی تازەی خۆی و ئەو گۆڕانكارییانەی ڕوویان داوە بۆیانی ڕوون كردەوە[١].

شیاوی باسكردنە ئەو بەسەركردنەوەی مستەفا بارزانی تەنها قەتیس نەبوو لە دەڤەری بارزان، بەڵكو ناوچەی دیكەی كوردستانیشی گرتەوە وەك (ڕواندز، برادۆست و لۆلان، بالەك، ئامێدی، سەرسەنگ، بامەرنێ، دهۆك، ئاكرێ و هەندێك لە دێهاتە كریستیان نشینەكانی كوردستان[٢].

لە سەرەتادا بارزانی هیچ هەنگاوێكی چەكداری هەڵنەهێنا، بەڵكو پێویستی بەكات هەبوو بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەكە و ڕێكخستنی لایەنگرانی، بۆ جێبەجێ كردنی ئەو هەنگاوەش پەیڕەوی شێوازی نەرمی گرتەبەر و داوای لە هەوادارانی كرد خۆیان دوور بگرن لە بەرنگاربوونەوەی هێزەكانی حكومەت لەناوچەكەدا[٣]، هەروەها كەوتە كۆشش كردن بۆ پەیوەندی كردن بە سەرۆك هۆزە دراوسێیەكانی و كێشە و دوژمنایەتی ڕابردووی لەگەڵ چارەسەركردن و پێی ڕاگەیاندن كە ئەو تەنیا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی مەبەست نیە، بەڵكو لەپێناو سەربەخۆیی تێكڕای كوردی عێراق و ئێران و توركیا خەبات دەكات[٤]، دیارە ئەم ڕەفتارە پڕ هۆشیاریە بەهۆی ئەو ناكۆكییانەی لە ئاكامی دژایەتیكردنی هەژموونی ئینگلیزەكان و پەیوەست بوون بە ئەڵمانیەوە لەنێو خۆی دەوڵەتی عێراقدا سەریان هەڵدابوو هەلێكی لەباری بۆ چالاكی و پتەوكردنی بنەمای بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد بەرپا كردبوو[٥].

سەبارەت بە سەرۆك هۆزەكان بەشێوەیەكی گشتی ژمارەیەكی زۆریان هەڵوێستیان نەرێنی بوو، چونكە پەیوەندی توندوتۆڵیان بە دەسەڵاتی مەلیكی گرێ دابوو، بۆیە دژبە پلان و هەنگاوەكانی شۆڕش بە سەركردایەتی مستەفا بارزانی وەستانەوە، بەتایبەت لەبابەتی پڕكردنەوەی ئەو بڕە كەمەی كە لەچەكدا هەبوو بۆ شۆڕشگێڕان، بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی لەلایەن حكومەتی عێراقی لەپاش

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٤– ١٠٥.

(٢) حسـن مصطفـى، المصـدر السـابق، ص٦٦ ؛ هلبيـن محمـد اميـن المـزوري، المصـدر السـابق، ص ١٥٥.

(٣) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٣١.

(٤) حەسەن ئەرفەع، كوردەكان (لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی و سیاسی)، وەرگێڕان : حامید گەوهەری، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠٠٧ز)، ل ١٨٥.

(٥) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان و جووڵانەوەکـەی خەلیـل خۆشـەوی[١].

لەلایەکـی دیکـەوە مسـتەفا بارزانـی پێداگـری کـرد لەسـەر پەیوەنـدی کـردن لەگـەڵ حکومەتـی عێراقـی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نامەیەکـی لەڕێـی فەرمانـدەی پۆلیسـخانەی شـێتنە لەڕێـگای ڕێپێـدراوی پۆلیـس «قادر بـەگ ڕەواندزی» نـارد بۆ لایەنـی پەیوەندیدار، کـە نامەکـەی بارزانـی پێکهاتبـوو لـە ئامادەکارییەکـی تـەواو لەلایـەن خۆیـەوە بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتیانە بـۆ ئـەم کێشـەیە[٢].

لـە ناوەرۆکـی نامەکـەدا حکومەتـی عێراقـی ئـاگادار کردبـوو بـەوەی کـە ئـەو کارەی پێـی هەڵسـاوە لـە دەرئەنجامـی گـوێ نەدانـی ئـەوان بـووە بـە داواکاری و سـکاڵاکانی کـە پێـی ڕاگەیانـد بـوون[٣]، هەروەهـا تیشـکی خسـتبووە سـەر نیـازی هاتنەوەکـەی بـۆ دەڤـەری بـارزان کـە بریتـی نیـە لـە سـەرپێچی و پیاوکوژی و ڕێگـری، بەڵکـو نیـازی دابینکردنـی ژیانێکـی ئارامـە لـە دەڤـەری بـارزان[٤]، هەروەهـا داوای لـە حکومەتـی عێراقـی کردبـوو شـێخ ئەحمـەدی بـارزان و بارزانییـەکان بگەڕێنێتەوە بۆ دەڤـەری بارزان و زیندانییەکانیـش ئـازاد بـکات و بنکە سـەربازییەکان لـە ناوچەکە بکشـێنێتەوە و ئازوقە و پێداویسـتی بـۆ دەڤەرەکـە دابـین بـکات[٥].

دەکرێـت بڵێیـن هـۆکاری ئەو نەرمی نواندنـە و خۆ دوورگرتن لـە ڕووبەڕووبوونەوەی حکومـەت لەسـەرەتادا دەگەڕێتـەوە بـۆ کارامەیـی خودی مسـتەفا بارزانی و تێگەیشـتنی لـەو واقیعـە نێـو خۆییـە و نێودەوڵەتییـەی ئـەوکات، بۆیـە پێویسـتی بـەکات و جۆرێـك لەپێکهاتـن و دۆسـتایەتی هـۆزە کوردییـەکان هەبـووە، لەگـەڵ چڕکردنـەوەی هەوڵەکانی بـۆ بێلایـەن کردنـی ئینگلیزەکان لەو ململانێیـەی نێوان خۆی و حکومەتـی عێراقی[٦]، هەر ئەمـەش وایکـردووە ڕاپۆرتـە بەریتانییـەکان پێداگـری لەسـەر ئـەوە بکە کـە چالاکییەکانی بارزانـی لـەو ماوەیـەدا دوورە لـە خولقاندنـی هیـچ دڵەڕاوکێیـەك لەنێـو نێوەندەکانـی دەسـەڵاتی عێراقـی، بەڵکـو دەیەوێـت بگاتە چارەسـەر لەگـەڵ حکومەت[٧]، لـەم ڕووەوە

---

(١) جليلی جليل و اخرون، المصدر السابق، ص ٢٢٨.

(٢) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل ٤٤٨.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩.

(٤) نەجـەف قولـی پسـیان، لـە مەهابـادی خوێناوییـەوە... هەتـا لێوارەکانـی ئـاراس، لـە (بـارزاني لـە مەهابـادەوە ... بـۆ ئـاراس)، وەرگێـڕان : شـەوکەت شـێخ یەزدیـن، (هەولێـر- دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس- ٢٠٠١ز)، ل ٤٩.

(٥) ايوب بارزاني، المصدر السابق، ص ٢٠٥.

(٦) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

(٧) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ٢٥٨.

فازل بەراك لەسەرچاوەكەیدا كە لەسەردەمی حكومەتی پێشووی عێراقدا نووسراوە، هەوڵ دەدات خۆ دەربازكردنی مستەفا بارزانی لەشاری سلێمانی و جاردانی شۆڕشی دووەمی بارزان ببەستێتەوە بە ڕۆڵی بەریتانیا لەهاندانی بارزانی لەدژی حكومەتی عێراقی(١).

لەلایەكی دیكەوە لە ڕاپۆرتێكی هەواڵگری بەریتانیادا هاتووە كە ئاڵۆزییەكانی ناوچە كوردییەكان هۆكاربوون بۆ زەق بوونەوەی ڕەخنە و نارەزایەتییەكان لە بەغدا، بەتایبەت لە ناوەندەكانی سوپای عێراقی، كە ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا لەو باوەڕەدان كە ئەو ئاڵۆزیانە لە دەرئەنجامی پلانی بەریتانیا هاتۆتە ئاراوە(٢).

هەروەها «محەمەد ئیبراهیم ئەلعەقیدی» بابەتەكە زیاتر دەبەستێتەوە بەلاوازی سوپای عێراقی و تاوانەكەشی دەخاتە ئەستۆی حكومەتی عێراقی كە تەواو لەژێر هەژموونی بەریتانیا بووە، بەتایبەت دوای جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١ سوپا گرنگی خۆی لەدەست دابوو، زیاتر حكومەت لەسەر ڕاسپاردەی ئینگلیزەكان كاری لەسەر بەهێزكردنی پێگەی پۆلیس دەكردەوە و ئارەزووی ئەوەی نەبووە سوپا بەكار بهێنیت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ مستەفا بارزانی(٣).

لەبەرامبەردا بە پشت بەستن بە سەرچاوەكەی فەیسەڵ دەباغ تەواوی ئەو بۆچوونانە بە هەند وەرناگیرێت و بە بۆچوونی نازانستی هەژمار دەكرێن، چونكە لە ڕێكەوتی ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ «سی. جی. ئەدمۆندس» ڕاوێژكاری وەزارەتی ناوخۆ نامەیەك ئاراستەی مستەفا بارزانی دەكات و داوای لێدەكات مەرجەكانی حكومەتی عێراقی جێبەجێ بكات و خۆی و چەكەكانیش ڕادەستی حكومەت بكات(٤)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە كە هەڵوێستی ئینگلیزەكان لە یەكەم ساتەوە دەردەكەوێت كە چۆن دژی بوون و بە چ شێوەیەك سەركۆنەیان دەكرد و وەڵامی بروسكەكەیان دەدایەوە و داوایان لێدەكرد خۆ بەدەستەوە بدات(٥).

---

(١) فاضل البراك، مصطفى البارزاني.....، ص ص ٩٦- ١٠٠.

(2) F.O.371/3494-E6526، Combined Intelligence center Iraq and Persia، Ttible and political wekly Intelligence summary No.140 for week ending19، october 1943،(part I).

(٣) ابراهيم محمد العقيدي، الجيش العراقي والسياسة ١٩٤١- ١٩٥٣، (بغداد- مكتبة النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع- ٢٠١٧م)، ص ٢١٨.

(٤) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣- ٢٤ ؛

*Karwan Salih Waisy، op.cit، p.17.*

(٥) ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

مستەفا بارزانی سەبارەت بە وەڵامی نامەکەی، لەگەڵ قادر بەگ ڕواندزی ڕێککەوتبوو لەماوەی سێ ڕۆژدا لە جێگایەکی دیاریکراودا وەڵامەکەی حکومەت وەربگرێتەوە، لەکاتی هێنانەوەی وەڵامەکە حکومەتی عێراقی پیلانی گرتنی ناوچەکەیان دانابوو لەنزیك مەزنە لە شاخی برادۆست، بەڵام نیازە خراپەکەیان ئاشکرابوو و پوچەڵکرایەوە[١].

دوابەدوای ئەو ڕەفتارەی حکومەتیش، کەچی مستەفا بارزانی هەموو کۆششێکی کرد بۆ ڕازیکردنی لێپرسراوانی دەوڵەت، بەڵام کە نائومێد بوو لە وەڵامی ئاشتیانەی حکومەتی عێراقی بۆی دەرکەوت کە دەبێت بە زەبری هێز و توانا بیسەلمێنێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا ناچار بکات بۆ وەڵامدانەوەی ئاشتیانەیان[٢].

(١) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە....، ل ٤٤٨.

(٢) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١. دیارە وەڵامی حکومەت بۆ مستەفا بارزاني بریتی بوو لەخۆبەدەستەوەدان، ئەگەر ئەم کارەیان بۆ نەچووە سەر ئەوە فەرمانیان بەهێزەکانی پۆلیس کردبوو بەدوایدا بگەڕێن و بیگرن. وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١.

## تەوەری دووەم

## قۆناغە بەراییەكانی شۆڕشی دووەمی بارزان

لە بەهاری ١٩٤٣ بارزانی و لایەنگرانی نەخشە و پلانی شۆڕشیان دانا، كە بە پێی ئەم نەخشەیە بۆ پڕكردنەوەی كەموكوریان لە چەك دەستبگرن بەسەر چەكەكانی ئەو بنكە پۆلیسیانەی كە دەكەوتە ناوچە نزیكەكان[١]، بەر لە جێبەجێ كردنی ئەو هەنگاوەش مستەفا بارزانی لە ئەیلوولی ١٩٤٣ز، سەردانی دەڤەری سۆران و بادینانی كرد بۆ ئەوەی پشتگیری ئەوان بەدەست بهێنیت و ٢٠٠ چەكداریان هاتە پاڵ، بەم جۆرە توانی خەڵك لە شۆڕش كۆبكاتەوە و خۆی ئامادەكرد بۆ ڕاپەڕین[٢].

بارزانی بڕیاری دا هێزەكان دابەشی پارچەیی بكات، كە هەریەكە لە ١٥ تا ٣٠ چەكداربوون، سێ بەرپرسیشی بۆ هەموو هێزەكان دانا، كە (محەمەدئەمین میرخان و مامەند مەسیح و ساڵح كانیەلنجی) بوون، بەڕێوەبردنی ئیدارەشی بە ڕەشۆ خاڵ هەمزە سپارد بوو، پاشان یاسای ئاشكرای بۆ كاركردنیان دانا[٣]، بۆ ئەم مەبەستەش ئەرك و فەرمانی هەریەكەی دیاری كرد بەم شێوەی كە لەسەر هەموو تاكێكی پێشمەرگەیە ملكەچی فەرمانەكانی لێپرساوەكەی بێت و فەرمانەكانی جێبەجێ بكات، هەروەها لەسەر لێپرساوەكانە لەگەڵ پێشمەرگەكانی بێت و لێیان دوورنەكەوێتەوە و وەك برا هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكات و بەیەكسانی سەیریان بكات و فەرمان بدات بەسەریاندا، هیچ شتێكیش بەزۆر و بەهێز لەهیچ كەسێك وەرناگرن لە دانیشتوانی گوندەكان، سەرەڕای ئەوانەش دەستكەوتەكانی جەنگ بە دادوەری دابەش دەكەن بەسەر تاكەكانی پێشمەرگەدا بەپێی پێویست و لەگەڵ دیلەكانیشدا هەڵسوكەوتی مرۆڤایەتی دەكەن و نابێ دەست بگرن بەسەر هیچ شتێكی تایبەتی خۆیان، هەر هەموو ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەكات و خۆی پێوە دەبەستێ[٤].

هاوكات لەگەڵ بڕیاردانی مستەفا بارزانی بۆ ئەنجامدانی هەنگاوە سەربازییەكان، سەرۆكی حزبی هیوای كورد ڕەفیق حلمی سەردانی ڕواندز دەكات و لە جندیان چاوی دەكەوێت بە ئەندامانی پارتەكەی و داوایان لێدەكات بۆ كاركردن لەسەر

(١) م.س لازاریف و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٩.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٣.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٤) نجم سەنگاوي، كوردستان و سەركردە....، ل ٤٤٧.

كۆكردنـەوەی پـارە و چـەكی پێویسـت بۆ پاڵپشـتی كـردن لـە بارزانییـەكان[١]، هەروەها لە كەركووكیـش ئەندامانـی پارتـی هیـوا هەمـان كاریـان ئەنجامـدا، بەمـەش شـۆڕش لەسـەر دوو بنەمـای تۆكمـە جێگیـر بـوو، بنەمـای هـزری و ڕێكخسـتنەكەی لـە ئەسـتۆی حـزبی هیـوای كـورد بـوو، لەلایەكـی دیكـەوە كۆڵەكـە سـەربازییەكەی لەلایـەن مسـتەفا بـارزانی سـەركردایەتی دەكـرا[٢].

مسـتەفا بـارزانی دوای ڕێكخسـتنی هێزەكانـی هێـرشی كـردە سـەر بنكەكانـی پۆلیـس لـە دەڤەرەكـەدا و پێداگـری لەسـەر پێویسـتی دەسـت گرتن بەسـەر بنكەكانـی پۆلیس لە ناوچەكـەدا دەكـردەوە، چونكـە پێی وابوو كۆنترۆڵ كردنی ئـەو بنكانە دەبێتە هۆكارێك بۆ بەدەسـتهێنانی چەكـی پێویسـت بۆ شۆڕشـگێڕان، لەهەمان كاتیشـدا چاودێـری حكومەت و تـۆڕە هەواڵگرییەكـەی لـە ناوچەكـەدا لەنێـو دەبردرێـت[٣]، یەكـەم هەنگاویشـی گرتنـی بنكـەی پۆلیسـی شـانەدەر بـوو، لـە ڕێكەوتـی ٢ی تشرینـی یەكەمـی١٩٤٣، بەپێی نەخشـەیەكی ورد بـە یارمـەتی (عـەلی خـان شـێروانی) كـە پۆلیـس بـوو لـە بنكەكـە، بەبـێ هیـچ بەرگـری و بەرنگاربوونەوەیـەك بنكەكـە دەسـتی بەسـەرداگیرا[٤]، بەمـەش مێـژووی دەسـت گرتـن بەسـەر ئـەو بنكەیـە دەبێتـە سـەرەتای هەڵایسـانی شۆڕشـی چەكداریـی جارێكـی دیكـە لـە بـارزان[٥] و دەسـتپێكردنەوەی لاپەڕەیەكی تـر لە بزووتنـەوەی بەرگری كوردایەتی[٦].

شـیاوی باسـكردنە لـە سـاڵانی پێشـوو ژمارەیـەك هاوڵاتـی دەڤـەری بـارزان ببـوون بـە پۆلیـس بـۆ ئـەوەی ژیـانی مـاڵ و منداڵیـان دابـین بكـەن و خۆیـان لـە فشـاری حكومـەت دووربخەنـەوە و یارمەتـی خەڵكـی ناوچەكەیـان بـدەن، بێگومـان بوونـی ئـەم پۆلیسـانە زۆر مەترسـی و كارەسـاتی دوورخسـتەوە لـە ناوچەكـەدا و بـوون بە یارمەتی و پشـتگیری بۆ شـۆڕش[٧].

دوابـەدوای بڵاوبوونـەوەی كـردە سـەربازییەكانی مسـتەفا بـارزانی و دەسـت گرتـن بەسـەر بنكەكانـی پۆلیـس، سـەركردایەتی حـزبی هیوای كورد دەسـت بەجـێ بەیاننامەیەكی

(١) شاخوان عبدالله صابر، المصدر السابق، ص ١١٩.
(٢) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ١٥٦.
(٣) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٦٥.
(٤) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.
(٥) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٦٥.
(٦) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.
(٧) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە....، ل ٤٤٩.

دەركرد[١]، لەو بارەیەوە موكەرەم تاڵەبانی دەڵێت «بە بلاوبونەوەی ئەم بەیاننامە، حكومەت ئەمەی بە كردەوەی ڕۆشنبیرانی دەزانی و دەستی كرد بە گرتنیان لەوانە كاكە حەمەی خانەقا، موكەرەم تالەبانی، جەلیل هۆشیار، عەلائەدین سەجادی، عەبدولقادر قەزاز ئێمەیان هەریەكە و لە بەندیخانەی بنكەی پۆلیسێك دادەنا بۆ ئەوەی یەكتر نەبینین، لە ڕۆژی دووەم دا لە كاتی بڵاوكردنەوەی پاشماوەی بەیاننامەكە جەوهەر و كانەبی عەزیز ئاغای دزەیی گیران، ئێمەیان بە بوختانی هاندانی سوپای عێراق بۆ یاخیبوون دایە دادگای عورفی كە حوكمی لە سێدارەدانمان بدات»[٢].

بەیاننامەكە لە شوێنە جیاوازەكان بڵاودەكرانەوە، بە شەوانیش لە دیوارەكانیان هەڵدەواسرا، كار گەیشتە ئەوەی لە زۆربەی شارەكانی عێراق ئەو بەیاننامەیە بڵاوبكرێتەوە وەكو بەغدا، هەولێر، مووسڵ و دهۆك...، لە شاری مووسڵ حزب سێ كەسی تەرخان كرد بۆ ئەو كارە ئەوانیش مەجید بەهائەددین، ئیسماعیل سەعید دۆسكی، محەمەد سەعید دۆسكی ئەمەش دەنگی زۆری ناوە لەو شارەدا و حكومەتی عێراق هەستی بە ترس كرد لە شاری مووسڵ[٣].

لە شاری هەولێریش ئەندامانی پارتی هیوای كورد بە جۆشەوە پشتگیری شۆڕشەكەیان كرد، لەم بارەیەوە چەندین بڵاوكراوەی نهێنیان دەركرد و ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ رای گشتی خەڵك لە بارەی شۆڕشەكەوە ڕوون كردەوە، بێگومان ئەم هەڵوێستە پڕ حەماسەتەی ئەندامانی هیوا لە هەولێر زیاتر دەگەڕایەوە بۆ شوێنی جوگرافی ڕووداوەكان كەوتبووە ناو سنووری كارگێڕی لیوای هەولێر، بەشێوەیەك لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕش ژمارەیەكی زۆری كوژرا و بریندار لە هێزەكانی حكومەت دەگواسترانەوە شاری هەولێر[٤]. بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ئاگاداربوونی خەڵكی هەولێر لە ڕەوت و پەرەسەندنەكانی شۆڕش لە نزیكەوە.

سەبارەت بە شاری كەركووكیش دەستەی شۆڕشگێڕی شارەكە بە كردەوە

---

(١) سەبارەت بە ناوەڕۆكی بەیاننامەكەی پارتی هیوا جەختی لە چارەسەركردنی گیروگرفتی كوردستان دەكردەوە و داكۆكی لە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی بەرامبەر كردەوەی ناڕەوای دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ناوچەیە دەربڕی بوو و كۆمەڵانی كوردی بۆ تێكۆشان دژبە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق هان دەدا. بۆ دەقی بەیاننامەكە بگەڕێوە بۆ : عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية....، ص ص ٥٣٦- ٥٣٨.

(٢) موكەرەم تالەبانی، چەند لاپەڕەیەك لە تێكۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٦)، بەغدا، ١٩٩٥ز، ل ٣٧.

(٣) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص ١٥٧.

(٤) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ص ١٩٩– ٢٠٠ .

كەوتوونەتـە پاڵپشـتی كردنـی هەلسوڕاوانی ڕاپەڕیـن و كۆكردنـەوەی كۆمـەك و پیتـاك و پەیداكـردن و ناردنـی چـەك و تەقەمەنـی بـۆ بەشـداربووانی شـۆڕش، بۆ ئەم مەبەسـتەش دەسـتەیەكی ڕۆشـنبیری كەركووكـی ڕۆڵـی دیاریـان هەبـووە لـەم بابەتەدا كـە زۆرینەیان لـە ڕیـزی ڕێكخسـتنەكانی حزبـی هیـوا ئەنـدام بـوون لەوانـە شـێخ حوسـەینی خانەقـا، كاكـە حەمـەی خانەقـا، شـێخ محەمـەد نەجیبـی تالەبانـی، جـەلال حەمـە سـەعید، شـێخ عەتـای تاڵەبانـی و چەندانـی دیكـە لەوانـە بـوون[١].

سـەبارەت بـە پەیوەنـدی حزبـی هیـوا بـە خـودی مسـتەفا بارزانـی و شـۆڕشـەكەی سـەرەتاكەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٢ی تەمـووزی ١٩٤٣ كـە هەندێـك لـە ئەندامانـی حزبـی هیـوا و كۆمەڵـەی برایەتـی لەڕێـگای یارمەتییەكانیانـەوە توانیـان مسـتەفا بارزانـی لەژێـر چاودێـری تونـدی حكومەتـی عێراقـی لـە شـاری سـلێمانی بـەرەو دەڤـەری بـارزان بەڕێبكـەن[٢].

جگـە لەمـەش لەگـەڵ پەرەسـەندنەكانی شـۆڕشـی دووەمـی بـارزان، حزبـی هیـوا چالاكییەكانـی چـڕ كـردەوە بەتایبـەت باڵـی چەپـی ئـەم حزبـە كـە هەریەكە لـە «هەمزە عەبدوڵـڵا، عەونـی یوسـف و دكتـۆر جەعفـەر محەمـەد عەبدوڵـڵا» نوێنەرایەتییـان دەكـرد، بـە مەبەسـتی پاڵپشـتیكردن لـە مسـتەفا بارزانـی و شـۆڕشـەكەی، بـە شـێوەیەك گۆڤـاری هیـوای حزبەكـەش بەیانێكـی ئاراسـتەی گەلـی كـورد كـرد و تێیـدا جەختـی لـە خەبـات و تێكۆشـان دەكـردەوە لـەدژی حكومەتـی عێراقـی[٣].

لـەڕووی سـەربازییەوە حزبـی هیـوا داوای لـە ئەفسـەر و سـەربازە ئەندامەكانـی خـۆی كـرد لـە سـوپای عێراقـی كـە دژی بارزانییـەكان نەجەنگـن، بەتایبـەت ئەفسـەرانی لەشـكری دوو كـە بارەگاكـەی لـە كەركـووك بـوو[٤]، هـەر ئەمـەش هۆكارێـك بـوو بـۆ ئـەوەی سـەنگەر و قـەڵای پۆلیـس لـە دەڤـەری بـارزان بـێ بـەش بمێننـەوە لـە پشـتیوانی سـەربازی و بارزانییـەكان یـەك لـەدوای یـەك دەسـتیان بەسـەردا بگـرن[٥].

لەلایەكـی دیكـەوە حزبـی هیـوای كـورد هەوڵیـدا لەڕێـگای ئەندامـە سـەربازییەكانی كردەیەكـی سـەربازی ئەنجـام بـدەن بەمەبەسـتی كەمكردنـەوەی فشـارەكانی حكومـەت لـە دەڤـەری بـارزان، بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم كارە بەكـر حەوێـزی دەسـت نیشـانكرا كـە

---

(١) دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

(٢) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص ٢٥٥.

(٣) اسماعيل شكر، المصدر السابق، ص ١٩٦.

(٤) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص ١٩٠.

(٥) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

ئەفسەربوو لە سوپای عێراقی بۆ چەکدارکردنی چەند کەسانێك لەکۆیە و هەروەها پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەندێك ناودارانی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی کردە سەربازییەکە، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی دەستگیرکردنی هەندێك لەو کەسانەی کە ئامادەکرابوون بۆ ئەنجامدانی کردەکە لەلایەن حکومەتەوە[١].

لەبارەی ڕۆڵی حزبی هیوا، خاوەن کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» دەڵێت «حزبی هیوا دەورێکی کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی جەماوەر بەدەوری بارزانیدا، ئەو سەرکەوتنانەی بارزانی بەدەستی هێنابوون بەناو گەلدا بڵاوبووبوونەوە ورەی جولاندبوون و زاتی بەهێز کردبوون، یەك لەو چالاکییانەی هیوا دەستی دابوویە بریتی بوو لە بلاوکردنەوەی بەیاننامە لە بەغدا و هەموو شارەکانی عێراقدا، کە پشتی ڕاپەڕینیان دەگرت و دژی ئەو کردەوانە بوون حکومەت پیشانی دەدا لەنیاز خراپی دژی گەلی کورد و دژی دەڤەری بارزان بەتایبەتی»[٢].

گومانی تێدا نییە هەنگاوەکانی حزبی هیوا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ڕەوت و پەرەسەندنەکانی شۆڕشی بارزان، لەم بارەیەوە «سەعدی عوسمان» دەڵێت «شۆڕشی بارزان بە پشتگیری لێکردنی حزبی هیوای کورد بایەخ و گرنگیەکی زیاتری وەرگرت، چونکە ئەو پشتگیریە لەلایەك رەمزی پاڵپشتی بزاڤی نیشتمانی کورد بوو بۆ ئەم ڕاپەڕینە و لەلایەکی ترەوە بووە هۆی گرێدانی خەباتی سیاسی بە ڕاپەڕینی چەکداری بەشێوەیەکی بەتینتر، لەکاتێکدا هەموو ڕاپەڕینەکانی پێشتر زیاتر بەرجەستە بوونی خەباتی چەکداری کوردی بوون نەك سیاسی لەئەنجامی ئەوەدا دەتوانین ئەنجامی ئەو شۆڕشە بەخاڵێکی وەچەرخان دابنێین لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور»[٣].

سەبارەت بە کردە سەربازییەکەی شۆڕشگێڕان و پاش ئەو سەرکەوتنەیان لە دەست بەسەرداگرتنی پۆلیسخانەی شانەدەر، هێزەکانی شۆڕشگێڕان گەڕانەوە «پیرە ساڵ» کە مستەفا بارزانی لەوێ بوو، فەرمانیدا دەست بەجێ دیلەکانی بنکەی پۆلیسی شانەدەر ئازاد بکرێن و چەکە دەستکەوتەکانیش بەسەر ئەوانە دابەش بکرێت کە چەکەیان نەبوو، پاشان بڕیاریدا بۆ ماوەیەك بچێتە ناوچەی مزووری لەوێش هەریەکە لە حوسێن جەرجیس پێندرویی، سلێمان دێزۆیی، یاسین پێندرویی و ڕەشید مۆکی هاتنە لای و ژمارەیەك لە گەنجانیش پەیوەندیان پێوە کرد، هەروەها

---

(١) بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، بیرەوەریەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤- ١٩٤٧، بەشی یەکەم، (کۆیە- دەزگای سەردەم- ١٩٩٣)، ل ١٤.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

(٣) سەعدی عوسمان هەروتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١١٢- ١١٣ .

مستەفا بارزانی پەیوەندی بە «نوری شێروانی» کرد کە لە شێروان بوو بەمەبەستی گرتنی پۆلیسخانەی شێروان، هەرچەندە ناوبراو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، بەڵام بەر لەوەی بگاتە شوێنی مەبەست بەچەند کاتژمێرێك هێزێکی گەڕۆك کە بەتالیۆنێك دەبوون گەیشتبوونە ئەوێ و ئەم نەخشەیە بەجێ نەهات[١].

مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ نامەیەکی ئاراستەی فەرماندەی بەتالیۆنی مێرگەسۆر کرد، تێیدا ئەوەی دەرخستبوو کە چۆن بەر لەم نامەیەدا ئاگاداری کاربەدەستانی قەزای زێبار و ناحیەی مێرگەسۆر و قەزای ڕواندزی کردبوو کە ئەو ئامادەیە گیرگرفتەکان لە ڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت، هەروەها ئاگاداری ناوبراوی کردبووەوە بەو سەرپێچیانەی کە لەناوچەکەدا دەکرێت و داواشی لێکردبوو کە باوەڕپێکراوێکی حکومەت بێتە ناوچەکە و تا پێکەوە کێشەکان لەڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکەن[٢].

لەو بارەیەوە خاوەن سەرچاوەی «البارزانیون و حرکات بارزان ١٩٣٢- ١٩٤٧» ناوەرۆکی نامەکەی مستەفا بارزانی وا لێکدەداتەوە کە مەبەستی بارزانی لەناردنی ئەو نامەیە بریتیە لە بەدەست هێنانی کات و درەنگ خستنی هێرشە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی، چونکە هەستی بەلاوازی هێزەکەی کردبوو لەبەرنگاربوونەوەی هێزەکانی حکومەت[٣].

دەکرێت بڵێین ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەك دووره لەڕاستی، چونکە هەر لە هەڵایسانی شۆڕش تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٣ هەموو هەوڵە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی لەبەرامبەر شۆڕشگێڕان شکستی هێناوە، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کەوا مستەفا بارزانی لەڕووی گرنگیدانی بە بەها مرۆڤایەتییەکان و نەڕژانی خوێنی زیاتر ئەم کارەی کردووە، نەوەك لە ڕوانگەی بێ توانایی و لاوازی هێزە شۆڕشگێڕییەکەی.

سەبارەت بە نامەکەی مستەفا بارزانی، فەرماندەی بەتالیۆنی مێرگەسۆر لەبری وەڵامدانەوەی داواکەی بارزانی، هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ زیادکردنی ژمارەی چەکدار و قایمکردنی قەڵا و پێگەکانی پۆلیس لە ناوچەکەدا، لە بەرامبەردا مستەفا بارزانی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە نیازی حکومەت خراپە و نایەوێت کێشەکان لەڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکات، بۆیە بە ناچاری پەلاماری سەر بنکەکانی پۆلیسی دەست

---

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

(٢) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩- ٢٠.

(٣) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ٥٧.

پێکردەوە[١].

دوابەدوای ئەو هەوڵانە مستەفا بارزانی ڕوو دەکاتە گوندی بێرسیاڤ و لە پۆلیسخانەی «خێرەزووك[٢]» وورد دەبێتەوە و پاشان نەخشەی گرتنی کێشا[٣]، بێگومان بەو نەخشە سەربازییە پتەوە کە خودی بارزانی خۆی سەرکردایەتی دەکرد، توانیان لە ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەست بگرن بەسەر بنکەی پۆلیسی خێرەزووك کە بە هاندەرترین و سەرکەوتووترین شەڕ ناو دەبردرێت[٤].

سەبارەت بە شەڕی خێرەزووك، مستەفا بارزانی لە پلانێکی سەربازی تۆکمەدا توانی دەستەیەك لە شۆڕشگێڕان لە گەروویەکی نزیك بنکە پۆلیسیەکەی خێرەزووك جێگیر بکات[٥]، پاشان لە نیوەی شەودا بەتالیۆنێك لە هێزەکانی عێراقی بەمەبەستی بەهانەوە چوونی هێزەکانی بنکەی پۆلیسی خێرەزووك گەیشتنە شوێنی مەبەست[٦].

هەرچەندە زووتر پۆلیسە گەمارۆ دراوەکانی ناو بنکەکە داوای هاوکاریان لە بنکەکانی شێروان و مێرگەسۆر کرد[٧]، بەڵام بەر لە گەیشتنی هێزی فریاکەوتنی عێراقی بنکەکە لەلایەن شۆڕشگێڕان دەستی بەسەردا گیرابوو و چەك کرابوون، ڕەنگە ئەم هەواڵە لەلایەن فەرماندەی فەوجەکە نەزانراو بووبێت.

لەم هەڵومەرجەدا فەرماندەی بەتالیۆن دەچێتە بەردەم دەرگای بنکەکە و بە زمانی عەرەبی هاواری کرد «سەرۆکی بنکە دەرگا بکەوە»، لە وەڵامدا مستەفا بارزانی کە لەگەڵ هاوەڵانی کە خۆیان لە بنکەکەدا جێگیر کردبوو، پێی ڕاگەیاند کە مۆڵەتی کردنەوەی دەرگای لەلایەن سەرۆکی بنکەکەوە پێ نەدراوە، بۆیە ئەم هێزە کە نزیکەی ٥٠٠ پۆلیس دەبوون شەو لە دەرەوەی بنکە لە شوێنێکی نالەباردا دامەزران[٨].

لە بەرەبەیاندا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی ئەم هەڵەیان قۆستەوە و

(١) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٢) یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەکە و نزیکە لە بێرسیاڤ و لە هۆزی شێروانییە. ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٣) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

(٤) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٥) حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ١٦٧.

(٦) نەجەف قولی پسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠ .

(٧) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

(٨) نەجەف قولی پسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠ .

لەئەنجامدا لـە دەشـتی هەلونجـە كـە لەنێـوان بێسریـان و خێـرەزووك بـوو، بەرەنـگاری سـوپای حكومـەت بوونـەوە و زەبرێـكی كوشـندەیان لـێ وەشـاندن[1]، كـە زیانـی زۆری بـە هێزەكانـی عێراقـی گەیانـد، بەشـێوەیەك ١٢٠ كـوژرا و ٦٥ دیلـی لێكەوتـەوە[2] و ژمارەیەكـی بەرچـاو لـە چـەك و تەقەمەنـی و ئامێـری بـێ تەلیـان دەسـت بەسـەردا گـرت[3] كـە بارزانییـەكان بـۆ شـەڕەكانی داهاتـوو زۆر پێویسـتیان پێـی هەبـوو[4].

سـەرەڕای شكسـتەكانی حكومـەت لەبەرامبـەر شـۆڕشـگێڕان، بـەڵام هـەر پێداگـری دەكـردەوە لەسـەر هەناردەكردنـی هێزەكانـی پۆلیـس و سـوپا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی شۆڕشـگێڕان، مەبەسـتیشـی لـە ئەنجامدانـی ئـەو كارە زیاتـر بەدەرخسـتنی شـۆڕشـەكە بـوو وەك دیاردەیەكـی بەرتەسـكی ناوخۆیـی و كەمكردنـەوەی گرنگییەكـەی لەبەرامبـەر ڕای گشـتی عێراقـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا حكومـەت هەوڵـی دەدا پەرەسـەندنەكانی شـۆڕش بشـارێتەوە یاخـود دانـی پێدانەنێـت، هەرچەنـدە بەشـێوەیەكی نافەرمـی حكومەتـی عێراقـی دانـی بەوەنابـوو كە شۆڕشـێكی بەهێز لـە پانتاییەكـی فـرەوان لە دەڤـەری بارزان بوونـی هەیـە[5].

دیـارە ئـەم سـەركەوتنە بـووە هـۆی ئـەوەی ناوازەیـی مسـتەفا بارزانـی هەمـوو شـوێنێك بگرێتـەوە، بۆیـە حكومەتـی مەلیكـی لـە عێـراق ناچاربـوو بـۆ ئـەوەی كۆنتڕۆڵی ناوچەكـە بگرێتـە دەسـت هێزێكـی زۆری چەكـدار و كەرەسـتەی شـەڕی زۆر فـرەوان بنێرێتـە ناوچەكـە، لـەم سـەروبەندەدا ژمارەیـەك لـە كوردەكانـی توركیـا بـە ڕێبەرایەتـی سـەعید بێرۆخـی كـە سـەرچاوە ئینگلیزییـەكان بەبایەخـەوە نـاوی دەبـەن، ڕوویانكـردە كوردسـتانی باشـوور و چوونـە ڕیـزی هێزەكانـی بارزانییـەوە[6].

سـەعید بێرۆخـی سـەرۆك هـۆزی بێرۆخـی پـاش بەرپاكردنـی جووڵانەوەكـەی لـە ویلایەتـی هـەكاری دژبـە دەسـەڵاتدارانی توركیـا ڕوو دەكاتـە كوردسـتانی باشـوور و پەیوەنـدی بـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی كـورد لـە عێـراق دەكات بـە ڕێبەرایەتـی مسـتەفا بارزانـی، هەرچەنـدە دەسـەڵاتدارانی توركیا بۆ فشـار خسـتنە سـەر شۆڕشـگێڕان هێزەكانیـان بـە درێژایـی سـنوورەكانی عێـراق و توركیـا بڵاوەپێكـرد، سـەرەڕای ئـەو ئامادەكارییانـەی سـوپای توركیـا، كەچـی مسـتەفا بارزانـی و چەكـدارە شۆڕشـگێڕەكانی

---

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٠٩.

(٢) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٣) حامد محمود عیسى، المصدر السابق، ص ١٦٧.

(٤) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٥) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص ٧٣- ٧٤ .

(٦) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٤- ١٤٥ .

توانیـان بەرەنـگاری سـوپای تورکیـا ببنـەوە و گـورزی توندیـان لـێ بوەشـێنن[١].

دەرئەنجـام سـەعید بێڕۆخـی لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٤٣ بەدەسـتی تورکـەکان دەکوژرێـت[٢]، پـاش ئـەوەی بزووتنـەوە چەکدارییەکـەی بێڕۆخـی لەلایـەن دەوڵەتـی تورکیـا کۆتایـی پێهێـنرا و خۆشـی دەسـت بەسـەر کـرا[٣]، بـەڵام زۆربـەی تاکەکانـی هۆزی بێڕۆخـی دوای نەمانـی بزووتنەوەکەشیان لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی دەمێننـەوە و بەردەوامـی بـەکارە شۆڕشـگێڕییەکان دەدەن[٤].

دەنگـۆی شۆڕشـی بـارزان بە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانی گەیشـتە پارچەکانی تری کوردسـتان، لـەو بارەیـەوە کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان نامەیـەك ئاراسـتەی مسـتەفا بارزانـی دەکات کـە تێـدا داوایـان لێکردبـوو شۆڕشـەکە بکات بە شۆڕشـێکی سەرتاسـەری کوردسـتان و هێزێکی یەکگرتوویـی سـەربازی ڕێکبخـات لەژێـر فەرماندەیـی خۆیـدا و کۆنگرەیەکیـش ببەسـترێت بـۆ دامەزراندنـی دەسـتەی سـەربازی و دیاریکردنـی ئـەرك و کاری هەمـوو لایـەك[٥].

جگـە لەمـەش کۆمەڵـە پێشـنیاری کـرد کـە داوا لـە مسـتەفا بارزانـی بکرێـت هەمـوو کوردسـتان ئـازاد بـکات و هەروەهـا هەواڵەکانیشـی چـڕ کـردەوە بـۆ بڵاوکردنـەوەی هەواڵەکانـی شـۆڕش لەڕێـگای گۆڤـاری نیشـتیمان زمانحاڵـی کۆمەڵەکـە لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات[٦]، هـەروەك لـە ژمـارە دووی گۆڤارەکـە لـە سـاڵی ١٣٢٢ هەتاوی بەم شـێوەیە دەربـارەی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان و مسـتەفا بارزانـی دەنووسـێت «ئـەم جەنگـەی سـەرۆکی گـەورەی کـورد مـەلا مسـتەفا بارزانـی هەڵیایسـاندووە اختلالێکـی میللـی کـوردە»[٧].

دوابـەدوای کۆنـترۆڵ کردنی پۆلیسـخانەی خێـرەزووك، چالاکی و کردە سـەربازییەکانی شۆڕشـگێڕان چەندیـن قـەڵای پۆلیـس و پێگـەی هێـزە سـەربازییەکانی گرتـەوە، لەوانـە

(١) تلار علی امین، المصدر السابق، ص١٦٣.

(٢) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٣) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٤) تلار علی امین، المصدر السابق، ص١٦٣.

(٥) مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەکان....، ل ٦٣. سـەبارەت بـە دەقـی ناوەرۆکـی نامەکـەی هەیئەتـی ناوەنـدی کۆمەڵـەی (ژ . ك) بـۆ مسـتەفا بـارزاني بگەڕێـوە بـۆ : حسـین مەدەنـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل ٢١٤– ٢١٦.

(٦) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٩.

(٧) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص ٢٦٩.

حوسێن بێرۆخی لەو ماوەیەدا توانی دەست بگرێت بەسەر بنكەی پۆلیسی «زیت» هەروەها ئەسعەد خۆشەوی برای خەلیل خۆشەوی پۆلیسخانەی «پیرە كەپرە»ی كۆنترۆڵ كرد، سەرەڕای ئەوانەش بنكەی پۆلیسی «چەمی» لەلایەن نوری شێروانی دەستی بەسەردا گیرا و پاش ئەوەش ناوبراو ڕوویكردە گوندی ڕێزان بەمەبەستی كۆنترۆڵ كردنی بنكە سەربازییەكەی[١].

دەست بەسەرداگرتنی زۆربەی بنكەكانی پۆلیس لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە لە دەڤەری بارزان، هەیبەتی حكومەتی لە ناوچەكە لەبەرامبەر هۆزە كوردییەكانی نەیاری بارزانی تووشی دارمان كرد[٢]، بە شێوەیەك ئەو شكستانەی هێزەكانی حكومەت لە ناوچەكەدا كاریگەری نەرێنی لەسەر ناوزراندنی دەسەڵاتی عێراقی نەك تەنها لە دەڤەری بارزان، بەڵكو لە سەرتاسەری ناوچە كوردییەكان لە باشووری كوردستان دروست كرد[٣].

لەبەرامبەردا حكومەتی عێراقی بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو شەڕمەزارییەی كە لە بەرەكانی جەنگ لەبەرامبەر شۆڕشگێڕان تووشی هاتبوو، لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٤٣دەستیكرد بە كۆكردنەوەی هێز و ناردنی پاڵپشتیە سەربازییەكان لە پۆلیس و سوپا بۆ مێرگەسۆر، بەمەبەستی ڕێگا گرتن لە تەشەنەكردن و فرەوان بوونی پروشكی شۆڕش بۆ ناوچەكانی دیكە، هێزەكانیش پێكهاتبوون لە سێ كەتیبەی پۆلیس و سێ كەتیبەی سوپا، پاڵپشت بە فرقەیەكی زرێپۆش و سێ پۆلی فرۆكەی هێزەكانی ئاسمانی عێراقی[٤].

حكومەتی عێراقی هەوڵیدا لەڕێگای هێزە ئاسمانییەكەیەوە پارێزگاری لە هەیبەت و هەژموونی خۆی بكات لە ناوچەكەدا، بەڵام ئەم هەوڵەشی هیچ سوودێكی پێ نەگەیاند، چونكە بنكەكانی پۆلیس دەستیان بەسەردا گیرا و پۆلیسەكانیش خۆیان دا بەدەستەوە، تەنها لە شێروان نەبێت هێزەكانی عێراق زۆر دڕندانە بەربەرەكانیان كرد[٥].

گەیشتنی پاڵپشتیە سەربازییەكانی حكومەتی عێراقی بۆ دەڤەری بارزان هیچ گۆڕانكارییەكی دروست نەكرد لە تەرازوی هێز و كەمكردنەوەی وورە و

(١) ایوب بارزانی، المصدر السابق، ص ٢٠٦.

(٢) حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص ١٦٨.

(٣) محمود الدره، القضیة....، ص ٢٠٥.

(٤) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٤.

(٥) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

توانا سەربازییەکانی شۆڕشگێڕان، بەڵکو شۆڕشگێڕان توانیان دەست بگرن بەسەر چەند شوێنێکی تر[١]، بەشێوەیەك حکومەت دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژئاوای ڕووباری ڕۆکوچکەوە نەما، بەمەش بنکەکانی پۆلیسی ئەرگوش، مێرۆز، تێل و شەنگیل هیچ ئومێدی فریاکەوتنیان بۆ نەمایەوە، ئیدی بەبێ شەڕ خۆیان ڕادەستی شۆڕشگێڕان کرد[٢].

لێوەشاوەیی بارزانییەکان لەو شەڕانەدا لەلایەك دوژمنی شپرزە کرد و لەلایەکی تر لەماوەی دوو مانگدا ژمارەی شۆڕشگێڕانی گەیاندە پتر لە دوو هەزار کەس، حکومەت هەموو چەککرا و ڕزگاربووەکانی شەڕی لەسێ بنکەی بارزان، بلێ و مێرگەسۆر کۆکردبۆوە[٣]، بەم شێوەیە جەنگاوەرە کوردەکان توانیان لەو ماوەیە دەست بگرن بەسەر ١٧ بنکەی پۆلیس، لەگەڵ ٦٨٠ پارچە چەك و ٢٤ تۆپهاوێژ[٤].

بەهێز بوونی هەڵوێستی سەربازی مستەفا بارزانی پاش سەرکەوتنە یەك لەدوایەکەکانی شۆڕشگێڕان و زیادبوونی پێداویستیە سەربازییەکان لە چەك و تەقەمەنی[٥]، کارێکی دژوار بوو بۆ حکومەتی عێراقی بتوانێت بارزانی ملکەچی داواکاریی و مەرجەکانی خۆی بکات، لەڕێگای هێرشە تەمبێکارییەکان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا[٦].

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵوێستەی مستەفا بارزانی، تیشك دەخەینە سەر نامەیەك کە لەلایەن فەرماندەی فیرقەی دوو لە ٢٦ی تشرینی یەکەم نێردراوە بۆ بارزانی کە تێیدا پێشنیار و مەرجەکانی حکومەت دەخاتە ڕوو، بەڵام بارزانی لەوپەڕی باوەر بەخۆبوونەوە وەڵامی دەداتەوە و پێی ڕادەگەیەنێت «پێویستە لەسەرتان گوێ بگرن لە قسەکانم..... پاشان من ئامادەم بۆ گوێڕایەلی»[٧].

بەهەمان شێوەش لە ڕێکەوتی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ «سی. جی. ئەدمۆندس» کە ئەوکاتە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوو، نامەیەك بۆ مستەفا بارزانی دەنێرێت و داوای لێدەکات خۆی بەدەستەوە بدات لەو شوێنەی کە هەڵگری نامەکە دیاری دەکات و مەرجەکانی حکومەتی عێراق جێبەجی بکات و چەکەکانیش ڕادەست

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٤.
(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.
(٣) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی.....، ل ل٣٠.
(٤) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.
(٥) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٢.
(٦) حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص ١٦٨.
(٧) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ١٣٥.

بکاتـەوە، بـەڵام مسـتەفا بارزانـی لـە وەڵامـی نامەکـەی ناوبـراو مەرجەکانـی حکومەتـی عێراقـی ڕەت کردبـووەوە و وای دەرخسـتبوو کـە ئـەو متمانـەی بـە بەڵێنەکانی حکومەت نیـە، چونکـە پـاش ڕاپەڕینـی یەکەمـی بـارزان ١٩٣١- ١٩٣٢ و خـۆ بەدەسـتەوەدانی بارزانییـەکان حکومـەت ڕەفتارێکـی نامرۆڤانـەی لەگەڵدا کـردن(١).

هـاوکات لەگـەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە سـوپای عێراقی لە ناوچەکەدا تووشـی هاتبـوو، بـەڵام جارێکـی دیکـە لـە ٦ی تشرینـی دووەمی ١٩٤٣، سـوپای عێراقی هێرشـیان کـردە سـەر گوندەکانـی ناوچـەی مێرگەسـۆر و شـێروان، لـە نزیـك گونـدی گۆڕەتوو شـەڕ بەرپابـوو(٢)، هەرچەنـدە هێزەکانـی عێـراق تاڕادەیـەك لـە ڕۆژەکەیـدا توانیـان لەبەرامبەر شۆڕشـگێڕان خۆیـان ڕابگـرن، بـەڵام دواتر لە شـەودا لەهەموو لایەك هێرشـکرایە سـەریان و تێکشـکێنران، بۆیـە بە ناچاری کشـانەوە ناو سـەربازگەی مێرگەسـۆر، پاش ئـەوەی زیانی زۆریـان بەرکـەوت و دەسـکەوتی شۆڕشـگێڕانیش بریتـی بـوو لـە پەنجـا تفەنـگ و چـوار ڕەشـاش و جبەخانەیەکـی زۆر لەگـەڵ دەسـتگیرکردنی یـازدە سـەرباز(٣).

لـە تەقەلایەکـی تـر حکومـەت بـۆ قەرەبووکردنـەوەی شکسـتەکەی لەنزیـك گونـدی گۆڕەتـوو، بڕیاریـدا لـە ٨ی تشرینـی دووەمـی هەمـان سـاڵ پەلامارێکـی تـر بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی شۆڕشـگێڕان لـە شـوێنەکانی مۆڵگـەی سـەربازی بـەدوور بخاتەوە و بـەرەو چیای پیـران بچێتـە پێـش و گونـدی بێسـتری بگرێـت کـە بنکـەی سـەرکردایەتی بـوو، بـەڵام جارێکـی دیکـە سـوپای عێـراق ڕووبـەڕووی هەمـان چارەنووسـی پێشـووتر دەبێتـەوە(٤).

دوابـەدوای ئەم ڕووداوە شۆڕشـگێڕان گەمارۆی سـەربازگەی مێرگەسـۆریاندا، تەنانەت هێـزە عێراقییـەکان لەنـاو سـەربازگەکەش نەیـان دەتوانـی سـەر دەربکـەن(٥)، وێـڕای ئـەو بارودۆخـەش کەچـی شۆڕشـگێڕان ئۆلتیماتۆمیـان داوەتـە هێزەکانـی عێراق لە مێرگەسـۆر و بەڵێنـی ئەوەشـیان دابـوو کـە ڕێگـەی دەرچوونیـان بـۆ بکەنـەوە، بـەڵام هێـزە عێراقییە گەمارۆدراوەکـە هێشـتا بـەو هیـوا و ئاواتەبـوون کـە گەمارۆدانەکـەی شۆڕشـگێڕان کاریگـەری نابێـت لەسـەریان و لەلایـەن حکومەتـەوە ڕزگار دەکرێـن(٦).

---

(١) فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣- ٢٥.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣ ؛ حسن مصطفى،المصدر السابق، ص ٥٨.

(٣) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل ٤٥٢.

(٤) مسـعود بارزانـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١١٤ ؛ جـنرال عبدالرحمـن القـاضي، أنـا عصامـي ، المجلـد الاول، نسـخه خطيـة بحـوزه (ئــ د. ئـ)، رقم الملـف (p.1)، ص ٢٩.

(٥) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل ٤٥٢.

(٦) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

لـە درێـژەی ئـەم پێکدادانانە و بۆ سـەرکوتکردنی شۆڕشـی بـارزان، حکومەتـی عێراقی لەشـکرێکی نـاردە بـەرەی شـەڕی دژی بارزانـی کـە لەیەکەکانـی پیـادە و ژانـدارم و هێـزی ئاسـمانی پێـك هاتبـوون[١]، و لەژێـر چاودێـری ئەفسـەرێکی بەریتانی بـوو بەناوی «برۆمیلـۆ» کـە سـەرۆکی نێـردەی سـەربازی بەریتانی بـوو لە عێـراق[٢]، بـەڵام ئەمجارەش بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانـی حکومەتـی عێـراق و دەوڵەتـی بەریتانیـا و کرێگرتەکانیـان، بەهـۆی بەرخودانـی نەترسانە و دلێرانـەی شۆڕشـگێڕان و لێهاتوویـی و ڕێبەرایەتـی مسـتەفا بارزانـی ئەنجامـی بەرنگاربوونـەوە و پێکدادانـەکان بەسـەرکەوتنی شۆڕشـگێڕان کۆتایی هـات[٣].

هـاوکات لەگـەڵ پەرەسـەندنە سـەربازییەکان لـە دەڤـەری بـارزان، بەتایبـەت پـاش مەیدانـداری «مەزنـە« باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە عێـراق «کینهـان کورنوالیس»[٤] لـە ڕێکەوتی ١٢ی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٣ تەلەگرافێـك ئاراسـتەی وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکـەی دەکات، بـە جەخـت کردنـەوە لـە شـەڕەکانی ڕۆژانـی ٩ تـا ١١ و خسـتنەڕووی شـکانی سـوپای عێراقـی و دیاریکردنـی زیانەکانیـان لـە نێـوان ٦٠ کـوژرا و برینـدار[٥]، هەروەهـا

(١) بابـە شـێخ مـەردۆخ ڕۆحانـی (شـیوا)، مێـژووی نـاودارانی کـورد، وەرگێـڕان : ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی، بەرگـی سـێیەم، (هەولێـر- ئەکادیمیـای کـوردی- ٢٠١٢ز)، ل ٤٩٢ .

(٢) ايوب بارزاني، المصدر السابق، ص ٢٠٦.

(٣) فەرەیـدوون نـووری، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٤٥ ؛ نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، پەنجـەکان یەکـتری ئەشـکێنین (دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٧٩-١٩٨٣، (بـێ شـوێنی چـاپ- ١٩٩٧ز)، ل ٤٦.

(٤) سـێر کینهـان کۆرۆنوالیـس : لـە ١٩ی شـوباتی سـاڵی ١٨٨٣ لـە نیۆیـۆرك لەدایـك بـووە، بـاوکی نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـێکی نـاسراو بـوو، زانکـۆی ئۆکسـفۆردی تـەواو کـردووە، زمـانی عـەرەبی خوێنـدووە و سـاڵی ١٩٠٦ لـە سـودان، و دوای ئـەوە لـە میـسر و عەرەبسـتان کاری کـردووە، لـە شـەڕەکانی وڵاتەکەیـدا دژی لەشـکری عوسـمانی لـە سـوریا و فەلەسـتین بەشـداری کـردووە، لـە سـاڵی ١٩١٦ بووتـە کۆلۆنێـل و کراوەتـە بەڕێوەبـەری بـیرۆ (مەکتـەبی) عـەرەبی بەناوبانـگ لـە سـاڵی ١٩١٩هوە پەیوەنـدی نزیـکی لەگـەڵ مەلیـك فەیسـەلی یەکەمـدا هەبـووە و حوزەیـرانی سـاڵی ١٩٢١ لەگەڵیـدا هاتووتـە عێـراق، لەوسـاوە بـۆ مـاوەی ١٥ سـاڵان بووەتـە ڕاوێـژکاری وەزارەتی ناوخـۆی عێراقـی، سـاڵی ١٩٣٥ خـۆی خانەنشـین کـردووە و بـەو بۆنەیـەوە مەلیـك غـازی ویسـامی رافیدەینـی داوەتـێ، لەگـەڵ بەرپابـوونی جەنگـی دووەمـی جیهـانی گەڕاوەتـەوە سـەر کار و لـە نیسـانی سـاڵی ١٩٤١ تـا ئـازاری سـاڵی ١٩٤٥ بووەتـە باڵیـۆزی بەریتـانی لـە عێـراق، ڕۆژی ٣ی حوزەیـرانی سـاڵی ١٩٥٩ لـە لەنـدەن کۆچـی دوایـی کـردووە. کەمـال مەزهـەر، کـورد و کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە...... بەرگـی یەکـەم، ل١٧٩.

(٥) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص ٢٠٦.

تیشـك دەخاتـە سـەر ڕاپۆرتەكـەی جەنـراڵ «برۆمیلـۆ» كە ئاماژە بەبێ توانایی سـەربازانی عێراقـی دەكات لەشـەڕكردن لـە ناوچـە شـاخاویەكاندا[١].

شـكانی هێزەكانـی حكومـەت لـە مەیدانداریـی «مەزنـە« لـە١٠ی تشرینـی دووەم و گەمارۆدانـی حامیـەی مێرگەسـۆر و پاكسـازی دەسـتە ڕاسـتی ڕووبـاری «روكوچـك» هەمـووی بەیەكـەوە وایكـرد حكومـەت بگاتـە ئـەو بڕوایـەی كـە جەولەیەكـی شـەڕی سـەربازی لەگـەڵ بارزانـی دۆڕانـدووە[٢]، چونكـە تـا ئـەوكات حكومـەت هەوڵـی دەدا بارودۆخـی دەڤـەری بـارزان و پەرەسـەندنەكانی بچـووك بكاتـەوە یاخـود بیشـارێتەوە[٣].

سـوپای عێراقـی لـەدوای تێكشـكانیان لـە مەیدانداریـی «مەزنـە« ژمارەیەكـی زۆر كوژراویـان بەجـێ هێشـت بـە درێژایی ڕێگەی نێـوان هاودیـان و مێرگەسـۆر، فەرماندەی لیـوای مێرگەسـۆر «زەعیـم ئەحمـەد حەمـدی» لـە شـەڕەكەدا زۆر بـە ئەسـتەم ڕزگاری بـوو، پـاش ئـەوەی دەسـتەی پاسـەوانەكانی كوژران، لـە ئاكامی ئەوەشـدا ناوبراو تووشـی شـێتی هات[٤].

لـەو بارودۆخـەدا تەنیـا شـتێك كـە سـوپای عێراقـی دەیتوانـی بیـكات ئـەوە بـوو كـە بـۆ كۆكردنـەوەی كوژراوەكانیـان لـە مسـتەفا بارزانـی داوای ئاگربەسـت بكـەن [٥]، بارزانـی لـەڕووی مرۆڤایەتییـەوە داواكارییەكـەی پەسـند كـرد، پاشـان فەوجێك سـەربازی بـێ چەكیـان نـارد و لەسـەر فەرمانـی بارزانیـش خەڵكـی گونـدەكان بـۆ گواسـتنەوەی كـوژراوەكان ئاسـانكاریان بـۆ كـردن[٦].

گومانـی تێـدا نیـە بەهـۆی ئـەم سـەركەوتنانەی كـە شۆڕشـگێڕان لەبەرەكانـی جەنـگ بەدەسـتیان هێنـا كاریگـەری زۆری لەسـەر حكومـەت و ئـەو هۆزانـەی كـە دژایـەتی مسـتەفا بارزانـی و بارزانیەكانیـان دەكـرد بەجێهێشـت، نـەك تەنهـا لـە ناوچـەی بـارزان بەڵكـو لەهەمـوو ناوچـە كوردییـەكان لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەم بارودۆخـەدا مسـتەفا بـارزانی بـووە سـەرۆكی نەتەوەیـی و ژمارەیـەك زۆر لـە چـین وتوێـژە جۆراوجـۆرەكان لـە دەوری كۆبوونـەوە پێـش كۆتایـی هاتنـی سـاڵی ١٩٤٣ز[٧].

---

(١) ابراهيم محمد العقيدي، المصدر السابق، ص ٢٢٠.

(٢) عوسمان عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

(٣) كاوس قفطان،المصدر السابق، ص ٧٤ .

(٤) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە....، ل ٤٥٢.

(٥) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٦) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١١٥- ١١٦.

(٧) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

دیارە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ هێزە بچوکەکەی مستەفا بارزانی تەواو گەورە ببوو کە توانای سەرکەوتنی بەسەر هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵکو بەشی ئەوە گەورە ببوو کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراق لەو دەڤەرەدا بکات[(١)]، لە وەڵامی ئەوەدا «نوری سەعید» سەرۆك وەزیرانی عێراق هەوڵیدا قەناعەت بە مستەفا بارزانی بکات دەست لەشەڕ کردن هەڵبگرێت، ئەویش بەفەرمانکردن بە شێخ ئەحمەد بارزانی برا گەورەی کە هێشتا لەژێر چاودێری و دەست بەسەریدا بوو لە شاری حیللە بۆ ئەوەی نامەیەك بنێرێت بۆ مستەفا بارزانی[(٢)] و قایلی بکات بەوەی کە خەباتی چەکداری بێ سوودە وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بێ ئەنجامە، بەڵام بارزانی ئەو پێشنیاز و پەیامانەی ڕەتکردەوە و هێرشەکانی خۆی چڕ کردەوە[(٣)].

لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی مستەفا بارزانی لەماوەی چەند مانگدا لەگەڵ ئەوەدا ئەو ئیمکانەی بۆ بارزانی پێك هێنا کە هێزە حکومییەکان لە ناوچەکە وەدرنێت، بڕێکی زۆری چەك و تەقەمەنی و پێداویستی چەنگی کەوتە دەست شۆڕشگێڕان و ئەوەشی بۆ حکومەتی عێراقی بەدەرخست کە بەم ئاسانییە و بەکەڵك وەرگرتن لەشێوەی چەکدارانە ناتوانێ شۆڕشەکەی بارزان لەناوببات، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراقیش بیریان لەوە کردەوە لە ڕێگەی وتووێژی ئاشتیخوازانە چارەیەك بۆ تەنگژەی کوردستان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو بدۆزنەوە[(٤)].

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانیش حزبی هیوا لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی شاری مووسڵ کە دوو ئەندامی چالاکی ئەو لقە ڕاسپێردران بۆ چاوپێکەوتن بە مستەفا بارزانی لە بارەگاکەی لە گوندی «بێستری» لە باکووری ڕۆژئاوای مێرگەسۆر بەمەبەستی ڕادەستکردنی چەندین پێشنیار و داواکاری نەتەوەیی کە لەکاتی دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی داوای بکات [(٥)]، لەگەڵ گەیاندنی نامەی

---

(١) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٢) ولید حمدي، الکرد وکردستان فی الوثائق البریطانیة (دراسة تاریخیة وثائقیة)، (لندن- مطابع سجل العرب- ١٩٩١)، ص٢٣٩.

(٣) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣ ؛

F.O.371/35013/ from Bagdad to F.O، No 1197، 14 December 1943.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

(٥) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص ص ٢٦٧ - ٢٦٨. لەو بارەیەوە بەرپرسی لقی مووسلی حزبی هیوا (محەمەد عەبدولقادر ئامێدی) دوو ئەندامی چالاکی ئەو لقەی راسپارد بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە کە بریتی بوون لە (صبغ الله ئەمین حەسەن مزوری و سەعید مەلا عەبدول موحسین)، جگە لە گەیاندنی پێشنیارەکان، لەگەڵ خۆیان کۆپییەك لە

هەڕەشـە بـۆ ژمارەیـەك لـەو سـەرۆك عەشـیرەتانەی كـە دەیانـەوێ لـە دژی شـۆڕش بوەسـتن و پاڵپشـتی حكومەتـی عێراقـی بكـەن[1].

جگـە لەمانـەش حزبـی هیـوا هەوڵەكانـی چـڕ كـردەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی بـۆ كێشـەی كـورد، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش یاداشـتێكی بـۆ باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە عێراق نـارد، تێیـدا گوێچكـەی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـای زرنگانـدەوە و داوای حكومەتێكـی لامەركـەزی كـرد بـۆ كـورد لەژێـر سـێبەری مسـتەفا بارزانـی[2]، لەهەمـان كاتـدا لـە بەغدا بیرخەرەوەیەكـی دایـە باڵیـۆزی ئەمریـكا كـە تێیـدا داوای پشـتگیریان لـە ئەمریـكا كـرد، بـەڵام ئەمریـكا هیـچ وەڵامێكـی ئـەو هانـا بردنـەی نەدایـەوە[3].

دیـارە بەیاننامـە و چالاكییەكانـی حـزبی هیوا سـەرنجی هـەردوو حكومـەتی بەریتانیا و عێراقـی راكێشـا و هەسـتیان بەوە كـرد كەوا گۆرانكاریـەكی نوێ لە بزووتنەوەی نیشـتیمانی كوردیـدا پێـك هاتـووە، زانییـان ئـەوەی لـە كوردسـتان دەكـرێ یاخیبونێـكی عەشـایری نیە لەنـاو چیاكانـدا ڕووی دابـێ و بـە سـانایی بێتـە چارەسـەر، بگـرە ئـەوە بزووتنەوەیـەكی چەكـداری نەتەوەییـە كـە گـەلی كـورد لـە كوردسـتانی عێراقـدا پشـتی دەگـرێ بـە تایبـەتی چینـی ڕۆشـنبیر و ئـاواتی گەلی كـورد پێشـان دەدات[4].

لـەو بارەیـەوە موتەسـەریفی مووسـڵ لـە نووسراوێكیـدا بـۆ وەزارەتـی ناوخـۆ تیشـك دەخاتـە سـەر توانـا و پێگـەی شۆڕشـی دووەمی بـارزان لەنـاو جەمـاوەر و ڕایدەگەیەنێت كـە جووڵانەوەكـەی مسـتەفا بارزانـی بریتـی نیـە لەیاخـی بوونێكـی سـادە، بەڵكـو تێكەڵ بـە سیاسـەت بـووە و هەسـتی كوردایـەتی گەیشـتووەتە ڕادەیـەك كـە لە ڕوخسـاری گەنج و سـەرۆكەكانیان دەخوێندرێتـەوە[5].

لەئەنجامـی پەرەسـەندنە سیاسـی و سـەربازییانەی كـە لـە كوردسـتان هاتبـووە ئـاراوە، دەزگا سیاسـەكانی بەغـدای تـووشی نیگـەرانی و دڵەراوكێیەكـی یەكجـار گـەورە

---

ڕۆژنامـەی (فتـی العـراق) مووسـڵی بـۆ بـارەگای سـەركردایەتی لـە گونـدی «بێسـتری» هێنابـوو كـە تێیـدا ئـەو بڕیـارەی حكومەتـی تێـدا بـڵاو كرابـووەوە كـە تایبـەت بـوو بـە بەخشـینی دەسـتەوارە بـۆ هـەر كەسـێك هەڵسـێت بـە رادەسـتكردنەوەی مسـتەفا بـارزاني بـە حكومـەت بـە زیندوویـی یاخـود مردوویـی. عبدالفتـاح عـلى البوتـاني، الحيـاة الحزبيـة....، ص٣٢٣.

(١) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص١٥٨.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(٣) جەمال نەبەز، كوردستان و....، ل١١٤.

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٣٧.

کردبـوو[١]، تانـەت چەندیـن بڵاوکـراوەی نهێنـی لەشـاری بەغـدا بڵاوکرانـەوە تێـدا داوای ڕاگرتنـی شـەڕیان دەکـرد، لەگـەڵ ڕاگرتنـی هەوڵـەکانی حکومـەت بـۆ دەسـتگیرکردن و بەرنگاربوونـەوەی مسـتەفا بارزانـی و جێبەجـێ کردنـی داخوازییەکانـی گەلـی کـورد لـە بەدیهێنـانی مافـەکانی لـە چوارچێـوەی بەڕێوەبەرایەتییـەکی لامەرکـەزی[٢].

بەشـێوەیەکی گشـتی لاوازی هەڵوێسـتی هێزەکانـی حکومەتـی عێراقـی بەرامبـەر بـە شۆڕشـگێڕان، وایکـرد بەرپرسـانی بەریتانیـا مەترسـی لـەو شۆڕشـە پەیـدا بکـەن، بۆیـە دەسـتیانکرد بەهاندانـی بەرپرسـانی عێراقـی بـۆ کۆتایـی هێنـان بـەو کێشـەیە لـە ڕێگەی ئاشـتی[٣]، چونکـە بەریتانیـا ترسـی ئـەوەی لا دروسـت بـوو ئـەو دەوڵەتەی عێـراق ئەوان پاڵپشـتی دەکـەن هەڵبوەشـێتەوە، بۆیـە بەجـدی ئامـۆژگاری «نـوری سـەعید»یان کـرد کـە ئـەوکات سـەرۆك وەزیـران بـوو کـە گفتوگـۆ لەگەڵ مسـتەفا بارزانـی ئەنجـام بدات و کێشـەی کـورد بە ئاشـتیانە چارەسـەر بـکات[٤].

---

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٢) [٢]حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص١٦٩.

(٣) ولید حمدي، المصدر السابق، ص٢٤٠.

F.O.371/35013/ from Bagdad to F.O، No 1194، 14 December 1943.

(٤) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

## تەوەری سێیەم :

## دانوستاندنەكانی نێوان سەركردایەتی شۆڕش و حكومەتی عێراقی

لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٤٣ شۆڕشگێڕان سەركەوتنی گەورە و بەرچاویان بەدەست هێنا، دوای ئەوەی حكومەتەكەی نوری سەعید باوەری هێنا بەشكستی نەخشە و پلانەكانی لە دامركاندنەوەی خێرایی شۆڕشی كورد[١]، بۆیە كەوتنە خۆیان بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەك و دەرچوون لەو تەنگژەیە[٢].

دیارە حكومەت بۆ كۆتایی هێنان بە كێشەكانی لەگەڵ سەركردایەتی كورد، پێشنیازی گفتوگۆی كرد، چونكە شۆڕشگێڕانی كورد لەهەردوو بواری سیاسی و سەربازی سەركەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابوو[٣]، بۆ ئەم مەبەستە حكومەتی عێراقی «وەهاب حەمە عەلی» ئاغای جندیانی كە نیشتمانپەروەرێكی كورد و دۆستی بارزانی بوو ڕاسپارد، تا بزانێت تا چ ڕادەیەك مستەفا بارزانی ئامادەیە پێشوازی لە نوێنەری دەوڵەت بكات، لەبەرامبەردا بارزانی ئەو هەنگاوەی حكومەتی پەسند كرد و ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ و لەیەكتر حالی بوون دەربڕی[٤].

لە ئەنجامدا حكومەت لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ «نوری باویل ئاغای ڕەواندزی» وەك نوێنەری حكومەت دەستنیشان كرد بۆ ئەوەی لەگەڵ مستەفا بارزانی وتووێژ بكات، لەكاتی گفتوگۆدا بارزانی ئەوەی وەبیری نێردراوەكەی حكومەت هێنایەوە كە ناكۆكی نێوان ئەو لەگەڵ حكومەت لەسەر مافی نەتەوەیی گەلی كورد شتێكی بچووك و كەم بایەخ نییە[٥].

نوێنەری حكومەت دوای دیدارەكەی لەگەڵ بارزانی گەڕایەوە بەغدا، بۆ ئەوەی وەڵامی بارزانی بگەیەنێتە كاربەدەستانی عێراقی، پاش هەفتەیەك دووبارە جارێكی دیكە نوری باویل ئاغای ڕەواندزی بە یاوەری پوشووی سەید تەها گەڕانەوە بۆ لای

(١) م.س لازاریف و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٠.

(٢) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٧٠.

(٣) موحسین عاتف، (بارزاني و كۆماری مەهاباد)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، كۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەكەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-٢٠٠٣)، ل٧٢٠.

(٤) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

بارزانـی كـە داخوازییەكـی حكومەتیـان پـێ بـوو، بریتـی بـوو لـە هەڵگرتنـی گەمـارۆی سـەر سـەربازگەی مێرگەسـۆر تـا ببێتـە بناغـەی نیاز پاكـی[١].

ئـەم داخوازییـەی حكومـەت لەلایـەن مسـتەفا بارزانـی پەسـند نەكـرا و داوایكـرد پێویسـتە یەكـەم هەنـگاو لەلایـەن حكومەتـەوە بهاوێژرێـت، چونكـە ئـەوان بـوون شـەڕیان دەسـت پێكـرد و هێرشـیان كـردە سـەر خاكـی كوردسـتان[٢]، بۆیـە هەمـوو كات زاڵـم و دەسـت درێژكـەر دەبـێ نیـاز پاكـی خۆیـان بسـەلمێنن[٣].

لـەم ڕووەوە نابێـت ڕۆڵـی بەریتانیـا لەفشـار خسـتنە سـەر هـەردوو لایەن بـۆ كۆتایی هێنـان بەجەنـگ و دەسـت پێكردنی دانوسـتاندنەكان پشـتگوێ بخرێت، چونكە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان شـوێنی بەریتانییەكانـی لـە بارودۆخی سـوپایی ئاڵۆزدا هێشـتەوە، لەبەر ئـەوە لەنـدەن ڕاوێـژی لەگـەڵ بەغـدا كـردووە بەپشـت بەسـتن بـە سیاسـەتێكی تـر لەبەرامبـەر مەسـەلەی كـوردا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە بەغـدا خـودی خـۆی بـە ڕۆڵـی هاوپەیوەنـدی لـە دانوسـتان لەگـەڵ شۆڕشـڤانان هەسـتا[٤].

هەڵوێسـتی بەریتانیـا سـەبارەت بـە هەرچـی زووتری چارەسـەركردنی كێشـەی بارزان بـوو، لەگـەڵ خواسـتی بەكارهێنانی ئامـرازە دیبلۆماسـییەكاندا بـوو، چونكـە بەرژەوەندی گـەورەی ئـەوان لـەو ڕۆژگارەدا بـەر لەهـەر شـتێك خـۆی لـەوەدا دەدیتـەوە كـە ئارامـی ئاسـایش لـە وڵاتـی عێراقـدا بەرقـەرار بێـت، بۆیـە چ باڵیـۆزی بەریتانیـا «سـێر كینهـان كۆرنوالیـس»، چ ڕاوێژكارانـی سیاسـی و پشـكێنەرانی كارگێـڕی و پیاوانـی هەواڵگرییـان لەعێراقـدا، پەیتـا پەیتـا لـە هەوڵـی هۆشـدانە دەسـەڵاتدارانی عێراقیـدا بـوون لەمـەر كۆتایـی هێنانـی ئـەو بـارە ناڵەبـارە بـە شـێوەی ئاشـتیانە[٥].

بێگومـان ئـەو هەڵوێسـتەی بەریتانیـا هـاوكات بـوو لەگەڵ ئـەو ڕەوتە و شكسـتە یەك لـەدوای یەكەكانـی حكومەتـی عێراقـی لەلایـەك و شـەڕی جیهانـی دووەمیـش لەلایەكـی تـرەوە گەیشـتبووە تەشـقی خـۆی و حكومەتـی بەریتانیـا یـەك لـە گرنگتریـن دەوڵـەت و هێـزەكان بـوو كـە لەو تەنگـژە و ململانێیـەوە تلابوو[٦].

لـە سـاڵی ١٩٤٣ ئەڵمانـەكان لـە زۆربـەی بەرەكانـی شـەڕدا سـەركەوتنی بەدەسـت

---

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٢) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٤) شێركۆ فەتحولا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٥) دلشاد مەحمود عەبدولرحمان، كەركوك لێكۆلینەوەیەكی.....، ل١٣٧.

(٦) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٦– ١٤٧.

هێنابوو، لەبەرەی ستالینگراد و ئیتالیا و باکووری ئەفریقیاش شەڕ لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، بۆیە بەریتانیا بە ناچاری ڕێژەی سوپاکەی لە عێراق کەمکردەوە و بەشێك لەپێکهاتە سەربازییەکەی گواستەوە بۆ باکووری ئەفریقیا، ئەمەش تاڕادەیەك وای لە بەریتانیا کرد کە خۆی دووربگرێت لە بەشداریکردنی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش[1]، هەروەك لە بیرخەرەوەکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا دەردەکەوێت[2].

جگەلەوەش تورکیا مایەی مەترسی بوو بۆ بەریتانیا، لەوەی نەوەك پاڵپشتی ئەڵمانیا بکات لە جەنگی دووەمی جیهانی، هەرچەندە لەسەرەتادا بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەڵمانیاش لە شەڕەکانیدا لە سەرکەوتندابوو، بۆیە دەترسا کە ئەڵمانیا وەك دۆستێك سود لە خاکی تورکیا وەربگرێت و لەوێوە کردەوەی چەکداری دژی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی ئەنجام بدات[3]، لەهەمانکاتدا نیگەرانی ئەوەبوو کە شۆڕشی بارزان گروتین بسەنێت و پروشکی بەر باکووری کوردستان بکەوێت[4]، بەمەش تورکیا ناچاردەبێت کە پەنابەرێتە بەر ئەڵمانیا دژی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی، بۆیە بەریتانیا بەهەرشێوەیەك دەیویست ڕێکەوتن لەنێوان حکومەتی عێراقی و شۆڕشگێڕان سازبکات[5].

---

(١) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٧٩.

(٢) سەبارەت بە بیرخەرەوەکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیان پارێزگاریکردن دەبێت لە باردۆخی ئێستا، ئەویش بریتیە لە دلنیاکردنەوەی هێزەکانی لیڤی و پاراستنی خانەوادەکانیان لەهەر هێرشێکی یاخی بووان ((بە گۆتەی ئەوان)). هەروەها سەرکەوتنەکانی مستەفا بارزاني لە بەرامبەر حکومەتی عێراقی کە بەرژەوەندییەکانیان لە ڕێگاکانی هاتووچۆ ناخاتە مەترسیەوە، بۆیە کردە سەربازییەکان بۆ حکومەتی عێراقی جێ دەهێڵدرێت، چونکە ئەو بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، ئەگەر حکومەت نەیتوانی ئەم کارە بکات، ئەوە ناگەیەنێ ئێمە دەست بکەین بە کردەی سەربازی لەبڕی ئەوان و پاڵپشتیان بکەین. أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص٢٠٧.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(4) Stefanie Katharine Wichhart، intervention: Britain، Egypt، and Iraq during World War II، PhD dissertation – university of Texas at Austin -2007، p.291.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٦– ١٤٧. لەو بارەیەوە «عەزیز حەسەن بارزاني» ئەو بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە کە گوایە بەریتانیا شۆڕشی بارزاني وەك فشارێك بەکارهێنابێت بۆ ڕاکێشانی تورکیا بۆ نێو هاوپەیمانییەکەیان دژبە ئەڵمانیا و هاوبەندییەکانی، چونکە بەریتانیا پێویستی بەو کارتە نەبووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی باشی لەگەڵ تورکیادا هەبووە، هەرچەندە تورکیا لەسەرەتای سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا

لەلایەکی دیکەوە لەو بارودۆخەدا، بەریتانیا بیری لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکردەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نیگەرانی ئەوەبوو کە شەڕی نێوان حکومەت و شۆڕشگێڕان ببێتە مایەی دروست بوونی کێشە لە ناردنی هاوکاریە سەربازییەکانی لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ سۆڤیەت[١]، لەهەمان کاتدا بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە فراوان بوونی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەنێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر کوردەکانی باشووری کوردستان[٢].

یەکێکی تر لە گرنگترین مەبەستەکانی بەریتانیا بۆ هێنانە ئارای هێمنایەتی لە کوردستان ئەوە بوو کە ئەو حکومەتە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو بەوەی لە دەمودەستی شەڕی جیهانی دووەمدا بەرەیەکی نوێ لە باکووری عێراق و لە پاڵ سەرچاوە گرنگە نەوتیەکانی کەرکووك و مووسڵدا بکرێتەوە و تەنگژەی باکووری عێراق سەرنجی دەوڵەتانی هەڤاڵبەندی ئەڵمانیا ڕابکێشێت بۆ ئەوەی بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا پشتگیری شۆڕشەکەی بارزان بکەن و لە ئاکامدا ئەو شۆڕشە و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد گەشە بکات و وای لێبێت لەداهاتوو توانی کۆنترۆڵکردنی نەبێت و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕووبەڕووی مەترسی جدی بکاتەوە[٣].

مەترسی شۆڕشی بارزان لەسەر بەریتانییەکان ئەوکاتە ڕووی لە زیادبوون کرد، کاتێك کاریگەرییەکانی شۆڕش درێژ بووەوە بەرەو هەولێر لەهەمان کاتدا مەترسی دروستکرد لەسەر ناوچەی کەرکووکی دەولەمەند بە نەوت کە هەڕەشەیەك بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق[٤].

بێگومان هەر جۆرە پەشێویەك لە کەرکووك بەو واتایە دێت کە کێشە دروست

---

جۆرە نزیك بوونەوەیەکی هەبوو، وەك بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی نێوانیان لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤١، بەڵام ئەم سەرکەوتنانەی ئەڵمانیا بەردەوامی نەکێشا، بۆیە تورکیا لە ساڵی ١٩٤٢ پەیتا پەیتا خۆی لە ئەڵمانیا دوورخستەوە، لەدوای ئەمە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و بەریتانیا پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی وەك سەردانە فەرمییەکەی شاندی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ ئەنقەرە لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢، لەبەرامبەردا شاندێکی تورکیا لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٣ سەردانی بەریتانیای کرد. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ : عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص١٤٥.

(1) Stefanie Katharine Wichhart، *op.cit*، p.290.

(٢) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٣) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٤) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص١٤٦.

دەكات لەسەر هەناردەكردنی نەوتی ئەو ناوچەیە بۆ بەریتانیا، كە ئەوكات نەوت كالایەكی گرنگ بوو بۆ ڕایی كردنی ئەركە سەربازییەكان، بۆ ئەم مەبەستەش سەركردەی سەربازی هاوپەیمانان سەبارەت بە گرنگی نەوت دەڵێت «نەوتی تەواوم پێ بدەن بۆ شەڕ بەر لەپێدانی تانك و فرۆكە، ئەوە من سەركەوتنی دلنیا كەرەوە بەسەر دوژمن بە ئیوە دەدەم»[١].

بایەخی نەوت كاریگەری گەورەی دروستكرد لەسەر گرنگیدان و كێبڕكێی وڵاتانی شەڕكەر لەسەر نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ناوچە نەوتییەكانی عێراق، لەم نێوەندەشدا ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە كانگاكانی نەوت لە ناوچەكانی كوردستانی عێراق[٢]، لەم ڕووەوە «كردەی ماموت[٣]» كە بریتی بوو لە دابەزاندنی چوار پەرەشووتوانی ئەڵمانەكان لە باكووری مووسڵ لە ساڵی ١٩٤٣ كاریگەری گەورەی دروستكرد لەسەر ئینگلیزەكان، بەتایبەت دوای ئەوەی ئاگاداربوونەوە لە بەشداریكردنی «ڕەمزی نافیع»[٤] كەسایەتی نیشتمان پەروەری كورد لەو كردەیە، سەرەڕای سەرنەكەوتنی هەوڵەكەش، بەڵام ئینگلیزەكان هەر بە چاوی مەترسیەوە دەیانڕوانیە بەستنی هەر پەیوەندییەكی ئەڵمانیا لەگەڵ كورد[٥].

---

(١) حكمت سامي سليمان، نفط العراق، (بغداد- دار الحريه للطباعة- ١٩٧٩)، ص١٥٧.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٤٦.

(٣) سەبارەت بە ووشەی ماموت (Mammoth) لە زمانی ئینگلیزدا بە مانای جۆرە فیلێكی لەناوچوو دێت، لەزمانی كوردیدا بەواتای (فیلە تەن) دێت، هەروەك دیارە لە ناوەكەی كردەكە هێندە بچووك نەبووە. محەمەد گۆران، نەریمان خۆشناو، ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەكی هەولێری فیداكاری سەربەخۆیی كوردستان، (هەولێر- ٢٠٠٨)، ل١١٩.

(٤) ڕەمزی نافع: لە ساڵی ١٩١٧ لە بنەماڵەیەكی خوا پێدراو لە قەڵات لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) لە هەولێر تەواو كردووە، لەسەرەتای دامەزراندنی حزبی هیوا لە ساڵی ١٩٣٩ پەیوەندی بە ڕێكخستنەكان دەكات، هەمان ساڵ دەچێتە بەیروتی پایتەختی لوبنان و لە كۆلێژی ئەمریكی پلەی فرێشمان (پیاوی پێگەشتوو) بەدەست دەهێنێت، لەوێ پەیوەندی لەگەڵ تێكۆشەرانی كورد دەبەستێ، پاشان دەچێتە ئەستەمبۆل و لە (ڕۆبەرت كۆلێژ) دەخوێنێ و پەیوەندی بە هەواڵگری ئەڵمانیا لە ڕێگەی میوللەر دەبەستێ و لە ساڵی ١٩٤٣ كردەی ماموت ئەنجام دەدات و سەركەوتوو نابێت، لە ساڵی ١٩٤٧ كۆچی دوایی دەكات. شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٣ لێكۆلینەوەیەكە لەبارودۆخی سیاسی، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢)، ل٥٠.

(٥) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٧٩. كردەی ماموت لە ساڵی (١٩٤٢- ١٩٤٣) وەك كردەوەیەكی نهێنی لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا پلانی بۆ داڕێژرابوو بەتایبەتی

شایانی باسکردنە کەسایەتی ناسراوی هەولێر «رەمزی نافیع ڕەشید ئاغا» ئەندام بوو لە حیزبی هیوا، کە لەپێناو دۆزی ڕەوای میللەتەکەی لەسەر ئاستی تاکە کەسی پردێکی پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانەکان بەست، ئەگەر چی لە کردەی «مامۆت» کۆتایی بە هەوڵەکەی هات و سەرەئەنجام دەستگیر کرا و لەو پێناوەشدا سەری نایەوە، بەڵام لاپەڕەیەکی شکۆدار و پڕشنگداری بۆ مێژووی میللەتەکەی تۆمار کرد[١].

هاوکات لەگەڵ قوولبوونەوەی کێشەکان و دروست بوونی مەترسی لەسەر بەرژەوندییەکانی، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ڕێگەی باڵیۆزەکەی «کینهان کورنوالیس» هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ نێوەندگیری لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراقی بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە جەنگ و دەستپێکردنی دانوستاندنەکان[٢].

لەم ڕووەوە «کینهان کورنوالیس» فەرمانیدا بە حکومەتەکەی نوری سەعید کە پێویستە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە گەلی کورد بگۆڕن و سیاسەتێکی نەرم لەگەڵیان پەیڕەو بکەن و پەرە بە بارودۆخی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی ناوچە کوردییەکان بدرێت و چاوپێخشاندنەوەیەك لەسەر داواکارییەکانی سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی بکەنەوە[٣]، لەهەمان کاتدا داویکردبوو کە دەبێت کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، چونکە ئاسایشی ناوچەکە تەنها بۆ عێراق گرنگ نیە، بەڵکو

---

لەلایەن (گۆتفرید و یوهانز میولەر) کەسی سەرەکی و خاوەن بیرۆکەکەبوو، پلانی میولەر هاندانی کورد بووە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێك دژبە ئینگلیز و وەدەرنانیان لەکوردستان، هەروەها بۆ دەست بەسەرداگرتنی نەوتی مووسل و کەرکووك بوو، ئەڵمانیای نازی بۆ دابین کردنی نەوت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەموو ئالەتی شەڕە هیچی لەدەست نەمابوو لەسەرچاوەی نەوتی جگە لە کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆمانیا کەداگیری کردبوون، بەشداربووانی ئەم کردەوەیە جگە لە میولەر خۆی وەکو کۆماندۆ سێ کەسی تر بوون، یەکەمیان فریدریش ولیەم هۆفمان کەسی دووەم ناوی گیۆرگ هاینرش ئادالبێرت لەگەڵ رەمزی نافیع کە خەڵکی کوردستان وەك چاوساغ و وەرگێڕ لەگەڵیان بوو. بۆ زانیاری پتر دەربارەی کردەی مامۆت بگەڕێوە بۆ : گۆتفرید و یوهانز میولەر، لە ڕۆژهەڵاتی گڕ گرتوودا نێردەی بە مەترسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ١٩٤٣، وەرگێران : بەدران ئەحمەد حەبیب، (هەولێر- ١٩٩٢).

(١) شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، بارودۆخی سیاسی هەولێر....، ل٣٥.

(٢) ولید حمدي، المصدر السابق، ص٢٣٩.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

ئارامـی هێمنایەتـی ناوچەکـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە حکومەتـی بەریتانیـاوە هەیـە[١]، ڕەنگـە ئامۆژگارییەکانـی باڵیـۆزی بەریتانیـا بـۆ حکومەتـی عێراقـی لەسـەر کردنـەوەی کەناڵـی گفتوگـۆ لەگـەڵ سـەرکردایەتی کـورد و دەربڕینـی سـۆزداری لەبەرامبـەر زوڵـم و چەوسـاندنەوەی پێشـوویان دەرهـەق بەگەلـی کـورد لـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت کـە ناوبـراو گەیشـتۆتە ئـەو بڕوایـەی کـە ئـەم هەنـگاوە باشـترین ڕێـگا چارەیـە، لەکاتێکـدا حکومەتـی عێراقـی ناتوانێـت لەڕێـگای هێـزەوە شـۆڕش و جووڵانەوەکـەی سـەرکوت بکات[٢].

بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتیەش گومانـی تێـدا نیـە سیاسـەتی حکومەتـی عێراقـی هـەر لەسـەرەتاوە ڕوون و ئاشـکرابوو لـە بەکارهێنانـی هێـز بـۆ بڵاوەپێکردنـی ئـەم جمووجۆڵە نەتەوایەتییـەی کـە مسـتەفا بارزانـی و شـوێنکەوتووانی دەیانوانـد، بـەڵام بـێ ئەنجامـی هەڵمەتـە یـەك لـە دوایەکەکانـی حکومەتـی عێراقـی بەدرێژایـی سـێ مانـگ ((لـە تشرینـی یەکەمـەوە تـا کانوونـی یەکەمی سـاڵی ١٩٤٣)) وایکـرد سـەرۆك وەزیرانی عێراق «نـوری سـەعید» بکەوێتـە بیـری لەکارنانی ئامرازە سیاسـی و دبلۆماسـیەکان بەمەبەسـتی سـنوور دانـان بـۆ ئـەو ئاڵـۆزی و ململانێیـەی کـە بووەتـە هۆکاری ناسـەقامگیری سیاسـی لەسـەردەمی کابینـەی حەوتەمیـدا[٣].

سـەبارەت بـە هەوڵەکانـی باڵیـۆزی ئینگلیـز بەهەمـان شـێوە لـە ٢١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٣ بروسـکەیەکی ئاراسـتەی سـەرکردەی شـۆڕش «مسـتەفا بارزانـی» کـرد تێیـدا ئامـاژەی بـەوە کردبـوو کـە ڕاپەڕیـن بووەتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم پەیوەندییەکانـی ئینگلیـز و ئـەو هاوکاریانـەی کـە بەپێی ڕێکەوتنـی لاندلەس بۆ سـۆڤیەت بەرێدەکرێت[٤]، هـاوکات لـەم بروسـکەیەدا ئاماژە بـەوە کرابوو کـە پێویسـتە لەماوەیەکی کورتـدا بارزانی و حکومەتـی عێراقـی پەیمانـی ئاشـتی مـۆر بکـەن بـە پێچەوانـە ئـەو شـەڕە کـە لـەدژی عێـراق دەسـتی پێکـردووە لەلایـەن مەلیکـەی بەریتانیـا و کۆمەڵگـەی نەتـەوەکان وەکـو شـەڕی دژبـە ئینگلیـز و کۆمەڵگـەی نەتـەوەکان دەزانێـت[٥].

---

(١) حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص١٦٩.

F.O 371/s 35012/ EG499\ 489/93، British Embassy، Baghdad، No; 369، 16-10-1943.

(٢) ولید حمدي، المصدر السابق، ص٢٤٠.

(٣) سعاد رؤوف شیر محمـد، نـوری السـعید و دورة فـی السیاسـة العراقیـة ١٩٣٢– ١٩٤٥، (بغـداد– مکتبـة الیقظـة العربیـة- ١٩٨٨)، ص١٨٨.

(٤) پـاول شیسـمەن، خۆشـەوی مـەلا ئیبراهیـم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٠٣. سـەبارەت بـە ناوەرۆکـی بروسـکەکەی باڵوێـزی بەریتانیـا بگەڕێـوە بـۆ : فەیسـەڵ دەبـاغ، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل٢٩– ٣٠.

(5) F.O 371/ 4004/ E1143\ 37193، from K.Cornwallis to Eden ، No; 1162، 8-2-1944.

هەرچـی بەریتانیـا بـوو كـە خـۆی دامەزرێنـەری دەوڵەتـی عێـراق بـوو بـە زۆریـش باشـوری كوردسـتانی پێوەی لكاندبوو لە سـاڵی ١٩٢٦وە، بە هەموو شـێوەیەك هەوڵیدەدا هێمنـی و ئارامـی عێـراق بپارێزێـت بۆ ئـەوەی بەرژەوەندییەكانـی لەو وڵاتـەدا نەكەوێتە مەترسـییەوە و لەهەمـان كاتیشـدا زیاتـر سـەرقاڵی بەرەكانـی جەنـگ بێـت لـە ئەوڕووپا، بۆیـە وەك لـە نامەكانـی نوێنـەری سیاسـی بەریتانیـا لـە عێـراق بـۆ مسـتەفا بارزانیـی ناردووە، دەردەكەوێـت كـەوا تاكـە ئامانجیـان پاراسـتنی بەرژەوەندییەكانیـان بـووە لـە عێـراق و ڕاگرتنـی ئاسایشـی ئـەو وڵاتـە بـووە، بۆیـە وەك لـە نامەكەیـدا دەردەكەوێت كە بـە مسـتەفا بارزانـی ڕاگەیانـدووە «تـۆ سـنووری خـۆت بەزانـدووە بـە هەڵگرتنـی چـەك لـە دژی هێـزە عێراقییـەكان... بۆیـە پێویسـتە دەسـت بەجـێ جەنـگ ڕابگـری و داوای لێبـوردن لـە حكومەتـی عێـراق بكەیـت... ئەگـەر وانەكەیـت ئـەوا بـە مانـای وەسـتانە لە دژی بەریتانیـا»[1].

هـەر لـەم بارەیـەوە مەسـعود بارزانـی دەڵێـت: «سـتراتیژییەتی سیاسـەتی بەریتانیـا وابـوو كـەوا كۆتایی بە شـۆڕش (شۆڕشـی بارزان) بێنێـت لەڕێگای بەدیهێنانـی هەندێك لە داواكارییـەكان (مەبەسـتی داواكارییەكانـی كـوردە)، تـا جەنـگ كۆتایـی دێت و سـەرنجی دەولیـش لەسـەر پرسـی كـورد لادەچێـت، ئـەوكات بەریتانیـا دەتوانێـت دەسـتوەردانی سـەربازی بـكات لـە بەرژەوەنـدی عێـراق بـۆ لەناوبردنی بارزانـی»[2].

لێـرەدا دەتوانیـن بڵێـن كاتێـك بەریتانیـا هەوڵیـداوە ئاشـتەوایی و دانوسـتان لەنێـوان بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی كـوردی و حكومەتی عێراقیدا دروسـت بكات زیاتر مەبەسـتی ئـەوە بـووە ئاسـودە بێـت لـە پارێـزراوی بەرژەوەندییەكانـی لـە عێـراق، بۆیـە كاتێـك هەوڵیـداوە كـورد و حكومەتـی بەغـدا دانوسـتان بكـەن، ئـەوە لـەو كاتەدابـووە كـەوا لـە گەرمـەی جەنگـی دووەمـی جیهانیدابـووە و هێشـتا یەكلایـی نەبـۆوە كـەوا كام لایەنـی جەنـگ (ئەڵمانیـا و هاوپەیمانەكانـی یاخـود بەریتانیـا و هاوپەیمانەكانـی) سـەردەكەون، بۆیـە بزووتنـەوەی كـوردی بـە بەدیهێنانـی بەشـێك لـە داخوازییەكانـی سـەرقاڵ كـردووە، بـەڵام لـەدوای سـاڵی ١٩٤٤ كاتێـك دڵنیابـۆوە ئیـتر جەنگەكـە لـە بەرژەوەنـدی ئـەوان كۆتایـی دێـت، بەریتانیـا كەوتـە هاندانـی حكومەتـی عێراقـی بـۆ لێـدان لـە بزووتنـەوەی كـوردی[3]. سـەرباری ئـەو نامـە هەڕەشـە ئامێـزەی باڵیـۆزی بەریتانیـا، كەچـی هەندێـك

(١) غانم محمد العفو، عبدالفتاح على البوتانى، المصدر السابق، ص٧٩.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(٣) عزیـز حسـن عزیـز البـارزاني، المصـدر السـابق، ص ص١٧١– ١٧٢ ؛ غانـم محمـد العفـو، عبدالفتـاح عـلى البوتـانى، المصـدر السـابق، ص ص٨٠– ٨١ .

وای دەبینن کە شۆڕشی دووەمی بارزان پیلانی ئینگلیزە[١]، سەرەڕای بەشداریکردنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ لێدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هاوشانی هێزە عێراقیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەنامەیەك نەدۆزراوەتەوە کە جەخت لەهەر جۆرە پەیوەندییەك بکات لەنێوان بریکاری سوپای بەریتانی و فەرەنسی و ئەڵمانی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، بەڵکو پاڵنەرەکانی ئەم شۆڕشە هەمان هۆکارەکانی ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی پێشووترە کە لە دەرئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و زەوتکردنی مافەکانی سەریهەڵداوە[٢].

شیاوی باسکردنە مستەفا بارزانی لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٣ وەڵامی نامەکەی باڵیۆزی بەریتانیای دایەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو سەبارەت بە ئامۆژگارییەکانی ئەفسەرانی دادوەری ئینگلیز گونجاوە و ئێمە بە بەردەوامی وەریدەگرین و بەگوێی دەکەین، بەڵام مامەڵەی بەرپرسانی عێراقی نادادگەرانەیە و دەرگای هەموو ئومێدێکیان لێ داخستووین، بۆیە ناچاربووین بۆ بەرگری لە خۆمان بزووین، سەبارەت بە لێبووردنەکەی حکومەتی عێراقی بەداخەوە قسەی بێ ناوەرۆکن و هیچ ڕاستگۆی تێدا نیە، چونکە نابێتە کردەوە، ئەوانە دەیانەوێت ئێمە بگرن پێشتر زۆرمان گوێ لێ بوو دەیانووت بڕیاری لێ بووردنمان داوە لەهەمان کات هۆزەکانیان لە دژمان هان دەداو چەکیان بەسەردا دابەش دەکردن هەتا بەرامبەر ئێمە بەکاریان بهێنن هەندێك کەس وەك ئێمە هەست دەکەن حکومەتی عێراقی نیاز پاك نیە.... میجەر ئوستیگ وەك نوێنەری حکومەتی عێراقی بەپشت بەستن بە یاسای حکومەتی بەریتانیایی گەورە لەنێوان من و حکومەتی عێراقی دادوەر بێت، ئەگەر من تاوانبارم قبوڵمە هەتا ئەگەر ئەو بڕیارە لەسێدارەدانیش بێت، ئەگەر میجەر ئوستیگ حوکمیدا من زوڵملێکرام داوا لەخوا و حکومەتی بەریتانیا دەکەم داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن بڕیاری لێبوردن و زیندانییەکانی لایەنگرم بەربدات و ڕاگوێزراوان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر ئەوانەیان جێبەجێ کرد ئەوە گوێڕایەلی حکومەت دەکەین[٣].

سەرەڕای زوڵم و چەوساندنەوەکانی حکومەتی عێراقی کەچی سەرکردایەتی کورد خۆی بەدوور نەگرت لە ئاشتەوایی، ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ کات

(١) فاضل البراك، مصطفى البارزاني.....، ص ص١٠٧- ١١٠.

(٢) تلار على امين، المصدر السابق، ص١٦٤ ؛ امين سامى الغمراوى، قصه الاكراد فى شمال العراق، (القاهره- ١٩٦٧)، ص٢٠٨.

(٣) سەبارەت بەدەقی ناوەرۆکی نامەکەی مستەفا بارزاني بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا بگەڕێوە بۆ: عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، وەرگێڕان: کامەران جەمال بابان زادە، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە- ٢٠١٣)، ل٤٠٨.

کورد سەرچاوەی کێشەکان نەبووە لە عێراق، بەڵکو هەمووکات لەهەر دەرفەتێکدا کە هەڵکەوتبێت لەگەڵ پێکەوەژیانی ئاشتی بووە، بەڵام لەبەرامبەردا دەستی خێر و نیەتی ڕاستگۆیانە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بەدی نەکراوە، تەنانەت هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی کێشەی ڕەوای کورد وەك کێشەیەکی ئاڵۆز و پڕ مەترسی بخەنەڕوو و ڕێگا چارەکان لەبەردەم ئاشتیدا دابخەن[١].

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتێك کە لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا بۆ وەزارەتی دەرەوە ناردراوە لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ تایبەتە بە نامەیەکی مستەفا بارزانی کە ئاراستەی ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە یەکەیەکی سەربازی بەریتانیا لە دیانا کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە دوای گەیشتنی نامەکەی «کینهان کورنوالیس» لەلای خۆیەوە شەڕی وەستاندووە لەگەڵ هێزەکانی عێراقی، کەچی هێزەکانی عێراق بەردەوامن لەشەڕ و سوپاش ئامادەکاری کردووە لە ئاکرێ، بۆیە ناچاریان کردووین درێژە بەشەڕ بدەین لەگەڵیاندا[٢]، لەبەرامبەردا باڵیۆزی ئینگلیز لە عێراق بۆ ڕێگاگرتن لەو هەنگاوەی هێزەکانی عێراقی داوا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکات ڕێگری بکات لەهەر کردەیەکی لەو جۆرە، کە زیان بە ئاگربەستی نێوان شۆڕشگێڕان و حکومەتی عێراقی بگەیەنێت، لەکاتێکدا هەوڵ و تەقەلاکان هیواییەکی دروست کردووە بۆ گەیشتن بەڕێکەوتن لەگەڵ مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕش[٣]، جگە لەمەش داوای لە دەوڵەتی عێراقی کرد کێشەی کوردی چارەسەر بکات و پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بگرێت[٤]، حکومەتی عێراقی بەتایبەتی نوری سەعید باوەڕی کرد کە چارەسەری مەسەلەی بارزان مەحاڵە، هەروەها مستەفا بارزانیش لای خۆیەوە باوەڕی کرد کە ئینگلیز هێزی کاریگەرە لە پشت بڕیاری عێراقی و دەروازەی تری نیە بێجگە لە قبوڵکردنی پێکهاتن لەگەڵ حکومەت[٥].

لەو هەلومەرجەدا دوای دەست لە کارکێشانەوەی کابینەی حەوتەمی نوری سەعید لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣، لە ٢٥ی هەمان مانگ، نوری سەعید کابینەیەکی نوێی پێکهینا[٦]، کە لەم کابینەیەدا سێ وەزیری کوردی تێدابوو «عومەر نەزمی» بۆ وەزارەتی ناوخۆ، «ئەحمەد موختار بابان» بۆ وەزارەتی داد، «ماجید مستەفا»

---

(١) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٢٦٤.

(٢) عزيز الحاج، القضيه الكورديه في العراق التاريخ والافاق، (بيروت- المؤسسة العربية للدراسات والنشر- ١٩٩٤)، ص١٠٥ .

(٣) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٥٢.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(٥) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك...، ل٢٧٥.

(٦) ابراهيم محمد العقيدى، المصدر السابق، ص٢٢٢.

وەزیـری بـێ وەزارەت کـە تایبـەت بـوو بۆ چارەسـەری کێشـەی کـورد [١].

ماجیـد مسـتەفا لـەدوای دامەزراندنـی لەو پۆسـتە تازەیـە داوای لە حکومـەت کرد کە سـێ ئەفسـەر لەنـاو ڕیـزەکانی سـوپا بەنـاوی (ئەفسـەرانی پەیوەنـدی) ڕەوانـەی ناوچـەی بـارزان بـکات[٢]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەوڵیـدا لـە پارتـی هیـوا نزیـك بێتـەوە، کـە ئەوان پشـتیوانی شۆڕشـی بارزانیـان دەکـرد، داوای لێکردن سـێ لـە ئەندامانیان بنێرن بـۆ بارزان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە داواکارییەکانـی بارزانی[٣].

لەهەمـان کاتـدا بـە پارتـی هیـوای ڕاگەیانـد لـە پێنـاو قازانجـی کـورد ئـەم پۆسـتەی وەرگرتـووە، مەبەستیشـی لـەو خـۆ نزیکردنەوە لـە پارتی هیـوا زیاتر بۆ دوورخسـتنەوەی تۆمەتـی خیانـەت لەخـۆی و لەڕاسـتیدا توانیشـی ئـەم کارە ئەنجام بـدات[٤]، دیـارە پـارتی هیـوا بـە داواکاریەکانـی ماجیـد مسـتەفا خۆشـحال بـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـێ ئەفسـەریان هەڵبـژارد بەناوەکانـی «ئەمیـن ڕەوانـدزی، عـزەت عەزیـز و سـەید عەزیـز سـەید عەبدوڵـڵا» ناردیانـە لای ماجیـد مسـتەفا، پـاش ئەنجامدانـی گفتوگـۆ هەرسـێکیانی وەك ئەفسـەری پەیوەنـدی نـاردە مێرگەسـۆر بـۆ گفتوگۆکـردن لەگـەڵ بارزانـی[٥].

دوابـەدوای ئـەو هەنگاوانـە، ماجیـد مسـتەفا سـەردانی «شـێخ ئەحمـەد بارزانی» کرد لـە شـاری حیللـە[٦]، کـە لـەدوای خـۆ دەربازکردنـی مسـتەفا بارزانـی لـە شـاری سـلێمانی بـە فەرمانـی حکومـەت گواسـترابوونەوە بـۆ ئـەو شـارە[٧]، لەمیانـی سـەردانەکەیدا ماجید مسـتەفا داوای لـە شـێخی بـارزان کـرد یەکـێ لـە کوڕەکانـی ڕەوانـەی دەڤـەری بـارزان بـکات بـۆ ئـەوەی داوا لە مسـتەفا بارزانـی بکات شـەڕ ڕابگرێت و هانی بـدات بۆ ئەوەی

---

(١) نجـم سـەنگاوی، کوردسـتان و سـەرکردە....، ل٤٥٧. سـەبارەت بـە وەزیـرە کـوردەکان، هەریەکـە لــە ئەحمــەد موختــار بابــان و عومــەر نەزمــی پەیوەندیــان بــە جولانــەوەی کــوردەوە نەبــووە، بــەڵام ماجیــد مســتەفا سیاســی نــاسراوی کــورد ماوەیەکــی درێــژ هــاوکاری شــێخ مەحمــود بــووە لــە شۆڕشــەکانی، پــاش کوتایــی هاتنــی شۆڕشــەکانی شــێخ مەحمــود ناوبــراو دەچێتــە نــاو دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانــی عێــراق. نەوشــیروان مســتەفا ئەمــین، پەنجــەکان یەکــتری....، ل٤٧.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٣) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٧٦.

(٤) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

(٥) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٦) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(٧) عبدالفتـاح عـلى البوتـاني، الحيـاة الحزبيـة....، ص٣٢١ ؛ محمـد صالـح عقـراوي، الكـرد و الدولـة المسـتقلة وفـق المعاهـدات والمواثيـق الدوليـة، (اربيـل- ٢٠٠٥)، ص١٠٤.

گفتوگۆ لەگەڵ حكومەت بكات[١].

شێخ ئەحمەد بارزانی لەسەرەتادا داواكارییەكەی دایە دواوە، بەڵام لەدوای هەوڵێكی زۆری ماجید مستەفا و تكاكردنی، شێخی بارزان قبوڵی كرد كە «محەمەد خالید»ی كوڕی بنێرێت[٢]، لەئەنجامدا لەسەر داوای (شێخ ئەحمەد بارزانی) محەمەدی كوڕی بەرەو ناوچەی مێرگەسۆر بەڕێ دەكەوێت، بەڵام بەر لە گەیشتنی بۆ ناوچەكە ئاگربەست لەلایەن هەندێ لە سەربازەكان لە ناوچەكەدا شكێندرا و تەقەیان لە شۆڕشگێڕان كرد و بوو بەهۆی شەهیدبوونی محەمەد كەكشار كە یەكێ بوو لەجێ بڕواكانی بارزانی، دوای ئەم كردەوەیە مستەفا بارزانی فەرمانی كرد دەست بەجێ وەڵامی ئەو هێرشانە بدەنەوە، لەئەنجامدا هەموو ئەوانەی ئاگربەستەكەیان شكاندبوو لەناوبران[٣]، لەپاشاندا مستەفا بارزانی پێشوازی لە (شێخ محەمەد)ی برازای كرد، دوای گفتوگۆكردن لەگەڵ بارزانی و گەیاندنی فەرمان و ڕێنماییەكانی باوكی بەرەو بەغداد گەڕایەوە[٤].

لەپاش گەڕانەوەی «شێخ محەمەد خالید» بۆ بەغدا، ماجید مستەفا بۆ وتووێژ كردن لەگەڵ مستەفا بارزانی لە بەغداوە بەرەو ناوچەكانی بارزان كەوتەڕێ، كە لەلایەن ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەندامانی حزبی هیواوە لە ڕێگەی هێلی ئاسنی بەغداوە بەرەو كەركووك بەڕێكرا، چونكە لەسەر ئەو بڕوایەبوون كە بۆ جێبەجێكردنی داخوازی كوردەكان دەچێتە بارزان[٥]، ناوبراو لە ٧ی كانوونی دووەمی ١٩٤٤ گەیشتە مێرگەسۆر، لەپاشاندا لەگوندی «سپیندار» چاوی بە بارزانی كەوت، كە ئەویش لە ڕێگای ماجید مستەفا»وە داخوازییەكانی میللەتی كوردی خستە بەرچاوی كاربەدەستانی حكومەتی عێراقی[٦].

سەبارەت بە داخوازییەكان بریتی بوون لە:

١- ڕێكخستنی ویلایەتی كوردستان لە لیواكانی هەولێر، سلێمانی، كەركووك، هەروەها قەزا كوردییەكانی لیوای مووسڵیش وەك دهۆك، ئاكرێ، ئامێدی، زاخۆ،

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان یەكتری....، ل٤٧.

(٢) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە.....، ل٤٥٧.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(٤) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە....، ل٤٥٧.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٦) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

شـەنگال، شـێخان، قـەزای خانەقـین و مەندەلـی لـە لیـوای دیالـە بگەڕێتـەوە[١].

٢- لـەم ویلایەتـەدا زمـانی کـوردی بـە زمانـی فەرمـی دابنرێـت[٢] و بۆ هـەر وەزارەتێك لـە وەزارەتـەکان کوردێـك وەك بریکاری وەزیـر دابنرێت[٣].

٣- دروسـتکردنی قوتابخانـە و نەخۆشـخانە و کردنـەوەی ڕێگـە و ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکانـی کوردسـتان لەگـەڵ دامەزراندنـی وەزیرێکـی کـورد لـە کابینـەی حکومـەت بەرپـرس بێـت لـە ویلایەتـی کوردسـتان[٤].

٤- هەرێمەکـە لـە ڕووی کەلتـووری و کشـتوکاڵ و کاروبـاری ئابووریـەوە دەبـوو سەربەسـت بێـت، بێجگـە لـە کاروبـاری سـەربازی و دارایـی و پەیوەندییـە دەرەکییـەکان بـە دەسـت بەدەسـەڵاتی مەرکەزیـەوە بێـت، دەبـوو دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان سـەربەخۆیی تـەواوی هەبوایـە لـە بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی هەرێمەکـەدا[٥].

٥- دورخسـتنەوەی هەمـوو ئـەو کاربەدەسـت و فەرمانبەرانەی لە ناوچـە کوردیەکاندا گەندەلـکارن و بـە خراپ بەکارهێنانی دەسـەڵات ناسراون[٦].

٦- گێڕانـەوەی دوورخـراوان و قەرەبووکردنـەوەی زیـان لێکەوتـووان و ئازادکـردنی گیـراوەکان و دەرکردنـی بڕیـاری لێبووردنـی گشـتی[٧].

سـەبارەت بـە داخوازییەکانـی سـەرکردایەتی کـورد، خـاوەن سـەرچاوەی «الانتفاضات البارزانیـة» دەڵێـت «ئـەو داخوازیانـە بـە ووردەکاری و گشـتگیرییەکەی ڕەنگدانـەوەی ویسـت و ئـارەزووە ڕاستەقینەکانی گەلـی کـورد بـوو لـە بەدەسـت هێنانـی مافـە نەتەوایەتییەکانـی و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ژیـان و فەرهەنـگ و پەرەسـەندنە ئابوورییەکانـی، بەمـەش شـۆڕشـی بـارزان لـە چوارچێـوەی ناوچەیـی دەرچـوو بـۆ

---

(١) حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی....، ل٣٠.

(٢) دانـا ئادامـز شـمیدت، سـەفەرێك بـۆ نـاو پیـاوە ئازاکانـی کوردسـتان، وەرگێـڕان: ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسـماعیل، (هەولێـر- دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانـی- ٢٠٠٨)، ل١٨٩.

(٣) ئەحمـەد محەمـەد نـاسر بـاوەر، دۆزی کـورد لـە پەیوەندییەکانـی عێـراق- ئێرانـدا ١٩٣٧- ١٩٤٧، (سـلێمانی- سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجیی کوردسـتان- ٢٠١٠)، ل١٥٩.

(٤) كاظـم حبيـب، لمحـات مـن نضـال حركـة التحـرر الوطنـي للشـعب الكـردي في كردسـتان العـراق، (اربيـل- دار ئـاراس للطباعـة والنـشر- ٢٠٠٥)، ص٢٤٠.

(٥) نـادر ئینتیسـار، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٢٤ ؛ عوسـمان عەلـی، چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك....، ل٢٧٦.

(٦) حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص١٧٣.

(٧) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٧٦.

چوارچێوەیەكی گشتگیر و فرەوان لە كوردستانی عێراق، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم شۆڕشە بوو بە سمبۆلێكی زیندوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە عێراق»[١].

دوابەدوای ئەوەی ماجید مستەفا سەردانەكەی تەواوكرد و گوێی لە داخوازیەكانی بارزانی گرت، لە ٨ی كانوونی دووەمی ١٩٤٤ گەڕایەوە هەولێر، لەوێش لە شەوی ١١/١٠ كانوونی دووەم نامەیەكی تەلەفۆنی بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق نارد، تێیدا وای دەرخستبوو كە مستەفا بارزانی بەبێ هیچ مەرجێك خۆی دا بەدەستی حكومەتەوە و ئامادەشە بۆ هەر شوێنێك بچێت كە حكومەت گەرەكییەتی[٢].

شیاوی باسكردنە ماجید مستەفا لە ١٤ی كانوونی دووەمی ١٩٤٤ گەڕایەوە بەغدا، لەویش چاوی كەوت بە باڵیۆزی بەریتانیا، بۆ ئەم مەبەستەش باڵیۆزی بەریتانیا ڕوونی دەكاتەوە لەكاتی گەیشتنەوەی ماجید مستەفا بۆ بەغدا چەندین پێشنیاری هەبووە[٣]، وەك ڕێگادان بە مستەفا بارزانی لەهەر گوندێك كە حكومەت دەست نیشانی دەكات بژێت، هەروەها گێڕانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی و دوورخراوانی یاوەری بۆ دەڤەری بارزان[٤]، لەگەڵ دیاریكردن و هەڵبژاردنی ئەفسەرانی كورد وەك ئەفسەرانی پەیوەندی بەمەبەستی هێوركردنەوەی دەڤەری بارزان و كێشانەوەی سوپای عێراقی لە ناوچەی مێرگەسۆر و دووبارە دروستكردنەوەی بنكەی پۆلیس لەو ناوچەیە و ڕادەستكردنەوەی چەك لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بۆ حكومەتی عێراقی[٥].

ماجید مستەفا سەبارەت بە سەردانەكەی بۆ كوردستان لە ١٨ی كانوونی دووەمی هەمان ساڵ ڕاپۆرتێكی پێشكەش بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق كرد[٦]، تێیدا تیشكی خستبووە سەر هۆكارەكانی كێشەی بارزان و پەرەسەندنەكانی، سەرەتا باس لە هۆكارەكانی خۆ دەربازكردنی بارزانی دەكات لە شاری سلێمانی و دەیبەستێتەوە بە خراپی ڕەوشی ژیانیان و بێ ئومێدبوونیان لە حكومەتی عێراقی كە هیچ لەو بارە قورسەیان ناگۆڕێت و گوێ بە داواكارییەكانیان نادات، هەروەها بێ توانایی دەسەڵاتی سەربازی و ئیداری لە هەولێر و مووسڵ لە بەرانبەر تێگەیشتن لە ڕەهەندەكانی ئەو هەڵوێستە و نووشست هێنانی بەرپرسە كارگێڕییەكان لە چارەسەری ئەو هۆكارانەی

(١) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٧٨.

(٢) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٣) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص١٥٥.

((4) F.O.371/40041/E2113،1944 from Cornwallis to Eden

عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

(٥) صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص ص١٧٣– ١٧٤ .

(٦) حامد محمود عیسى، المصدر السابق، ص١٧٤.

بارزانـی سـوودی لـێ وەرگرتبـوو بـۆ بەهێزکردنـی شـۆڕشـەکەی، لەهەمـان کاتیشـدا لـەو مـاوەی جووڵانـەوەی بـارزان دەسـتی پێکـردووە حکومـەت نەیتوانییـوە ناوەندێکـی سـەرکردایەتی یەکگرتـوو پێـك بهێنێـت بـۆ بەرهەڵسـتی، بەڵکـو بۆچوون و ڕێوشـوێنەکان گـەڕەلاوژە بـوون بـۆ سـەرکوتکردنی بزووتنەوەی بـارزان[١].

ماجید مستەفا لە ڕاپۆرتەکەیدا چەند پێشنیارێکی بۆ حکومەت دیاری کرد لەوانە :

١- گەڕانـەوەی شـێخەکانی بـارزان بـۆ ناوچـەکانی خۆیـان، بـە تێڕوانینـی ماجیـد مسـتەفا ئـەم هەنـگاوە لـەدوو لایەنـەوە سـوود بـە حکومـەت دەگەیەنێـت، لەلایـەك گەڕانـەوەی شـێخانی بـارزان بـۆ ناوچەکەیـان بزووتنـەوەی یاخیبـوون بـێ مەبەسـت دەمێنێتـەوە[٢]، لەلایەکـی دیکـەوە لێکترازان دەخاتـە نێـو ڕیـزی جووڵانـەوەی یاخیبـوان و کاریگـەری دەبێـت لەسـەر سـەرکردایەتی ئـەوان، چونکـە بـە گۆتـەی (ماجید مسـتەفا) تەبایـی لەنێـوان ئـەو سـێ برایـە «مسـتەفا بارزانـی، شـێخ ئەحمـەد و محەمـەد سـەدیق نیـە و بـەردەوام ناکۆکـی لـە بۆچوونیانـدا هەیـە و هەریـەك لـەوان دەیەوێـت بـە تەنها دەسـەڵاتی خـۆی بسـەپێنیت[٣].

دەکرێـت بلێیـن ماجید مسـتەفا لـەو بۆچوونـەوەی بەهەڵەداچـووە، چونکە شـێخانی بـارزان پـەروەردەی خوێندنگایـەك بـوون کـە هـەردەم وانـەی یەکگرتوویـی و گوێڕایەڵـی سـەرووی خۆیـان بـە گوێچکەیـان زرنگاوەتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـێخ عەبدولسـەلام بـارزانی هەمیشـە بانگـی یەکێتـی و هـاوکاری دەدا، ئـەوەی دووبـارە دەکـردەوە (یـەك بگـرن و هـاوکاری یەکـتر بکـەن، کـەس پێتـان ناوێـرێ)[٤].

٢- دامەزراندنی کارمەندی شیاو بۆ ناوچەکە و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ چاککردنی ڕێگا وێرانبووەکان و دانانی هێلی پەیوەندی (تەلەفۆن)و کردنەوەی ڕێگا بۆ بەستنەوەی بلێ بە ئامێدی و ئاکرێ و دروست کردنی بنکەی سەربازیی بەهێز بە درێژایی ڕێگا هەتا حکومەت زال بێت و ناوچەکە بە شارە گەورەکانەوە ببەسترێتەوە[٥].

٣- دابەشـکردنی ئازووقـە بەخۆرایـی یاخـود بـە نرخێـکی هـەرزان بگاتـە ناوچەکـە، هەروەهـا بانگهێشـتی مسـتەفا بارزانـی بکرێـت بـۆ بەغـدا و لەلایـەن «عەبدولئیـلا»

(١) سـەبارەت بـە راپۆرتەکـەی ماجیـد مسـتەفا دەربـارەی سـەرهەلدانی کێشـەی بـارزان و پەرەسـەندنەکانی بگەڕێـوە بـۆ : عوسـمان عەلـی، چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك...، ل ل٢٧٧- ٢٨٣.

(٢) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص ص٢٨٩- ٢٩٠ .

(٣) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٨١.

(٤) فائق ئەبو زێد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(٥) أیوب بارزاني، المصدر السابق، ص٢١٧.

وەسی عێراق پیشوازی لێ بکرێت، دوای ماوەیەکی کەم ڕێگای پێ بدرێت بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی هەتا گومانی خەڵکی ناوچەکە بسرێتەوە لەوەی حکومەت پابەندی بەڵێنەکانی نابێت[١].

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ بە سەرۆکایەتی «تۆفیق سویدی»[٢] جێگری سەرۆك وەزیران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتەکانی هەریەکە لە (لێژنە تایبەتیەکەی ئەنجوومەنی وەزیران و ماجید مستەفا)[٣]، دوای تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکان ئەنجوومەنی وەزیران چەند بڕیارێکی دەرکرد لەوانە دامەزراندنی پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ لە قەزاکانی زێبار و ڕەواندز و ئامێدی و لە ناحیەکانی مێرگەسۆر و شێروان مەزن و بارزان، لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەست پاك بۆ ئەو شوێنانە و کەڵك وەرگرتن لە ئەفسەرانی سوپا وەکو بریکار و ئەفسەرانی پەیوەندی[٤]، لەگەڵ بنیاتنانی کۆمەڵێك بنکەی پۆلیس لە ناوچەکانی خەلیفان و دیانە و ڕێزان و کانی ڕەش، هاوکات چاککردنی ڕێگاکان بۆ ئەوەی بنکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە[٥]، هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر دوورخستنەوەی دەست بەجێی مستەفا بارزانی لە بارزان و ناچارکردنی بۆ ئەوەی لە «پیران» نیشتەجێ بێت، جگە لەمەش گەڕاندنەوەی شێخانی بارزان بۆ

(١) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٢٩٠.

(٢) تۆفیق سویدی ناوی سلێمان تۆفیق کوڕی یوسف، ئەم خانەوادەیە لە بەغدا ناسراون بە سویدی، ناوبراو لەساڵی ١٨٩٢ لە گەڕەکی خدر ئەلیاس لەبەری کەرخ لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە پاشان چووەتە ئیستانبۆل بەمەبەستی خوێندن لە کۆلێژی حقوقی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٢ تەواوی کردووە، دواتر دەچێتە پاریس بۆ خوێندن لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی پاریس بۆ ماوەی سێ ساڵ و دوای تەواوکردنی خوێندن دەگەڕێتەوە ئیستانبۆل لە وەزارەتی مەعاریف دادەمەزرێت وەك سکرتێر بۆ هەلەچنکردنی فەرهەنگی فەرەنسی تورکی شەمسەدین سامی، لە جەنگی جیهانی وەك ئەفسەر بەشداری کردووە، پاشان وەك قازی لە دادگای دێرزور دەست بەکاردەبێت و لە ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق وەك ڕاگری کۆلێژی یاسا لە بەغدا دەست بەکار دەبێت، لە ساڵی ١٩٢٧ تاکو ١٩٥٨ چەندین پۆستی جۆراجۆری لە حکومەتی پاشایی وەرگرتووە، لە١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ لە بەیروت کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : توفيق السويدي، مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، (لندن– دار الحكمة– ٢٠١١)، ص ص ١٥، ٢٠– ٢٢.

(٣) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص٢٩٢.

(٤) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٥) فاخر عالی عبابکر، مێژووی بارزان....، ل١٢٤.

ناوچەکەیان و قبوڵکردنی هاتنی مستەفا بارزانی بۆ بەغداد، ئەمەیان پەیوەست کردبوو بە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بێ وەزارەت بۆ دیارکردنی کات و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی[١].

جگە لەمانەش حکومەت بڕیاریدا بە دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ بارزانییەکان، بەڵام ئەم بڕیارە ئەو چەك هەڵگر و کارمەندانەی حکومەت ناگرێتەوە کە چوونەتە پاڵ شۆڕشەکەی بارزان، دیاریکردنی کاتی لێبووردنەکەش پەیوەست دەبێت بە گونجاندنی کاتەکەی بۆ حکومەت، هەروەها ڕادەستکردنەوەی چەك لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە یەکێ بوو لە بڕیارەکان، بەشێوەیەك چ ئەو چەکەی کە لەکاتی شەڕەکان دەستیان کەوتووە یاخود پێشتر لایان بووە[٢].

هەر لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر داوای ماجید مستەفا بڕیاردرا چەند ئەفسەرێکی کورد کە ئەوسا لە ڕیزی سوپادا بوون دابنرێن بە ئەفسەری پەیوەندی لە ناوچەکانی کوردستاندا[٣]، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی ئەفسەرەکان بۆ حەوت ئەفسەر زیاد کرا، کە زۆربەیان ئەندامی حزبی هیوا بوون، لەوانە ئەمین ڕەواندزی بۆ بارزان و ڕەواندز، عیزەت عەبدولعەزیز بۆ ناوچەی بلێ و مستەفا خۆشناو بۆ دەڤەری بارزان و میرحاج ئەحمەد بۆ ئاکرێی و سەید عەزیز شەمزینی بۆ مێرگەسۆر و برادۆست و فوئاد عارف بۆ ناوچەی پشدەر و مەجید عەلیش بۆ ئامێدی[٤]، لە دواییدا بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا ژمارە ج/١/أ/٥٨ لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ ئەرکەکەیان پێ سپێردرا[٥].

سەبارەت بە ڕۆڵی ماجید مستەفا و دانوستاندنەکانی لەگەڵ مستەفا بارزانی لەنێو سەرچاوەکاندا بۆچوونی جیاواز دەخرێتە ڕوو، هەندێك لە سەرچاوەکان پێیانوایە ئەو پێشنیارانەی کە ماجید مستەفا خستبوویە ڕوو جیاوازە لەو پێشنیازانەی کە لەگەڵ مستەفا بارزانی لەسەری ڕێککەوتبوون[٥]، لەو بارەیەوە «مەسعود بارزانی» بە سەرسورمانەوە لەبابەت بڕیاری حکومەتی عێراقی دەڵێت» نازانم ماجید مستەفا ئەو بڕیارانەی بە دەستپاکی گەیاندە بارزانی و هیوا یان نا؟ چونکە ئەوە لەگەڵ ئەو خاڵانەی بارزانی کە دابوونی بە ماجید جیاوازبوون»[٦]، هەر بۆیە «عوسمان عەلی»

---

(١) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص٢٩٣.

(٢) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص٧٩.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری....، ل٤٧.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨؛ کاوس قفطان، المصدرالسابق، ص٨٠.

(٥) هلبين محمد امين المزوري، المصدر السابق، ص١٦٥.

(٦) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

پرسیارەکەی «مەسعود بارزانی» بە گومانێکی ڕاشکاوانە دادەنێت لەسەر ڕاستگۆیی ماجید مستەفای وەزیر، لەڕاستیدا ئەو ڕاپۆرتەی ماجید مستەفا لەسەر بارودۆخی کوردستان بەرزی کردۆتەوە هیچ لە داواکارییەکانی کوردی باس نەکردووە کە بارزانی و حیزبی هیوا خستبووبانە ڕوو[١].

گومانی تێدا نیە ئەم بڕیارانەی حکومەت جێگای ڕەزامەندی گەلی کورد نەبوو، چونکە نەدەگونجا لەگەڵ ویست و داواکارییەکانی، هەروەك لە گۆتەی «مەعروف چیاووك» دەردەکەوێت کە دەڵێت «دەرچوونی بڕیارەکە ئارامی و دڵنیایی لەناو دڵی بارزانییەکان نەهێشتبوو، بەتایبەتی لەناو دڵی کەسانی هێزە چەکدارەکان و فەرمانبەرانی حکومەت، ئەوانەی کە لە جووڵانەوەکەی بارزانیدا بەشداریان کردبوو»[٢].

لەو هەلومەرجەدا بارزانی کاردانەوەی توندی بەرامبەر حکومەت نەنواند، بەڵکو شەڕی ڕاگرت و سەرلەنوێ هاتووچۆ لە ناوچەکە دەستی پێکردە و ژیان گەڕایەوە دۆخی جارانی[٣]، سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانی لەبەرامبەر حکومەت «عەزیز حەسەن» دەڵێت «ئەو هەڵوێستەی بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردن بە پێویستی و دابین کردنی ماوەیەکی ئارامی و پشوودان، بۆ ئەوەی بتوانێت دووبارە هێزەکانی سەر لەنوێ ڕێکبخاتەوە«[٤].

سەرەڕای ئەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران خواستەکانی کوردی بە تەواوەتی پەسند نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گەورەترین سەرکەوتن بوو لە چەند ڕوویەکەوە بۆ شۆڕش و خودی مستەفا بارزانی، لەلایەك توانا ڕادەبەدەرەکەی مستەفا بارزانی لە هونەری دانوستاندن توانی باوەڕ بە ڕێوی سیاسەتی عێراقی (نوری سەعید) بهێنیت بۆ وەڵامدانەوەی زۆرێك لە داواکارییەکانی گەلی کورد[٥]، هەروەها لەڕووی سەربازییەوە شۆڕشگێڕان توانیان لە زۆربەی شەڕەکان شکست بە حکومەت بهێنن و ناچاری بکەن دان بەوەدابنێت کە لەڕووی سەربازیەوە مەحالە سەرکردایەتی کورد ناچار بە ملکەچ بوون بکات[٦]، هەروەها گەڕاندنەوەی شێخ

---

(١) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٨٤.

(٢) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(٣) محمد بریفکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٤) عزیز حسن عزیز البارزاني، المصدر السابق، ص١٥٧.

(٥) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفی البارزاني قائد الثورة الکوردیة وملهمها، (دهوك- مطبعة جامعة دهوك- ٢٠١٣)، ص١٩.

(٦) موحسین عاتف، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠.

ئەحمەد بارزانی و یاوەرانی بۆ ناوچەکەیان سەرکەوتنێکی دیکەی شۆڕش بوو، چونکە شێخ ئەحمەد وەك سەرکردەی ڕۆحی بارزانییەکان هێزێکی گەورەی پاڵپشتی بوو بۆ شۆڕش[١].

هەرچی لەڕووی سیاسیەوەیە، تەنها بەقبوڵکردنی حکومەتی عێراقی بە بنەمای دانوستاندن لەگەڵ بارزانی و ناردنی کەسێك بە پلەی وەزیر و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵیدا خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی سیاسی گەورە بوو بۆ بارزانی بەتایبەتی لەو ماوە هەستیارەدا، کە بەر لەساڵێك چەند مانگێك بارزانی لەژێر چاودێری و نیشتەجێ بوونی زۆرە ملێ ژیانی بەسەر دەبرد، ئێستاش دانوستاندن لەگەڵ حکومەت ئەنجام دەدات و داواکاری گەلەکەی پێشکەش دەکات[٢].

لەو بارەیەوە خاوەن سەرچاوەی «البارزانيون» کە خۆی یەکێ بووە لەو ئەفسەرانەی کە بەشداری شەڕی کردووە لەدژی شۆڕشگێڕان دەڵێت»گومانی تێدا نیە حکومەت هەڵەیەکی گەورەی کردووە لە جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی مستەفا بارزانی بەر لەوەی ئەو داواکارییەکانی حکومەت جێبەجێ بکات، هەروەها هەڵەیەکی دیکەشی کردووە بە دانوستاندن لەگەڵیدا لەڕێگای یەکێك لە وەزیرەکانی، چونکە ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵیدا لە ئاستی باڵا دەبێتە هۆی دابەزینی هەیبەتی حکومەت... ئەمەش دان پێدانانی ڕوونە بە سەرکردایەتی بارزانی، کە ماوەیەکی کورت وەك سەرۆکی یاخیبوان دادەنرا، ئەم دان پێدانانە بە سەرکردایەتی بارزانی دەبێتە هەڕەشە لەسەر هەژموون و هەیبەتی حکومەت نەك تەنها لە دەڤەری بارزان بەڵکو لە تەواوی ناوچەکانی باکوور»[٣].

حکومەتی عێراقی بۆ پێشڤەبردنی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی دەستی دایە گۆڕانکاری لە کوردستان و تاڕادەیەك دەستی بەجێبەجێ کردنی هەندێك لە خاڵەکانی ئەم پەیمانە کردبوو، سیاسەتی بەکەرتی کردنی تووتن و ئابلووقە ئابوورییەکانی سەر کوردستانی هەڵوەشاندەوە[٤]، هەر لەو ڕاستایەدا لە ١٢ی شوباتی ١٩٤٤ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هاوەڵانی کە پاش ساڵانێکی زۆر ڕاگوێزرابوون گەڕانەوە زێدی خۆیان، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە گوندی (سرێشمە) بوون بە میوانی «ئەحمەد شاباز» کە لە دۆستان و نزیکەکانی بارزانی بوو، هێزیکی بارزانی بە سەرکردایەتی (ئەسعەد

---

(١) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٨٠.

(٢) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٢٩٤.

(٣) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص٦٠- ٦١.

(٤) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

خۆشـەوی) گەیشـتە گوندەکـە، بـۆ پێشـوازی گـەڕاوەکان و پاراسـتنی ڕێگاکـە[١]، خـودی مسـتەفا بارزانیـش لەگونـدی شـانەدەر چاوەڕێـی بـرا گـەورە و هاوڕێکانی دەکـرد، بەپێی ووتـەی خـۆی ئـەو ڕۆژە خۆشـترین ڕۆژی ژیانی بـووە[٢].

پـاش دە ڕۆژ لـە گەڕانـەوی شـێخ ئەحمـەد، لەسـەر پێشـنیاری ماجیـد مسـتەفا، بارزانـی بـە یـاوەری چەنـد سـەرۆك هۆزێـك بـە ڕێکـەوت بـۆ بەغـدا[٣]، مەبەسـتیش لـەو سـەردانە بـۆ ئـەوە بـوو کـە گومـان نەمێنێـت و متمانـە و بـاوەڕ دروسـت ببێـت لەنێـوان سـەرکردایەتی کـورد و حکومەتـی عێراقـی و ئیمـزا کردنـی پێکهاتنەکـە[٤].

مسـتەفا بارزانـی و شـاندە یاوەرەکـەی سـەرەتا ڕوویکـردە شـاری هەولێـر و شـەو لـە ماڵـی مـەلا فەنـدی مایـەوە کـە لەلایـەن عیزەدیـن مـەلا فەنـدی و پیـاو ماقـولان و جەماوەرێکـی زۆری شـارەکە پێشـوازی لێکـرا[٥]، پاشـان چـاوی کـەوت بـە چەنـد سـەرۆك هۆزێـك لـە هەولێـر و دەوروبـەری، بەڵێنیـان پێـدا ئەگـەر هاتـوو حکومـەت سیسـتی و کەمتەرخەمـی نوانـد لـە جێبەجـێ کردنـی داخوازییەکانـی گەلـی کـورد، ئـەوە دەبنـە پاڵپشـتی شـۆڕش[٦].

دوا بـەدوای سـەردانەکەی بـۆ شـاری هەولێـر، مسـتەفا بارزانـی لـە ڕۆژی دووشـەممە ڕێکەوتـی ٢١ی شـوباتی ١٩٤٤ روویکـردە شـاری مووسـڵ، لـە میوانخانـەی دیجلـە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانـی بەسـت، تێیـدا هـۆکاری سـەردانەکەی بۆ بەغـدا ڕوون کردە و ڕایگەیانـد ((کێشـەی کـورد لـە عێـراق بریتی نیە لە کێشـەی کەسـیەتی و هیوای خواسـت حکومـەت بـە ڕەوایەتـی کێشـەکە یەکلایـی بکاتـەوە))، ڕۆژنامەکانـی مووسـڵ بەتایبـەت ڕۆژنامـەی «نصیـر الحـق» و «فتـی العـراق» وتەکانـی بارزانیـان بڵاوکـردەوە[٧].

شـیاوی باسـکردنە مسـتەفا بارزانـی لەشـوێنی حەوانـەی خـۆی لـە میوانخانـەی دیجلـە چـاوی کـەوت بـە ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی لقی مووسـڵی پارتـی هیـوا، لەمیانەی

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

(٢) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٣) أیـوب بـارزاني، المصـدر السـابق، ص٢١٨ ؛ مکـرم الطالبـانی، المصـدر السـابق، ص٧٧. سـەبارەت بـە شـاندەکەی بـارزاني بـۆ بەغـدا، (فەتـاح ئاغـا) سـەرۆك هـۆزی هەرکـی یـاوەری بـارزاني بـوو لـەو سـەردانەدا. مەعـروف چیـاووك، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٢٥.

(٤) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە....، ل٤٦١.

(٥) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص ص٢٩٥- ٢٩٦ .

(٦) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

(٧) عبدالفتاح علی یحیی البوتاني، وثائق عن الحرکه القومیه...، ص٥٣٢.

دیدارەکەدا باس لەچەند بابەتێك کرا لەوانە تەنگژە نێوخۆیەکانی پارتی هیوا، هەروەها ئەو پێشنیار و داواکارییانەی کورد کە ڕێکخستنەکانی مووسڵ گەیاندبوویانە بارزانی لە بارەگای سەرکردایەتی لە «بێستری»[1].

ڕۆژی دواتر لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٤ مستەفا بارزانی بە یاوەری شێخ محەمەد خالید بارزانی لەگەڵ هەندێك لە سەرۆك هۆزەکان بۆ بەغدا بەڕێکەوت[2]، کاتێك گەیشتە بەغداد لە میوانخانەی (شط العرب) دادەبەزێت و پێشوازیەکی گەرمی لێکرا لەلایەن وەسی (عەبدولئیلا) و باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق[3]، پاشان کۆبوونەوەی ئەنجامدا لەگەڵ نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئەو وەزیرانەی کە پەیوەندیدارن و حکومەتیش گفتیدا بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە پێکهاتبوون لەسەری لەگەڵ ماجید مستەفا[4]، هەر ئەمەش وایکردووە «کریس کۆچێرا» بڵێت «دیداری سەرانی کورد لە بەغدا پتر لە دیدارێکی رەسمی دەچێت تا لە ڕاگەیاندنی گوێڕایەلی»[5].

بەپێی سەرچاوەکان بارزانی و هاوڕێکانی بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە لە شەقامەکانی بەغدا و لەگەڵ خۆیاندا چەکیان هەڵگرتبوو، ئەمەش ڕۆژنامەنووسانی ڕەگەزپەرستی عەرەبی پەرگیری تووره کرد و ئەمەیان بەکارێکی مەترسی دار لە قەڵەمدا، بەو هۆیەشەوە بوو کە بارزانی ناچاربوو ماوەی دانیشتنەکەی خۆی لە بەغدا کورت بکاتەوە[6]، چونکە هەندێك لە نوێنەرانی ئەنجوومەن بەدوای قسەکانی ڕۆژنامەکانەوە پەلکێش بوون و بەلێشاو پرسیاریان لە وەزیری ناوخۆ دەکرد[7]، تا

---

(١) عبدالفتاح على البوتاني، الحياه الحزبيه....، ص٣٢٥.

(٢) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

(٣) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص٢١٨.

(٤) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل٤٦١.

(٥) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧. حکومەتی عێراقی لە کۆبوونەوەی ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ لە دوو بەندی بڕیارەکەیدا جەختی کردبووەوە لەسەر ((دورخستنەوەی دەست بەجێی مستەفا بارزاني لەبارزان و ناچارکردنی بۆ ئەوەی لە «پیران» نیشتەجێ بێت، جگە لەمەش قبولکردنی هاتنی مستەفا بارزاني بۆ بەغداد بەمەبەستی دەربرینی گوێرایەلی)) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص٢٩٣. رەنگە ئەم ووتەیەی کریس کۆچێرا لەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەم جۆرە پێشوازییە شاهانەی حکومەت و هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ سەرانی کورد یەك ناگرێتەوە لەگەڵ بڕیار و کردارەکانی.

(٦) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٩ ؛ فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٧) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

کار گەیشتە ئەوەی خەریك بوو لەسەر فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی دەستگیر بکرێن[١].

لەو بارەیەوە بەپێی ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا کە لە نیسانی ١٩٤٤ بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، تێدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەردانەکەی مستەفا بارزانی بۆ بەغدا هاوکات بوو لەگەڵ ئەو توڕەییەی ناسیۆنالستانی عەرەب بەرامبەر حکومەتی نوری سەعید، ڕۆژنامە عێراقییەکان و هەتا هەندێ لە بەرپرسە بەریتانییەکانیش لە بەغدا نیگەران بوون لەو پێشوازییە گەرمەی لە مستەفا بارزانی کرا، بەشێوەیەك ناسیۆنالستەکان دەیانووت «ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ مستەفا بارزانی کرا لە بەغدا هەموو لایەکی حالی کرد، کە مستەفا بارزانی نەهاتووە خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵکو وەك فەرماندەیەکی سەرکەوتوو هاتووە، نەتەوەخوازان لە بەغدا بێتاقەت بوون بە بینینی مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانیان کە بە بەرگی کوردیەوە لە شەقامەکانی بەغدا دەسووڕێنەوە»[٢].

لەلایەکی دیکەوە ئەم سەردانەی بارزانی بووە مایەی ڕەخنە لەسەر حکومەت، هەندێك لە کاربەدەستانی عێراقی وایان سەیر دەکرد کە ئەو بەڵێنانەی دراون بە بارزانی ڕاستە دەبێتە مایەی ئارامی لە کوردستان، بەڵام ئەم کارە لە ئاستی دەسەڵاتی حکومەتی دابەزاندووە[٣]، بۆیە حکومەتی عێراقی لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆپاگەندەکانیەوە بۆ نەرووژاندنی ڕای گشتی وای بڵاو کردەوە کە مستەفا بارزانی هاتووە دەخالەتی بۆ لای وەسی (عەبدولئیلا) هێناوە و ئەویش لێی خۆش بووە[٤].

پاش ئەم جارنامەیە مستەفا بارزانی زیاتر کەوتە گومان و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخەش چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی هیوا و نیشتمانپەروەرانی کورد سازدا، دواتر وا بەباش زانرا کە بارزانی بەغدا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بارزان[٥].

ئەو خاڵەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە ئامادەبوونی مستەفا بارزانی لە بەغدا و لەو دۆخە ناسکەدا و میوانداریەتی شایانە و بەشکۆی حکومەت لە بارزانی و هاوڕێکانی، هەروەها دیداری ئەو ڕێبەرە شۆڕشگێڕە لەگەڵ بەرپرسانی سەرەوەی حکومەتی عێراقیدا بەڕاستی نیشاندەری ئەوەبوو کە لەدواین ساڵەکانی شەڕی

---

(١) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٠.

(٢) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٩٢.

(٣) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٤) عبدالرزاق الحسني، ج٦،المصدر السابق، ص٢٩٣.

(٥) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

جیهانی دووەمدا شۆڕشی بارزانی لە بواری ڕامیاری و سەربازییەوە تا ئەو ڕادەیە پەرەی سەندبوو کە بەرپرسانی حکومەت وێڕای ئەوەی بە ووتووێژکردن لەگەڵ بارزانی قایل ببوون و دانیان بەوەدانا کە شۆڕشەکەی ئەو ڕەوا بوو نەك یاخیگەری و ڕێگەری، هەوڵیاندا لەبەرامبەر ئەو هێزە ڕوو لە گەشەسەندنەی ئەو کەسێتیەدا وەکو ڕێبەری ڕاستەقینە و نکووڵی هەڵنەگر، لەڕێگای ڕێکەوتن و وتووێژەوە بچنە پێشەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر بارزانی خاوەن هێز و شکۆ نەدەبوو بەهیچ شێوەیەك حکومەتی عێراق نەیدەتوانی خۆی بەوە قایل بکات میوانداریەکی بەو چەشنە و بە شکۆیەی بۆ ڕێکبخات[١].

(١) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٣- ١٥٤.

# بەشی چوارەم

## تێکچوونەوەی پەیوەندییەکان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دەرئەنجامەکانی

## تەوەری یەکەم :

## گرژبوونی پەیوەندییەکانی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش

بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەکەی، دۆخەکە ڕووی لە ئاڵۆزی کرد، هەروەك پێشتر باسمان کرد سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا بووە مایەی ڕەخنە لەسەر حکومەت هەندێك لەکاربەدەستانی عێراقی وایان سەیر دەکرد کە ئەو بەڵێنانەی دراون بە بارزانی ڕاستە دەبێتە مایەی ئارامی لە کوردستان، بەڵام ئەم کارە لە ئاستی دەسەڵاتی حکومەتی دابەزاندووە[١]، بۆیە لەو هەلومەرجەدا دیدارێك لەنێوان ماجید مستەفا و نوری سەعید ساز دەبێت، کەتێدا نوری سەعید ئاماژە بەوە دەدات کە حکومەت ناتوانێت دان بنێت بەوەدا کە بارزانی بەناوی سەرجەم کوردەوە قسە دەکات بەڵکو کێشەکەی تەنها کێشەیەکی ناوخۆییە، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراقی و بەریتانی خوازیارن دۆخەکە بەم جۆرە نەمێنێتەوە و ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە[٢].

گومانی تێدا نیە حکومەتی عێراقی و بەریتانی لەسەرەتای ڕاگەیاندنی شۆڕشەوە بە ڕووداوی ناوچەیی ناوی بردووە، ئەوەی پاڵنەری بارزانی بوو بۆ شۆڕش بە «هۆکاری شەخسی ڕووت و بێ دەرامەتی و هەژاری» ناوی بردووە[٣]، هەروەها هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان دەدا کە بارزانی لە کەسانی ڕۆشنبیر پاك بکەنەوە و نیشانی بدەن کە (شۆڕشی دووەمی بارزان) بزووتنەوەیەکی یاخیگەرییە و گەرەکیان بوو بیخەنە ئەو بازنەیەی کە هۆزێکی سەرەرۆ ئەنجامی داوە[٤].

پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە لەلایەن حکومەتی عێراقی و بەریتانیا دەرهەق بە شۆڕشی کورد پێشینەی هەیە، هەروەك لە شۆڕشی یەکەمی بارزان (١٩٣١- ١٩٣٢)، لەبەرامبەر ڕێبەری تەکیەی بارزان کەوتنە شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندە، ڕایانگەیاند کە (شێخ ئەحمەد) وازی لە ئایینی ئیسلام هێناوە و خەڵك هان دەدات بۆ گاوربوون، بەریتانییەکان دەستێکی باڵایان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەم پڕوپاگەندانەدا لە ناو ڕیزەکانی خەڵکدا[٥]، دیارە «کۆلۆنیل لاین» ئەفسەری بەریتانی لەبەشی پەیوەندییەکان

---

(١) ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٢) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢١.

(٣) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٩٧ ؛

Betul sinantorunu، *op.cit*، *p.22.*

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

(5) *Iraq Administration Reports 1914-1932*، *Vol(10)1931*، *-1932*،*PP.350 -351*؛

ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەو بابەتە بەتایبەت لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ لەنێو هۆزەکانی دراوسێی بارزان دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەربڵاوەکانی لە دژی تەکیەی بارزان و ڕێبەرەکەی[١].

دەسەڵاتدارنی عێراقی بەپاڵپشتی بەریتانیا ویستیان لە گرتنەبەری ئەو شێوازە کارکردنە ڕاستی و دروستی شۆڕشە نوێخوازەکەی کورد بزر بکەن لەبەردەم ڕای گشتی و هەڵ بدۆزنەوە بۆ کپکردنی، هەربۆیە دەستیانکرد بە ڕێکخستنی پڕۆپاگەندە فراوانەکانیان دژبە تەکیەی بارزان و لەکەدارکردنی ڕێزو پێگە ئایینیەکەیان، بۆ ئەم مەبەستەش گەڕان بەدوای هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ لێکترازاندنی ڕیزە تۆکمەکەی شۆڕش، ئەویش وروژاندنی هۆزەکان بوو دژبە شێخنشینی بارزان[٢].

لەم ڕووەوە هەریەکە لە پارتی شۆڕش و پارتی ڕزگاری کورد ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لەبەرپەچدانەوەی هەموو ئەو تۆمەتانەی کە دەخرانە پاڵ شۆڕشی دووەمی بارزان و سەرکردەکەی، بۆ ئەم مەبەستە پارتی شۆڕش توانی یارمەتی جووڵانەوە چەکداریەکەی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) شۆڕشی دووەمی بارزان بدات، بەوەی کە ئەو هەڵە بە بەریتانیا و شۆڤینێستەکانی عەرەب نەدا کە تۆمەتی کۆنەپەرستی و دژایەتی کردن بخنە پاڵ جووڵانەوەکە[٣]، هەروەها بەشێوەیەکی توند دژی هەموو ئەو پڕوپاگەندانە و بۆچوونانە وەستا و کە لەلایەن کۆنەپەرستانی عەرەب و داگیرکەران و ڕژێمی مەلیکی ئاراستەی ڕاپەڕینەکە و سەرکردایەتیەکان کردووە بەوەی کە بزووتنەوەیەکە دژبە بەرژەوەندی گەل و کۆنەپەرست و دواکەوتووە[٤].

سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی ڕزگاری لە شۆڕشی دووەمی بارزان، بەبێ هیچ دوو دڵیەك پشتگیری خۆی دەربڕی بەرامبەر بە شۆڕشەکە دژبە حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا، یارمەتی و کۆمەکی پێشکەش بە بزووتنەوەکە کرد، هەروەها ئەوکات لەبەرامبەر زۆرێك لە حزبەکان وەستایەوە، کە هەڵوێستی هەڵپەرستانەیان بەرامبەر شۆڕشی دووەمی بارزان گرتبووە بەر و بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستیان دادەنا، بەڵام حزبی ڕزگاری شۆڕشەکەی بە بزاڤێکی پێشکەوتنخوازی کوردی دادەنا کە

---

سەعدی عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

(١) حسین مەدەنی، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٠.

(٢) زبیر بلال اسماعیل، المصدر السابق، ص١٠٣.

(٣) عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕان : فەرید ئەسەسەرد، (سلێمانی- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان- ٢٠٠٦)، ل٢٦٩.

(٤) عزیز الحاج، المصدر السابق، ص١٤٢ .

بەهـۆی چەوسـاندنەوە بەرپابـووە[١].

لەلایەکـی دیکـەوە بەهۆی فـرەوان بوونـی چالاکییەکانی حزبی ڕزگاری و دەسـتکردن بـە بانگەشـەکردن و پەخشـکردنی بڵاوکراوەکانـی بەشـێوەیەکی بەربـڵاو لەنێـو چیـن و توێـژە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی کوردی، کاریگەری گەورەی دروسـتکرد لەسـەر پەیوەندی کردنـی ژمارەیەکـی زۆر لە ئەفسـەر و سـەربازە کوردەکانی ناو سـوپای عێراقـی، هەروەها چیـن و توێـژە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی بـە شۆڕشـی دووەمـی بـارزان، ئەمـەش بـووە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی ڕێگـری بکـەن لەناردنی ئەفسـەرانی کـورد بـۆ ئـەو بەرانـەی جەنگ کـە بەرەنـگاری شۆڕشـگێڕان دەبوونـەوە، لەترسـی ئەوەی نـەوەك پەیوەنـدی بـە شـۆڕش و شۆڕشـگێڕانەوە بکەن[٢].

لـەو هەڵومەرجـەدا ماجیـد مسـتەفا لـە ئـازاری ١٩٤٤ بانگهێشـتی سـەرۆك هـۆزەکانی کـوردی کـرد بـۆ کەرکـووك و داواشی لـە (نـوری سـەعید) کـرد کـە بێتـە کۆبوونەوەکـە و گوتـەی خـۆی پێشـکەش بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـوری سـەعید لـە یانـەی ئەفسـەرانی بـارەگای فیرقـەی دوو لـە کەرکـووك ڕایگەیانـد کە ئـەو لـەو باوەڕەدایە کە پێویسـتە کورد مافەکانـی خۆیـان وەربگـرن لـە چوارچێـوەی عێراقدا[٣].

هەروەهـا لەمیانـەی کۆبوونەوەکـە بـۆ جێبەجـێ کردنـی هەندێـك لـە خواسـتەکانی کـورد ڕەزامەنـدی خـۆی بـۆ پێکهێنانـی لیـوای دهـۆك نیشـاندا، بـەو پێیـەی لیوایەکی نوێ لەیەکـە بەڕێوەبەرایەتیـە کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ کـە بریتیـن لـە قـەزای دهـۆك، زاخـۆ، ئامێـدی، ئاکـرێ، شـەنگال پێکبهێندرێـت و ماجیـد مسـتەفای وەزیـری کوردیـش سەرپشـك بێـت لـەوەی کارمەنـدی کـورد لـەو لیوایـە نوێیـە کوردیـە دابمەزرێنێـت[٤].

لەگـەڵ ئەوەشـدا لەچەنـد خاڵێکی دیکەدا نەرمـی نوانـد وەك دامەزراندنی جێگرێکی کـورد بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی وەزارەتـی مەعاریـف و باشـترکردنی خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی لـە ناوچـە کوردییـەکان[٥] و بەخشـینی قـەرزی کشـتوکاڵی و سـەر لەنـوێ

(١) محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی....، ل١٧٥.

(٢) مێڤـان عـارف عبدالرحمـن بـادی، الحرکـە القومیـە الکوردیـە التحرریـە في کوردسـتان العـراق ١٩٥٨- ١٩٦٣، (اربیـل- مطبعـة وزاره التربیـە- ٢٠٠٥)، ص٣٠.

(٣) ولیـام ایغلـتن الابـن، المصـدر السـابق، ص٩٤ ؛ عوسـمان عەلـی، چەنـد لێکۆڵینەوەیـەك....، ل٢٩٠ ؛ عەلائەدیـن سـەجادی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٩.

*Karwan Salih Waisy، op.cit، p.*١٨.

(٤) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٠.

(٥) سـتیڤن همسلی لونگریك، العـراق الحدیـث مـن سـنة ١٩٠٠ الی سـنة ١٩٥٠، ترجمـة: سلیم طـە

پشـكنینێكی خاتردارانـەی تووتنـە هەڵگیـراوەكان كە سـەرچاوەیەكی هەمیشـەیی ناكۆكی نێـوان حكومـەت و تووتنەوانـە كـوردەكان بـوو[١]، لەو بارەیـەوە «كریس كۆچێـرا» پێیوایە نـوری سـەعید كـە وەك بەرگریكارێكـی كـورد خـۆی نیشـانداوە ویسـتوویەتی سـوود لـەو حالەتـەدا وەربگرێـت و خەڵكـی نەتەوەیـی میانـڕەو لـە بارزانـی جیـا بكاتـەوە[٢].

بەهـەر حـاڵ نـوری سـەعید لە ڕواڵەتـدا دەیویسـت چەند چاكسـازیەك لە كوردسـتان ئەنجـام بـدات، بـەڵام دروسـت بوونـی بەرەیەكـی ناڕازیـی كـە پێكدەهاتـن لـە هەندێـك وەزیـر و ئەندامانـی پەرلەمانـی عـەرەب كـە وەسـی «عەبدولئیـلا» سـەركردایەتی دەكـردن، هەوڵەكانیـان چـڕ كـردەوە بـۆ دژایەتـی كردنـی سـەلماندنی مافەكانـی گەلـی كـورد و جێبەجـێ نەكـردن و ڕەتكردنـەوەی داواكاریـەكانی[٣]، بۆ ئەم مەبەسـتەش دەبوایە حكومـەتی نـوری سـەعید لابرێـت و حكومەتێـكی تـر جێـگای بگرێتـەوە[٤]، بـەو هۆیـەوە وەزارەتـی نـوری سـەعید لـە ٣ی حوزەیرانـی ١٩٤٤ دەسـتی كێشـایەوە و (حەمـدی پاچەچـی)[٥] وەزارەتێكـی نوێـی پێكهێنـا[٦].

دەسـت لەكاركێشـانەوەی نـوری سـەعید و پێكهێنانـی كابینـەی نوێ لەلایـەن حەمدی

---

التكريتي، الجزء الثاني، (بغداد- ١٩٩٨)، ص٢٩٥.

(١) وەدیع جوەیدە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٠.

(٢) كریس كۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٣) عەزیـز شـەمزینی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٨٥ ؛ صديـق عثـمان محـو، المصـدر السـابق، ص١٧٧. دیـارە شـۆفێنییەكانی عـەرەب هـەر لـە وەسـی و ژمارەیـەك لـە وەزیـرەكان و ئەندامەكانـی پەرلەمانـی عێراقـی و كەسـانی دیكـەش، پێیـان وابـوو ئـەم هەنگاوانـەی نـوری سـەعید مەترسـی دەخاتـە سـەر یەكپارچەیـی خاكـی عێـراق، ئەمـە وادەكات پێگـەی كـورد بەهێزبێـت و ئەگـەر هـەر داواكارییەكیـان جێبەجـێ بكەیـن لـە داهاتـودا بـەردەوام داخوازییەكانیـان زیاتردەبێـت. عزیـز حسـن عزیـز البـارزاني، المصـدر السـابق، ص١٦٤ ؛ حەسـەن ئەرفـەع، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٨٨.

(٤) سـعاد خيـرى، مـن تاريـخ الحركـة الثوريـة المعـاصرة في العـراق ١٩٢٠- ١٩٥٨، الجـزء الاول، (بغـداد- مطبعـة الاديـب البغداديـة- ١٩٧٨)، ص١٧٧.

(٥) حەمـدی عەبدولوەهـاب پاچەچـی لـە شـاری بەغـدا لەدایـك بـووە، كۆلێـژی مافـی تەواوكـردووە لـە ئیسـتانبۆل لـە سـاڵی ١٩٠٩، لـە سـاڵی ١٩١٣ بووەتـە قائیمقامـی شـارۆچكەی كازمیـە، بەشـداری شۆڕشـی ١٩٢٠ كـردووە بۆیـە دوورخرایـەوە بـۆ دوورگـەی هینجـام، پاشـان وەزارەتـی بەرگـری وەرگـرت بـە وەكالـەت، لـە سـاڵی ١٩٤١ بـووە وەزیـری كاروبـاری كۆمەڵایەتـی، لـە سـاڵی ١٩٤٤ بـووە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق. حميـد المطبعـي، موسـوعه اعـلام العـراق فـى القـرن العشريـن، (بغـداد- ١٩٨٥)، ص٥٩.

(٦) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

پاچەچی یەوە جگە لە تاکتیك و فێڵێکی سیاسی بەغدا لە دژی کورد شتێکی دیکەی لێ بەدی ناکرێت، چونکە حەمدی پاچەچی لە یەکەم هەنگاوی دوای دەست بەکاربوونی پابەند نەبوونی کابینەکەی خۆی ڕاگەیاند بەو بەڵێنانەی کە لەسەردەمی کابینەی نوری سەعید بە کوردی دابوو[1].

دوای ئەوەی نوری سەعید لەمیانی پرۆسەیەکی لەبێژنگدانی سیاسی ناوخۆدا کە زۆرجار لە عێراقدا ڕوودەدات، خۆی بینیەوە، سەرەتا نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئیمزا کرد، بەدوای ئەوەدا کابینەی حکومەتێکی نەتەوەپەرست دەست بەکار بوو بە سەرۆکایەتی حەمدی پاچەچی کە لە نفوزی ڕوو بەهەڵکشاوی مستەفا بارزانی دەترسا و دانی بەهیچ داخوازییەکی گەلی کورد نەهێنا[2].

کابینە نوێیەکەی پاچەچی، دوو وەزیری کوردی تێدابوو کە بریتی بوون لە «تۆفیق وەهبی» بۆ وەزیری ئابووری، «ئەحمەد موختار بابان» بۆ وەزیری داد[3]، ناوبراویش لە یەکەم هەنگاوی دوای دەست بەکاربوونی وەك سەرۆك وەزیران پابەندنەبوونی کابینەکەی ڕاگەیاند بەو بەڵێنانەی کە لەسەردەمی کابینەی نوری سەعید بە کوردی دابوو[4].

حەمدی پاچەچی کۆمەڵێك هەنگاوی نا بە ئاراستەی پێچەوانەی دانوستانەکان و بەڵێنەکانی حکومەتی پێشوو، لەوانە هەستا بە دوورخستنەوەی ماجید مستەفا لە وەزارەتەکەی[5] کە لەسەردەمی کابینەی نوری سەعید بەتایبەتی وەك هێلی پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی بارزان حکومەتی بەغدا کاری دەکرد[6]، هەروەها هەستا بە خانەنشین کردنی زۆرێك لە فەرمانبەرە کوردەکان و دانانی عەرەب لەشوێنیاندا، هەروەها گۆڕینی قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی ناوچەکە بۆ بنکەی سەربازی[7] و هێنانی ژمارەیەکی زۆرتری سەرباز بۆ ناوچەکانی دەوروبەری بارزان و گرتنەبەری

---

(١) واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق ١٩٢١- ١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، (سلێمانی- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان- ٢٠٠٦)، ل٦٤.

(٢) دانا ئادامز شمیدت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٩- ١٩٠.

(٣) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص٢٠٢.

(٤) واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

(٥) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

(٦) حەسەن ئەرفەع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

(٧) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩٠ ؛ پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

ڕێوشـوێنی تونـدی پۆلیسـی لـە ناوچەکـەدا[١].

جگـە لـەوەی حکومـەت هەسـتا بەدەرکردنـی هەمـوو ئـەو ئەفسـەرە کوردانـەی نـاو سـوپای عێـراق کـە بەشـدارییان لـە شۆڕشـی بارزانـدا کردبـوو فەرمانـی گرتنیـان بـۆ دەرچووبـوو[٢]، هەروەهـا حکومـەت داوای لـە مسـتەفا بارزانـی دەکـرد کـەوا پێویسـتە ئـەو ئەفسـەرانە ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق بکاتـەوە کـە لەوکاتـدا لـە دەڤـەری بـارزان نیشـتەجێ ببـوون[٣].

لەڕاسـتیدا ئـەم داواکارییـەی حکومـەت لـە مسـتەفا بارزانـی جگـە لـە فشـار و بـە دەسـت خسـتنی بیانـوو بـۆ جێبەجـێ نەکردنـی بەڵێنەکانـی کـە حکومەتی نوری سـەعید بـە کـوردی دابـوو هیچـی تـری لـێ بـەدی ناکرێـت[٤]، بەڵکـو هەڕەشـەیەکی ئاشـکرای لـە کێشـەی کـورد دەکـرد، لـە یەکـەم هەنگاویشـی لـەم بارەیـەوە گێڕانـەوەی ئەفسـەرە پەیوەندییـەکان بـوو بـۆ بنکـە سـەربازییەکانی خۆیـان، سـەرەڕای هەڵوێسـتی حکومەتـی عێراقیـش کەچـی سـەرکردایەتی کـورد هیـچ هەنگاوێکـی نەرێنـی نەهاوێشـت، بەڵکـو کەوتـە هەلسـەنگاندنی باردۆخەکـە بەتێـر و تەسـەلی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی هیـوا، پاشـان بڕیـار لەسـەر ئـەوە درا کـە عیـزەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو و میرحـاج ئەحمـەد مۆڵەتیـان بـۆ وەربگیرێـت و ئەوانـی تـر بـۆ بنکـە سـەربازییەکانی خۆیـان بگەڕێنـەوە[٥].

سـەرەڕای ئەوەی حکومەت نیگەران بوو لە پەرەسـەندنی دەسـەڵاتی مسـتەفا بارزانی و بەرفراوانبوونـی پەیوەندییەکانـی، بۆیـە هەوڵیـدەدا هەرچۆنێك بێـت دەسـەڵاتی ناوبـراو سـنووردار بـکات[٦]، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مسـتەفا ئەلعومـەری وەزیـری ناوخـۆی عێـراق لـە ١٦ی حوزەیرانـی ١٩٤٤ سـەردانی کۆرنوالیسـی باڵیـۆزی بەریتانیـا دەکات لـە شـاری بەغـدا و پێـی ڕادەگەیەنێـت «پێویسـتە پرسـی کورد بە ڕێگای سـەربازی چارەسـەر بکرێت»[٧].

لەبەرامبـەر بۆچوونەکانـی وەزیـری ناوخۆیـی عێراقـی، باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە عێـراق

---

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٦٦.

(٢) م.س لازاريف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩٠.

(٣) وەديع جوەيدە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٤.

(٤) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٨١.

(٥) فەيسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٦– ٤٧ .

(٦) وەديع جوەيدە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٠٤– ٥٠٥.

(٧) برهان ابابكر ياسين، المصدر السابق، ص١١١.

لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی سیاسی بووە لە بڕی بەکارهێنانی ڕێگای سەربازی بۆ پرسی کورد، جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە مستەفا بارزانی لە پرسی کورد دابڕێنرێت، ئەمەش باشترین هەڵبژاردەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە کۆتاییدا هەردوولایان لەسەر چەند خاڵێك بۆ پرسی کورد ڕێککەوتن لەوانە ڕاستەوخۆ حکومەت سیاسەتی دەست کرانەوە جێبەجێ بکات بەرامبەر بە کورد، هەروەها ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەك وەك کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و... بەخێراترین کات و بەشێوەی کردەیی و دەستکردن بە داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمەی پڕۆپاگەندە بۆ پڕۆژەکان لەناو کورددا، لەگەڵ لابردنی بنکەی سەربازی لە گوندی بلێ لە دەڤەری بارزان[1].

مستەفا ئەلعومەری وەزیری ناوخۆی عێراق کە ناوبانگ بوو بە هەڵوێستە سەرسەختەکانی دژبە کورد، ئارەزووی نەدەکرد بە گرتنەبەری هیچ هەنگاوێکی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە بۆ پرسی کورد لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لەسەری ڕێککەوتبوون، بەتایبەت سەبارەت بە پڕۆژەکان نەبوونی هیچ بەندێکی تایبەت لە بودجە کردە بەهانە، لەلایەکی دیکەوە کشاندنەوەی هێزەکانیشی لە بلێ بەستەوە بە پێویست بوون بەکات، بەم بیانووە جۆراوجۆرانە توانی خۆی دوور بگرێت لە جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە[2].

نزیك بوونەوەی داڕووخانی فاشیزم بووە مایەی چەسپاندنی بزووتنەوەی کوردی و ئەکتیڤ بوونی لە عێراقدا، لەبەرامبەردا بەریتانیا وای دادەنا کە پرسی کورد یەکێکە لەو پرسە گەورانەی کە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی دەکات لە عێراق بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی[3].

لەلایەکی دیکەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات گەورە بەرپرسانی سوپای سۆڤیەت بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی خەریکی هاندانی سەرۆك خێڵە کوردەکان و کۆمەڵەی (ژ. ك) بوون، کە دواتر بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەمەش ناکۆك بوو لەگەڵ بەرژەوەندی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی[4]، هەر بۆیە بەریتانیا پێش ئەوەی ئیشەکەیان لەدەست دەربچێت بڕیاریاندا ڕوو بکەنە کێشەی کوردی عێراق و بە فێڵ و درۆ و دەلەسەی هیچ و پووچ بیپووچێننەوە[5]، بۆ ئەم مەبەستەش لەندەن و بەغدا هەموو جۆرە ڕێگایەکیان گرتەبەر بۆ لەناوبردنی

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٦٧.

(٢) برهان ابابكر ياسين، المصدر السابق، ص١١١.

(٣) م.س لازاريف، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩١- ٣٩٢.

(٤) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٩- ٥٠.

(٥) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

شۆڕشەکەی بارزان کە مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد[١].

دوای ئەوەی مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەفسەرە هاوکارەکانی نیازی حکومەت و بەریتانیایان بۆ دەرکەوت، بۆیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ گەشتە سیاسییەکەی خۆی دەست پێکرد بۆ سەردانی هەموو سەرانی ئێل و پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی ((زێبار، سورچی، هەرکی، خۆشناو، شەقلاوە، دەشتی هەولێر))، هەر لەم گەشتەدا سەردانی سەعید قەزازی موتەسەریفی هەولێری کرد[٢].

حکومەتی عێراقی لەبەرامبەر گەشتەکەی بارزانی و چالاکی ئەفسەرەکان کەوتە گومان، لەو بارەیەوە «حەسەن مستەفا» کە سەرچاوەکەی پڕاوپڕ تێڕوانینی حکومەتی عێراقیە بۆ ڕووداوەکان لەبارەی گەشتەکەی بارزانی و مەبەستەکانی دەڵێت «گەشتەکەی بۆ دەرخستنی هەژموونی بووە لەنێو هۆزەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژبە حکومەت، هەروەها بەدەستهێنانی هاوپەیمانی نوێ بۆ شەڕەکانی داهاتووی لەگەڵ حکومەت»[٣].

لەلایەکی دیکەوە وەزیری ناوخۆی عێراق لەکاتی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ مەعروف چیاووك زۆر بەڕاشکاوانە مەترسییەکانی خۆی لە گەشتەکەی مستەفا بارزانی لە ناوچەکەدا دەخاتەڕوو، پێیوایە گەڕانی مستەفا بارزانی بەناو هۆزەکان و سەردانیکردنی سەرۆکەکانیان زیاتر مەبەستی لەو کارە هاندانیانە بۆ ئەوەی لەدژی حکومەت ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکەن[٤].

دەکرێت بڵێین ئەو کارەی مستەفا بارزانی لەهەست کردن بە بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر گەلەکەی سەرچاوەی گرتووە، چونکە زۆر باش گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە تێڕوانینی حکومەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کێشەی کورد گۆڕاوە، بەتایبەت دوای پەرەسەندنی پێگەی ڕووسیا لەناو بزووتنەوەی کوردی، لەلایەکی دیکەوە ئاگاداری ئامادەسازییەکانی حکومەتی عێراقی بوو بۆ سەپاندنی دووبارەی هەژموونی خۆی و بەتایبەت لەکاتی پێکهێنانی کابینەکەی حەمدی پاچەچی و بەرنامەی حکومەتەکەی کە بەهیچ شێوەیەك دانی بەمافە ڕەواکانی گەلی کورد دانەدەنا.

جگە لەمەش سەرکردایەتی شۆڕش لە هەوڵێ بەرقەرارکردنی پەیوەندی دابوو لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەدا، بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵەکانی

---

(١) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری....، ل٤٨.

(٣) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص٦٦.

(٤) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

چڕ کردەوە لەناردنی ئەفسەر (عیزەت عەبدولعەزیز) کە ئەفسەریکی کوردی سوپای عێراق وئەندامێکی کارای حزبی هیوا و هاوکاتیش لە دەستەی ئەفسەرانی پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا بوو، بۆ سوریا بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ حزبی خۆیبوون و کوردەکانی دیکەی ئەو پارچەیەدا دروست بکات، بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن لەگەڵ کوردەکانی باشوور و پارچەکانی دیکە تاکو شۆڕشێکی سەرتاسەری بەرپا بکەن[١].

هاوکات سەرکردایەتی شۆڕش بەمە نەوەستا، بەڵکو هەریەکە لە میر حاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو کە دوو ئەفسەری کارای حزبی هیوا بوون هاوکات ڕۆڵی بەرچاویشیان لە شۆڕشی بارزاندا هەبووە، ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کە ئەوکاتە تاکە پارتی گۆڕەپانی خەباتی سیاسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا[٢].

لەو بارەیەوە نووسەری کتێبی (جوڵانەوەی نشتیمانی کوردستان) سەبارەت بە سەردانەکەی هەردوو ئەفسەرەکە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی لەوکاتدا قازی محەمەد ببوو بە سەرۆکی کۆمەلەی (ژ.ك)، گوایە قازی محەمەد لە بزووتنەوەی بارزان دڵنیا نەبووە بۆیە پێی ناخۆش بووە سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە و ئامادە نەبوو هیچ جۆرە هاوکارییەکیان پیشکەش بکات»[٣]، بەڵام ئەگەر سەیری بەیاننامەکەی کۆمەڵەی (ژ. ك) بکەین کە بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی بارزانیان ناردووە، دەبینین سەرەڕای دەربڕینی هاوسۆزی خۆیان بۆ شۆڕشەکە، داوایان لە سەرانی شۆڕش کردووە کاربکەن بۆ ڕزگارکردنی سەرتاسەری کوردستان[٤]، هەروەها لە ڕۆژنامەی نشتیمانی زمانحاڵی کۆمەڵەدا ئاماژەیان بەوەکردووە، «ئەو شەڕەی سەرۆکی کوردان مستەفا بارزانی هەلیگیرساندووە شۆڕشیکی نەتەوەیی کوردە»[٥].

لیرەدا بۆچوونەکەی عەزیز شەمزینی بەهیچ شێوەیەك یەکناگرێتەوە لەگەڵ بەیاننامەکەی کۆمەڵەی ژێکاف، هەروەها نازانرێت بۆ ئەم بۆچوونەی پشتی بە چ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بەستووە، چونکە لەداهاتوودا ڕووداوەکان ڕاستی

(١) ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٦٨ ؛ ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٣) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

(٤) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل٦٣.

(٥) عمر محمد محمد كريم ، المصدر السابق، ص٢٦٩.

پتەوبوونی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و کۆمەڵەی ژێکاف دەردەخەن، بەتایبەت پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، مستەفا بارزانی هاوەڵەکانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر چەکدارەوە ڕاستەوخۆ پەنا دەبەنە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ پاڵپشتی کردن لە کۆماری کوردستان کە دواتر دادەمەزرێت.

کاتێك ئینگلیزەکان هەستیان بەو پەیوەندییەی مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد کرد لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵات بەئاگاداربوونی سەرکردایەتی شۆڕش، کەوتنە چاودێری کردنی جووڵانەوەی مستەفا بارزانی و چەند جارێکیش ئاگاداریان کردەوە لە خراپی ئەنجامی ئەو پەیوەندییە، لەلای خۆشیەوە حکومەتی عێراقی کەوتە خۆی بۆ گرتنی هەردوو ئەفسەرە کوردەکە[1].

لەڕاستیدا بەریتانیەکان توانیان ئەو پەیوەندییەی ئەفسەران بە کوردانی ڕۆژهەڵات کە ئەوکات لەژێر هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت بوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لەدژی شۆڕشی بارزان بیقۆزنەوە، بکەونە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە گوایە شۆڕشی بارزان بزووتنەوەیەکی کۆنەپارێزی کۆمۆنیستییە بە هاوکاری یەکێتی سۆڤییەت سەریهەڵداوە و ژمارەیەك لە هۆزە کوردییەکان لەدژی شۆڕش هان بدەن[2].

لەو بارەیەوە ئەبولحەسەن تەفرەشیان لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە وتەیەکی مستەفا بارزانی دەکات سەبارەت بە سۆڤیەت کە ووتوویەتی «من کۆمۆنیست نیم، حەز بە کۆمۆنیزمیش ناکەم، من دیموکراتخوازم و دڵم هەر ئەوە دەخوازێ کە لەنێو میللەتەکەمدا بە ئاشتی و بەختەوەری و یەکسانی بژیم و ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم ئاڵای کوردستان لە بستێکی کوردستاندا هەڵبکەم ئیدی ئەو بستە خاکە عێراق یان ئێران یان تورکیا بێ هیچ جیاوازییەکی نیە»[3]. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرەیە کە مستەفا بارزانی خۆی نەبەستۆتەوە بە ئەجێندا و ئایدەلۆژی هیچ بەرەیەك، بەڵکو مەبەستی ئەو تەنها سەربەخۆی کوردستانە. لەڕاستیدا ئەمەش بەڵگەیەکی سەلمێنراوە، کە مستەفا بارزانی دوای خامۆشکردنی شۆڕش لە کوردستانی باشوور دەبێتە یەکێك لە پاڵپشت و کۆڵەکە هەرە بەهێزەکان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان.

---

(١) فەیسەڵ دەباغ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣– ٥٤.

(٢) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧– ٢٨٨.

(٣) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان (چەند لاپەرەیەك لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دێموکراتیی کوردستان، وەرگێڕان : بەختیار شەمەیی، (هۆڵەندە- بڵاوکراوەکانی فەرهەنگیی کورد- ٢٠٠٤)، ل٢٥.

هاوکات حکومەتی عێراقیش لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانیەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە دژبە شۆڕشی دووەمی بارزان و سەرکردەکەی، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لەسەر پڕوپاگەندەکانی حکومەتی عێراقی دژبە بارزانی دەنووسێت «مستەفا بارزانی وەك حاكمی ئەو هەرێمە هەڵسوکەوت دەکات، دەست وەردەداتە کاروباری هۆزەکان و ئیدارە و خۆراك و قەدەغەکردنی بەڵێندەران لە بنیاتنانی شەقام و قوتابخانە و نەخۆشخانە، کۆمەڵێك چەکداری ڕاگرتووە بۆ ترساندنی ناحەزەکانی»، دیارە ئەمە ڕای فەرمی حکومەتی عێراقی بووە لە شاڵاوی ڕاگەیاندن بۆ شێواندنی ڕاستیەکان، ئەگینا بارزانی سوور بوو لەسەر داواکاریی بۆ دامەزراندنی شەقام و قوتابخانە و نەخۆشخانە بۆ ناوچەکە[١].

مستەفا بارزانی سەرەڕای هەڵوێستەکانی بەغدا و لەندەن، کەچی لەهەوڵی دەستگرتن دابوو بەسەر قەیرانەکە، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی کرد بە ئەفسەرە کوردەکان خۆیان ڕادەستی ئەفسەرە ڕاوێژکارە سیاسییەکانی بەریتانیا بکەن، تا بەئاسانی بیانگەڕێننەوە یەکە سەربازییەکانی خۆیان[٢]، کەچی حکومەتی عێراقی لەو ماوەیەدا دوو هەنگاو بە پێچەوانەی هەموو بەڵێنەکان دەهاوێژێت، لەوانە ئەفسەرە کوردەکان لەناو سوپای عێراقی دوورخستەوە، پاشان میرحاج ئەحمەد دەگرێت و لە ئۆردوگای (عیمارە[٣]) زیندانی دەکات، هەوڵیش دەدات بۆ گرتنی ئەفەسەرەکانی تر، بەڵام پاش ئەم ڕووداوە ئەفسەرەکانی دیکە خۆیان گەیاندە بارزان[٤].

سەبارەت بەهەنگاوی دووەمی بریتی بوو لە دوورخستنەوەی بەهائەدین نوری لە پۆستی موتەسەریفی شاری سلێمانی لە ٥ی ئابی ١٩٤٤، ئەم دوورخستنەوەیە دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە بەهائەدین نوری جێگای ڕەزامەندی و

---

(١) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٣٠٢.

(٢) اسماعیل اردلان، نهێنییەکانی بارزان، وەرگێڕان : معروف قەرەداغی، (بەغدا- چاپخانەی مەعاریف- ١٩٥٩)، ل ل٣٩- ٤٠.

(٣) بە ووتەی میرحاج ئەحمەد زیندان یاخود ئۆردوگای عیمارە بەتایبەت بۆ کەسانی دژبە ئینگلیز دانراوە، بارودۆخ و سیستەمی ئەو ئۆردوگایە زۆر سەخت و ناخۆشە، کە لەلایەن جەنەراڵ ویلسۆن سەرپەرشتی دەکرا، کاتێك میرحاج لەوێ دەبێت، ئەم گرتووخانەیە نزیکەی ١٣٠ زیندانی تێدابووە، بەشێك لەو بەندیانە کەسانێك بوونە سەر بە فاشیزم، بەڵام زۆربەی زیندانیەکان بریتی بوون لە کۆمەنیستەکانی عیراق یاخود کوردە ناسیۆنالیستەکان. ڕێوار ڕەمەزان عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٤) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨١- ١٨٢.

باوەڕی سەركردایەتی شۆڕش بوو[١]، هەروەها لە ماوەی كاركردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی پێشكەش بە شارەكە كردبوو، كە وەك دەسكەوتێك سەیر دەكرا و هۆكارەكەشی دەگەڕایەوە بۆ شۆڕشی دووەمی بارزان[٢].

مستەفا بارزانی لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی نێوان سەركردایەتی شۆڕش و حكومەتی عێراقی، لە ٩ی ئابی ١٩٤٤ نامەیەك ئاراستەی باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەكات و داوای لێدەكات ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕێت سەبارەت بە ئەفسەرە كوردەكان و فشار بخاتە سەر حكومەتی عێراقی بۆ ئەوەی داخوازییەكانی گەلی كورد جێبەجێ بكات، لەحاڵەتێكدا ئەم كارە نەكرا، ئەوە كورد بەدەستی خۆی و هێزی چەكەكەی مافەكانی خۆی بەدەست دەهێنێت[٣].

حكومەتی عێراقی جگە لە هەنگاوە نێوخۆییەكانی دژبە شۆڕشی دووەمی بارزان، هەوڵیداوە پرسی كورد لە عێراق بكاتە پرسێكی گشتگیر بۆ ئەوەی لەدژی كورد پاڵپشتی وڵاتانی زلهێز بەدەست بێنێت، لەو بارەیەوە وەزیری دەرەوەی عێراق (ئەرشەد ئەلعومەری) لە ١٤ی ئابی ١٩٤٤ دوای دیدارەكەی لەگەڵ (Loy W.Henderson) باڵیۆزی ئەمریكا لە عێراق، ئاماژەی بەوە كردووە كە پێویستە بارودۆخی كوردستان لە گۆشە و ڕەهەندی نێو دەوڵەتی سەیر بكرێت نەوەك تەنها وەك پرسێكی ناوخۆیی، هەروەها لە ئەگەری دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ كاریگەری دەبێ لەسەر ئاسایش و یەكپارچەیی خاكی عێراق، توركیا و ئێران[٤].

حكومەتی ئەمریكا بە نیگەرانییەوە سەیری ڕووداوەكانی كوردستانی عێراقی دەكرد، هەربۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا داوا لە نێردەی وڵاتەكەیان دەكات لە عێراق زانیاری ورد لەبارەی شۆڕشی بارزان و هۆكارەكانی پشت سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە كۆبكاتەوە[٥].

دیارە گرنگیدانی ئەمریكا لەو ماوەیەدا بە شۆڕشی دووەمی بارزان پەیوەست بوو بە پەرەسەندنە نێوخۆییەكان عێراق لەهەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری،

---

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٦٨.

(٢) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص ص٢٠٩- ٢١٠.

(٣) F.O.371/40039 – E5631،9 August 1944، aletter from mulla Mustafa to Cornwallis.
محمد حازم محمد الجبوري، الاحتلال البريطاني الثاني للعراق (دراسة تاريخية في أساليبه و مظاهره)، رسالة ماجستير، كليه التربيه، (جامعه الموصل- ٢٠٠٠)، ص ص ١٧١- ١٧٢.

(٤) أيوب بارزاني، المصدر السابق، ص٢٣٧.

(٥) صديق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٩٧.

چونکە خاکی عێراق (بەسرا- بەغدا- خانەقین) وەك ڕێگایەك بەکاردەهێنرا لەلایەن ئەمریکاوە بۆ گەیاندنی هاوکاری سەربازی بۆ بەرەکانی شەڕ لە سۆڤییەت، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا پێویستی زۆری بە نەوتی عێراق هەبوو، چونکە مەترسی لادروست ببوو لەنەمانی نەوتە یەدەگەکەی بەهۆی بەردەوام بەرهەمهێنانی لە دەرئەنجامی بارودۆخی جەنگ ، بۆیە ڕاگرتنی هێمنی و ئاسایشی عێراق بۆ ئەمریکا گرنگ بوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی نەکەوێتە مەترسییەوە[١].

هاوکات لەگەڵ گرژبوونی پەیوەندییەکان، مستەفا بارزانی لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ یاداشتێکی دا بە وەزیری ناوخۆ، تێدا داوایکردبوو بە یەکخستنی ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك و خانەقین، هەروەها دانانی وەزیرێکی کورد لە وەزارەت کە بەرپرسی کوردستان بێت و لەهەر وەزارەتێك جێگرێکی وەزیر لە کورد دابنرێت، کاروباری ڕۆشنبیری و ئابووری و کشتوکاڵ جگە لە کاروباری سوپا و پۆلیس لە دەسەڵاتی ئەم یەکە ئیدارییە دابێت[٢].

حکومەتی عێراقی لەبری بەدەمەوە هاتنی داواکارییەکان بەردەوامیدا بەو سیاسەتانەی کە دژبە خواستەکانی گەلی کورد بوون، لەو بارەیەوە "حەسەن مستەفا" جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو یاداشتنامەیەی مستەفا بارزانی بۆ وەزیری ناوخۆ ناردوویەتی بەهاندانی ئەفسەرە کوردەکان بووە، چونکە ئەوان ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە هاندانی سەرۆك هۆزە کوردییەکان بۆ داواکردنی مافەکانیان و پاڵپشتیکردن لە مستەفا بارزانی دژبە حکومەتی عێراقی[٣].

لەسەر پابەند نەبوون و جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت، مستەفا بارزانی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٤ لە دیدارێکدا لە گوندی "سیدەکان" لەگەڵ "مالکوم" ئەفسەری پلە بەرزی بەریتانی لە عێراق، پێی ڕادەگەیەنێت کە باوەڕ بە عەرەب ناکات دوای ئەوەی بڕیاری هاندان لە کوردەکان دەدەن بۆ شەڕ و زۆرداری[٤]، هەروەها مستەفا بارزانی هەر لە چاوپێکەوتنەکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەبەستی عەرەب ئاشتی نییە و بەڵکو حکومەتی عێراقی جیاوازی دەکات لەنێوان ناوچەکان، بەشێوەیەك یارمەتی پێشکەش بە شێخە عەرەبەکان دەکات کەچی لەبەرامبەردا ناوچە کوردییەکان پشتگوێ دەخات، گەلی کورد ئارەزووخوازە بە ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەی بژێت و شەڕ نەکات، بەڵام ئەوان ناچاری دەکەن، وەڵامی "مالکوم"

---

(١) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص١٤١– ١٤٢.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری....، ل ل٤٨– ٤٩.

(٣) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص٦٥.

(٤) عەبدولخالید سابیر کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٣.

لـەو دیـداره تەنهـا بریتـی بـوو لەوەی كـە بەریتانیـا ئامادە نییـە قوربانی بـە پێگەی خۆی بـدات لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەپێناو كـورد[1].

لـەو هەڵومەرجـەدا حیزبـی هیـوا لە ڕێكەوتـی ١٠ی شـوباتی ١٩٤٥ كۆنفرانسـێكی لە ناوەنـدی حیـزب كـە لـە شـاری بەغـدا بـوو بەسـت، نامەیەكیـان لـە ڕێگـەی "محەمـەد مەحمـوود قودسـی[2]" نـارد بـۆ مسـتەفا بارزانـی لـە دەڤـەری بـارزان بـۆ یەكخسـتنی هەوڵەكانیـان و دامەزراندنـی لێژنەیەكـی هاوبـەش بـۆ سـەركردایەتی كردنـی شـۆڕش[3]، بـەم شـێوەیە لـە ڕێكەوتـی ١٥ی شـوباتی ١٩٤٥دا لـە گونـدی بـارزان پـاش كۆمەڵێك كۆبوونـەوەی چـڕ و پـڕ بـە سەرپەرشـتی مسـتەفا بارزانـی و ژمارەیـەك لـە ئەفسـەره هاوڕێكانـی بڕیـاردرا لەسـەر پێكهێنانـی لێژنەیـەك[4] بەنـاوی (هەیئەتـی ئـازادی) بـە سـەرۆكایەتی مسـتەفا بارزانـی[5]، هـەر لە كۆنگرەكـەدا بڕیـاردرا كەوا بەشـێوەیەكی كاتی گونـدی بـارزان بكرێتـە ناوەنـدی بـارەگای سـەرەكی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی كـوردی، كاربكرێـت بـۆ سـەربەخۆیی باشـووری كوردسـتان، هەروەهـا كـورد سیاسـەتی خـۆی بـە هیـچ كام لـەو بلۆكانـەی كـە هـەن پەیوەسـت نـەكات[6].

---

(١) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٣٢٢.

(٢) ناوبـراو بـە بنەچـە خەڵكـی شـاری سـلێمانییە و لـە بنەماڵەیەكـی نـاوداری ئـەو شـارەیە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی لـە شـاری (قـودس)ی فەلەسـتین لەدایكبـووە ئـەو نازنـاوەی لێنـدراوە، لـە سـاڵی ١٩٤٢ كۆلێـژی ئەفسـەری لـە بەغـدا تـەواو دەكات و بەشـداری كـردووە لـە شۆڕشـی بـارزان و پـاش لەناوچوونـی شـۆڕش لەگـەڵ مسـتەفا بـارزاني دەچێتـە كۆمـاری كوردسـتان لـە مەهابـاد، دوای هـەرس هێنانـی كۆمـار دەگەڕێتـەوە عێـراق و لەلایـەن حكومەتـی پادشـایەتییەوە بـە تۆمەتـی خیانـەت لـە عێـراق و بەشـداریكردنی لـە شۆڕشـی بارزانـدا لـە ١٩ی حوزەیرانـی ١٩٤٧ لـە سـێدارە دەدرێـت. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عەبدولخالیـد سـابیر كەریـم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣١٧.

(٣) محمـد علـی سـلطانی، اوضـاع سیاسـی اجتماعـی تاریخـی ایـل بـارزان، (تهـران- سـازمان اسناد و كتابخانـە ملـی جمهـوری اسلامی ایـران، ١٣٨٤هــ ش)، ص٦٧.

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٥) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، پەنجـەكان یەكـتری....، ل٤٩. ئەفسـەره بەشـداربووەكان لـە دامەزراندنـی لێژنـەی ئـازادی بریتـی بـوون لـە: (عـزەت عەبدولعەزیـز خەڵكـی ئاكـرێ، مسـتەفا خۆشـناو خەڵكـی بێتواتـە، عەبدولحەمیـد باقـر خانەقیـن، مەحەمـەد مەحمـود قودسـی سـلێمانی، ئەحمـەد ئیسـماعیل هەولێـر، شـەوكەت نەعـمان ئاكـرێ، حیفزوڵـڵا ئیسـماعیل ئاكـرێ). محمـد علـی سـلطانی، منبـع پیشـین، ص٦٧.

(٦) ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

لێژنـەی ئـازادی چەنـد بڕیارێکـی گرنگـی وەك بەرنامـەی سـەرەکی شـۆڕش دەرکـرد لەوانـە یەکخسـتنی هـۆزە کوردییـەکان سـەرەتا لـە دەڤـەری بـارزان و پاشـان هەمـوو ناوچەکانی دیکەی کوردسـتان، هەروەها ڕزگارکردنی کوردسـتانی عێراق لە ڕێگای سیاسـی و ئاشـتی بەپێـی توانـا، لەگـەڵ پەیوەنـدی دروسـتکردن لەگـەڵ حیزبـە ئازادیخـوازەکان[١] و گەیاندنـی داخوازییەکانـی گەلـی کـورد بـە نوێنەرانـی وڵاتانـی بیانـی و خەباتکـردن لـەدژی سیاسـەتی داگیـرکاری و ئیسـتعماری و ڕێکخسـتنی هێـزە چەکدارەکان و کاری ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە[٢].

دوابـەدوای پێکهینانـی لێژنەی ئازادی، سـەرۆکی پارتی هیوا لـە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ نامەیـەك بـۆ مسـتەفا بارزانـی دەنێرێـت و تێـدا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە هەر بزووتنەوەیەکـی نەتەوایەتـی ئەگـەر دووربینـی و پەیڕەوپرۆگرامێکـی ڕوونـی نەبێـت تووشـی شکسـت دەبێـت، هەروەهـا تیشـك دەخاتـە سـەر ئـەوەی بزووتنەوەکـە بەهێزە و پێویسـتی بـە سـەرکردەیەکی چاونەتـرس و بەتوانایـە لەگـەڵ دوو دەسـتی بەهێـز، دەسـتێکی سـەربازی ئەویتریـان سیاسـی، وە هەوڵبدەیـن کـە هـەردوو ڕێکخراوەکەمـان (پارتـی هیـوا و لێژنـەی ئـازادی) بکەیـن بەیـەك و مەڵبەنـدی سـەرکردایەتی لـە بـارزان بێت[٣].

مسـتەفا بارزانـی لە ١٥ی شـوباتی ١٩٤٥ پێشـوازیی لـەو هاودەنگییە کرد و پێشـنیاری کـرد مەڵبەنـدی چالاکییەکانـی پارتـی هیـوا لـە بەغـدا بمێنێتـەوە و لەکاتی دەسـتپێکردنی شـەڕدا مانگرتـن و خۆپێشـاندان دژی حکومـەت سـاز بکـەن، بە پەخشـکردنی بڵاوکراوەی خۆیـان هەواڵـی شـۆڕش بگەیێننـە خەڵکـی عێـراق و شـار و شـارۆچکە و دێهاتەکانـی کوردستان[٤].

گومـان لـەوەدا نییـە کـە لـەو ماوەیـەدا حکومەتـی عێـراق جووڵانەوەکانـی بارزانـی و پەیوەندییەکانـی ئەوانیـان لەگـەڵ هیـوا و لایەنگرەکانـی تریـان خسـتبووە ژێـر چاودێرییـەوە، هەروەهـا پارتـی هیـواش بـە ووردی لـە جووڵانـەوە سـەربازییەکانی حکومـەت ئاگاداربـوو، بۆیـە لـە سـەرەتای ئـازاری ١٩٤٥ سـەرکردایەتی شۆڕشـی لـەو بارودۆخـە ئـاگادار کـردەوە کـە تیپـی چـواری سـوپای عێـراق گەیشـتۆتە باپشـتیان و مەبەسـتی وایـە لـە ڕۆژی ٥ی ئـازار هێـرش بکاتـە سـەر دەڤـەری بـارزان[٥].

(١) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص٨٧.

(٢) ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

(٣) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل٤٦٩.

(٤) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٠– ٥١.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

دوابـەدوای ئـەم ئاگاداركردنەوەیـە، لێژنـەی ئـازادی بە سـەركردایەتی مسـتەفا بارزانی بەپەلـە كۆبوونەوەیەكیـان ئەنجامـدا و بڕیاریانـدا هێزەكانیـان بۆ سـەر سـێ بـەرە دابەش بكـەن، بـەرەی ڕۆژهـەڵات (مێرگەسـۆر، شـێتنە، برادۆسـت) بـە سـەركردایەتی (مسـتەفا خۆشـناو و محەمـەد مەحمـوود قودسـی)، بـەرەی ڕۆژئـاوا بـە سـەركردایەتی (عیـزەت عەبدولعەزیـز و عەبدلحەمیـد باقـر)، هەروەهـا هەرەیـەك لـە (شـێخ سـلێمان و شـێخ عەبدولسـەلام) سـەركردایەتی بـەرەی ئاكرێیـان دەكـرد[١].

هەروەهـا مسـتەفا بارزانیـش سـەركردایەتی هەمـوو بەرەكانـی دەكـرد لـە ناوەنـدی سـەركردایەتیدا كـە لـە گونـدی بـارزان بـوو، بـەڵام هێزەكانی حكومـەت پاشـگەزبوونەوە لـە هێرشـكردنە سـەر بـارزان، پـاش ئـەوەی ئاگاداركرانـەوە كـە كـورد لەلایـەن خۆیـەوە ئامـادەكاری تـەواوی كـردووە[٢]، ئـەم خـۆ ئامادەكردنـەی شـۆڕشـگێڕان بـۆ پارێـزگاری دەرفەتـی لەدەسـتی حكومـەت دەرهێنـا و ناچـاری كـرد پەیوەنـدی بـە شـۆڕشـگێڕانەوە بـكات و هـەوڵ بـدات بارەكـە ئـارام بێتـەوە، هەرچەنـدە بەرنامـەی شـۆڕش گرژكردنێكی بـۆ شـەڕ هەڵگیرسـاندن تێـدا نەبـوو، لـەم قۆناغەدا تەنیـا دەیویسـت خۆی قایـم بكات و ڕێ لـە شـاڵاوی كتوپـڕی حكومـەت بگرێـت[٣].

شـیاوی باسـكردنە پـاش ئامادەكارییەكانـی سـەركردایەتی شـۆڕش، موتەسـەریفی هەولێـر لـە ٢٤ی ئـازاری ١٩٤٥ بروسـكەیەك دەنێرێـت بـۆ مسـتەفا بارزانـی، تێـدا داوای كردبـوو كـە كات و جێگایـەك دیـاری بـكات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نوێنـەری باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا كۆببێتـەوە، بارزانیـش گونـدی "شـاوراو"ی دیاریكـرد بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو كۆبوونەوەیـە[٤]، ڕۆژێـك دواتـر بارزانـی چـاوی كـەوت بـە (كاپتن سـتۆكس) یاریـدەدەری ڕاوێـژكاری سیاسـی باڵیـۆزی بەریتانـی لـە عێـراق، ناوبـراو نامـەی باڵیـۆزی بەریتانـی بـۆ بارزانـی هێنابـوو لـەوە دڵنیـای كردبـۆوە كـەوا مەبەسـت لـە بوونـی هێزەكانی عێـراق لە ناوچەكـەدا بـۆ لێدانـی بزووتنـەوەی كـوردی نییـە، بەڵكـو تەنیـا بـۆ ئەنجامدانـی مانـۆڕی سـەربازییە[٥]، هەروەهـا داوای لـە بارزانـی كردبـوو كـەوا پێویسـتە گوێڕایەڵـی حكومەتی

(١) اسماعیل اردلان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٢) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص٨٨.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

(٤) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە....، ل٤٧٧.

(٥) *F.O 371/ 5340 X/M 00254، No: 129، English original of letter sent by H.N. Ambassdor to mulla Msustapha، 20-3-1945*؛

كامـەران مەنتـك، كوردسـتان لـە سیاسـەتی هەرێمایەتیـدا ١٩٣٢- ١٩٥٢، (هەولێـر- بلاوكراوەكانـی سـەنتەری لێكۆڵینـەوەی فیكریـی و ئەدەبـی نما- ٢٠١٠)، ل١١٩.

عێراق بێت[١].

لەوەڵامدا مستەفا بارزانی ڕایگەیاند ئەو ئامادەیە گوێڕایەلی حکومەتی عێراقی بێت بەو مەرجەی ئەوانیش سەرجەم داواکارییەکانی کورد جێبەجێی بکەن [٢]، هەروەها جەختیشی لەوە کردەوە ئەگەر ئەو مانۆرە سەربازییە هیچ جۆرە ئامانجێکی جیاوازیان نییە ئەوکاتە با لە شوێنێکی تر لە دەرەوەی کوردستان ئەنجام بدرێت، چونکە کوردستان توانای هەڵگرتنی ئەم جۆرە تەتبیقاتانەی نییە[٣].

حکومەتی بەریتانیا لە سەرەتای نیسانی ١٩٤٥ هەستا بە گۆڕینی باڵیۆز کۆرنوالیس و دانانی (ستۆن هیۆت)، ڕاستەوخۆ سیاسەتی پشتیوانی بێ مەرجی حکومەتی بەریتانی بۆ حکومەتی عێراقی دەستی پێکرد بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردی هەروەها باڵیۆزی نوێ لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی بەریتانی لە عێراق خستەڕوو، لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی تازە نابێت پەیوەندی بکرێت بە کەسایەتی و سەرکردە کوردەکانەوە و دەبێت کورد هان بدرێت بەبێ مەرج ملکەچی حکومەتی عێراقی بێت[٤].

هەرچەندە هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە کەوا بە گۆڕانی باڵیۆز کۆرنوالیس گۆڕان بەسەر سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد داهات، چونکە کۆرنوالیس هاوسۆزی پرسی کورد بووە و لەگەڵ پێدانی مافەکانی کورد بووە، کەچی مستەر ستۆن سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەوی هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە بزانین کەوا لە کۆتاییدا هەردووکیان فەرمانبەری بەریتانیا بوونە لە عێراق، هیچ کام لەو دووانەیان نەیانتوانیووە هیچ هەنگاوێك بنێن لە خۆیانەوە کە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان بێت، کەواتە لەسەردەمی کۆرنوالیس لە عێراق بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا وای دەخواست کە ناوبراو خۆی وا نیشان بدات دۆستی کوردە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین لەسەردەمی ئەویش دا جگە لەچەند کردارێکی سەرەتایی حکومەتی عێراق هیچ کام لەخواستە سەرەکییەکانی کوردی جێبەجێ نەکرد، هەروەها دەبێ وەك کورد ئەوەمان لەبیر بێت کەوا بەریتانیا چەند جارێکی تر هەمان سیاسەتی بەرامبەر بە کورد پەیڕەو کردووە، بەتایبەتی لەکاتی هەوڵەکانی شێخ مەحموود ١٩١٩و پشتگیرییەکانی (مێجەر نۆئێل)[٥] لە پرسی کورد، کە هەندێك لە مێژوونووسان

---

(١) اسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص٢٢٥.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٨٠.

(٣) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

(٤) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٢٩٥.

(٥) مێجەر نوئێل: ئەفسەرێکی چالاکی بەریتانی بوو، شارەزای خاکی کوردستان بوو و فارسی

بەهەمان شێوە کەوتوونەتە ژێر هەست و سۆزەوە پێیان وایە دۆستی کورد بووە و لەگەڵ داخوازییەکانی کورد دابووە، بەڵام کاتێك بەریتانیا لە عێراق جێ پێی قایم کرد ناوبراوی لابرد و (مێجەر سۆن)ی لە شوێنی دانا کە دژی هەموو داخوازییەکانی کورد بوو، جگە لەوەی ڕۆڵی سەرەکی بینی لە لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی تازە دامەزراودا.

لەسەردەمی باڵیۆزی نوێدا، (مێجەر مۆڕ) نوێنەری باڵیۆزی تازە دەست بەکاربوو لە عێراق لە ٢٥ی نیسانی ١٩٤٥ دەچێتە دەڤەری بارزان بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی، لەکاتی دیدارەکەیدا بە شێخ ئەحمەد ڕادەگەیەنێت کە پێویستە "بەبێ مەرج چەکەکانیان دابنێن و فەرمانەکانی حکومەتی عێراقی جێبەجێ بکەن "[1]، بەڵام شێخ ئەحمەد لە وەڵامدا پێی ڕاگەیاندبوو "کەوا بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی ناوچەکانی دەورووبەریان کە چەکدارن، پێویستە سەرەتا لەوان دەست پێبکەن دواتر ئێمە ئامادە دەبین چەك دابنێن"[2].

قسەکانی(مێجەر مۆڕ) جارێکی تر نا ئومێدی دروست کرد بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد، لەگەڵ ئەوەش کاتێك گەڕایەوە بۆ هەولێر گفتی دا بەناوی حکومەتەکەیەوە کە هەموو هەوڵێك دەدرێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێ کردنی پێکهاتنەکەی ساڵی ١٩٤٣، هەروەها داواشی کرد ئەفسەرەکانی ناو شۆڕش بگەڕێنەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی حکومەت دڵنیابێت و گومانیان نەمێنێت[3].

لێژنەی ئازادی لەسەر گفتەکانی (مێجەر مۆڕ) سەبارەت بە گەڕانەوەی

---

بەباشی دەزانی، لەسەرەتادا لەناو خێلی بەختیاری کاری دەکرد لە ساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نوێیل توانی بچێتە ناو کۆمەڵگەی کوردەوە و پەیوەندی پتەو لەگەڵ سەرۆك خێل و کار بەدەستانی کوردستاندا ببەستێت و کوردیەکی پوخت فێر ببوو، لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩١٨وەکو حاکمی سیاسی لە کەرکووك دامەزرا، دواتر وەك ڕاوێژکار لەگەڵ شێخ مەحموود کاری کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مێجەر نوێیل، یادداشتەکانی مێجەر نوێیل لە کوردستان، وەرگێڕان: حسێن ئەحمەد جاف، حسێن عوسمان نیرکسە جاری، (بەغدا- ١٩٨٤)، ل٧٨ ؛ سەلام ناوخۆش، شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەکەی داگیرکەران، چ١، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠١٠)، ل٣٢.

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧ ؛ عمار یوسف عبدالله عوید العکیدی، السیاسة البریطانیة تجاه عشائر العراق ١٩١٤-١٩٤٥، اطروحة دکتورا، کلیە التربیە، (جامعة الموصل- ٢٠٠٢)، ص٣٤٩.

(٢) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص٣٢٦.

(٣) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل٤٧٧.

ئەفسەرانی كورد بۆ بەغدا، لە ٣٠ی نیسانی ١٩٤٥ كۆبوونەوەیەكی ئەنجام دا، كە تێیدا بڕیاردرا لەسەر گەڕانەوەی ئەفسەرە كوردەكان بۆ بنكە سەربازییەكانی خۆیان، جگە لە (میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو) كە دادگایان لەسەر بوو بەهۆی چوونیان بۆ مەهاباد[١]، هەر بە گەیشتنی ئەفسەرە كوردەكان بۆ بەغدا یەكسەر دەدرێنە دادگەیەكی سەربازی كە ئەمیش خۆی لەخۆیدا نیاز خراپی حكومەتی دەنواند بەرامبەر بە ئەفسەرە كوردەكان، بۆیە لەیەكەم هەلدا خۆیان دەگەیەننە بارزان[٢].

مستەفا بارزانی پاش ئەوەی بێ ئومێد بوو لە چارەسەركردنی ئاشتیانەی پرسی كورد لەگەڵ بەغدا لەلایەك و بەدەستهێنانی پشتیوانی بەریتانیاش لەلایەكی دیكەوە، بۆیە لە ٧ی ئایاری ١٩٤٥ هەریەك لە (میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو و مامەند كریستیان) دەنێرێتە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی و یەكێتی سۆڤیەت[٣].

دوای چەند دانیشتنێكی نێوان نوێنەرانی كورد و نوێنەرانی سیاسی و سەربازی سۆڤییەت لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، سۆڤییەتییەكان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە كەوا هاوكاری بزووتنەوەی كوردی بكەن لە باشووری كوردستاندا[٤]، پاشان ئەو ڕێكەوتنە دەبێتە دەرفەت بۆ ئەوەی مستەفا بارزانی چاوی بكەوێت بە فەرماندەی هێزەكانی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەناوی (سیماندۆڤ)[٥].

گومان لەوەدا نییە یەكێك لەو هۆكارانەی كە بەریتانیای لە داهاتووی شۆڕشی بارزانی ترساندبوو ئەو ئەگەرە بوو، چونكە ئینگلیزەكان پێیانوابوو دروست بوونی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ حكومەتە سۆسیالیستەكەی سۆڤیەتدا، دەڤەرە نەوتییەكەی كەركووك كە ئینگلیز وەك سەرچاوەیەكی گرنگ سەیری دەكرد لەكاتی سەركەوتنی كورد دەچووە ژێر دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەكەیانەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەكانی بەریتانیای لە دواڕۆژدا ڕووبەڕووی مەترسیەكی حەتمی دەكردەوە[٦].

---

(١) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٢) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٣) واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٥- ٦٦.

(٤) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٥) لەو بارەیەوە «عوسمان عەلی» پێیوایە ئەم چاوپێكەوتنەی مستەفا بارزاني بە جەنەرال سیماندۆڤ بۆ مسۆگەركردنی دالّدەیەكی ئەمین بۆ ئەوكاتەی هێزەكانی ناچاری پاشەكشە دەبن. عوسمان عەلی، چەند لێكۆڵینەوەیەك....، ل٣٠١.

(٦) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

سەرەڕای مەترسییەکانی بەریتانیا کەچی سۆڤییەتییەکان گومانیان لە کوردەکانی باشوور هەبووە بەتایبەتی ئەوانەی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە دەچوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت، بۆیە ئامادەنەبوونە بە تەواوەتی هاوکاریان پێشکەش بکەن(١)، ئەگەر لەکاتێکدا سۆڤییەتییەکان هەر بەڵێنێکیان بە مستەفا بارزانی و نوێنەرەکانیشی دابێت تەنیا بۆ بەکارهێنانی کارتی کورد بووە لە بەرژەوەندی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو ململانێیە ئایدۆلۆژییەی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە هەبووە، چونکە هەوڵەکانی کورد بۆ وەدەستهێنانی پاڵپشتی سۆڤیەت و بەڵێنەکانی سۆڤیەت خۆشی کە بە مستەفا بارزانی و نوێنەرەکانیشی دابوو هیچ بەرهەمێکیان لێ شین نەبووە(٢).

هەرچەندە ڕووسەکان لە ڕواڵەتدا خۆیان بەدۆست و پشتیوانی کورد نیشان دەدا، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوان کۆسپی ڕاستەقینەی بەردەم گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردی بوون، بە جۆرێك نەیاندەویست بزووتنەوەی کوردی لەو ئاستەی هەیە زیاتر پەرە بستێنێت"(٣)، هەر بۆیە مێژوونووسێك دەڵێت "جێی سەرنجە کە کورد بە درێژایی مێژوو بە دەگمەن خێری لە ڕووسەکان دیوە، چونکە کورد زۆرجار پەیوەندی پێوە کردوون و داوای کۆمەك و یارمەتی لێکردوون کەچی هەڵوێستی ڕووسەکان هەموو جار نێگەتیڤانە بووە(٤).

دیارە ئەم هەوڵەی بارزانی لە دەرئەنجامی ئەوە بووە کە هیچ چاوەڕوانییەك لە حکومەتی عێراقی نەدەکرا بۆ قبوڵکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد، سەرەڕای ئەوەش مستەفا بارزانی هەموو ڕێگاکانی ئاشتی لەگەڵ حکومەت تاقیکردەوە، بەڵام دەرکەوت ئەم پەیوەندی و دیدارانە هیچ بەرەوپێشچوونێکی ئەرێنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو هەندێك لەو دیدار و کۆبوونەوانە ئاڵۆزییەکانی زیاتر کرد(٥).

لەو بارەیەوە لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٥ سەعید قەزار موتەسەریفی هەولێر بە یاوەری کاپتن جاکسن جێگری ڕاوێژکاری سیاسی کەرکووك داوایانکرد دیدارێك لەگەڵ مستەفا بارزانی ساز بدەن لە مێرگەسۆر، بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٠ی هەمان مانگ

(١) ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(٢) واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(٣) کامەران مەنتك، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٢- ١٢٣.

(٤) عەبدوڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا (لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان)، (خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر- ٢٠٠٤)، ل ١٧٣.

(٥) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٨٤.

کۆبوونەوەکە ئەنجام درا[١]، بەڵام وتووێژەکان ئاڵۆزی تێکەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی موتەسەریفی هەولێر سەرکۆنەی مستەفا بارزانی کرد، بەوەی پەیوەندی بە نوێنەری ڕووسیا کردووە و ئەمەشی بە ناشایستە داوەتە قەڵەم[٢].

لە وەڵامدا بارزانی بە سەعید قەزار دەڵێت "ئێوە ناپاکیتان لەگەڵ بەڵێن و پەیمانەکانتان کرد، هەموودەرگاکانتان داخست، دەرگەیەك نەمایەوە لێی نەدەم، بەمەبەستی چارەی کێشەی کورد، من لە هەڕەشەی ئاغاکانتان نەترسام، ئیدی چۆن لە هەڕەشەی تۆ بترسم کە نۆکەرێکی کەساسی ئەوانی"[٣] دیارە ئەم دیدارە کۆتایی بە گفتوگۆکان دێنێت، هەردوولا خۆیان بۆ جەنگ ئامادە دەکەن.

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٢) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٣٠١.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

**تەوەری دووەم :**

**خامۆشکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان و دەرئەنجامەکانی**

سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی حکومەتی عێراقی، مستەفا بارزانی لە٢٠ی حوزەیرانی١٩٤٥، یاداشتنامەیەکی ئاراستەی باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد، تێیدا ناڕەزایی خۆی دەربڕی لەسەر پێشێلکاریەکانی حکومەتی عێراقی بەرامبەر ڕێکەوتنامەکەی ساڵی ١٩٤٣[١]، بەڵام ئەوکاتە وادیاربوو ئەو ئاگربەستە چیتر کاری پێنەکرێ و دەرفەتی بە ئاشتی پێکەوەژیان لەبەرامبەر ئەگەری بەکارهێنانی لەشکرکێشیدا کورتیهێنابێ، یەکانگیری بەرژەوەندی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق کە سەربە بەرەی هاوپەیمانەکان بوون لەجەنگی دووەمی جیهانی ببووە مایەی دەسخەڕۆیی دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد و دژایەتی کردنی مستەفا بارزانی[٢].

مستەفا بارزانی لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٤٥ دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی ئازادی بڕیاریدا سەردانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی پاڵپشتی هۆزەکانی ناوچە جیاوازەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات[٣]، کە تیایدا سەردانی ناوچەکانی (دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، سەرسنگ و بامەرنێ) کرد، هەروەها نیەتی وابوو سەردانی ناوچەکانی زاخۆ، سنجار، ڕواندز، پشدەر، ڕانیە، هەڵەبجە و خانەقین) بکات، بەڵام بەهۆی بارودۆخ و خێرایی ڕووداوەکان سەردانەکان نەکران[٤].

گەشتەکەی بارزانی و ئەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئینگلیز و کاربەدەستانی عێراقی دەرخست، کە بارزانی چەند بەنرخە لەلای گەلەکەی، بۆیە نامەیان بۆ نارد و داوایان لێکرد گەشتەکەی بوەستێنێ، دیارە مەبەست لەم داخوازییەی حکومەت ئەوە بوو بارزانی بگەڕێتەوە بارزان، بەڵام بارزانی ئەم داوایەی حکومەتی ڕەتکردەوە و درێژەی بە گەڕانەکەیدا بە ناوچەکەدا[٥]، لەو هەلومەرجەدا ڕۆژبەڕۆژ دیاردەی بێ متمانەیی بەڕوونی دەردەکەوت لەنێوان هەردوو لایەن، بۆ ئەم مەبەستە ئینگلیزەکان لەڕێگای "کۆلۆنێل ئارمید" ڕاوێژکاری سیاسی لە مووسڵ لە ٢٩ی تەمموزی ١٩٤٥ داوایان لە بارزانی کرد سەردانی موتەسەریفی مووسڵ

(١) واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٦٦– ٦٧.

(٢) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٣) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

(٤) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٩٠.

(٥) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٤٦– ١٤٧.

بکات، بەڵام بارزانی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە[(١)]، چونکە خوێندنەوەیەکی باشی هەبوو بۆ هەستیاری بارودۆخەکە کە بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو ڕووبکاتە شاری مووسڵ، چونکە ئینگلیزەکان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە کێشەی کورد پەیوەستە بە خودی مستەفا بارزانی، بەجیاکردنەوەی ناوبراو لەو کێشەیە ئەوە بابەتەکە سەبارەت بەوان کۆتایی دێت و چارەسەر دەبێت، هەر بۆیە ئینگلیزەکان بۆ پێکانی ئامانجەکەیان بیریان لە بانگهێشت کردنی بارزانی بۆ مووسڵ کردەوە بەمەبەستی و دەستگیر کردنی[(٢)]، ڕەنگە سیاسەتە دوو فاقیەکەی بەریتانیا وای لە بارزانی کردبێت بڕوای بەدانیشتن لەگەڵ بەریتانیەکاندا نەمێنێت، تەنانەت گومانیان لەسەر دروست بکات کەوا لە شارێکی وەك مووسڵ کە دوورە لە ناوەندی سەرکردایەتی شۆڕش چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدات.

دوابەدوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی بەریتانیا لەلایەن مستەفا بارزانی، ڕاوێژکاری سیاسی بەریتانی لە شاری مووسڵ لە ٣ی ئابی ١٩٤٥ نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ بارزانی نارد[(٣)]، کە لە ناوەرۆکی نامەکەدا بەڕوونی پاڵپشتیەکانی بەریتانیا بۆ حکومەتی عێراقی دەردەکەوێت[(٤)]، بەشێوەیەك ناوبراو لە نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "لەلایەن باڵیۆزەوە لە بەغدا فەرمانم پێکراوە ئاگادارت بکەمەوە کەوا هەڵسوکەوتەکانت بۆ بەریتانیا ماندووکەرانەیە، پێویستە جووڵانەوەکانت بوەستێنیت، ئەگینا لەکۆتایدا حکومەتی عێراقی هەموو ڕێوشوێنێك دەگرێتەبەر، لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی حکومەت ئەوە چاوەڕوانی سۆز و یارمەتییەکانی ئێمە نەبیت، ئارەزوو دەکەم بەڕوونی پێت بڵێم ئەوە کۆتا ئاگادارکردنەوەیە لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا" [(٥)]، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئینگلیزەکان پێش هەمووان بەخێرایی دەستپێشخەریان کردووە و بەشێوەیەکی فەرمی ڕایانگەیاندووە ئەوان لە پشت ئەو بەڵێنانەوە نین کە پێیشتر بە کوردەکانیان داوە[(٦)].

هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردی و حکومەتی عێراق بە پاڵپشتی بەریتانیا زیاتر بەرو ئاڵۆزی دەچوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی

---

(١) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٨٥.

(٣) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٤) برهان ابابكر ياسين، المصدر السابق، ص١١٥.

(٥) ڕاپەرینەکانی بارزان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی...، ل ل١٥٦- ١٥٧ ؛ غانم محمد العفو، عبدالفتاح على البوتاني، المصدر السابق، ص٨٤.

(٦) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

٨ی ئابی ١٩٤٥ (وەلی بەگ)، کاتێك بۆ وەرگرتنی ئازووقە سەردانی بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی مێرگەسۆر دەکات، لەلایەن پۆلیسەکان لەگەڵ چەند یاوەرێکی دەکوژرێت، ئەم ڕووداوە دۆخەکەی ئاڵۆز کرد و گەیاندیە ئاستی پێکدادانی چەکداری[١]، لەم دۆخەدا مستەفا بارزانی لە دەرەوەی بارزان بوو، سەرقاڵی گەشتەکەی بوو لە قەزاو ناحییەکانی لیوای مووسڵ[٢]، لە ١٠ی ئاب کە لە گوندی "مرێبا" بوو دەیویست ڕووبکاتە باعەدرێ مەڵبەندی ئێزیدیەکان و لەوێشەوە بۆ شەنگال، نامەیەکی شێخ ئەحمەدی بارزانی پێگەیشت سەبارەت بە ڕووداوەکەی پۆلیسخانەی مێرگەسۆر و داوای لێکرد دەست بەجێ بگەڕێتەوە بارزان[٣].

ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە سوپا ڕێوشوێنی تەمبێکەرانە دژی بارزانییەکان دەست پێ بکات، بۆ ئەم مەبەستە هێزە ئاسمانیەکانی عێراق بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە ١٣ی ئابدا بۆردومانی گوندی (بلێ) یان کرد لە دەڤەری بارزان[٤]، مستەفا بارزانیش دوای گەڕانەوەی ئەو پەڕی کۆششی خۆی بەکارهێنا و داوای لە حکومەت کرد کە کار و کردەوەی تەمبێکەرانە ڕابگرێ و کار بکات بۆ ئەوەی گیروگرفتەکان بەڕێوشوێنی نەرم و نیان چارەسەر بکات، بەڵام بارزانی لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە حکومەت دەرفەت و بیانووی خۆی لەبار زانی بۆ ئەوەی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی فراوان دژی سەرکردایەتی کورد دەست پێ بکات[٥].

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی هەر لەگەڵ ڕووداوەکەی پۆلیسخانەی مێرگەسۆر لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بڕیاردەدات دەڤەری بارزان بەهۆی هێزی سەربازیەوە داگیر بکات[٦]، لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا پەرەسەندنی بارودۆخی زێبار و دەورووبەری گەیشتۆتە ئاستی وێرانی و مەترسی، هەروەها ئەنجامدانی کاری تاوانکاری و مەترسی بۆ سەر ئاسایش لەلایەن بارزانی و دارودەستەکەی[٧]، بۆیە لەسەر ئەساسی گەڕانەوەی ئاسایش و نەهێشتنی کاری تاوانکاری بڕیاریاندا لە ڕێگای شاڵاوی سەربازی ناوچەکە داگیر بکەن و تاوانباران بگرن و دادگایی دادگەرانەیان

(١) صلاح الدين محمد سعدالله، كردستان والحركة الوطنية الكردية، (بغداد- مطبعة الأهالي- ١٩٥٩)، ص٤٥ ؛ محمد على سلطانى، منبع پيشين، ص٩٨.

(٢) وليام ايغلتن الابن، المصدر السابق، ص٩٦.

(٣) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٤) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص١٩٦- ١٩٧.

(٥) دانا ئادامز شميدت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(٦) تلار على امين، المصدر السابق، ص١٦٨.

(٧) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٣٠٤.

بکەن و ئارامی بگەڕێنینەوە بۆ ناوچەکە[١].

لەو دەمەدا حکومەتی عێراقی ڕووبەڕووی دووڕیانێکی هەڵبژاردنی دژواردا بووەوە، لەلایەك بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوو ڕێگا بدات بە بارزانی و شۆڕشگێڕە یاوەرەکانی درێژە بەبوونی خۆیان بدەن لە کوردستان و هەروەها هەر بابەتێکیش بەناوی خودموختاری یاخود هەر جۆرە سیستەمێك کە کەمترین نیشانی لەچەق سرینەوەی تێدا بێت بێتە ئاراوە، لەلایەکی دیکەوە حکومەت باش دەیزانی کە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بارزانی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دەسترۆیشتوویی و دەسەڵاتە بەربڵاوەی لەناو جەماوەردا هەیبوو، لەگەڵ هەڵکەوتوویی باری جوگرافی ناوچەکە کارێکی ئاسان نابێت بۆیان[٢].

سەرەڕای ئەوەش مستەفا بارزانی لە ١٨ی ئابی ١٩٤٥ کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی ئازادی ئەنجامدا، تێدا بڕیارياندا بەهەموو توانایەك هەوڵبدەن ئارامی بپارێزن و خۆیان لابدەن لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراقی[٣]، هاوکات یاداشتێکیاندا بە حکومەتی عێراقی و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا و وێنەی ئەو یاداشتەیان بۆ باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی بیانی لە بەغدا نارد[٤].

ناوەڕۆکی بەیاننامەکە جەختی دەکردەوە لەم خاڵانەی خوارەوە :

١- وەزارەتی نوری سەعید لە ٢٥ کانونی دووەمی ١٩٤٤ بڕیاری لەسەر پێویستی هەستان بە چاکسازییەکانی بەڕێوەبردن لە ناوچەی کوردستان دابوو، سەرۆك وەزیرانی ئێستاش لەکاتی هاتنە سەر حوکمدا پشتیوانی لەوە کردبوو، بەڵام چاوەڕێ کردنی ئێمە بێهوودە درێژەی کێشا، گەرچی ئێمە گوێڕایەلی تەواویشمان پێشان دابوو، کەچی حکومەت پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاری حکومەت تەنها بنیاتنانی سەراکان و پڕکردنەوەیان بە پۆلیس، هەروەها کۆکردنەوەی سوپا بووە لە دەوروپشتی ناوچەی ئێمە بەناوی ئەنجامدانی مانۆرەوە[٥].

٢- لەکاتێکدا ویستم سەردانی هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی دەوروپشتمان بەپێی داب و نەریتی خۆمان بکەمەوە، حکومەت فەرمانی قەدەغەکردنی ئەو سەردانانەی

---

(١) عبدالرزاق الحسني، ج٦،المصدر السابق، ص٢٩٧ ؛ ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی...، ل١٠٧.

(٢) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٣) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل٤٨٣.

(٤) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص٩٩.

(٥) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

دەرکرد، لەکاتێکدا هیچ لەمپەرێکی یاسایی نییە کە ئەم جۆرە سەردانانە قەدەغە بکات، هەروەها لەکاتی دەرچوونم لە بارزان، موتەسەریفی هەولێر سەردانی بارزانییەکانی بۆ فەرمانگەکان و سەراکانی حکومەت قەدەغە کردووە و فەرمانی داوە هەر کەسێك سەردانی ئەو فەرمانگانەی کرد بیگرن و ئیشی بۆ جێبەجێ نەکەن[١].

٣- وەلی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی شێروان بۆ وەرگرتنی کەرەستەی خۆراك دەچێتە مێرگەسۆر لەوێ پۆلیسەکان دەست درێژی دەکەنە سەرو کوشتوویانە، پیاوەکانی ناچار دەبن ئەو کۆمیسەرە بکوژن کە مایەی ئەو نەگبەتیە بوو، هەروەها پۆلیس دەیانەوێت بەبێ پاساو و هۆ ئەسعەد خۆشەوی سەرۆك عەشیرەتی مزووری بکوژن، بەڵام بێ ئەوەی هیچ ڕوو بدات توانیویەتی خۆی دەرباز بکات[٢].

٤- سەرەڕای ئەوانەش حکومەت لە باشوورەوە لە ئاکرێ وە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لە باپشتیان سوپای کۆکردۆتەوە، هەروەها لای ڕۆژئاواوە لە ڕێکانەوە پۆلیسی کۆکردۆتەوە بێ ئەوەی پێشتر ئێمە دەست درێژیمان کردبێت، ئاگری جەنگی هەڵگیرساندەوە[٣].

٥- فرۆکە جەنگییەکانی عێراق بەردەوام بۆمبارانی گوندە ئارامەکان دەکەن، کە بووەتە هۆی کوژرانی گەلێك ژن و منداڵ، بۆیە داوا لە حکومەتی عێراقی دەکەین ئەو کارە سوپاییانە ڕابگرێت و داوا لە لایەنە خێرەومەندەکان دەکەین پشتگیری لە ڕاگرتنی ئەم کارە سوپاییانە بکەن، هەروەها ئێمە بۆ ڕاگرتنی ئەو جووڵانەوە سەربازییانە داوا لە باڵیۆزە بەڕێزەکان دەکەین یارمەتی گەلی کوردی زوڵم لێکراو بدەن و بیپارێزن لە ناوچوون[٤].

لەلایەکی دیکەوە حزبی ڕزگاری ڕۆڵێکی باشی بینی لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکان و کۆنگرە جیهانیەکان دەربارەی مافەکانی گەلی کورد، لەو بارەیەوە حزبی ڕزگاری لەیاداشتێکدا بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی (ئەمریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت) کە لە مۆسکۆ بەسترا[٥]، تیشك خرابووە سەر ئەوەی کە گەلی کورد لە عێراق لە بارودۆخێکی یەکجار خراپ دایە و بێ بەشکراوە لەهەموو مافە دەستوورییەکان بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی وەحشیگەرانەی حکومەتە کۆنەپەرستەکەی عێراق

(١) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

(٢) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە....، ل٤٨٤.

(٣) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص١٠٠.

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(٥) محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی....، ل١٧٤.

بـە پاڵپشـتی بەریتانیـا دەرهـەق بـە گەلـی کـورد[١]، لە سـوتاندنی دێهاتـی بارزانییـەکان و ناوچـە نزیکەکانـی دەوروبـەری و دیـاردەی دەسـتگیرکردن و پەراگەندەکردنـی هاوڵاتیان لـە ناوچەکانیـان[٢]، لـە سـۆنگەی ئـەو چالاکیانـەوە دەکرێـت بڵێیـن حـزبی ڕزگاری کـورد لەمـاوەی کەمـتر لـە سـاڵێکدا تـوانی بنچینەیـەکی سـیاسی بەهێـز لـە کوردسـتانی عێراقـدا دابمەزرێنێـت، کـە زۆربـەی نیشـتمانپەروەران و ڕۆشـەنبیران لـە ژێـر دروشـمەکانیدا ڕێکبخـات و گۆڕانێکـی بنەڕەتـی لـە ڕەوتـی خەبـات بهێنێتە ئـاراوە، ئەویش بە شـکاندنی هەمـوو ئـەو بەنـدە فکریانـەی کـە بەربەسـت بـوون لەپێنـاو یەکگرتـن و خەباتـی نەتەوەیـی[٣].

شـیاوی باسـکردنە هەمـوو هەوڵەکانی مسـتەفا بارزانی بۆ هێورکردنـەوەی باردۆخەکە بـێ ئـاکام بـوو، چونکـە حکومەتـی عێراقی ڕووداوەکـەی پۆلیسـخانەی مێرگەسـۆری وەك دەرفەتێـك سـەیر دەکـرد بـۆ ئـەوەی بیکاتـە بیانـوو بـۆ بەجـێ گەیاندنـی پلانـی هێرشـە فراوانەکـەی دژبـە شۆڕشـگێڕان و سـەرکردایەتییەکەی[٤]، لەهەمـان کاتـدا باڵیـۆزی بەریتانیـا لەکاتـی چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ وەسـی "عەبدولئیـلا" جەختـی لـەوە کردبـوو کـە پێویسـتە ئـەم هەنـگاوە سـەربازییە لەلایـەن حکومەتـی عێراقیـەوە بهاوێژرێـت بـۆ گەڕاندنـەوەی ئاسـایش و ئارامـی بـۆ دەڤـەری بـارزان[٥].

لـەو هەلومەرجـەدا ئەنجوومـەنی وەزیرانـی عێـراق لـە ١٩ی ئابـی ١٩٤٥ دانشـتنێکی ئەنجامـدا و بڕیاریـدا بـە دەرکـردنی دەسـەڵاتداریەتی عـورفی لـە قـەزای زێبـار و ناوچەکانـی دەوروبـەری، لەگـەڵ پێدانـی دەسـەڵاتی تـەواو بـە سـەرکردە سـەربازییەکان لـە ناوچەکـەدا[٦]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش عەقیـد "عەبدولعەزیـز یاسـین" وەك سـەرۆك و هەریەکـە لـە موقـەدەم "عەبدوڵـڵا ڕەفعـەت حەسـەن ئەلنەعسـانی" و ڕەیسـی یەکـەم "محەمـەد عەبدوڵـڵا" وەك ئەندامانـی ئـەو ئەنجوومەنـە دیـاری کـران، بـە هـاوکاری هەریەکـە لـە "خەلیـل ئەمیـن ئەلموفتـی و عەبدولحەمیـد میدحـەت" وەك دادوەر[٧].

دەسـەڵاتداریەتی عورفـی لەهەریەکـە لـە شـارەکانی هەولێـر و مووسـڵ ڕاگەیەنـدرا،

(١) علـی عبداللـە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٨ ؛ احمـد فـوزی، قاسـم والاکـراد خناجـر و جبـال، (القاهـرە- ١٩٦١)، ص١٠٤.

(٢) عمر محمد محمد کریم، المصدر السابق، ص٢٤٩.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل١١٥.

(٤) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

(٥) F.O.371/45340/XM00254، from Bagdad to F.O، No. 630، 13 August 1945.

(٦) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

(٧) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص ص٢٩٨- ٢٩٩.

پاش ئەوەش سەرکردەی هێزەکانی عێراقی لە٢٨ی ئابدا وردەکارییەکانی ئەم بڕیارەی لە قەزاکانی (ڕەواندز، ئاکرێ، ئامێدی، دهۆك) ڕاگەیاند و خستیە چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتداریەتیە[١]، هاوکات حکومەتی عێراقی لەڕێگای فرۆکەوە بڵاوکراوەیان لەسەر ناوچەکەدا فرێدەدا خوارەوە، تێدا پرۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەم جەنگە دژی گەلی کورد نییە، بەڵکو دژی مستەفا بارزانی و لایەنگرانیەتی، هەروەها پێداگریان دەکردەوە لەسەر پاراستنی دەسەڵات و یاسا لە ناوچەکە[٢].

حکومەتی عێراقی لە کۆتایەکانی ئەو مانگەدا، بەتایبەت پاش ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە خۆی ئامادە کرد[٣]، بڕیاریدا بەدەست پێکردنی هێرشی سەربازی بۆ سەر سەنگەرەکانی شۆڕشگێڕان، بەمەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر ناوچە ئازادکراوەکان[٤]، بەر لە ئەنجامدانی هێرشی زەمینی، بە فرۆکە بە سەرپەرشتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا ناوچەکەی بۆردومانکرد، بۆ ئەوەی چوونی هێزی زەمینی بۆ ناوچەکە ئاسان بکات[٥].

پاشان حکومەتی عێراقی دەستیکرد بە ناردنی هێزێکی زۆری سەربازی[٦] و پۆلیسی بۆ ناوچەکانی (ڕواندز، ئاکرێ، زاخۆ و ئامێدی)، کە نزیکەی (٣٠ هەزار) سەرباز و (١٢ هەزار) پۆلیس، ئەمە جگە لە(٥ هەزار) چەکداری کوردی سەربەو هۆزە کوردییانەی کە لەدژی شۆڕشی بارزان دابوویانە پاڵ حکومەتی عێراق[٧]، لەژێر فەرماندەی

(١) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٩٦- ١٩٧.

(٢) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص١٩٩.

(٣) سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی سوپای عێراق بەر لەهێرشکردنیان بۆ سەر شۆرشگێران بگەڕێوە بۆ : حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص٨٣-٨٤.

(٤) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

(٥) F.O.371/45340/XM00254، from Bagdad to F.O، No. 630، 13 August 1945.

(٦) لەنێوان سەرچاوەکاندا لەسەر ڕێژە و ژمارەی ئەو سەربازانەی کە حکومەتی عێراقی ناردبوونی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری بارزان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لەوانە پێیان وایە کۆی گشتی ژمارەکە (٢٥،٠٠٠) هەزار سەرباز بووە. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ : ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

(٧) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص١٩٥- ١٩٦ ؛ عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩. هۆزە کوردییە بەکرێگیراوەکانی وەك زێبار، بەرواری، دۆسکی، کوڕانی سەید تەها، ڕێکانی و سورچی لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکی سوپای عێراقی دابوون بە پلەی رائد روکن ناسراو بە عەبدولکەریم قاسم (ناوبراو لە١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەرێگای کۆدێتایەکەوە رژێمی پاشایەتی لەعێراق رووخاند). مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥

جەنەڕاڵـی بەریتانـی (مێجـەر رینتـۆن)[١]، لەبەرامبـەر تەنها چـوار هـەزار تا پێنـچ هەزار چەكـداری كـورد كـە بەرگریـان دەكـرد بـە پاڵشـتی و پشـتگیری جەماوەری كـورد[٢].

لەلایەكـی دیكـەوە هێـزی ئاسـمانی عێراقـی هەمـوو فرۆكـە شـەڕكەرەكانی لـە فڕگەكانـی هەولێـر و مووسـڵ كۆكـردەوە بـۆ بەشـداریكردن لـەو هەڵمەتـە سـەربازییە بـۆ سـەر شۆڕشـگێڕان، هـاوكات لـەو دۆخـە ناهەمـوارەدا سـەعید قـەزاز موتەسـەریفی هەولێـر لـە (ڕۆژنامـەی زەمـان)ی ناوخۆیی لـە ٢٠ی ئابـی ١٩٤٥بەیاننامەیەكی ئاراسـتەی خەڵكـی شـارەكە كـرد[٣].

لـە بەیاننامەكـەدا موتەسـەریفی هەولێـر بیانووەكانـی حكومەتـی بـۆ هێرشـكردنە سـەر شۆڕشـگێڕان دەرخسـتبوو، هەروەهـا داوای كردبـوو بەشـداری جووڵانەوەكانـی مستەفا بارزانـی نەكـەن و بەهیـچ شـێوەیەك یارمەتیـان نـەدەن و خۆیـان لـێ بـەدوور بگـرن[٤]، دیـارە بـە سـەرنجدان لـە شـێوازی بەیاننامەكـە زۆر بەڕوونـی دەردەكەوێـت كە دەسـەڵات چەنـدە ترسـی لـە خەڵكـی هەولێـر هەبـووە، ئەمەش دەرخـەری ئەو ڕاسـتییە كـە هەولێریـەكان هاوسـۆزی شـۆڕش بـوون و پاڵپشـتیان كـردووە[٥].

شـیاوی باسـكردنە حكومەتـی عێراقـی جگـە لـە هەنـگاوە نێوخۆییەكانـی، هەوڵیداوە بـۆ كپكردنـی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان هانـا بۆ وڵاتانـی دەوروبـەری خۆی ببـات، بۆ ئەم مەبەسـتە شـاندێكی حكومـی لەسـەر ئاسـتی باڵادا كـە پێكهاتبـوون لە وەسـی عەبدولئیلا بـە یـاوەری نـوری سـەعید سـەردانی وڵاتـی توركیـان كـرد، بـۆ بەسـتنی پەیمانـی دوو قۆڵـی لەنێوانیانـدا[٦]، لەمیانـی سـەردانەكەدا "عیسـمەت ئینونـو" سـەرۆكی توركیـا جەختـی لـەوە كـردەوە كـە توركیـا پەیوەندییەكـی بەهێـزی لەگـەڵ عێراقـدا هەیـە و گومانـی تێدانییـە وڵاتێكـی بەهێـزی وەك عێـراق فاكتەرێكـی سـەرەكییە بـۆ زامنكردنـی

---

؛ ولیام ایغلتن الابن، المصدر السابق، ص٩٧.

(١) ئەوكاتـە پشـكنەری گشـتی سـوپای عێـراق بـوو، بـەڵام لەراسـتیدا ئـەو ركێفـی بەسـەر چارەنووسـی هەمـوو جوڵانەوەیەكـی سـوپادا هەبـوو، ئـەو یەكێـك بـوو لـە سـەركردەكانی فیرقـەی هەشـتی سـوپای بەریتانیـا لـە بیابەنەكانـی باكوری ئەفریقـا بـەر لـەوەی بێتـە عێـراق. دانـا ئادامـز شـمیدت، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٩١.

(٢) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.

(٣) إسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص٢٤٠.

(٤) عبدالرزاق الحسني، ج٦، المصدر السابق، ص٣٠٠.

(٥) إسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص٢٤٠.

(٦) جەلیلـی جەلیـل و ئەوانـی دیكـە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٢١ ؛ تـلار عـلی امـین، المصـدر السـابق، ص١٧٠.

ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین[١]، لەسەر ئەم بنەمایە هەردوو وڵات چەندین پەیماننامەیان بەست بەناوی پاراستنی سنوور، پاشان حکومەتی تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی بەدرێژایی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق و ئێران بڵاوە پێکرد، بەمەبەستی گەمارۆدانی شۆڕشگێڕان[٢].

لەڕاستیدا ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو کەوا تورکیا هەڵوێستێکی هاوسۆز یاخود بێلایەنانەی هەبێت بەرامبەر بە شۆڕش، چونکە لەلایەك مەترسی هەبوو لە پەرەسەندنی ئاگری شۆڕشی بارزان و گواستنەوە و پەڕینەوەی بۆ ناوخۆی کوردستانی ژێر دەستی، لەلایەکەی دیکەوە لەو باوەڕەدابوو ئەم شۆڕشە دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕاگرتنی گواستنەوەی نەوتی ویلایەتی مووسڵ بۆ تورکیا، کە زیانێکی زۆری ئابووری بەردەکەوێت، ئەم دوو بابەتەش هانی تورکیایدا بە هەموو شێوەیەك دژایەتی شۆڕشی بارزان بکات و هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ زیندووکردنەوەی پەیمانی سەعدئاباد لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، کە پێی وابوو تەنیا لەڕێگای ئەو پەیماننامەیەوە دەتوانرێت بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بپارێزرێت و بزووتنەوەی کوردیش کپبکات[٣].

هاوکات لەگەڵ جمووجۆڵە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی، مستەفا بارزانی هەستی بەوە کرد کە پێویستە دەست بە ئامادەکارییەکان بکات بەمەبەستی بەرگریکردن، بۆیە لە یەکەم هەنگاویدا دەستیکرد بەدابەشکردنی هێزەکانی بۆ سەر سێ بەرە، بارزانی خۆی سەرکردایەتی بەرەی ئاکرێی بەدەستەوە گرت، جگە لەبەسەر ڕاگەیشتنی بەرەکانی تر و بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش بە یارمەتی هەریەکە لە محەمەد مەحموود قودسی و جەلال ئەمین[٤]، هەروەها محەمەد سەدیق بارزانی بۆ بەرەی (مێرگەسۆر- ڕەواندز) دیاری کرا، حاجی تەها ئاکرەیش بەرەی (باڵندە- ئامێدی) پێسپێردرا و لە کۆتایشدا هێزە تایبەتییەکان کە بڕیار بوو سەربازگەی بلێ گەمارۆ بدەن و لەپشتەوە پشتگیری لە بارزانی بکەن دراونەتە دەستی ئەسعەد خۆشەوی[٥].

---

(١) شاكر صابر الضابط، تاريخ الصداقة بين العراق و تركيا، (بغداد- مطبعة دار المعرفة- ١٩٥٩)، ص٢٤٠.

(٢) ستيڤن همسلی لونگريك، المصدر السابق، ٥٣٠ ؛ ژويس بلو، برسی جامعه شناسی و تاريخی مسئله کرد، ترجمه : پرويز امينی، (سنندج- دانشگاه سنندج- ١٣٧٩ هـ. ش)، ص٤٨.

(٣) عزيز حسن عزيز البارزاني، المصدر السابق، ص ص١٤٠ -١٤١.

(٤) محمد علی سلطانی، منبع پيشين، ص٩٨.

(٥) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

سەرەڕای ئەو هەنگاوانەی سەرەوە نامەیان نارد بۆ هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان ئەوانەی کە سوێندیان خواردوە و گفتیان داوە کە پشتیوانی شۆڕش بن، داوایان لێکرابوو کە ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ بەرگری کردن لە کوردستان، هەروەها پەیوەندیان کرد بە ڕێکخراوە نیشتیمانییەکان و ڕۆشنبیرانی ناو شارەکان بۆ دەرخستنی هەڵوێستی نیشتیمانیان و ڕسواکردنی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان و دەڤەری بارزان[١].

لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٥ یەکەم شەڕ کە ناسراوە بە شەڕی (بادلیان) لەنێوان سوپای حکومەت و شۆڕشگێڕان لەبەرەی ڕەواندز ڕوویدا، کە هێزی شۆڕشگێڕان نزیکەی (١٠٠٠) چەکداربوون لەبەرامبەر لیواکانی سێ و چوار و پازدە و هێزی پۆلیس[٢]، لەم شەڕەدا لیوای سێ لەگەڵ فەوجێك پۆلیس بە سەرکردایەتی عەقیدی روکن "حەسیب روبێعی" هێرشیان بۆ بەرزاییەکانی بادلیان کرد بەمەبەستی گرتنی ڕۆژهەڵاتی چیای قەلەندەر، سەرەڕای کۆمەکییەکانی هێزی ئاسمانی بۆ سوپای عێراقی، بەڵام ئەم هێرشەی سوپای عێراق تێکشکا و بە ناچاری بەرەو باپشتیان پاشەکشێی کرد[٣]، لەم شەڕەدا محەمەد سەدیق بارزانی فەرماندەی بەرەی (مێرگەسۆر- ڕەواندز) لەگەڵ سێ جەنگاوەری تر بریندار دەبن و پێشمەرگەیەکیش شەهید دەبێت[٤]، لەبەرامبەردا زیانەکانی سوپای عێراق بە گوێرەی تۆمارە فەرمییەکانی سوپا ٢٣ کوژرا و ٤٩ بریندار، کە لەنێو کوژراوەکاندا موقەدەم " قەیسەر هورمز" فەرماندەی فەوجی دووی تێدابوو، بەڵام هەندێك لە ئەفسەرە بەشداربووەکانی ئەم شەڕە جەخت لە ژمارەیەکی زۆر زیاتری کوژرا و بریندار دەکەنەوە[٥]، دەسکەوتی شۆڕشگێڕان لەم شەڕەدا نزیکەی ٥٠٠ تفەنگ و سێ دانە ڕەشاش کە دانەیەکیان بریتی بوو لە ڕەشاشی ڤیکرز و بیست سندوقی فیشەك لەگەڵ ئامێرێکی بێ تەل و تۆپێکی هاون و چەندین نارنجۆك[٦].

مستەفا بارزانی دوو ڕۆژ دوای شەڕی بادلیان لە ٢٧ی ئابی ١٩٤٥ نامەیەکی نارد بۆ ستالین و مۆلۆتۆف کە نامەکە لەڕێگای دوو ئەفسەری سوپای عێراقی کە پەیوەندیان بە شۆڕش کردبوو دراوەتە دەست ئەفسەرێکی هەواڵگری سۆڤیەتی بەمەبەستی

---

(١) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە....، ل٤٨٨.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٣) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص٨٨- ٩٠.

(٤) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٥) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص٨٩.

(٦) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٦٣ ؛ محمد على سلطانى، منبع پيشين، ص١٠٣.

گەیاندنی[١]، بارزانی لە نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات گەلی کورد گەلێکی زوڵم لێکراوە و بەردەوام خەباتی کردووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی، بەڵام ئەم گەلە بەهۆی سیاسەتی چەوسێنەر و زۆردارانەی ئینگلیز کە هیچ کاتێك لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە سەرنەکەوتووە....، ئێمەی کوردی میزۆپۆتامیا بڕیارمانداوە بەزۆر بگەینە مافەکانی خۆمان، کاتێك ئەم پەیامەتان بۆ دەنووسم باڵەفرەکانی عێراق بە یارمەتی ئینگلیزەکان شار و گوندەکانی کوردستان بۆمباران دەکەن، سەرەڕای ئەمە ئێمە لەو ناوچانەی ئازادمان کردوون ئازادی و خودموختاری خۆمان ڕاگەیاندووە و دەمانەوێت بیپارێزین و هەموو توانامان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە لەبەر ئەوە سەرنجی بەرێزتان بۆ ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان ڕادەکێشین: یارمەتی ماددی و چەکداریمان پێ بدرێت، هەروەها شۆڕشەکەمان بە شۆڕشێکی پیرۆزی گەلی ڕابگەیێندرێت، ئامادەشین وەك کۆمارێکی ئازاد لەژێر پشتیوانی ئێوەدا بین و یارمەتیمان بدرێت لە کەناڵەکانی سیاسەتی دەرەوەدا [٢].

لەو بارەیەوە ئەبولحەسەن تەفرەشیان لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کە بارزانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا دەیگووت "ئەوکاتەی کە لە عێراق لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆدا خەباتی دەکرد هەوڵی دابوو لەگەڵ رووسەکان پەیوەندی بکات، بەڵام رووسەکان خەڵکی سرك و ووردەکاربوون کە بەئاسانی ناتوانیت سەرەنجیان بەلای خۆتدا رابکێشیت[٣]، سەرەڕای چەند هەوڵێکی بارزانیش بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ نییە کە جەخت لەهەر یارمەتییەکی سۆڤیەت بکاتەوە بۆ شۆڕشی دووەمی بارزان[٤].

سوپای عێراق لەدوای شکستەکەی لەشەڕی بادلیان، جارێکی دیکە لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٤٥ هێرشەکانی دەست پێکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە فەوجی سێی سوپای عێراق لەلای چەپ و فەوجی چواریش لەلای ڕاست لە ڕێگای باپشتیانەوە بەرە و مەزنە بەڕێکەوتن[٥]، پاشان ئەم هێزانەی حکومەت بە سەرکردایەتی زەعیم روکن ئیسماعیل سەفوەت بەبێ بەرگری گەیشتنە (مەیدان مۆریك) کە دەکەوێتە نێوان (مەزنە و

---

(١) م.س لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٨.

(٢) ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزاني لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥- ١٩٥٨- یان- تۆمارێکی زێرین لە مێژووی گەلی کورد، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٢)، ل ل٥٣- ٥٤.

(٣) ئەبولحەسەن تەفرەشیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٤) برهان ابابکر یاسین، المصدر السابق، ص١١٦.

(٥) عەلائەدین سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

هاودیـان)، سـوپای حكومـەت وای زانی سـەركەوتنی بەدەسـت هێنـاوە، بۆیـە ئالیـات و تۆپـی گەیانـدە ناوچەكـە و دەیویسـت بنكـەی هێزەكانـی لـێ دابنێـت[١]، شۆڕشـگێڕان هێرشـیانكردە سـەر هێزەكانـی حكومـەت، بـەڵام بەهـۆی شـاڵاوی تانـك و زرێپۆشـەكان، وایكـرد شۆڕشـگێڕان بـۆ ماوەیەكـی كاتـی پاشەكشـە بكـەن[٢].

دواتر شۆڕشـگێڕان دەسـتیانكرد بە هێرشێكی گشـتی لە هەموو لاوە بۆ سەر هێزەكانی حكومـەت، شـەڕەكە ئەوەنـدە توندوتیـژ بـوو لەهەندێـك شـوێندا لەیـەك نزیكبوونـەوە و بـوو بـە شـەڕی دەسـتەویەخە[٣]، دەرئەنجـام سـەربازەكانی سـوپای عێراقـی تووشـی شكسـت و سـەر لێشـێواندنێكی توندوتیـژ بـوون، هەمـوو هێزەكانیـان بەبـێ گوێـدان بـە ڕێكخسـتن و فەرمانـی سـەركردەكانیان پاشەكشـەیان كـرد بـەرەو مۆڵگەكانـی خۆیـان[٤].

زیانەكانـی سـوپای عێراقـی لـەم شـەڕەدا بریتـی بـوو لـە (٣٠٠ كـوژراو) و (٤٨٠ برینـدار)، لەگـەڵ بەدیـل گرتنـی ٨٠ سـەرباز [٥]، لەبەرامبـەردا زیانەكانـی هێـزی میللـی تەنهـا لەدەسـتدانی پێنـج جەنگاوەربـوو، لەگـەڵ برینداربوونـی ژمارەیـەك شۆڕشـگێڕ[٦]، هەروەهـا دەسـكەوتی شۆڕشـگێڕان لـەم شـەڕەدا دەسـت گرتـن بـوو بەسـەر ژمارەیەكـی زۆر لـە تفەنـگ و ڕەشـاش و كەلوپەلـی سـەربازی و سـێ تۆپـی كوێسـتانی لەگـەڵ ٤٨ گوللـە تـۆپ[٧]، گەورەیی و گرنگی ئەم داسـتانە وایكردووە كە "مەسـعود بارزانی" شـەڕی مەیـدان مۆریـك بـە یەكێـك لە شـەڕە بەناوبانگـەكان لە مێـژووی گەلی كـورد دابنێت، كە تێیـدا شۆڕشـگێڕان نموونـەی قارەمانـی و فیداكارییـان پێشـاندا[٨].

---

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٥٦- ١٥٧.

(٢) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص١٠٥.

(٣) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە.....، ل ل٤٩٠- ٤٩١.

(٤) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٣٤٠.

(٥) مسـعود بـارزاني، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٥٧ ؛ عەلائەدیـن سـەجادی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠٠. لـەو بارەیـەوە (حەسـەن مسـتەفا) زیانەكانـی سـوپای عێراقـی بـە ٢٣ كـوژرا و ٨٣ برینـدار دادەنێـت، ڕەنگـە ئـەم كارەشـەی بـۆ شـاردانەوەی گەورەیـی زیانـەكان بێـت، چونكـە خـۆی ئامـاژە بـەوە دەكات كـە شـەڕی مەیدانـی مۆریـك (مەزنـە) گەورەتریـن شـەڕ بـووە لـە چـاو هەمـوو شـەڕەكانی تـر لـە مێـژووی سـوپای عێراقـی كـە شـەش هـەزار ئەفسـەر و سـەرباز تێـدا بەشـداربوون. حسـن مصطفـی، المصـدر السـابق، ص ص١١٠– ١١١.

(٦) نجم سەنگاوی، كوردستان و سەركردە.....، ل٤٩١.

(٧) عەلائەدیـن سـەجادی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٠٠ ؛ صدیـق عثـمان محـو، المصـدر السـابق، ص١٨٨.

(٨) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

ڕەنگە کەمی زیانەکانی شۆڕشگێڕان لەو شەڕە سەختەدا ببێتە جێگای گومان لای هەندێك کەس، بۆیە خاوەنانی سەرچاوەی (ژیان لە ژێر ئاڵای کوردستاندا) ئاماژە بە گۆتەیەکی مستەفا بارزانی دەکەن لە شۆڕشی ئەیلوول سەبارەت بە کوژراوەکانی خۆی و سوپای عێراقی کە دەڵێت "ژمارەی کوژراوەکان یەك بەرامبەر چلە" واتە ئەگەر چەکدارێکی کورد کوژرا بێت ئەوە چل سەربازی سوپا کوژراون، بێگومان ئەمەش بە کردەوە سەلمێنراوە چونکە ئەگەر بەمجۆرە نەبوایە ئەوکاتە بارزانی نەیدەتوانی بۆ ماوەی ١٤ ساڵ ڕووبەرێك بپارێزێت ئەوەندەی ڕووبەری وڵاتی هۆڵەندا و بەلجیکا لەبەرامبەر سوپایەك کە لەڕووی ئەژمارەوە چەندان هەزار زیاتر لە کوردەکان بوون[١].

لەلایەکی دیکەوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، سەبارەت بە کەمی زیانەکان لەڕیزی شۆڕشگێڕان شکانی سوپای عێراقی، جەخت لە سەرچاوەکەی (البارزانییون) دەکەینەوە کە دەڵێت "سەرەڕای ژمارەی هێزەکانی عێراق کە زیاتر بوو لە شەش هەزار ئەفسەر و سەرباز بەرامبەر بە ٥٠٠ چەکداری کورد، کە ناتوانین ئەنجامی شەڕەکە بە زمانی ژمارە شیبکەینەوە، چونکە ئێمە سەرەڕای شەڕکردنمان لەگەڵ چەکداران بەهەمان شێوە دەجەنگاین لەگەڵ شاخ و زەوی دار و بەردیان[٢].

شیاوی باسکردنە شۆڕشگێڕان دوابەدوای سەرکەوتنەکانیان بەسەر سوپای عێراقی، کشان بەرەو شاری هەولێر، کە تەنها بیست کیلۆمەتریان مابوو بگەنە ئامانجەکەیان، بەڵام بەهۆی بۆمبارانکردنی خەستی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانی ناچاربوون پاشەکشە بکەن[٣]، لەو بارەیەوە مێژوونوسی رووسی" دینیس گومارۆڤ" دەڵێت "بارزانی توانی هێزەکانی عێراقی لە ناوچە شاخاوییەکان وەدەرنێت، پاشان هێزەکانی ڕوویکردە دەشتی هەولێر، ئەمەش شەڕمەزاریەکی گەورە بوو بۆ حکومەت، لەوکاتەدا بەریتانیا وەك خوویەکی لە پێشینەی خۆی دەستیکرد بە ڕزگارکردنی سوپای عێراقی لەڕێگای بۆردومانکردنی ناوچەکانی شۆڕش، ئەمەش دووبارە کردنەوەی ئەو کردەوە درندانەی بەریتانیایە کە پێشووتر لەدژی کورد ئەنجامی دابوو"[٤].

لەلایەکی دیکەوە دەڤەرە نەوتییەکەی کەرکووك کە ئینگلیز وەك سەرچاوەیەکی گرنگ سەیری دەکرد، پێیانوابوو لە دەرئەنجامی شکستی سوپای عێراقی، شۆڕشگێڕان

(١) پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٢) حسن مصطفی، المصدر السابق، ص ص١١٠- ١١١.

(٣) جەمال گردەسۆری، بارزاني نەمر رابەرێك لەسەدەی بیستەم، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- ٢٠١٢)، ل١٧.

(٤) وەرگیراوە لە : صدیق عثمان محو، المصدر السابق، ص١٩٦.

ئـەم ناوچەیـە دەخەنـە ژێـر هەژموونـی خۆیـان، ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـای لـەدوارۆژدا ڕووبـەڕووی مەترسـیەکی حەتمـی دەکـردەوە، بۆیـە بەخێـرای کەوتنـە یارمەتیدانـی هێزەکانـی عێراقـی[1].

لـەدوای جەنگـی مەیـدان مۆریـك، ئیـتر بەرەبـەرە شـەڕ پـەرەی سـەند و زۆربـەی بەرەکانـی تـری دەوروبـەری دەڤـەری بارزانـی گرتـەوە، لەوانـە بـەرەی باشـوور کـە بـە جەنگـی نەهلـە ناسرابـوو، ناوی شـەڕەکەش دەگەڕایـەوە بۆ دۆڵی نەهلە کـە درێژییەکەی نزیکـەی پێنـچ هـەزار یـاردە بـوو، کـە چیـای پیـرس دەکەوتـە باکـووری و چیـای ئاکرێش لـە باشـووریەوە بـوو، هەریەکـە لـە هۆزەکانـی سـورچی لە ڕۆژهـەڵات و هـۆزی زێبار لە ڕۆژئـاوای ئـەو ناوچەیـە نیشـتەجێ بـوون[2].

لـە ٤ی ئەیلولـی ١٩٤٥ هێزەکانـی عێراقـی کـە پێکهاتبـوون لـە لیـوای یـەك و لیـوای پێنـچ و هێزێکـی پۆلیـس بـە سـەرکردایەتی زەعیـم (یاسـین حەسـەن) لـە شـاخی سـەری ئاکرێـوە کەوتنـە ڕێ و هێرشـیان هێنـا بـۆ سـەر دۆڵـی نەهلـە کە بـارەگای سـەرکردایەتی شۆڕشـی تێدابـوو[3]، هـەر لـەو ڕۆژەدا شـەڕ دەسـتی پێکـرد و درێژەی کێشـا تاکـو ڕۆژئاوا بـوون، ئەنجامەکـەی بـە سـەرکەوتنی شۆڕشـگێڕان کۆتایـی هـات، کـە مسـتەفا بارزانـی خـۆی سـەرکردایەتی ئـەم بـەرەی شـەڕی کـرد[4].

شـەڕی ئـەو ڕۆژە بـە بەزینـی تـەواوی هێزەکانـی عیراقـی و گەمارۆدانـی لیـوای پێنـچ کۆتایـی هـات، [5]، زیانەکانـی سـوپای عێـراق بـە پێـی ئاماژەکانـی "کاوس قەفتـان" لـەو جەنگـەدا (١٥٠) کـوژرا و (٤٠٠) بریندباربـووە، هەروەهـا دەسـتکەوتەکانی جەنگیـش کـە شۆڕشـگێڕان دەسـتیان بەسـەردا گـرت بریتـی بـوو لـە (٢) تـۆپ و (٢) ڕەشـاش و (٢٨) تفەنـگ و (١٦٨) گوللـە تـۆپ و (١٠) سـندوقی فیشـەك لەگـەڵ خواردەمەنـی و جلوبـەرگ[6].

---

(١) F.O.371/61593-E7401،4 August 1947،"Memorandum on the military considerations which may arise from ensuing treaty talks from poin of view of the Iraq army officers".by Maj.General-Renton؛

فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

(٢) محمد علی سلطانی،منبع پیشین، ص١٠٣.

(٣) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە .....، ل٤٩٢.

(٤) مەعروف چیاووك ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٥) مسعود بارزاني ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل١٥٩ - ١٦٠.

(٦) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص٩٦.

شۆڕشـگێڕان سـەركەوتنێكی وایـان بەدەسـت هێنـا هاوتـای سـەركەوتنی مەیـدان مۆریـك بـوو، لـەم داستانەشـدا دوو جەنـگاوەر گیانیـان لەدەسـت دا بەناوەكانـی (محەمـەد گـۆچ مێرگەسـۆری و مسـتەفا حەسـەن باڤەیـی)، لەگـەڵ برینداربوونـی پێنـچ شۆڕشـگێڕ[١]، سـەبارەت بـە ئازایەتـی و جوامێـری شۆڕشـگێڕە بارزانییـەكان "نەجـەف قولـی پسـیان" دەڵێـت "لەكاتـی شـەڕدا بەلەتێـك نانـی وشـك ژیـان دەكـەن و لـە وەرزی زسـتانان و لەوپـەڕی سەرماوسـۆڵەدا سـەرەڕای نەبوونـی جلكـی پێویسـت ماوەیەكـی زۆر لـە لووتكـەی چیـای بەفرگرتـوودا لـە سـەنگەری خۆیـان بەرگـری و خۆڕاگـری دەكـەن، ئەوەنـدەش ڕەقـەكاری و سەرسـەختی پێشـان دەدەن كـەوا یـان دەبـێ دوژمـن لەبەرامبەریانـدا بەچۆكـدا بكەوێـت یـان ئەوەتـا خۆیـان دەكوژرێـن"[٢].

بـۆ سـەلماندنی بۆچوونكانـی (نەجـەف قولـی پسـیان)، تیشـك دەخەینـە سـەر گۆتەكانـی (كەریـم ئەحمـەد) كـە لەبیرەوەرییەكانیـدا دەڵێـت "لـە پۆلیسـێكی لاو كـە لەجەنگێكـدا دژی بارزانییـەكان بەشـداری كردبـوو پرسـیم : شـەڕەكان چـۆن بـوون ئایـا هێزێكـی گەورەبـوون و ئاخـۆ بەزیندوویـی یـان بەكوژراوی كەسـتان لێ دیوون؟ پۆلیسـە لاوەكـە لـە وەڵامـدا گوتـی: ئەوانە شـەڕكەری ئـازان و هـەروەك ئاسـك بەكێوەكاندا سـەر دەكـەون، لەكاتێكـدا ئێمـە چەنـد هەنگاوێـك دەڕۆیـن و ئـارەق دەرێژیـن و هەناسـە بركێـمان پێدەكـەوێ و مانـدوو دەبیـن، ئـەوان لەسـەر لوتكـەی شـاخەكان و قەدپاڵـەكان سـەنگەر دەگـرن و حـەز ناكـەن بێنـە خـوارەوە بـۆ دۆڵ و پێدەشـتەكان مەگـەر كاتێـك سـەركەوتن بەدەسـت بهێنـن و ژێركەوتـووان ڕاو بنێـن، لەپشـت گاشـە بەردەكانـەوە شـەڕ دەكـەن و لـە پاڵیانـدا سـەنگەر دەگـرن و نایانبینی تا لـە ناكاوێكدا نازانیـن لە كوێوە گوللـەت بـۆ دێـت..... بەو گێڕانەوە و باسـە سەرسـام بووم كە ئەو دۆسـتە بـۆی گێڕامەوە، بەتایبـەت ئـەوان بـە دەگمـەن نەبێـت زیـان نـادەن و تەنیا لـە ریزەكانی حكومـەت زیان دەكەوێـت"[٣].

لـەو هەڵومەرجـەدا لیـوای پێنجـی سـوپای عێراقی بۆ ماوەی سـێ ڕۆژ لـەو ناوچەیەدا گەمـارۆدرا، شـەوی چـوارەم لـە ٨ی ئەیلوولی ١٩٤٥ شـیمانەی خۆبەدەسـتەوەدانی هێزە عێراقییەكـە هەبـوو لەبـەر ئـەوەی خواردنیـان بەكۆتـا هاتبـوو، هیچ هەوڵێكـی حكومەت بـۆ ڕزگاركردنیـان سـوودی نەبـوو[٤]، بـەڵام دواتـر لـە ١٠ی ئەیلـوول بەپێـی زانیاریـەكان

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

(٢) نەجەف قولی پسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٣) كەریـم ئەحمـەد، ڕێـڕەوی تێكۆشـان، وەرگێـڕان : جـەلال دەبـاغ، (سـلێمانی- چاپخانـەی ڕەهەنـد- ٢٠٠٧) ل ل١٧٥- ١٧٦.

(٤) نەجەف قولی پسیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

كاروانێك كە پێكدەهات لە باری ٦٨ وڵاخ خواردەمەنی لە ئاكرێوە بۆ دینارتە گواستراپەوە لەڕێگای بجیل كە چەكدارانی هۆزی سورچی سەربە حكومەت ئەركی گەیاندن و پاراستنی ئەو بارە خواردنەیان لە ئەستۆ بوو، توانیان بەشەو بیگەیەننە هێزە گەمارۆدراوەكەی سوپای عێراق[١]، لەم ڕووەوە مەسعود بارزانی دەڵێت "ئەگەر ئەو ناپاكییەی وان نەبوایە لیوای پێنچ خۆی بەدەستەوە دەدا و ئاستی شەڕ بەیەكجار دەگۆڕا"[٢].

سەركەوتنی شۆڕشگێڕان لەبەرەكانی جەنگ بووە مایەی پەشێوی ئاڵۆزی لەنێوەندە سیاسی و سەربازییەكانی عێراق، بەتایبەت شكستەكەی لیوای پێنچ بەجۆرێكی زۆر خراپ لە بەغدا بڵاو ببۆوە و هەر كەسە لەلای خۆیەوە بەشێوازێك ڕووداوەكەی لێكدەدایەوە[٣]، بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی باڵای سوپای عێراقی ئەو سەركەوتنەی هێزەكانی شۆڕشگێڕانی پێ قبوڵ نەدەكرا، بۆیە ڕایدەگەیەنێت كە شۆڕشگێڕان یارمەتی و كۆمەكی دەرەكی وەردەگرن كە ناوبراو مەبەستی سۆڤیەت بوو[٤]، بێگومان ئەمەش وەك پاساو هێنانەوەیەكە بۆ شاردنەوەی شكستەكانی خۆیان بەبێ بەدەستەوەدانی هیچ بەڵگەیەك وڵاتە بیانییەكان بەوە تاوانبار دەكەن كە یارمەتی ئەو شۆڕشە دەدەن[٥].

حكومەتی عێراقی دوای ئەوەی گەیشتە ئەو بڕوایەی كە ناتوانێت لەڕێگای هێزەكانی شكست بە شۆڕشگێڕان بدات، بۆیە دەستیكرد بەجێبەجێ كردنی سیاسەتی كڕینی ویژدانی هەندێك لە سەرۆك هۆزە كوردییەكان، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری ناوخۆی عێراق ئەركی ئەنجامدانی ئەو كارەی پێ سپێردرا[٦]، كە لەكۆتایدا توانی بەسەركەوتوویی كارەكەی جێبەجێ بكات و مەترسی لەسەر داهاتووی شۆڕش دروست بكات، پاش ئەوەی توانی بەشداری بەو هۆزانە بكات لەشەڕەكانی حكومەت لەدژی شۆڕشگێڕان[٧].

پاشان نەخشە و پلانەكانی سوپای عێراق بۆ هێرشكردنە سەر شۆڕشگێڕان لە دۆڵی نەهلە و زەنتە بەسەركردایەتی جەنەڕاڵ رینتۆن لە ١٢ی هەمان مانگ داڕێژرا،

(١) حسن مصطفى، المصدر السابق، ص ص١٣٠.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٣) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٤) كریس كۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

(٥) فەرەیدوون نووری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

(٦) دانا ئادامز شمیدت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

(٧) كاوس قفطان، المصدر السابق، ص٩٧.

کە هەریەکە لە لیواکانی یەك و پێنچ و پازدە بەشداریان تێدا کرد، بە یارمەتی هێزی ئاسمانی عێراقی و بەریتانی[١]، لەم ڕووبەڕووبونەوەیەش هێزەکانی حکومەت لەبەرامبەر شۆڕشگێڕان تێکشکان زیانی گیانی و مادی زۆریان بەرکەوت، لە ڕیزی شۆڕشگێڕان سێ جەنگاوەر گیانیان لەدەستدا بەناوەکانی (عەزیز ئاغا زراری، ئەحمەد گۆران و یاسین عیسا) لەگەڵ برینداربوونی سێ شۆڕشگێڕ[٢].

گومانی تێدا نیە ئەگەر هاوکاری ژمارەیەك سەرۆك هۆزی ناوچەکە نەبووایە کە بریتی بوون لە (ئەحمەد ئاغای زێباری، شەوکەت ئاغای زێباری، مەجید حەسەن ئاغا، عەبدوڵڵا شەڕەفانی و شێخ جەلال بریفکانی)[٣]، بۆ سوپای عێراقی ڕەنگ بوو بە تەواوی هێزەکە لەناوبەرن، بۆیە بارزانی بەناچاری پاش سەرکەوتنەکەشی پاشەکشەی بەهێزەکانی کرد بەرەو چیای پیرس[٤]، لەوێش جەنگاوەرەکانی کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاند "وا دیارە ئەم جارەیان دەبێت کورد کورد بکوژێت، چونکە سوپای دوژمن لەدوای خۆفرۆشانی کورد هێرش دەهێنن، ئەوەی دەکوژرێت هەر کوردە، ئێوەش تا بۆتان دەکرێ کوردان نەکوژن"[٥].

پاشان مستەفا بارزانی هەوڵیدا گەمارۆی گوندی هەرن بدات کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندی بارزان، چونکە لەو گوندە هێزێکی ٧٠٠ کەسی لە هۆزە کوردەکانی ناوچەکە کە هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوون، لەگەڵ هێزێکی سوپای عێراق جێگیر ببوون، وەك هەڕەشەیەك بوون بۆ شۆڕشگێڕان کە لەچیای پیرس بوون، بەڵام وەك پێشبینی کرابوو پلانەکەیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەهۆی نەگەیشتنی تۆپەکان بۆ شوێنی دیاریکراو کە عیزەت عەبدولعەزیز سەرپەرشتی دەکرد، بۆیە مستەفا بارزانی و جەنگاوەرەکانی بەناچاری لە ناوچەکە پاشەکشەیان کرد بۆ چیای پیرس[٦].

لەکۆتایەکانی ئەیلوولی ١٩٤٥، مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی بڕیاری کشانەوەیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەبەرئەوەی بینی کە شەڕەکە خەریکە تەشەنە دەسەنێت بۆ شەڕێکی ناوخۆی، چونکە ئەو هۆزانەی لە ناوچەکەدا بوون، لە پێشی سوپای عێراقی بوون، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارە کوردە شۆڕشگێڕەکان، کە

---

(١) نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە.....، ل٤٩٣.

(٢) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٣) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٤) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص ص١٠٤- ١٠٥.

(٥) ڕەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(٦) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠٠– ٢٠١.

هەتاوەکو دوێنێ ئەمانە لە پشتی شۆڕش بوون، بەڵام بەهۆی پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێنەکانیان لەبەرامبەر مستەفا بارزانی، چونەتە پاڵ سوپای عێراقی، بۆیە بارزانی بیری لەوە کردەوە دەبێت پێش ئەوەی بەفر و سەرماوسۆڵ دابێت، بڕۆنە ئەودیوی کوردستان، دیارە پێشتر لەگەڵ سۆڤیەت و کۆمەڵەی (ژ.ك) لەسەرچوونیان بۆ ڕۆژهەڵات ڕێککەوتبوون[١].

لە ٢٥ی ئەیلول ١٩٤٥ مستەفا بارزانی هاوەڵەکانی خۆی بەسەر چەند پێگەیەك لەشێوەی سەنگەر دابەشکرد و ئەمجارەیان حاڵەتی بەرگری بەخۆیەوە گرت، سوپا لەگەڵ عەشیرەتەکان دەستیان بە پەلامار و لێدان کرد، لەلای چەپەوە سورچییەکان و لەلای ڕاستەوە عەشیرەتەکانی بەرواری، بەراش، شەرەفانی و دۆسکی و هیتر، لەلای خوارەوەش فەوجی پێنج بە تۆپخانە و فرۆکەوە، لەپشتەوەش عەشیرەتی زێبار کە ناپاکی لە پەیمانەکانی کرد و ڕایەڵی خزمایەتییان فەرامۆش کرد، شەڕێکی خوێناوی تا شەو درێژەی کێشا[٢]، مستەفا بارزانی هەستی کرد ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەو هێزە زۆرانەدا کە لەهەموو لایەکەوە دەوری چیایان گرتووە، جگە لە کەوتنە ناو تەڵەی بەدیل گیران و مردن ئاکامێکی دیکەی نابێت، بۆیە لە شەودا پاشەکشەی کرد بۆ (هەرفتە) لە هەمان ناوچەدا هێزەکانی خۆی جێگیر کرد، پاشان هەواڵی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی نارد کەوا ژن و منداڵ و ئەوانەی تری کە لە بارزان مابوونەوە پەنا ببەنە بەر چیای شیرین لە ناوچەی شێرواندا.[٣]

پاشان لە ٣٠ی ئەیلوولدا یەکێك لە ئەفسەرەکانی هاوەڵی بارزانی هەواڵی بۆی نارد کەوا لە ناوچەی (کێلەشین)ی سنووری نێوان عێراق و ئێراندا هێزەکانیان ڕێکخستۆتەوە و چاوەڕێی فەرمانی ناوبراون، بۆیە بارزانی پێی ڕاگەیاند لەشوێنی خۆیاندا بمێننەوە و پارێزگاری لەشوێنەکە بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی سوپای عێراق و هێزی عەشایرییەکانی هاوپەیمانی بەردەوامبوون لە هێرش بردن بۆ سەر هێزەکانی مستەفا بارزانی، سەرنجام لە ٦ی تشرینی یەکەمدا کاتێك هێزەکانی عێراقی لە چوارلاوە بۆردومانی هێزی شۆڕشگێڕەکانیان دەکرد، ئەو ژن و منداڵانەی کە لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانیدابوون گەیشتنە ناوچەی کانی ڕەش لەسەر سنوور و پاشان بارزانی فەرمانی پێکردن بۆ ئەوەی ئاودیوی سنووری ئێران بن[٤].

بەم شێوەیە لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی بارزان

(١) مسعود بارزاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٢) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص١٠٧.

(٣) مەعروف چیاووك، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٠٠– ٢٠١.

(٤) محمد علی سلطانی، منبع پیشین، ص ص١٠٧- ١٠٨.

بـە یـاوەری مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ ٣٥ هـەزار ژن و پیـاو و لاو لەژێـر فشـاری تانـك و تۆپـی حکومەتـی عێراقـی لەڕێگای کێلەشـین سـنووریان تێپەڕاند و پەڕینەوە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات و کۆتایـی بـە شۆڕشـی دووەمی بـارزان هات[١].

گومانـی تێدانییـە هێـزی ئاسـمانی عێراقـی و بەریتانـی ڕۆڵـی سـەرەکیان گێـڕا لـەو شـەڕانەدا، بەهـۆی بۆردومانـە سـەختەکانیان کـە ئەنجامیـان دەدا، دەیانویسـت بەهەرشـێوەیەك بێـت بەخێراتریـن کات شۆڕشـەکەی بـارزان خامـۆش بکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆژانـە دوو تـا سـێ جـار بۆردومـانی گونـدەکانی دەڤـەری بارزانیـان دەکـرد، بەپێـی ڕاپۆرتێکـی تایبەتـی هێـزە ئاسـمانییەکانی عێـراق کـە جەخت لـەوە دەکاتـەوە کە هێزەکانیـان ١١٧ هێرشـی ئاسـمانی کردۆتـە سـەر ٢٥ دێهاتـی ناوچەکـە و تێیـدا ١٨٢ تەن بۆمـب فڕێدراوەتـە خـوارەوە لـە مـاوەی ١٨ی ئـاب تاکـو ٣ی ئەیلوولـی ١٩٤٥ [٢].

لەلایەکـی دیکـەوە "فیدچنکـۆ" نووسـیویەتی و دەڵێـت "بەشـداربوونی چەکـی ئاسـمانی بەریتانیـا بـە چالاکییەکـی زۆرەوە لـە کـردەوە سـەربازییەکاندا و داخسـتنی سـنوورەکان لەلایـەن تورکیـاوە، هەروەهـا زۆری ژمـارەی چەکـدار و چـەك و جبەخانـە لەلایـەن عێراقـەوە، پاشـانیش ئەو بەرتیلەی کـە وەزیری ناوخۆی عێراق مسـتەفا عومەری دەرخـواردی هەنـدێ لـە سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـوردی دا و لـەدژی شۆڕشـگێڕان بـەکاری هێنـان، ئەمانـە هەمووی هۆکاربـوون بـۆ یەکلاکردنەوەی پێشـوەختەی ئەنجامی ململانێیەکـە"[٣].

لەبەرامبـەردا (زاتیسـف) باڵیـۆزی سـۆڤیەت لـە بەغـداد، سـەبارەت بـە شـەڕەکانی نێـوان حکومـەت و سـەرکردایەتی شـۆڕش و کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا، ڕوونیکـردەوە کە سـوپای عێـراق بەهەمـوو هێزەکانیـەوە و بە یارمـەتی ٤٥ فرۆکە لەدژی هێـزە کوردییەکان، نەیتـوانی تێکیـان بشـکێنێت، بەڵکـو بە پێچەوانەوە سـوپای عێراقی تووشی زەبری کوشـندە هاتـن، ئەگـەر پشـت تێکـردنی هەندێـك لە هـۆزە کوردییـەکان نەبوایـە لە مسـتەفا بارزانی و بارزانییـەکان، ئـەوە سـوپای عێراقی تـووشی زەبرێکی قورسـتر دەبوو[٤].

دوابـەدوای خامۆشـکردنی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان، دادگای سـەربازی لـە هەولێـر،

---

(١) عبدالرحيـم ذوالنـون زويـد، العـراق فـى الحـرب العالميـة الثانيـة ١٩٣٩- ١٩٤٥، رسـاڵة ماجسـتير، (كليـە الاداب- جامعـة القاهـرة– ١٩٧٨)، ص٢٧٣ ؛ وليـد حمـدي، المصـدر السـابق، ص٢٤٤ ؛ بابـە شـێخ مـەردۆخ ڕۆحانـی (شـیوا)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٩٤.

(٢) عمر محمد محمد كريم، المصدر السابق، ص٣٤١.

(٣) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

(٤) ئەفراسیاو هەورامی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

دانیشتنی خۆی ئەنجامدا و چەندین بڕیاری بەسەر بەشداربووانی شۆڕشەکە سەپاند، لەوانە حکومی لەسێدارەدانی بۆ ٣٥ کەس بەئامادەنەبوو (غیابی)دەرکرد، لەنێویاندا هەریەکە لە مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و هەشت ئەفسەرەکەی سوپای عێراقی و چەندانی تریش، هەروەها بڕیاری زیندانی کردنی بۆ هەشتا کەس بە ماوەی جیاجیا دەرکرد، لەگەڵ قەدەغەکردنی کاری هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستان[١].

هەروەها حکومەتی عێراقی بۆ پەردەپۆشکردنی سیاسەتە نامرۆڤایەتییەکەیان لەبەرامبەر خامۆشکردنی شۆڕش، هەوڵیاندەدا لەڕێگای لێدوانەکانیان ناوەرۆك بنەمای شۆڕشی دووەمی بارزان و خودی سەرکردەکەی بشێوێن و ڕای گشتی پێ چەواشە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە "تۆفیق سویدی" سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق لە ٢٥ی ئازای ١٩٤٦ دەربارەی بارودۆخی عێراق بەگشتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەکانی قاهیرە لێدوانی دابوو[٢].

دیارە سەرۆك وەزیرانی عێراق لە لێدوانەکەیدا شۆڕشی دووەمی بارزان و سەرکردەکەی وا شرۆڤە دەکات کە گوایە بزووتنەوەکە بریتییە لە بزووتنەوەیەکی ئایینزایی و کەسی کە خودی (مستەفا بارزانی) خوازیارە لەپاڵ ئەم شۆڕشە هەژموون و دەسەڵاتی خۆی زیادبکات و دەسەڵاتی کارگێڕی حکومەتیش لە ناوچەکە بوونی نەبێت، لەبەرامبەر لێدوانەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی، حزبی ڕزگاری لە بەیاننامەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ووتەکانی "تۆفیق سویدی" واقعی نیە و دوورە لەڕاستی، چونکە شۆڕشی دووەمی بارزان شۆڕشێکی میللی و دیموکراتیە دژبە ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکەی بەغدا، هەروەها شۆڕشەکە هەوڵدانێکە بۆ چاکسازیکردنی دیموکراتی کشتگیر بەمەبەستی گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتییەکانی، جگە لەمەش ئەم شۆڕشە لەئەنجامی چەوساندنەوەی گەلی کورد هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە پاڵپشتی جەماوەری هەیە بەمەبەستی ڕزگاربوون لەدەستی زۆرداری سیستەمی حکومەتی کۆنەپەرستی لە عێراق[٣].

دیارترین تایبەتمەندی و لایەنە دیارەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣– ١٩٤٥) بریتی بوو لە بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی توێژی دەستەبژێری ڕووناکبیری شارەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا بە شێوەیەکی دیارتر و لە ڕێی

(١) جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣ ؛ فاخر عالی عبابکر، مێژووی بارزان....، ل١٢٧.

(٢) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان....، ل١٠٩.

(٣) عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص٢٠١.

ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە[١] ئەمەش نیشانەیەکی ئاشکرای زیاتر فراوان بوونی بنکەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان بوو، هەروەها پتر لە هەموو ڕاپەڕینەکانی بەر لەخۆی سنووری ناوچەگەری بەزاندبوو و سیمای نەتەوەیی و نیشتمانی زیاتر پێوە دیاربوو، تا ئەو ئاستەی سنوورە دەستکردەکانی نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی بەزاند، ئەویش بە پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیان لە کۆماری کوردستان.

ئەگەرچی شۆڕشی دووەمی بارزان نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی لە خوارووی کوردستان دا بە ئەنجام بگەیەنێ و ناچار کرا پەنابەرێتە بەر کۆماری کوردستان و داکۆکی لەو قەوارە سەربەخۆیە بکات، بەڵام لەو سەروبەندەدا و لە (١٦ی ئابی ١٩٤٦)دا بە دەست پێشخەری مستەفا بارزانی ڕێکخستەکانی شۆڕش و ڕزگاری یەکیان گرت و پارتی دیموکراتی کورد لە دایکبوو کە بە قۆناغێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستاندا دەژمێردرێ[٢].

مستەفا بارزانی وەك سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی ڕۆڵی سەرەکی بینی لە ئامادەکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، سەرکەوتنە سەربازییەکانی بەڵگەیە لەسەر بلیمەتی سەربازی مستەفا بارزانی،[٣]، لەوبارەیەوە سەبارەت بە کردەوەی سیاسی جەنەڕاڵ بارزانی، بابەتێک کە ڕێبەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە ئۆکتۆبری ١٩٧٣ گوتوویەتی یەکجار سەرنج ڕاکێشە: (ئەوهەی خوێندەواران تێی نەگەیون ئەمەی رۆشنبیران هەودایان بۆ بانەدراوە، ئەوەی سیاسی پیشە، لیی حاڵی نەبوونە و ئەوەی ئەمن لەهێندێ بوار بۆم نەچۆتەوە سەریەک: ئەمەیە کە بارزانی تەنیا کەسیکە کە توانیویەتی ئەم خەڵکەی کە لە گوندەکانیان دەیاندینین، ئەم خەڵکە بێ سیوادو پاشکەوتووە- لەگەڵ ڕێبەری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کورد، لیک پەیوەند و یەکگرتوو بکات)[٤].


(١) کاوس قفطان، المصدر السابق، ص ص٨٦- ٨٧.

(٢) ئیسماعیل حەقی شاوەیس، بارزانیەکان و ڕۆڵی سەرکردایەتییان لە بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستاندا، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٢٣)، (هەولێر- سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی- زستانی ٢٠١٦)، ل٤٤.

(٣) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك....، ل٣١٢.


(٤) کریس کۆچرا، ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد، وەرگێڕان : حامید ڕەشیدی زەرزا، لە زوانی فارسی بۆ کوردی، (سلێمانی- چاپخانەی ئۆفیسی تیشک- ٢٠٠٦)، ل٢٤٥.

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان


وزارة الخارجية

الموضوع – انضمام عشيرة الگردي الى البارزانيين البغاة.

پاشکۆی ژمارە(١)
وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەربارەی هۆزی گەردی و چوونە پاڵ بارزانییەکان



(٢) من قرارات مجلس الوزراء المتخذة في جلسة ١ نيسان ١٩٣٢ .

(٢) لائحة قانون اعلان العفو العام عن البارزانيين .

(المراجعة – كتاب وزارة الداخلية المرقم ٤٧٢٢ والمؤرخ
في ١٩٣٢/٣/١١ .)

وافق مجلس الوزراء على لائحة قانون العفو العام عن
البارزانيين على الشكل الآتي :-

لائحة قانون العفو العام عن البارزانيين
رقم (   ) لسنة ١٩٣٢

المادة الاولى – للملك ان يعلن العفو العام عن البارزانيين الذين اشتركوا
بالعصيان والتمرد نحو الدولة العراقية ورفعوا السلاح
ضدها بين تاريخ ٩ كانون الاول ١٩٣١ وآخر شباط
١٩٣٢ باستثناء خليل خوشوي [illegible] فقط على
ان للحكومة ان تأمر باسكان من تجد ضرورة لتبعيده
من محله في اي محل كان داخل حدود العراق .

المادة الثانية – يشمل هذا العفو الجرائم المرتكبة ضد الافراد والحقوق
الشخصية الناشئة من الجرائم المذكورة في المادة
الاولى .

المادة الثالثة – ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

المادة الرابعة – على وزيري الداخلية والعدلية تنفيذ هذا القانون .

[illegible]

پاشکۆی ژمارە(٢)
بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت
بەلێبوردنی گشتی جگە لە خەلیل خۆشەوی

FO 371 35013 X/M 00170

COPYRIGHT – NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

19
48 16

E 7338
25 NOV 1943

[Cypher]

DEPARTMENTAL NO.2.

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

Sir K. Cornwallis
No. 1119
23rd November, 1943

D: 6. 52 p.m. G.M.T. 23rd November, 1943
R: 9. 15 p.m. 23rd November, 1943 B.S.T.

Repeated to Angora Saving

P P P

My telegram No. 1073. E6910/4491/93

No fighting with Barzanis since November 11th.

2. Iraqi General Officer Commanding has again been
in touch with Mullah Mustafa who seems to have offered
to surrender on condition that his brother Sheik Ahmad is
released and allowed to return to Barzan. Minister of the
Interior suspects that General Officer Commanding, who is a
Kurd, may be over-anxious to be conciliatory and is not
disposed to release Ahmad until Mustafa is firmly in hand. On
the other hand it seems to be most doubtful whether the army
is in any condition to embark on any offensive operations
without intensive training and stimulation of troops'
morale. Moreover military commandeering of transport
has seriously discounted arrangements for moving grain to
[gp. undec. ? northern] villages which are in sad need of
food. I have accordingly advised Minister of the
Interior not lightly to set aside opportunities for a
peaceful settlement.

O.T.P.

پاشکۆی ژمارە (٣)

هەوڵەکانی نوری سەعید بۆ مستەفا بارزانی کە واز
لەخەباتی چەکداری بهێنێت و تەسلیم بەدەسەڵات بێت
١٩٤٣

FO 371 40039 X/M 00214

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

No. 411.

(8/144/44)

| | |
|---|---|
| 13 | د |
| 35 | ص |

British Embassy,
Bagdad
23rd August, 1944

E.5393

Sir,

With reference to my telegram No. 657 of 5th August, I have the honour to report that two young Kurdish officers of the Iraqi Army named Mir Haj and Mustafa Khoshnao, who were appointed by the late Nuri Cabinet liaison officers under Majid Mustafa in the disturbed area, took leave from their units in the early summer and set out on a tour of the Sulaimani and Arbil Liwas. During this tour they seem to have carried out a prepared plan to stimulate Kurdish nationalist activities on a considerable scale. Full details of their doings are not available but from the many reports which I have received about them it appears that they first went to Sulaimani, where they were instrumental in organising a large gathering of tribal leaders to discuss Kurdish grievances, and then went northwards via Arbil to confer with Mulla Mustafa. From Barzan they crossed the Persian border and went down to Sauj-Bulagh where they got into touch with the leaders of a number of Persian Kurdish tribes. With these chieftains they discussed Kurdish nationalist aspirations and there are strong rumours that they also sought to establish relations with Russian Political Officers.

2. Their tour soon became widely known, gave rise to many rumours and naturally enough was viewed with disfavour by the Ministry of Defence. On their return in early August the two young officers evidently began to fear the consequences of their undisciplined behaviour and Mustafa Khoshnao approached the Acting Political Adviser in the Northern Area with a view to obtaining some measure of protection from him. I enclose herein copies of a letter from the Assistant Political Adviser to the Oriental Counsellor enclosing Mustafa Khoshnao's written appeal on this subject and of the reply which I caused to be sent to Captain Stoakes. Mustafa's letter shows clearly enough that both of these young officers were guilty of foolish and mischievous political activities; it was therefore most undesirable that they should be shown any sort of sympathy by British officials, and I thought it well to make this quite clear.

3. I also enclose the translation of a letter from Mulla Mustafa to the Ambassador concerning these two officers, with a copy of the reply which on my instructions the Oriental Counsellor returned to it. It will be seen that I took the opportunity to warn Mulla Mustafa that there can be no British sympathy for those who seek to create trouble in Kurdistan.

4. Mir Haj has for the present been sent to a unit at Nasiriyah but I gather from the Regent, with whom I discussed the case yesterday, that both officers are likely to be dismissed, or at least retired, from the army for their misconduct.

I have the honour to be with the highest respect,
Sir,
Your most obedient, humble Servant,

The Right Honourable
Anthony Eden, M.C., M.P.,
Etc., Etc.

پاشکۆی ژمارە (٤)

ڕاپۆرت دەربارەی چالاکییەکانی میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو ٢٣ی ئابی ١٩٤٤

FO 371 35013 X/M 00170

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

20

49

3

[CYPHER] DEPARTMENTAL NO. 2

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

Sir K. Cornwallis
No. 1073
12th November, 1943

D. 6.50 p.m. 12th November, 1943
R. 10.50 p.m. 12th November, 1943

Repeated to Angora Saving

g g g g g

My telegram No. 1063. E 6835/489/93

Iraqi troops and Hainan had sharp engagements with Mustafa's tribesmen on November 8th, 10th and 11th. Police and army lost altogether about 60 men killed and wounded and a number of light automatic and rifles. Tribal casualties unknown.

2. Iraqi military plan is now to garrison Mergasur for winter and [grp. undec.] a few weeks before the snow falls to push out small columns in the attempt to catch Mustafa. They are most unlikely to succeed.

3. General Bromilow reports that both Iraqi military and police displayed a lamentable lack of training in mountain warfare.

OTP.

پاشکۆی ژمارە (٥)

ڕاپۆرت دەربارەی پلانی سوپای عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێران ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣

FO 371 40039 XM 002/4

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

THIS DOCUMENT IS THE PROPERTY OF HIS BRITANNIC MAJESTY'S GOVERNMENT

IRAQ.

October 13, 1944.

CONFIDENTIAL.

ARCHIVES

Section 1.

[E 6267/28/93]

Copy No. 8

*Sir K. Cornwallis to Mr. Eden.—(Received 13th October.)*

(No. 478.)

Sir,

*Bagdad, 28th September, 1944.*

YOU will recollect that in his telegram No. 645 of the 1st August last Mr. Thompson reported a conversation with the Iraqi Minister for Foreign Affairs, in the course of which he had found it necessary to represent to Arshad al Umari the inadvisability of any military initiative at the present time against Mulla Mustafa, ... [illegible]

2. Since then considerable progress has been made with army reform and certain action, such as distribution of textiles and grain, has been taken in relief of the depressed Kurdish areas. ... [illegible]

3. ... [illegible]

FO 371 40039 XM 002/4

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

2

... [illegible]

4. ... [illegible]

5. ... [illegible]

I have, &c.
KINAHAN CORNWALLIS.

Enclosure 1.

(Translation.)

*Sir K. Cornwallis to Mulla Mustafa (Barzani).*

*Bagdad, 27th September, 1944.*

After compliments,

I HAVE received your letter of the 19th September in which you say that you are in need of more help from the Government.

... [illegible]

FO 371 40039 XM 002/4

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

3

... [illegible]

I have, &c.
KINAHAN CORNWALLIS,
*His Britannic Majesty's Ambassador.*

Enclosure 2.

(Translation.)

*Mulla Mustafa to Sir K. Cornwallis.*

*Barzan, 19th September, 1944.*

After compliments,

... [illegible]

May God grant victory to the British Army.

I have, &c.
(Signed) MULLA MUSTAFA AL BARZANI.

پاشکۆی ژمارە (٦)

ڕاپۆرت ١٣/١٠/ ١٩٤٣ دەربارەی جووڵانەوە سەربازییەکان دژبە بارزان لەگەڵ جەت کردنەوە لەسەر نامەکەی باڵیۆز بۆ بارزانی هەروەها وەڵامدانەوەی بارزانی بۆ باڵیۆز

FO 371 35012 X/M 00162
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

[CYPHER] DEPARTMENTAL NO. 2.

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

Sir K. Cornwallis D. 9.06 p.m. 25th October, 1943.
No. 999
25th October, 1943. R. 12.25 a.m. 26th October, 1943.

Repeated to Minister of State Resident, Cairo, Angora Saving.

M M M M M E5797/485/93

My despatch No. 337 – W Noug Dres

Negotiations with Mullah Mustafa of Barzan have failed and on October 23rd his forces (now augmented by bands of two other chiefs who have for a long time been out of control) forced surrender of police post at Shirwan-a-Maz[?Grp. undec:], Headquarters Mazuri Bal[? Grp. omitted] Nahiyah. The number of police who were [Grp. undec: ? killed], wounded or surrendered is not yet known but rebels must have captured considerable number of rifles and probably a large store of small arms ammunition. The area bounded in the south by Chia Shirin mountains, Rukuchuk river, on west and north by Shamsdinan river and Turkish frontier and on the East by Turkish frontier and Govandar plateau is now in insurgent hands. Neighbouring tribes of Nerva Raikan and Zibar to west and south of this area and Bradost in east are hostile to Barzan and Iraqi army's concentration south at Mergasur has now been completed and there is therefore reasonable ground to hope [? Grp. omitted] may soon be isolated. Nevertheless as Mullah Mustafa's forces are now strong and until Government forces have been strengthened he may well undertake raids in force to either east or west. Iraqi Chief of the General Staff and General Bromilow are now at Mergasor and are expected to return to-morrow evening with [Grp. undec: ? information] and plan. Tribes outside the area have so far shown no sign of unusual restlessness and Mustafa's revolt is at present personal and local. I am however closely watching situation and I will continue to impress on the Prime Minister the necessity of settling quickly certain legitimate causes of unrest both individual and general (see my despatch under reference).

[Copies sent to Mr. Armstrong].

O.T.P.

OCT

F.O. REGISTRY

پاشکۆی ژمارە (٧)
شۆڕشگێڕان و هێرشکردنە سەر
بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەی بارزان
١٩٤٣/١٠/٣٢

FO 371 : 45340 3/13 X/M 00254

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

English Original of Letter sent in Arabic
by H.M.Ambassador to Mulla Mustapha,
dated 20th March, 1945.

I am leaving Iraq and . am sorry I cannot say farewell to you in person, but I send you this letter instead.

2. As you know, I have taken much interest in your affairs for a long time. You still have difficulties, but that is the way of all human beings and you can be glad that your questions are nearer solution than before. As you know, the Iraqi Government is placing before Parliament a Law to give you a pardon. This should enable you to start afresh and to live in future as a peaceful citizen. I know, on the other hand, that you wish much to be done for your people. This is well known in Bagdad and your friends, both British and Iraqi, are always trying to help you. But you must realize that the first step must come from you and it must not come in the form of threats of disturbances. These please nobody, neither the British nor the Iraqis, and only make them think that you are a person who wishes to disturb the peace and waste their time. You should look towards the future and not to the past, and realize that you and your people should now live peaceably as active farmers and good citizens within the frontiers of Iraq.

3. Many rumours and reports have reached me that you are afraid of the exercises which the Iraq Army are carrying out in the coming month. This is very foolish. The Iraq Army have been making exercises during the past months and they are going to do two exercises in April which have been planned a long time back. The first one is from the 8th to the 14th April and will not be anywhere near your territory. The second one is from the 18th April and this again will not come nearer to you than Aqra, through which troops will march. During the whole of this exercise British troops will be working with the Iraq Army. The co-operation of British and Indian troops shows the friendly relations existing between us and our Iraqi Allies and has no political significance whatever. Besides, as I have said, the troops will not come anywhere near you.

4. I shall always remember you and your people and I hope that I shall hear good news of you. My final advice to you is that you must realize that the days of troubles are past. You and your people have many friends, but they will only help you through peaceful means and if you are peaceful. You must know that in these days there are many problems in the World. We are still fighting a war against two wicked and determined enemies and we want all our energies for that. Those who help us in this work are our friends. Those who hinder us are our enemies. I hope that you will always see to it that you will be reckoned among our friends.

پاشکۆی ژمارە(٨)
نامەی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا بۆ
مستەفا بارزانی ٢٠ی ئازار ١٩٤٥

FO 371 45340 X/M 00254
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

-2-

Sheikh Sfu and three other Shammar Sheikhs arrested 14 August following Shammar - Agaidat fights. Reasons arrest not known. Arshad Al Umari resignation not accepted.

Persia Sadr still obstructed by absentee tactics in Majlis. Soviet Embassy confirmed to Persian Government 9 August Allied Troops to leave Tehran. Unconfirmed rumours trouble Tabriz. Fight took place Lighvan near Tabriz Tudeh and anti-Tudeh. Persians intend appointing Governor General Tabriz in lieu present acting Governor General. Russian TU Delegation left Tehran for USSR 8 August. Crowd democrats burned Tudeh Club Rooms Isfahan 9 August. Rumour Tehran August 15 that on Hay resign this week.

O.6.(Telegrams). To :- M.I.3a. (for action).

Copies to :-

D.M.O.
D.D.M.O.(L), (B).
M.O.1, 4.
D.M.I.
D.D.M.I.(I).
M.I.3, 3a, 3c, 5 (2), 11 (2), 17.
Foreign Office (Mr. Young).

FO 371 45340 X/M 00254
COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

CIPHER TELEGRAM

338590.

This message will not be distributed outside British Government Departments or Headquarters or re-transmitted, even in cipher, without being paraphrased. (Messages marked O.T.P. need not be paraphrased).

E 6142/2199/93 18 AUG 1945 INDEXED

Recd.161255.Aug.45.

From :- C.O.C.in C., Persia/Iraq. P.T.O.151400.

To :- The War Office.
G.O.C.Palestine/Transjordan.
H.Q.9th.Army.
Air Ministry.
C.in C., India.
PIC.Middle East.

IMPORTANT.

B.D.103 cipher, 15 Aug.CONFIDENTIAL.

From C.I.C.I.

Iraq. Following week of activity both sides situation still confused with three Brigades Iraq Government troops and police converging on Barzan area to hold strategic positions around area. Several police posts invested by Barzanis. Some deaths and casualties. Royal Iraqi Air Force bombed Post Office held by Barzanis at Billeh. Results yet unknown. Iraq Government issued newspaper accounts Barzan troubles. Distributed propaganda leaflets by air Kurdish areas. Explained to all people in area that Iraq Government were intent on preserving law and order in north. War was not against all Kurds but against Mulla Mustafa and his men only. BMM had submitted complete plan campaign to Iraq Army giving target date for commencement operations 15 September. Iraq Government chose ignore advice and pursue plan of operations considered precipitate and unsound by BMM. Charge D'Affaires and head BMM visited acting regent yesterday and hopes now entertained possible modification present Iraq Army plans. Difficult obtain information northern area due to exclusion ALO's and PA's from area of hostilities for policy reasons.

/Sheikh Sfuq

پاشکۆی ژمارە(٩)
ڕاپۆرت دەربارەی کردە سەربازییەکان
لە ناوچەی بارزان ١٨ / ٨ / ١٩٤٥

FO 371 45340 X/M 00254

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

E 5942
14 AUG 1945

[THIS TELEGRAM IS OF PARTICULAR SECRECY AND SHOULD BE RETAINED BY THE AUTHORISED RECIPIENT AND NOT PASSED ON].

[CYPHER]

CABINET DISTRIBUTION

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

Mr. Thompson.
No.830.

D. 5.00 p.m. GMT 13th August 1945.

13th August 1945.

R. 7.55 p.m. BST 13th August 1945.

Repeated to M.E.Min's Office.

2 2 2

IMMEDIATE.

My telegram No.826.

Situation in the north has continued to deteriorate and Iraqi Air Force bombed Bille this morning.

2. Meanwhile disagreement between General Renton and Iraqi Cabinet on the present plan of operations, which apparently involves an attempted occupation of Barzan in two to three weeks time with a large percentage of untrained recruits to be employed in at least one case of frontal assault on very strong position, has threatened serious complications. Yesterday I had a difficult interview with Minister for Foreign Affairs who, brushing aside all ordinary military considerations, was very critical of the Mission. I told him that I would do my best to ensure that the latter would co-operate, and that I proposed to discuss the whole position with General Renton. He returned to Bagdad this morning when I presided over a meeting attended inter alia by Air Officer Commanding and B.G.S., the General Officer Commanding being at present away.

3. General Renton declared that the present plan of operations was so completely at variance with sound military principles that he did not think it would be right for any of his officers to accompany Iraqi units. After considerable discussion, during which I felt obliged to point out the deplorable repercussion on Anglo-Iraqi relations of a break between the mission and the Iraqi Government on a issue which

/our......

٢١

FO 371 45340 X/M 00254

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

- 2 -

our many enemies here would immediately seize upon as a proof of their contention that the British advisers are an expensive luxury of no benefit to the country, it was agreed that while members of the mission would not participate in the actual operations, they would assist as required in every other direction.

4. I then asked General Renton to accompany me to call on the Acting Regent who had asked to see me. We had a satisfactory talk with His Royal Highness during which I put it very frankly to him that while we were all at one in realising that the action to restore and maintain order in Barzan was necessary, the Cabinet had so far directly ignored our joint and repeated advice to refrain from rashness and precipitancy. If the Government were prepared while there was yet time to modify their present plans as advised by the mission, then wholehearted participation of the latter could be counted upon. Otherwise while General Renton himself would proceed if required to the scene of action, he would not feel justified in subjecting his officers to unnecessary risks.

4. [sic]. Acting Regent took all this in very good part. He said that from his own experience in the past in guerilla warfare he fully realised the need for caution etc. It was essential for the Government and the mission to work amicably together. He would get in touch with the Acting Prime Minister with a view to an early meeting at which General Renton and I would be present.

5. There the matter rests for the moment. It should be explained that when last April the Iraqi army had completed its winter training, General Renton advised that owing to release of trained conscripts and their replacement by recruits, the summer rest should not exceed six weeks. This met with opposition in military circles and in fact the army stood down for over three months. This was pointed out to the Acting Regent this morning and it has been fully explained to the ministers that this is why the advance into Barzan should not be envisaged until late in September.

[Copies sent to Mr.Armstrong].

O.T.P.

......

پاشکۆی ژمارە(١٠)
ڕاپۆرت دەربارەی بۆمبارانکردنی بلێ لەلایەن هێزی ئاسمانی عێراقی و گفتوگۆی نێوان ئینگلیز و حکومەتی عێراقی بۆ دانانی پلانی هێرشکردنە سەر بارزان
١٣ / ٨ / ١٩٤٥

FO 371 35013 X/H 00170

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

E 7825
5

[CYPHER]

DEPARTMENTAL NO. 2.

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

52

Sir K. Cornwallis
No. 1197.
14th December, 1943.

D. 5.50 p.m. 14th December, 1943 G.M.T.
R. 7.30 p.m. 14th December, 1943 B.S.T.

Repeated to Minister of State Resident Cairo Saving.
Angora Saving.

[ ] [ ] [ ]

IMMEDIATE.

Your telegram No. 791.

R.A.F. armoured cars are manned by British personnel
and it was for this reason that they were chosen to proceed to
Erbil and Diana. Iraqi battalion has now arrived at the
village and in the event of trouble, cars will co-operate
with Iraqi troops in defence of Levy families and property
and in protection of area liaison officer.


2. While I agree that the use of Levies would be
undesirable for reasons stated and while I therefore welcome
your authority to confer with General Headquarters Paiforce
about the possible despatch of British troops I think it
desirable to defer action on the lines proposed in your
paragraph 3 (which I had already been contemplating) until we know
result of Prime Minister's latest initiative. His Excellency
has persuaded Sheikh Ahmad of Barzan (who is living as a Government
pensioner at Hillah) to send a letter to Mullah Mustafa (his
brother) to the effect that if he withdraws from the area of
present operations and lives quietly elsewhere until next
spring he will then be permitted to return and settle down in
his villages. Sheikh Ahmad does not expect favourable response
and has so informed Nuri Pasha but nevertheless has sent off the
letter by the hand of his son who is now at Rowanduz.
According to area liaison officer messenger hesitates to go any
further and Mullah Mustafa is equally hesitant to meet his nephew
even halfway. I have accordingly agreed to the area liaison
officer being instructed to use his good offices to bring the
two together somewhere without himself attending the meeting.

3. I hope to discuss the whole position with General Selby
tomorrow on his return to Bagdad.

[Copies sent to Mr. Smyth].

O.T.P.

پاشکۆی ژمارە(١٢)
هەولدانی حکومەت بۆ ڕازیکردنی شێخ
ئەحمەد بارزانی لە حیللە بە ناردنی
نامە بۆ مستەفا بارزانی



FO.371. 35013 X/M 00170

COPYRIGHT - NOT TO BE REPRODUCED PHOTOGRAPHICALLY WITHOUT PERMISSION

E 7889

62

[CYPHER] DEPARTMENTAL NO. 2

FROM BAGDAD TO FOREIGN OFFICE

Sir K. Cornwallis
No. 1201

December 16, 1943

D. 11.27 a.m. December 16, 1943 (GMT)

R. 1.00 p.m. December 16, 1943 (BST)

Repeated to: Minister of State Resident Cairo, Saving and Angora Saving.

IMPORTANT

My immediately preceding telegram.

During my recent conversations with the Prime Minister and the Regent I have pointed out that Kurdish agitators have already begun to exploit the revolt of Mullah Mustafa and that there is a serious danger of move in favour of independence spreading throughout Kurdistan if concrete measures are not promptly taken by the Iraqi Government. I have asked them to face the unfortunate fact that neither the Iraqi Army nor the police have shown themselves a match for Mullah Mustafa and in consequence the prestige of the Government is at a very low ebb. In a country where the basis of successful government is armed strength this has opened up dangerous possibilities and I have urged them as the only possible alternative while their forces are being brought up to the mark to abandon their apparent attitude of aloofness and indifference to the Kurdish interests. I have advised them both to lose no time in getting in touch with the leader of the Kurds and explaining the policy of the government both regarding Barzanis and regarding those matters about which the Kurds have complained in the past. In dealing with the matter they would have to adopt a much more generous and sympathetic attitude than heretofore. I have further suggested that Mutessarifs should be instructed to prepare pre-concerted and sympathetic contact with the chief men in their Liwas.

2. Both the Regent and Prime Minister are thoroughly uneasy about the situation and they readily agreed to see all representative Kurds in Bagdad at once. The Regent also volunteered to visit the north in the immediate future - a suggestion which is being considered. I hope to persuade the Prime Minister to appoint a committee of Kurdish deputies to consider improvement in administration. He has already announced his intention of establishing an administrative [grp. undec:] in the north and has asked for the services of a British officer to be at its head.

3. I have also issued to the political advisory staff

instructions...

F.O. REGISTRY

پاشکۆی ژمارە(١٣)

لۆمەکردنی حکومەتی عێراقی لەلایەن ئینگلیزەوە کە نەیانتوانیووە شۆڕش دابمرکێننەوە ١٦ /١٢/١٩٤٣

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**یەکەم / کتێبە بەڵگەنامەییەکان**

**بە زمانی کوردی**


- ئەفراسیاو هەورامی، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥- ١٩٥٨- یان- تۆمارێکی زێرین لە مێژووی گەلی کورد، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٢).

- بیلال ن. شمشیر، بەلگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤- ١٩٣٨) شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم، وەرگێران: سەلمان عەلی، (سلێمانی- چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا- ٢٠٠٢).

- ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١- ١٩٤٩، وەرگێران: نەجاتی عەبدوللا، بەرگی یەکەم، (هەولێر- دەزگای بلاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠١٠).

- عوسمان عەلی، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، وەرگێڕان: کامەران جەمال بابان زادە، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە - ٢٠١٣).

- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، (بەیروت- چاپخانەی گرین گلۆری- ٢٠٠٩).


**بەزمانی عەربی**


- پی رەش، العراق دوله بالعنف (المقاومه الكرديه ضد عمليه الحاق كوردستان الجنوبيه بالعراق على ضوء أرشيفات الحكومه البريطانية بين أعوام ١٩١٨- ١٩٣٧، (جنيف - ١٩٨٦).

- عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركه القوميه الكورديه التحرريه ،(اربيل- مؤسسه موكرياني للطباعة والنشر- ٢٠٠١).

- نجده فتحى صفوه، العراق فى الوثائق البريطانية سنه ١٩٣٦، من منشورات مركز دراسات الخليج العربى بجامعه البصره، (جامعه البصره- ١٩٨٣).

- وليد حمدي، الكرد وكردستان فى الوثائق البريطانية (دراسة تاريخية

وثائقية)،(لنـدن- مطابع سـجل العـرب- ١٩٩١).

**ب- بڵاوکراوە حکومییەکان (بەریتانی)**

**بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا**

- ***F.O.371/35013/ from Bagdad to F.O، No 1197، 14 December 1943.***
- ***F.O.371/3494-E6526، Combined Intelligence center Iraq and Persia، Ttible and political wekly Intelligence summary No.140 for week ending، 19 october 1943،(part I).***
- ***F.O.371/35013/ from Bagdad to F.O، No 1194، 14 December 1943.***
- ***F.O 371/s 35012/ EG499\ 489/93، British Embassy، Baghdad، No; 369، 16-10-1943.***
- ***F.O 371/ 4004/ E1143\ 37193، from K.Cornwallis to Eden ، No; 1162، 8-2-1944.***
- ***F.O.371/40041/E2113،1944 from Cornwallis to Eden***
- ***F.O.371/61593-401،4August1947،"Memorandum on the military considerations which may arise from ensuing treaty talks from poin of view of the Iraq army officers"،by Maj.General-Renton.***
- ***F.O.371/40039 – E5631،9 August 1944، aletter from mulla Mustafa to Cornwallis.***
- **F.O 371/ 5340 X/M 00254، No: 129، English original of letter sent by H.N. Ambassdor to mulla Msustapha، 20-3-1945**
- ***F.O.371/45340/XM00254، from Bagdad to F.O، No. 630، 13 August 1945.***
- ***Iraq Administration Reports 1914 – 1932، Vol(10)1931، – 1932.***
- ***Sir F. Humphrys to Sir John Simon، Baghdad، March 11،***

*1933، Doc.298 in: British Documents on foreign affairs، part ( II)، volume (8)، Eastern Affairs، December 1931 – June 1933.*

- *Sir F. Humphrys to Sir John Simon، Baghdad، May 18، 1933، Doc.310 in: British Documents on foreign affairs، part (II)، volume (8)، Eastern Affairs، December 1931 – June 1933.*

**دووەم/ دەست نووس (بڵاونەکراوە)**

- جنرال عبدالرحمن القاضي، أنا عصامي، المجلد الاول، نسخه خطية بحوزه (ئـ . د . ئـ )، رقم الملف (p.1).
- صالح محمود البارزاني، روايه محمدأمين أبو زيد البارزاني خادم الشيخ الخاص، ، نسخه خطيه بحوزه (ئـ . د . ئـ)، رقم الملف (p.3).

**سێیەم / یاداشتەکان**

**أ / بە زمانی کوردی**

- بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، بیرەوەریەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤- ١٩٤٧، بەشی یەکەم، (کۆیە- دەزگای سەردەم- ١٩٩٣).
- سەعیدی هومایون، پێشەوای رابوون، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : هاشم سەلیمی، وەرگێران : رەسووڵ سوڵتانی، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠٧).
- کەریم ئەحمەد، رێڕەوی تێکۆشان، وەرگێران : جەلال دەباغ، (سلێمانی- چاپخانەی رەهەند- ٢٠٠٧).
- مێجەر نوئێل، یادداشتەکانی مێجەر نوئێل لەکوردستان، وەرگێڕان: حسێن ئەحمەد جاف، حسێن عوسمان نیرکسە جاری، (بەغدا-١٩٨٤).
- میرزا محمد امین مەنگوڕی، بەسەر هاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤هوە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، (سلێمانی- ٢٠٠٠).
- ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانییەکان (چەند لاپەرەیەك لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دێموکراتیی کوردستان، وەرگێران : بەختیار شەمەیی، (هۆڵەندە- بڵاوکراوەکانی فەرهەنگیی کورد- ٢٠٠٤).
- ئەحمەد خواجە، چیم دی (شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن)،

(هەولێـر- دەزگای چـاپ و بلاوکردنـەوەی ئـاراس- ٢٠١٣).

**ب / بە زمانی عەرەبی**

- توفيـق السـويدى، مذكـراتي نصـف قـرن مـن تاريـخ العـراق والقضيـه العربيـه، (لنـدن- دار الحكمـة- ٢٠١١).
- حـوادث العـراق فـى سـنه ١٩٤١ كـما ترويهـا وزاره الحـرب البريطانيـه والمسـتر ونسـتن تشرشـل في مذكراتـه، ترجمـه: جعفـر الخيـاط، (بيـروت- دار الكشـاف- ١٩٥٤).
- صالـح الحيـدري، مختارات مـن مذكرات صالح الحيـدري، الطبعه الثانيه، (السليمانيه- ٢٠٠٤).
- ناجى شوكت، سيره وذكريات ثمانين عاما، (بيروت- ١٩٧٥).
- نـورى شـاويس، مـن مذكـراتي، (اربيـل- مـن منشـورات حـزب الشـعب الكردسـتاني- ٢٠٠١).

**چوارەم / نامەی زانکۆیی**

**أ/ دکتۆرا**

**بە زمانی عەرەبی**

- أيـاد عـلى ياسـين سرحـان الهاشـمى، السياسـة البريطانيـة تجـاه ألمانيـا النازيـه ١٩٣٣- ١٩٣٩، اطروحـة دكتـورا، كليـه الأداب ،(جامعـة الموصـل- ٢٠٠٤).
- عـمار يوسـف عبدالله عويـد العكيدى، السياسـه البريطانية تجاه عشـائر العـراق ١٩١٤-١٩٤٥، اطروحـة دكتـورا، كليه التربيه، (جامعـة الموصل- ٢٠٠٢).
- 

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Stefanie Katharine Wichhart، intervention: Britain، Egypt، and Iraq during World War II، PhD dissertation – university of Texas at Austin -2007.

**ب/ ماستەر**

**بە زمانی كوردی**


- تەلار علی امین: سیاسەتی كەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لە باكووری كوردستان (١٩١٨ـ١٩٣٨)، نامەی ماستەر پێشكەش كراو بە كۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو (زانكۆی سەڵاحەددین- ٢٠٠٠).

- دلشاد مەحموود عەبدولرحمان، كەركووك لێكۆلینەوەیەكی میژوویی دەربارەی ڕۆلی فیكری و سیاسیی ١٩٣٢- ١٩٥٨، نامەی ماستەر پێشكەشكراو بە كۆلێژی ئەدەبیات- بەشی مێژوو، (زانكۆی سەلاحەدین- ٢٠٠٦).
- ڕۆژ عەبدوڵلا عادل ئەرگوشی، ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی (١٩٣١- ١٩٤٦)، نامەی ماستەر پێشكەشكراو بە كۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو (زانكۆی سەلاحەدین- ٢٠١٠).
- فتاح بهرام خضر، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی كوردستانی باشوور لە ڕۆژنامەوانی كوردی عێراق دا (١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر پێشكەشكراو بە كۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو (زانكۆی سەلاحەدین- ٢٠١١).


**بە زمانی عەرەبی**


- عباس عطیه جبار، الحیاه البرلمانیه في العراق ١٩٣٢- ١٩٣٣، رساڵه ماجستیر، كلیه الاداب، (جامعه بغداد- ١٩٧٢).

- عبدالرحیم ذوالنون زوید، العراق فی الحرب العالمیة الثانیة ١٩٣٩- ١٩٤٥، رسالة ماجستیر، كلیه الاداب، (جامعة القاهرة- ١٩٧٨).
- عبدالسلام احمد داخل السامری، الدعایه البریطانیة في العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، رساڵه ماجستیر، كلیه الاداب، (جامعه بغداد- ١٩٨٩).

- ماجید حسن علی، الحركه الطلابیه الكوردیه في العراق ١٩٢٦-١٩٧٠، رساڵه ماجستیر، كلیه الاداب، (جامعه صلاح الدین- ٢٠٠٨).

- محمد حازم محمد الجبوري، الاحتلال البریطاني الثاني للعراق (دراسة تاریخیة في أساڵیبه و مظاهره)، رساڵه ماجستیر، كلیه التربیه، (جامعه الموصل- ٢٠٠٠).
- محمد عوید محسن الدلیمي، الاوضاع الاقتصادیه في العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، رساڵه ماجستیر، كلیه الاداب، (جامعه بغداد- ١٩٨٨).

**بە زمانی ئینگلیزی**

- Betul sinantorunu، the three faces of Kurdish mobilization in Iraq: politicization، institutionalization and constitutionalization 1946-2012. M.A. thesis، Middle East technical university- Istanbul – 2013.

**پێبجەم / کتێبەکان**

**أ / بە زمانی کوردی**

- اسماعیل اردلان، نهێنییەکانی بارزان، وەرگێران : معروف قەرەداغی، (بەغدا- چاپخانەی مەعاریف- ١٩٥٩).
- ب. هەوراز، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕش و ڕزگاری لەکوردستانی باشوور، (بێ شوێنی چاپ- ئایاری ١٩٩٣).
- بابە شێخ مەردۆخ رۆحانی (شیوا)، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕان : ماجید مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی سێیەم، (هەولێر- ئەکادیمیای کوردی- ٢٠١٢).
- بورهان حاتم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢- ٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسی و رووناکبیری، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢).
- پاول شیسمەن، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێر ئالای کوردستاندا ژیان و رێبازی مەلا مستەفا بارزانی، (هەولێر- خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە- ٢٠١٤).
- پاول کاریل: پڕۆژەی باربارۆسا هێرش بۆ سەر ڕووسیا، وەرگێران: قوباد رەسول، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی شڤان- ٢٠١٣).
- پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووك ١٩١٧-١٩٢٦، (سلێمانی- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی -٢٠٠٧).
- تارق جامباز، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، (هەولێر- ٢٠٠٥)
- تشارلز تریب، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێران: مەحەمەد حوسێن و عەبدولقادر کەلهور، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١٠).
- توانا رەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان سالانی (١٩٤٥-١٩٥٨)

لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢).

- جەلیلی جەلیل و ئەوانی دیکە، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێران: بەهادین مستەفا، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٣).
- جەمال گردەسۆری، بارزانی نەمر رابەرێك لەسەدەی بیستەم، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- ٢٠١٢).
- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕِشەکەی، وەرگێران: کوردۆ، (ئەڵمانیا- چاپخانەی نوکسەوە- ١٩٧٢).
- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی- نەبیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی یە،(سوید- ١٩٨٤).
- حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠١٤).
- حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤).
- حسن بارام، مەوسوعەی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٠٨-٢٠٠٥، (سلێمانی- ٢٠١٢).
- حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩).
- حسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩).
- حەسەن ئەرفەع، کوردەکان (لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی)، وەرگێران : حامید گەوهەری، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠٠٧).
- حەمید رەزا فەیروزی، کۆماری کوردستان، وەرگێران: سالار عادل حەسەن، (سلێمانی- ٢٠١٢).
- خالد مەحموود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور(١٨٦٩-١٩١٤)، (سلێمانی- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران- ٢٠١٢).
- دارا تۆفیق کامە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتیدا،

(سلێمانی، ٢٠١١).

- دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاكانی كوردستان، وەرگێران:ئەبوبەكر سالح ئیسماعیل، (هەولێر- دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی- ٢٠٠٨).
- دلشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ئیسماعیل حەقی شاوەیس (١٨٩٤-١٩٧٦)، (هەولێر- بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری- ٢٠٠٤).
- رەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی و رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسەكاندا (١٩٥٨-١٩٧٠) ،(هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠١٢).
- رێبوار رەمەزان عەبدوللا، لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە چوار ئەفسەری قارەمان (بەسەرهات و ژیننامە)، (هەولێر- چاپخانەی رۆشنبیری- ٢٠١١).
- سامان حسێن ئەحمەد، زلهێزەكان لە جەنگی یەكەمی جیهانیەوە تا كۆتایی جەنگی سارد ١٩١٤- ١٩٩١، (هەولێر- خانەی موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە- ٢٠١٢).
- سامی شۆڕش: بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردی ئیدریس بارزانی نمونەیەك، وەرگێران: ڕزگار، (دهۆك- چاپخانەی زانا- ٢٠٠٥).
- سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردی (سەرهەڵدان و قۆناغەكان و نمونەیەك)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٦)
- سەلام ناوخۆش، شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەكەی داگیركەران، چ١، (هەولێر- چاپخانەی منارە- ٢٠١٠).
- سوار قامشلی، (سەرنجێك لە پالەوانێتی و پالەوانانی مێژوو و رابەری مەزن بارزانی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، كۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).
- سوارە قەڵادزێیی، ڕاپەڕین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد و كاریگەری لەسەر هەستی نەتەوایەتی و دەسەڵاتی داگیركەرانی دەڤەر لە (١٩٩١ز تا ٢٠٠٣)،(سلێمانی- چاپخانەی كارۆ- ٢٠٠٥).
- سیامەند محمود سێلكی، كاروانێ سەرفرازیێ، (هەولێر- ٢٠٠٦).
- شاخوان عبدالله صابر، رفیق حلمي ١٨٩٨- ١٩٦٠ دراسة تاریخیه فی نشاطه السیاسي والثقافي (السلیمانیة- منشورات بنكەی ژین- ٢٠٠٧).

- شاكر خەسباك، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێران: ئەمین موتابچی، (سلێمانی- چاپخانەی کامەران- ١٩٦١).
- شەریف مقدم، جەنگی جیهانی دووەم، وەرگێران: سەمیر حوسێن، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی گەنج- ٢٠١٠).
- شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١٣).
- شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان سالانی ١٩٥٨- ١٩٦٣ لێکۆلینەوەیەکە لەبارودۆخی سیاسی، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١٢).
- شێرکۆ فەتحولا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەعێراقدا ١٩٤٦- ١٩٧٥، وەرگێران : سوارە قەلادزێی، (کەرکووك- چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- ٢٠١٣).
- عبدالخالد صابر، ئەو وێنانەی لەخۆیان دەدوێن، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی- ٢٠٠٦).
- عبدالرحمن قاسملو، چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ- ١٩٨٨).
- علی عبداللە ، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێ یەمی ،(ب.ش، ١٩٦٨).
- عەبدولخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان ١٩١٩- ١٩٤٥ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، (سلێمانی- چاپخانەی کەمال- ٢٠١٣ز).
- عەبدولرەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێران: عبداللە حسن زادە، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١٢).
- عەبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەولەتی عوسمانی دا (لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاجەنگی یەکەمی جیهان)، (خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی ئاوێر- ٢٠٠٤).
- عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی رەنج- ٢٠٠٧).
- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتیمانیی کوردستان، وەرگێران : فەرید ئەسەسەرد، (سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان-

سلێمانی- ٢٠٠٦).

- عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێران : فەرید ئەسەسەرد، (سلێمانی- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان- ٢٠٠٦).
- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو وە کوردو کۆماری عێراق، (تاران- ئەتلەس چاپ- ٢٠٠٥).
- عەلی تەتەر نێروەیی، (سەرهەڵدان وگەشەکرنا ژیانا حزبایەتی و کومەلە و ڕێکخراوێن سیاسی ل کوردستانی و دەوری شێخ عەبدولسەلامێ بارزانی تێدا)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).
- عەلی تەتەر نێروەیی، نەتەوە و نیشتمان د بزاڤێن بارزاندا، کۆنفرانسی یەکەمی بارزان: سەدەیەکە بارزان پێشەنگی مرۆڤایەتی و ژینگە پارێزیە، (هەولێر- ٢٠١٠).
- عەلی زێباری، کەسایەتیا بارزانی و سروشتێ وی یێ خەباتێ، (دهۆك- چاپخانە پارێزگەها دهۆکێ- ٢٠١٣).
- عەلی کەندی، ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە لە ١٩٠١/١/١- ١٩٥٠/١٢/٣١، بەرگی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان- ٢٠٠٩).
- عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێران: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕێ نوێ- ٢٠١٠).
- غەفوری میرزا کەریم، نە ئاگری بی و نە هاواری گۆران، (سلێمانی- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠٠٣).
- فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، چاپی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی چوار چرا- ٢٠٠٥).
- فاخر عالی خان ئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئاینیی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥- ١٩٧٥، (هەولێر- چاپخانەی هێڤی- ٢٠١٤).
- فریشتە نورائی، مێژووی گۆرانکاری کۆمەلایەتی و سیاسی ئەمەریکا، وەرگێران: هەورامانی فەریق کەریم، چاپی یەکەم، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠٠٧).

- فضل الله قورەیشی، مێژووی ئەمەریکا سیاسی و ئابووری و جوگرافی، وەرگێرانی: عەلی حاجی زلمی، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١١).
- فەرەیدوون نووری، بزاڤی بارزانی، (هەولێر- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٧).
- فەیسەل دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣- ١٩٤٥)ی بارزان، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ١٩٩٧).
- فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١١).
- کامەران مەنتك، کوردستان لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا ١٩٣٢- ١٩٥٢، (هەولێر- بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما- ٢٠١٠).
- کاوە ئەمین، کورد لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا (لەشێخ عوبەیدوڵای نەهریەوە تا کۆماری کوردستان)، (هەولێر- چاپخانەی رۆشنبیری- ٢٠١١).
- کریس کۆچرا، ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد، وەرگێران : حامید ڕەشیدی زەرزا، لە زوانی فارسی بۆ کوردی، (سلێمانی- چاپخانەی ئۆفیسی تیشک- ٢٠٠٦).
- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێران: حەمە کەریم عارف، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠١١).
- کرێکار عەبدوڵلا حسێن: کورد و ئاشوور، (سلێمانی- ئۆفیسی داناز- ١٩٩٨).
- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی یەکەم و دووەم، (هەولێر- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠١).
- کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، (بەغدا- چاپخانەی الادیب البغدادیە- ١٩٨٥).
- کەیوان ئازاد ئەنوەر، چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی پێنجەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠٠٨).
- کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لەچەند لێکۆلینەوەیەکی مێژوویدا، (سلێمانی- چاپخانەی بابان، ٢٠١٠).

- کۆنسەر بلو منترین: نهێنییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ژیاننامەی بەناوبانگترین سەرکردەی ئەڵمانیدا، وەرگێران: یاسین هێژا، (هەولێر- چاپخانەی کوردستان- ٢٠٠٨).
- گۆتفرید و یوهانز میولەر، لە ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوودا نێردەی بە مەترسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ١٩٤٣، وەرگێران : بەدران ئەحمەد حەبیب، (هەولێر- ١٩٩٢).
- گۆران سۆران فهێزی، باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٥٨، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٦).
- لوقمان خەیالی، پوختەیەك لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهانی، (سلێمانی- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠٠٥).
- م.س لازاریف، کێشەی کورد ١٩٢٣- ١٩٤٥ خەبات و سەرنەکەوتن، وەرگێران: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٣).
- م.س لازاریف و ئەوانی تر، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان : هۆشیار عەبدوڵلاسەنگاوی، ،(هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٢).
- مارتن ڤان برۆنسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێران: کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، (سلێمانی- ٢٠٠٣).
- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٦).
- محمد اسماعیل محمد، ئینقلابی بکر صدقی لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ هۆیەکان و ئەنجامەکانی، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٧).
- محمد بریفکانی، چەند راستی یەکی مێژوویی لە بارەی بارزانی یەکان، وەرگێران: چەپەر، (بەغدا- ١٩٥٣).
- محەمەد رسول هاوار : کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی خاك- ٢٠٠٠).
- محەمەد رسول هاوار، سەرجەمی بەرهەم : وتارە کوردیەکان، ئامادەکردنی: رەفیق ساڵح، بەرگی٤، (سلێمانی- چاپخانەی شڤان-٢٠٠٨).
- محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی

کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوردا ١٩٢١- ١٩٤٥، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٠).

- محەمەد فاتح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠، (سلێمانی- ٢٠١٢).
- محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لە کوردستانی باشوردا، (هەولێر- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین- ٢٠١٤).
- محەمەد گۆران، نەریمان خۆشناو، رەمزی نافیع رۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان، (هەولێر- ٢٠٠٨).
- مستەفا جندیانی، (هەلدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە ڕاپەڕینەکەی خەلیل خۆشەوی)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم،(هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).
- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٣١ -١٩٥٨)، (هەولێر- ٢٠١٢).
- مەعروف چیاووك، کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو، وەرگێران: ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠٠٨).
- مەغدید حاجی، حزبی شیوعی عێراق دامەزراندن و سەرەتای رەوتی مێژووی ١٩٣٤- ١٩٤٠، (هەولێر- ١٩٩٧).
- مەنسور شێخ رەئوف بەرزنجی، چەند راستییەکی مێژوویی لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شۆڕشەکانی دیکەی بارزان تا ١٩٤٥، (دهۆك-چاپخانەی خەبات- ٢٠٠١).
- مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لە سالانی ١٩٢٦- ١٩٣٩، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠١٣).
- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، (سلێمانی- لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان- ٢٠٠٥).
- موحسین عاتف، (بارزانی و کۆماری مەهاباد)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).

- میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕان: عەبدول خالق عەلائەدین، (سلێمانی- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٢).
- نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێران : عەتا قەرەداخی، (سلێمانی- چاپخانەی تیشك- ٢٠٠٤).
- ناسیح غەفور رەمەزان، (کەلەپوور و رێبازی بارزانی نەمر لە تیۆری و پراکتیکدا)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).
- ناهیدە رەفیق حیلمی، بەسەرهاتی رەفیق حیلمی، (سلێمانی- چاپخانەی روون- ٢٠٠٥).
- نجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و دەسەڵات و شۆڕشەکانی لە ١١٦٩- ١٩٩٤، (بێ شوێنی چاپ-٢٠١٤).
- نجم سەنگاوی، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد (١٨٨٠-١٩٩٤)، (سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند- ٢٠٠٩).
- نەجەف قولی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە... هەتا لێوارەکانی ئاراس، لە (بارزانی لە مەهابادەوە... بۆ ئاراس)، وەرگێران : شەوکەت شێخ یەزدین، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠١).
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان "رێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥ «کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا، چاپی سێیەم، (سلێمانی- چاپخانەی تیشك- ٢٠٠٧).
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣، (بێ شوێنی چاپ- ١٩٩٧).
- نوری کەریم، پانۆرامای دیرۆکی کورد ٤٠٠ پز - ١٩٧٥ز، کورد (نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور)، بەرگی دووەم، (سلێمانی- چاپخانەی چوارچرا- ٢٠١٧).
- نیسان حسن رۆستم، کورد و دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ١٩١٦- ١٩٦٨، (سلێمانی- خانەی چاپ و پەخشی رێنما- ٢٠١٧).
- هـ. ل. فیشەر: مێژووی نوێی ئەورووپا، ١٧٨٩- ١٩٥٠، وەرگێران: شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠٠٩).

- هاشم شێروانی، دەڤەرا بارزان (جوگرافیا، دیرۆك، کلتور)، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- ٢٠٠٨).
- هیوا عەزیز سەعید، کۆمەڵەی خۆیبون- پارتی هیوا- کۆمەڵەی ژێکاف، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە مێژوو ستراتیژ و کاری نەتەوەییان، (سلێمانی- چاپخانەی یاد- ٢٠٠٦).
- واحد عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد وحکومەتەکانی عێراق ١٩٢١- ١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، (سلێمانی- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان- ٢٠٠٦).
- وریا رەحمانی، کوردستان وکورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠٠٩ ).
- وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەی کورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێران: یاسین سەردەشتیی، (سلێمانی- چاپخانەی سیما- ٢٠٠٨).
- ئاراس فەریق زەینەل، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی پەیوەند-٢٠١٠).
- ئازاد نەقشبەندی، (سەرکردەیەك لە وتارێکدا)، لە (مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، کۆنگرەی یادەوەریی سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٣).
- ئازاد وەلەدبەگی، فەرهەنگی نیگا، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١١).
- یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، (سلێمانی- ٢٠٠٣).
- یاسین صابر ساڵح: ئینسکلۆپیدیای گشتی، (سلێمانی- بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم- ٢٠٠٥).
- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩٣٢- ١٩٤٥ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، (سلێمانی- چاپخانەی تیشك- ٢٠٠٨).
- ئەحمەد حمەدئەمین، رەوتی چەپ لە باشووری کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- ٢٠١٦).
- ئەحمەد حمەدئەمین، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی نوێ و

هاوچەرخی عێراق، (هەولێر- دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- ٢٠١٠).

- ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لەڕۆژگاری مەلیکایەتیدا ١٩٢٥- ١٩٥٨، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠٠٧).
- ئەحمەد محەمەد ناسر باوەر، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق- ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧، (سلێمانی- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان- ٢٠١٠).

**بە زمانی عەربی**

- ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدى، تاريخ العراق المعاصر، (الموصل- دار الكتب للطباعة والنشر- ١٩٨٩).
- ابراهيم محمد العقيدى، الجيش العراقي والسياسه ١٩٤١- ١٩٥٣ ، (بغداد- مكتبه النهضه العربيه للطباعة والنشر والتوزيع- ٢٠١٧).
- احمد محمد امين قادر، موقف مجلس النواب العراقى في القضية الكردية في العراق ١٩٢٥- ١٩٤٥، (السليمانية- ٢٠٠٧).
- احمد عثمان ابوبكر، الاثار الكامله، الجزء الثانى، اعداد: ازاد عبيد صالح، (السليمانيه- مؤسسه ژين- ٢٠١٠).
- احمد فوزى، قاسم والاكراد خناجر و جبال ،(القاهره- ١٩٦١).
- اديث و ائي ايف، بينروز، العراق دراسه في علاقاته الخارجيه والتطواراته الداخليه ١٩١٥- ١٩٧٥، ترجمه: عبدالمجيد حسيب القيسى، (بيروت- دار العربيه للموسوعات- ١٩٨٩) .
- إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسه تأريخيه فى دورها الفكرى والسياسى ١٩٣٩ــ ١٩٥٨، (مطبعة بينايى- سليمانى- ٢٠٠٥)
- ألبرت .م. منتشاشفيلى، العراق فى سنوات الانتداب البريطانى، ترجمه: هاشم صالح التكريتى، (بغداد- مطبعة جامعه بغداد- ١٩٧٨).
- امين سامى الغمراوى، قصه الاكراد فى شمال العراق، (القاهره- ١٩٦٧).
- أيوب بارزانى، المقاومه الكرديه للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، (فرنسا- دار نشر حقائق المشرق- ٢٠٠٢).
- برهان ابابكر ياسين، كوردستان في سياسه القوى العظمى (١٩١٤-

١٩٤٧)، ترجمـه: هـوراس، (دهـوك- مطبعـة هـاوار- ٢٠٠٢).

- تـلار عـلى امـين، موقـف تركيـا مـن القضيـه الكرديـه في العـراق ١٩٣٧-١٩٧٥، (السـليمانيه- مطبعـة بينايـي- ٢٠١١).
- جرجيـس فتـح الله، يقظـه الكرد (تاريـخ سـياسي ١٩٠٠- ١٩٢٥)، (اربيل- دار ئـاراس للطباعـة والنشر- ٢٠٠٢).
- جعفـر عباس حميـدي، التطورات السياسـيه في العـراق (١٩٤١-١٩٥٣م)، (النجـف الاشرف- مطبعة النعـمان- ١٩٧٦م).
- جـلال الطالبـاني، كردسـتان والحركـه القوميـه الكرديـه، (بيـروت- دارالطليعـه- ١٩٧١).
- جليلـى جليـل و اخـرون، الحركـه الكورديـه فـى العصر الحديـث، ترجمه : عبـدى حاجـى، (دهـۆك- مطبعة خانـى- ٢٠١٢).
- جمال بابان، اعلام كرد العراق، (السليمانيه، ٢٠٠٦).
- جـورج لنشوفسـكي، الـشرق الاوسـط فى الشـؤون العالميـه، الجـزء الثاني، (بغـداد- دون تاريـخ)، ص٩٤.
- جوناثـان رانـدل، امـه في الشـقاق دروب كردسـتان كما سـلكتها، ترجمه : فـادي حمود، (بـيروت- ١٩٩٧).
- حـازم المفتـى، العـراق بيـن عهديـن ياسـين هاشـمى و بكـر صدقـى، (بغـداد- مطبعـة سـومر- ١٩٩٠)،
- حامـد محمـود عيسى، المشـكله الكرديـه في الـشرق الاوسـط، (القاهـره- مكتبـه المدبـولى- ١٩٩٢).
- حبيـب محمـد كريـم، تأريخ الحـزب الديمقراطي الكردسـتاني- العراق (في محطـات رئيسـيه ١٩٤٦- ١٩٩٣)، (دهوك- مطبعـة خبات- ١٩٩٨).
- حسـن لطيـف الزبيـدي، موسـوعه السياسـه العراقيـه، الطبعـة الثانيـه، (النجـف- ٢٠١٣).
- حسـن لطيـف الزوبيدي، موسـوعة الاحـزاب العراقية، (بيروت- مؤسسـة المعـارف للمطبوعات-٢٠٠٧).
- حسـن مصطفـى، البارزانيـون وحـركات بـارزان ١٩٣٢- ١٩٤٧، (بغـداد- دار افـاق عربيـه للصحافـه والنـشر- ١٩٨٣).
- حكمـت سـامي سـليمان، نفـط العـراق، (بغـداد- دار الحريـه للطباعـة- ١٩٧٩).

- حميد المطبعي، موسوعه اعلام العراق فى القرن العشرين، (بغداد- ١٩٨٥).
- خالده أبلال الجبورى، الأبعاد السياسيه للحكم الهاشمي (١٩٤١ــ ١٩٥٨)، ط١، (دمشق- النايا للدراسات والنشر ومحاكاه للدراسات والنشر- ٢٠١٢).
- خليل جندى، حركه التحرر الوطني الكوردستاني في كوردستان الجنوبي ١٩٣٩- ١٩٦٧، (ستوكهولم- ١٩٩٤).
- خليل على مراد واخرون، دراسات في تاريخ الاوروبي الحديث والمعاصر، (موصل- دارالكتب- ١٩٨٩).
- ديڤيد مكدول، تاريخ الاكراد الحديث، ترجمه: راج ال محمد، (بيروت- دار الفارابي- ٢٠٠٤).
- رجاء حسين الخطاب، تأسيس الجيش العراقي و تطور دوره السياسي من ١٩٢١- ١٩٤١، (بغداد- ١٩٧٩).
- رشيد كريم خان عقراوى، التجربه البارزانيه تقويمها وسبل تطويرها، (دهوك- مطبعة زانا- ٢٠٠٢).
- رياض رشيد ناجي الحيدري، الاثورين في العراق ١٩١٨- ١٩٣٦، (القاهره- مطبعة الجبلاوي- ١٩٧٧).
- زبير بلال اسماعيل، ثورات بارزان ١٩٠٧- ١٩٣٥، (اربيل- وزاره الثقافه- ١٩٩٨).
- سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين هاشمي و دوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢- ١٩٣٦ دراسة وثائقية، الجزء الاول، (البصرة- مطبعة حداد- ١٩٧٥).
- ستيڤن همسلى لونطريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠، ترجمة: سليم طه التكريتي، الجزء الثاني، (بغداد- ١٩٩٨).
- سروه أسعد صابر، كوردستان الجنوبيه ١٩٢٦- ١٩٣٩، (السليمانيه- مطبعة حمدى- ٢٠٠٦).
- سعاد خيرى، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق ١٩٢٠- ١٩٥٨، الجزء الاول، (بغداد- مطبعة الاديب البغدادية- ١٩٧٨).
- سعاد رؤوف شير محمد، نورى السعيد ودورة فى السياسة العراقية

١٩٣٢- ١٩٤٥، (بغداد- مكتبة اليقظة العربية- ١٩٨٨).
- سيف عدنان ارحيم القيسى، الحزب الشيوعي العراقي من اعدام فهد حتى ثوره ١٤ تموز ١٩٥٨، (دمشق- دار الحصاد- ٢٠١٢).
- شاكرو خدو محوى، المسألة الكرديه في العراق المعاصر، (دهوك- مطبعة خانى- ٢٠٠٨).
- شاكر صابر الضابط، تاريخ الصداقة بين العراق و تركيا،(بغداد- مطبعة دار المعرفة- ١٩٥٩).
- شوقى عطاالله الجميل (وآخرون)، تاريخ أوروبا ولمعاصر من مؤتمر فينا ١٨١٥ حتى الان، الجزء الثانى، (القاهره- مطبعة دار الثقافه- بدون سنه).
- صبحي ناظم توفيق، تركيا والتحالفات السياسيه ميثاق سعد اباد، معاهدات الصداقه السوفيتيه في وثائق المثليات العراقيه فى استنبول وانقره ١٩٣٠- ١٩٧٣، (بغداد- بيت الحكمه- ٢٠٠٢).
- صديق عثمان محو، العامل الخارجى ودوره فى اخماد الانتفاضات الكورديه (دور بريطانيا فى اخماد انتفاضتى بارزان الاولى والثانيه ١٩٣١- ١٩٤٥ نموذجا، (اربيل- مطبعة الثقافه- ٢٠١٠).
- صلاح الخرسان، التيارات السياسيه في كردستان العراق قراءه فى ملفات الحركات والاحزاب الكرديه في العراق ١٩٤٦- ٢٠٠١، (بيروت- مؤسسه البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع- ٢٠٠١).
- صلاح الدين محمد سعدالله، كردستان والحركة الوطنية الكردية، (بغداد- مطبعة الأهالي- ١٩٥٩).
- عادل غفورى خليل، احزاب المعارضه العلنيه فى العراق ١٩٤٦- ١٩٥٤، (بغداد- مطبعة اوميست الانتصار- ١٩٨٤).
- عبدالجبار حسن الجبورى، الاحزاب والجمعيات السياسيه في القطر العراقي ١٩٠٨- ١٩٥٨، (بغداد- دار الحريه للطباعة- ١٩٩٧).
- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقيه، (ج٣ ،ج٤ ،ج٥ ،ج٦)، (بغداد- دار الشؤون الثقافيه العامه- ١٩٨٨).
- عبدالرزاق محمد اسود، موسوعه العراق السياسيه، بيروت، ١٩٨٦، مج(١).
- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكرديه فى نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨)، (سليمانيه- من منشورات دار سردم للطباعة

والنـشر- ٢٠٠٧).

- عبدالغنى الملاح، تاريخ الحزب الديمقراطي في العراق، (بغداد- ١٩٨٠).
- عبدالفتـاح عـلى البوتـانى، الحيـاه الحزبيـه في الموصـل ١٩٢٦- ١٩٥٨ (أربيـل- مطبعـة وزاره التربيـه- ٢٠٠٣).
- عبدالفتـاح عـلي البوتـاني، مـلا مصطفـى البـارزاني قائـد الثـورة الكورديـة وملهمهـا، (دهـوك- مطبعـة جامعـة دهـوك- ٢٠١٣).
- عبدالهـادي الخماسـى، الامـير عبدالإلـه (١٩٣٩- ١٩٥٨) دراسـه تاريخيه، (القاهـره- دار الفضيلـه للنـشر والتوزيـع والتصدير- ٢٠٠١).
- عبدالهـادى كريـم سـلمان، ايـران فـى سـنوات الحـرب العالميـه الثانيـه، (الموصـل- دار الكتـب للطباعـة والنـشر- ١٩٨٦).
- عبدالوهـاب القيـس وأخـرون، تأريـخ العـالم الحديـث ١٩٣٤-١٩٤٥، (بـيروت- ١٩٨٣).
- عرفـات كـرم سـتونى، الحيـاه الدينيـه مـن نهـرى الـى بـارزان، (اربيـل- مطبعـة اراس- ٢٠١٠).
- عزيـز الحـاج، القضيـه الكورديـه فـى العـراق التاريـخ والافاق،(بيـروت- المؤسسـه العربيـه للدراسـات والنـشر- ١٩٩٤).
- عزيـز حسـن عزيـز البـارزاني، الحركـه القوميـه الكورديـه التحرريـه فى كوردسـتان العـراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، (دهـۆك- دار سـپيريَز للطباعـة والنـشر- ٢٠٠٢).
- عزيـز سباهى، عقـود مـن تاريـخ الحـزب الشـيوعي العراقـي، ج١، (دمشـق- منشـورات الثقافـه الجديـده- ٢٠٠٢).
- عمر ابو نصر، العراق الجديد، (بيروت- مطبعة الاحد- ١٩٣٧).
- عمـر محمـد محمـد كريـم، القضيـه الكرديـه فـى سياسـه الحكومـات العراقيـه ١٩٣٢- ١٩٤٥، (السـليمانيه- مطبعـة شـڤان- ٢٠٠٩).
- عـوني عبدالرحمـن السـبعاوي، العلاقـات العراقيه التركيـه ١٩٣٢- ١٩٥٨، (موصـل- مطبعـة جامعه موصـل- ١٩٦٨).
- عبدالرحمـن منيـف، العـراق "هوامش من تاريخ والمقاومـه" " (بيروت- المؤسسـه العربيه للدراسـات والنشر- ٢٠٠٣).
- علاء جاسم محمد الحربي، رجال العراق الملكي، (لندن- ٢٠٠٤).
- غانـم محمـد العفـو، عبدالفتاح على البوتـانى، الكورد والاحـداث الوطنية

في العـراق خـلال العهـد الملـكى ١٩٢١-١٩٥٨، (اربيل- مطبعـة وزراه التربيه- ٢٠٠٥).

- فاضـل الـبراك، دور الجيـش العراقي في الحكومه الدفـاع الوطني والحرب مـع بريطانيا سـنه ١٩٤١، (بغداد-١٩٧٩).
- فاضـل الـبراك، مصطفـى البارزانـى الاسـطورة والحقيقـه، (بغـداد- دار الشـؤون الثقافيـه العامـه- ١٩٨٩).
- فاضـل حسـين، مشـكله الموصـل دراسـه فـى الدبلوماسيه العراقيـه- الانكليزيـه- التركيـه وفي الـرأى العام،(بغـداد-١٩٧٧).
- فاضل حسين، تاريخ العراق المعاصر، (بغداد- ١٩٨٠).
- فريتـز غروبـا، رجـال ومراكـز القـوى في بـلاد الـشرق، ترجمـه: فـاروق الحريـرى، (بغـداد- ١٩٧٩).
- فـؤاد حسـين الوكيـل، جماعه الاهالي فى العـراق ١٩٣٢- ١٩٣٧، (بغداد- دار الشـؤون الثقافه العامه- ١٩٨٦).
- فيصـل الدبـاغ، أضـواء عـلى كتـاب الجمعيـات والمنظـمات والأحـزاب الكرديـه في نصـف قـرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، (أربيـل- ١٩٩٣).
- كاوس قفطـان، الانتفاضـات البارزانيـه (صفحـات مـن تاريـخ الحركـه التحرريـه الكرديـه فـى النصـف الاول مـن القـرن العشريـن)، (اربيـل- دار ئـاراس للطباعـة والنـشر- ٢٠٠٣).
- كاظـم حبيـب، لمحات من نضال حركة التحـرر الوطني للشـعب الكردي في كردسـتان العـراق، (اربيل- دار ئاراس للطباعـة والنشر- ٢٠٠٥).
- كـمال مظهـر أحمـد: صفحـات مـن تأريـخ العـراق المعـاصر (دراسـات تحليليـه)، (بغـداد- دار الشـؤون الثقافيـه العامـه، ١٩٨٧).
- ليـورا لوكتيـز، العـراق و البحـث عـن الهويـه الوطنيـة، ترجمـه : دلشـاد ميـران، (أربيـل- دار ئـاراس- ٢٠٠٤).
- متـى عقـراوى، العـراق الحديـث، تعريـب: مجيـد خـدورى، (بغـداد- ١٩٣٦).
- محسـن المتولى، كـرد العـراق منـذ الحـرب العالميـه الاولى حتى سـقوط الملكيـه فى العـراق ١٩٥٨، (بيـروت- ٢٠٠١).
- محمـد حسـين الزبيـدى، مولـود مخلـص باشـا و دوره في الثـوره العربيـه الكـبرى وتأريـخ العـراق المعـاصر، ط١، (بغـداد- جامعـه بغـداد- ١٩٨٩).

- محمد سلمان حسن، التطور الاقتصادي فى العراق، التجاره الخارجيه والتطور الاقتصادي ١٨٦٤- ١٩٥٨، الجزء الاول، (بيروت- المكتبه العصريه للطباعة والنشر- ١٩٦٥).
- محمد صالح عقراوى، الكرد والدولة المستقلة وفق المعاهدات والمواثيق الدولية، (اربيل- ٢٠٠٥).
- محمد على الصويركى، معجم اعلام الكرد "فى التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها"، (السليمانيه- من منشورات بنكەى ژين- ٢٠٠٦).
- محمد عويد الدليمى، كامل الجادرجى و دوره في السياسة العراقية، (بغداد- ١٩٩٧).
- محمود الدره، الحرب العراقيه البريطانيه، (القاهره- منشورات دار المعرفه- ١٩٨٢).
- محمود الدره، القضيه الكرديه، (بيروت- منشورات دار الطليعه- ١٩٦٦).
- المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمه:جعفر الخياط، (بيروت- دار الرافدين للطباعة والنشر- ٢٠٠٤).
- مكرم الطالبانى، حزب هيوا، (سليمانيه- مركز خاك للنشر والاعلام- ٢٠٠٢).
- موسيس ديرها كوبيان، حاله العراق الصحيه فى نصف قرن، (بغداد - دار الحريه للطباعة- ١٩٨١).
- مير بصرى، اعلام السياسى العراقي الحديث، (بريطانيا- ١٩٨٧).
- مێڤان عارف عبدالرحمن بادى، الحركه القوميه الكورديه التحرريه في كوردستان العراق ١٩٥٨- ١٩٦٣، (اربيل- مطبعة وزاره التربيه- ٢٠٠٥).
- هلبين محمد امين المزورى، حزب هيوا (الأمل) ١٩٣٩- ١٩٤٦ دراسه تاريخيه- سياسيه (اربيل- مطبعة حاجى هاشم- ٢٠٠٨).
- هوشيار مظفر علي امين، الزعيم مصطفى البارزاني، (اربيل- مطبعة الثقافه- ٢٠١٣).
- هيوا حميد شريف، توفيق وهبي حياته و دوره السياسي والثقافي ١٨٩١- ١٩٨٤، (السليمانيه- مطبعة شڤان- ٢٠٠٦).
- وليد محمد سعيد الأعظمي، انتفاضه رشيد عالي الكيلاني والحرب

العراقيه البريطانيه ١٩٤١، (بغداد- دار العربيه- دون تاريخ).

- وليام ايغلتن الابن، جمهوريه مهاباد- جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ترجمه: جرجيس فتح الله، (اربيل- دار اراس للطباعة والنشر- ٢٠١٢).
- وميض جمال عمر نظمي و آخرون، التطور السياسي المعاصر في العراق، (بغداد- دون تاريخ).

**ج - به زمانی فارسی**

- ال. پی. الول ساتن، رضا شاه كبير يا ايران نو، ترجمه: عبدالعظيم صبورى، (تهران- چاپخانه وزارت فرهنگ- ١٣٤٢ هـ ش).
- جنگيز پهلوان، مناسبات ايران وتركيه، (تهران- ١٣٧٥ هـ ش).
- ژويس بلو، برسى جامعه شناسى و تاريخى مسئله كرد، ترجمه : پرويز امينى، (سنندج- دانشگاه سنندج- ١٣٧٩ هـ ش).
- محمد على سلطانى، اوضاع سياسى اجتماعى تاريخى ايل بارزان، (تهران- سازمان اسناد و كتابخانه ملى جمهورى اسلامى ايران، ١٣٨٤هـ ش).

**د / به زمانی ئینگلیزی**

- *H. Hourani، minorities in the Arab world،( Londone، 1947).*
- *Edmund A. Ghareeb، Historical Dictionary of Iraq ، (lanham- the scarecrow press، Inc – 2004).*
- *Iraq Administration Reports 1914 – 1932، Vol(9)1928، – 1930.*
- *Jack David Eller، frome culture to ethnicity to conflict:an anthropological persective on international ethnic conflict،(united states of Amerca– 1999).*
- *Jacqueline s. Ismael، Tariq y. e and Glenn perry : Governments and politics of conternporary middle East:continuity and change،(London،Routledge-2 edition).2016،*
- *Jamal jalal Abdulla، the kurds on the way to statehood،*

*published by: author house، 2012.*

- *Karen dabrowska، Geoff hann، Iraq a then and now: A Guide of the country and its people،( london – 2008).*

**شەشەم / توێژینەوە و وتار**

**أ / بە زمانی کوردی**

- تارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سیەکان و ناوەڕاستی چلەکان، گۆڤاری (هەولێر)، ژمارە (١)، (هەولێر- ١٩٩٨).

- شوان محمد امین خۆشناو ، بارودۆخی سیاسی هەولێر و رۆلی هەولێر لە پارت و رێکخراوە سیاسیەکان و روداوەکاندا ١٩٣٩-١٩٥٨ ، گۆڤاری مێژوو، سالی پێنجەم، ژمارە (١٨)، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- بەهاری ٢٠١١).

- عەبدولفەتاح عەلي بۆتانی: بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لەبواری سیاسی و پێشمەرگایەتی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(٩)، سالی دووەم، (هەولێر- ١٩٩٨).

- عومەر مارف بەرزنجەیی، مەحموود خانی دزلی و لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٤)، (بەغدا- ١٩٧٣).

- فاخر عالی عبابکر، مێژووی بارزان و ڕاپەڕینەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (٢٧)، سالی حەوتەم، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- هاوینی ٢٠١٣).

- کەریم شارەزا، شۆڕشگێڕی کورد شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٨٨٧-١٩١٤)، گۆڤاری ٢١K، ژمارە ٤، (هەولێر- چاپخانەی ڕۆژهەلات- ٢٠٠٩).

- کارزان شاکری، شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێك لە پێناومانەوە و سەربەخۆبون، گۆڤاری سەفین (سیاسی و مێژووی و کۆمەلایەتی گشتیە)، ژمارە (٦٢)، (هەولێر- ئابی ٢٠١٥).

- موکەرەم تالەبانی، چەند لاپەرەیەك لەتێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٦)، (بەغدا- ١٩٩٥).

- موکەرەم تالەبانی، کۆمەلەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری (رەنگین)، ژمارە (٥٢)، (بەغدا- ١٩٩٣).

**ب / بە زمانی عەرەبی**

- جمشيد الحيدرى، ذكرى وفاة الشخصية الوطنية الكوردية حمزة عبدالله، مجلة رسالة العراق، العدد (٥١)، (لندن- اذار ١٩٩٩).
- عبدالفتاح علي البوتاني، حزب النسر الاسود الاثوري فى عدد من الوثائق الحكوميه العراقيه، مجله گولان العربي، العدد (٥٥)، (اربيل- كانون الاول ٢٠٠٠).

**ج / بە زمانی ئینگلیزی**

- Karwan Salih Waisy، “the Kurdish issue in Iraq and the British policy”، journal of Islamic and human advanced research، volume (5)، issue 1، march 2015. (Online).

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.